چۆنێتی پێکهاتنی کات وشوێن وبۆشایی وبونەوەران وشارستانیەکان لە نیوان تیکستە دینیەکان وئەفسانەوڕۆشنبیریەکان و دۆزینەوەوتیۆریە زانستیەکاندا:

✍ : موحەممەد عەزیز لۆتەری .

چۆنێتی پێکهاتنی کات وشوێن وبۆشایی وبونەوەران وشارستانیەکان لە نیوان تیکستە دینیەکان وئەفسانەوڕۆشنبیریەکان و دۆزینەوەوتیۆریە زانستیەکاندا:

✍ : موحەممەد عەزیز لۆتەری .

ڕێخۆشکردن

پێشەکی :ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

پێناسەی کات لە کۆن ونوێدا:

پێناسەی خێرایی وجوڵە:

پێناسەی شوێن لە کۆن ونوێ دا:

پێناسەی بۆشایی لەکۆن ونوێدا:

پێناسەی هیچ (العدم)

ڕێزبەندی دروستکراوەکان.

١-یەکەی یەکەم:

ئەو ژمارانەی لە دەق وتیکستەکان دا هاتوون لە نیوان هیما و ڕاستی دا:

٢-یەکەی دووەم:

پەیدابوونی ژیان ومرۆڤ لەنێوان زەوی وئاسماندا.

٣-یەکەی سێیەم:

چۆنێتی سەرەتای دروست بوونی بوونەوەران لەلای سابیئیەکان :

٤-یەکەی چوارەم :

چۆنێتی سەرەتای دروست بوونی بوونەوەران لەلای بابلی وهیندۆسی و چینی ومەجوسیەکان:

ئاماژەی ئاڤێستا بۆ چاخە سەهۆڵ بەندانەکان .

ڤارەی کیشوەریەکەی ئاڤێستا وکەشتیەکەی نوح .

چوارقۆناغە سێ هەزارساڵیەکانی ئاڤێستا چەندیان ڕۆیشتوەو چەندیان ماوە؟

٥-یەکەی پێنجەم :

چۆنێتی سەرەتای دروست بوونی بوونەوەرلەلای میسریەکان ویابانیەکان وجولەکەکان وگریکەکان :

یەکەی شەشەم :

خەونەکەی یوسف علیه السلام جیهانبینییەکی چۆنێتی دروست بوونی کۆمەڵەی خۆرە:

یەکەی حەوتەم:

نەخشەکانی ئاوی و وشکانی ئاوینەو رەنگدانەوەی سەرنشینەکانیانن.

یەکەی هەشتەم:

ڕێسای یەکی گشتگیر بۆهاوکێشەی دۆزینەوەوداهێنان:

یەکەی نۆیەم:

وێستگەسەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەڕۆژەهەزارساڵیە ئوممەتیەکاندا:

یەکەی دەیەم:

سەرەتای بونەوەر وزەوی وئاسمان وزیندەوەران و و مرۆڤایەتی لەنێوان تیۆروگریمانەکان وتێکستە دینیەکاندا

یەکەی یازدەهەم:چۆنێتی ڕیزبەندی شەش ڕۆژە کان لە سفری تکوینی کتێبی پیرۆز(تەورات) دا:

یەکەی دوازدەهەم:ڕێزبەندی قۆناغەکانی دروست بوون لە قورئان وسونەتدا.

یەکەی سێزدەهەم:ڕیزبەندی چاخە جیۆلۆجیەکان وشێوەمرۆڤەکان وبونەوەرانی پێش جن وئادەمیزاد.

یەکەی چواردەم:ڕۆشنایی لە رەژووخەڵوزدەردەچێ ویەقین و ڕاستیەکان لەناو گومانەکاندا دێنە دەر.

یەکەی پازدەهەم:

یەکەی شازدەهەم:کە سایەتی ڕۆشنبیری و کلتوری نەتەوەکان بەستراوە بەزنجیرەی ئەبجەدیەکەیان:

یەکەی شازدەهەم :

ئەندازەگیری وئاڕاستەکردنی پەروەردگار لە دامەزراندن و جوڵان و بە تڕۆپکە گەیاندن وهەرەس هێنانی ژیار و شارستانیەکاندا:

حلول وئیتحادی خالق و مەخلوق لەنێوان ئەندێشەو وڕاستیدا .

مرۆڤ سەنتەری یان بەها سەنتەری؟

نهێنیه شاراوەکانی ڕوح و مردن .

کات پێشڕەویی بێبڕانەوە و بێسنووری ڕووداوەکانه که وا دیاره لە ڕابردووەوە دێت و بە ئێستادا تێ دەپەڕێت و بەرەو داهاتوو دەڕوات و، ناشگەڕێتەوە.

لە کاری پێواندا وەکوو چەندایەتییەک چاوی لێ دەکرێت کە بۆ دیاریکردنی بەر و دوای ڕووداوەکان و، پێکگرتنی ماوەی خایاندنیان و مەودای نێوانیان بەکار دێت. هەروەها، بۆ بەهەندکردنی خێراییی گۆڕانی چەندایەتییەکان لە واقیعی ماددیشدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. زۆربەی جارەکان وەکوو ڕەهەندی چوارەم ناوی لێ دەبرێت، لە پاڵ سێ ڕەهەندەکەی تر لە بۆشاییدا، واتە بەرزی و درێژی و پانی.

کات لە مێژە کە لە بوارەکانی دین و فەلسەفە و زانستدا بابەتێکی گرنگی تاوتوێکردن بووە .

لە زانستی فیزیادا، کات ئەوەیە کە کاتژمێر دەیڵێت.

ئەوەی کە پێشتر ئەندازەزانە کۆنەکانی یۆنان بە بۆشاییان کردبوو، نیوتن بە کاتی کرد، تەواو باوی دڵی کردەوە، کردی بە ڕەهەندێکی بەوردی شیاوی پێوانە.

ئادەم فڕانک دەڵێ :

دەرکەوت ئەو کاتەی بۆ گەردوون دەیهێنینە پێش چاو و، ئەو کاتەی لە ئەزموونی ئینسانیدا هێنامانە پێش چاو، وەها بەتوندی تێک چنراون کە تواناییی ئەوەمان لە دەست داوە هەر کامەیان بەو چەشنە کە هەن ببینین.»

کات لە سیستمی نێونەتەوەییی یەکەکان ناسراو بە «ئێس ئای» و، سیستمی نێونەتەوەییی چەندایەتییەکاندا، یەکێک لە چەندایەتییە بنەڕەتییەکانە. یەکەی کات لە ئێس ئای چرکەیە. مەبەست لە بنەڕەتیبوونی کات ئەوەیە کە بۆ ناساندنی چەندایەتییەکانی تر، وەک خێرایی و تاو، بەکار دەبرێت و، بەم بۆنەوە ناساندنی خۆی لە ڕێگەی ئەم چەندایەتییانەوە نەگونجاوە و، پێناسەیەک کە بەم شێوەیە بە دەست بێت پێناسەیەکی بازنەیی دەبێت. پێناسەی کرداریی کات هەم لە کاروباری ژیانی ڕۆژانە و هەم لە تاقیکردنەوەگەلی پێشکەتوودا کەڵکی زۆری هەیە. لەم پێناسەیەیدا، مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگای چاوەدێریکردنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە دووپاتبوونەوەی ڕووداوێک کە سووڕی تێدایە (وەک هاتوچووی ئاونگێک کە ئازادانە دەلەرێتەوە) یەکەیەکی ستاندارد وەکوو چرکە بە دەست بێنێت.

کات چییە؟

لە ئەفسانەکانەوە هەتاکو دەگەین بە زانست، خاوەنی چەندین شیکاری ئەفسانەی،ئایدیای فەلسەفی، ئاینی و تیۆری زانستین، دەربارەی کات. ڕێگەیەکی دووروودرێژمان بڕیوە، هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارەمان بە وردی و هەبوونی بەڵگەیەکی یەکلایکەرەوەمان لە بەردەستدا نییە. سرووشتی کات چییە و چۆن دەتوانین تێیبگەین؟ ئایە بوونێکی

سەربەخۆی هەیە یان گرێدراوە بە جوڵە و بوونی ئامانجەکانی سروشتەوە؟ ئایە تەنیا کۆنسێپتێکە، لە مێشکی ئێمە دروستی کردووە بۆ جیهانی دەرەوە یان نا؟ وەهمە یان حەقیقەت؟ چەندین پرسیاری بنچینەیی تر. چەندین دیدگای جیاواز جیاواز هەیە، بۆ شیکار و پێناسەی (کات). ئێمە لەم کورتە نووسینەدا هەوڵدەدەین ئەم دیدگایانە بخەینەڕوو و ڕاڤەیان بکەین.

سەرەتا لە ئەفسانەکانەوە دەست پێدەکەین. بەڵام؛ بۆچی ئەفسانەکان؟ بەڕای من، سەرەتایترین بەرهەم و ڕاڤەکردنی مرۆڤی ژیر، ئەفسانەیە بۆ تێگەیشتن لە سروشت. لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆندا، چەند خوداوەندێکیان هەیە لەسەر کات. دیارترینیان کرۆنۆس، کە لای ئەوان خوداوەندی کاتە، کەوا پۆترەیتی کێشراوە وەکو حەکیمێک بە ڕیشێکی درێژی ماشوبرنج. بەڵام؛ ئەم خوداوەندە جیایە لەگەڵ کۆرۆنەسی باوکی زیۆس(ئەو خوداوەند نیە بەڵکوو لە تیتانەکانە)، بەڵام؛ هەردوو ووشەکە بە واتای کات دێت. هەروەها گێراس بە خوداوەندی بەتەمەنەکان دادەنرێت، بەڵام؛ ئەوەی جێی سەرنجە بوونی خوداوەندی ئاوەرسە، خوداوەندی وەرزەکان و تێپەڕینی کاتە. ئەمە واتایەکی زۆر تایبەتی هەیە، کە ئەوان درکیان بە تێپەڕینی کات کردووە. هەڵبەت دواتر بە وردی واتای تێپەڕینی "کات" ڕوونەدەکەینەوە. لای میسریەکانیش خوداوەندێکی دیاریکراویان بۆ کات هەبووە، ناوی "هێهـ"بووە وەکو خوداوەندێکی نەمر یان ناکۆتا لێیان ڕوانیوە. هەروەها لای زەردەشتیەکانیش ناوی "زورڤان" بووە، خوداوەندی ئەزەل بووە ، ئەو خۆزگەو نیازە پاک وبەدەکانی لە منداڵدانی دا کردە دوانە و ئاهورامەزداو ئەهریمەنی لێ پێک هێنان.

بۆیە شەهرستانی لە ملل ونحل دەڵێ کە مەجوسیەکان دوانە پەرست نین وتاقانەپەرستن وئەوان ڕۆژڤانی ئەزەلی بە دروستکەری مەزداوئەهریمەن دەزانن.

تێڕوانینی ئەڕستۆ بۆ کات، موتوربەیە بە کۆمەڵێک چەمک و بابەتی تر، کە دەبێت پێشتر یەک یەک ئەوانەمان خوێندبێت و شرۆڤەی خودییمان کردبێت، ئێمە ناتوانین لە کات تێبگەین، ئەگەر پێشتر لە بابەتی جوولّە و شوێن و بۆشایی و کاتیگۆریی چەندێتیی تێنەگەیشتبێتین. باشترین دەسکەلاش بۆ ئەمە، کتێبی فیزیکایە.

لە فیزیکای ئەڕستۆدا:

سەکشنی ١-٥ تایبەتکراوە بۆ شوێن،

سەکشنی ٦-٩ تایبەتکراوە بۆ بۆشایی،

سەکشنی ١٠-١٤ تایبەتکراوە بۆ کات.

کاتیگۆریی چەندێتیی

بۆ تێگەشتن لە کاتیگۆریی چەندێتیی من ناچار دەبێت بگەڕێمەوە بۆ کاتیگۆرییەکان و، لەوێوە لایەک لە چەندێتیی بدەمەوە.

لە لۆجیکی ئەرستۆدا، دوو کاتیگۆریی پێچەوانەیان نییە، ئەوانیش جەوهەر و چەندێتیین. جەوهەری ئەرستۆیی بنەیە و کۆی کاتیگۆرییەکانی تر دەبن بە بار(چەندێتیی بە نموونە) بۆی.
(Categories, §5, 3b24-31)

شایەنی باسە، کاتیگۆریی چەندێتیی دەبێت بە دوو بەشەوە:

١. پچڕ پچڕ(Discrete)

٢. بەردەوام(Continuous)

هەرچی جۆری پچڕ پچڕە(نابەردەوام) بریتیین لە: ژمارە و زمان.

جۆری بەردەوامیش، بریتیین لە: هێڵ، ڕووتەخت، تەن، کات و شوێن.
(Ibid., §6, 4b20-5a14)

ئەوەی بۆ من گرنگە، بوونی میدیەمە لە جۆری دووەمی کاتیگۆریی چەندێتیی، کە ئەمە دواجار ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیالێکتیکی هیگڵییدا. جۆری دووەم کە بریتییەلە جۆری بەردەوام، بۆ هەریەکێک لەو جۆرانەی کە باسی لێوەکردوون، لینکێکی بۆ داناون:

لینکی هێڵ خاڵە، لینکی ڕووتەخت هێڵە، لینکی تەنیش هێڵ و ڕووتەخت پێکەوە.

کات وەکو چەندێتیی بەردەوام، دەمی ئێستا لینکە لەنێوان ڕابوردوو و داهاتوودا. (Ibid., §6, 4b24-5a14) وەکو دەبینین، لێرەدا کات لەژێر کاتیگۆریی چەندێتیی بەردەوامدا دانراوە!

لەسەدەی پێنجی زاینیدا قەشە ئۆگەیستن، فیلۆسۆف و ئایینناسی مەسیحی لە کتێبی (دانپیانانەکان)دا، بەم شێوەیە باسی (کات) دەکات: (کات چییە؟ ئەگەر هیچ کەسێک لێمنەپرسێت؛ دەیزانم، ئەگەر بمەوێت ڕوونیکەمەوە، نایزانم). لای (ئۆگەیستن) جیاوازی لە نێوان ڕابوردوو و داهاتوو ناکات، لای ئەو بوونیان نییە. هەر لەم ئایدیایەوە "خالق" وەکو بوونێکی ئەزەلی دەبینێت، هەڵبەت لای ئەو سێ "ئێستا" بوونی هەیە. ئێستای ڕابوردووی شتەکان؛ کە ئەمە یادەوەریمانە، ئێستای ئێستای شتەکان؛ ئەمە ئەوەیە کە دەیبینین، ئێستای داهاتووی شتەکان؛ کە ئەمە پێشبینیکردنمانە. دەگەین بەو ئەنجامەی لای (ئۆگەیستن) واتای تێپەڕینی کات بوونی نییە. ئەوەی هەیە ئەزەلییە. بەڵام؛ ئەوەی جێی سەرنجە نیوتنە، چونکە زۆر لێزانانە خۆی قوتاردەکات لەم گەنگەژەیە. ئەویش لە کتێبی (Philosophiae Natural-is Principia Mathematica)دا، دەڵێت؛(پێناسەی کات، شوێن و جوڵە ناکەم، بەباشی-زانراون بۆ هەمووان). هەروەها فیلۆسۆف ڕودۆلف کارناپ، لە (ئۆتۆبایۆگرافی ڕووناکبیر) دەنوسێت دەربارەی (ئاینشتاین) و دەڵێت:

(ئاینشتاین وتویەتی کێشەی (ئیستا) بەجیدی نیگەرانی کردووە. ئەوەی ڕوونکردەوە، ئەزموونکردنی (ئێستا) واتایەکی تایبەتی هەیە بۆ مرۆڤ، شتێکی بنچینەیی جیاوازە لە ڕابوردوو و داهاتوو، بەڵام؛ ئەم جیاوازییە گرنگە ڕونادات و ناتوانرێت ڕوبدات لەگەل فیزیادا. ئەم ئەزموونکردنە ناتوانرێت بەدەستبهێنرێت، لە لایەن زانستەوە وادەردەکەوێت بۆ ئەو

کێشەیەکی بە ئازار بێت، بەڵام؛ نەدەبوو وازیلێبهێنێت. پاشان گەیشت بەو ئەنجامەی"کە شتێکی بنچینەیی هەیە دەربارەی ئێستا کە لەدەرەوەی جیهانی زانستە"). هەروەها براین گرین لە کتێبی (بنەچەی گەردوون)دەڵێت: " لە وەهمێکی بەردەوامی ڕابوردوو، داهاتوودابن"، ئەمە هەمان ڕای (ئۆگەیستن)ـە! هۆکاری ئەوەی (براین) وا دەڵێت، دەرەئەنجامەکانی (تیۆری ڕێژەی تایبەت)ـە کە بە هیچ شێوەیەک (تێپەربوونی کات) دەرناخات! ستیڤن هۆوکینگیش لە (کورتەیەک لە مێژووی کات) باسی (تیراسای کات- arrow of time) دەکات، بەڵام؛ بێئەوەی باسی تێپەڕینی بکات. لە سیی جونی ١٩٠٥ فیزیاییەکی گەنج، پەیپەرێکی بە ناونیشانی(لەبارەی کارۆداینامیکی تەنە جوڵاوەکان) بۆ هەردەم تێگەیشتنی ئێمەی بۆ کات گۆڕی، بەتایبەت یونیڤێرسالبوونی (ئێستا). ئەو کەسەش "ئالبێرت ئاینشتاین" بوو. هەڵبەت دواتر ناوەکەی گۆڕی بۆ (تیۆری ڕێژەی تایبەت). وا پێویست دەکات قوڵتر هەنگاو بنێین. یەکێک لەو دەرەئەنجامانەی ڕێژەی تایبەت پێمان دەڵێت: (کشانی کاتە- time dilation)، واتە (کات) خاوتر تێپەڕ دەبێت بۆ کاتژمێرێکی جوڵاو، وەک لە کاتژمێرێک کە وەستاوبێت. ڕوونتر چاودێرێک کە جوڵاو بێت و بە بەراورد چاودێرێک کە وەستاوە، کات خاوتر تێپەڕ دەبێت بە فاکتۆری گاما(گاما پێمان دەڵێت جیاوازی تێکڕای کات چەندێکە بۆ دوو چاودێرەکە)، بە نموونەیەکی سادە پێموابێت ڕوونتر دەبێت. پەندۆڵێکی ئاسای بهێنە پێشچاوت، بە پێی چاودێرێک کە وەستاوە کاتە لەرەکەی سێ چرکەبێت، بەڵام؛ بۆ چاودێرێک کە لە جوڵەدابێت بە خێرای لە ٩٥٪ ـی ڕووناکی، ئەوا فاکتۆری گاما پێمان دەڵێت سێ ئەوەندە کات خاوتر تێپەردەبێت لای چاودێرە جوڵاوەکە بەراورد بە وەستاوەکە، لە ئەنجامدا کاتە لەرەکەی دەبێت بە ٩.٦ چرکە. ئەم دوو چاودێرە دوو ئەنجامی جیاوازیان هەیە، ئایە کامیان ڕاستن؟ بەدڵنیاییەوە هەردووکیان ڕاستن! بەباشی دەزانم دوو هەڵەتێگەیشتن دەربارەی ئەمە ڕاستکەمەوە. یەکەمیان؛ کە دەڵێین کات خاوتر تێپەڕ دەبێت، تەنیا مەبەستمان ئەوە نیە چرکەی کاتژمێرەکەی "وادەربکەوێت" خاوتر تێپەڕ ببێت بەڵکو هەموو شتێکی خاوتر تێپەڕ دەبێت، لێدانی دڵی، تەمەنکردنی،

هەمووشتێکی. دووەم؛ لە زۆر تێکست باس لەوە دەکات کە چاودێرەکان هاوڕانین بۆ پێوانەکردنەکانیان، بە پێی ڕیفرێنس-فرەیمەی(reference frame) بەکاری دەهێنن، هەوڵبەن بە شێوەیەکی تر بیرلەمە بکەنەوە، چاودێرەکان هەموویان هاوڕان بە جیاوازی ئەنجامەکانیان! ڕوونتر چاودێرەکان دەزانن کە تیۆری ڕێژەی تایبەت ئەنجامی جیاوازیان دەداتێ. ئەمە بەو واتایە نایەت کە ڕیاڵیتی چاودێرەکان جیاوازن، هیوادارم زۆر باش وریای ڕێژەی تایبەت بن.

دوای تێگەیشتنمان لە کشانی کات، بە پێویستی دەزانم لەسەر دەرەئەنجامەکانی ڕیژەی تایبەت بوەستین، وەک لە خستنەڕووی نموونەکانی. وە لێرەشدا دەرەئەنجامی پارادۆکسی دووانی دەخەینەڕوو، کە ئەو هەڵەتێگەیشتنەمان لا ڕووندەکاتەوە دەربارەی هەردوو چەمکی (ئێستا) و (سایمەڵتەینیەسلی). هەردوو چەمک جگە لە واتایەکی فەرهەنگی و لۆکاڵی هیچیتر نین. بە پێی پارادۆکسی دووانەییەکە، شتێک نییە بەناوی (سایمەڵتەینیەسلی) نێوان ڕووداوەکان، تەنانەت پێوانەکردنەکە چەندین هۆکاری کاریگەری لەسەر دەبێت، وەکو خێرای، شوێن و هێزی کێشکردن. گەر دوو ڕووداو لە ڕیفرێنس-فرەیمێک (وەکو لە دایکبوونی دوو کەس لە یەک بەرواردا) کە (سایمەڵتەینیۆس)ـن، بەڵام؛ بە گۆڕانی فرەیمەکان چیتر وا نامێننەوە دەگۆڕێن. تیۆری ڕێژەی پێمان دەڵێت؛ (کات) بوونێکی کۆنکرێتی نییە، بەڵکو ئیلاستیک و ناجێگیرە. دوای ئەو شۆڕشی تێگەیشتنەی دەماندات دەربارەی وێنەی کات، بەڵام؛ هەرگیز ڕوونی ناکاتەوە تیراسای کات چییە؟ ڕابوردوو و داهاتوو لەکوێوە دێن؟ هەروەکو تیۆرییەکانی تری وەک، "فیزیای نیوتنی" یان "کوانتەم میکانیک" یان "ئیلیکترۆماگنەتیزم" ئەم جیاوازییەمان پێناڵێن. بەڵام؛ هەنگاوی دواترمان پیشاندانی هاوکێشەیەکی بچوکی سێرمۆداینەمیکە، کە ئەم جیاوزییەمان پێ دەڵێت، ئەویش (ئینترۆپی)ـیە.

وشەی (ئینترۆپی) لە دوای دەستپێکی شۆڕشی دروستکردنی ماتۆڕی هەڵمیـیەوە یەت، لە ساڵی ١٨٦٥ (ڕۆدۆلف کلاوسیەس) وشەی ئینترۆپی داتاشی لە وشەیەکی یۆنانی (ترۆپی- trope)ـەوە کە بەواتای (گۆڕان)ـدێت، لەگەڵ بردنی دوو پیتی یەکەمی و پیتێکی کۆتای وشەی (وزە-energy) لێوەی (ئینترۆپی) دروستکردووە. ویستویەتی هەردوو وشەکە لێکەوە نزیک بن، چونکە فیزیاییەن پەیوەندیان هەیە. سادەترین لێکچوونیان لەگەڵ یەک ئەوەیە تەنێکی گەرم بە بەراورد تەنێکی سارد (ئینترۆپی) بەرزترە، بەڵام؛ جیاوازیشیان ئەوەیە کە وزە پارێزراوە، بەڵام؛ (ئینترۆپی) پارێزراو نییە، بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا واتای (ئینترۆپی) لەگەڵ (تیراسای کات)ـدا ڕوونکەینەوە. یەکەم کەسیش کە ئەم پەیوەندییەی خستەڕوو (ئارسەر ئاتینگتۆن)ـبوو. بۆ زۆربەی فیزیاییەکان (ئاتینگتۆن) ناسراوە، ئەو کەسەبوو لە ١٩١٩دا، تێبینی لادانی ڕووناکی کرد لەکاتی خۆرگیران کە تیۆری ڕێژەی گشتی پێشبینی کرد، سەلماندی کە ڕاستە. (ئاتینگتۆن) لە کتێبەکەیدا بەناوی (سرووشتی جیهانی فیزیایی) دەڵێت: (مەزنترین شت دەربارەی کات ئەوەیە کە بەردەوامە). لای (ئاتینگتۆن) تاکە قانونێکی فیزیا، تیراسای کاتمان پێبڵێت یاسای دووەمی سێرمۆداینەمیکە کە ئینترۆپی هەردەم ڕوو لە زیادبوونە، گەر لۆکاڵ ئینترۆپی کەمبکات(وەک دانانی کوپێک قاوە تاکو سارد دەبێتەوە) بەڵام؛ ئەم کەمبوونە لەسەر کرێدیتی بەرزبوونەوەی ئینترۆپی یونیڤێرسە(گەرمی کوپەکە گوازراوەتەوە بۆ ژورەکە، بەمەش ئینترۆپی ژورەکە یان یونیڤێرس زیادیکردووە) بە شێوەیەکی تر ئینترۆپی هەرگیز کەم ناکات، ئەمە تاکە یاسایە جیاوازی لەنێوان ڕابوردوو و داهاتوو بکات. ڕابوردوو، داهاتوو چییە؟ لای (ئاتینگتۆن) بریتییە لەوەی: ڕابوردوو ئاستی ئینترۆپی کەمتربووە، لە داهاتوو ئاستی ئینترۆپی ڕوو لە زیادبوونە. بە بەراورد بە قانونەکانی تری فیزیا کە هیچ جیاوازی ڕابوردوو و داهاتوو ناکەن، بۆ

نموونە ئەتۆم ڕووناکی دەردەدات و هەڵیشیدەمژێت، یاسایەک بۆ هەردوو کردارەکە، بۆ بەشەکانی تریش بەهەمان شێوەیە.

ئایە (کات) و (ئینترۆپی) پەیوەندییان چییە، لەگەڵ یەک؟ ئەوەی لام گرنگە خستنە ژێر پرسیاری ئەم ئایدیایە، کە زیاتر لە نەوەد ساڵە بەگشتی فیزیاییەکان پەسەندییانە، بۆ ڕوونکردنەوەی (تیراسای کات) بەکاری دەهێنن. وەک پەیوەندی نێوان ئەم دوو بڕە جگە لە پەیوەندییەکی هاوتەریب پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان نیە. تەنانەت هۆ و ئەنجامی یەکتریش نین، ئەم وێنەیە لەسەر ئەوە بوونیادنراوە کە (کات) وەک ئەوەی هەستی پێدەکەین، رابوردوو و داهاتووی هەیە کاتێک بەدوای یاساکانی فیزیاوەین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە تاکە قانوون هاوتەریبی ئەو ئاڕاستەیە بێت، ڕوو لەزیادبوونی (ئینترۆپی)یە. گەر ئەمە وەک تیۆریەک پەسەند بکەین، کە پەسەندکراوە. پرسیارێک یەتە پێشەوە ئەوەیە، چی وادەکات تیۆرییەک سەرکەوتووبێت؟ ئایە تەنیا ڕوونکردنەوەی دیاردەیەک بەسە؟ وەڵامی ئەمە پێموابێت سادەیە، تەنیا بەس نیە تیۆریەک لە توانایدا بێت دیاردەیەک ڕوونبکاتەوە، بەڵکو پێویستیشە توانای پێشبینیکردن و تاقیکردنەوەی هەبێت. بەڵام؛ تا ئەم خولەکە هیچ پێشبینیکردنێکی نییە ئەم تیۆرییەی (ئاتینگتۆن) بۆ تیراسای کات! کە تیۆرییەک توانای پێشبینیکردنی نەبێت، ئێمە چۆن دەتوانین بیکەینە ژێر تاقیکردنەوەوە؟ لە کات-و-شوێنێکی وادا باشتر نییە، بیر لە جێگرەوەیەکی ئەم تیۆرییە بکەینەوە؟ نموونەیەک دەخەینەڕوو کە لە دۆخێکی دیاریکراودا ئەم تیۆریە پرسیار هەڵدەگرێت. ئەویش تەنۆلکەی هیگزە، بەپێی لێکدانەوەکانی (ڕیچارد مولەر) بێت، لە سەرەتاییەکانی گەردووندا هەموو تەنۆلکەکان بێ-بارستە بوون، پاشان بە پێی میکانیزمی هیگز بووە هەموو گەردوون پڕبووە لە بواری هیگز و "بارستای" داوە بە تەنۆلکەکان، ناوی ئەم میکانیزمەش ناسراوە بە(شکاندنی هاوجێیی خۆبەخۆ).ئێمە دەزانین کە تەنۆلکە بێ-بارستەکان ئینترۆپی کشانی گەردوون بەرزناکەنەوە، کەواتە لەو دەمەدا ئینترۆپی

زیادی نەکردووە، هەموو ئینترۆپی تەنۆلکەکان گەرمی بووە و زیادی نەکردووە، ئەگەر تیراسای کات زیاد کات لەگەڵ زیادبوونی ئینترۆپی، کەواتە دەبێت کات وەستابێت؟ گەر وەستابێت ئەیچۆن گەردوون کشاوە و "ئێستا"یەک بوونی هەیە؟ ئەمە زۆر بە باشی پەیوەندی نێوان ئەو دوو بڕە دەکاتە ژێر پرسیارەوە و وامان لێدەکات جارێکیتر بیری لێبکەینەوە. هەنگاوێک بنێین و بیر لە جێگرەوەی تیراسای کات کەینەوە یان لانی کەم جیاوازتر لە بیرکردنەوەی باو، بتوانین بیربکەینەوە. ئێمە لێرەدا سێ لەو جێگرەوانە دەخەینەڕوو لە لێکدانەوەکانی (ڕیچارد مولەر) کە پیشانی داوە لە کتێبەکەیدا.

یەکەمیان؛ تیراسای تیشکدانەوە(radiation arrow)، بەگشتی دیاردەکانی تیشکدانەوە بەهۆی هاوکێشەکانی (ماکسوێڵ) دەتوانین شیکاریان بکەین، بۆ ئەنجامدانی ئەم شیکارکردنەش پێویست دەکات گریمانەی ئاڕاستەی کات لەبەرچاوبگرین. ئەمەش بووە هۆی کێشەی نێوان والتەر ریتز و ئالبێرت ئاینشتاین، لە سەرەتاکانی ١٩٠٠دا، تەنانەت چەند نامەیەکیشیان گۆڕیوەتەوە. والتەر بە تەواوی پاڵپستی گریمانەی کات بووە بۆ تیشکدانەوەکان، بەڵام؛ ئاینشتاین بە پێچەوانەوە هاوڕای نەبووە. هەرچۆنێک بێت ئەم کێشەیە بە چارەسەرنەکراوەیی مایەوە، تاکو فیزیاییەکی گەنج لەبەردەم گرنگترین فیزیاییەکانی ئەو سەردەمە چارەسەری ئەم کێشەیەی پیشاندا ئەویش ڕیچارد فایمەن بوو.لە ساڵی ١٩٤٥ ئادڤایزەرەکەیی جۆن ویلەر داوای لە فایمەن کرد لەسەر سیمیتری تیشکدانەوەی کلاسیکی لێکۆڵینەوە بکات. ئایە تیشکدانەوە کارۆموگناتیزییەکان یەک ئاڕاستەیی کاتیان تیا بەدی دەکرێت؟ یاخود بە هەردوو ئاڕاستەکە ڕووەدات؟ لەکۆتایدا فایمەن بە بیرکارییانە ئەوەی سەلماند کارۆموگناتیزی کلاسیکی سیمیتریە لە کاتدا بە هەردوو ئاڕاستەکە ڕووەدات. ئەم کارەشی لەبەردەم ۆلفگانگ پاولّی و ئالبێرت ئاینشتاین و چەند فیزیاییەکی پێشکەوتووی سەردەمەکەی خستەڕوو،

سەلماندی کە ئاینشتاین ڕاستەکات. وە ئەوەشی لێکدایەوە کە دژە-ماددە؛ هەر ماددەیە، بەڵام؛ دەگەڕێتەوە بەناو کاتدا.

یاسای دینامیکیش کە سەلماندویەتی کەلە ڕابردوودا گەردوون پلەی گەرمی لەئێستا بەرزتربووەو لەداهانوودا تەنەکان بەرەوساردبوونەوە دەچن ڕێک پێچەوانەی ئەو بۆ چونەیە وسەلمێنەری ئەوەیە کەلەداهاتوودا گۆڕانی بەهۆی ووزە زۆرکەم دەبێتەوە تاوای لێ دێ نامێنێ.

دووەمیان؛ تیراسای گەردوونی(cosmological arrow). لێرەدا کە بیر لە گەردوون دەکەنەوە، وەکو گەردوونێکی چوار ڕەهەندی بیری لێ بکەنەوە نەوەکو سێ ڕەهەندی. ڕەهەندی چوارەم فەزا-کات(space-time) ـە. ئێمە دەزانین گەردوون دەکشێت، تاودانی کشانەکەشی ڕوولەزیادبوونە. ئەم کشانە بەواتای ئەوە دێت کە نەک تەنیا فەزای تازە دروست دەبێت لە گەردووندا، بەڵکو هەم کاتی تازەش دروست دەبێت. ئەمە زۆر واتادارترە گەر بەم شێوەیە بیر لە تیراسای کات و تێپەڕینی کات بکەینەوە. تەنانەت تەقینەوە گەورەکە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە، کە بۆچی ئینترۆپی زیاد دەکات؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کە لە سەرەتاییەکانی گەردووندا ئینترۆپی کەم بووە، بەهۆی کشانی گەردوونەوە بووەتە هۆی پەیدابوونی ژووری تازە بۆ زیادبوونی ئینترۆپی.

سێیەمیان؛ (تیراسای کوانتەم- quantum arrow). لێرەدا بە وردی واتای پێوانەکردن(measurement) لە کوانتەم میکانیکدا دەخەینەڕوو، لە کوانتەم میکانیکدا بۆ باسکردنی ئەو دیاردەیەیی کە دەمانەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین، نەخشەشەپۆل(wave-function)ـی بەکاردەهێنین کە ئامرازێکی ماتماتیکییە. لە کوانتەمدا ئێمە ناتوانین بە "وردی و دڵنیاییەکی" تەواوە، پێشبینی پێوانەکردنەکە بکەین. بەڵکو لە ڕێگەی "ئەگەرییەوە"(probability) دەتوانین پێشبینی بکەین. دوای پێوانەکردنەکەش ئەو نەخشەشەپۆلەی هەمانە دادەڕمێت.

هەڵبەت ئەمە پێیدەوترێت لێکدانەوەی ستاتیستیکاڵ(statistical interpretation) کە ماکس بۆرن(یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کوانتەم) خستوویەتیەڕوو.

پێمباشە زیاتر لەسەر ئەم لێکدانەوەیە بووەستین. بەپێی کوانتەم میکانیک بێت ئێمە ناتوانین بە "وردی و دڵنیای" پێشبینی ئەنجامەکان بکەین. ئەگەر ئێمە نەتوانین کارێکی وەها بکەین، کەواتە "نەتوانینەکە" لە ئێمەوە نییە بەڵکو لە ناتەواوی تیۆریەکەوەیە کە هەمانە. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە بوو، کە کەسێکی وەکو ئاینشتاین پەسەندی نەکرد و دژی بوو. لەڕاستیدا هەر ئاینشتاینی بێزار نەکرد بەڵکو کەسێکی وەکو ئێروین شرۆدینگەر دامەزرێنەرو پێشخەری کوانتەم ـیشی بێزارکرد، تەنانەت شرۆدینگەر یەکێکە لە هاوئاوازانی ئاینشاتین، بەهۆی ئەم کێشەیەوە بوو کە سرووشی پشیلەکەی بۆهات. بەگشتی زۆر کەس کە باسی پشیلەکەی شرۆدینەگەر دەکات بۆ خستنەڕووی حەقیقەتی کوانتەم، بێ ئاگایە لەوەی خودی سرووشی پشیلەکە بۆ دەرخستنی "ناتەواوی" کوانتەم خستوویەتییەڕوو! تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە دیزاین کراوە، بۆکسێکمان هەیە پشیلەیەکی تێدایە، لەگەڵ گازێکی ژەهراوی لەناویدا، وایدادەنێین لە چەند کاتمژێری داهاتوودا گازەکە ئەگەری لە ٥٠٪ هەیە شیبێتەوە و پشیلەکە بکوژێت، ئەگەریشی هەیە شی نەبێتەوە و پشیلەکە زیندوو بمێنێتەوە. لێرەدا کردەی کردنەوەی سەری بۆکسەکە و زانینی ئەوەی پشیلەکە مردووبێت یان زیندوو، پێی دەوترێت "پێوانەکردن". لە ڕاستیدا پرسیارێکی زۆر گرنگ یەتە پێشەوە ئەو پرسیارەش، ئایە پێش پێوانەکردنەکە پشیلەکە لە چی دۆخێکدا بووە؟ ئەو وەڵامەی کە لە دڵی "کوانتەم" ـەوە دەستمان دەکەوێت، ئەوەیە کە پشیلەکە پێش کردەی "پێوانەکردن" لە هەردوو دۆخەکەدابوو لە هەمانکاتدا(simultaneously)، بەواتایەکی تر دەڵێین بەرزەخۆجێیەتی(supper-position) هەردوو دۆخەکە بووە. هەم مردوو هەمیش زیندوو. پێمباشە هەڵە تێگەیشتنێک ڕاست بکەمەوە، لە زۆر کەس و زۆر دکتۆری زانکۆ وا پیشاندەدرێت کە پێش کردەی

“پێوانەکردن” پشیلەکە “یان” مردووە “یان” زیندووە، واتە تەنیا دۆخێکیان بووە، کە لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەیە، لە دڵی کوانتەم تێنەگەیشتوون. ئەم لێکدانەوەیە ناسراوە بە لێکدانەوەی کۆپنهاگن(کە نێلز بۆر، وێرنەر هایزەنبێرگ و ماکس بۆرن پاڵپشتی بوون). هەر لەم ڕوانگەیەوە بووە کە ئاینشتاین و شرۆدینگەر پێچەوانەی بوون و هاوڕانەبوون. بەلای ئەوانەوە پێش کردەی “پێوانەکردن” پشیلەکە هەمان دۆخی هەبووە کە لەکاتی “پێوانەکردن” دەستمان دەکەوێت. بە واتایەکیتر گەر پشیلەکە زیندووبێت ئەوا پێشتر زیندووبووە، بۆیە ئێمە ئەنجامی زیندوومان دەستدەکەوێت. ئەمە بووە هۆی پەیدابوونی چەمکێک بەناوی گۆڕاوی-شاراوە(hidden variable)، ئەم گۆڕاوی-شاراوەیە وادەکات پشیلەکە ئەو دۆخەی هەبێت و بەوشێوەیە ڕەفتاربکات، کە ئێمە هێشتا نازانین چییە؟. ئەم لێکدانەوەیە ناسراوە بە لێکدانەوەی حەقیقەتگەرای(realist). نزیکەی پەنجا ساڵی خایاند ئەم دییەیتە تاکو سەلمێنرا کە ئەسڵەن گۆڕاوێکی-شاراوە هەر بوونی نیە، تاکو وا بکات بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن. وەڵامی لێکدانەوەکەی کۆپنهاگن حەقیقەتی سرووشتی کوانتەمییە و ڕاستە. ئەو کەسەش “جۆن بێڵ” بوو. هۆکاری ئەوەی باسی هەموو تاقیکردنەوە و وردەکاریەکەم کرد لەبەر ئەوە بوو خوێنەر بە چاوێکی فزوڵی و زانینخوازانە لەمەڕ کێشەکە بنواڕێت و هەڵە تێگەیشتن دروستنەبێت. زۆرباشە لەوانەیە بپرسی ئەمە چی پەیوەندییەکی بە تیراسای کوانتەمییەوە هەیە؟ لە وەڵامدا، کردەی “پێوانەکردن” بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت کاریگەری لەسەر ڕابوردوو دروستبکات، تەنیا دەتوانێ کاریگەری لەسەر داهاتووی سیستەمەکە دابنێت. ئەمە جیاوازی دەکات لە نێوان ڕابوردوو و داهاتوو. هەڵبەت هێشتا تیۆریەکی تەواوی “پێوانەکردن” لەبەردەستا نییە پێمان بڵێت بۆچی دەبێت وابێت، بەڵام؛ دەزانین وایە و زۆر باشیش کاردانەوەیە.

بەستنەوەی چەمکی کات بە جوڵەوە تەوەری ئارگومێنتی فەلسەفییە لەلای-(ئیبن سینا)- کە رامانەکانی ئەم دەربارەی کات نزیکترە لە گیان و

عەقڵی سەردەم،ئیبن سینا وەکو بری(هێند) جوڵەیەکی کەوانەیی یا بازنەیی لە رووی پێشکەوتوویی و دواکەتویی نەک لە رووی دووری یاخد لادان پێناسەی کات دەکات.هەروەها بەوەی کە جوڵە سیفەتێکی ماددەیە بە واتا بە ماددەوە لکاوە هەر بەو چەشنە کاتیش لکاوە بە جوولەوە.وێناکردنی کات ناتوانریت بکریت بە بێ بوونی جوڵە(گۆران) هەروەها هیچ جوڵەیەکیش بە بێ بونی ماددە مومکین نیە.

کات، لەلای نیوتن چەمکێکی رەها(پەتی)یە،کەچی لەلای کانت و رازی (کات) مەرجێکی بنگەهی خودیی مەعریفەیە.بەڵەبەرچاوگرتنی ئەم هزرە فەلسەفییانە، بابەتی کات یەکێک لە گرنگتین چەمکە فیزیاییەکانە سەرباری کێشە ئەبستیمۆلۆژیەکانی کاری فیزییایی ئەزمونگەرایی.

لەگەل هەموو ئەو لێکۆلینەوە فەلسەفییانەی لە بابەت کاتەوە کراون کەچی هەر بەتەمو مژاوی و کرچ و کاڵی ماوەتەوە لەوەش زیاتر، پەیبردنی خودییانەی کات کردەیەکی دژوارە جاریکیتر پرسیارە فەلسەفییەکە خۆی دووبارە دەکاتەوە:ئایا کات تەنها کۆبونەوەی وەختەکانە؟ولە جیهانی بەهەست دا هیچ بوونێکی واقیعی نییە بەڵکو کات تەنها وەهمە یان تەفسیری کات وایە لە قوڵایی بوونی هەستییانەی واقیئعی، یاخود قەوارەیەکی زەینییە بەتەنها؟

حەقیقی بوونی رابردوو و لێڵی داهاتوو بەرگێکی خوودییانەی نا بابەتی وەبەر کات دا دەکات بەڵام زانستی فیزیا کات بە خودان سروشتێکی بابەتی و قابیلی پێوانەکردن دادەنێت،کاتی بابەتی لە فیزیای کلاسیک دا، سەرەرای بەخشینی بۆیەی رەهایی بەڵام پێوەرێکی چەندییە ،بەشێوەیەکی بنەرەتی و گشتگیر وەسفی دیاردە سروشتییەکان دەکات هەروەها تەواوی هاوکێشە تەواوکارییەکان لە فیزیای کلاسیکی هاوکێشەی زەمەنین.بەڵام فیزیای هاوچەرخ لەمە دوورتر دەروات بەجۆرێک کات وەکو دووری چوارەمی شوێن سەیر دەکات ، تیۆری رێژەیی دروستی ئەم گریمانەیە

پشتراست دەکاتەوە لێ وێناکردنی ئەم کارلێکەی نێوان شوێن و کات بۆ مرۆڤ کارێکی گرانە ئەمەش لەبەر ئەوەی مێشکی مرۆڤ گوزارشتە لە ئەندامێکی جەستە کە ئەرکی پەیبردنی هەستیانەی ژینگەی دەوروبەرە لە پێناوی مانەوە نەک ئیدراکی گەردوون...

ئەو هێڵە بەریناناەی نیوتن کیشانی هەروەها ئەو یاسا ماتماتیکیانەی ماکسوێل داینان بواریان لەبەردەم گفتوگۆی زانستی دەربارەی چەمکی شوێن-کات وهەروەک کارلێکی ئەم دوانە لەگەڵ دیاردە سروشتییەکانی وەکو ماددە و وزە و بوارەکانی مئگناتیسی و کارۆموگناتیسی کردەوە.

پێناسەی جوڵە:

جوڵە لای ئەرستۆ:

ئەو لەوێدا، ڕاستەوخۆ، لەدوای باسکردنی بنەماکان (Principles) و هۆکارەکان (Causes) و توخمەکاندا(Elements)، دەچێتە سەر کتێبی سێیەم و باس لە جوڵە دەکات. باسکردن و گرنگیی جووڵە بۆ ئەڕستۆ بەڕاددەیەکە، گومانی ئەوەت بۆ دروستدەبێت کە زانای سروشتناس، دەبێت بە پلەی یەک دەرگیری مەسەلەیەکی وەکو جووڵە بێت تا شتەکانی تر. مەسەلەی جووڵە بۆ فیزیکا جەوهەرییە و تێگەشتن لە بابەتەکانی تری لەسەر وەستاوەتەوە. لە فیزیکادا، کتێبەکانی ٣، ٥، ٦، ٧، ٨ باس لە جووڵە و گۆڕان دەکەن.

ئەڕستۆ، باس لە هەندێک دەکات کە جوڵەیان سەر بە هیچکام لە پۆتێنشاڵ و ئاکچواڵ دانەناوە و، پێیان وابووە کە جوڵە جۆرێک لە
ئاکچوالیتێی ناتەواوە (ئێستاکێی ناتەواوە)، وە ئەم جوڵەیە، ئاماژەیە بۆ نا-

تەواوکۆیی ئەوەی کە لە پۆتێنشاڵدایە(Physics Book III, §1, 201b1).

ئەگەر گۆڕان نە سەر بە پۆتێنشاڵ و نەیش سەر بە ئاکچواڵ بێت، کەواتە دەکرێت سۆراغی گۆڕان لە نێوەندەکەدا(Medium) بکەین، لەنێوان دوو لایەنە دژوەستاوەکەدا؛ نێوەند وەکو خاڵی دەستپێک.(Physics Book V, §1, 224b30) ئەم خاڵە دواتر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیالێکتیکی هیگڵیدا. بوونی ڕاستەوخۆ و بێ میدیەم بۆ هیگڵ ساتی هەژاریيە و، دەبێت ئاستێک بەرز ببێتەوە و ببێت بە ناڕاستەوخۆ و میدیەمدار.

ئاکچواڵایزبوونی (ئێستاکێبوونی) ئەوەی کە پۆتێنشاڵە، پێناسە بەناوبانگی ئەرستۆیە بۆ جوڵە (Physics Book III, §2, 201b30). ئەوەی کە خۆی دەرکەوتە کردووە و دێتە ناو واقیعەوە، جوڵەیە. کەواتە ئێمە لە ئاستی پۆتێنشاڵدا، جوڵەمان نییە، یان بەشێوەیەکی تر، لە ئاستی جەوهەردا، جووڵە(Motion) بوونی نییە، بەڵکو گۆڕان(Change) بوونی هەیە.

خاڵێک کە گرنگە و نابێت بە هەڵە بەسەرماندا تێپەڕ ببێت، ئەویش هەردوو تێرمی جوڵە و گۆڕانە لای ئەرستۆ. دەکرێت بڵێین؛ جوڵە بۆ ئەرستۆ نابێت لە جەوهەردا ڕووبدات، چونکە جەوهەر نابێت دژی هەبێت، کە دژ بوونی نەبێت، قسە کردنیش لە جوڵە نایەتە کایەوە(Physics Book V, §2, 225b10). بۆیە جوڵە بۆ ئەرستۆ لە عەرەزدا ڕووەدات. بۆیە کاتێک باس لە جوڵە دەکەین لە ئاستی جەوهەردا، بە گۆڕان ناوی دەهێنێت. جوڵە جۆرێکە لە گۆڕان(Physics Book V, §1, 225b1).

شایەنی باسە کە، جوڵە لە سێ ئاستدا ڕوودەدات: کاتیگۆریی لە شوێن، کاتیگۆریی چەندێتیی و، کاتیگۆریی چۆنێتیی.

بەستنەوەی چەمکی کات بە جوڵەوە تەوەری ئارگومێنتی فەلسەفییە لەلای-(ئیبن سینا)- کە ڕامانەکانی ئەم دەربارەی کات نزیکترە لە گیان و عەقلی سەردەم،ئیبن سینا وەکو بری(هێند) جوڵەیەکی کەوانەیی یا بازنەیی لە ڕووی پێشکەوتوویی و دواکەتویی نەک لە ڕووی دووری یاخد لادان پێناسەی کات دەکات.هەروەها بەوەی کە جوڵە سیفەتێکی ماددەیە بە واتا بە ماددەوە لکاوە هەر بەو چەشنە کاتیش لکاوە بە جوولەوە.وێناکردنی کات ناتوانریت بکریت بە بێ بوونی جوڵە(گۆران) هەروەها هیچ جوڵەیەکیش بە بێ بونی ماددە مومکین نیە

پرنسیپی ڕێژەیی بوونی جوولە دەوەستێتە سەر ڕێژەیی بوونی خێرایی واتە خێرایی تەنێک بەگوێرەی تەنێکی دی دەپێورێت جا تەنی یەکەم وەستا و بێت یان جوڵاو بەم پێیە دەکرێت بڵێین خۆر بەدەوری زەوی دا دەخولێتەوە وەک پێشینان بروایان وابوو ئەمەش نهێنی پێوانەکردنی کات بوول ە لای بابلییەکان و میسریئیەکان لە کۆن دا کە تا ئێستاش دروستە و هاوتای پێوانەی سەردەمی ئەمرۆمانە کە پێوەرەکەی خولانەوەی زەوییە بەدەوری خۆردا مەبەست لەمەش بە سادەیی کاتی بابەتییە واتە ئەو کاتەی لە ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەدا پشتی پێدەبەستین و یەکێتی گەردوونی لەسەر هەیە واتە ڕۆژەکان و مانگەکانی ساڵ و یەکە کانی تری کات.

جیاوازی کات بە ئاشکرایی لە کێشەی هاوزەمەنی دا مانیفێست دەبێت ئەمەش دەتوانین بەم نمونەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە کە ئەزموونی زانستی،با بەشێوەیەکی سادەش بێت، ڕاستییەکەی سەلماندوە: با وادانێین

دوانەیەک تەمەنی هەریەکەیان ٣٠ساڵە، ئەگەر یەکێک لەم دووانە بە کەشتییەکی ئاسمانی و بە خیرایی رووناکی(٣٠٠٠٠٠کیلۆمەتر لە چرکەیەک دا) هاستێت بە گەشتێکی ئاسمانی رووەو
ئەندرۆمیدا(نزیکترین گەلەئەستێرە لە گەلەئەستێرەی رێگای کاکێشآن، بە ٢ ملیۆن ساڵ لە ئێمە دوور دەکەوێتەوە ئەم ماوەیەش بە خیرایی رووناکی دەبرێت!!) پاش بریتی ئەو دووریە گەرانەوەی بۆ سەر زەوی بەبێ وەستان دەبینێت ٤ ملیۆن ساڵ بەسەر مەرگی براکەی تێپەریوە و هیچ شوێنەوارێکی براکەیی و تەنانەت شارستانیتیەکەشی نادینێت هەرچی گەشتیارەکەیە(کەسەکە) ئەوا هەر ٣٠ ساڵە و بەبێ هیچ گۆرانکارییەک. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کاتەی تەنێکی جووڵاو تیایدا دەژی هەمان ئەو کاتە نییە بۆ تەنێکی وەستاو . کات خۆی لەگەڵ خێرایی دا دەسازێنێت،ئەمەش بەو مانایەی کە تەنێک دەبێت بە شتێکی ئەزەلی کاتێک خێراییەکەی دەگاتە خێرایی رووناکی بە گوزارەیەکی دی دەتوانین بڵێین فۆتۆنەکان کە نوێنەرایەتی رووناکی دەکەن لە سروشتی خۆیان دا ئەزەلین هەر بەو جۆرە کە کاتی رەها بوونی نییە ئاواشستێک بە نێوی شوێنی رەها جیکای باس نییە، ئەو بۆشاییەس کە تەنیک داگیری دەکات بە گویرەی پێگە و خێرایی کەسی سەرنجدەر دەگۆرێت هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی لە رژێمەکانی پێوانەکاری کە لە کەسێکەوە بۆ یەکی دی جودایە دواتریش پەیوەندیەک هەیە لە نیوان جوڵە واتە خێرایی تەنێک لەگەڵ شوێن دا بە جۆریک کە دووری ئەندازەیی تەنەکان دەگۆرێن بە نزیکبوونەوەیان لە خیرایی رووناکی. گەورەترین خێرایی کە بەهۆیەوە ئاماژەیەک بگوازرێتەوە ئەوا خێرایی رووناکییە (٣٠٠هەزار کم لە چرکەیەک دا)، کاتێکیش خێرایی شتێک بگاتە خێرایی رووناکی ئەوا لە توانامان دا هەیە جارێکی تر رابردوو ببینینەوە!!!

وەک پێشتر باسمان کرد، جوڵە رۆلێکی سرەکی بینیوە لە تیۆری رێژەیی دا،هەروەک چۆن شوێن و کات بەگوێرەی ئەو رژێمەی لە پێوانە کردنیان دا بەکار دەهێنریت دەگۆرێت بەهەمان کلۆج بارستایی تەنێک بە گۆرانی

خێراییەکەی دەگۆڕێت بە جۆرێک تا خێراییەک زیاد بکات راستەوانە بارستایی تەنەکەش زیاد دەکات خۆ ئەگەر خێرایی تەنێک بگاتە خێرایی رووناکی ئەوا بارستاییەکەی دەبێتە ناکۆتا لەم بارەدا بارستایی دەگۆڕێت بۆ وزە.

پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لە نێوان کێش و پلەی گەرمی دا ، کاتێک پلەی گەرمی تەنێک بەرز دەبێتەوە کێشیەکەی زیاد دەکات و کاتێکیش تیشک دەداتەوە ئەوا کێشەکەی کەم دەکات بەمەش مادە دەبێتە شێوەیەک لە شێوەکانی وزە.

پێناسەی خێرایی:

خێرایی (بە ئینگلیزی: Speed) لە فیزیکدا بریتییە لە ڕادەی گۆڕانی شوێن لە کاتدا. واتە ئەوەی شتێک چەن یەکە شوێنەکەی دەگۆڕدرێ لە یەکەیەکی کاتدا. خێرایی چەندێتییەکی پێوانەییە و ئاڕاستەیەکی تایبەت پیشان نادات. یەکەی ئێس ئایی خێرایی مەتر لە چرکەدایە، کە دەردەخات شتێک چەند مەتر لە هەر چرکەدا دەپێوێت. هاوکێشەی پێناسەی خێرایی بریتییە لە:

,v=dt

کە تێیدا d دووری تێپەڕکراو و tکاتە.

ناوەندە خێرایی

لە فیزیک و میکانیکدا، ناوەندە خێرایی (بە ئینگلیزی: Average velocity) بریتییە لە لادانی گشتی دابەشی کاتی خایەنراوە کە لادانەکە تێیدا بڕاوە بە زمانی بیرکاری بەم شێوە پێناسە دەکرێت:

$$\Delta x=v^{-}\Delta t .$$

و خێرایی ساتی، بریتییە لە ڕادەی ناوەندە خێرایی کاتێک $t\to 0$یان خێرایی تەنێک لە ساتێکی دیاریکراودا و دەتوانرێت لە ڕێگەی پێوانی لێژی لێکەوتی چەماوەکە لە خاڵێکی دیاریکراوی ڕێڕەوەکەیدا دیاری بکرێت واتە گرتەی دووری بەپێی کات:

$$|v=|v|=|r\dot{}|=|drdt$$

پێناسەی شوێن:

بوونی هەر تەنێکی مادیی لە سروشت دا پێویستی بە پێشمەرجێکی بنەڕەتی هەیە ئەویش شوێنە ، بە واتا هیچ قەوارەیەکی کۆنکرێتی بەدەر لە شوێن ناتوانێت بوونی هەبێت ، کاتێکیش پێناسەی تەنێک دەکەین بەوەی بۆشاییەک داگیر دەکات ، یاخود لە بۆشاییدا درێژدەبێتەوە ئەوا بەشێوەیەکی سادە لە قالب دانیەتی لە چوارچێوەی سێ دووری جوگرافی ، ئەم لە قاڵب دانەش لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا پێی دەگوترێت(شوێن) .....

شوێن لای ئەرستۆ

شوێن بۆ ئەڕستۆ بەجۆرێک گرنگە، لە سەرەتای سەکشنی سەر بە شوێندا، پێناسەی جولّە دەبەستێتەوە بە شوێنەوە. بە گوزارشی خۆی: جولّە بە تێگەیشتنە گشتیەکەی ، بریتییە؛ لە گۆڕان لە شوێندا (Physics, Book IV, §1, 208a32)... خاڵێک کە جێگای تێڕامانە و، نابێت بەسەریدا تێپەڕ ببین، ئەوەیە کە (نا – بوون) نابێت لەشوێندا بێت، یان ڕوونتر بڵێین؛ نابوون لە ناشوێندایە(Nowhere). وەکو ئەوەی بۆ ئەڕستۆ مەرجی سەرەکیی بوون، لە شوێن-بوون بێت.

ئەڕستۆ دوو شتی زۆر گرنگ دەبەستێتەوە بە شوێنەوە:

جوولّە و بوون. ئەوەی دەجوولّێت، دەبێت لە شوێندا بجوولّێت، ئەوەی بوونە(یان هەبووە) دەبێت لەنێو کاتیگۆری شوێندا بێت. گرنگیی شوێن بۆ ئەڕستۆ بەجۆرێکە، کە دەبێت پێش هەموو شتەکانی تر کەوتبێت، وە هیچ شتێک ناتوانێت بوونی هەبێت، ئەگەر لە شوێندا نەبێت(Physics, Book IV, §1, 209a2). تەنانەت چوار هۆکارەکەشی(ئایدیاڵیی، فۆرمیی، ماتەریی، ئارمانجیی) بەسەردا جێبەجێ ناکرێت. من ئەمە ناو دەنێم بەخوداکردنی-شوێن(The power of place). شایەنی باسە کە، لەفەلسەفەی کانتدا، هەمانشت دووبارە دەبێتەوە و شوێن و کات، بوونێکی زەروورییی و پێشوەکییان هەیە لە مەعریفەدا.

پیشکەوتنی شوێن بەسەر شتەکانی تردا (کات بە نموونە)، پێچەوانەی دیدی فیزیای نوێیە بۆ فەزا-کات. لە فیزیای نوێدا، شوێن و کات پێکەوە دروست دەبن، نەک یەکێکیان پێش ئەوی دی بکەوێت. گرنگە بزانین، شوێن بۆ ئەڕستۆ خاوەنی ئەو سێ دووریيە(x, y, z) بووە کە ئێستا ئێمە

لە ماتماتیک و فیزیادا پێی ئاشناین. ئەویش درێژیی و، پانیی، قووڵییە(بەرزیی).

خاسییەتێکی دیکەی شوێنی ئەڕستۆیی، حەدد و مەرزە(limit). شوێنی ئەڕستۆیی وەکو شێوەپێدەری ئەو شتەیە کە دەکەوێتە ناویەوە.(Physics, Book IV, §2, 209b1-4).

شوێنگۆڕکێ پێکردنی نێوان جووڵە و شوێن، هێند بۆ ئەڕستۆ، حەیاتییە، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت کە ئەمیان بەهۆی ئەوەوە پێناسە دەکرێت، یان ئەویان بەهۆی ئەمیانەوە! لە خاڵی چوارەمدا، ئەڕستۆ میتۆدەکەی پیچەوانە دەکاتەوە و، ئەمجارە بەڵگەی هەبوونی شوێن، دەبەستێتەوە بە بوونی جووڵەوە. ئەو دەڵێت: ئەگەر جووڵەی شوێنی بوونی نەبوایە، ئەوا شوێنیش بوونی نەدەبوو(Physics, Book IV, §4, 211a13-16).

چەند فراگمێنتێک دوای ئەوە، ئەڕستۆ شتێک دەڵێت، کە دازاینی هایدێگەرم بیر دەهێنێتەوە. وەکو دیارە، دازاینی هایدێگەریی بوونە لەنێو جیهاندا. ئەمەی ئەڕستۆ ڕێک شتێکی هاوشێوەی ئەوەیە، بە تۆزکێک جیاوازییەوە. ئەو دەڵێت: کە ئێمە دەڵێین شتێک لەنێو جیهانە، بەو مانا و مەبەستە دەیڵێین کە لەنێو شوێنە(Ibid., §4, 211a24).

ئەوەی گرنگە و نابێت بەسەریدا بازبدەین، ئەوەیە کە، هەرچەندە شوێن بەهۆی جوڵەوە پێناسە دەکرێت و، جوڵەش بەهۆی شوێنەوە، مەبەستم دووانەیی جووڵە-شوێنە. بەڵام نابێت ئەوەمان بیر بچێت، کە شوێنی

ئەڕستۆیی بێ جوڵەیە(motionless). ئەوەی لەنێو شوێندایە، جوڵە و گۆڕانی هەیە، بەڵام نابێت خودی شوێن بجووڵێت.(Ibid., §4, 212a8-19).

پەیوەندی نێوان شت و شوێن، وەکو پەیوەندی نێوان جوزء و کولە. شت ڕۆڵی بەش دەگێڕێت و، شوێنیش ڕۆڵی گشت. بۆ ئەڕستۆ، شوێن و شت نابێت یەک بن، لەبەر ئەو هۆکارەی، شوێنی ئەڕستۆیی هاوشێوەی دەفرێکە و شتەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە نابێت لەگەڵ ئۆبژەکاندا یەک بێت. بەڵکو دەبێت (مفارق – Separate) بێت.

(نیوتن) وەکو کیانێکی تەواو سەربەخۆ و جیا لەمادده ، وەسفی شوێن دەکات و گریمانەی شایانی بوونیکی لە ماددەبەدەری شوێن دەکات . بەڵام بەراست دەکرێ بۆشاییەکی خاڵی لە مادده هەبێت ؟ بەواتایەکی دی ، بوونی گەردوون بەبێ گەلە ئەستێرەوهەسارەکان شتێکی مومکینە ؟... گەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە دەبینین دووانەیی(دوالیزم) شوێن – کات بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو بیر و هزری زانا و فەیلەسوفانی بەخۆیەوە خەریک کردووە ، بۆیە دەبینین (ئەرستۆ) بەدوای ئەویش دا (لایبنیز) نەفی جوێی و سەربەخۆبوونی شوێن لە مادە دەکەن بە پێجەوانەی (نیوتن) کە بانگەشەی نەبوونی شتێک دەکات بە نێوی شوێنی رەهاو پەتی مادامێک شوێن خاسیەت و تایبەتمەندی تەنێک یا ماددەیە وەک شتێک .

لە گشتێتی خۆی دا ئەم ئیشکالیەتە کێشەی _ شوێنی رەها_دەخاتە روو،واتە ئایا شوێن پێش بوونی مادده کەوتووە ؟ بە گوزارەیەکی دی ، ئایا شوێن خودی خۆی بوونێکی بەپێویستی جوداو نەبەستراوە بە ماددەی

هەیە ؟ واتە جەوهەرێکی سەربەخۆو دابراوە لە ماددە یاخود نا ، بەڵکو بوونی ماددە مەرجێکی سەرەکیە لە وێناکردنی چەمکی شوێن ؟

پێگەی شوێن لە توێژینەوە زانستی و فیزیاییەکان دا خودان پێگەیەکی گرنگە ، کاتێک باس لە بوونی شتێک دەکەین ئەوا شوێنێک بۆ ئەوشتە دیاری دەکەین بەواتایەکی دی چەمکی (کوێ) دەپەستێوینە شوێن . کەواتە شوێن هەرشتێکە پەیوەندی بە وشەی(کوێ)ەوە هەیە بەدوای ئەمەشدا شوێن ئەدگارێکی تایبەتی بۆ شتێکی دیاریکراو ، بۆ وێنە ماده ، دەستنیشان دەکات .

لەلای(دیکارت) جیهان بۆ دوو توخمی سەرەکی دابەش دەبێت : توخمی هۆشمەندی(فکر) و توخمی درێژبوونەوە.بەم جۆرە گەردوون لەلای دیکارت تەژییە لە ماددە کە ئەمەش گوزارشتە لە دیاریدەی درێژبوونەوە .

دوالیزمی شوێن و ماددە لە باری کوێ یەتیەوە کێماسی روون و ئاشکرا هەڵدەگرێ لەبەرئەوە بۆ شرۆڤەکردنیئەم دوالیزمە پێویستمان بە رامانی تر هەیە بە تایبەت کە چەندین دیاردەی تر خاوەن قەلەمرەوین بەرسەر ئەم پەیوەندیەوە، بۆیە پرسیاریکی تر دەخەینەروو: ماددە چۆن دەردەکەوێت؟یان تەنەکان بە ج شێوەیەک هەن لە شوێندا؟ بەشێوەی جوڵاو یا نە بزۆک؟ بەشێوەی گۆراو یا نەگۆر؟ بەمە رەگەزێکی تازەو گرنگ دەخزێنینە گفتوگۆکەمان ئەویش تێگەی(مفهوم) چۆن ە یاخود چلۆنێتی.بۆنمونە جوڵەی بازنەیی وا دەردەکوێت گۆران بێت لە باریکی ماددە دا ئەمەش بەرەنجامی ئەو هێزەیە کە لە میانی سورانەوەدا پەیدا دەبەت(چەقە هێز)، وەک بڵێی شوێن کاریگەری لەسەر ماددە دادەنێت ئەم دیاردەیە لە فیزیای کلاسیکی دا شتێکی زانراو بوو بەڵام پێچەوانەی ئەمە واتە کاریگەری ماددە لەسەر شوێن نەزانراو بوو ئەمەش لەبەرئەوەی

فیزیای کلاسیک پێی وایە جوڵەو شوێن رەها و پەتین.لەلای نیوتن شوین موتلەقەو بەدیهیانە دەرکی پێدەکریت بەڵام لەلای-(کانت)- ناسینی شتەکان وابەستە بە توخمی شوێنەوەیە لەبەرئەوە شوێنی وەکو مەرجێکی بنەرەتیانەی خودی بۆ مەعریفە دانا.هەربۆیە نیوتن و کانت زانستی ئەندازە یان وەک مەرجێکی سەرەکی زانستی سروشت و فیزیا دانا نەک وەک لقێکی داتاشراوی زانستەکانی تر.

نیوتن میکانیکی کلاسیکی لەسەر سێ قەوارەی موتلەق امەزراند: کاتی موتلەق، شوێنی مئتلەق و جوڵەی موتلەق بەرامبەر کاتی رێژەیی، شوێنی رێژەیی و جوڵەی رێژەیی کە دوای سەردەمی نیوتن دەیبینین بەڵام بۆ موتلەقبوونی شوێن-کات

(کانت) هیچ بەڵگەیەک ناداتە دەست و پێی وایە رەهاهیی بوونی شوێن و کات گریمانەیەکی بەدیهیە گریمانەی کاتی موتلەقیش هاوکاتبوونی رووداوەکان دێنێتە ئاراوە ئەمەش بە مانای بوونی یەک کات بۆ رووداوێک بۆ هەموو بینەریك سەرباری دووریان لە باری شوێنییەوە،..... لێرەدا ئەم هزراندنە نیوتنیە کۆکە لەگەل خاوەن هزرانی جەوهەرێتی کات،کە لای ئەوان کات بوونی بە پێویستە(واجب الوجود)، هەرشتێکی واجب الوجودیش جەوهەرێکی ئەزەلی هەیە.لەبەرئەوە بەستنەوەی کات بە جووڵەوە شتێکی مەحاڵە.دەشێ هیچ جووڵەیەک لە ئارادا نەبێت بەڵام کات هەبێت.

دووبارە دەتوانین لە رێگەی دوالیزمی شوێن-مادە شرۆڤەی مەفهومی کات بکەین، شوێن تەنێکی بەرجەستە نیە بەلکو مەرجێکی سەرەکیە بۆ بوونی قەوارەی تەنێک بۆیە هەرگیز ناتوانی وێنای تەنێک بکەین ئەگەر مەرجە شوێنییەکانی بەسەردا جێ بەجێ نەبێت(قەبارە،درێژی، بەرزی...).....

بارستایی تەنێک هەرچەندێک بچووکیش بێت لە توانایدا یە بگۆڕێت بۆ وزەیەکی گەورە،بەم پێیە گەردیلە گوزارشتە لە وزەیەکی چرکراوە لە بۆشاییەک(شوێنیک)بچووک یا دەکرێت وزە لە شێوەی تیشک دا دەرکەوێت(گەرمی،کارۆموگناتیسی و هەروەها). ئەم تیشکانە خودان خێرایین ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندییەکی زەمەنی هەیە.

ئەگەر بتوانین گرامێک لە بارستایی یەنێک بگۆرین بۆ وزە ئەوا دەستگیری وزەیەکی گەرمی دەبین کە یەکسانە بەو وزەیەی لە سووتاندنی چەند هەزار تۆن لە خەڵوزی بەردین دەست دەکەوێت ئەمەش بەگوێرەی بیردۆزی رێژەیی ئەنیشتاین: و= ب*خ۲ (کاتێک و=وزە، ب= بارستایی، خ= خێرایی رووناکی)E=MxC2

ئەو مادەیەی لە شوین دا ئامادەیی هەیە هۆکاری رامالین یان لادانی بۆشاییە، بوونی مادە لە گەردوون دا یان بە واتایەکی دی هەسارە و ئەستێرە و گەلەئاستێرەکان دەبنە هۆی لادانی ئەو بۆشاییەی دەوری ئەوانەی داوە.ئەمەش بە مانایەی شوێن دووچاری رامالین دەبێت هەر بەو جۆرە کە پارچەیەکی لاستیکی لەکاتی دانانی گۆیەکی ئاسنین تووشی لادان و رامالین دەبێت،

وەک پیستر بینیمان ، کات بە گوێرەی کەسەکان دەگۆڕێت لە نمونەکەی پێشوود کاتا ئەو برایەی لەسەر زەوی مایەوە تەواو جیاوازە لەوەی رووەو گەلەئەستێرەی ئەندرۆمیدا بە خیرایی رووناکی گەشتی کرد،هەریەک لەوانە کاتی تایبەت بە خۆی هەیە.

بەوەی کە جۆڵە تەمسیلی کات دەکات ئەوا دەردەکەوێت کە شوێن و کات لە تیۆری ڕێژەیی دا دوو چەمکی تەواو بەیەکەوە بەستراون وبە چەشنێک کات وەک دووری چوارەمی ماده ئەژماردەکرێت لە پاڵ سێ دووریەکەی تر دا.

ئێمە لر ڕێگەی هەتەکانمانەوە پەی بە ٣دووریەکەی جیهانی هەستپێکراوی دەرمان دەکەین وەلێ بە چەشنێکی ئیستیعلایی و لە میانەی ئەبستراکتی زانستییەوە هەست بە دووری چوارەم دەکەین کە ئەویش کاتە کەچی ناشێین پەیبردنێکی هەستییانە ئەزمونی کات بکەین.

وەک چۆن ماده گوزارشتە لە بارستایی ئاواش بوار تەمسیلی وزە دەکات،بیردۆزی ریژەیی پەیوەندی پتەوی نێوان ماده و وزە دەردەخات کەواتە ماده هیچ نییە جگە لە وزەیەکی زۆری خەست و چڕەوە بوول ە یەکێ لە خاڵەکانی بوار دا بەم جۆرە دەبینین جیاوازی ماده و بوار مەئلوفە چونکە هەر یەکیک لەم دووانە گوزارشتە لە تاکە چەمکێک ئەویش (وزە)یە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین تەنۆلکە بەراییەکانی ماده هیچ نین جگە لە وێنەیەکی جیاوازی وزە وەک دیاریدەیەکی یاساکانی سروشت وەک جۆن تەمسیلی بوار(بە شێوە جیاوازەکانییەوە) بۆ وزە دواجار گوزارشتە لە دووانەیی ماده-وزە.

جا ئەگەر ماده جەوهەری شتەکان بێت ئەوا وزە بگۆڕی ئەم جەوهەرەیە،مادامێکیش گۆران جەوهەری کاتە ئەوا شتێک بوونی نیە مەگەر لە چوارچێوەیەکی زەمەنی و شوێنیدا نەبێت .

پێناسەی بۆشایی

بۆشایی یان فەزا ئەو بەرفرەییە بێسنوور و سێ ڕەهەندییەیە کە شتەکان و پێشهاتەکان تێیدا ڕوو دەدەن و ئاراستە و شوێنیان بەگوێرەییە.

بۆشایی لای ئەرستۆ:

بۆشایی خاڵێکی دیکەی فیزیکای ئەرستۆییە. ئەو، لەپاش شوێن و پێش کات، باس لە بۆشایی دەکات. بە کورتی و کرمانجی؛ بۆشایی بۆ ئەرستۆ نابێت بوونی هەبێت. چونکە ئاراستەی تێدا نییە. کە ئاراستەش نەبوو، قسەکردن لە جوڵە ناکرێت. پێشتر باسمان لەوە کرد، کە جووڵە بۆ ئەرستۆ بەرادەیەک زیندەگییە، کە شتێکی وەکو شوێنی پێ پێناسە دەکات.

خاڵی هەرە جیاوازی نێوان فیزیای گریکی-ئەرستۆیی و فیزیای کوانتەمیی بریتییە لە مەسەلەی هەبوون و نەبوونی بۆشایی لەسروشتدا. لەفیزیای نوێدا، ٩٩.٩٩%ی بەشی پارتیکڵ بۆشاییە و، ئەلیکترۆن تێیدا دەخوولێتەوە. بەڵام ئەمە بۆ گەردوونی ئەرستۆیی تەواو پیچەوانە دەبێتەوە. لای ئەو سروشت بەرەنگاری دەکات دژ بەبوونی بۆشایی.

بەڵگەکانی ئەرستۆ دژ بەنەبوونی بۆشایی زۆرن؛ بەڵام من لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دووان لەوانەدەکەم:

بۆ ئەڕستۆ بۆشایی هاوشێوەی ناکۆتا بێ ئاڕاستەیە. واتە لەبۆشاییدا ئاڕاستەکانی (سەرەوە، خوارەوە، ڕاست، چەپ) بوونیان نییە.(Ibid, §8, 215a1-13)

هەر تەنێک دوو جووڵەی هەیە؛ ئەو جووڵەی کە بەهۆی هێزێکی دەرەکییەوە دەخرێتە سەر تەنەکە؛ لەگەڵ جووڵەیەکی دیکەش کەبریتییە لە جووڵەی سروشتیانەی تەنەکە خۆی. بۆ نموونە ئاگر بەسروشتی خۆی بۆ سەرەوە دەچێت، خاک بۆ خوارەوە.

بەتێهەڵکێشکردنی ئەو دوو تێزەی سەرەوە، یان بۆشایی نابێت بوونی هەبێت, یان جووڵە. کە جووڵە بوونی هەیە، کەواتە بۆشایی بوونی نییە. واتە بۆ ئەڕستۆ، زەروورەتی جووڵە نەوەستاوەتە سەر بوونی بۆشایی (Ibid, §7, 214a27-28).

لە فیزیکدا، زۆرتر بۆشایی لە سێ ڕەهەنددا (پانی و درێژی و بەرزی) لە بەرچاو دەگیردرێ. هەرچەند کە فیزیکزانەکانی ئەم سەردەمە بۆشایی وێڕای کات، بە بەشێک لە تێکتەنراوییەکی چوار ڕەهەندیی بێسنوور ناسراو بە کاتجێ دەزانن.

لە ماتماتیکدا، ژمارەی ڕەهەندەکانی بۆشایی دەتوانێ هەر چییەک بێ.

دەوترێت کە چەمکی بۆشایی گرنگی و بایەخی بنەڕەتیی هەیە بۆ تێگەیشتن لە گەردوونی فیزیکی. ئەمە لەگەڵ ئەوەدایە کە نایەکدەنگیی نێوان فەیلەسووفەکان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ بۆشایی خۆی بوونێکە، یان

پێوەندییەکە لە نێوان بوونەکاندا، یان بەشێکە لە چوارچێوەیەکی تێگەیشتەیی، هەر بەردەوامە.

زۆرێک لە پرسە فەلسەفییەکان لە سەدەی حەڤدەهەم و لە سەرەتای گەشەی میکانیکی کلاسیکدا سەریان هەڵدا. لە ڕوانگەی ئیساک نیوتنەوە، بۆشایی ڕەها (absolute) بوو - بە واتای ئەوە کە ئازاد و سەربەخۆ لە بوونی مادده تێیدا، هەردەم هەبووە. دیکەی فەیلەسووفە سروشتییەکان، وەکوو گۆتفرید لایبنیتز، وا بیریان دەکردەوە کە بۆشایی کۆمەڵێک پێوەندی لە نێوان شتەکان بێت کە ئاراستە و دووریان لە یەکتر، داوێتی بە دەستەوە. لە سەدەی ١٨ هەمدا، ئیمانوێل کانت بۆشایی و کاتی وەکوو هێمانەکانی چوارچێوەیەکی ڕێکخراو وەسف کرد کە مرۆڤەکان بۆ شێوەدان بە ئەزموونەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن.

لە سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەمدا، ماتماتیکزانان دەستیان کرد بە تاوتوێکردنی ئەندازەی نائیقلیدسی کە تێیدا بۆشایی بۆی هەیە چەماوە بێت، نەک تەخت.

وشەی بۆشایی لە «بۆش»ی تورکی و پاشگری «-ایی»یەوە دروست بووە. بۆش بە هەر شتێکی بەتاڵ و هەڵۆڵ دەوترێ.

بۆشایی لە فەلسەفەدا

نیوتن و لایبنیتز

لە سەدەی حەڤدەهەمدا فەلسەفەی بۆشایی و کات وەکوو مژارێکی ناوەندی لە مەعریفەتناسی و مێتافیزیکـدا خۆی نواند. لە

ناودڵیدا، گۆتفرید لایبنیتس، فەیلەسووف و بیرکاری ئاڵمانی، و ئیساک نیوتن، فیزیکزان و بیرکاری ئینگلیزی، دوو بیردۆزی دژبەیەکیان سەبارەتی گەوهەری بۆشایی شرۆڤە کرد. لایبنیتس بۆشاییی بە بوونەوەرێک کە سەربەخۆیانە لە سەرووی ماددەوە بوونی هەیە نەدەزانی؛ بە لای ئەوەوە، بۆشایی، زیاتر لە کۆمەڵێک پێوەندیی نێوان تەنەکانی ناو جیهاندا هیچی تر نەبوو. ئەو دەیگوت: «بۆشایی ئەوەیە کە لە دانانی جێگاکان لە پاڵ یەکتردا بەرهەم دێت». بۆ لایبنیتز، بۆشایی دەرهەستکارییەکی ئارمانی بوو لە پێوەندییەکانی نێوان بوونەوەرە تاکەکان یان شوێنەکانیان (کە بۆیان هەیە بیانبێت) و بەو بۆنەوە نەیدەتوانی بێناوبڕ بێت و پێویست بوو ناوبەناو و پچڕ پچڕ بێت. لەم ڕوانگەیەوە، بۆشایی وەکوو پێوەندیی نێوان ئەندامانی بنەماڵە وایە. ئەگەرچی ئەندامان لەگەڵ یەکتردا پێوەندییان هەیە، بەڵام پێوەندییەکان سەربەخۆ و بەبێ ئەندامان بوونیان نییە.

نیوتن بە چەشنێک بۆشاییی لێکدەدایەوە کە لە پێوەندییەکانی نێوان شتە ماددییەکان زیاتر بێت و هەڵوێستی خۆی
لەسەر ڕوانین و تاقیکارییەوە ڕۆدەنا. بۆ کەسێکی پێوەندیخواز ناکرێت هیچ جیاوازییەکی ڕاستەقینە هەبێت لە نێوان جووڵەی سرەوت (خاو)، کە تێیدا شتەکە بە خێراییەکی نەگۆڕەوە ڕێگە دەبڕێت، و جووڵەی نەسرەوت، کە تێیدا خێرایی لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێت.

کانت

لە سەدەی هەژدەیەم ئیمانوێل کانت -ی فەیلەسووفی ئەڵمانی تیۆرییەکی مەعریفەناسانەی بنیات نا کە تێیدا ناسیاریی مرۆڤ لەبارەی بۆشاییەوە بە پێشینی (a priori) و تێکەڵ (synthetic) دانرابوو. کە دەوترێ پێشینی، مەبەست ئەوەیە کە لە ئەزموونەوە نەهاتووە و پێشتر لە

زەیندا هەبووە. ئەوەش کە دەوترێ تێکەڵە، مەبەست ئەوەیە کە هەر قسەیەک کە مرۆڤ لە بابەت بۆشاییەوە دەیکات، ناکرێ تەنیا بە هۆی مانای دانەدانەی وشەکانیەوە، ڕاست یا درۆی دیاری بکرێ. کانت، لە بەرهەمەکانی خۆیدا، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بۆشایی و کات جەوهەر یا پەیوەندی بن. ئەو دەڵێ بۆشایی و کات خاوەن عەینییەت نین و، لە لایەن زەینی مرۆڤە دەخرێنە سەر هەستپێکراوەکانیەوە، بۆ ئەوەی ئەزموونەکانی ڕێک بخات.

پێناسەی گەردوون:

گەردوون Universe واتە هەموو کات و بۆشایی ئاسمان بە هەموو ماددە و ووزەکانی ناو ئەو بۆشاییە، ئەویش گالاکسیەکان دەگرێتەوە کە ژمارەیان بە پتر لە ١٠٠ ملیار گالاکسی مەزندە دەکرێت، هەر گالاکسییەکیش لە دەیەها ملیار و بگرە هەندێکیان لە سەدەها ملیار یان زیارت ئەستێرە پێک دێن، هەر ئەستێرەیەکیش وەکو خۆری ئێمەیە یان بچوکترە و یان گەورەترە، هەندێک لەو ئەستێرانە هەسارەیان هەیە، هەروەها گەردوون هەموو کونە ڕەشەکان و تەمە گازە هایدرۆجینیەکان دەگرێتەوە کە لە ناو یان لە دەرەوەی گالاکسیەکانن، لەگەڵ ماددە و ووزەی تاریک Dark matter، بە کورتی گەردوون واتە هەموو کات و شوێنێک. تا ئێستا قەبارەی گەردوون نازانرێت چەندە، بەڵام مرۆڤ توانیویەتی لە ڕێگەی تەلەسکۆپە بەهێزەکانی بزانێت قەبارەی گەردوونی بینراو چەندە، تاکوو ئێستا سنووری گەردوونی بینراو نزیکەی ١٣.٧ ملیار ساڵی تیشکیە .

پێناسەی نەبوون(عدم)

پێناسەی عەدەم (هیچ ،نەبوون):

منالّەکان لەم زاراوەیە دەگەن بەڵام لای زاناوپسپۆڕەکان تێگەیشتنی زۆر ئاڵۆزە.

لەکۆندا وایان دەزانی ڕووبەرێکی بەتاڵ وخاڵی عەدەمە ، بەڵام دواتر وجود ئەو ڕووبەرەخاڵیەشی لەعەدەم ستاند ، ئێستا لای فیزیاییەکان بۆشایی وپانتاییە تاریکەکان وبەتاڵەکان هەموو شتن وهیچیان عەدەم نین.

وەک (جیم هولت – Jim Holy) دەڵێ هەرچی بنیات وپەیکەر وشێوەی هەبێ شتە.

زانای فیزیایی (لورانس کراوس – Lawrence Krauss) پێناسەیەکی قوڵی بۆ عەدەم کردووەدەڵێ:

عەدەم واتە:

- نەبوونی کات وهیچ یەکێ لەوەی پەیوەندی بەساتەوەهەبێ.

-نەبوونی تەنۆلکەکان کە هەموو تەنێک لەتەنۆلکەی گەردیلەکان پێک دێ ، کەواتە نابێ تەنۆلکەسەرەتاییەکان بوونیان هەبێ.

-نابێ هیچ ڕووبەرو مەودایەک بوونی هەبێ .

- نابێ بکەوێتە بەر خوێندنەوەوپێوانەوژێر کاریگەری هیچ کام لە هاوکێشەو ڕێسا سروشتی وفیزیاییەکان بەسەریدا.

لەکۆن دا موعتەزیلەکان دەیانگوت عەدەمیش لە بیروهزری کەسەکاندا وێنای هەیە وبەخەیاڵیان دەیهێننە بوون.

أحمد وترمذي وابن ماجه له أبي رزين ده گێڕنەوه: گوتم يا رسول الله: أين كان ربنا قبل أن يخلق خلقه؟في رواية قبل ان يخلق السموات والارض، وفي رواية قبل ان يخلق العرش على الماء؟

قال: كان في عماء ما تحته هواء وما فوقه هواء وما ثَمَّ خلقٌ، عرشه على الماء.=

پەروەردگارمان لەکوێ بوو پێش دروست کردنی دروستکراوەکان؟ دروست کردنی ئاسمانەکان وزەوی؟ پێش دروستکردنی عەرش لەسەرئاو؟

فەرموی :لە هەورێکی سپی کشاودابوو ژێری هەوابوو،سەری هەوابو،هیچ دروستکراوێ نەبوو،

ئەم عەمایە زۆریان بەهەوری سپی لێکیان داوەتەوە،بەیەقی بە هیچ وعەدەم لێکی داوەتەوە ومایەکانیشی بە نەفی لێک داونەوەو واتە پەروەردگارمان لە نەبوودابوو،سەروخواری ئەونەبوون وعەدەم وهیچەش هیچ هەوایان لێ نەبوو، پاشان ئاووعەرشی دروست کردن وبەسەرعەرشدائیستوای کرد.

ڕێزبەندی کردنی چاخ وقۆناغەکانی دروستکردن :

ڕێزبەندی کردنی قۆناغەکانی دروستکردن وئەحقاب وچاخەجیۆلۆجیەکان وتیۆروگریمانە فیزیایی وکیمیایی وبیرکاری وفەلسەفی وفەلەکیەکان وگریمانەکانی پەیدابوونی سەرەتابۆ کات وشوێن-بۆشایی-تەن وماده ووزه وئەنتی ماددە وئەنتی وزه وئەنتی کات وشوێنیش ،هەمووی لەسەری گوتراوەو چەندئیجتهادو بیروبۆچوون وجیهانبینی گەڵاڵەکردنێکە لەلایەن ئەوتاکە بونەوەرەی کەناوی مرۆڤەو لەداری عەقڵ وبیرکردنەوەوتوێژینەوەولەڕاستی گەڕان و وێڵ وشەیدابوون بەدووای سەرچاوەوچاوگ وبەدیهێنەری دیاردەوبەهاوشتەکان دا ی نۆش کردووەو ئەم خۆراکە کەجیاکەرەوەی مرۆڤە لەبونەوەرانی ترومرۆڤی کردۆتە جێنشین وخەلیفەی پەروەردگار.

هەندێ پێیان وایە کە بیردۆزی بیکبن دەبێتەهۆی لەناوچوونی بیردۆزی هەتاهەتایی هەموو دیاردەکان یان بەشێکیان؟ ئەوتیۆرە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەماده و وزه سەرەتاکەم بووە، بەڵام ئایا بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەهەرنەبووە؟ من ئەوەی لێ ناخوێنمەوە چونکە کەهەرنەبوو ئەی چی تەقیەوە؟؟ وەکە تەنیا گەردیلەیەک هەبوو ئایا ئەوگەردیلە تەنیایە لەڕووی زانستی فیزیاوکیمیا دەتوانێ بۆ چەند ماوە بێ کارلێک بەردەوامی هەبێ وبمێنێ؟

وەسەرچاوەوبەدیهێنەری ئەوگەردیلەی کەتەقینەوەی بیکبنی تێدارووداکێ بوو؟؟ وەئەو پەستان وفشارو ووزە گەورەی کەبووەهۆی تەقینەوەکە لەکوێ وچۆن هات وبۆ لەوملیاران ساڵە ڕوداوێکی لەوجۆرەدووبارە ڕووی نەدایەوە؟ یان زۆرجار ڕووی داوەوئێمە ئاگامان لێ نیە؟

ئایا ئەو تەقینەوە تەنیا سەرەتاودایکی مادەو ووزەیە؟، یان شوێن وپانتایی وبۆشاییش وەک مادەوتەن هەرکەم وناوازەبوو پێش ئەو تەقینەوەو ئەوتەقینەوە لەگەڵ دەستپێکی زۆربوونی مادەو ووزە بەهۆی کارلێک ی کیمایی هەروا سەرەتایەکیشە بۆو پانتاییە ڕوبەرسانتیمیەی کە لەگەڵ گەردیلەی یەکەم هەبوو ؟؟

هەروەها لەم ڕۆژانە بابەتێکم خوێندەوە لەسەر بابەتی دژی ماددەو دژی ووزە وجیهانی نەبینراوو کە ئەوانە پێش بیگبن زۆربوون ولەدوای بیکبن ئە و ئەنتی مادەوئەنتی ووزە وپانتایی نەبینراو پێچراونەوەئەم جیهانەی ماددەو ووزەوپانتایی بۆشایی لەجیاتی وان فەرشی خۆیان ڕاخستووە.

ئەمانە هەموو گریمانەن وچەندین گریمانەی دیکەش هەن کەباسکردنی هەموویان بابەتەکە زۆردرێژدەکاتەوە.

تائێستا دەتوانرێ تەسەوروخەیاڵ و وێنای جیهانێکی بێ مادەو وزە بکرێ.

بەڵام ئایا دەتوانرێ بگوترێ کە کاتێک هەبوو بۆشایی وزەمانیشش نەبوو ؟؟ ئەوانیش بەدیهێنراون؟؟ ئەم پرسیارە فیزیاوفەلسەفە چۆن وڵامیان داوەتەوە؟؟.

دین کەباسی ڕیزبەندی دروست کردن دەکا باسی یەکەم دروست کراو قەڵەم وعەقڵ دەکا،

ئەی بۆ ئاوو عەرش شت نین؟ ئایا ئەوان لەناوچوارچێوەی دروستکراوەکان نین؟ تەنانەت باسی ئەودەریایەش ناکەن کەعەرشی لەسەربوو ئایائەویش شت ودیاردەنیەو دروستکراونیە؟ ئەی بۆ باسی

ناکرێ لەوڕیزبەندیە؟ باسی قەڵەم دەکەن،بەڵام باسی ئەولەوحەناکەن کەقەڵەم لێی نوسی؟ ئایا لەوح پێش قەڵەم هەبوو؟

فەرموودەیەک هەیە کەپرسیارێکە کە پێش ئەوەی دروستکراوەکان دروست کا پەروەردگارمان لەکوێ بوو؟؟ رسولی ئەکرەم فەرمووی - کان الله فی عما فوقه هوا وتحته هوا-

کەواتە پێش دروست کراوەکان عەماو دووچینی هەواو فەوق وتحت، سەرو ژێر بوونیان هەبوو، سەروژێر شوێنن،زەرفی مەکانن،ئاڕاستەکانن کەئەمانەش هەموو شتن،دیاردەن، ئەی ئەوانە بێ سەرەتاودروست نەکراون؟؟

کەواتە لەڕووی دینیش پرسیارەکە هەرتەواو ڕوون وڵام نەدراوەتەوە کە ئەین ومتی کەی ولەکوێ ،زەمان ومەکان سەرەتایان هەیە یان نا..

هەرچەندە کەجەنابی مەولەوی دەڵێ:

متی متی حتی اتی علیه ،،ومن این این ینتمی الیه..

بەڵام دەقەکانی قورئان وسونەت وایان لێ دەردەکەوێ کە کات وشوێن وەک پانتایی وبۆشایی وباوەشی شت ودیاردەکان لە چوارچێوەی دروستکردن و بەدیهێنران بەدەرن وپێناچێ سەرەتایەکیان هەبێ و هەمیشەهەرهەبوون، وەبۆ هەمیشەش هەردەمێننەوەوکاتێ هەموو شتێ کۆتایی پێ دێ کات وشوێن، عەرش وبەهەشت ودۆزەخ ولەوح وقەڵەم هەردەمێنن ..

هەروەها هەندێ ئیسم و ناوی الله هەن دەری دەخەن کە ئاڕاستەکان سەرەتای بێ سەرەتان ، چونکە ناوو ئیسم وئاوەڵناوەکانی الله کاتێک نەبووە کەنەبن، اول وئاخر وظاهروباطن بەوە تەفسیرکراون کە ئەوەڵ واتە هیچ شتێ پێش ئەونەبوو ،لێرەدا زەمان لەگەڵ ئەوەلیەتی الله ئەزەلی وهەمیشەیی بوو، وەک چۆن لەگەڵ ناوی ئاخیر ئەوەدەگەیەنێ زەمان وکات هەمیشیەیی وئەبەدیە ،وە ظاهروباطن ئەوەدەگەیەنێ کە ئاڕاستەی سەروو وخوارو هەمیشە هەبوون ،چونکە هەمیشە الله ظاهروباطن بووە

بێ سەرەتا، وەهەمیشە عەلی وبڵند ورفیع وخافض ونزمکەرەوەو بەرزکەرەوەو باسط وڕاخەرو قابض وکۆکەرەوە بووە، ئەم ناوانە کەهەمیشەیین بۆ اللە دەبێ ئاڕاستەکانی شوێن وبۆشایی و کات هەمیشەو ئەزەلی وئەبەدی بن..

لێرەدا دەبێ کات وشوێن و ئاڕاستەکان وپانتایی دوو جۆر بن جۆرێکیان بەشێکن لە ئیسمەکانی اللە و مەخلوق نین وبەشێک نین لە مەخلوقات ، اللە لەو کات و شوێن و پانتایە خالقیەدا دەتوانێ لە یەک کاتدا هەم لە ئەزەل وهەم لە ئەبەد وهەموو لەهەموو سەردەمەکان بڕیاربدا، واتە هەم اول و هەم اخرە .

بەهەمان شێوە بۆ ئیسمی علی وباطن وظاهر کە ئاڕاستەوپانتایی نامەخلوقن وبەشێکی خالقن و ئیسمی نەفسی اللە ن .

بەڵام ئەو کات وشوێن وپانتایی وبۆشاییەی وبەرزی ونەویەی کەلەگەڵ تەقینەوەی بیگ بن بەدی هاتوون ،ئەوان لەنەبوونەوە دروست بوون و لەکۆتاییش نامێنن .

ئەم دوو جیهانە مەوازی وتەریبە تەنیا لە ئیسمەکەیان پێک دەچن ، وەک چۆن بیسەری و بینەری اللە هەرلە ئیسم بە بیستەری وبینایی بونەوەرە مەخلوقەکان دەچێ.

وەئێمە چۆن لەناو جیهانی بەرزەخین وهەست بەکات وشوێنی بەرزەخ ناکەین ،هەست ودەرکی فریشتەو جنەکان ناکەین ، بۆیە ڕەگەزی کات وشوێن و پانتایی خالق لەهی مەخلوق جیایە .

لەم بارەیەوە ئەم فەرموودانەش هاتوون:

یەکەم/ لە (مەسنەدی پێشەوا ئەحمەد)دا هاتووە: (عوقەیلیی) دەڵێ: لەپێغەمبەرم () پرسی :(أین کان ربنا قبل أن یخلق خلقه ؟) ئاخۆ بەر لە دروستکردنی بەدیهێنراوەکان ،پەروەردگارمان لە کوێ بووبێ ؟! (قال: کان فی عماء) أی فوق سحاب عالیا علیه ما تحته هواء وما فوقه هواء) فەرمووی: بەرزو بڵندبوو لەسەر هەورێك ، نە لەژێریەوە (هەوا) هەبوو،

نه لەبانیەوە (ثم خلق العرش بعد ذلك) پاش ئەوە عەرشەکەیشی دروستکرد.

ئەم لێکدانەوەی شێخ ئەحمەد کاکە محمود ،مای بە مای نەفی لێکداوەتەوە، بەڵام هەندێ زانای تر بە مای مەوسول لێکیان داوەتەوە وە دەڵێن سەرو وژێری هەورەکەش بەهەوادەورە درابوو، بەمەش دەڵێن کە هەواپێش ئاو هەبوو.

دووەم/ سئل ابن عباس عن قول الله: (وكان عرشه على الماء) على أى شئ كان الماء؟ قال: على متن الريح/ إسناده صحيح . لە (ئیبن عەباس) دەپرسن: ئەرێ باشە کە تەختی فەرمانڕەوایی الله لەسەر ئاو بووبێت؟، دەبێ ئاوەکە لەسەرچی بووبێت؟ گوتی: لەسەر پشتی (با) بوو!.

ئەم گێڕانەوە ڕای ئەوانە بەهێزدەکا کە مای فەرمودەی پێشوش مای مەوسول بێ وبا پێش ئاو دروستکرابێ.

سێیەم / وفى صحيح (مسلم) عن عبدالله بن عمرو قال: قال رسول الله (): (إن الله قدر مقادير الخلائق قبل أن يخلق السموات والأرض بخمسين ألف سنة، كان عرشه على الماء)، واتە: بەر لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویی (بەپەنجا هەزار ساڵ) بێگومان الله ئەندازەگیری گشت شتێکی کردو، ئەو دەمەش عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو. {ليبلوكم أيكم أحسن عملا} ئەم بوونەوەرەی دروستکرد بۆئەوەی تاقییتان بکاتەوە: ئایا کامتان کردەوەتان چاکترە {ولئن قلت إنكم مبعوثون من بعد الموت} سوێند ئەخۆم ئەگەر بشڵێیت: بێ شك ئێوە پاش مردن زیندوو ئەکرێنەوەو تۆڵە دەدرێن {ليقولن الذين كفروا} بە تەئکید ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕن ئەڵێن: {إن هذا إلا سحر مبين} ئەم قسەو باسە تۆ دەیکەیت و دەیڵێیت جادوویەکی ئاشکرا بەولاوە شتێکی تر نییە

[سورەتی هود:7]

ڕاڤەی ئایەتەکانی ئەنبیاوفوسیلەت لەمەوپێش باس کران کەئەوانیش جەخت لەسەرئەم ڕاستیە دەکەنەوە.

زغلول نجاردەڵێ:لەقورئاندا باسی گەردون وبونەوەر وپێکهێنەرەکانی لەهەزارئایەتی قورئانداباس کراوە.

بوخاري وئەحمد وترمذي ونسائي له عمرانی کوڕی حصين دەگێڕنەوەکه خەڵکی یەمەن گوتیان : یا رسول الله هەواڵمان بدەیه لەدەستپێکی ئەم بوونەوەروفەرمانه چۆن بوو؟ فەرموی: كان الله قبل كل شيء، وكان عرشه على الماء، وكتب في اللوح المحفوظ ذكر كل شيء، وخلق السماوات والأرض.=الله هەمیشه هەبوو پێش بوونی هەموو شتێک عەرشەکەی لەسەرئاوبوو،وەلەوحی پارێزراو باسی هەمووشتێکی نوسی وئاسمانەکان وزەوی دروستکردن.

لەگێڕانەوەیەکی تر:: كان الله ولم يكن شيء غيره. : لم يكن شيء قبله.=الله هەمیشه هەبووجگەلەئەو هیچ شتێکی تربوونی نەبوو:پێش ئەو هیچ شتێکی تربوونی نەبوو.

وه مسلم وئەحمد له أبي هريرة رضي الله عنه دەگێڕنەوه کەدەگێڕێتەوه: أخذ رسول الله صلى الله عليه وسلم بيدي فقال: خلق الله عز وجل التربة يوم السبت، وخلق فيها الجبال يوم الأحد، وخلق الشجر يوم الاثنين، وخلق المكروه يوم الثلاثاء، وخلق النور يوم الأربعاء، وبث فيها الدواب يوم الخميس، وخلق آدم عليه السلام بعد العصر من يوم الجمعة في آخر الخلق في آخر ساعة من ساعة الجمعة فيما بين العصر إلى الليل.=:پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەستی گرتم وفەرموی:الله لەڕۆژی شەممەدا گڵی دروست کرد،وەلەڕۆژی یەکشەممە شاخەکانی دروستکردن، وەلەڕۆژی دووشەممە درەختەکانی دروست کردن،وە ڕق لێبووەوەوبێزێنراوونکولی لێکراووحاشالێکراو=مەکروهی لەڕۆژی سێ شەممە
دروستکرد،وەلەڕۆژی چوارشەممە ڕوناکی دروست کرد،ئاژەڵ وگیانەوەرەکانی له ڕۆژی پێنج شەممە بڵاوکردنەوە،وەئادەم علیه السلام لەدوای عەسرتاشەوی ڕۆژی جومعەدروست کرد.

أحمد وترمذي وابن ماجه له أبي رزين ده گێڕنەوە: گوتم يا رسول الله: أين كان ربنا قبل أن يخلق خلقه؟في رواية قبل ان يخلق السموات والارض، وفي رواية قبل ان يخلق العرش على الماء؟

قال: كان في عماء ما تحته هواء وما فوقه هواء وما ثَمَّ خلقٌ، عرشه على الماء.=

پەروەردگارمان لەکوێ بوو پێش دروست کردنی دروستکراوەکان؟ دروست کردنی ئاسمانەکان وزەوی؟ پێش دروستکردنی عەرش لەسەرئاو؟

فەرموی :لە هەورێکی سپی کشاودابوو ژێری هەوابوو،سەری هەوابو،هیچ دروستکراوێ نەبوو،

ئەم عەمایە زۆریان بەهەوری سپی لێکیان داوەتەوە،بەیەقی بە هیچ وعەدەم لێکی داوەتەوە ومایەکانیشی بە نەفی لێک داونەوەو واتە پەروەردگارمان لە نەبوودابوو،سەروخواری ئەونەبوون وعەدەم وهیچەش هیچ هەوایان لێ نەبوو، پاشان ئاووعەرشی دروست کردن وبەسەرعەرشدائیستوای کرد.

وەبۆ یەکەم دروستکراویش ڕای جیاوازهەیە لەنێوان زانایان بەپێی گێڕدراوەکان لە عەرش وقەڵەم وعەقڵ وئاوو عەماوهەوری سپی وتاریکی وڕوناکی ...

وە جیاوازی لەنێوان زانایان هەیە ئایا پێش شەش ڕۆژەکەودروستکردنی ئاسمانەکان وزەوی دروستکراوی ترهەبوون یان نا؟

هەندێک لە موتەکەلیمەکان پێیان وایە پێش دروستکردنی زەوی وئاسمانەکان هیچ شتێک نەبووەوئەوان لەهییچەوە دروست کراون.

بەشێکی تردەڵێن:پێش ئەوان دروستکراوی تروەک عەرش وئاوهەبوون بەبەڵگەی ئایەتی :

"وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ" [هود: 7] .

وەفەرمودەکەی عیمران وزریش هەرئەوە دەگەیەنێ کە پش ئاسمان وزەوی شتی تردروستکرابێ.

وەفەرمودەی دروستکردنی قەڵەم کەدەرموێ:

" إن أول ما خلق الله القلم ثم قال له اكتب، فجرى في تلك الساعة بما هو كائن إلى يوم القيامة"بەگوزارشتی أحمد.

ترمذي دەڵێ حسن صحيح غريب.

وەدەگوترێ کەئەم ٥٠هەزارساڵە وەک ئەم ساڵانەی ئێستانەبووە چونکە ئەوکاتە ئاسمانەکان وزەوی وکۆمەڵەی خۆریش بونیان نەبووە.

وەئەوەش لەم فەرمودە تێدەگەین کەلەوح پێش قەڵەم هەبووبێ،هەروەک حەدیسی زڕ ئەوەدەگەیەنێ هەوا پێش عەرش هەبووە.

چونکە باسی عەرش لەناودروستکراوەکانداندا لەهەموویان زیاترباس کراوە،هەندێ بەدرێژی باسی بکەم.

-عەرش بەقەبارەوپلەوپایەگەورەترین دروستکراوە،بنمیچی بونەوەرە،پەروەردگارمان پاڵیداوەتە لای ناوەهەرە گەورەکانی:عرش الله ،عرش الرحمن، عرش ربک.

شانازی پێوەکردوە کەئەوخاوەنی عەرشە وەک دەفەرموێ: ﴿رَفِيعُ الدَّرَجَاتِ ذُو الْعَرْشِ﴾

[سورة غافر: 15]،

- ﴿ذِي قُوَّةٍ عِنْدَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ﴾ [سورة التكوير: 20]،

﴿سُبْحَانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ [سورة الزخرف: 82]،

-﴿ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ﴾ [سورة البروج: 15]،

-﴿فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ﴾ [سورة المؤمنون: 116]،

-﴿اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴾ [سورة النمل: 26].

-﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ [سورة طه: 5]،

-﴿ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ﴾ [سورة الحديد: 4]

الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ﴾ [سورة غافر: 7].

-﴿وَالْمَلَكُ عَلَى أَرْجَائِهَا وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ﴾ [سورة الحاقة: 17]،

-﴿وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [سورة الزمر: 75].

وەلە فەرمودەش زۆرباس كراوە وەک:

- (فإذا سألتم اللهَ فَسَلُوهُ الفردوس، فإنَّه أوسط الجنَّة وأعلى الجنة، وفوقه عرش الرحمن، ومنه تفجَّرُ أنهار الجنة).

- عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه، عن النبي صلى الله عليه وسلم: (يَصعقون يوم القيامة فإذا أنا بموسى آخذٌ بقائمةٍ من قوائم العرش)

بەيهەقی لە كتێبی "الأسماء والصفات" دەڵێ:

زانایان لەسەرئەوەكۆكن كەعەرش جێگاوتەختی دانیشتنە ،لاشەوبەرجەستەیە ،اللە دروستی كردوە،فرمانی بەفریشتەكان كردوە هەڵی گرن،بەگەورەگرتن ڕێزگرگرتنی عەرش وتەواف كردنی بۆ فریشتەكان پەرستشە وەک چۆن تەواف وبەگەورەگرتنی كەعبە بۆئادەمیزاد عبادەت وپەرستشە.

ئەگەرمرۆڤ لەبەرامبەر ڕێڕەوی هەندێ مەجەڕەوکەشکەشان وئەستێرە سەرسام ومەندەهۆش بێ کەناکاتە گەردیلەیەکی عەرشیش، ئەوە گەورەیی کورسی وعەرش تەنیا الله دەتوانێ قەدروئەندازەی بزانێ.

وەک لەفەرمودە هاتووە:

حەوت ئاسمانەکان وحەوت زەویەکان هێندەی حەوت ئاڵقەن لە بیابانێک لەچاوکورسی ،وەکورسیش لەچاوعەرش وەک ئاڵقەیەکە لەناوبیابانێک .

ڕاغبی ئەسفەهانی لە مفردات دا لەپێناسەی یوم دادەڵێ:

یوم=ڕۆژگار لەزمانی عەرەبی دا مانا ئاساییەکەی لە ڕۆژهەڵاتنی بەیانی تاڕۆژئاوابوونی ئێوارەیە،وە هەروەها هەرلە زمانی عەرەبیدا،واتەی قۆناغێکی کات دەگەیەنێ بەبێ دیاریکردنی سنور بۆ کاتەکەی..

بۆچوونی هەندێ لە شارەزایانی هاوچەرخ :

د.یوسف قەرزاوی لە هدی الاسلام دا دەڵێ:پێدەچێ مەبەست لەئەم شەش ڕۆژە شەش یەکەی کات بێ کەتەنیا الله ماوەکەی بزانێ وماوەی هەریەکێکیان بەستراپێتەوە بەتەواوبوونی ئەو کارودیاردانەی تیایدابەدی هێنراون، یان شەش خولی گەردونی بێ کە ئێمەنایزانین،بەڵام وەک ئەم ڕۆژانەی کۆمەڵەی خۆرنیەبەڵکوشەش قۆناغە کە بونەوەران پێیدا تێپەڕیون،هەمووئەومانایانە گونجاون وزمانی عەرەبی ڕێگرنیە لەم لێکدانەوانە....

سەیدقوتب لە تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی ئەعراف دەڵێ:

ئەوشەش ڕۆژانەی کە الله ئاسمانەکان وزەوی تێدادروست کردوە کاتێکی شاراوەیەوهیچ کام لەمرۆڤەکان نەیاندیوە،بگرە هیچ کام لەدروستکراوەکانی الله نایزانن،چونکە وەک لەسورەتی کهف دەفەرموێ : مَا أَشْهَدْتُهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلا خَلْقَ أَنْفُسِهِمْ [الكهف:51].

ئێمە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوییدا نەمانکردن بە شایەت وهیچ پرسێکمان پێ نەکردن {ولا خلق أنفسهم} وە بۆ دروستکردنی خوودی خۆشیان هەروا، ،،،

جاهەرچی لەوبارەوەبگوترێ متمانەپێکراونیە.

وەلەتەفسیری ئایەتەکەی سورەتی یونس دەڵێ:

ئەوشەش ڕۆژانە یەکێکە لە نهێنیە پەنهانەکانی الله هیچ چاوگێکمان نیەبۆپەی پێبردنی،جگەلە وەحی بۆیە بالەبەردەم وەحی بوەستین وبەسەریدابازنەدەین،مەبەست لەباسکردنیشی تاحیکمەتی ئەندازەگیری وڕێکخستن ومشورخواردن فێربین کەهەرلەدەستپێکی بم بونەوەرە تاکوکۆتایی هاتنی سونەتێکی نەگۆڕە.

وەلەتەفسیری ئایەتی سورەتی هود دەڵێ:

دیارەئەوماوە ماوەیەکە کە الله ئەو زەوی وئاسمانەی کردۆتە هێلانەی ئامادەکراوی گونجاو بۆژیانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی...

وەلەسورەتی فورقان وسوجدەش دا دەڵێ:گومانی تێدانیە کە ڕۆژانی الله کە ئاسمانەکان وزەوی تێدادروستکرا ئەم ڕۆژانەی سەرزەوی نیە،چونکە ئەم ڕۆژوشەوانە دوای دەرکەوتنی کۆمەڵەی خۆرە کەئەوکاتە بوونی نەبوو،دیارەئەوشەش ڕۆژەتەنیا الله ماوەکانیان دەزانێ،ئەوەشەش قۆناغی دورودرێژن کەتیایدائاسمانەکان وزەوی گەیشتونەبارودۆخی ئێستایان....

وەلەتەفسیری ئایەتەکانی سورەتی فوسیلەت دەڵێ:ئەوددوڕۆژانەی کەزەویان تێدادروست کراوئەودووڕۆژانەش کەشاخەکانیان تێداداکوتران وبژێویەکانی تێدادیاری کران وبووبەچوار ڕۆژ،بێ گومان ڕۆژێکن لەڕۆژانی الله کەجگەلەوکەس ماوەکەیان نازانێ،وەک ئەم ڕۆژانەی سەرزەوی نین،،ئەوڕۆژانە کەیەکەم زەوی تێدادروستکراوە وپاشان شاخەکان ودواتر دیاریکردنی بژێویەکان پێوانەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە کەئێمەنایزانین، بەڵام دەزانین کەلەڕۆژەکانی
ئێمەزۆردرێژترن،ئەوەی تائێستا عەقڵی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووەئەوەیە

کەئەم زەویە بەچەندین چاخ وقۆناغدا تێپەڕیوە تا توێکڵەکەی ڕەق بۆتەوە وبۆ ژیان گونجاوە،ئەو قۆناغەش تیۆریەکان دەڵێن دوومیلیارساڵی کێشاوە بەساڵەکانی زەوی،

ئەم قەبڵاندنانەش لەتوێژینەوەی تەمەنی بەردەکان وچینەکان وەرگیراوە،،ئێمە لە ڕاڤەی قورئاندائەم تیۆریانە بە ڕاستی زانستی دانانێیین، چونکە ئەوتیۆریانە قابیلی گۆڕانکارین ولەگەڵ دۆزینەوەکان ژمارەوداتاکان گۆڕانیان بەسەردادێ،بۆیە ئێمە لێکدانەوەی ئایەتەکەی پێوەگرێنادەین،بەڵکو ئەوەی بینیمان لەگەڵ لێکدانەوەی ئایەتەکە دێتەوەڕێگرنیە لەگەڵ لێکدانەوە کۆنەکان ولێکدانەوەی داهاتوو دەڵێین کەئەو بیردۆزەی کەلەدەقەقورئانیەکە نزیکترە لەوانی تر ڕاستترە،،،

زۆرێک لە لێکدەرەوانی فەرمودەوفەرمودەناسان لەوانەش ئەلبانی دەڵێن:

فەرمودەی حەوت ڕۆژ لەگەڵ شەش ڕۆژەکەی قورئان بەریەکەوتەیان نیە وڕۆژی حەوتەم بۆ ئەودروستکراوانەی پێش زەوی وئاسمانەکانە.

هەندێک ئەم عەمایەیان بەرتقەکەی پێش تەقینەوەی گەورەوجیابونەوەی زەوی وئاسمانەکان لێک داوەتەوە ،وەدەڵێن پاش تەقینەوەی گەورە ئەوعەمایەنەماوچوار چاخ وڕۆژی پێکهاتنی زەوی هاتن،پاش ئەوە ئیستوای کرد بەسەرئاسماندا‌ولەدووچاخ ئاسمانی دروست کردوکردنیە حەوت چین ولەدواکاتژمێری ئەوڕۆژە ئادەمیشی هەرلەئاسمان دروست کرد،چونکەڕۆژی شەشەم ڕۆژی دروستکردنی ئاسمانە وڕۆژی دروستکردنی ئادەمیشە،هەرلەوڕۆژەش ئادەم لەئاسمان دەرکرابەرەوزەوی.

وەلەدوای ڕۆژی شەشەم یان حەوتەم کە جومعەیە ڕۆژەکان کۆتاییان نەهاتووەوە بە هاتنی ئادەم علیه السلام ومانەوەی لەسەرزەوی بۆ هەزار ساڵ ڕۆژی هەشتەم دەستی پێ کردووە.

دەکرێ ئاڕاستەکردنێکی بیرکاری وماتماتیکی بۆ ئەوهەشت ڕۆژانە بکەین چونکە تائێستا مێژووی دروستکران وژماردن ودەرکەوتنی

گەردون وبونەوەری زەوی وئاسمانەکان کە بە١٣ملیارساڵ دەقەبڵێنرێ، بە هەشت جۆرە ڕەقەم وداتاوژمارە دەژمێردرێ ولێیان تێپەڕناکا.

١-ڕۆژێکی دینی وشەرعی هەزارساڵە تاکو٩هەزارساڵ مێژوی دابەزینی ئادەم بۆسەرزەوی.

٢-دەهەزارساڵ تا٩٩هەزارساڵ.

٣-سەدهەزارساڵ-٩٠٠هەزارساڵ

٤-١-٩ملیۆن ساڵ

٥-١٠-٩٩ملیۆن ساڵ

٦-١٠٠-٩٠٠ملیۆن ساڵ

٧-١-٩ملیارساڵ

٨-١٠-٩٠ملیارساڵ،کە دواژمارەی قەبڵێنراوبۆتەمەنی بونەوەر١٣ملیارساڵە.

کەواتە

١-ڕۆژی شەممەی دەست پێکی گەردوون چاخی یەکەم دەیانی ملیاران،کەلەڕۆژەدا عەرش وئاووهەوادروستکراون.

٢-ڕۆژی یەک شەممە،ڕۆژی یەکەمی شەش ڕۆژەکە،یەکانی ملیاران.ساڵە لەوڕۆژەدازەوی لەشێوەی دەریا دروستکراوە.

یەم=بحر=دەریا لەوەشە چوار یەوم وڕۆژگار مەبەست چوار دەریاوناوەندی ئاووگڵ وبەرگەهەواوسوتەمەنی و وزەبێ کەزەوی لێ پێک هاتووە.

٣-ڕۆژی دووشەم کەسەدان ملیۆن ساڵ دەنوێنێ و دەریاو یەمی دووەمی زەوی کە هەوایە لێ پێک هاتوە.

٤-ڕۆژی سێ شەم کە دەیانی ملیۆنان دەگەیەنێ بەداتاو ڕۆژی سێیەمی چوارڕۆژەکەی زەویە ولەوڕۆژە ناوەوندو یەمی سێیەم بروسکەو سوتەمەنی و وزە هاتۆتە دی.

٥-ڕۆژی چوارشەم یەکانی ملیۆن ساڵ دەنوێنێ،کۆتاڕۆژی دروست بوون زەویە کە ڕۆژی چوارەمە ڕۆژی دەرکەوتنی وشکانی وشاخ و ڕوەک ودرەختەکانە.

٦-ڕۆژی پێنج شەم ،ڕۆژی سەدان هەزار دەگەیەنێ، یەکەم ڕۆژەلەدووڕۆژەکەی ئاسمان کە خولگەو کەشکەشانەکان هاتنەدی.

٧-ڕۆژی جومعە کە دووەم ڕۆژی ئاسمانە ولەدواسەعاتی ئادەم علیە السلام دروستکراوەلەئاسمان وپاشان هەرلەوسەعاتە
هێنراوەتەسەرزەوی،ژمارەی دەیان هەزارساڵی زەوی دەنوێنێ.

ڕۆژی هەشتەم دووبارە دەبێتەوەشەممەو ژیانی ئادەم وئادەمیزاد لەسەرزەوی پێ دەست پێ دەکا وڕۆژەکانی ئەو هەفتەنوێ یەو قۆناغە دەبنە یەک هەزارساڵ ..

یەکەی یەکەم:ئەو ژمارانەی لە دەق وتیکستەکان دا هاتوون لە نیوان هیما و ڕاستی دا:

یەکێک لە هۆکارەکانی پەیدابوونی گومان ودڵەڕاوکێ لە دەقەدینیەکان ،پێداگیری پیاوانی دینی بوو لەسەر بەڕوکەش سەیرکردنی ئەوژمارانەی لەو کتێبانە داهاتوە بۆ تەمەنی گەردون وزەمین وبونەوەران ومرۆڤ ،وە کافرکردنی هەرکەسێک کەلەوبۆچونە دەرچێ، ئەمە بوە هۆی سوتان ولەخاچ دانی زۆرێک لە زانایان وداهێنەران ،،

کاتی ئاویستا وتەورات و قورئان وکنز الرب وزەبور وئینجیل و
هەرکتبیکی پیرۆز باسی چەند ژمارە یەکی دیاری کراو
دەکەن,بۆیەکەیەکی زەمانی ،یان شوێنی ،یان بونەوەری، ,ئەم ژمارانە کە
بۆژماردنی کات بن، ناکرێ بەم ژمارەو پیوانەو سال ومانگی ئیستا لیك
بدرینەوەو حساب بکرین,پیش پەنجا هەزار سال بەرلە بوونی رۆژومانگو
ئەستیرە وزەوی و ئا سمان ,اللە ئەمری کرد بە قەلەم کە هەرچی روو
دەدا تا قیام الساعە بینوسێ.

جاکە رۆژومانگ وزەوی وئا سمان نەبووبن ،ئەی چۆن سالەکان هەبوون
؟یان ئەو پەنجا هەزار سالە رۆژومانگەکانیان چەند بوون؟بیگومان ئەوە
سالی قەلەمی ولەوحین وزەمانی زەوی نین وکەس نازانێ ئەندازەیان
چەندە، ئیستا زانایانی فەلەك ناس پێمان دەلین کە سالی زەوی 365
رۆژەو سالی مەریخ زیاتر لە سالیکی ئێمەو هی زوهرەو عتارد کەمترە
لە ساڵێکی ئێمەو ساڵێکی مشتەری 30 سالی ئیمەیەو ساڵێکی زوحەل 50
سالی ئیمەیەو ساڵێکی کۆمەڵەی خۆر 243 ملیۆن سالی ئیمەیەو،، هتد.

کەواتە ساڵ ویەکەی پیوانەی تەمەن وزەمەن ریژە ییەو لە چاخێک بۆ
چاخێک ولە شوینیك بۆ شوینیکی تر جیاوازە .بۆ چی رۆژی شەرعی اللە
بۆ ئیمە هەزار سالە ؟چونکە ئیمەی مرۆڤ لە هەزار ساڵدا وەك ئوممەت
ودین ,مەنهەج وپەیرەو گەڵاڵە دەکەین ,پاشان بڵاوی دەکەینەوەو
پەرستگاو دامو دەزگای قانونی وشەرعی بۆ فەراهەم دەکەین و دەبێتە
عەقیدەو بیرو باوەرو بلاو دەکرێتەوەو سوپای بۆ پێك دەهینرێ و جەنگی
لە پێناو دەکرێ و خەلکی لەسەر دەکوژرێ وخوێنی بۆ دەڕێژرێ و پاشان
جیاوازی وپەرتەوازەیی لەو مەنهەج ودینەدا پەیدا دەبێ و لە دوای
نیوەرۆ، واتەلە 500 ساڵی، وردە وردە بەرەو پوکانەوەو نەساغی دەچێ
,واتە بە هەزار سال ئەم ئوممەتە هەم دروست دەبێ وهەم لەناویش
دەچێ,بۆیە بۆ مرۆڤەکان رۆژی شەرعی اللە 1000 ساڵە، لە سەرەتای
سورەتی سوجدە زۆر بە جوانی ئەم چەندە ڕوون کراوەتەوە،

كه فەرمویەتی :من امرو شەرع و وەحی دادەبەزینم و پاشان ئەوفرمان و وەحیە لە رۆژیکدا بۆلای من دەگەڕێتەوە کە ئەندازەکەی هەزارساڵە، واتە لە هەزار ساڵدا ئەم ئەمرە لە سەر زەوی دە پێچریتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو وە دەبێ بەڕابردوو ، لە ژیانی سەر زەوی کاریگەریەکی ئەوتۆی نامینێ و تە نیا لە کۆمەلیك مۆزەخانە وپەرستگاو هەندێ دام ودەزگا دەمێنێتەوە،ئەویش بێگومان وەك خۆی نا بەڵکو بە کۆمەڵێك تعدیل وهەموار کردن ودەستکاریەوە ، کە سەیری میژووی دینەکانیش بکەی هەروایە کە سەرەتا بە گەرم و گوری پەلیان هاویشتوەو بونە دەزگایەکی کهنوتی ,پاشان وردە وردە لە مەیدانی ژیان کشاونەوە .

ئەی کەواتە رۆژی اللە بۆ شاخیك وئەستیرەیەك و مانگیك دەبێ ملیۆنان ساڵ بێ ،چونکە رۆژی ئەو بۆ هەرشتیك یان دیاردەیەك ،واتە تەمەنی مانەوەی ئەو شتە لە بوون و مان وکاریگەریدا , وە هەمو شتەکانیش لای ئەو، ئەم رۆژەیان هەیەو بەدەقیقە لەو ئەجەلە دیاری کراوە پاش وپێش ناکەن.

رۆژی روح 50 هەزار ساڵە وەک لەسورەتی معارج باس کراوە،کە پێدەچێ ئەوەڕۆژی مەلایکە وفریشتە و روحەکان بێ ولەو ماوە خولێک تەواوبکەن، دەگورێ ، ئەگەرکەسێک بە خێرایی تیشک بۆ ماوەی شەووڕۆژێک بڕواوبگەڕێتەوە ئەوە دەبینێ ئەو٢٤سەعاتە بۆ خەڵکی سەرزەوی دەکاتە پەنجاهەزار ساڵ.

کەواتە ڕۆژی ڕوحی واتە گەشتی ڕوحێک بەخێرایی تیشک کەیەکسانە بە پەنجاهەزارساڵ بۆ خەڵکی تر.

بوونی ڕۆژی ڕوحی وڕۆژی ژیاری بۆ بەرژەوەندی مرۆڤە،چونکە رۆژی مرۆڤ ، بەرزی ونزمی و بنە بربوون و نەکبە و کەوتن وهەلسانەوەی زۆری تیایە، وەك منالی ساوا تا دارەدارەی کردوە هەزار جار کەوتوەوهەڵساوەتەوە، وەدەیان جار میزاج و رەوشت وئاکاری گۆڕاوە ,بۆیە کە رۆژی شەرعی وەك رۆژی کوڵ کردن و خۆشتن و سەرو ڕیش چاکردنە .

تۆ كە بە مرۆڤ بڵێ ی دەبێ هەموو تەمەنت یەک جارسەروڕیش چاک بکەی وخۆبشۆی ،بیکوژی لەو بریارەی پێ خۆشترە ،بۆیە دەبێ هەر هەزار سال جارێك زەمین، یان پارچەیەك لە زەمین خۆی بشواو شەرعەکەی هەڵپاچێ وهەڵپەردێوێ تا نوێ بێتەوە,لەوڕۆژە شەرعیانەدا ئەو دە ،دە بەها پەی پێ براوەی بونەوەر لەهەر شەریعەتێکدا ڕیزبەندیەکی جیاوازو تایبەتیان بۆدەکرێ، مەبەستیشم لە دەپەی پێ براوو دەرک کراوەکە ئەو دە پێک هاتەن کە کە چوار ڕۆژو وئەربع ئەیامی کەلەسوڕەتی فصلت باسکراوە کە زەویان لێ پێک هاتوە ، ئەو چوار ئەیامە دەکرێ یوم یەکەی کاتی بێ ودەشکرێ یەم ودەریا وناوەندی بەرجەستە بێ چونکە لەعەرەبی وعیبری بە دەریادەگوترێ یەم وەک پەروەردگار فەرموی بەدایکی موسا کۆرپەکەت بخەرەناو یەم ،وەدەڵێن کە واتای مو سا واتە یەم سا ساوای یەم .

کەواتە ئەودە پەی پێبراوانە ئەو چوار دەریا ویەمەن کە زەویان لێ پێک هاتووە کە چوار ناوەندودەریای: ئاوی و گڵی وبەرگەهەوایی وبڵێسەیی وئاگرین.

هەڵبەت مەبەست لە خاک ڕەگەز وپێک هاتەی خاک لەهەموو ئەوهەسارەو مانگ و کلکدارانەی دوو ترلیۆن مەجەرەی گەردوونە ، هەروا مەبەست لەناوەند ویەم ودەریای بەرهەواش هەموو ئەو بەرگەهەوایە کە لەدوەری ئەو گەلەستێرەو مەجەرانە هەیە وە ناوەند ویەمی بڵێسەیی و ئاویش هەموو ئەو ووزەو بڵێسەوهەورو بەستەڵەک ودەریایانەی لەناو ئەو مەجەرانە داهەن دەگرێتەوە.

وەدوو یەم و یومەکەی ئاسمانیش کە ئاسمانیان لێ پێک هاتووە بۆشایی وزەمەن وکاتن.

کە ئەو پانتاییە بۆشیاییەی بە ملیارەهاساڵی تیشکی دەقەبڵێنرێ و ئەودو ترلیۆن مەجەرەی تێدامەلەدەکەن و ئەو مەداروکات وخێراییانەش کەئەوتەنانە تێیدا دەسوڕێنەوە ئەویش یەمی دووەمە.

دواتر ئەم شەش ناوەند ودەریا ویەم ویومانە دەبنە دە .

چوار پەی پێ براوەکەی تریش بریتین لە ئەو دەرهاویشتەی کەبەهۆی کارلێکی ئەم چوار توخمەو خێرایی وکات وبۆشایی هەردوو شێوە ژیانی سەوزایی و قارچکی و زیندەیی ئۆرگانی دەرکەوتن جۆرەکانی گەیاندنە هەشت ، لەوەیە دوو ناوەند و پەی پێبراوەکەی تر جیهانی ڕوحی و ئەسیری و جیهانی زانست وهەست وهۆشەکان بن کە تەنیا ئەم دە پەی پێبراوە لە ژێر عەرش بوونیان هەیە .

لەوانەشە رۆژە ئوممەتیە کانیش هەموو هەر هەزار سال نەبن ,بەلام بۆ شەریعەتی ئیسلام کە حوکمیکی عەرەبیە وەك لە سورەتی رعد و 11 شوینی قورئان هاتوە ,وە عەرەبیش بە 28 پیت دەنوسرێ و بە حسابی ئەبجەدی دەبیتە هەزار ,وە ئەم 28 پیتەش لە ئایەتی محمد رسول الله ئایەتی 29 ی سورەتی فتح هەمویان کۆ کراونەوە ,وە ئایەتی دوای ئەویش هەرچەندە لە سورەەی حجراتە کە دەفەرموێ هەرکەسێ دەنگ بەسەر دەنگی رسول الله بەرز بکاتەوە کردەوەچاکەکانی دەوەرینرێ وبەتاڵ دەبیتەوە, بۆیە کە تا 400 سالی هاتنی ئەم دینەش کەس دەنگ وپیتی لەو 28 زیاتر نەکرد و بە زمانی خۆیان نەیان نوسی و میللەتانی وەك فارس ورۆم و چەندان میللەتی خودان شارستانی نوسین وکەلەپوری چەند هەزار ساڵەیان لە بیر خۆیان بردەوە ,بەڵام هەرکە هەزار سالەکە هاتە نزیك کۆتایی، هەموو یان دوبارە سەریان بەرز کردەوەو لە قەبرو سوڕی مت بوون هاتنەوە دەرەوە .

هەرشەرعیك خواردنیکەو قاپ و دەفرێکی هەیە، ئەو قاپەش ئەو زمانەیە کە شەرعەکەی پێ هاتوە , ئەو زمانەش بە پیت و دەنگ دەنوسری ,وە لەو پیت ودەنگانە تەمەنی ئوممەتەکە دەزانرێ .بۆنمونە کە اللە بە 40 شەو شەریعەتی دا بە موسی وە40 سال لە بیابان گیرۆدەی کردن ،بۆیە پیدەچێ کە تەمەنیان 40هەزار سال بێ .

ئاڤیستا کە 60 پیت ودەنگە، 6 ملیۆن دەکا , لیرەش کە شەش رۆژی دروست کردنی ئەرزو ئاسمانەکان و پانتایی کۆمەلەی خۆر شەش

سەعاتی تیشکی یە، هیمای گرنگی ژمارەی شەشە لە زەمان ویەمەکان و دینەکاندا.

کەبەپێ ی ڕۆژژمێرە دوازدە هەزارەکەی زەردەشتیانیش بێ، جارێ سێ هەزاری یەکەم پێش دروست کرانی زەوی وڕۆژومانگە ،کەواتە ئەم ساڵانەی سەر زەوی نین.

کورد وعەرەبی بەیەکەوە 41 پیتە کە دەکاتە رۆژی روح 50 هەزار ساڵە .

سابیئەکان ئیمانیان بە 360 کەس هەیە کە دروست کراون تاکو بە کارو ئەفعالەکانی الله هەستن ,ئەم کەسانە نە ملائکەن و نەخواوەندن ,هەرچی ڕوو دەدا لە هەورو بروسکەو وباران و و هێنان وبردنی و رودانی شەوو رۆژ وهەموو دیاردە سروشتی وگەردونیەکان،ئەوان دەیکەن ,ئەمانە غەیب و پەنهان دەزانن و هەریەکەیان مەملەکەتی تایبەتی خۆی هەیە لەجیهانی ئەنوار و روناکیەکان ,ئەم 360 کەسە وەکو کەسە دروستکراوەکانی تر نین ،بە لکو الله بانگی ئەسماکانی کردن و ئەوانیش خەلق بوون و لە جنس و ڕەگەزی خۆیان هاوسەریشی بۆ بانگ کردن ,زۆر بونیشیان هەر بەو شیوەیە ,کە پیاوەکە ووشەو کەلیمەیەك دەڵێ و هاوسەرەکەی بەم کەلیمە ئاوس دەبێ و منالێکی وەك خۆیان لە ووشەو کەلیمەی دەبێ ,

هەروەها عقیدەیان وایە کە ئەستیرەکان شوین وکۆشکی مەلائیکەکانن ،بۆیە بە پیرۆزیان دەزانن..

لای وان مانەوە لە جەهەننەم نیە ,بەلکو کاتێ مرۆڤ دەمرێ کە خاوەن ژن ومناڵ بێ دەچێتە جەننەت و کە ژنی نەهێنابێ، روحی دەچێتە مەتهر و پاککەرەوە تا پاك دەبیتەوە و دوبارە دەگەڕێتەوە دنیا تا ژن بینێ و بمرێ و بچیتە جەننەت بەڵام تاژن نەهێنێ ،ئەو دووبارەگەڕانەوە دووبارە دەبێتەوە.

باوەریان بەهەتاهەتیایی روح هەیە,باوەریان بە تناسخ هەیە لە دوای مردن لە هەندێ حالە ت دا .

شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی هیماکان:

ئەم 360 کەلیمەی کە خۆیان و هاوسەرو ئەوەی کە لەوانیش دەبێ هەر کەلیمەیە, ئەوە هەمان یەزەتە شایانەکانی مەجوسی و ئیسمەکان و ئاوەڵ ئیسمەکانن لەعەرەبیدا کە پێیان دەڵێن صفاتەکان وکەلیما ت الله ی تاممات وتەواوەکانن لە دینی ئیسلام و یەهودو نەسرانی دا ,بەم ئیسم وکەلیمە تاممە ونورانە الله کاروباری ئەم بونەوەرە بەڕێوە دەبا،بەلام ئەوان لە جیاتی بڵێن الله رزق ورۆزی دەدا بە ئیسمی رەزاق و تعلیم و فیرکردن دەدا بە ئیسمی علیم و دانایی فیر دەکا بە ئیسمی حکیم و هەموو روداوەکان کەلەم گەردونە روو دەدەن هەموو بە وئیسمانە
ڕوودەدەن ،بەڵام سابیئەکان لە جیاتی ئیسم و صفات کردویانن نێرومی کە هاوسەرن ،ئەم ئیسم وصیفاتانەش کە عەرەبی یان عبری یان سریانی وئارامی بن بە پێ ی زمانی رەسەنی پیغەمبەرەکان ,توالد ولە دایک بوون دەکەن بەوەی کە ئەو ئیسمە کە پیاوەکەیە حکیم و ژنەکەی حکمەتە صیفەتە کەیە،کە ویسترا وەرگێڕریتە سەر زمانێکی تر ئەوە منالّێکی نێرو مێ و ژن و میرد لە دایك دەبێ کە نیرەکە لیزان و ومێکەش سیفەتی دانیارە و دانایی یە ,ئیدی تا ئەو زمانە ئەصلیانەی پەیامەکەیان پێ هاتوون لە سەر زەوی بمێنن و لە پەرستگا ومساجد دوعاو نزاو مناجاتی الله یان پێ بکرێ، ئەوە لە عالمی ئەنوار دەمێنن ،بەڵام کە زمانەکان لەزەوی بەکارهینانی ئەو کەلیمانە گۆڕدرا ،ئەو ووشە وەرگێڕدراوانەش دەگۆڕێن ،بۆ ئەو زمانەی لە سەرزەوی دوعای پێ دەکرێ ،چونکە کەلیمەی حکمەت ببی یان نا، الله هەر حکیمە ،بەهاوماناکانی ئەو کەلیمە کە الله مناجاتی بۆ دەکرێ ،کەواتە ئەم 360 ئیسمن و دیارە هەموو ئیسمیك صفاتیکی هەیە کە هاوسەریەتی و هەرئیسمیك وەردەگێڕرێ بۆ چەند زمان کە منالّەکاننی ,ئەمەچ لە ئەصلی دینەکە وا دابەزیبێ یان خەیالی ئەوان لە ئیسم وصفاتەوە کردبیانن نێرو مێ ،چونکە لە زمانە سامیەکان ناوەکان زۆریان نیرن و ئاوەلناوەکان مێ ,وە دیارە کە ئەم کەسانە لە ملائکە گەورەترن لایان ،چونکە ملائکە لاشەن و جسمن و ئەستیرەن لای وان,بەلام ئەمانە جسم نین ,نەشیان

گوتوه ئەزەلی و ئەبەدین ,چونکە زمانەکان دەمرن و مرادف وهاوماناکان و وەر گێڕاوەکەیان بۆ زمانی تر کە دەکاتە کورو کچیان شوێنیان دەگریتەوە، زمانەکان،باوکە بنچینەییەکان ئەسل وڕەسەنن ووەرگێڕدراوەکان کۆپی کراون ولەبەرگیراون.

تاکە کەلیمە کە کەس شوینی ناگریتەوە، کەلیمەی اللە یە، کەنابێ نە کەلیمەی لێ ببێ و نەلە کەلیمەی تر وەر گیرابێ، هەربۆیە زۆرێک زانا نکولی لەوە دەکەن و دەڵێن نابێ لە اللە لە الە وپەرستراو داتاشرابێ ،وەنابێ ئیلاهیش لەو وەرگیرابێ ،وەنابێ مشتق و سەرف کراو بێ ،دەبێ جامد وممنوع من السرف و قابیلی داخوران وداتاشران نەبێ .

بەپێ ی تیۆرە هاوچەرخەکان, زانایان تەقینەوەی گەورە بە ١٣ ملیار سال دادەنین .

-اولم یرالذین کفروا ان السموات والارض کانتا رتقاففتقناهما وجعلنا من الماء کل شيء ؟افلا یؤمنون؟الانبیاء 30-

ئایا ئەو کافرو بێ باوەڕانە ئەوەیان نەبینی کە ئاسمانەکان وزەویەکە هەردوو پێکەوەنوسابوون وئێمە لێکمان جیاکردنەوە؟وەئایا ئەوە یان نەبینی کە هەموو زیندەوەرانمان لە ئاوەکە دروست کردوە؟ئایا پاش ئەم تێڕوانینەشیان ئیمان ناهێنن؟

چونکە ئاشکرایە پێش ملیاران ساڵ کە گوایە ئەو تەقینەوە ڕووی داوە ،ئەوکاتە بێجگە لە اللە کەسی ترنەبوو تابیبنێ،نەکافر دروست کرابوون ونە هیچ زیندەوەرێک، بەڵام ئەو ئایەتە بە کرداروفعلی موزارع،داهاتوو ،-یری- دەست پێ دەکا ،کەئاماژەیە بۆ لەمەولا، کە کافرەکان چەند جیهانبینی وتیۆروگریمانەو بیردۆزەیەک گەڵاڵە دەکەن کە بەپێ ی ئەو بیردۆزانە هەموو ئاسمانەکان وزەویەکە وهەموو ئەوپێک هاتانەش کەلە ئاسمانەکان وزەویەکە دایە هەموو تۆپەڵ و گرگنێکی بچوک و پەیت کراوەوچڕ بووە وئینا وبۆشایی لێکی کردونەوە، واتە اللە بە هۆی ئیناودەفری بۆشایی پەرتی کردن،هەروەها لە بیردۆزەکانی پەرەسەندن کە وادەبینن هەموو زیندەوەرێک لە دەم ڕوبارێک دەستی پێ کردوەوبۆتە

ئەسڵ وڕەسەن وبنچینەی هەموو نەوعەکانی زیندە وەران، وەک داروین لەکتێبەکەی دا وادەڵێ، ئایەتەکە وجعلنا بەکاردێنێ واتە ئینا وبۆشایی ئەم گێڕان وگیرانەوەی کردو هەموو زیندەوەرێک لە ئاوەکە پەیدا بوو،پاشان ئایەتەکە سەرکۆنەیان دەکا کەدوای ئەودۆزینەوەش هەرئیمان ناهێنن وبیردۆزەکانیان بۆ بێ باوەڕی بەکاردێنن.

هەروەها دەڵین کە دوای ملیونیك سال پلەی گەرمی هێڵی یەکسانی وەك پلەی گەرمی دوو جەمسەرەکە سارد دەبێ ئەگەر دەستێوەرانی مرۆڤ و گۆڕانی تری لەنکاوی ربانی لە ئارا دا نەبێ.

هەروەها دەڵێن کە ئیمە تیشکی کۆنی پیش سەدان هەزار سالی ئەستیرەکان دەبینین و لەوانەیە ئەستیرەکان نەمابن یان گۆرابن .

سەبارەت بە مرۆڤ شوینەوار ناسان رایان جیاوازە هەرلە ملیونان سال تا سەد هەزار سال بۆ بوون و قسەکردن و نوسین وداهینانەکانی .

هندۆسەکان رایان لە دینەکانی تر جیایە کە دەڵێن هەر 360 هەزار ساڵێك هەموو شتێك لەناو دەچێ و جاریکی تر لە سفرەوە دەست پێ دەکاتەوە .

بەرهەمیەکان کە ئەوانیش هەر هندۆسین دەڵێن تەمەنی بونەوەر 3 ترلیۆن و113 ملیارو 40 ملیۆن سالەو و هەموو360 هەزار ساڵێك زەوی قرەی لێ بڕاوەو دوبارە بونەوە ران جارێکی تر دروست بونەوە ,هەروا لای ئیغۆرو خەتاکان کە دوو تیرەی مەغۆلن دەڵێن تەمەنی گەردون 3 ترلیۆن و600 ملیار سالە و لای سندەکان 4 ملیارو 320 ملیۆن سالە .

ئەم ژمارانەم لە کتیبی البشریەی مەجید بکری وەر گرتوە.

یەکەی دووەم لە: ژمارەوکات وشوێن وبونەوەران لە نیوان تیکستە دینیەکان و دۆزینەوەوتیۆریە زانستیەکاندا:

پەیدابوونی ژیان لەنێوان زەوی وئاسماندا

کۆکردنەوەی:محمد عزیز لۆتەری.

زانایان زۆر لەوە دەکۆلنەوە کە شوین وکاتی پەیدا بوونی ژیان ,یان بوونی ژیاریکی هاوشیوەی زەوی لە بونەوەردا بزانن,زۆر جار سەرە داویان دەست دەکەوێ، بەلام لە بەر پارچە پارچە بونیان و پەرتەوازە بیان سودی لێ نابین.

لە سەرەتا تا ناوەراستی سەدەی بیست لیکۆلینەوە لە سەر ئەستیرەیەك دەکرا بە ناوی فۆتۆن کە گوایە ئەم ئەستیرە لە خولگەی نیوان مەریخ و مشتەری بوەو پیش ملیۆنیك تا نیو ملیۆن سال بەر لە ئێستا لەناو چوەو تەقیوەتەوە. یەکیك لە بەلگەکانیان بۆ ئەم روداوە بڕێك مادەی شوشەی کریستالی بوو کەلە روسیا دۆزرابۆوە ،کە ئەم مادە بۆ پێك هاتنی پیویستی بە پلەی گەرمایەکە کە بوونی لە سەر زەوی نیە تەنانەت لەم رۆی پیشکەوتوی کە جیهان پڕە لە کورەی تواندنەوەی مادەکان, بۆیە پێ یان وایە کە ئەم کریستالە پاشماوە تەقیوە پرش وبلاو بوەکانی ئەو ئەستیرەیە کە کەوتۆتە سەر زەوی، بە لگەی دووەمیان دەلین ئەفسانەیەکی چینی هەیەکە لە دێر زەمانەوە چەند کەشتیەکی ئاسمانی هاتونە سەرزەوی و لە گەڵ دانیشتوانەکەی تێکەڵ بوون.

کەواتە پێش ملیۆنیك تا نیو ملیۆن سال نە مرۆڤی نیاندرتال ونە مرۆڤی جاوەو پکین یش هیشتا پەیدا نەبوبون بە پێ ی بیردۆزەکانی کە شوینەوار ناسان خەملاندویانە,ئەدی ئەم میوانانە تێکەڵی چ بەرەبابێکی مرۆڤان بوون؟

ئەی بۆ ئەم روداوە ناونەنیین تۆفانی نوح و بڵێ ین کە پیش 500 هەزار سال کە ژیان لە سەر ئەستیرەی فۆتۆنی فەوتاو بوو تۆفان هات و ئیتر کەشتیە مشحون و بارگاویەکەی نو ح لە سەر کیوی ئارارات لە نزیك چین وقەفقاس نیشتەوەو لەوساتەوە ژیان لە سەر زەوی دەستی پێ کرد وبەلگەکانی دینی و ئەفسانەیی و شوینەوار ناسیش پشتیواني ئەمە دەکەن وماڵی مرۆڤایەتیش لە پارچە پارچە بوونی مرۆڤی نیان درتالی ئەلمانی ئاری ورۆدیسیای ئەفریقی نەوبی فیرعەونی و جاوە ی ئەندنوسی وپکینی چینی و،،هتد رزگاری دەبێ و دەبێتەوە کۆرە باشەکەی یەک ڕەچەڵەک کە بەمیوانی لەدەرەوەی زەوی هاتوەو کوری ئادەم ونوح وکیومەردە.

بەراستی گەڕان لە دوای راستیەکانی سەرەتای بوونەوەران و ژیانی هاوشیوەی زەوی لە گەردون ،وەك گەڕان بەدوای دەرزیەکە لە ئۆقیانوسدا.

ئەم بابەتەم لە کتیبی:

- البشریەی مەجید بکری

–پاراسایکۆلۆجی سر من اسرار الدولة – وەرگرتوە.

ئەم کەشتیەمەشحون وبارگاویە نوحیەی کە کۆمەڵەی خۆرە کە ئیستا پانتای یەکەی شەش سەعاتی تیشکی یە ,و بە 243 ملیۆن ساڵ خولی ناو کاکیشانی تەواو دەکاو تا ئیستا 21 خولی داوە ,,لە ماوەی ئەم خولانەی دا دەبێ چەند جار ئەم کەشتیە وێك هاتبیتەوەو وتوابێتەوەو و هەڵاوسابێ و بوبێتە بەستەلەك؟ ،دەبێ چەند جار ژیان وزیندەگی لەسەری بنەبڕ بوو بێ وپەیدا بوبێتەوە؟ یا ن دەبێ چەند جار ژیان لە ناو ئەم کۆمەلە کەشتیگەلە وئوستولەدا ئەم باوەش و ئەو باوەشی کردبێ؟ و دەبی چەند دایك وپورو مەتو ودایەن و مامان وباوەژن ومامۆژنی فۆتۆن ئاسا بوبنە ئاردی ناو دڕوان و ناوو ناوبانگیان نەمابێ ؟ دەبێ چەند جار کونی رەش بیکاتەوە گرگن و کونی سپی بیکاتە زەبەلاح و ئەم قەبزی بکا وهەڵی لوشێ و ئەو بەستی بکا وپەخشانی بکا ؟,دەبێ چەند جار بە ناو گەرمای توینەرەوەو ساردی شەختەوزەمهەریرو ئەستیرەی زەبە لاح و چەندین دیاردەی

پیاکیشان و کیش کران دا تیپەریبێ؟ ئەی چۆن دوای ئەم 21 جارەش ئەوەتا بە سەلامەتی ماوەتەوەو قوت نەدراوە؟ دەبێ بزانی کە ئێمە ئیستا لە شوینیکی تا رادەیەك سەلامەتین ,چونکە لە دۆزەخی سەلکە پیازەکەی چەقی کاکیشان سەدان هەزار سالی تیشکی و دوورین واین لەو لاپەڕی چەپی مەجەرەکە و تا 121 ملیون سالی تر ناگەینە ناوەراستەکە .

دەبێ لە هەر خولانەوەیەك چەند جار کۆمەلەی خۆر شێوەو ژمارەی ئەستیرەو مانگو خولگەیان بگۆڕن و دەبێ هەر ئەستیرەیەك چەندجار جەمسەرو ماوەی رۆژو مانگ وساڵەکانی ونەخشەو رو خساری بگۆڕێ؟ ئەوە مسۆگەرە کە 21 جار گۆڕاوە بەلام بۆ لەوە زیاتر نازانرێ,ئەی کە ئەم کۆمەڵە خۆرە ئەم هەموپانتایەی بڕیبێ ،لەکام گەلەکسی وکام بورج وکەلودا بوە کە ئەم فایرۆس وبەکتریای ژینی ئۆرگانی وسەوزایی و قارچکی پێ بەخشرا؟ ئەی کۆمەڵەی خۆر لەم ڕێڕەوەدرێژەی دا ئەم شێوە ژیان وپەرەسەندنانەی داوەتە چەند ئەستێرەوکۆمەڵە خۆرو گەلەکسی تر؟؟

دوورنیە کە گەرانەوەی رۆژ لەئاخر زەمان ، تەنیا ئالوگۆڕیکی جەمسەر و قوتبەکانی زەوی بێ بە هۆی توانەوەی بەفرو سوك بوونی جەمسەرەکان و قورس بوونی هێڵی یەکسانی ،ئەم لەپڕ هەلگەرانەوە دەبێتە هۆی رۆژ گەڕانەوە ،وە کارەساتیکی زۆر گەورەش کە لەوانەیە بە هۆیەوە ژیان بەیەك جاری بنەبر ببێ ،یان تەنیا بونەوەرە سەرەتاکان بمیننەوە .

جا ئەم منالّە بێ دەسەلاتەی نا و ئەم کەشتیە کە ژیانی سەوزایی وئۆرگانیە ،دەبێ هەرئەو وەك مەلای مەشهور بە گەوجی ئەم لقە دارە نەبڕێتەوە کە لەسەری وەستاوە؟ ئەوەتا رۆژانە ملیاران تەن لە ناو ناخی دایکی زەوی دەردینێ وزەوی کللۆر دەکاو دەبێتە هۆی داروخانی دایکە زەوی و بورکان وبومەلەرزەو تسونامی و گەردەلول و بارانی ژەنگاوی و کون بوونی ئۆزۆن و لافاوو وشکە ساڵی و چەندەها دیاردەی تر ؟ئایا مرۆڤایەتی خەریکی ئینتیحارو خۆکوژی بە کۆمەلە؟

ئایا ئەم منالّە بێ دەسەلاتە چەموشە بوو کە سەری فۆتۆنی خوارد و سەری زەویش دەخوا؟

لە مەوسوعەی قەرن هاتوە کە پیش ئەوەی شیردەرەکان پەیدا بن زەوی تەنیا یە کشوەر ویەك ئۆ قیانوس بوو ,کیشوەرەکە پێ ی دەگوترا ئینجا ,ئایا پیش ملیۆنان سال کی ئەم ناوەی لێ ناو بۆ ئیمەی گواستەوە؟ئەوە لە نوسەرانی مەوسوعەکە بپرسن,پاشان بوە دوو کیشوەری غەندۆرە کە ئەمریکای باشورو ئەفریقیا و ئۆقیانیا و ئەنتارتیکا و هیند و کەنداوبوون ,کیشوەری دووەم کە کیشوەری ئۆراسیابوو، بریتي بوو لە کیشوەری ئەمریکای باکورو ئەتلانتاو ئەورو پاو ئاسیا وگرینلاند.
ئۆقیانوسی تیتس لە نیوان ئەم دوو کیشوەرە بوو ,پاش چەند ملیۆن سال ئەم شیوە ی پنجەگیایەی نەخشەی زەوی گۆڕا ،بە م شیوەی ئیستا بەکەمیك جیاوازیەوە,کەنداو بە عیراق و شامیشەوە، هەروەها نیمچە دوورگەی عەرەب و نیمچە دورگەی هند بوونە دوو دورگە وچەند هەزار سال بۆ خۆیان لە سەر زەریا خولانەوە ، پاش ئەوچەندهەزارسالّە هەردوو دورگەکە بەریک کەوتنیان لەگەڵ کیشوەری ئاسیاکرد، دەرەنجامی ئەوپیاکێشانەش زنجیرە چیاکانی زاگرۆس وتۆرۆس وئارارات بەهۆی پیا کیشانی کەنداوو ئاسیا دروست بوون وبەهۆی پێداکێشانی هند وئاسیاش زنجیرەچیای هیمالایا پەیدا بوون.

زانستی جوگرافیا لە بیردۆزیکدا پێ ی وایە گۆی زەوی لە 25 صەفحەی تەکتۆنی پێك هاتوە کە هەندێکیان هەرلەیەکتر دەچنە پیش و بەبەریەککەوتنیان بورکان وزەمین لەرزە و چیای نوێ دروست دەکەن وهەندێکیان لێك جیادەبنەوەو لێک دوور دەکەونەوەو زەوی ڕۆچون ودەریای نوێ دروست دەکەن .

کە دەریالوشی تیتس گۆڕا بۆ وشکانی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ونیمچە کیشوەری هند و ئەم دەریاودەریاچانەی هەر لە ئارال وقەزوین ورمێ و وان و دەریای رەش و دەریای سپی و دەریای سوو ر و دەریای مردو.. هەمووی پاشماوە ئاویەکەی تیتسن و کیشوەری ئەتلانتاش حەزی لە سەر

نقومەیەکی دریژ خایەن بوو ئیستا بۆخۆی بۆ بیست هەزارساڵ دەچێ لە ژیر ئاوە..

ساڵ ویەکە زەمانیەکان بۆ گۆڕانە دیمۆگرافیەکانی ڕوخساری زەوی هەرچەند سستن ،بەڵام گۆڕانکاریە فەلەکیەکان هێشتا سست ترن.

ئەوەتا کە دوای ملیارەها سال لە تەقینەوەی گەورە روبەری کۆمەلەی خۆر لە چەند چرکەیەکی تیشکی تیك سرماو گەیشتۆتە شەش کاتژمیری تیشکی , الله فەرموی لە سورەی انبیا بەمحمد علیه السلام ئایا کافرانی هەزار ساڵ دوای تۆ تیورگەلیکی وها گەڵاڵە ناکەن کە ئاسمانەکان وزەویەکان رتق و تۆپەڵێکی چرو بچوك وگرگن بوون وئێمە تەقاندماننەوە ؟ئایا کافرانی ئوممەتی تۆ، ئەو تیۆریە گەڵاڵە ناکەن کە بونەوەران هەر لە ڤایرۆ سێکەوە تا مارمێلکەیەك ومەیمونێك ومرۆڤێك زنجیرە وڕەچەڵەکی هەموو دروستکراوەکانمان لە ئاو لە دەم دەریایەك لە یەکتر دەرهێناوەو هەمە چەشنی مان پێ داون بە ڕێ ی هەڵبژاردنی سروشتی وبازدان وڕێکەوت ؟

بەڵام ئەم تیۆری و گریمانەیان وای نەکرد ئیمان بە خالقی ئەو تەقینەوەو و ئەو گەشە پێدەرە بکەن بۆیە بە کافرو و پروێنەر ناوی بردن کە فەرموی (اولم یری الذین کفروا ان السماوات والارض کانتا رتقا ففتقناهما – ئەمە بیردۆزەکەی بیك بنە-وجعلنل من الماء کل شيء حي- ئەمە بیردۆزەکەی داروینە.

ئەوەی دەیەوێ بڵێ کە ئەم ئایەتە ئاماژە نیە بۆ ئەو دوو بیر دۆزە ,پێ ی دەڵێم ئەدی چما لە کاتی تەقینەوەی بیك بنی بەر لە ملیارەها سال یان لە و ساتەوەختەی ئا سمانەکان و زەوی رتق بوون ,کافر و غەیرە کافر لە کوێ هەبوون ؟تا روئیاو بینین وڕومالی ئەو روداوە بکەن ؟ بەڵێ مەبەست ئەو دوو بیردۆزەن و هەڵەیی ئەمانەش ئەوندەیە روداوەکانیان پاڵ نەداوە بۆ الله .

واتە کێشەی ئەو دوو بیردۆزە لەوە نیەکە کە دژ بە هەندێ ڕوکەشی دەقەکانی تەورات و قورئان دەوە ستێ چونکە ئەو ڕوو کەشە ی دەق

پەرستی یە چەق بەستوو لێ ی تیگەیشتوون لەتەورات وقورئان هەر بوونی نیە و قورئان وتەورات ژمارەکانیان لەبارەی خەلقەوە رەمزو هێمان .

یان ئەم ڕۆژو ساڵ و مانگانە نین کە ئیستا هەن، بەڵکو هەڵەیی ئەم دوو بیردۆزە لەوە دایە کە زنجیرەی ڕوداوەکانیان پاڵ نەدایە لای الله و خالقیك و دانیان نەنا کە سروشت بە هەرچوار دۆخەکەی لەناو ئینای الهی دا هەموویان بە الله وبۆ الله دەجوڵێن .

ئایەتە کە ئاماژەی ئەوەی نەکردوە کە ئەم بۆچون وتیۆر وجیهانبینیەیان ڕاستیەکی هەتاهەتایی وگشتگیرە،بەڵام گرگن ئەوەیە ئەوان مێژوێک وشوێنێک وگۆڕانکاریەکی گەورەیان بە پاڵپشتی
چەندگریمانەوتایبەتمەندی وهاوکێشەیەک گەڵاڵە کردوە بۆ سەرەتای دروست بوون،ئەم تیۆریەش خاڵی نیە لە دیدی ئەفسانە ئامێزی ،وەک ئەو هێماو ئەفسانانەی لای گریک ومیسروهندوچین وبابل هەبوون.

یەکەی سێ یەم لە: ژمارەوکات وشوێن وبونەوەران لە نیوان تێکستە دینیەکان و دۆزینەوەوتیۆریە زانستیەکاندا:

چۆنێتی پەیدابوونی جیهان لەدیدی کەلەپوری میللی
وئەفسانەوڕۆشنبیریەکاندا:

کۆکردنەوەی:محمد عزیز لۆتەری.

مجدی کاملی دانەری کتێبی اشهر الاساطیر في التاریخ دەڵێ:

وەک چۆن زانستی کیمیا لە منداڵدانی زانستی سحر هاتۆتە دەر،ئاواش زانستی مێژوو لە منداڵدانی ئەفسانەکان هاتۆتە دەر،خولیایی مرۆڤ بۆ ئەفسانەکان ،خولیایی وشەیدابونی مرۆڤەکانە بە قۆناغی منداڵێتی مرۆڤایەتی وبیرەوەری یەکەمی مرۆڤایەتی.

لە ڕوانگەکانی دینی سابئە داگوتمان کە دینی سابئەی ئادەم قۆناغی لەدایک بوون تاحەوت ساڵی مرۆڤایەتی بنوێنێ،وەدینی مەجوسی

ئیبراهیمی زەردەشت قۆناغی حەوت ساڵ تا دوازدەساڵی قۆناغی سەرەتایی مرۆڤایەتی بنوێنێ،وەدینی یەهود دواناوەندی وئامادەیی دوازدە تاهەژدەساڵی مرۆڤایەتی بنوێنێ،دینی ئیسلامی جومعە،قۆناغی دووساڵی پەیمانگاوچوارساڵی زانکۆ لە هەژدە تابیست وچوارساڵی مرۆڤایەتی بنوێنێ،دینی مەسیح ونەسرانیەت قۆناغی خوێندنی باڵای ماستەرودکتۆرا لە بیست وچوارتاسی ساڵی مرۆڤایەتی بنوێنێ .

هەرلەو ڕوانگەوە من لێرە چیرۆکی چۆنێتی دروست کردنی بونەوەرلای ئەفسانەی میللەت وژیارە کۆنەکان دەگوازمەوە،چونکە بەشێکە لە جیهانبینی ودینی میللەت وپەیام بەرانی پێشوو،ئاوێتە بەخەیاڵ وئەندێشەوداهێنانی ئەدیب وهونەرمەندوحەکیمەکانی ئەو میللەتانە،هەموو ئەفسانەیەک ڕاستیەکی ڕێژەییە بۆ سەردەمی خۆی وپێداویستیەکی قۆناغیە بۆ مرۆڤایەتی وچینەبلۆکێکی ناودیواری مرۆڤایەتی وانەیەکی ناوباخچەی ساوایانی مرۆڤایەتیە.

چۆنێتی دروست بوونی بونەوەروپەیکەری پیرۆزەکان لای :

١-لای سابیئیەکان

٢-لای بابلیەکان

٣-لای هندۆسەکان

٤-لای چینیەکان

٥-لای مەجوسیەکان

٦-لای میسریەکان

٧- لای یابانیەکان

٨-لای یەهودیەکان

٩-لای گریکەکان

١-چۆنێتی دروست بوونی بونەوەر لای سابیئەکان.

پوختەی لای ڕاستی:

کەنز ی رب=گەنجینەی پەروەردگار:

لای ڕاست ویەمینی ئەم کتێبە بەشکۆمەندی ناوی الحی ،هەمیشە زیندوی ژیاوی گەورەومەزن دەست پێ دەکا.

بونەوەریەکپارچە تاریکی وبۆشایی یە ،ئەو تاکە نورە لە جیهانی ئارا ،پاشان جبریل زیواو دو مەلەکی تر دەنێرێ ،فرمان وتوانا وشیان وڕاسپاردەی دروست کردنی زەمین وئاسمان وئەستێرەو دەریاوڕوبارومانگ وڕۆژوڕوەک ودرەخت وزیندەوەرانیان پێ دەدا، وەلەناویاندا فرمانیان پێ دەکا حەواو ئادەم دروست بکەن وفرمان بە مەلائکە ئاگریەکان بکەن سوجدە بۆئادەم ببەن ،وە ئادەم وژنەکەی فێری نوێژو وخێزانداری وپاک وخاوێنی وپەرستشەکان ودڵ و دەست وزمان پاکی و ئەمینی بکەن.

هیچ باسی ئەوەی تێدا نیە ئادەم لەبەهەشت وجەننەت بووبێ وبەهۆی هەڵەوە دەرکرابێ،ئەو باسی دابەزاندنی جبریل وهیبل زیوا وبژائیل،دەکا تا ببنە مامۆستاو هاودەم وهاوکاربۆئادەم وخێزانەکەی و هەرچی سوجدەی بۆ ئادەم نەبرد هەڕەشەی سوتان بەئاگری لێ بکەن، وە تەنیا -شریر- شەڕخواز و بەدکار سوجدە ناباوئەوانی ترهەموو سوجدە دەبەن.

باسی ئەوڕاسپاردانەی تێدایە کە چ بخۆن و چۆن خواردن ئامادەبکەن وچۆن بکڕن وچۆن سەودابکەن،وەلە نوشتەو پاڕانەوەوپەرستنی شەیتان خۆلادەن،سوجدە بۆڕۆژو مانگو ئەدۆنای نەبەن، جگە لەم سێ مەلائکە نورانیە نابێ ڕێ وشوێن لە مەلائکە ناریەکان وەربگیرێ،دەبێ هەمیشە سپی بپۆشن.

لە کتێبی دووەم داباسی ئەوەدەکا کە بانگ ودەنگ تەنیا بەئادەم درابوو، لە دوای ئادەم نشماثالەلاشەکەی هاتەدەروخەڵکی بەزەبری شمشێر ژێربارکرد،ڕام وڕۆدی خێزانی کە لە نێوان ئەوان وخێزانی ئادەم سی

جیل وپشت و وەچە هەیە ،ئەم سی جیلە هەموویان لەسەریەک پەیڕەووڕێ وشوێن بوون وگشتیان یەک جۆرتەسبیحاتیان هەبوو،هەزارساڵ ژیان ،زەویان ئاوەدان کردەوە،پاشان ٢٥ جیل وپشت لە نێوان ڕام وڕود وشوربای وشرهبیل دا هەیە، پاشان تۆفان دێ ،وە نشماثاهەڵ دەبڕدرێ بۆ جیهانی نوور،نوح وسامی کوڕی دەمێننەوە،لە نێوان نوح وشۆربای پازدە پشت هەیە،پاشان وەچەکانی نوح زۆردەبن هەمویان یەک ڕێ وشوێنیان هەیە،پاشان ومن ،پەیامنێری پاکژی وئەوددوومەلەکانەی لەگەڵمان بانگ دەکرێین ،لە نێوان نوح و بنیات نانی ئۆرشەلیمی پتەودا هەزار ساڵ هەیە،بەشەش پشت، پاشان ٣٦٠پەیامبەرلە ئۆرشەلیم دەژین ،سلێمان دێ وپەیکەر بنیات دەنێ ،پاشان سەبی گەورە دێ،ئۆرشەلیم دەڕوخێ ،هەموومەندائیەکان بەڕاستگۆیی هەڵوێست وەردەگرن،بەرەوجیهانی ڕووناکی دێن، من منندادم ،حی موزەکی ،زیندوی پاک کەرەوە.

لە نەسجی خەلیقە ودروست کردن دا دەڵێ:

کاتێک بوو هیچ شتێک بوونی نەبوو،تەنیا وعاو دەفرێکی بەویقاری بێ پایان وشکۆدارهەبوو،درەختێکی تێدا ڕواو بەروبومی زۆرو هەمەچەشنی بێ ژماری گرت ،جیهانی پڕکرد لە بەروبومی نەژمێرراوو گردوتەپۆلکەی زۆر ،هەموویان تەسبیحاتیان بۆ ئەو دەفرە شکۆدارە دەکرد.

مانای مەزن ،ئەثیری مە زنی لی دە ڕچوو،یورای لی دە ڕچوو کە هە موو شوینی ڕوشن کردە وە ،لە یورا ئاوی ژیان دە ڕچوو ،یردنا دە ڕچوو لە یردنا ژیان دە ڕچوو،ئە م یردنایە وە ک مانا گە ورە بوو ،چونکە لە و دە ڕچوو بوو ،پاشان زوربوون وگە شە یان کرد،سێ مەلاکەکان بانگیان کرد،ئەی زیندەگی مەزن، ئەمەیەردنا ئەم ژیان وگەشەی لەتۆبۆهاتوە؟ یان لە خۆیەوە گەشەی کردوە،یردنا وڵامی دانەوە: من ئەم زیندەگیەم لە زیندوی هەمیشەیی مەزن پێدراوە ،،

بەڵام زۆر لە ئەسەریەکان ،بەم دەریای تاریکیە خەڵەتان وچاوگی یەکەمی زیندەگی وژیان وڕوناکیان بیرکردو تاریکیان پەرست،،

بەڵێ ئەسەری وشوێنەواریەکان ،وازیان لە منادادھی ی دەفری هەمیشە ژیان هێنا،بەڵام مانای مەزن ،ڕووبە منادادھی گوتی کە ئێمە تۆمان دەسەڵات دارکرد بەسەر ڕوناکی وتاریکی دا،تا شوێنەوارپەرستەکان لەم گومڕاییە بگەڕێنەوە،بەم شێوە کۆمەڵێک شوێنەواری تر هەڵکەوتن ،بوونە پابەندی یاماومنادادحی ،ئەو هابیلی زیوا یە .

بەم شێوە مل ملانێ یەکی خەستە لەنێوان مانیاو منادادحی و هاوکارانی ڕوناکی وژیان ،لەگەڵ هێزەکانی شەڕو تاریکی ومەرگ، ئەم ملانێ یە پێش ڕەق بونەوەی زەوی ودروست بوونی ئادەم.

پاشان لە نەسجی دووەم ئادەم دروست دەکرێ ،

بەڵام باساهل نەی توانی بەئەسیروتیشک وئاگروهەڵم گیان بەبەرئادەم دابکا ،بۆیە چۆوە لای جیهانی باڵاو پێ ی گووت کە من هەموو شتێکم بەدی هێناوە تەنیاشێوەی خۆم وخۆت نەبێ ،لێرەدا ،باڵا گوتی بەسە، ئەم باڵایە بە مەلائکە نزیکەکان دەڵێ ،ئەونایەوێ باساهل بزانێ چۆن ڕوح بەبەرئادەم کراوە،کاتێ بەجامەدانەی باساهیل ئادەم بەجوڵەدەکەوێ،لەم ساتەدا حەوت مەلائکە گەورەکە پۆزش بۆباساهل دێ ننەوەوداوای لێبوردن دەکەن،بەڵام ئادەم کە هەڵدەستێ تەنیا هەمیشە زیندووی ڕۆشنا دەناسێ ،بەم شێوە اللە منادادحی دروست کرد،منادادحی هیبل زیوای بانگ کرد،ئەوانیش ئادەمیان بەجوڵە خست،پاشان بەهاوکاری چوار فریشتە ئادەمیان نارده جیهانی تاریکی ،بۆئەوەی ڕژێمی بۆ بگێڕێتەوەودەسەڵاتی بەسەردا بگرێ،منادادحی وهیبل زیوا وفریشتەهاوکارەکان هاتنە سەر دەریا یردنا ولەوێ خۆیان لەئاو هەڵدەکێشن، بەمەش دەسەڵاتی خۆیان بەسەرجیهانەکانی یردنادا دەگرن،ناوی فریشتەکان ،شیتل وئەنۆش وشەلمای وئەمای وئەدکاس ماناونهێنی گەورە ئەدفین ئەسەری وڕۆشنا ڕەبانیەکەی.

پەروەردگارتیشکی دایەهیبل،نوری دایە شیتل،هونەرمەندی ولێزانی وئیتقانی دایە ئەنوش.

ئەمانە دێن جەنگێکی زۆرلەگەڵ سحرو وجادوگەرو هێزەتاریکەکان دەکەن کە زۆر دوور ودرێژە هەموو نانوسرێ.

لەکۆتایی کتێبی شەشەم باسی چۆنێتی عروج وبڵندبوونی روحی نشماسای یوهانا یحیی دەکابەرەو عالەمی نوور.

لەسەرەتای کتێبی حەوتەم ،باوکی شەلمای کەناوی یەسرونە چەندپرسیارێکی بۆدێ لە عالمی نورەوە لەبارەی پێکهاتەکانی ئاگروئاوو وباو سەروخوارو چەنددیاردەیەک ،پرسیارەکان لە شەلمای دەکا وئەویش بەشێوەیەکی سەرەتایی وڵامی دەداتەوە.

لە کتێبی هەشتەم دیسای بچوک ،نوسەری حەکیم نوندا خەت ،پرسیارلە بنچینەی خێروشەڕو تاریکی وڕوناکی وبەدبەختی وبەختیاری وخۆشی وناخۆشی وساغی ونەخۆشی دەکا،بۆی دەردەکەوێ کە سەرچاوەی هەموو ئەمانە کشتای نوروژیانە، پاشان گەشت دەکابەجیهانی روحانیەکان ،زۆرکەسانی سەرنج ڕاکێش دەبینێ ،خەریک دەبێ سجدەیان بۆببا،بەڵام پەشیمان دەبێتەوەو هەرلەپاشای زیندو ،دەگەڕێ ،تادەگاتە بارەگاکەی ،نشماسای زیندو یەحیا پێ ی دەڵێ تۆ ئەی نوسەر لێرە بارەگات نیە تانەچی نوسراوەکانت نەسوتێنی وبەئاویان دانەدەی ،ئەویش دەگەڕێتەوە سەرزەوی دەیان سوتێنێ وبۆماوەی شەست ساڵ سەدان خوێندکارو شاگرد فێردەکا،ئەوجار ڕوحی بەرەوجیهانی ڕوناکیەکان بەڕێ دەکەوێ.

لەکتێبی یازدەهەم کەبەناوی -تیشکە یەکەمەکە-یە دەڵێ :

تیشکی یەکەم لە ماناوە دەرچوو ،یردنای بچوک لەوتیشکەوە دەرکەوت،یەردنای مەزن لەم بچوکە دەرچوو،لەیەردناوە یەکەم دڵۆپەی شاراوە دەرچوو، لەودڵۆپە شاراوە مامۆستای گەورەی ئیمان وشوێنەوارو ئاسارناس بەرهەم هات،

کۆتایی ئەم کتێبە دەڵێ ،هەرکەسێ سڕونەێنیەکەی ئەم ماڵە بپارێزێ مافی بڵندبوونی بۆجیهانی نور پێ دەدرێ، وەهەرکەسێ نەێنیەکە بدرکێنێ ،هەرگیز نور نابینێ.

کتێبی دوازدە کە ناوی :تیشکە دووەمەکەیە ،دەڵێ :ئەوتیشکە یەکەلەناوهەناوی بەهسا وماناى یەکەم دا داگیرساوە،بهسا باوەڕ وئیمانی بەم ڕۆشنایی وڕونیەی ناوهەناوی هەیە، باوەڕی بەخۆی ،مانا هەیە ،چونکە لەماناوە دەرچوە، ناوی شرهبیلە،ئەوڕۆشنایی هەناوە بەفر و شەختەکانی تواندەوە،کانیە ئاوەکانی تەقاندەوە،ژیان وزیندەگی دایە ئاو،ژیان لە ئاودا گەشەی کرد،ژیان ئاوی بۆخۆی کردە پانتۆڵ وشەڕواڵ ولە دامێنی دا نیشتە جێ بوو، ڕوناکی وتیشکەکانی لەودا مانەوە، ژیان باوەڕی بە دارشتن وگەشەی زاتی خۆی هێنا، کشتا کە لەئەزەلەوەهەیە ئەم زیندەگیەی لە خودی خۆی دروست کرد،ژیان دەستەڕاستی کشتای ماچ کرد،کشتا ماڵی خۆی لە ناوئاوی زیندەگی وڕوناکی وگەرمی دانا، گوتی هەرکەس ئیمانی پێم بێ دێتە ماڵەکەم ،بڕیاری دا کەجنس وڕەگەز بۆخۆی بەدی بێنێ،ئەوڕەگەزوپشتگیرەی بانگ کردوبوو ،لە تەنیشت خۆی دای نا بەیردنا راداو کەوای بۆکرد،لەنوری کشتای پۆشی ،ئەمیش ویستی لە خودی خۆی ڕۆڵەی هەبن، کشتا پێی دان ،ڕۆڵەو پێک هاتەی زۆری بانگ کردن ،هەموویان بوون،هاتن، دووبارە ئەونەوانەش چەندەها بونەوەرو پێک هاتەیان وەک کوڕو شوێن کەوتە بانگ کرد ،هەموو هاتن وبەدی هاتن.

باوکیان مۆڵەتی لێ خواستن کەشاراوەبێ، ژیان و ئاوی دانە براکەی نۆبەرەکەی .

هەمیشە زیندوو بە منداد حی گوت کە کەسێک بانگ بکا کە نوێنەروڕێکخەری جیهانی شکۆ - ویقار- بێ لەناو جیهانی تاریکی دا چونکە هەرمندادحی ئەوەدەتوانێ.

منداد حی گوتی :پاکی بۆتۆ ئەی زیندوی هەمیشەیی ،تۆ شەرەفی بونت پێدام وبانگت کردم وچەسپاوو ئەزەلیت کردم ،دەچم بۆناوتاریکی پێش

ئەوەی دروست بێ وبەناوی تۆ چەندین وەچە بانگ دەکەم وبەدی دێن،تۆ منت کردۆتە دەنگی زیندەگی وژیان.

منداد حی ئەم کارەی بەیاور سپارد، یاور بساهیلی کوڕی نارده جیهانی تاریکی ،بساهیل چەند وەچەی لەوێ پێک هێنان کە ڕوناکیەکەیان تەواونەبوو، وەچەندین چیاودۆڵ و بونەوەری دروست کردن وبەمەلائکەوشەیتانەکان ئاوەدانی کردەوە،هەموو جۆرە باڵندەوئاژەڵ ودڕندەو درەخت وڕوەکەکانی دروست کردن،ڕوباروجۆگەکانی ڕاکێشان،ماڵی ئادەمی قوڕینی دروست کرد،هەمووئەوشتانەی کە ئادەمی مرۆڤ پێی دڵ خۆش دەبێ دروستی کرد.

پاشان بساهیل ئادەمی کوڕی لەسەرشێوەی خۆی دروست کرد، حەوای ژنیشی لەسەرشێوەی ئادەم دروست کرد،پاشان لەڕوحی خۆی ومەلائیکەکانی ڕوناکی وتاریکی بۆ تێکەڵ کرد بەڵام نەی توانێ ئادەم لەسەرپێکانی ڕاگرێ ،بۆیە بساهیل هاتە لای بابی وهەردوکیان هاتنە جیهانی باڵا ،پاشان گەڕانەوە،منادحی نهێنی ژیاندنی ئادەمی لە مێزەری بساهیل دا شاردبوەوە،منادحی مێزەرەکەی بەئادەم دادا،ئادەم چاوەکانی کرانەوەو کەوتە سوپاس وستایش بۆ هەمیشە زیندوی مەزن وهیچ باسی بساهیلی نەکرد، بساهیل گوتی هاواربۆوەچەکانم کەتۆ بەسەریاندازاڵ بی،بساهیل تورەبوو،چوە لای بسایری باوکی ،بەڵام باوکی کەنارگیری کردو بەندی کرد،تالە دواڕۆژداپێک دێنەوە،بەم شێوە هیبل زیوا بوە ڕێنمایی کەری ئادەم،

ئادەم سەیری حەوای بەترس وشەرمەوەکرد،حەواش دەترساوشەرمن بوو،پاشان ئادەم بانگی هابیلی کوڕی ئادەمی کرد،شیتل ،شیس،لە هابیل بوو،ئانوش لە شیسی شیتل بوو،پاشان ئادەم هەربیری لەباوکی کردەوە،بۆچی وای لێ هات ،ئەو حەوا ئەو جلانەیان دانا کە هیبل زیوا لەبەری کردبون ،سەیریان کرد ئەوان دوگەنجینەی هاوشێوەن.پاشان سەرچاوەکانی عابر لەمانگی نۆدا بەحەوای ڕاگەیاند کەهابیل نهێنی هەموو گەردونی هەڵ گرتوەو لە چێنراوی ئادەم نیە ،بۆیە زۆر ڕێزیان لێ گرد ،پاشان چەند دوانەیەکی تر لە حەواوئادەم لە دایک بوون.

لە کتێبی سێزدەهەم کە کتابی ئانۆشە ،ئەنۆشی کوڕی شیتل ،ئەمە باوکی شرهبیل زیواوشهلون ینورو ویئیلی باسل ،ئەمانە هەموو جیاکراوەبوون سوجدەیان بۆئەنۆش برد،بە کەوای ڕۆشنایی داپۆشران،ئەم سێ ئەسەری وشوێنەوارناسانە تا ڕوحیان لە جەستەی تاریکیان دەرچوو ،بەرەو جیهانی ڕوناکی بڵند بوو، چونکە نورانیەکان تائەم لاشە تاریکە جێ نەهێڵن ،مافی چونەناو ڕوناکی هەمیشەیی ونەمریان نابێ ،پاشان نەوەکانیان بەڕێنمایی یردنا و تاریکی پەیڕەوی شەیتانیان کرد،پاشان هابل هاتەوە خوار تائەم گومڕایانە بگێڕێتەوە،بەڵام ئەوان دووڕووبوون وخەریکی پیلان گێڕی بوون دژی ،بۆیە ئەو دووبارە بڵندبۆوەو ئەنوش وشیتل وهیبل لەگەڵ منداد هی بڕیاریاندا کە لەئەوگومڕایانە بە ئاو لەناوببەن.

یردنا وشەیتانەکان هەوڵیاندا بەشمشێروئاگر وئاو هەموو ڕوناکیەکان لەناوببەن ،بەڵام نەیانتوانی وجار دوای جار بنەماڵەی پاک هەڵبژێراوچاودێری کراو پارێزرا،منادحی وئەنوش وئەسەریەکان جەنگی زۆردەکەن، لەگەڵ تاریکیەکان.

منادحی دەڵێ کە ئەوتاریکیانە تەنیا ئەوئاگرە لاشە خۆرەدەناسن کە لێ یەوە دروست بوون وبساهیل هەرئەوەندەی پێ داون،ئەمەش تازەوی وێران نەبێ،،ئەوان هیچ لە ڕۆشنایی زیندەگی وژیان وڕوح نازانن.

کتابی چوارده کەناوی پرسیارەکانی ئانوشە، دیارە بۆ دەرچوونی ئانوشە بۆ ئاسمان.

چەندنەسیجی ترلەم کتێبە کەپڕن لە تەسبیحات وباسی جیهانی تاریکی وپاداشتی چاکەکاران .

لە کتێبی پازده کە ئامۆژگاریە بۆمەندائیەکان هەرباسی ڕابردووی نورانیەکانە ولێرە باسی جبریلیش لەگەڵ ئەوان دەکاو کارەکان دەداتە پاڵ ئەو.

کتێبی شازده باسی سێ چریکەی گەردونی ودەرچونی ڕووحی سێ کەس لە ڕوحانی وئەسەریەکان دەکا کەنەوەی ئەنۆشن ،لە ڕوحی ئەوان

دارێکی نەبەتی گەورەوڕۆشن ونورانی لە ئاسمان دروست دەبێ،باسی یاورماناسمیرو کارە باشەکانی وبەشداری هەزاران هەزارڕوح وئەسەریەکان لەم درەختە گەردونیە ڕۆشنەو هاتنە قسەی دەفری بونەوەر بەپیاهەڵدان بەکردەوە چاکەکانی یاورمان .

یوشامن یەکێکی تردلە نورانیەکان بەڵام بەهۆی ئیرەیی و خۆبەزل زانی بەنەفرەت دەکرێ بێ ئەوەی بزانێ ،کوڕەکانی دەنێرێ بۆچاکە وئاشتی بڵاو کردنەوە ،ئەوانیش هەر لە ڕێ لادەدەن.

لە کتێبی حەڤدە دەڵێ ئانوش ئەو وشەکەیە، کەباسی کارەباشەکانی ئانوش ودوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی مەی وژن دان بە کافران دەکا ،پاشان لە نەسجی ،هیبلە بەڕێزەکە ،ئەم کتێبە وەک کتێبی هیندۆسەکان،باسی هەر ڕوحانیەک دەکا هەرچی کاری گەورەو بەدیهێنانی گەورەیە پاڵی دەداتە لای ،بۆ هیبل یش وئەوانی تریش هەروایە.

لەنسجی سێیەم باسی ئاوی زیندەگی دەکاودەڵێ یەکەم دروستکراوە،پاشان شەڕو بەدکاری لە ژیانی دووەم ،ژیانی ئادەم ،بەهۆی بساهیلی باوکی ئادەم هات چونکە بساهیل لە ئاوی بۆگەن دەرچوە ،بەڵام ئەباسری باوکی بەدەستەڕاستی خۆی دای پۆشی،

لەکۆتایی زەماندا کە هیبل زیوا ،کارەکانی کۆتایی دەست پێ دەکا،یوشامن وئەباسر دەکەون ،پاشان دەچن باساهل هەڵدەگرنەوەو لە یردنای مەزن نقومی دەکەن،تاپاک دەبێتەوەو بەرەو جیهانی ڕوناکی بەرزدەبێتەوە،ئیدی سوڵتانی جیهانی گشت دەدرێتێ وهەموو نوێژو ونزاکان بۆ ئەوبەرزدەکرێتەوە،وەدەبێتەوە پاشای کۆمەڵگای نشماساوپاشاودەسەڵات داری هەموو ناسورای وئەسەریەکان.

لەنەسجی چوار باسی ناسورائیەکان وپلە کانیان لە دواڕۆژدا دەکا، لە نەسجی پێنجەم پیاهەڵدانە بۆیاوەروکارە باشەکانی، لە نەسجی شەشە م باسی سەرەتای دروست بوونی ئادەم دەکا،کە چۆن باسهیلی باوکی وباپیری دروستیان کردو پاشان چۆن بساهیل سزادرا وهیبل کاری دنیای بەڕێوەبرد.

نەسجی هەشتەم ونۆیەم چەندهاوارێکی حەق وباسێکی ڕەمزی ئەسڵی نشماسا دەکەن.

لە کتێبی هەژدەباسی خۆشەویستی ئیماندار بۆ هەمیشە زیندوو دەکا،کەدەبێ چۆن بێ ،وە سکاڵاکانی منداد حی کە ئەو خەڵکی بانگ کردوە بۆنور و روح ونەمری،بەڵام ئەوان بە دنیاوە خەریک بوون.

لە دواکتێبی لای ڕاست کە نۆزدەهەم کتێبە،باسی تۆفانی نوحە ،چۆن ئەرزی سنەوبەرلەلوبنان وئەبەنوس لە حەڕان دەچێنێ وسێسەدڕۆژبەسەفینەی سێسەدباڵی خەرێک دەبێ،پاشان چل و دوو ڕۆژ باران دەبارێ ،یازدە مانگ کەشتی بەسەرئاوە،پاشان نوح کۆلارە دەنێرێ وکەچی لاشەیەک لە سەرکێوی باقرون مەشغوڵی دەکا،دوایی کۆتر دەنێرێ وچڵە زەیتوون بۆ نوح دێنێ،لەوڕۆژەوە نوح نەفرین لەکۆلارەدەکاو کۆترپیرۆزدەکا.

پوختەی لای چەپی کەنز ی رب=گەنجینەی پەروەردگار:

لە کتێبی یەکەم کە بەناوی گەڕانەوەی شیتل ی کوڕی ئادەمە بۆجیهانی ڕوناکی ،ئەم لایەش هەربەناوی الحی ،هەمیشە زینوی عزیزو غفور، بەهێزولێ بوردە دەست پێ دەکا،کە اللە یە،پاشان دوو شێوەی بەرجەستەی دەداتێ، ئەو ئاوەی هەمیشە لەبەری دەڕواوئەوشاخەی هەرگیزناچەمێتەوە، باسی دەرچونی روحی ئادەم وگەڕانەوەی دەکابۆجیهانی نور دوای هەزارساڵ ژیان،پێش پیربوون ونەخۆش بوون، ئێوە ئەودەنگە ناودەنێن مردن وبەڵام ئەودەنگی حەقە،هەرکەسێ مردن ڕەت بکاتەوە شەست وشەش بەربەست ولەمپەری لەبەردەم دروست دەبێ.

بەیاسورئیل گوترا بڕۆ بۆلای ئادەم وبڵێ ،تۆکەڕولاڵ ونەزان وکێوی بووی وئێمە چاووگوێ وگوتن ودانایی وحەوانەوەمان پێ دای ،بگەڕێوە بۆ جیهانی نورانی، ئادەم داوای مانەوەی هەزارساڵی تری کرد وسوایل ی ناردبۆلای شیتلی کوڕی کە هێشتاهەشتاساڵەو تائێستا ژنی نەهێناوەو دەیەوێ بگەڕێتەوە جیهانی ڕوناک،بەم جۆرە شیتل لەجیاتی ئادەم

گەڕایەوە،بەڵام نزای بۆباوکی کردکە پەردەی سەرچاوی ئەویش هەڵ گیرێ ،کاتێ پەردەکە هەڵگیرا،ئادەم گوتی شیتل بگەڕێوە،من دێمە جیهانی ئەنوار بەڵام کوا منداڵ دوای لە دایک بوون ،دەگێڕدرێتەوەناومنداڵدان؟؟

پاشان ڕزگارکەر هات بۆ ئادەم وتانشماسای ئادەمیش لە کۆت وبەندوزنجیری دەماروخوێن ولاشە و جسمی زەمینی ڕزگاربکا.

دوای گریان وگفتوگۆیەکی زۆر ،ڕوح ونشماسای ئادەم دەکێشرێ و بەرز دەبێتەوە.

پاش ئەوەش بەماوەیەکی کەم حەواش بەهۆی پاراستنی هیبل زیواو منادحی لە گریان نەجاتی دەبێ ودوعادەکا کە لە دنیا دەربازی ببێ ،ئەویش ڕوحی بەرەو جیهانی نوردەڕوا.

لە کتێبی دووەم دا ئادەم مانا ،سکاڵای دیلێتی خۆی لەناوبەندی لاشەی قوڕدەکا ،سکاڵاکەی دەگاتە هەمیشە زیندوەکەومنادحی دێتەلای ومژدەی دەربازبوونی لەوبەندە پێ دەدا،جەند نەسج ئەم سکاڵایەی ئادەم وئەم وڵامەی بۆدوبارە ،دەبێتەوە،تائادەم باسی بساهیلی باوکی بەخراپە دەکاکەبۆچی ئەمی بەندکردوە؟ پێ ی دەگوترێ کە نەفرین لە بساهیل نەکا چونکە بەفەرمانی هەمیشە زیندوو کردویەتی ولەدواڕۆژیش بساهیل دەبێتە گەورەوسەرداری ئادەم ،ئادەم داوای لێ بوردن دەکا،بەدرێژی هەشت نەسجی کتێبی دووەم ،سکاڵاکە دوبارەدەبێتەوە،وڵام دەدرێتەوە،هەڵدەکێشرێ بۆئاسمان ولەسەر کورسیەکەی دادەنیشێ.

لە کتێبی سێ یەم دا ،لەنەسجی یەکەم دا هەمووی وتووێژولاڵانەوەیە لە نەسیم ونشماسای ئادەم کە بچێتەناولاشەکەی ،دواتر لە حەوت نەسیج دا هەمووی وتوێژی نەسیمی نشماسای ئادەم ونەفس وڕوحەکان ،کەنشماسای نەسیمی ئادەم دڵنیایان دەکاتەوە کەلەم بەندیە دەردەچن،دەگەڕێنەوە جیهانی نور.

بەدرێژایی چەند نەسیج نشماسای ئادەم لە جیهانی نورباسی ڕوداوەکانی جیهانی ناولاشە دەگێڕێتەوە،گفتوگۆو دایەلوک لەنێوان لاشە ونشماسادا

دەکرێ ،لاشە بەگریانەوە بەجێ دەهێڵرێ،پاشان نشماسا دەبرێتە بەردەم بەدیهێنەرەکەی ولێ ی دەپرسرێتەوە کە لەناولاشەکەی چی کردوە،نشماساش دەست دەکابەبژاردنی کارەباشەکانی، داوای شایەدی لێ دەکرێ، چاکەکانی وداڕشتن وسبغەکانی وکشتا وبهسا شایەدی بۆدەدەن.

بەدرێژایی نەسیجەکانی تر هەمووی گفتوگۆی نشماساولاشەو جیهانبینی نشماسای بێ لاشە یە، هەموو شتێک وە هیچ شتێکە لە جیهانی بێ لاشەی دا.

هەڵسەنگاندن وبەراوردەکان:

- بۆشایی ودەفری بەشکۆو ویقار یەکەم ناوەندە ،کەلەم کتێبە باس کراوە،ئەولەوح وتابلۆو وئیناودەفری لەباوەشگری هەموو ڕووداوو تەن وشێوەو کەس وجولّەو ئاڕاستە وپێک هاتەکانە، کشتا ،دوای ئەو گشتی وکوللیە ،پاشان ڕوناکی ونورانیەکان لەم بۆشاییە لایەک بڕدەدەن ،جاچونکە ئەم نورانە هەرچەند بەدەسەڵات بن،زۆرلەوەبچوکترن کەگشت بۆشایی پڕ کەن، بۆیە هەموو شوێن وپانتاییە پەی پێ نەبراوەکان دەبنە شوێنی یردناوتاریکیەکان و،،هتد،،

-ئەو هەموو ناوەندە جیاو فرە دەسەڵاتانە ،هەربۆئەوەن کە بیری تاقانەیی خالق وبەدیهێنەربدۆزنەوە،بەڵام هەمەچەشنی وجیاوازی بونەوەرودیاردەو ڕەنگ ودەنگ وشتەکان وای کرد کە ئەم مرۆڤە وابزانێ کە ئەو خالقەی خێرە دژو ناحەزوهێزی پێچەوانەی هەیە کە دەسەڵاتی بەسەرداناشکێن ،هەربۆیەش ئەم هەموو نورانیانە لە زنجیرەیەکی دووردرێژدا ولەچەندقۆناغ دا ئەم ملانێ یە بەردەوامە،من لە زۆر بابەت باسی ئەوەم کرد کە هۆی ئەمە نەبوونی مەڵبەندی بوونە لە ناسینی ئەو تاقانەدا

-بەشێک لە تێنەگەیشتنەکان زمانەوانین،زمانەکان ووشەکان دەلالەتیان لە سەرماناکان بەشی وجوزئیە ،زمانەکان زووزوو دەمرن، وەک شەرع وداب ونەریت وهاوبەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تر،ئەوانیش لەگۆڕانی بەردەوام دان،بەڵام مرۆڤایەتی لەناودەمارگیری ونەزانی خۆیدا دەتلێتەوە، وادەزانێ وشەکان وەک ماناو واتاکان نەمرن،بۆیە بەخۆپەرستی ولوت

بەرزی دەستەیەک توشی دەق بەستویی خۆبەخوازانی وزمان وبیرکردنەوەی خۆ فەرزکردن دەبێ ،دەستەیەکی تریش ئەم شەختەبەندە دەشکێنێ وشۆڕش وخەبات دەکاو لەو ڕێ یەش دا قوربانی زۆر پێشکەش دەکرێ،گۆڕستان وبەندیخانەکانیش بۆئەمە پڕ دەبێ.

- جیاوازیەکانی دین وبنەماکانی سابئە لەگەڵ جولەکەوئیسلام دا جیاوازی زۆرە،لە ژیانی پێش ئادەم وخەلقی گەردوون ،لە ڕیزبەندی شتەکان،لە تاوانەکەی ئادەم ،لە بێ تاوانی وتاوان باری بساهیل ،کە هەرئیبلیسەکەی قورئانە ،لێرە بەڵام لە کەنزی رب بساهیل بابی ئادەم وحاوایە ولەلای یەزیدیەکان مامۆستایەتی ولە تەورات وقورئان دژیەتی.

- ئادەم ،خەلیفە ،تفل ومناڵی ئاخ ،کوڕی خاک،خاتف وفڕێنەری ئال ،غەفڵەت وبێ ئاگایی ،کوڕی ئاخ،کوڕی برای بەڕو وشکانی، کوڕی ڕب وبڕ،کوڕی بڕبڕی وجیاوازی وفرەیی وئیختلاف وپەرتەوازەیی ،هەربۆئەمە ئەم جیهانە دروست کراوە،کەواتە ئادەم کوڕی ئیسمی ڕەب وبەڕە وبەش وجوزئە،ڕبوبیەت وئاخ وخاک وتوراب ،بەشێکە لە ئیسم ومەلەکوتی اللە ،باڵێکە ،بەڵام هەمووی نیە، لەوانەیە ڕێژەیەکی زۆرکەم بێ لەمەلەکوتی اللە،ئەو نوێنەری بەشە جیهانەکەی بڕبڕبوون وپەرتەوازەییە وبیروشەک وگومانە.

باڵەکەی تری ئەم وجودە ،ئەو ئیستسنایەی سورەتی هودە ،الا من رحم ربی. کەواتە ڕحم لێرە لەم باڵە جیاکراوەیە،بەڵام جیاکراوەی تریش زۆرن ،هەموو ئەم ئەسمایانەی کە لەهەردینێک دا هاتوون ،لەگەڵ ئەوسیفەتانە ،وەئەوانەی لای عارف وفەیلەسوف وحەکیمەکان هەن ،ئەوانەش کە کەس نەیزانیون ولە مەلەکوتی نەێنی دا ماونەوەو نە قەڵەم نوسیونی ونەلەوح بینیونی ،ئەو عالەمە پەی پێ براوە ی کەوتوتە بەرپەنجەرەی علم ومەعلوم بوون ،وەلە وپێنج دینەدا حەقیقەتی دین وشەرع وهەواڵە پەی پێ براوەکان ،کەزۆرجاردژبەیەکیشن ،دەبێ دان بەوەدا بنێین کە نەمری،بێ سنوری ،ئەبەدی ،ئەزەلی دەسەڵاتی ،اللە لەلایەنە پەی پێ نەبراوو نەزانراوو شاراوەو نەدۆزراوەکەیەتی،ئەگەر اللە ڕێژەیەکی کەمی ،وەک ئەوگۆشەی شاخەکەی توری سوتاند کە تەجللای

کرد،ئەوچیایە فیترەتە،جبلەتە ،عەقڵ وبیروهۆش
وهەستەکانن،ئەولەبەشەکەمەی پەی پێ براوە،گەردوون وبونەوەرو ئەسما
وناوو زمانەکان ونوسین ولەوح وقەڵەم وتابلۆکان لەت وپەت وشەق شەق
بوون وبورانەوە، یەکتریان قەتڵ وعام کردو توانەوە،ئەوپێنج دینە کە
سابئەومەجوس ویهودونەساراوئیسلامن،بۆپێنج مامۆستا خاوەن عەزمەکە
وپێنج پایەی ئیسلام وپێنج نوێژەکە ،ئەوان پێنج حاڵەتی بۆشایی وهەوایی
وئاوی وئاگری وخاکی دەنوێنن ،کە پێنج سەرەتاکەی ئاڤێستان، ئەمانە
بەهەموویان نیوەی بونەوەری پەی پێ براون،وەئەو پێنج نوێژانە نیوەی
نوێژن، ئەوپێنج پایەش نیوەی پایەکانن.

- چوار ڕۆژەکەی زەوی لێ دروست بوو ،یەم ودەریای
ئاوی،هەوایی،ئاگری،گڵی یە.

دوانە ئاسمانیەکەش ،دەریای بوشایی شوێن وئاڕاستەکان ودەریای زەمانی
یە بەهەرسێ زەمەنەکەی ،ئەوە شەش ڕۆژ ودەریاو ناوەندەکە ئەم شەشانە
کاڵ وخاوو و نەگەیشتوو وناتەواوبوون ،لەم شەشەوە چوار ناوەندی
تەواوکەرو گەیەنەرو مستەوی هاتن، لە جیهانی جەمادو بێ گیانی گەرم
ولەدەرەوەی گەردیلە ،غلاف وبەرگی گەردیلە ،لێکدانی ئەلکترۆن
وپیچەوانەکانیان وزەکان زۆردەکەن ،ناوکە پرۆتۆن ورەق
وپەستراوەکانیش فتری وترشەڵۆک،لەهی یەکەم خەلیفەی ئۆرگانی ئادەمی
کەوەک ئەلکترۆنەکان لە ئەنجامی لێکدانی ئەندامە نێرومێ یەکان دەبێ،
ولەهی دوەم جن وڕوەک ودرەختەکان ،هاتن،بەمەش جیهانەکان بوونە دە
و ڕحمن ودەسەڵاتی لەدەرەوەی ئەم دەپەی پێ براوە ئیستوا دەبێ
،تەواودەبێ وپێ دەگا ..

یەکەی چوارەم لە: ژمارەوکات وشوێن ونەخشەلە نیوان تیکستە
دینیەکان و دۆزینەوەوتیۆریە زانستیەکاندا:

چۆنێتی دروست بوونی بونەوەر و پەیکەری پیرۆزەکان لای :بابلیەکان:

پێش زیاتر لە پێنج هەزارساڵ لەمەوبەر شارستانی بابلیەکان لە ترۆپکە
دابوو،ئەم گەیشتن بە ترۆپکە چەند هەزارساڵی ویستوە تا بگاتە

ئەوئاستە،ئاماژە کان خواوەندو وپەرستراوەکانی بابلیان بە زیاد لە شەست وپێنج هەزار خواوەند داناوە،هەموو گوندێک پەرستراوێکی هەبوە کەپارێزگاری لێ بکا،زۆری ژمارەی پەرستراوەکان ،زۆری ژمارەی گوندەکان وئاوەدانی ناوچەکەی لێ دەخوێندرێتەوە،بەڵام ئەم هەموو پەرستراوانە هەموویان بچوک بوون،پەرستراوی گەورە وتاکە بەدیهێنەر پێ ی دەگوترا:نۆ یان ئانۆ=ڕۆژگار واتە کات .

لەگەڵ ئانۆدا تەنیا دوو بونەوەر بونیا ن هەبوو ،ئەبسو=بۆشایی وپانتایی بێ سنور،لەگەڵ تهامات ی زەریای بێ سنور،هیچی ترنەبوو،نەمرۆڤ ونەزەوی ونە گیانەوەران ونە خواوەندوپەرستراوەکان،پاشان تهاماتی دەریا تێکەڵی ئەبسوی بۆشایی بوو،بەتێپەڕینی ئانۆی ڕۆژگار ،چەندین پێک هاتەو خواوەند لەم تێکەڵە ی ئاوو بۆشایی دەرکەوتن،لەوانیش خواوەندی نور،ئەم پەرستراوانە ،خێرخوازونورانی بوون وبەهیچ شێوەیەک لەتەهاماتی دایکیان نەدەچوون، بۆیە تهامات بڕیاری دا هەمووان لەناوبەرێ، لەگەڵیان کەوتە جەنگ وچەندین تنین وعەزیاو دڕندەی بۆدروست کردن،هەموو خواوەندە نوێ کان بەرامبەرکنجۆی تەنینی تەهامات چۆکیان دادا، تا مەردۆک ،مەردۆخ ،سەرەی هات ،بەڵێنی لەهەموو خواوەندەکان وەرگرت کە دوای سەرکەوتنی ئەو بەهێزترین پەرستراوو خواوەندبێ،هەموو بەڵێنیان پێ دا ،مەردۆخ هێزی باو هەورو ئاگری لەگەڵ دابوو بەسەر تهامات وکنجۆو هەموو دڕندەکاندا سەرکەوت وبوە تاکە پەرستراوو خوداوەندی هەرەبەهێز.

پێ دەچێ ئەم ئەفسانە ئاموریەکان دایان ڕشتبێ وەک سەرخستنی پەرستراوە تاقانەکەی خۆیان مەردۆک کە جێگەی انلیل یان پێ پڕ کردەوە،چونکە لە ڕیزبەندی پەرستراوەکانی سۆمەریاندا ،ئەنلیل تاکە پەرستراوو ودروست کەری هەموو خوداکان وبەدیهێنە رو چاودێری پاشایەتی وبەخششەکانەو ئەو شتەکان بە مرۆڤەکان دەبەخشێ، لای وانیش ئان پەرستراوی ئاسمان وئانکی خوداوەندی دایکە زەوی بوە، بەڵام لای سۆمەریەکان ،ئانکی وەک تهاماتی ئاموری بەدفەڕوشەڕخوازنیە ودژی خێرو نور وڕوناکی نیە.

ئان لای هەندێک ڕۆژگارو لای هەندێک ئاسمانە ، ئانلیل واتە ڕۆشنکەرەوەی ئان لوئلوئو مرواری درەوشاوەی ئان ،ئان لێرە بۆشایی ئاسمانە ، ئانکی واتە دابەزیولە ئان ،واتە زەوی ، ئەنۆنیکەکان واتە دابەزیوەکان لە ئان بۆ کی زەوی.

لە نوسراوەکانی سۆمەریان باسی کارەساتی تۆفان وڕزگارکەری مرۆڤایەتی زیۆسودا =نوح وەک پاڵەوان دەکرێ،ئەکەدیەکان کە پاش سۆمەریەکان هاتن ،باوەڕیان بە دینی سۆمەریەکان هەبوو،تەنیادووپەرستراوی نجرسو ،خۆر ،وە عەشتار زوهرەیان زیادکردن، ئاموریەکان دوای ئەکەدیەکان باس دەکرێن ،هەرچەندە جۆتی وگۆتیەکان حوکم وفەرمانڕەواییان لە ئاکادی یەکان وەرگرت،ئاموریەکان کەبابلی یەکەمیان پێ دەڵێن وبەیەکەم گەلی سامی دادەنێرێن بەبێ مشت ومڕ،چونکە سامی بوونی ئاکادیەکان زۆرمسۆگەرنیە، چونکە لەگەڵ سۆمەری گۆتیەکان دەولەتیان پێک هێناوە،کەچی بابلیە سامیەکان مەردۆکیان لە جێ ی ئینلیل ،اللە داناوە،ئەوەش دەیسەلمێنێ کە اللە وشەو ئیسمێکی سامی نیە ،پێش دەرکەوتنی سامیەکان هەرئەوتاکە پەرستراوی جیهانی شارستانی بوە، بابل ،وەک پایتەخت پاڵ دراوەتە لای اللە ،واتە باب ودەروازەی اللە ،حامورابی پاشای بابلی :١٧٢٨-١٦٨٦ پ زپاشابوە ،یاساکەی لە خواوەندی مەردۆخ وەرگرتوە کە هێماکەی خۆربووە،

ئەموریە بابلیەکان پەرستراوی زریانەکانیان ناونابوو ئەدد،حەدد،کە دەڵێن هەمان یەهوەی خوداوەنی زریانە لەتەورات دا، هەروەها ئنلیل لای سۆمەری وئاکادیەکان خوداوەندی زریان وگەردەلول بووە، لەوانەیە پاشگری وشەی گەردەلول ،ئاماژە بێ بۆ ئینلیل یان ئیل .

چۆنێتی دروست بوونی بونەوەروپەیکەری پیرۆزەکان لای :هیندۆسەکان.

خالی دابەش کردنی سیانی ,براهما وجودە واتە تەنەکانە لە چوار دۆخی رەقی وشلی وغازی وبڵێسەیی و ئەو ئاڵو گۆرانەی کە لەم حالانە روو دەدا ,

فشنۆی پاریز، ئەو دەفرو ماعونی مەکان و بۆشایی یە کەوەك دەفریك تەنەکانی براهمای وجودی لە باوەش گرتوەولەوحێکە وتەنەکان دێرونوسینی سەرڕووی ئەون، پاریزەری هەمو دۆخ و حالەکانیانە و ئاراستەکەریانە لە سەر خولگەکان.

سیفا شمشێری زەمەن و کاتە ،بە تیپەر بونی کات برەهما ی توخمەکان زیاتر پەرت دەبێ ,بەهۆی دریژو دووری قۆناغەکان و زۆری گۆڕانەکان مۆزەخانەکە ولەوحەکەی فشنۆ ئیدی چیدی ئەم ئەمانەتەی براهمای بوونی پێ هەلناگیرێ و لیرەدا سیفا سەیف وشمشێری کاتەو هەمووی لەناو دەبا ،هیچ شوێنێك نیە کە وەك خۆی بمێنێ،کەبەڵگەیە لەسەرئەوەی سیفا دەتوانێ فشنۆ بگۆڕێ.

وە هیچ تەن و مادەیەك نیە کە بتوانێ نەگۆڕ بێ ،کەبەڵگەیە لەسەرئەوەی کە سیفا ی کات براهمای بوون دەگۆڕێ.

بۆیە کە ئادەم وحەوای پاریزراولە لەت لەت بوون ،واتە جەستەیان بەشێوەیەک بوو کە تێپەڕبوونی کات کایگەری لێ نەدەکرد،چونکە لاشەیەک بوو بۆمانەوە دروست کرابوو.

بۆیە هەڵەکەی ئادەم و حەوا ئەوەبوو کە زاووزێ ی لێ بپشکوێتەوە،بۆیە کە دوای هەڵەی حەواوئادەم زۆربوون و وەچەنانەوەو عادەی بێ نوێژی مانگانە دەستی پێ کرد،وەلە جەنەت دووبارە بەوشێوەیە، جەننەت وەک کونەڕەشەکان وایە،یان شوێنێکە هەمیشە تەنەکانی بەخێرایی تیشک ڕەودەکەن وزەمەن وکات کارلەوان ناکا وکونەڕەشەکان کاتیان مژیوە، ،سیفاو شەیتانی شیکەرەوەی تەن و زەمان ودەم وکاتی لێ نیە و تەنەکان ولاشەکان لە شوێنێکی دابڕێنراون لە کات ودەم وزەمان و وەقت وعەسر ،نەشی دەبنەوەو نەدادەخورێن ونەدەگۆڕێن ونەدەمرن ونەدەڕزن،بۆهەتاهەتایە وەک خۆیانن ،چونکە کە زەمان لە شوێنێک نەبێ واتە ئەزەلیەتی لێ یە، زەمان وکات ،دۆخە ،خودایە، چونکە لە دەرەوەی کات قۆناغو دۆخ وهەرچی دەلالەت لەسەر زەمان بکا لەوێ نیە ،بەپێچەوانەی جەهەنەم کە داخوران وشی بوونەوەو

گۆڕانی پێست وجلدەکانی لێ یە،واتە بە دەربڕینی هیندۆسی لە جەننەت هەر براهمای لاشەی هەمیشەیی وفشنۆی جێگای هەمیشەیی لێ یەو سیفای خودای دۆخ وکاتەکان ونیزام وڕەجیمی زەمەنی لەوێ نیە وتەنیا لە جەهەنەم خودای کات دەسەڵاتی هەیە.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیەکە ئەم بونەوەرە ئەم دیو مردن سەرەتاو کۆتایی هەیەو نەبراهمای وجود خالقی هەمیشەییەو نە فشنۆی لەو حی شوێن تێیدا هەتاهەتاییە و نەسیفای زەمەن ,ئەمانە هەمووی خەلق و بونەوەرو جیهانیکن لە جیهانەکانی اللە،لێرە بەناتەواوی پیشانی داین ولەودیومردن بەتەواوی پیشانمان دەداتەوە .

٤- چۆنێتی دروست بوونی بونەوەرو پەیکەری پیرۆزەکان لای چینیەکان:

لە یەکێک لە کەنارەکانی بۆشایی دا هێلکەیەک هەبوو،ئەم هێلکە تروکا، تاکە بونەوەری گەردونی لێ هاتە دەر کە ناوی بانکۆ بوو،بانکۆ هەموو ڕۆژێ دە پێ درێژدەبوو، ئەم بانکۆیە هەژدەهەزارسااڵ ژیا وپاشان مرد،لاشە گەورەکەی شی بۆوە،هەربەشێکی بوە هێلکەیەک،سەری بانکۆ بوە مانگ وخۆر،خوێنەکەی بوە دەریاوڕوبار،قژەکەی بوە دارستان وجەنگەڵ،عەرەقەکەی بوە باران،ئەسپێ کانی ناولاشەی بونە مرۆڤ، لەو لاشەیە هەموو بونەوەرانی گەردون دەرکەوتن،ئەم بیردۆزە هی تاویەکانیشە، لەم بۆچونە بچوک کردنەوەی ڕۆڵی مرۆڤ ودیارخستنی وەک مشە خۆر دەردەکەوێ.

لەڕاستی دا هێلکە کە زەویە، هەموو ڕۆژێ نەک دەپێ ،بەڵکو ملیۆنان تەن زیاد دەکا،هەرئەو شی دەبێتەوەو بەخانە وەریوە کانی زەوی ڕۆژومانگ وئەستێرە وکلکدارو هەموو شتەکانی بۆشایی پێک هاتوون ،مرۆڤ وزیندەوەرانیش ،زۆرجار دەبنە مشەخۆری سەرزەوی،خراپەیان لە چاکەیان زۆرترە.

٥- چۆنێتی دروست بوونی بونەوەر وپەیکەری پیرۆزەکان لای مەجوسیەکان:

لە بەشی دووەم لە کتێبی ڤەندیاد دا هاتووە :

زەردەشت پرسیاری لە ئاهورامەزدا کرد :ئاهورامەزدا,ئەی گیانی پر لە خیروچاکە، ئەی دروستکەری جیهانی لاشەکان، ئەی پیرۆز ،کێ بوو پێش من ،زەردەشت ، تۆ ئەوت دواند وفێری دینی ئاهورامەزدات کرد؟

ئاهورامەزدا وەڵامی دایەوە :

ئەو یەمای نەوجوان بوو ، شوانی چاکەکار بوو ،ئەی زەردەشتی پیرۆز ،ئەو یەکەم مرۆڤ بوو کە من گفتو گۆم لەگەڵ کرد پێش تۆو فێری دینی ئاهورامەزدام کرد،من بە ئەوم گوت -ئەی زەردەشت - ئەی یەمای نەوجوان کوری ڤیڤنهاتتۆ دەتەوێ شەریعەتی من فێر بی وهەڵی بگری؟

یەمای نەوجوان وڵامی دامەوە، ئەی زەردەشت، گوتی :من ئامادە نەبو م وفێری شەریعەت نەکراوم تاهەڵی بگرم.

ئا لەم کاتەدا من ،ئاهورامەزدا ،پێم گوت ئەی زەردەشت:

کە تۆ ئامادە نەبوی شەریعەتەکەم هەڵ بگری کەواتە دروست کراوەکانم زۆر بکەو گەشەیان پێ بدە وبیان پاریزەو سەرپەرشتی وچاودیریان بکە.

یەمای نەوجوان وەڵامی دامەوە ئەی زەردەشت:

گوتی :بەڵێ دروست کراوەکانت زۆر دەکەم و گەشەیان پێ دەکەم وپاریزگاریان لی دەکەم و چاودیریان یان دەکەم ، لەولاتی مندا نەبای گەرم بوونی هەیە ونەبای سارد ،نەنەخۆشی بوونی هەیە ونەمردن.

ئالەم کاتەدا من ئاهورامەزدا دوو ئامیرم پێ دان ئەنگوستیلەیەکی زێڕو شمشیریکی بە زێڕ رووو پۆش کراو ،بەم شیوە یەما بوە پاشای شانشینەکە.

جا کاتێ لە سەردەمی یەما 300 زستان تێپەری زەوی پر بوو لە ئاژەلی بچوك وگەورەو مرۆڤ وسەگ وباڵندە و ئاگری سوری
هەلگیرساو وهیچ شوین نەما بۆ ڕێ کەری گەورەو بچو ك,من گوتم ئەی یەمای نەوجوان هۆشیاربەوە ئەی کوڕی ڤیڤهات ئەوا زەوی پڕ بوە لە ئاژەلی گەورەو بچوك و مرۆڤ و سەگ و باللندەو ئاگری سوری داگیرساو و هیچ جیگەو ریگە نەماوە ,ئالەم کاتەدا یەما بەرەو باشوور بەڕێ کەوت و بە دوای ئاراستەی تیشکی خۆر کەوت و زەوی بە ئەنگوستیلەکە مۆر کردو بە شمشیرەکە ڕێی شە ق کرد و ئاماژەی کرد و گوتی:

سویند بە راست گۆیی وهاوڕێ یەتیمان ئەی ئەسپینتا ئەرمەئیتی، ئەی پەری زەمین تکات لی دەکەم کە درێژ ببی وفراوان ببی بۆ ئەوەی ئاژەل و مرۆڤەکان هەڵگری ،بۆیە زەوی بە ئەندازەی ئەوەی کە هەیە سێ یەکی زیادی کرد وئاژەلی گەورەو بچوك ومرۆڤ بە ئارەزوی خۆیان رێیان کرد.

جا کاتێ لە سەردەمی یەما 600 زستان تێپەری دیسان زەوی پڕ بوو لە ئاژەلی بچوك وگەورەو مرۆڤ وسەگ وباللندە و ئاگری سوری
هەلگیرساو وهیچ شوین نەما بۆ ڕێ کەری گەورەو بچو ك,من گوتم ئەی یەمای نەوجوان هۆشیاربەوە ئەی کوری ڤیڤهات ئەوا زەوی پر بوە لە ئاژەلی گەورەو بچوك و مرۆڤ و سەگ و باللندەو ئاگری سوری داگیرساو و هیچ جێگەو ڕێگە نەماوە ,ئالەم کاتەدا یەما بەرەو باشوور بەرێ کەوت و بە دوای ئاراستەی تیشکی خۆر کەوت و زەوی بە

ئەنگوستیلەکە مۆر کردو بە شمشیرەکە رێی شە ق کرد و ئاماژەی کرد و گوتی:

سوێند بە راست گۆیی وهاورێ یەتیمان ئەی ئەسپینتا ئەرمەئیتی، ئەی پەری زەمین تکات لی دەکەم کە دریژ ببی وفراوان ببی بۆ ئەوەی ئاژەل و مرۆڤەکان هەلگری ،بۆیە زەوی بە ئەندازەی ئەوەی کە هەیە سێ یەکی زیادی کرد وئاژەلی گەورەو بچوك ومرۆڤ بە ئارەزوی خۆیان رییان کرد.

جا کاتێ لە سەردەمی یەما 900زستان تیپەری دیسان زەوی پر بوو لە ئاژەلی بچوك وگەورەو مرۆڤ وسەگ وبالندە و ئاگری سوری هەلگیرساو وهیچ شوین نەما بۆ ڕێ کەری گەورەو بچو ك,من گوتم ئەی یەمای نەوجوان هۆشیاربەوە ئەی کوری ڤیڤهات ئەوا زەوی پر بوە لە ئاژەلی گەورەو بچوك و مرۆڤ و سەگ و بالندەو ئاگری سوری داگیرساو و هیچ جیگەو ریگە نەماوە ,ئالەم کاتەدا یەما بەرەو باشوور بەرێ کەوت و بە دوای ئاراستەی تیشکی خۆر کەوت و زەوی بە ئەنگوستیلەکە مۆر کردو بە شمشیرەکە ریی شە ق کرد و ئاماژەی کرد و گوتی:

سوێند بە راست گۆیی وهاورێ یەتیمان ئەی ئەسپینتا ئەرمەئیتی، ئەی پەری زەمین تکات لی دەکەم کە دریژ ببی وفراوان ببی بۆ ئەوەی ئاژەل و مرۆڤەکان هەلگری ،بۆیە زەوی بە ئەندازەی ئەوەی کە هەیە سێ یەکی زیادی کرد وئاژەلی گەورەو بچوك ومرۆڤ بە ئارەزوی خۆیان رییان کرد)

لێرەدا پێویست دەکا هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم دەقەی پێشوو بکەین .

کەواتە ئاهورامەزدا لە پێش زەردەشت نەقسەی لەگەڵ ئادەم وکێومەرد و هیچ کەسی تر نەکردوە لەگەڵ ئەوەی کە ئاڤێستا دەڵێ یەکەم دروستکراوی ئاهورامەزدا کێومەرز بووە ، بەڵام شەریعەت ودینی خۆی بێجگە لەیەمای جوان ولاوی کوڕی ڤیڤهات کە شوان بووە بۆ کەسی تر نمایش نەکردوە ، کەواتە ئاهورامەزدا پێچەوانەی خواوەندی

هیندۆس وبەرهەمی و بوزی وجانی و جولەکە و مەسیحی وسابیئی و مسوڵمانەکان خوایەکی زۆر تایبەتە و شەریعەتەکەی خۆی لەجیهاندا داوەتە دووکەس ئەوانیش یەما وزەردەشتن ، پێچەوانەی ئەوەی لەدینەکانی تر باس دەکرێ.

تێبینی دووەم ئەم ناوە یەمای کوڕی ڤیڤهات کەلاوێکی جوانکارو شوانێکی میهرەبان بووە و وڵاتەکەی وڵاتێکی دوورلەسەرماو گەرما ونەخۆشی بووە وەک باس دەکا،ئەم وڵاتە لە وڵاتی یۆتۆپیاو ئەفسانە دەچێ ، هەرچەندە مەحاڵیش نیە کە وڵاتی وابوونی هەبووبێ پێش تۆفانی نوح ،کەدەڵێم پێش تۆفان واتە پێش کێومەرد چونکە بۆمان سەلما کە کێومەرد نوحە ،

لە کتێبەکەدا جرجیس فتح الله هیچ پێناسەی ئەم کەسایەتیە و وڵاتەکەی نەکردوە .

بەڵام ئەم کەسایەتیە تەمەن درێژە پێش ئەوەی ئاهورامەزداش بیدوێنێ هەرشوان و دەسەڵاتداروخاوەن وڵات بوو، لە گەڵ ئاهورامەزداش ٩٠٠زستان واتە نۆسەدساڵ فەرمانڕەوابوو ، دوای ئەو نۆسەدسالەش هێشتا چیرۆکەکە تەواونەبووە ، کەواتە ئەم کەسایەتیە لەنوح بەتەمەنتر بووە .

دیاردەیەکی تر کە تێبینی دەکرێ لەم دەقە ئەوەیە کە زەوی لەوسەردەمە هەرئەوەندەیە کەلەژێر فەرمانڕەوایی ئەم شوانەیە ، وەکاتێ ئەو وڵاتە پڕ دەبێ لە ئاوەدانی ، ئەم کەسە بە شمشێرو ئەنگوستیلەکە زەوی سێیەکی ئەوەندەی هەیە فراوان دەبێ ، وەهەموو جار بەرەوباشوور فراوان دەبێ ، باشوریش بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتە ، کەواتە لەو سەردەمەدا ڕۆژهەڵات خواروو وباشوور بووە .

ئەو سێ جار فراوان بوونە ، ئەگەر یەکەم جار سێیەکی وشکانی واتە لەسەداسی وسێ ی ووشکانی هەبووبێ و لەجاری یەکەم لەسەدادەی بۆ زیادبووبێ وبووبێتە لەسەداچل ویەک ، جاری دووەمیش لەسەدا سێزدەی

بۆ زیاد بووبێ وبووبێتە لەسەدا پەنجاوچوار ، جاری کۆتایی لەسەدا هەژدەی بۆ زیادبووبێ وبووبێتە لەسەدا حەفتاودوو .

ئەم دەقە باسی سەردەمێکی هەزارساڵی دەکا کەجیهان یەک پارچە ووشکانی هەبووەو هەمووشی لەژێردەسەڵاتی یەک کەس بووەو سەردەمی خۆشگوزەرانی بووە و جەنگ وهەرا ونەخۆشی وسەرماوگەرماوکارەساتی سروشتی بوونیان نەبووە .

بەڵام وەک لەدەقەکە دەردەکەوێ کە یەمی لاوتەنیا دروستکراوەکانی ئاهورامەزدای پاراستون بەڵام شەریعت ودینەکەی لێ وەرنەگرتووە .

وە ئەوفریشتەی کە یەمی لاو ناوی دێنێ

-ئەسپینتا ئەرمەئیتی-کە پەری زەمینە .

یەکێکە لەو شەش فریشتە نەمرەکان(ئەماشا ئەسپینتا- هەمیشەییە سپیەکان) کە ئەمانەن:

1-ڤۆهۆمنۆ(بەهمەن) واتە بۆچوونی راست وهەنگێوەر کە بەرپرسی گیاندارو ئاژەلە سودبەخشەکانە.

2-ئاشا ڤەهەشتا –ئەرد بەهەشت , واتە چاکەکاری وجوانی کە بەرپرسی ئاگرە.

3-ئەخشرا ڤەئیریا واتە ئیرادەی بەخشش وبەهرە ومەلەکوتی خوازراو کە بەرپرسی کانزاکانە.

4-ئەسپینتا ئەرمائیتی لیبوردەی بەریز، کە بەرپرسی زەویە. کە هەموو جارێ یەمای نەوجوان بەناوی پەری زەوی ناوی دێنێ و سوێند بە ڕاستگۆیی وهاوڕێیەتی خۆی و پەری زەمین دەخوا.

٥-هائژواتات (خورداز)واتە تەندروستی،ئەوفریشتەی بەرپرسی ئاوەکانە,

6-ئە مرتات (مرداد)واتە نەمر ، بەرپرسی رووەك وسەوزایی یەکانە .

جا ئایا یەم یەکێکە لەم شەش فریشتانە وهاوڕێی پەری زەمینە ، یان ئاپۆی کوڕی ئاهورامەزدایە کە بەرپرسی یەزەتە زەمینیەکان و ئاگری سەرزەویە ؟ پێ ناچێ ئەم یەمی جوانە مرۆڤێکی ئاسایی بێ ئەویش لەوەیە یەکێک بێ لە یەزەتە پیرۆزەکان ویان یەکێکە لەشەش فریشتەکان .

وە کە ئاهورامەزدا شمشێرو ئەنگوستیلەی مۆری پێداوە ، واتە هێز وتوانای سەربازی و ئەنگوستیلەش واتە فەرمی بوون وشەرع و مۆر و ڕێ وڕەسم .

با بچینەوە سەرکۆتایی دایەلۆکی ئاهورامەزداو زەردەشت بزانین چ دەڵێن :

ئاهورا مەزدای دروستکەر کاتێکی بۆیەزەتەکانی ئاسمان دیاری کرد تا لە ئارانی بە ناوبانگ کە ئاوی ئاراس ئاوی دەدا کۆ ببنەوە ,لە کاتی دیاری کراو دا شایستە کان و ئاهورامەزدا کۆبونەوە,ئاهورا مەزدا بە یەمای گوت:

ئەی یەمای نەوجوانی کوری ڤیڤهات ئەوە زستانی سەخت لە پێشە کە هیرش دەکاتە سەر لاشەکان بە فرێکی زۆر دەبارێ و هەمو گیانەوەران پەنا دەبەنە بەر حەشارگەکانی ژیر زەوی ,پیش ئەم زستانە سەختە بە ئاسانی گژ وگیایان دەست دەکەوت ,جا پێش ئەوەی ئاوو بەفر جیهان داپۆشێ ،کەواتە تۆ پەناگەیەك دروست بکە -ڤارێك دروست بکە ,دریژی هەرلایەکی رۆژە ئەسپێك بێ ,لەو ڤارەدا گیانەوەرانی بچوك وئاژەلە گەورەکان ومرۆڤەکان وسەگەکان و باللندەکان وئاگری سوری هەلگیرساو بپارێزە ,مانگاومەروبزنی تیدا بپاریزە,لەو ڤارەدا ئاو بە جۆگەدا دەرواو وباللندەکان لە سەرکەناری جۆگەکە دەبن ,خانو هۆل وهەیوانی تیدا دروست بکە ,گەورەترین وجوانترین وباشترین پیاوو ژنی بۆ بێنە هەروەها لە هەمو گیانەوەران وەبۆن خۆشترین روەك وگژو گیا و خۆشترین وبەتامترین میوە .

نابێ نەساخ وپشت کوڕو پەك کەوتەو گومرا یی و خەڵەتاندن وقین لە دل وچاو چنۆك و بێ ددان و گول وگڕوێ ی تێ بخەی .ئەم ڤارە دەکەی بە 3 نهۆم ،لە نهۆمی سەرەوە نۆ ڕێگەو لە هی ناوەراست شەش ڕێگەو لە هی خوارەوە 3 ڕێگە بکەوە ، لەنهۆمی یەکەم هەزار کەس و لەهی ناوەڕاست شەش سەد کەس ولەهی خوارەوە سێ سەد کەسی تێدا دانێ .

بە ئەنگوستیلەکەت دەرگایەکی ڕۆشن ودرەو شاوە بۆ ڤارەکە بکە .

یەما گوتی :چۆن ئەم ڤارە دروست بکەم؟

ئاهورامەزدا گوتی :ئەی یەما قوڕەکە بە پاژنەکانت بشێلەوە بە دەستەکانت خۆشی بکە ,چۆن گۆزەکەر قوڕ خۆش دەکا بەوشیوە .

بەو شیوەی کە ئاهورامەزدا بە یەمای گوتبوو ڤارەکەی دروست کرد,ڕۆژەرێ یەکی ئەسپ بەرین و هۆڵ وهەیوان وژورەکان وروبارەکەی دروست کرد,وە ئەو درەخت وروەکو ئاژەل وبالندەو مرۆڤانەی کە ئاهورامەزدا گوتبوی بۆی هێنان بە ئەنگوستیلەکەی دەرگای ڕۆشنی بۆ ڤارەکە کرد .

ئەی دروست کەری جیهانی لاشەکان ئەی پیرۆز :یەما چۆن ڤارەکەی ڕۆشن کردەوە ؟

ئاهورامەزدا ولامی دایەوە:

بە روناکی خودی و روناکی بەرجەستە,بەلام لە وێدا ڕۆژو مانگ وئەستێرە نابینرێ ,ساڵێك وەکو ڕۆژیك تێدەپەڕێ ,لەهەر چل ساڵیك لە هەر ژن وپیاویك کچیك وکوڕێکیان دەبێ ,هەروەها گیان لە بەرانیش بەو شیوە لە خۆشترین ژیاندا دەژین .

ئەی دروست کەری جیهانی لاشەکان ئەی پیرۆز : کێ ئاینی ئاهورامەزدای هێنا بۆ دانیشتوانی ڤارەکە؟

ئاهورامەزدا ولامی دایەوە:

ئەوە باڵندەی کرشیپتر بوو ئەی زەردەشتی پیرۆز.

ئەی دروست کەری جیهانی لاشەکان ئەی پیرۆز ئەی کێ سەرکردەی زەمەنی و روحیە لەناو ڤارەکە ؟

ئاهورامەزدا ولامی دایەوە:

ئەو رۆتتنرای کوڕ ت و تۆن ئەی زەردەشت]

لێرەدا بەشی دووەمی ڤەندیاد تەواوبوو، لەم بەشەشدا ئەم بابەتانە لە بیری خوێنەرگەلاڵە دەبن :

- دوای بەسەرچوونی نۆسەد زستان دیارە زستانە سەختەکەدێ ، ئەم هەواڵەی ئاهورا مەزدا بەوسەهۆڵ بەندانە سەختەبە یەما وەک هەواڵی اللە یە بۆ نوح تۆفانی نوح ، دەبێ ئەمە باسی چاخی سەهۆڵ بەندانەکان بووبێ کە ئاهورا مەزدا بەیامی گووتووە .

کەواتە دەبێ ئەم پرسە ببەینە لای شارەزایانی مێژووی سەردەمی چاخەسەهۆڵ بەندنەکان بزانین ئەوان لەم بارەیەوە چ دەڵێن؟

بە پێی شارەزایانی ئەوبوارە پێنج جار چاخی سەهۆڵ بەندانەکان بەسەرزەویدا هاتوون :

١-سەردەمی هورۆنی کەزەوی هەموو تۆپێکی بەفربوو لە ٢,٤ ملیارساڵ بۆ ٢،١ ملیار ساڵ لەمەوبەر.

٢-سەردەمی کرایۆجینی٨٥٠ ملیۆن بۆ ٦٣٥

ملیۆن ساڵ لەمەوبەر.

٣-سەردەمی ئاندی سەحرا ٤٦٠ ملیۆن ساڵ بۆ

٤٣٠ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لەمەوبەر.

٤- کارو ٣٦٠ بۆ ٢٦٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر .

٥- چوارینە یان کواتێرنێری ٢,٦ تا ئێستا.

هەندێک باسی ١١٠هەزارسالّ تاکو١١هەزارسالّ بەرلە ئێستاش دەکەن ، بۆیە کەباسی پەیدابوونی مرۆڤ وشێوەمرۆڤەکان دەکەن دەڵێن لە ئەفریقیا دەرکەوتون چونکە کشوەرەکانی تر تا یازدەهەزارسالّ لەمەوپێش بەستەڵەک بوون .

لەم خشتەوە تێ دەگەین کە مرۆڤ و گیانەوەرە مالّیەکان کە چاخی سەهۆڵ بەندانیان دیبێ هەرئەوەی ١١٠هەزارسالّ لەمەوبەرتا ١١هەزارسالّ لەمەوبەریان دیوە ، بەڵام بەم دەقەی ڤەندیادبێ مرۆڤ وگیانەوەران پێش ئەو سەهۆڵ بەندانە زۆربەبەختەوەری بۆ نۆسەد سالّ ژیابن لەوڵاتی نێوان دەریای ڕەش و باکوری هندستان .

وەئەوەی مرۆڤی کردۆتەوەکێوی و ئەشکەوت نشین وشارستانی بیربردۆتەوە ئەم چاخی سەهۆڵ بەندانە بووە نەک مرۆڤ سەرەتاکەی کەسێکی لاڵ و نەزان و گەمژە بووبێ .

مرۆڤی سەرەتا ئادەمی زاناو نوسەرو بوێژ وداهێنەربوو ،بەڵام بەهۆی تاوان ودڵ ڕەقی خۆیان وایان کرد دڵی زەویش ڕەق بێ و باوەشی ئاسمان ساردوسڕ وشەختەبەندبێنێ وببێتەهۆی ئەوەی مرۆڤی لەجوانترین شێوازدروستکراو بگەڕێتەوە سەرنزمترین ڕەچەڵەک و وای لێ بێ زمان وزانست ونوسینی بیرچێ و وابزانێ ئەویش وەک مەیمون و ورچەکان گیانەوەرێکی کێویە .

کەواتە ئەوپاشماوە مرۆڤانەی لەئەشکەوتەکان دەدۆزرێنەوە مرۆڤی ئەو چاخەن کەمرۆڤ بەهۆی تاوانەکانی بەنەفرەت کرابوو.

بەڵام وەک لە کاتی هاتنی تسۆنامی ولافاو میهرەبانی پەروەردگار هۆکارێکی بۆ دەربازبوونی هەندێک مرۆڤی شایستە وخۆناس داناو سواری کەشتی بوون.

لەم سەردەمەی سەهۆڵ بەندانەش کەسێک بەناوی یام بەفرمانی ئاهورامەزدا ئەم ڤارەی لەناوچەی ناگۆرنۆکەرەباخ لەنێوان ئازربایجان و ئەرمینیا بنیات ناوە.

- ڕووبەری شورای ڤارەکە کە بە پێوەری ڕەوتی ئەسپی ئێستا بپێوڕێ کە ٤٨کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا وەک پێوەربۆ ڕۆیشتنی ئەسپ دانراوە هەرچەندە کە خێراترین ئەسپ لەجیهاندا تائێستا٧١کم لەسەعاتێکدا دەڕوا ، وە کۆنترین ئەسپ لەجیهاندا ئەسپی دەریای قەزوینە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوەبۆ ٣٦٠٠ساڵ پ ز ، لە پێش ئەوە ئەسپ کەهەشبوبێ لە مێژوودا باس نەکراوە، ، بەڵام لەئەفسانەودەقەدینیەکان وجەنگ وداستانەکان ئەسپ هەمیشە ئامادەبووە.

بەڵام کە بڵێین بە پێی ئەم پێوەرە ٤٨×٢٤=١١٥٢کم ئێمە کە زانیمان درێژی نێوان زاخۆ تافاو واتە درێژی عیراق ١١٣٢کم کەواتە درێژی و پانی هەرچوارلای ڤارەکە هێندەی درێژی عیراق بووە ، وەئەو ڕووبەرە لە هەرێمی ناگۆرنۆکەرەباخ زۆر گەورەترە بۆیە ڤارەکە کەلەوێ بووبێ هێندەی دەریاچەی قەزوین درێژ بووە کە ١٢٠٠کم درێژە ، وهەردوو ڕوباری قەزوین ودەریای ڕەش ٧٠٠ کم لێک دوورن .

کەواتە دەبێ ڤارەکە لەهەمان ئەوشوێنەی کەکەشتی نوحی لەسەرنیشتۆتەوە لەتەوڕات دا کە چیای ئارارات ، تەواوی قەفقاسی داگرتووە

قەفقاس ناوی یەکێکە لە نەوەکانی یافس کە باپیری ئاریە یافسیەکانە ولە ڕوی جوگرافیا

قەوقاز پێکهاتووە لە وڵاتە نەتەوەییەکانی سۆڤێتی پێشوو وەک (جۆرجیا، ئەرمینیا و ئازەربایجان و کراسنۆدار کرای، ستاڤرۆپول کرای، ئەدیگیا، کاراچای-چیرکیسیا، کاباردینۆ- بلگاریا، چیچان، ئەنگۆشیا، ئۆسیتیای باکوور و داغستان.

لێرەدا هەریەک لە بۆچوونە ئەوروپیەکان و تەوڕاتیەکەو ڤەندیاد یەک دەگرن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ لەسەردەمی چاخی سەهۆڵ بەندان ولافاوی جیهان توانیویەتی لەو ناوچەیە خۆی بپارێزێ و ئەوانی تر نەماون، لەگەڵ ئەوەی کەئەوناوچە وەک عیراق ویەمەن و هیندستان وئەفریقیا لەبارنەبووە بۆ ژیان چونکە ناوچەیەکی سارد بووە .

-بەپێی ئەو ژمارانەی باسکراون ئەم ڕووبەرە گەورەی کەهێندەی عیراق و هەرچواردەوڵەتی شام سوریاوئوردن ولوبنان وفەلەستین لەناوئەم پانتاییە زۆرە سێ نەۆمیە تەنیا ١٩٠٠مرۆڤی بۆ هەڵبژێرراوە ، کە دەکاتە ٩٥٠ژن و مێرد ،ئەم ژن و مێردانە لەهەرچل ساڵێک دا دەبێ تەنیا کچ وکوڕێکیان ببێ ،واتە دانیشتوانی ئەو نیمچە کیشوەرە بۆیان هەبووە دوای چل ساڵ ببنە دوو هێندە ، ئێمەدەزانین کە دووای چل ساڵ ئیدی ئەو ٩٥٠خێزانەی یەکەم چیترناتوانن زاووزێ بکەن کوڕوکچەکانیان دێن ٩٥٠خێزانی تر پێک دێنن وئەوانیش تەنیا ٩٥٠هاوسەری تر دروست دەکەن ، کەواتە ڕێژەی زاووزێ وزیادبوون زۆر سستە ، ئەم بەرنامەڕێژیە ئەوەدەگەیەنێ کەزستانە سەختەکە تەنیاساڵێک نیە ،ئەگەر ساڵێک بوایە بەرنامەی چل ساڵ چل ساڵی بۆ دانیشتوانی ڤارەکە دانەدەنرا ، کەواتە زستانە سەختەکە چاخی سەهۆڵ بەندان بووە ،ماوەی چل ساڵی ئەوتەمەنەیە کەژنان دەتوانن زاووزێی تێدابکەن ،دوای چل ساڵی دووگیان بوون لەژنان دا دەگمەنەو مەترسیە بۆ ژیانیان .

-لەناوئەم ڤارە هەڵبژاردن هەم لە مرۆڤ وهەم لە ئاژەڵ و ڕوەک وکاڵاکان بۆ جوانترین وبەسودترین و تەندروستترین و دڵ پاکترین وبەڕەوشترینە ، جێگای نەخۆش و دڵ پیس وبێ ڕەوشت وناشیرن وبێ سودی تیانابێتەوە وهەڵنابژێردرێن بۆ مانەوە .

- لێرەدا ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەوەی دین وشەریعەتی ئاهورا مەزدا بەخەڵکی ڤارەکە دەگەیەنێ یەمی جوان و مرۆڤێکی وەک زەردەشت وکوڕەکەی نین ، بەڵکو ئەوکارە باڵندەیەک پێی هەڵدەستێ کە باڵندەی کرشیپیترە ، ئەم باڵندە لە ئاڤێستادا سەرۆکی باڵندە ڕوحانیەکانە ، وە لە هیندستان پێی دەڵێن باڵندەی کغرفاك ککرفاکا ، لەوەدەچێ هەرباڵندەی کرکی بێ کە یابانیەکان بە پیرۆزی دەزانن ، لەهیند ویابان ڕێزی لێ دەگرن، گوایە ئەم باڵندە لەڤارەکە قسەدەکا و گفتوگۆ لەوڤارە بەزمانی مرۆڤ نیە بەڵکو بەزمانی باڵندەیە ،لای زەردەشتیەکان ئەم باڵندە سەرۆکی باڵندەکانە تاجێکی لەسەرە وەک ئەوەی پاشابێ.

پیرۆزی وخۆشەویستی ئەوبااڵندە لای هیندویابان ولەڤەندیاددا ئەوەدەسەلمێنێ کە بنچینەی دینی زەردەشتی لە بەرهەمی وبوزیەوە نزیکە.

وە مادام باڵندە دینی زەردەشت بگەیەنێ ئەوەشی لێ وەردەگیرێ کە پێدەچێ ئەو چاخەسەهۆڵ بەندانە پێش پەیدا بوونی مرۆڤ ڕوویدابێ ،بۆیە باڵندە دینی زەردەشت دەگەیەنێ..

چواندنی بوونەوەری ڕوحانی بە باڵندە ، لە هەموو دینەکاندا هەیە ، لەقورئانیش باسی باڵەکانی ملائیکە باڵدارەکان لەسوڕەتی فاطر دا هاتووە ، لەفەرمودەش دا باسی جبریل علیه السلام باسی هاتووە کەشەش سەد باڵی هەیە .

هەرئەم بیرۆکەیە کە یەزیدیەکانیش وەریان گرتوە بۆ کەسایەتی تاوس مەلەک .

- کۆتا بڕگەی ڤارگۆردی دووەم ئاهورامەزدا بە زەردەشت دەڵێ کە تۆو ڕەڤەتننرای کوڕت سەرکردەی ڕوحی وزەمەنی ناوڤارەکەن .

کەواتە لێرە ئاشکرادەبێ کە سەرکێشی ئاینی و سەرکردەی ڕوحی و زەمەنی لەناو زەردەشتی دا لێک جیاوازن .

وەئەوەش دەگەیەنێ کەچاخی سەهۆڵبەندان وزستانە سەختەکە بەردەوام دەبێ تاکو هاتنی زەردەشت و گەورەبوون و پێگەیشتنی کوڕی زەردەشت یش .

جاکە کۆتا سەردەمی سەهۆڵ بەندانەکە لە یازدەهەزار پ ز بووبێ کەواتە ئەوکاتە زەردەشت و کوڕەکەی هەبوون .

دوور نیە ئاگرکردنەوەی نەورۆز و ئاهەنگی کۆتایی زستان و هەموو ئەوداستان وچیرۆک وجیڤانۆک وئەفسانانەی لەناوگەلان لەسەرئەو ڕوداوەهەن هەموویان ئاماژەبن بۆ ئاهەنگگێڕانی گەلانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەبۆنەی دەربازبوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لە زستانەسەختەکەو لە چاخی سەهۆڵ بەندانەکان و بنەبڕ نەبوونیان ، بەم

شێوەش ئاهەنگی نەورۆزدەبێتە بۆنەیەکی هەموو مرۆڤایەتی و تایبەت نیە بە گەل ونەتەوەیەکی تایبەت .

ئەوەتا لەهەندێ شوێنی تری ئاڤێستا چەندین ئاماژەی هێمایی کراوە کە بیڤر ئەسپی ئەژدەهاك کەپاشای بابل بوو، لاوانی ئیرانی دەرخواردی مارەکانی دەدا وئەفرەیدون لە ژیر کیوی دەماوەند بەندی کرد .

-ئاڵو گۆڕێک لە نێوان دینی سابئی ومەجوسەکان هەیە،
بنەماوپرەنسیپەکانی لە دین وشەریعەتی ئادەم نزیکترن لە دینی ئیبراهیم علیهما السلام،بەڵام ڕەمزەکان ئیبراهیمین،

لەشەریعەتی ئادەم دا حەوا کە بەلاشەوڕوح بەشێک بووە لە ئادەم،بەمەش حەوا هەم خوشک وهەم کچی ئادەمە،ئادەم وحەوا هەم خۆشک وهەم باوک وکچ وهەم ژن ومێردن ،کوڕوکچەکانی ئەم خوشک وبراوباوک وکچە دیسان ژن ومێردن ،خێزانی تاقە ماڵەیە،دەبێ لە زاوزێ دا لە ڤارەکە پارێزگاری لەم سادەیە بکرێ،بەچل ساڵ یەک وەچە زیادبکا،ئەمە شەریعەتی ئادەمە ودینی مەجوسە، ئەمە دینی ڤیدای لای گۆڕەکەی ئادەمەلەسریلانکاو سەرەندیب،بەڵام بەرهەمە ئاریەکان کە داگیرکەری میرات وکەلەپوری ڤیدای ئادەمن، هەوڵیان داوە بۆیەی ئیبراهیمی بەرهەمی لە دینی مەجوسی ئادەم بدەن.

لەبەشی یەکەمی ڤەندیاد دا هاتووە:

ئاهورامەزدا بە ئەسپیتامای زەردەشتی گوت:

بیگومان ئەی ئەسپیتامای- ئەسپیتاما باپیری دەیەمی زەردەشتە - زەردەشت تۆ وات کردوە کە هەموو کەس رۆلەکانی خۆی خۆش بوێ ,هەرچەندە کە پشودانیشی تیدا کەمە,هەموو کەست والی کردوە کە بچن بە ئەبریانم ڤا ئەجوو ,-ناگۆرنۆکەرەباخی ئیستا کەشوینی لەدایك بوونی زەردەشتە ولەنێوان ئەرمینیاوئازربایجانە- .

یەکەم شوین کە من ئاهورامەزدا دروستم کرد ئەو زەویانە بوو کە ئاوی روباری ئاراس ئاوی دەدا,بەرامبەر بەمەش ئەهریمەنی قین لە دل ماری

روبارەکانی دروست کردوزستانی دروست کرد,,دەمانگ زستان ودوو مانگ هاوین ,ئەم زستانة ئاوەکان سارد دەکاو هیرش دینێ.

دووەم شوین و ولات کەمن ئاهورامەزدا دروستم کرد ئەو دەشتە بوو کە صەغدیەکان لیی نیشتە جێن,بەلام بەرامبەر بەوە ئەهریمەن کووڵە ی قرکەری روەکەکانی دروست کرد.

سێ یەم ولات کەمن دروستم کرد مەروی قەلای خۆراگر بوو,بەرامبەر بەمەش ئەهریمەنی قین لە دل دزی وتالانی ویاخی بوونی دروست کرد.

چوارەم شوین من بەڵخی جوان ودڵ رفێنم دروست کرد,بەرامبەر بەمە ئەهریمەن شارە میروولەی دروست کرد.

پینجەم شوین شاری نەسا م دروست کەلەنیوان مەرو وبەڵخە ,بەرامبەر بەمەش ئەهریمەن گومان ودڵە ڕاوکێی دروست کرد.

شەشەم ولاتی پر خیروبەرەکەت کەمن ئاهورامەزدا دروستم کرد هەراتی ولاتی کۆشکە چۆلەکان بوو ,بەلام ئەهریمەن شین و واوەیلاو فغانی دروست کرد.

حەوتەم شوین کە من ئاهورامەزدا دروستم کرد کابولی پر سیبەری دل رفین بوو ,بەلام ئەهریمەن ئەخنائیستی بت پەرستی دروست کرد.

هەشتەم شوین کەمن ئاهورامەزدا دروستم کرد میشانی پر سەوزایی بوو بەلام ئەهریمەنی قین لە دل ، لە خۆ بایی بوون وخۆبە زل زانی دروست کرد.

نۆیەم کە من دروستم کرد ئەخنستا بوو کەولاتی جۆرجیەکانە بەلام بەرامبەر بەمە ئەهریمەن زگ ڕەشی وتاوانی دژایەتی سروشتی دروست کرد.

دەیەم شوین کەمن دروستم کرد رخجی جوان بوو بەرامبەر بەمە ئەهریمەن ئەو تاوانەی دروست کرد کەهەر گیز لیخۆشبونی نیە، ئەویش ناشتنی مردوان بوو.

یازدەهەم شوێن کەمن دروستم کرد هیلمەندی سیستانی روناکی شکۆدار بوو,بەرامبەر بەمەش ئەهریمەن جادو وسیحری دروست کرد.

دوازدەهەم شوێن کەمن دروستم کرد شاری رەی بوو کە 3 چینی جەنگاوەرەکان و جوتیارەکان و رهبانەکان تیای دا دەژین ,دژی ئەم کارەشم ئەهریمەن خانە گومانی و دوو دلی دروست کرد.

سیازدەهەم کەمن دروستم کرد کەرخی بەریز وپاریزکەر بوو- کەرخی خۆراسان وکەرخی ئەفغانستان هەیە- بەرامبەر بەمە ئەهریمەن تاوانی تەن کولّاندنی دروست کرد کەهەرگیز لیخۆشبونی نیە .

چواردەم شوین کەدروستم کرد ڤارەنای تەبەرستان بوو کەلە پێناوی ئەو چوار گۆشە ئەفرەیدونی کوژەری زوحاك لەدایك بوو,بەرامبەر بەمەش ئەهریمەن حەیزی مانگانەی ژنان و ستەمی بیگانانی دروست کرد.

پازدەهەم شوین کەمن دروستم کرد ولاتی پینج روباری پەنجاب بوو بەرامبەر بەمەش ئەهریمەن سەرە رۆیی وزوو پیگەیشتنی کورو کچانی دروست کرد .

شازدەهەم شوین کەمن دروستم کرد ولاتی کانیاوو روبارەکان بوو کە رەنگهایە و روباری دیگلە کە چەندین گەلی تیادا دەژین کە سەرۆکیان نیە بە رامبەر بەمەش ئەهریمەن زستانی بە دێوەکان دروست کرد.

هەڵسەنگاندنێکی خێرای ئەم ڤارگۆردە:

دەردەکەوێ بەڕۆشنی کە شتەهەرە گرنگەکان ئەهریمەن دروستی کردون ، ماسیەکان، جانەوەرەکان ، مێشولە ومێروولەکان، وەرزەکان، نەیاری ویاخی بوون لەقەڵا وڕژێمەکان، دڵەڕاوکێ وگومان کەبەڵگەیە لەسەر بوونی عەقڵ وهۆش وهەڵبژاردن، حەسرەت وشین وگریان کەبەڵگەن لەسەربوونی هەست وسۆزوپەرۆشی،دروست کردنی دیاردەی پەرستن ودینداری هەتالەسەرشێوەی بت پەرستیش بێ، هەرکردنەوەی دنیای دینداریە.

.دیاردەی لەخۆبایی بوون ولوت بەرزیش هەرلەسەرەتاوە بریتیە لە زیادەڕۆییکردن لەهەست بەهەڵاوێردەیی مرۆڤەکان، ئەگەر مرۆڤەکان هەست بەجیاوازی وهەڵ بژاردەیی نەکەن ئەوالوت بەرزیش نابن.

دواتر ئەهریمەن دیاردەی ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەکانی سروشتی دروست کردوە،ئاشکرایە کە پاڵەوانی ڕووبەڕووبونەوەی سروشت و دیاردەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە بە پلەی یەکەم ،هەروەها هەستی تۆڵە کردنەوەش کە هەستێکی سەرەکی پاڵنەرە لە مرۆڤەکاندا، ئەهریمەن ئەم هەستەشی بەدی هێناوە،هەردوو دیاردەی ناشتنی مردوان ودیاردەی سیحرو جادوو ، دوو دیاردەی تایبەتن بە کۆمەڵگای مرۆڤ و گیانەوەرانی تر ئەم دیاردانەیان لا نیە،چونکە ناشتن و تابووت ومۆمیا پەیوەندی بەهەست کردنی مرۆڤەکانەوە کە ئەوان هەڵبژاردەوبەڕێزن،پەیوەندیشی بە جیهانبینی دینداری ونەمری ڕوح وژیانێکی تر دوای ئەم ژیانە هەیە، جادوو سیحریش هەرپەیوەندی بە باوەڕبوون بەڕووح وکاریگەری روح لەژیاندا هەیە کە تایبەت بە مرۆڤەکانە.کوڵاندنی تەنەکان کە ئەهریمەن دروستی کردوە، ئاماژەیە بۆ بەشارستانی بوونی مرۆڤ وفێربوونی بەکارهێنانی ئاگربۆ خواردن دروست کردن وگڵکاری وکانزا کاری وبیناسازی وڕوناک کردنەوەوگەلێک مەبەستی تریش.

- حەیزی مانگانەی ژنان وستەمی بێگانان کە چواردەهەم دروستکراوی ئەهریمەنە،حەیزی مانگانە نەبێ ،کرداری زۆربوون وفراوان بوونی کۆمەڵگاش نابێ، کە فراوان بوون زۆربونیش نەبوو،کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەرتاقەماڵ وتاقەخێزان دەبن وکەس بێگانە نابێ،وەکەکەس بێگانە نەبوو ژیان سادەو بێ هەمەجۆری وئاڵۆزی دەبێ وستەم دروست نابێ،چونکە جیاوازی وتەوفیری چینایەتی لەتاقەماڵێکدا هەستی پێ ناکرێ ومل ملانێ وپێشبڕکێ لەکۆمەڵگای یەک خێزانیدا گوڕوتینێکی ئەوتۆی نیە.

پازدەم دروستکراوی ئەهریمەن زووپێگەیشتن وهەرزەکاری وسەرەڕۆیی کوڕوکچانە ،کەلە قۆناغی منداڵی دەردەچن وقۆناغی تەمەنی

هەرزەیی وپەیوەندی دڵ داری ودواتر هاوسەرگیری وپاشان کرداری زۆربوون دەست پێ دەکا،تەونی کۆمەڵگا هەمە ڕەنگ وئاڵۆزدەبێ وسادەییەکەی نامێنێ،ئەمەش هەموویان دیاردەی گەشەکردن وپەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین.

دوا دروستکراوی ئەهریمەن ئەوەیە کە زستان بە دێوەکان دروست دەکا، زستان هێمای ساردی ودەق بەستویی وپێکەوەلکانی ماددەیە لە دۆخی ڕەقیدا،واتە لێک نزیک بونەوەی پەرش وبڵاوەکان،ئەوپەرش وبڵاوانەی ئاڵۆزی وفرەجۆری وجیاوازی چینایەتی وتایبەتمەندی وبەرژەوەندیەکان لێکی دوورخستنەوە ،چۆن زستانی دیوەکان ،دێڤەکان، فیداکاری وقوربانیەکان،گەرم وگوڕی دەگێڕێتەوە بۆناودژەکان.

ئەم لیستەی دروستکراوەگرنگانەی ئەهریمەن،کەپێمان دەڵێن ئاهورامەزدا تەنیا کەرەستە خاوە سەرەتاییەکان بەرهەم دێنێ،بەڵام بەدیهێنەرو بەگەڕخەرو جوڵێنەری ڕاستەقینەی بونەوەرو ژیان وجیهان وکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەهریمەنە، کەواتە ئەو بۆچونەی گوترا کە تاریکی بوونێکی ڕاستەقینەی نیەو تەنیا تارمایی وسێبەرە،ڕاست نیە،،بازیاتر لە ئەفسانەودەق وهێماو ڕەمزەکانی زەردەشتیە زۆرەڤانیەکانەوە زیاتر ئەهریمەن وئاهورامەزدا بناسین،.

شهرستا نی باسی دەستەو تایفەیەك دەکا لەناو زەردەشتیەکان کەناویان زەروائی یە ,ئەم زەروائیانە پێ یان وایە کە باری تەنیا نوری یەزدانی دروست کردوە وتاریکی دروست نەکردوە ,بەلام بە هۆی بەدکاریەوە تاریکی تیکەلی نور بوە وە کەئەم تیکەل بوونە رووی نەدابایە جیهان دروست نەدەبوو ,,ئەم مل ملانی یە هەربەردەوام دەبێ تا روو ناکی جیهانیکی بالای تایبەت بە خۆی پیك دینێ و تاریکی دەکەوێ وجیهانیکی نزمی دەبێ , باری ئەم تیکەلەی بۆیە کرد بۆ قۆناغیك وبۆ حیکمەتیك ,پاشان لیکیان دەکاتەوە, وە دەلین کە رووناکی ئەصلەو بونەکەی حقیقی وراستە و تاریکی تەنیا سیبەرەکەیەتی ,بۆیە کاتێ باری رووناکی دروست کرد ,تاریکی هەرخۆی بووبە سیبەر ی روناکی و پاشکۆ بۆی ,بۆیە باری

تاریکی راستەو خۆ دروست نەکردوە ,و بوونیشی پیویست بوو بۆ پیك هاتنی بونەوەر ,

دکتۆر خەلیل دەڵێ کە وشەی زۆرەڤان واتە دەهرو ڕۆژگارو زەمان وکات ودەم ،ئێمە لە شتەکۆن وسەرەتاکانی لای زەردەشتیەکان باسی پێنج شتمان کرد کە کات وشوێن و پارچە قوڕو ئاهورامەزدای نورو ئەهریمەنی تاریک.

لێرە ئەم زۆرەڤانیانە دەڵێن زەمان لەوانی ترکۆنترەوپێش ئەوان هەبوو.

بنچینەی بۆچوونی زۆرەڤانیەکان لەسەرئەم چیرۆکە دامەزراوە کە دەڵێ:

(زۆرەڤان بۆماوەی هەزارسالّ قوربانی پێشکەش بە پەرستراوی مەزن وگەورە کردتا ڕۆڵەیەکی باشی بداتێ،بەڵام دوای هەزار سالّ لە قوربانی دان ،زۆرەڤان کەوتە گومانەوە لە وەی قوربانیەکانی هیچ سودێکیان نیە،لەم کاتەدا زۆرەڤان دووگیان بوو بە دووانەو جمکێک کە ئاهورامەزداو ئەنگراماینۆ-ئەهریمان-بوون،ئاهورامەزدا بەرهەمی کاری خێروقوربانی دانەکانە،بەڵام ئەهریمەن بەرهەم ودەرەنجامی ساتەوەختی گومانی بەد ودڵەڕاوکێ یە،ئەم دوو خواوەندە لای زۆرڤانیەکان یەک چاوگیان هەیە،دەڵێن سەرەتا ئەهریمەن هاتە دی و دەرکەوت،ئەودووبنەمایەلە مل ملانێ ی بەردەوام دان ،تالە کۆتایی دا ڕەگەزی خێر بەسەر ڕەگەزی بە د وتاریک دا سەردەکەوێ ،تایکی دەکەوێ ودەبێتە پەڕاوێزو ڕەگەزی خێر جیهانێکی باڵای تایبەت بەخۆی پێک دەهێنێ.

د خلیل بۆئەم ئەفسانە ،شرۆڤەیەکی جفری بارندر ی ڕۆژهەڵات ناس لە کتێبی بیروباوەڕە دینیەکان لای میللەتان ، دەهێنێ کە پێ ی وایە کە لە دەقەکان بۆیە ئەهریمان یەکەم جاردەردەکەوێ ودەسەڵاتی نۆهەزارسالّی پێ دەدرێ ،بەڵام ئاهورامەزدا دەسەڵاتی سەرکەوتنی کۆتایی پێ دەدرێ ،هەربۆیە قوربانیەکان پێشکەشی ئەهریمەن دەکرێن ،کە دەسەڵاتی نۆهەزاری یەکەمی پێدراوە، د خلیل دەڵێ کە ئەم کارە پاساوبۆ بەپیرۆز کردنی یەزیدیەکان بۆ تاوس مەلەک ڕوون دەکاتەوە.

لە م ئەفسانەش پێش ئاهورامەزدا وئەهریمەن سێ شت بونیان هەیە ،زۆرقان وقوربانیە کان و پێش ئەوانیش ئەوپەرستراوەمەزن وگەورەیە کە قوربانی پێشکەش کرا،کە زۆرەقان کات بێ قوربانیەکەش پارچە قوڕەکەبێ ،ئایادەبێ پەرستراوە مەزن وگەورە داوا لێ کراوەکە شوێن و جێگاو مەکان بێ کە ئەویش یەکێکە لە سەرەتاکۆنەکانی زەردەشتیەکان؟یان شوێن یەکەم دروست کراوی ئاهورامەزدایە وشازدە شوێنەکە کە ئاماژەن بۆ شازدە ئاڕاستەکانی بۆسەلەو قیبلەنما کە ئەو شازدە ئاڕاستەی باکوروباشوروئاواوهەڵات وباشوری هەڵات وباشوری ئاوا وباکوری هەڵات وباکوری ئاوا،،هتد

کەواتە لە دەقەکانی زەردەشتی دا پێش پێنج کۆنە سەرەتاکە بەدیهێنەرو دروستکەرێکی بێ سەرەتاو کۆتایی هەمیشەیی بوونی هەیە.

تیشک خستنە سەر ئەو شار وشوێنانە کە یەکەم جار ئاهورا مەزدا دروستی کردون :

١- لەسەرنەخشەی جوگرافی لە وڵاتی ئاران کە دەگوترێ وڵاتی ناگۆرنۆقەرەباغ هەتاکو وڵاتی داغستان کە لەنێوان ئەرمینیا وئازربایجان و داغستان ی ئێستا دەگرێتەوەو هەرلەکۆنەوە مەجوسی و مەسیحی و بوزی تێدابڵاوبووە.

٢- شوێنی دووەم وڵاتی سغدیەکان ئۆستانێکە لە باکوری ڕۆژئاوای تاجیکستانی ئێستا ،هەرچەندە سۆگۆتی کۆن سەمەرقەند وبوخارای وڵاتی ئۆزبەکیشی لەخۆدەگرت و پێش ئیسلام بنکەی ئاینی مەجوسی بوو..

٣- سێیەم شوێن وڵاتی مەرو کە ئێستا ئوستانێکە لە کۆماری تورکومانستان لە پێش گیرانی ئەوشوێنەلەلایەن ئەردەشێری ساسانی ودوای گیرانیشی هەر مەڵبەندێکی بڵاوکردنەوەی ئاینی بوزی بوو.

٤-وڵاتی بەلخ کەئێستا لە ئوستانی مەزارشەریفی ئەفغانستانە ولەکۆندا بنکەی هەریەک لە بوزی و زەردەشتیەکان بووە .

٥-شاری نەسا لەنێوان بەڵخ و مەروو کە لە نزیک ئیشق ئابادی پایتەختی تورکمانستانی ئێستابووەومێژووناسان دەڵێن ئەشکانیەکان لەسەدەی سێ پ ز دروستیان کردوە ،بەڵام ئەم دەقەی ئافێستا زۆر لەوە کۆنترە ،بۆیە کە قسەی مێژووناسان ڕاست بێ وئەوشارە ٣٠٠ساڵ دوای زەردەشت بنیات نرابێ کەواتە ئەم چیرۆکەی ئافێستا یان هەڵبەستراوە یان شوێنەکانی ناودەقەکە گۆڕدراون وگێڕەرەوەکان شوێنی تریان بۆ زیادکردووە .

٦-شار و ئوستانی هەرات لە ئەفغانستان کە پێش ئەسکەندەر ئاوەدان بووەو شاری مزربانەکانی مەجوس بووە .

٧-شوێنی حەوتەم کابولە کە ئێستا پایتەختی ئەفغانستانە ، مێژووناسان پێیان وایە دووهەزار ساڵ پ ز ئاوەدان بووەو بنکەی هەریەک لە بوزی وزەردەشتیەکان بووە.

٨- وڵاتی هەشتەم کە وڵاتی میشانی سەوز و پڕ ڕووەک وگژ وگیایە ، میشان لەچین لای سیشیان لەسەر ڕووباری یانگستی وهاوسنورلەگەڵ پاکستان و پێنجاب وکشمیر هەرلە دووهەزارساڵ پ ز ئەم وڵاتە مەڵبەندێکی ئاینی بوزی وبەرهەمی و مەجوسی بووە لە تبت وچینی هیندی وبنکەی دەلایلامایە لە ئێستادا کە ئاینێکی سەربەخۆیە .

٩- شوێنی نۆیەم ئەخنیستای وڵاتی جۆرجیا، ئەم وڵاتەش لەنێوان ئەرمینیا و ئازربایجان وڕوسیا ولەسەردەریای ڕەشە ، لەکۆندا لەنێوان ئێران وبێزەنتیەکان ناکۆکی لەسەربووە و ئێستا کۆمارێکی سەربەخۆیە.

١٠-شوێنی دەیەمیش وڵاتی کارەج کە ئەویش هەر وڵاتی جۆرجیایە کە شوێنی ملانێی نێوان ڕۆم وئێران بوون بەڵام مێژووناسان دەڵێن عەرەبەکان یەکەم کەس بوون کە ئەو وڵاتەیان ناوناوە کەرج ،کەوابێ دەبێ فەندیاد کۆن نەبێ ولەسەردەمی عەرەبەکان نوسرابێتەوە نەک لە شەش سەدە پێش زاین . .

١١- وڵاتی هیلمەند لە ڕۆژئاوای ئەفغانستانە لەسەرسنوری ئێران هەر لەکۆنەوە شوێنی بەیەکگەیشتنی میدی و چینی وتورانیەکان بووەو بنکەیەکی دینی بەرهەمی و پاشان زەردەشتی بوو .

١٢- ئۆستانی ڕەی لەڕۆژهەڵاتی ئێران کەلەسەرلێواری قەزوینە لەنێوان ئازربایجان و تورکمانستانی ئێستا هەرلە ٦هەزارساڵ پ ز بنکەیەکی بازرگانی ودینی وسیاسی دەوڵەت ودینە جۆربەجۆرەکانی ئێران و بنکەیەکی گرنگی پارسە زەردەشتیەکان بووە .

١٣- کەرخی پارێزکار کە ئێستا بەشێکە لە ئوستانی هەڕات لە ئەفغانستان .

١٤- وڵاتی تەبەرستان لە کۆندا بەهەموو ئەو شارو و وڵاتانەی باکوری خۆرهەڵاتی ئێران گوتراوە کەبەدرێژەیی کەنارەکانی خواروی قەزوین درێژبوونەوەو ئازربایجان وتورکمانستان بەیەک دەگەیەنن ، ئەو وڵاتە وەک لە باسی ڕەی باسمان کرد جێگای دەسەڵاتی هەخامنشینە زەردەشتەکان بووە.

١٥- شوێنی پازدەهەم وڵاتی پێنجاب پێنج ئاو لەباشوری پاکستان وباکوری هیندستان کەبە کشمیر بەناوبانگە ، ئەم وڵاتە شانۆی زۆربەی ڕوداوە مێژوویی وئەفسانەییەکانی ڤیدی وهیندۆسیەکانە ، ئاینی هیندۆسی لەم وڵاتە چەکەرەی کردوە پێش ئەوەی ئاریەکان لێرەوە بڕۆن بەرەو تەواوی نیمچەکیشوەری هیندی ، بۆیە هەریەک لە بوزی و هیندۆسی وبەرهەمیەکان زۆر باسی ئەوناوچەیان کردوە ، ڕیزبەندی ئەم شوێنانەش کە لێرە لە ڤەندیادی ئاڤێستا باسکراون بەشکۆمەندی ، چونکە ئەم شازدە شوێنە ڕۆڵی گرنگیان لە گۆڕانکاریەدینیەکان هەبووە .

١٦- شازدەهەم وکۆتا شوێن ولاتی کانیاوو روبارەکان وسەرچاوەکانی رەنگهایە ، ڕوباری ئەروەند -کارون - و روباری دیگلە –دجلەیە کە چەندین گەلی تیادا دەژین کەسەرۆکیان نیە.

سەرچاوە مێژوویەکان دەڵێن ئەولقە ڕوبارەی رنگا ئەروند لەکۆندا ناوی تری لێ بووەو دواتر ناوی ڕەنگهایان لێ ناوە ، ئەم ڕوبارە لەزاگرۆس ڕادێ وبەدرێژایی ئەحواز دەبڕێ ودەڕژێتە ڕوباری دیجلەوە.

لەڕاستیدا شرۆڤەکارو لێکدەرەوەکان زۆر دڵنیانین کە مەبەست لە ڕەنگها ڕوباری ئەڕوەند-ئەڵوەند- بێ لە نزیک خانەقین ، چونکە ئەو ڕوبارە لە کانیاوی زۆر دروست نابێ و ئەو وڵاتە بە وڵاتی بێ سەرۆکان نەناسراوە ، دەبێ ئەو سەرچاوانە ئاماژە بن بۆ جێگایەکی تر کە لەخاکی هیندستان و چین وپاکستان و هەرنزیک لاهور و پێنجاب بێ .

تا ئێستا ئوستانی هیماشال برادیش هەیە کە دراوسێی پەنجاب وکشمیر و پاکستان وچینە ، پڕە لەکانیاوو سەرچاوەوڕوبارودەریاچەو دیمەنی زۆر سەرنج ڕاکێشی گەشتیاری و ناوچەیەکی بێ سەرۆک بووە بەدرێژایی مێژوو وسەربە دەسەڵاتەکانی دۆڵی سند و چین و پێنجاب بووە ، ئەم ئاماژانە زیاتر لەسەرئەوێ دێنەدی .

لەم بەدواداچوونە بۆ مان ساغ بۆوە کەئەوشازدەشوێنەی لای ئاهورامەزداو بەتێڕوانینی ئاڤێستا شکۆداروپیرۆزن هەرلە جۆرجیا وداغستان وئەرمینیا وئازربایجان لەکەنارەکانی دەریای ڕەش و دەریای قەزوین کە بەدەریاچەی مەجوس ناسرابوو لەکۆندا تاکو تورکمانستان وئۆزبەگستان وتاجیگستان وئەفغانستان وتەبەرستانی ئێران تا پاکستان وهندستان دەگرێتەوە .

یەکەی پێنجەم لە : ژمارەوکات وشوێن وبۆشایی و ونەخشەلە نیوان تیکستە دینیەکان و دۆزینەوەوتیۆریە زانستیەکاندا:

کۆکردنەوەی:محمد عزیز لۆتەری.

چۆنێتی دروست بوونی بونەوەروپەیکەری پیرۆزەکان لای :٦-
میسریەکان.

ڕەع ،خوداوەندی خۆر دروستکەروبەدیهێنەری هەموو بونەوەربوە لای میسریەکان،ڕەع چوارکوڕو چوارکچی هەیە کە هەمویان ژن ومێردن، فشو و تەفنوت = هەواو ئاگر.

کەسب ونۆت=زەمین وئاسمان

ئەوزوریس وئێزیس= ڕوباری نیل وخاک

ست ونەفتیس =بیابان و درندەکان.

ئەفسانەکە دەڵێ کە هێشتا رع زەوی وئاسمانی لێک جیانەکردبونەوەکە مرۆڤ لە ڕەع یاخی بوون، بۆیە دوای کوشتنی زۆرێکیان، ڕەع زەوی وئاسمانی لێک جیا کردەوەو ئاسمانی کردە شوێنی ڕێڕەوی ڕۆژانەی بە گالیسکە ئاسمانیەکەی ،هەشت ڕۆڵەکانی هەموو بەوپەڕی
ڕێزەوەلەبەردەستیابوون ،کەس زاتی ئەوەی نەبوو بیرلە یاخی بوون وئازاردانی ڕەع بکاتەوە،تەنیا ئێزیس ی خاک وخوداوەندی سیحروجادو دەیەویست ئەو ناوە بزانێ کە ڕەع بەهۆیەوە هەموو بونەوەری
ژێربارخستوە، بۆیە هەمیشە چاودێری ڕەعی دەکرد،کاتێ ڕەع لیکی پیرۆزی دەڕژا ،ئێزیسی خاک کۆی دەکردەوە،پاشان ئەم لیکەی لەگەڵ گڵ وخۆڵ تێکەڵ کرد،لەو قورە عەزیایەکی دروست کرد، لەسەرڕێگای هامووشۆی گالیسکەی ڕەع داینا ،کاتێ ڕەع ڕەت دەبوو ئەم عەزیایە پێوەی دا، ڕەع لەتاوئێش وژوار قەراری نەبوو ،هەموو خواوەندو نوشتە خوێنەکانی کۆکردەوە تا چارەی بکەن،بەڵام بۆیان چارە نەکرا،ئێزیسی کچی بانگ کرد ،کە هەڵگری تریاکی ژیان بوو ،گوتی کچەکەم من ئەو مارەم دروست نەکردوە،نازانم چۆن ئازاری داوم چارەم بکە، ئێزیسی خاک گووتی من تەعویزەکانم کاتێ کاریگەردەبن کە ناوی پیرۆزی شاراوەت بزانم ولەگەڵ تریاکەکەم تێکەڵی بکە، ڕەع لەم وڵامە زۆرترسا،گوتی دەزانی من بەیانیان ناوم خبری ونیوەڕۆ ڕەع وئێواران تۆمۆ م،بەڵام ئەوناوانە چارەیان نەکرد، تا ناوە نهێنیەکەی پێ گووت، بەم شێوە ئێزیسی خاک ناوە نهێنیەکەی زانی،

پاشان یاخی بوون لە ڕەع زۆر بوو ڕەع پرسی بە نوی باپیری کرد کە ئەوسڕەی پێدابوو،

رع مرۆڤایەتی بە شێری سخمنت سزادا،بەڵام کە زۆری کوشتن ،داوای لێ کردبوەستێ ،کاتێ دڕندەکە نەی توانی وازبێنێ لە خوێن مژین ،بەفێڵێک ڕەع دڕندەکەی دەرماندا‌وکرد،مرۆڤەکان هەرتاوانیان کرد،بۆیە ڕەع جیهانی بۆشۆی هەوای کوڕی بەجێ هێشت وداوای لەنۆتی ئاسمانی کچی کرد لەسەرپشتی هەڵی گرێ،هەرچەندخەڵک پەشیمان بوون لە مردنی ڕەع وکەوتنە گەڕانەوەو کوشتنی دوژمنانی ڕەع،بەڵام ڕەع تۆبەی لەهەموویان قبوڵ کردو چوەسەرپشتی نوت ،بۆیە پشتی عاسمان وەک گومەز کوڕبۆوە،شۆی کوڕی چوەبن زگی ئاسمان تا هەرەس نەهێنێ.

لە قۆناغی نوێی دەوڵەتی فرعەونی دا ئامون هەموو سیفات وتواناو هێماکانی ڕەعی پێ درا، بۆیە هەردوو دەستەواژەکانیان لێک دەدان ودەیان گوت ،ئامون ڕەع، هەردووکیان بوونە یەک ،دروست کەری هەموو بونەوەران ،ئامونڕەع.

هەموو ئەستێرەودیاردەو بونەوەرەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان لەمیسری کۆن کراونە ڕوو وهێماو کوڕوکچ بۆ ئامونڕەع،هەتا ئاتون کە ئەخناتون خەڵکی لەسەرکوشت ،هەر تیشکی ڕۆژو هەتاو عەتا وئاتونی ئامون ڕەع ی خۆربوو،بوونێکی سەربەخۆی نەبوو، ئەم ئامونڕەعە بوە ڕخمن وڕحمن لەناو دینەکانی یەهودوئیسلام وئەهریمن وزیۆس لای مەجوس ویۆنانیەکان وبەساهل ی باوکی ئادەم لەلای سابئەکان وجۆبیتێرو جەبەروت وتاجی ڕەبی ڕۆمانیەکان.

هەرهەمان چیرۆکی موساو فیرعەونەو ئەمەڕویەکی تریەتی، لە چیرۆکی دروستکردن عەرش لەسەرئاوە،لای زەردەشت ڤارە،لای ئەفلاتون ئەشکەوتە،لای نوح سەفینەیە ،،هتد.

لەڕوی زانستیش چیرۆکەکە ڕاستە،کە ڕەع خۆربێ ،لیکەکەی بارانە، باران ولیکی خۆرتێکەڵ بەگڵ دەبێ ،دەبێتە دارودرەخت وڕوەک،ڕوەک

ودرەخت گیانەوەری وشکانی وئاوی ودەریایی دەیخواو دەبێتە مادەی ئۆرگانی، ئەوماده ئۆرگانی سەوزاییە دوای مردن دەبێتە کانزاو سوتەمەنی کەڵەکە بوو لەنەوت وغازوخەڵوزوکانزاکان وئۆزۆن وتوخمەکیمیاییە هەمەچەشنەکان،،.

ئەم تیشکە ئاتونیانە وەک شادەماری خوێن بەر لە ڕۆژی ئامونڕەع هوە دێن ولەزەویش دەبێتەبازووی زیندەوەران ودوای مردنیش دەبێتە ووزەی کارگەوئامێرەکان ودواجاریش دەبێتە تۆزو گەردو دەچێتە ناوبۆشایی .

۷- چۆنێتی دروست بوونی بونەوەروپەیکەری پیرۆزەکان لای : یابانیەکان.

ئەفسانەی یابان دەڵێ کە جیهان هەموبریتی بوو لە ناوەندوبۆشاییەکی بێ یاساوڕژێم ،تەنیا قامیشێک فەرمانڕەوای جیهان بوو ،هەروەها خواوەندێکی نێرینە ویەکی مێ ینەو خواوەندی ڕۆژو مانگ هەبوون،بەڵام خواوەندە مێ ینەکە مۆڵەتی دائاگرلەدایک بێ بۆیە مردن فڕاندی بۆ جیهانی ژێرەوە، مێردەکەی بەشوێنی داچوو تاکرداری لەدایک بوون تەواوببێ، زۆر لەبەردەرگای مردن چاوەڕێ بوو ،تاناچار ددانێکی خۆی شکاندو کردیە مەشخەڵ، بەڵام کەبینی ژنەکەی بۆتەلاشەیەکی کرمێ ڕای کرد، ژنکەی هەشت عفریتی هەوری بەدوادا ناردن وپیاوەکەیان گێڕایەوە ،سەیری کرد لە دالانە کە ژنەکەی دەرگای مردنی بە تاوێرەبەردێک گرتوە کەبەهەزارپیاو ناجولێنرێ، ژنەکە هەڕەشەی لە پیاوەکە کرد کە بێتەوە ڕۆژی هەزارپیاو لە جیهان دەکوژێ وڕۆژانە هەزاروپێنج سەدژن لە دایک دەبێ.

ئەم ئەفسانە لە ڕاستیدا وایە ،هۆکاری لەناوچوونی پیاوان زۆربەی پەیوەندی بە ژیان وداواکاریەکانی ژنەوە هەیە، ژنانیش هەرزۆر دەبن.

۸-چۆنێتی دروست بوونی بونەوەروپەیکەری پیرۆزەکان لای : یەهودیەکان:

هەرچەندە یەهود خاوەنی تەوراتن ،بەڵام چونکە ئەوان لەسەردەمی سەبی دا ودوای تێکەڵ بونیان بە گەل وشارستانی ودین وئەفسانەکۆنەکانی

جیهان تەوراتی بابل ویۆنانیان دووبارە نوسیوەتەوە،بۆیە کاریگەربوون بە ئەفسانەو بۆچونەکانی گەلانی تر، من لێرە تەنیا سەرەتای

سفری تکوین ،باس دەکەم کە باسی چۆنێتی دەستپێکی دروستکراوەکانە.

لأصحَاحُ الأَوَّلُ:

1فِي الْبَدْءِ خَلَقَ اللهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ. 2وَكَانَتِ الأَرْضُ خَرِبَةً وَخَالِيَةً، وَعَلَى وَجْهِ الْغَمْرِ ظُلْمَةٌ، وَرُوحُ اللهِ يَرِفُّ عَلَى وَجْهِ الْمِيَاهِ. 3وَقَالَ اللهُ: «لِيَكُنْ نُورٌ»، فَكَانَ نُورٌ. 4وَرَأَى اللهُ النُّورَ أَنَّهُ حَسَنٌ. وَفَصَلَ اللهُ بَيْنَ النُّورِ وَالظُّلْمَةِ. 5وَدَعَا اللهُ النُّورَ نَهَارًا، وَالظُّلْمَةُ دَعَاهَا لَيْلاً. وَكَانَ مَسَاءٌ وَكَانَ صَبَاحٌ يَوْمًا وَاحِدًا.6وَقَالَ اللهُ: «لِيَكُنْ جَلَدٌ فِي وَسَطِ الْمِيَاهِ. وَلْيَكُنْ فَاصِلاً بَيْنَ مِيَاهٍ وَمِيَاهٍ». 7فَعَمِلَ اللهُ الْجَلَدَ، وَفَصَلَ بَيْنَ الْمِيَاهِ الَّتِي تَحْتَ الْجَلَدِ وَالْمِيَاهِ الَّتِي فَوْقَ الْجَلَدِ. وَكَانَ كَذلِكَ. 8وَدَعَا اللهُ الْجَلَدَ سَمَاءً. وَكَانَ مَسَاءٌ وَكَانَ صَبَاحٌ يَوْمًا ثَانِيًا.

9وَقَالَ اللهُ: «لِتَجْتَمِعِ الْمِيَاهُ تَحْتَ السَّمَاءِ إِلَى مَكَانٍ وَاحِدٍ، وَلْتَظْهَرِ الْيَابِسَةُ». وَكَانَ كَذلِكَ. 10وَدَعَا اللهُ الْيَابِسَةَ أَرْضًا، وَمُجْتَمَعَ الْمِيَاهِ دَعَاهُ بِحَارًا. وَرَأَى اللهُ ذلِكَ أَنَّهُ حَسَنٌ. 11وَقَالَ اللهُ: «لِتُنْبِتِ الأَرْضُ عُشْبًا وَبَقْلاً يُبْزِرُ بِزْرًا، وَشَجَرًا ذَا ثَمَرٍ يَعْمَلُ ثَمَرًا كَجِنْسِهِ، بِزْرُهُ فِيهِ عَلَى الأَرْضِ». وَكَانَ كَذلِكَ. 12فَأَخْرَجَتِ الأَرْضُ عُشْبًا وَبَقْلاً يُبْزِرُ بِزْرًا كَجِنْسِهِ، وَشَجَرًا يَعْمَلُ ثَمَرًا بِزْرُهُ فِيهِ كَجِنْسِهِ. وَرَأَى اللهُ ذلِكَ أَنَّهُ حَسَنٌ. 13وَكَانَ مَسَاءٌ وَكَانَ صَبَاحٌ يَوْمًا ثَالِثًا.

14وَقَالَ اللهُ: «لِتَكُنْ أَنْوَارٌ فِي جَلَدِ السَّمَاءِ لِتَفْصِلَ بَيْنَ النَّهَارِ وَاللَّيْلِ، وَتَكُونَ لآيَاتٍ وَأَوْقَاتٍ وَأَيَّامٍ وَسِنِينٍ. 15وَتَكُونَ أَنْوَارًا فِي جَلَدِ السَّمَاءِ لِتُنِيرَ عَلَى الأَرْضِ». وَكَانَ كَذلِكَ. 16فَعَمِلَ اللهُ النُّورَيْنِ الْعَظِيمَيْنِ: النُّورَ الأَكْبَرَ لِحُكْمِ النَّهَارِ، وَالنُّورَ الأَصْغَرَ لِحُكْمِ اللَّيْلِ، وَالنُّجُومَ. 17وَجَعَلَهَا اللهُ فِي جَلَدِ السَّمَاءِ لِتُنِيرَ عَلَى الأَرْضِ، 18وَلِتَحْكُمَ عَلَى النَّهَارِ وَاللَّيْلِ، وَلِتَفْصِلَ بَيْنَ النُّورِ وَالظُّلْمَةِ. وَرَأَى اللهُ ذلِكَ أَنَّهُ حَسَنٌ. 19وَكَانَ مَسَاءٌ وَكَانَ صَبَاحٌ يَوْمًا رَابِعًا.

20وَقَالَ اللهُ: «لِتَفِضِ الْمِيَاهُ زَحَّافَاتٍ ذَاتَ نَفْسٍ حَيَّةٍ، وَلْيَطِرْ طَيْرٌ فَوْقَ
الأَرْضِ عَلَى وَجْهِ جَلَدِ السَّمَاءِ». 21فَخَلَقَ اللهُ التَّنَانِينَ الْعِظَامَ، وَكُلَّ ذَوَاتِ
الأَنْفُسِ الْحيَّةِ الدَّبَّابَةِ الَّتِى فَاضَتْ بِهَا الْمِيَاهُ كَأَجْنَاسِهَا، وَكُلَّ طَائِرٍ ذِي جَنَاحٍ
كَجِنْسِهِ. وَرَأَى اللهُ ذلِكَ أَنَّهُ حَسَنٌ. 22وَبَارَكَهَا اللهُ قَائِلاً: «أَثْمِرِي وَاكْثُرِي
وَامْلإِي الْمِيَاهَ فِي الْبِحَارِ. وَلْيَكْثُرِ الطَّيْرُ عَلَى الأَرْضِ». 23وَكَانَ مَسَاءٌ
وَكَانَ صَبَاحٌ يَوْمًا خَامِسًا.

24وَقَالَ اللهُ: «لِتُخْرِجِ الأَرْضُ ذَوَاتِ أَنْفُسٍ حَيَّةٍ كَجِنْسِهَا: بَهَائِمَ، وَدَبَّابَاتٍ،
وَوُحُوشَ أَرْضٍ كَأَجْنَاسِهَا». وَكَانَ كَذلِكَ. 25فَعَمِلَ اللهُ وُحُوشَ الأَرْضِ
كَأَجْنَاسِهَا، وَالْبَهَائِمَ كَأَجْنَاسِهَا، وَجَمِيعَ دَبَّابَاتِ الأَرْضِ كَأَجْنَاسِهَا. وَرَأَى اللهُ
ذلِكَ أَنَّهُ حَسَنٌ. 26وَقَالَ اللهُ: «نَعْمَلُ الإِنْسَانَ عَلَى صُورَتِنَا كَشَبَهِنَا،
فَيَتَسَلَّطُونَ عَلَى سَمَكِ الْبَحْرِ وَعَلَى طَيْرِ السَّمَاءِ وَعَلَى الْبَهَائِمِ، وَعَلَى كُلِّ
الأَرْضِ، وَعَلَى جَمِيعِ الدَّبَّابَاتِ الَّتِي تَدِبُّ عَلَى الأَرْضِ».

27فَخَلَقَ اللهُ الإِنْسَانَ عَلَى صُورَتِهِ. عَلَى صُورَةِ اللهِ خَلَقَهُ. ذَكَرًا وَأُنْثَى
خَلَقَهُمْ. 28وَبَارَكَهُمُ اللهُ وَقَالَ لَهُمْ: «أَثْمِرُوا وَاكْثُرُوا وَامْلأُوا الأَرْضَ،
وَأَخْضِعُوهَا، وَتَسَلَّطُوا عَلَى سَمَكِ الْبَحْرِ وَعَلَى طَيْرِ السَّمَاءِ وَعَلَى كُلِّ
حَيَوَانٍ يَدِبُّ عَلَى الأَرْضِ». 29وَقَالَ اللهُ: «إِنِّي قَدْ أَعْطَيْتُكُمْ كُلَّ بَقْل يُبْزِرُ
بِزْرًا عَلَى وَجْهِ كُلِّ الأَرْضِ، وَكُلَّ شَجَرٍ فِيهِ ثَمَرُ شَجَرٍ يُبْزِرُ بِزْرًا لَكُمْ
يَكُونُ طَعَامًا. 30وَلِكُلِّ حَيَوَانِ الأَرْضِ وَكُلِّ طَيْرِ السَّمَاءِ وَكُلِّ دَبَّابَةٍ عَلَى
الأَرْضِ فِيهَا نَفْسٌ حَيَّةٌ، أَعْطَيْتُ كُلَّ عُشْبٍ أَخْضَرَ طَعَامًا». وَكَانَ كَذلِكَ.

31وَرَأَى اللهُ كُلَّ مَا عَمِلَهُ فَإِذَا هُوَ حَسَنٌ جِدًّا. وَكَانَ مَسَاءٌ وَكَانَ صَبَاحٌ يَوْمًا
سَادِسًا.

واتای سەحاحی یەکەمی سفری تکوین=پێک هاتن.

ئیسحاحی یەکەم:

لەسەرەتادا اللە ئاسمانەکان وزەویەکەی دروست کرد،زەویەکە وێران وچۆڵ بوو،تاریکستان بوو،ڕوحی اللە لەسەرڕووی ئاو سەرئاو کەوتبوو،،اللە فەرمووی:باڕوناکی بێتە بوون،،ڕوناکی هاتەبوون،اللە بینی کەڕوناکی بونەوەرێکی جوانە،اللە ڕوناکی وتاریکی لێک جیا کردنەوە، اللە ڕوناکی ناونا ڕۆژگار،تاریکی ناونا شەوگار،ئەمانە لە ئێوارەی یەکەم تەواوبوون ،بۆبەیانی ڕۆژی یەکەم دەستی پێ کرد.

اللە فەرموی باپێست لەناوەڕاستی ئاوەکان بەدی بێ، وبابێتە جیاکەرەوەی نێوان ئاوەکان،،اللە پێستی کرد،وەبوە جیاکەرەوەی ئەوئاوانەی ژێرپێستەکە لە ئاوەکانی سەرپێستەکە،،اللە پێستەکەی ناونا ئاسمان،ئێوارە هاتەوەو بۆبەیانی ڕۆژێکی تربوو،ڕۆژی دووەم:

اللە فەرموی با ئاوەکە هەمووی لەژێر ئاسمانەکە لەشوێنێک کۆبێتەوە،وەباوشکانی دەرکەوێ،چۆنی فەرموو وابوو،اللە وشکانی ناونا ئەرز ،زەمین، وەشوێنی کۆبونەوەی ئاوی ناو نا دەریاکان،اللە دیتی ئەمە کارێکی باش وجوانە،اللە فەرموی با زەوی گژوگیاو ڕوەکی لێ بڕوێ کە تۆوی هەبێ لەشێوەی خۆی،وابا درەختی میوەوبەردارببڕوێ کە تۆوی ڕەگەزی خۆی هەبێ،ئەویش بەوشێوە بوو،زەوی ڕوەک وگیا ودرەخت ی بەرداری لێ ڕوا کەتۆوی شێوەی خۆیان هەبوو،اللە بینی ئەمە جوانە ،ئێوارەهات وبۆبەیانی ڕۆژی سێ یەم بوو،اللە فەرموی با ڕوناکی لە پێستی ئاسمان ببن،ڕۆژگاروشەوگارلێک جیا بکەنەوە ،وەبا نیشانەوکاتەکان وڕۆژەکان وساڵەکان ببن،هەموو ئەمانەبوون،ڕوناکیەکی گەورە لە پێسی ئاسمان بۆ ڕوشن کردنی ڕۆژگار،ڕوناکیەکی بچوک بۆ ڕوناک کردنی شەو،لەگەڵ ئەستێرەکان.بۆجیاکردنەوەی ڕوناکی وتاریکی، شەوهات وبۆ بەیانی ڕۆژی چوارەم بوو،

اللە فەرموی با خشۆک وزیندەوەرە مەلەوانەکان دەریاکان پڕ بکەن، وە با باڵندەکان لەسەرڕووی پێستی ئاسمان بفڕن،اللە چەندین عەزیاوتەنینی گەورەی لە دەریاکاندا دروست کردن،لەگەڵ چەندین جانەوەروڕێکەری زیندوو لەناو ئاودا وچەندین باڵدار لە ئاسماندا،اللە ئەمانەی هەمووبەجوان وباش زانی ،اللە فەرموی دەبا زۆربی وبەروبووم وبەرهەمەکانت زۆر

وئاوی دەریاکان زۆر وبەفەڕبێ وباڵندەکان لەسەرزەوی زۆربن ،ئێوارە هات وبۆبەیانی ڕۆژی پێنجەم بوو.

اللە فەرموی ،باوشکانی زەمینیش گیانەوەرە زیندوە کانی لە ڕەگەزی خۆی هەبێ،ئاژەڵ و مێرووەکان ودڕندەکان هەریەکەیان لە ڕەگەزی خۆیان هەبن،اللە هەرسێ ڕەگەزی ئاژەڵەکان ومێرووەکان ودڕندەکانی لە ڕەگەزی خۆیان دروست کردن،اللە ئەمەی بەباش زانی.

اللە فەرمووی کە مرۆڤ دروست دەکەین لە سەرشێوەو سورەتی خۆمان،وێکچوی ئێمە،ئەو مرۆڤانە دەسەڵاتیان دەبێ بەسەرماسیەکانی ناودەریاوباڵندەکانی ئاسمان وئاژەڵەکانی سەر وشکانی،وەبەسەرهەموو ئەو مێروانەی کە لە سەرپشتی زەوی ڕێ دەکەن.

اللە مرۆڤی لە سەرشێوەوسورەتی خۆی دروست کرد،بەهەردوو ڕەگەزی نێرومێ دروستی کردن، وفەڕو پیرۆزی بەسەردا ڕشتن، وەپێ ی گوتن:بەرهەمداربن وزۆربن وزەویەکە پڕکەن،وە زەوی ژێردەست بکەن،وەبەسەرماسیەکانی دەریاکان وباڵندەکانی ئاسمان وهەموو ئاژەڵ ومێروەکانی زەوی دا دەسەڵات داربوون،اللە فەرمووی من هەموو ڕوەک ودرەختەکانم پێ بەخشین کە بەرهەم وتۆو دەدەن،وەهەموو ماسیەکانی دەریاو باڵندەکانی ئاسمان وئاژەڵ ومێروەکانی زەمین ڕوەک وگژوگیام بۆ کردنە لەوەڕ،هەموو ئەوەی اللە ویستی جێ بەجێ بوو،اللە بینی کە زۆرجوانە،ئێوارەهات وبۆبەیانی ڕۆژی شەشەم بوو.

ئەم سەحاحە ڕێزبەندی دروستکراوەکان لە بونەوەرو سەرزەوی دا لە ڕۆژە و قۆناغە سەرەتاکاندا کە ناکرێ ،ئەم ڕۆژانەی ئەم جیهانە بن، چونکە هەندێک لەوڕۆژانە پێش بوونی زەوی وئاسمانن، هەروا ڕێزبەندی ئەوە کە ژیانی دەریا پێش ژیانی پەلەوەران وژیانی پەلەوەران پێش ژیانی ئاژەڵە وشکانیەکانە، هەروەک دەزانین کە ئەرزو ئاسمان پێش مانگ وڕۆژن، مانگ وڕۆژ پێش ئەستێرەکانن،دروست کردنی مرۆڤ لە ڕۆژی پێنجەم لە تەوڕات دا ،واتە پێنج شەم ،بەڵام لە فەرمودەدا ،دروست کردنی ئادەم دەخاتە ڕۆژی شەشەم ،ڕۆژی جومعە.

ئەم ڕوداوگەلە ی سفری تکوینی تەوڕات لە قورئانیش دا باس کراوەو فەرمویەتی:

قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ (9)

ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: باشە ئاخر ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نیە کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە؟ (ئاڵبەتە ئەو ڕۆژانە مەگەر الله خۆی بزانێت درێژی ماوەکەیان چاندە)، چەند هاوەڵێکیشی بۆ بڕیار دەدەن؟! ئەو بەدیهێنەر و دروستکارە پەروەردگاری هەر هەموو جیهانیان و بوونەوەرە.

وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ (10)

لەسەر ڕووکاری زەوی کێوەکانی دامەزراندوە (کە کار دەکەنە سەر ئاوو هەوا، دیمەنی جوان دەسازێنن، لەنگەری دەگرن، ڕووبەری فراوانتر دەکەن... هتد) بەرەکەتی زۆری تێدا دابین کردووە (وەک نەوت وجۆرەها کانزا، سەرچاوەی جیهانی ڕوەک و.. هتد)، هەموو ڕزق و ڕۆزیەکانی تیادا بڕیارداوە هەمووی لە ماوەی چوار ڕۆژدا بە دوو ڕۆژەکەی پێشووشەوە (قەبارە و ڕەنگ و تام و بۆن و وەرز و شوێنی هەر میوە و دەغڵ و دانێک، هەروەها گیانداران و باڵندەکانیش) تا نیازو داخوازیەکانی ئادەمیزاد جێبەجێ بکات.

ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ (11)

ئینجا ویستی ئاسمان ڕێک بخات و دروستی بکات لەکاتێکدا کە دوکەڵ بوو، جا بە ئاسمان و زەوی فەرموو: فەرمانبەردار و ملکەچ بن، بەخۆشی خۆتان یان بەزۆر بتانخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە؟! هەردوولا خێرا وتیان: ملکەچی تۆین و چۆن دەفەرمویت وا دەکەین، (بێگومان کارێکی ئاسانە بۆ الله ی بەدەسەڵات، زەوی و ئاسمان بێنێتە قسە، چونکە ئادەمیزاد جۆرەها ئامێری هێناوەتە قسە، دەم و زمان و لێویشیان نیە!!).

فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (12)

لە ماوەی دوو ڕۆژدا (لەو ڕۆژانەی کە هەر خۆی ماوەیان دەزانێت) ئاسمانی کردە حەوت چین و فەرمانی بۆ هەر چینێکیش دەرکرد، ئینجا دەفەرموێت: ئاسمانی دنیاشمان ڕازاندەوە بە ئەستێرەوکردمانە چراخان و کردمانە هۆی پاڕاستن، (لە شەڕی شەیتانەکان)، ئا ئەو شتانە هەمووی بە ویست و فەرمانی زاتێکە کە باڵادەست و زانایە.

ئەم ڕۆژانە لە فەرمودەش ڕێزبەندی بۆکراوە کە فەرمویەتی: جاء في صحيح مسلم تحت باب " ابتداء الخلق " عن أبي هريرة رضي الله عنه أنه قال: " أخذ رسول الله صلى الله عليه وسلم بيدي فقال : (خلق الله عز وجل التربة يوم السبت ، وخلق فيها الجبال يوم الأحد ، وخلق الشجر يوم الاثنين ، وخلق المكروه يوم الثلاثاء ، وخلق النور يوم الأربعاء ، وبث فيها الدواب يوم الخميس ، وخلق آدم عليه السلام بعد العصر من يوم الجمعة في آخر الخلق ، في آخر ساعة من ساعات الجمعة ، فيما بين العصر إلى الليل)

رواه مسلم في " صحيحه " (2789) ، وأحمد في " مسنده " (2/ 327) ، وأبو يعلى في " المسند " (10/ 513) ، وابن خزيمة في " صحيحه " (3/ 117) ، وابن حبان في " صحيحه " (14/ 30) ، والطبراني في " الأوسط " (3/ 303) ، والبيهقي في " السنن الكبرى " (9/ 3) ، والطبري في " تفسيره " (21/ 433

کەواتە ئەم فەرمودە کە ڕەخنەی ئەوەی لێ گیراوە کە دژی ئایەتەکانە چونەکە لەشەممەوە تا جومعەیە،لەڕاستیداگێڕانەوەکەی تەواتیش

لەشەممە تا پێنج شەممەیە وجومعە ی تێدا نیە ،هەربۆیە عەرەبە کۆنەکانی سەبەئی ڕۆژی پێنج شەمەیان ناوناوە ڕۆژی ئەنیس چونکە ئینسانی تێدا دروست کراوە، وەڕۆژی جومعەیان ناوناوە ڕۆژی عروبە چونکە ئەو ڕۆژە مرۆڤ لە قوڵایی گەردوونەوە عبوری کردوەوفڕێ دراوەتە سەرزەوی ،

بەهەرحاڵ ئەوەی لەتەوڕات وقورئان وفەرمودەدا هاتوە لەگەڵ ئەوەی زانستی چاخە جیۆلۆجیەکان دەیڵێ هەمووی باسی ڕێزبەندی وقۆناغ بەندی دروست کردن دەکەن ،ئەم قۆناغانە ماوەکەیان دیاری نەکراوە ،بۆیە من پێم وایە کە چونکە هەموو بۆچوونەکان وهەموو ژمارەوقۆناغەکان کۆبکەیەنەوە دەڵێم کە:

١- ئەگەر ڕۆژی یەکەم بەدەیانی تڕلیۆن ساڵ دەست پێ بکا ،واتە ژمارەیە سێزدە سفری هەبێ ،لەم ڕۆژی یەکەمە کە پێش بیگ بن وپێش وئەوەی لەسورەتی ئەنبیائاماژەی پێکراوە ،لەم ڕۆژەدا بۆشایی وئەوەل عابد کە خاوی محمدی ڕەحمەتە دروست کراوە.

٢-ڕۆژی دوەم لەیەکانی تڕلیۆن کە دوازدەسفری هەیە لەم ڕۆژەدا هەوا دروست کراوە بەبەڵگەی فەرمودەی زڕی کوڕی حەبیش.

٣-ڕۆژی سێ یەم کە سەدانی ملیاران دەگرێتەوەو یازدەسفری هەیە ،لەوڕۆژە دا ئاو دروست کراوە.

ئەم سێ ڕۆژە پێش تەقینەوەی بیگ بنن وئەوکاتەن کە ئاسمانەکان وزەوی یەک ڕەتق بوون ،لە کنز الربی سابیئیش باس لەم قۆناغەکراوەو لە ئەفسانەی گەلانیش باس کراوە ولەقورئانیش لەسوڕەی ئەنبیا بە ڕەتق باس کراوە.

٤-ڕۆژی چوارەم ، ڕۆژی فەتقی ئاسمانەکان لە زەوی وڕۆژی تەقینەوەی بیگ بن ، لە دەیانی ملیاران وژمارەی دەسفری دەنوێنێ کە ئاگرو تیشک و جانەکانی تێدا دروست کران.

٥-ڕۆژی پێنجەم کە یەکانی ملیاران دەگرێتەوەو نۆ سفری هەیە ولەوقۆناغە گڵ و وشکانی لە دەریا دەرهات وپێک هاتەکانی ئەستێرە وهەسارەو ڕۆژو مانگەکان تەواو بوون.

٦-ڕۆژی شەشەم ،ڕۆژی سەدانی ملیۆنانە کە هەشت سفری هەیە ،لەوڕۆژە دا زیندەگی وکارلێک و جوڵە ی توخم وخانەکان پێک هاتن ، ئەمانە پێش هاتنی مرۆڤ وجنە بۆ زەوی ،چونکە جن وئادەم لە ڕۆژی جومەعە وحەوتەم هاتونە سەر زەوی .

٧-ڕۆژی حەوتەم کە لەدەرەوەی شەش ڕۆژە سەرەکیەکەیە ،ڕۆژی جومعەیە کە بە بەڵگەی فەرمودە ئادەم لەم ڕۆژە دروست کراوە ،ئەم ڕۆژە ڕۆژی ڕۆژی دەیانی ملیۆنانە کە حەوت سفری هەیە ولەکۆتایی ئەم ڕۆژە مرۆڤ هاتۆتە سەرزەوی ،واتە دەملیۆن ساڵ کە چاخە جیۆلۆجیەکانیش هەرئەو ماوە بۆ دەرکەوتنی شێوەمرۆڤەکان دیاری دەکەن.

لە تەوڕات وسەرچاوە دینیەکانیش دەکرێ درێژە بەم ڕۆژ وقۆناغانە بدەین وڕۆژی شەممەی دووەم کە ڕۆژی یەکانی ملیۆن ساڵی وشەش سفری ئەم ڕۆژەبێ:

لە تەوڕاتیش کە ماوەی جیهانیان بە حەوت هەزارساڵ داناوەو لە ساڵی5872 پ ز دەست پێدەکەن کەلەتەوڕاتدا ئادەم لەو مێژووە دابەزیوە تاکو ئێستا بەهەموو ساڵ ژمێرە ناکۆک وجیاواز و دژبەیەکەکانیان ئێستا جیهان پێنج سەدەیە حەوت هەزارەکەی تەواوکردوەو هێشتا قیامەتیش نەهاتووە کە بەپێی حسابی جولەکەوتەوڕات بووایە دەبوو پێش پێنج سەدساڵ قیامەت بەرپابوایە ..

بێ گومان لە گێڕدراوەی فەرمودەی لاواز وقسەی یاوەران وزانایانیش زۆر گێڕدراوە هاتوون کەباس لەوەدەکەن کە تەمەنی جیهان حەوت هەزارساڵە و ئیسلام لەهەزارەی شەشەم هاتووە ، زۆرێکیان دەڵێن جیهان پێش ١٥٠٠ی کۆچی کۆتایی پێ دێ کە ئێمە ئێستالە ساڵی١٤٤٥کۆچین و ئەو بەروارەی ئەوان دەیڵێن تەنیا ٥٥ساڵی ماوە.

بەڵام گێڕدراوەکان هەموویان لاوازن ، بۆیە من لێرەبەشوێن بەڵگەی تردا دەگەڕێم ،چونکە قورئان ئەوەی ڕەتکردۆتەوە کە کەس لە پەیامبەران کاتی هاتنی قیامەت بزانێ ، جابۆیە ئەوفەرمودانەی باسی دیاریکردنی ماوەدەکەن فەرمودە نین، بەڵکو لە ئیسرائیلیات ومەسیحیەکان وەرگیراون .

بەڵام ئێمە لەچەندین فەرمودەوگێڕانەوەی دروستدا بۆمان باس کراوە کە ئادەم لەدواساتەکانی ڕۆژی جومعە دروستکراوەو هەرلەوڕۆژەش لەبەهەشت دەرکراوە.

وَخَلَقَ آدَمَ عليه السَّلَامُ بَعْدَ العَصْرِ مِن يَومِ الجُمُعَةِ، في آخِرِ الخَلْقِ، في آخِرِ سَاعَةٍ مِن سَاعَاتِ الجُمُعَةِ، فِيما بيْنَ العَصْرِ إلى اللَّيْلِ.

الراوي : أبو هريرة | المحدث : مسلم | المصدر : صحيح مسلم ،الصفحة أو الرقم: 2789

وەهەرلەفەرمودەش سەروەرمان علیه السلام بۆی ڕوونکردوینەوە کە ئەو لە ڕۆژی جومعە نێردراوە.

وە فەرموشیەتی بەیانی ڕۆژی شە ممەیە ڕۆژی دەسەڵاتداری جولەکەکانەو دووسبەی یەک شە ممەیە کە ڕۆژی دەسەڵاتی مەسیحیەکانە.

نَحْنُ الآخِرُونَ السَّابِقُونَ يَومَ القِيَامَةِ، بَيْدَ أنَّهُمْ أُوتُوا الكِتَابَ مِن قَبْلِنَا، ثُمَّ هذا يَوْمُهُمُ الذي فُرِضَ عليهم، فَاخْتَلَفُوا فِيهِ، فَهَدَانَا اللَّهُ، فَالنَّاسُ لَنَا فيه تَبَعٌ اليَهُودُ غَدًا، والنَّصَارَى بَعْدَ غَدٍ.

الراوي : أبو هريرة | المحدث : البخاري | المصدر : صحيح البخاري | الصفحة أو الرقم : 876 .

ئەم ئاماژانە چەند ڕێنماییەکی وردی بۆ ڕابردوو وداهاتووش تێدایە کە بە وردبونەوە لە ڕۆژژمێری تەورَاتی و مێژوویی بۆمان ڕوون دەبێتەوە:-

١-لە تەورَاتدا ساڵی5872 پ ز دابەزینی ئادەم وحەوایە بۆسەر زەوی .

لەدوا سەعاتی هەینی وسەرەتای شەوی شەممە،کە ، ئادەم وحەوا علیهما السلام لە دوا سەعاتی ئێوارەی جومعە لە جەننەت دەرکراون .

کەواتە :

١-ڕۆژی شەممەی یەکەم -لەساڵی ٥٧٦٠-تاکو ٤٧٩٠پ زدەخایەنێ.

بۆیەش هەزارەکانم بە٩٧٠ساڵ دانا چونکە هەزارساڵی شەممسی ٩٧٠ساڵی قەمەریە، لە ڕۆژژمێری دینیدا ولەناوجولەکەو تەورَاتیشدا ساڵ ژمێرو ڕۆژژمێر بە قەمەری دەژمێردرێ نەک بە شەمسی بۆیە منیش بەو سەرژمێرەم پەیڕەوکرد.

٢- شەوو ڕۆژی یەک شەممەی یەکەم لە ساڵی ٤٧٩٠پ ز تاکو ساڵی ٣٨٢٠پ ز دەخایەنێ.

لە سەرەتای ئەم هەزارەشدا 4942 پ ز دا بە پێ ی گێڕانەوەی تەورَات ئادەم علیه السلام کۆچی دوایی کردوە.

لە ساڵی 3900 پ ز بە پێ ی گێڕانەوەی تەورَات نوح علیه السلام کراوەتە پەیام بەر .

٣-شەوو ڕۆژی دوو شەممەی یەکەم لە بەروارِی ساڵی ٣٨٢٠پ ز تاکو ساڵی ٢٨٥٠پ زدەخایەنێ.

بە پێ ی گێڕانەوەو شوێنەوارە کان و ڕۆژژمێری تەورات لە ساڵی 2900 پ ز تۆفانەکەی نوح ڕووی داوە

٤- شەوو ڕۆژی سێ شەممە لە بەرواری ساڵی

٢٨٥٠-پ زتاکوساڵی ١٨٨٠ پ ز دەخایەنێ.

لە 2400هود علیە السلام نێردراوە بۆ ئەحقاف وهۆزی عاد.

٥- شەوو ڕۆژی چوارشەممە لە بەرواری ساڵی

١٨٨٠-پ ز٩١٠ پ زدەخایەنێ.

لە ساڵی 1922پ ز ،واتە لەسەرەتای ئەم هەزارە ئیبراهیم وسارا ولوت علیهم السلام لە ئوور هوە کۆچیان کرد بۆکەنعان،لە بەرواری 1707 پ ز کۆڕانی ئیسرائیل ،یەعقوب علیە السلام کۆچیان کردوە بۆ میسرو430ساڵ لە میسر مانەوە چونە لای یوسف علیە السلام،لە ساڵی 1270 پ ز

موسی علیە السلام بەنو ئیسرائیلی دەربازکردولە میسر کۆچیان کرد و بەرەو قودس و زەوی پیرۆز گەڕانەوە،

موسی ویوشع علیهما السلام 1270 پ ز 1130پ ز فەرمانڕەواییان کردوە .

لە ساڵی 1050 پ ز کەنعانیەکان دەستیان بە سەر ئۆرشەلیم داگرت ودەستیان بەسە رتابوتی رەب داگرت.لەم هەزارەداسێ کۆچی گەورەوسێ بنچینەی گەورەی ئیبراهیمی ئیسرائیلی یەهودی دامەزراوە.

٦- شەوو ڕۆژی پێنج شەممە لە بەرواری ساڵی

٩١٠ پ ز هەتاکو ساڵی ٦٠ زاینی دەخایەنێ.

لەم هەزارەدا حوکمی داودوسلێمان علیهما السلام

لە ماوەی ساڵانی 1025 پ ز تاکو ساڵی 931 پ ز فەرمانڕەوابوون بە پێ ی گێڕانەوەی تەورات کە دەسەڵاتێکی زۆرسنوردار وناوچەیی بوەو لەبەشێک لەخاکی فەلەستین بوە.

هەرگیزئەو گێڕانەوە لەگەڵ ئەو داودوسلێمانە ناگونجێ کە خەلیفەی گشت زەوی بووە ..

کە دەفەرموێ :یاداود اناجعلناک خلیفة في الارض.

وەئەوسلێمانەی کە پاشای گشت جیهان بوە.

٧- شەوو ڕۆژی جومعەی دووەم لە بەرواری ساڵی ٦٠ز تاکو ساڵی - ١٠٣٠زاینی دەخایەنێ.

کەواتە عیسی علیه السلام لەکۆتایی ڕۆژی پێنج شەم لەدایک بوو و هەرلەکۆتایی ئەوڕۆژەش بڵند کراوە.

ئەگەر هەرسەعاتێکی ئەوشەوو ڕۆژە هەزاریانە ٤٢ساڵ بێ وسەرەتای ڕۆژیش بەپێی ڕۆژژمێری قەمەری سەعات شەشی ئێوارە دەست پێدەکا ئەوە ساڵی ٥٧١ز دەبێتە ساڵی ٥٢٥ی هەزارەی ڕۆژی جومعە کە ١٢سەعات ونیو لەوڕۆژە ڕۆیشتوەوسەعات شەش ونیوی بەرەبەیانی جومعە سەروەرمان علیه السلام لەدایک بووەو لەسەعات هەشتیش کۆچی دوایی کردوەو سەعات ونیوێک لەڕۆژی جومعە ژیاوە.

،ئەم هەزارە تاکو ساڵی هەزاری زاینی کۆتایی ڕۆژی عروبە وبەسەرچونی چوارچاخی زێڕین و پێشینی ئیسلامە کەدەسەڵاتی زۆربەی جیهانی کۆن بەدەستی مسوڵمانانەوەبوو وهەمووشی بەزمانی عەرەبی زمانی فەرمی بوو..

مەبەستم لە ڕۆژی عروبە ، چونکە لە لای سەبەئیەکان ڕۆژەکانی هەفتە ناوەکانیان بەم شێوەیە :

-شەممە شبار

یەک شەممە ئەوەل

دووشەممە ئەهوەن

سێ شەممە دبار

چوارشەممە جبار

پێنج شەممە ئەنیس

جومعە عروبە

وەک ئیبن حەجەر لە کتێبی -هدی الساری -هەدی ساری پێشەکی فتح الباری باسی کردووە.

٨-شەوو ڕۆژی شەممەی دووەم وگەڕانەوەی دەسەڵاتی یەهود لە ساڵی١٠٣٠ز تاکو-٢٠٠٠زاینی دەخایەنێ.

هەزاری زاینی تا ساڵی دوو هەزاری زاینی ،کە لەڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای ئیسلامی ونیمچە کیشوەری هیندی چینی جالوتی تورک فەرمان ڕەوا بوون،ئەو تورکانەی کەلە فەرمودە هاتوە ،واز لە تورک بێنن، ئەوەندەی ئەوان وازتان لێ دێنن، وەلە گێڕانەوەیەکی تر دەفەرموێ: هەرئەوەندەی بەنو قەنتورا هاتنە ئەم دینەوە،ئیدی هەمووکاروبارێکتان لە دەست دەردێنن و ئەسپەکانیان بە کۆڵەکەکانی مزگەوتەکەم دەبەستنەوە، وەلەزۆرفەرمودە هاتوە کە تورک بەشێکن لەیاجوج وماجوج، وەکە لەخەوندا دەی دیتن ،دەی فەرمو وەیل بۆ عەرەب لەو ڕۆژەی کەنزیک بۆتەوە، تێبینی بکەن نەی فەرموە وەیل بۆ مسوڵمانان ، چونکە زانیویەتی ئەم تورکانە مسوڵمان دەبن ،بەڵام وەیلن بۆ عەرەب چونکە دەسەڵات وهەژموون وسەروەریان لەدەست دەردێنن.

هاتنی ئەم تورکە عەلوجانە بەهاتنی سلجوقی کوڕی دوقاق لە ٩٦٠ز ولە ١٠٣٧دا وڵاتی بیوهیان ڕوخاند ودەوڵەتی خۆیان دامەزراند ولەساڵی ١٠٧١ شەڕی ملازکوردیان کرد و بەهۆی

ئەوشەڕەوە جیهانی مەسیحی ناکۆکیەکانی خۆیان بەلاناو هاوپەیمانی خاچ پەرستیان گرێ دا، لەئەنجامدا لە١٠٩٧خاچپەرستەکان هاتن فەلەستین و لوبنان وبەشێک لەسوریاوئەنادۆلیان گرت. وە حوکمی سلجوقیەکان لە ساڵی ١١٥٧ کۆتایی پێ هات و پاشماوەکانیان بوونە جاش وگوێ لە مستی مەغۆلەکان.

خوارزمە تورکەکان لە 1077-1220 حوکمڕان بوون وجێگای سلجوقەکانیان گرتەوە ، بەڵام وەک چۆن سلجوقەکان بەڵای شەڕی خاچیان بەسەر وڵاتانی ئیسلام داهێنا، خوارزمەکانیش بوونە هۆی ئەوەی تەتەرومەغۆلەکان شەڕوناکۆکی ناوخۆیان وازلێ بێنن و یەک لەدوای یەک شارو وڵاتەکانی مسوڵمانان داگیربکەن لەساڵانی ١٢٠٦-١٣٦٣ ز دا بەئەوپەڕی دڕندەیی حوکم بکەن .

زەنکیەکان کە عماد الدین زەنکی لە١١٢٠ دای مەزراند تا مردنی نورالدین محمودلە١١٧٤ دەوڵەتی زەنکی تورکمانیان بەهۆی ناکۆکی سلجوقی و خوارزمی وخاچ و ڕۆمەکان ڕاگرت بەڵام لەوەودوا لە١١٧٤ئەوانیش بوونەپاشکۆوجاشی خاچ و مەغۆل و خوارزمیەکان تا ١٢٥٨ز

ئەیوبیەکان ١١٨٠-١٢٥٠ز دوای خۆیان هەرئەوەندەیان پێکرا بۆ جیهانی ئیسلامی کە دەوڵەتی مەمالیکی بورجی وبەحریان پەروەردەکردن وئەم مەمالیکانە لە ساڵی١٢٥٠تاکو١٥١٧ خایاندی ومیسریان کردە پایتەخت وخەلافەتی عەباسیان دامەزراندەوەو سێ سەدە بەرامبەر چاوچنۆکیەکانی ئەوروپاو ومەغۆل و عوسمانیەکان ڕاوەستان، هەرچەند ئەمانە بەڕەچەڵەک تورک بوون بەڵام تورکایەتیان نەکردوەو بوونە بەشێک لە عەرەب و دواتر بەدەستی عوسمانیەکان دەوڵەتی مەمالیکیش کەپاشماوەی بنەماڵەی عەباسیەکانیشیان لەباوەش گرتبوونەوەوکردبوونیانەوە خەلیفە ئەویش کۆتایی پێ هات، کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی کۆیلە مەمالیکەکانی ئەیوبیەکان خەتای کوردیشی تێدابوو کەبە هۆی هەوڵەکانی مەلائیدریسی بەدلیسی ٤٦ئەمارەتی کوردی یەکیان گرت و بوونە بەشێک لە ئیمارەتی عوسمانی و ئیمارەتی عوسمانی کە لە

سەردەمی عوسمانی کوڕی ئارتغرول کە ٤٥ساڵ حوکمڕانی کر لە ١٢٨١ز تاکو١٣٢٦ز لەوماوەدا ئەمارەتەکە لە 4800 کم2، ی فراوان کرد بۆ 16000 کم2 .

ئەم ڕووبەرە لە ساڵی ١٣٨٩ز کە سوڵتان مرادی کوڕی ئۆرخان تیایدا مرد گەیشتە500.000 کم2.

بەڵام ئەو دەوڵەتە توشی نسکۆ بوو لەسەردەستی تەیموری لەنگ وزۆربەی ڕووبەرەکەی لەدەست داو ٢٠٨هەزار کم 2 لەئەنادۆڵ لەدەست دا و لەئەوروپاش زۆری لێ کەم بۆوەو ئەوی ماشەوە بوونە چەند ئەمارەتێک .

سوڵتان بایەزید لە١٤٠٣ کوژراو ئەمیرەکانی عوسمانی دوای ئەو ناکۆک بوون ، هەتا دوای هاتنی محمد فاتحیش کە بە بکوژی براکانی وبرازاکانی ناسراوە ، چونکە پێی وابوو کە ناحەزانی وڵاتی عوسمانی بوونی فرەئەمیری دەکەنە بیانو بۆ لەت کردنی ئەمارەتەکەونانەوەی پشێوی وناکۆکی .

محمد فاتح لەساڵی ١٤٥٣ز ئەستەمبوڵی گرت وکردیە پایتەخت ، دوای ئەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی بەنوگەرمیان هێنا کە دەگوترێ تورکمان بوون ، بەڵام کوشتنی براکان بنەماڵەی فاتحی لەناکۆکی ڕزگارنەکرد وهەردوای مردنی خۆی لەساڵی١٤٨١ ز هەردوو کوڕەکەی فاتح ناکۆک بوون و ئەمارەتەکەیان لەت کرد .

ئەم ناکۆکیە سەلیم یاوزی پاڵ نا کە کوڕە بچوکی بایەزید بوو کە شازدە لە برازاکانی کوڕی ئەحمەدی برای بکوژێ .

بەم شێوە بەهۆی ملا ئیدریسی بەدلیسی و چوونی ٤٦ئیمارەتی کوردی بۆناودەوڵەتی عوسمانی ، سوڵتان سەلیم لە ١٥١٤ز لەچاڵدێران بەسەر سەفەویە بەڕەچەڵەک تورکەکان دا -هەندێک دەڵێن کوردبوون - سەرکەوت و دواتر لە شەڕی مرج دابووق لە ساڵی١٥١٧ ز بە هاوڕێیەتی ملا ئیدریس چووە میسر و کۆتایی بە دەسەڵاتی مەمالیکی

میسرو شام وحجاز و عیراق ویەمەن ومەغریب هێناو لەکاتی مردنی سەلیم یاوز ڕووبەری سوڵتان نشینی عوسمانی گەیشتە

1,494,000 کلم2 واتە بەڕێژەی 70% زیادی کرد.

خۆش ئەوەیە کتێبە مێژوونووسەکان هیچ باسی ئەو ڕۆڵەی مەلا ئیدریس ناکەن ، ئەگەر کورد لەوسەردەمەدا پاڵی دابایە بەلای مەمالیکەکانەوە ،هەم وەفایەک بوو بۆ هاوپەیمانی مەمالیک و ئەیوبی وعەباسیەکان وهەم لەڕووی شەرع ونەتەوەییش بۆ کورد باشتر بوو ، نەک خلافەت لە ئال وبەیتی پێغەمبەر علیه السلام بستێنرێتەوەوبدرێتە کوڕانی بەنوقونتوراویافسیەکان.

بەڵام ئەوەی مەلا ئیدریسیشی پاڵ دا بۆ ئەوکارە چونکە دوای گرتنی قوستەنتینیە وای زانی کە محمد فاتح ئەو باشترین ئەمیرەیەو سوپاکەی باشترین سوپایە کەلە فەرمودە باسیان کراوە ، بەڵام لەڕاستیدا ئە و باشتیرین ئەمیروسوپاودوازدەسوارانە کە خێرترینی خەڵکی سەرزەوین لە پێش هاتنی دەجالدایە وزانایان دەڵێن ئەمیرەکە محمدی مهدیە و سوپاکەش سوپای ئەوە ، چونکە ئەوان بە اللە اکبر قوستەنتینیە فەتح دەکەن و ڕوبار ودەریا بۆ ئەوان دەکشێتەوە وەک لەفەرمودەهاتووەو ئەو فەرمودانە باسی گرتنی تورکە عوسمانیە یافسیەکان نیە کەبەجەنگ وکوشتارێکی زۆر ئەوشارەیان گرتووە، هەتافەرمودەکە لەهەندێ گێڕانەوەی دەفەرموێ ئەوسوپایەی لە گەڵ ئەو میرە باشترینەن لە بنەماڵەی ئیسحاقن واتە ڕۆمن ، چونکە مێژووناسان ڕۆم بە نەوەی عیص ی کوڕی ئیسحاق دەزانن .

هەرلە تورانیەکان لەڕۆژهەڵاتیش تەیمورلەنگ دەوڵەتی تەیموری دامەزراند لە ١٣٦٣ز تاکو١٥٠٧ز .

دەوڵەتی عوسمانی ئەرتوغرۆڵی کەلە١٢٩٩-١٩٢٢ درێژەی کێشا ولە ڕۆژهەڵاتیش دوای تەیموریەکان دەوڵەتی سەفەوی تورکمانی

١٥٠١-٦٣١٧ز ودواتر قاجاری تورکمانی ئاذری

١٧٩٤-١٩٢٥ز .

وەتائێستاش هەژمونی ئەتاتورکە تورانیەکان لەتەواوی ناوەڕاستی ئاسیاو ئێران و ئاسیای بچوک بەردەوامە و ئەوەبۆهەزارساڵ دەچێ ئەسپی دەسەڵاتی تورکان بەکۆڵەکەی پەیام بەری ئاخرزەمان
بەستراوەتەوەوخۆیان بەو هەڵواسیوەو وەک مەسیحی دەجال کەسەروەرمان علیه السلام لەخەونی دابینی ،لەتەوافی بەیت دا دەستیان لەسەرشانی ئەوداداوەو وادەردەخەن ئەو مەسیخە دەجالانە شوێن کەوتەی ئەون ،بەڵام ئەوانە جالوتی دەجالن ،خودا واللە یان لێک داوەو سەریان لە خەڵکی تێکداوە بۆتە خود ئال ، گەد ئال دەجال ،وەلە ڕوی زەمەنیش خەونەکەی پەیام بەر علیه السلام واتە دوای ئەوو چوارسەدساڵە عروبیەکەی ،بۆهەزارساڵ ئەمانە بەناوی ئیسلام وشوێن کەوتنی محمد تەوافی کەعبەو وهەم تەوافی هەرسێ کیشوەری جیهانی کۆنیان کردوبەناوی ئیسلامەتی خێروبێری ئاسیاوئەوروپاوئەفریقیایان چنیەوە.

ئەمەش هەندێک لەفەرمودەکانە لەسەر هەواڵ دان بەڕۆڵی خراپی تورک:

روى الحاكم عن بريدة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: يجئ قوم صغار العيون، عراض الوجوه كأن وجوههم الحجف، فيلحقون أهل الإسلام بمنابت الشيح كأني أنظر إليهم، وقد ربطوا خيولهم بسواري المسجد، قيل: يا رسول الله، من هم؟ قال: الترك. وروى ابن أبي شيبة والشيخان وأبو داود والترمذي ومحمد بن ماجه والنسائي عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: لا تقوم الساعة حتى يقاتل المسلمون، وفي لفظ: حتى يقاتلوا الترك، صغار الاعين، حمر الوجوه، ذلف الانوف، كأن وجوههم المجان المطرقة. وفي لفظ: قوما وجوههم كالمجان المطرقة، يلبسون الشعر، ويمشون في الشعر. وفي لفظ: لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا قوما نعالهم الشعر، وليأتين على أحدكم زمان لأن يراني أحب إليه من أن يكون له مثل أهله، وماله وروى الإمام أحمد والبزار والحاكم بسند صحيح عن بريدة قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: ان أمتي يسوقها قوم عراض الوجوه صغار الاعين، حتى كأن وجوههم الحجف ثلاث مرات، حتى يلحقوهم بجزيرة

العرب، أما السابقة الاولى فينجو من هرب منهم، وأما الثانية فينجوا بعض ويهلك بعض، وأما الثالثة فيصطلمون من بقي منهم. قالوا: يا رسول الله، من هم ؟ قال: الترك والذي نفسي بيده ليربطن خيولهم إلى جنب سواري المسلمين.

وروى أبو يعلى عن معاوية رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: لتظهرن الترك على العرب حتى تلحقها بمنابت الشيح والقيصوم. وروىالطبراني وأبو نعيم عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: اتركوا الترك ما تركوكم، فان أول من يسلب أمتي ملكهم وما خولهم الله بنو قنطوراء. وروى الطبراني والحاكم عنه قال: كأني بالترك قد أتتكم على براذين محدمة الاذان حتى تربطها بشط الفرات.

ئەم هەواڵانە دەقاودەق هاتوونەدی، هیچ گەڵێک نەیانتوانی خەلافەت لەدەست عەرەب بستێنن تورک نەبێ، کەس دوای هاتنی ئیسلام نەیانتوانی عەرەب وعەرەبی وەک نەتەوەوزمان پەراوێزبکەن وسوکایەتیان پێ بکەن و یاری بەخەلیفەکان بکەن وچاویان دەرێنن ولێیان بخەن وبیانگرن وبیان کوژن وکێیان ویست دای بنێن تورک نەبێ، ئەوان هەرلەسەردەمی موعتەسەم کەهەشتەم خەلیفەی عەباسیەکان بوو لە 179ک لەدایک بووەلەسەردەمی مائمون والی میسروشام بوو، ٢١٨بۆتەخەلیفە لە٢٢٧ک مردووە.

دایکی موعتەسەم تورک بوو ناوی ماردبوو خەڵکی شاری سەغدبوو،موعتەسەم وداروەستەکەی بوونەهۆی سوکایەتی بە ئیمام ئەحمەد وزانایانی مسوڵمان وچەوساندنەوەی خەڵک وئیجبارکردنیان لەسەر بەجەهەمی بوون.

لەسەردەمی سلجوقیەکان دەسەڵاتیان زیادی کرد وئەوان لەشەڕی ملازکورد بوونەهۆی بەرپاکردنی جەنگی خاچ پەرستی ونەشیان توانی بەرگری لە قودس وشام بکەن.

تاسەلاح الدین وئەیوبیەکان ئەم شکانەیان لەکۆڵ مسوڵمانان کردەوەوەناسەوسە روەریان گێڕایەوە بۆ خەلیفەی عەباسی.

بەڵام هەرزوو تورکە خوارزمی وتەتەری وتەیموری وقازانی ئەم دەسەڵاتەیان لە عەباسیەکان ستاندەوەوخۆیان بوونە فەرمانڕەوای ڕەهابۆسەدان ساڵ.

دواترعوسمانیەکان سیناریۆیەکەیان تەواوکرد.

ئەوەئەوسێ قۆناغەیە کەفەرمودەکە باسی دەکا کەئەوان لەسەردەمی موعتەسەم تا کۆتایی سلجوقیەکان شەتی فوراتیان داگیرکرد.

قۆناغی دووەم مەغۆلەکان وتەیموروقازان دەسەڵاتی عەرەبیان وەک فەرمانڕەوای جیهان کۆتایی پێ هێناوتەنیالەجزیرەی عەرەب عەرەب مابوون.

قۆناغی سێیەم لەسەردەمی عوسمانیەکان تورک ئەسپەکانیان ودەسەڵات وقەڵەمڕەویان لەجیهاندابەکۆڵەکەکانی مزگەوتی پێغەمبەرعلیه السلام لەمەدینە بەستەوە..

وەهەرلەم هەزارەی ڕۆژی شەممەدا لەئەوروپاوجیهانی کۆن ونوێ ،سەردەمی ڕێنیساسنسی تالوتی ئیتالیاوپیشەسازی داودی بەریتانی و سلێمانی ئەمریکی دامەزران.

داود و سلیمان علیهما السلام لەنێوان تەوڕات وقورئان وفەرمودەدا:

———

کەله قورئان دا باسیان هاتوه که زمانی تەیرو تو ر دەزانن,ئەوه ئەوەیه که ئەوان دەتوانن هەزاران تەن وەك بالنده به ئاسماندا بفرینن, زمانی شاخ دەزانن,دەزانن خەلوزی و زێڕ و مەگنیسیۆم وسەدان جۆره کانزای تری له کوێ یه؟ ,

لەوانەیه خوێنەر سەری له ناوهێنانی داود وسلیمان علیهم السلام لەگەڵ بەریتانیا وئەمریکا سوڕبمێنێ ،بڵێ که ئەم دووپاشایەی جولەکه بەرله سێ

هەزارساڵ پێش ئێستا پاشا بوون وچ پەیوەندیەکیان بە ئێستاوە هەیە ؟،بۆیەبەکورتی دەڵێم ،ئەوپاشایەتیەی داودو سلێمانی قورئان وفەرمودە کە باس دەکرێن کە ئەوان:-

-خەلیفە وجێنشینی هەموو زەوین وهەموو زەوی لە ژێردەستیانە .

يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ (ص 26)

وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ (نمل16)

گێڕدراوەکان ئەوەباس دەکەن کە داود سولەیمان علیەما السلام پاشای گشت زەوی بوون،بەتایبەت سولەیمان کەیەکێکەلەوچوارپاشایەی حوکمی هەمووزەوی کردوە .

-چیاکان لەگەڵ داودتسبیحات دەکەن وکانگاوکانزاو مەنجەڵی زەبەلاحی کانزاکاری وچاوگی نەوت وغاز وعین القتر دەردێنێ وقەڵغانی ئاسنین دروست دەکاو شۆڕشی پیشەسازی بەرپادەکا.

-سلێمان غەواسی ژێردەریا دروست دەکاو سامانی ژێردەریا دەردێنێ وزمانی باڵندەوفڕین دەزانێ وڕێگای یەک مانگی ئەسپ ،واتا مەسافەی دیمەشق بۆ مەکە ، بەنمونە بۆئەو دەبێتە یەک کات ژمێر ی رەواح یان غدا،کات ژمێرێکی بەیانی تا خۆر دەرکەوتن.

جاکە زانیمان کەچوار پێوەربۆ ڕاکردنی ئەسپ هەیە کەجیهانین.

-بڕینی چوارمیل -شەش کیلۆمەترونیو-لەکات ژمێرێک بەڕۆیشتنی ئاسایی.

-گورگەلۆقە لە١٣-١٩کم لەکاتژمێرێکدا دەبڕێ.

-نەرمەغار کە١٩-٢٤کم دەبڕێ لەکاتژمێرێکدا.

-ڕاکردن کە٤٠-٤٨کم دەبڕێ لەسەعاتێکدا.

بەڵام خێراترین ئەسپ لەجیهانداتائێستا ٨٨کم لەکاتژمێرێک تۆمارکردوە.

جائێمە بۆ تەفسیری ئایەتەکە خێراترینیان وەرناگرین، بەڵکو
ئەوئەسپەوەردەگرین کە ٣٠کیلۆمەتری بڕیبێ لەکاتژمێرێک وەدەڵێین کە
ڕووبەری شانشینی سلێمان علیه السلام
=٢٤کاتژمێر×٣٠کم=٧٢٠کم/٢٤کاتژمێر.

٧٢٠کم×٦٠ڕۆژ=٤٣٢٠٠کم ئەمە ئەوپانتاییەیە کەسلیمان علیه السلام لە
بەیانیان دەبیبڕی.هی ئێوارانیشی بەهەمان شێوەبوو.

جاکە ئەوەمان زانی کە ڕووبەری هەموو چواردەوری زەوی =چل هەزار
کیلۆمەتر بەپێی پێوەری پێوانەی فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی.

کەواتە بەم پێوەرەش بێ شانشینەکەی سولەیمان هەژمونی لە
ئەوروپاوئاسیاوئەفریقیاو

هەردووئەمریکاوئوستراليادابووە، هەموو زەوی هەر چل
هەزارکیلۆمەترە.

کەواتە چیرۆکەکانی قورئان ناکرێ هەرتایبەت بکرێن
بەڕابردووەوە،قورئان کتێبێکە کات وشوێن تێدەپەڕێنێ..

- ئەم سوڵتان ودەسەڵاتە کە بەسلێمان دەدرێ ،دوعای کردوە کە دوای
خۆی بەکەس نەدرێ.

- سلێمان یەکێکە لەوپاشایانەی حوکمی گشت جیهان دەکا،کیشوەری
نەدۆزراوە لەسەردەمی ئەودانیە.

-بەڵام ئەوداودوسلێمانەی مێژوو ،کە لە ساڵی ٩٠٠پێش زانین حوکمیان
لە فەلەستین کردوە، کەناکاتە سەدایەکی جیهان وزەوی.وەنیوەی زەویش
نەدۆزرابۆوە کە کیشوەرەکانی ئەمریکای سەروو وخوارو ئۆقیانیا
ودوورگەکانی باکوروباشوری زەوی دەگرێتەوە.

-داودوسلێمانی مێژووی جولەکە وەک سەرچاوە مێژوویەکان وتەوڕات
باس دەکەن،نە چیا یان بۆ ژێردەست کراوەو نەنەوتیان دەرهێناوەو

نەژێردەریایان هەبووەونەفڕۆکەیان هەبوە کەڕێ ی مانگێک بەسەعاتێک ببڕێ.

-بوونی ئەم دەسەڵاتانە کە لە قورئاندا بۆ داودوسلێمان دانراوەو ئێستاش لای ئەوروپاوئەمریکایە ،دەری دەخاکەئەوان داودوسلێمانن ،چونکە ئەم دەسەڵاتانە لە مێژووی مرۆڤایەتی یەک جاردەدرێن ودواییش لەبەردوعاکەی سلێمان ،بۆشارستانی تردوبارە نابنەوە،وە ئێستا کەلەدەست ئەم شارستانیەی ئەم سەردەمەن،ئەمە یەکەم جارەولەوەوپێش مرۆڤایەتی ئەو تەکنەلۆژیایەی نەبوە، کەواتە ئەمانە داودو سلێمانن.

چونکە کەئەمانە داودوسلویمان نەبن کەواتە دەبێ بڵێین دوعاکەی سلویمان قبوڵ نەبوەو ڕەتکراوەتەوەئەمەش پێچەوانەی هەواڵی قورئانە کەدەفەرموێ دوعاکەی گیرابوەودەسەڵاتێکی پێدراوەکەنەلە ڕابردوو بەکەس دراوەونەلەداهاتووش بەکەسی تردەدرێ، ئەی چۆن دەبێ ئێستا بە ئەمریکا بدرێتەوە لەم سەردەمەدا؟؟

-رسول الله ی هەواڵ پێدراو لەو سەردەمەی خۆی هەواڵی ئەو هەزارەی ئەو تیای دا لەدایک بووەو دوو هەزارەی دوای خۆشی پێداوین ،فەرمویەتی ئەو هەزارەی ئەو تیای دا نێردراوە بۆ ئیسلام وعەرەب دەبێ، کەئەوەش وابوو لە ساڵی ٦٠٠ تا کو١٠٠٠ی زاینی دەسەڵاتی ئیسلام وعەرەب بوو، پاشان فەرمویەتی:هەزاری دوای هەزارەی ئێمە هەزارەی سەبتی یەهودە ،واتە لەساڵی هەزاری زاینی کە تیای دا سەلجوقی ، سەی جولەکە دەرکەوتن وپاشان عوسمانی و دواتری ئیتالیای تالوتی وو بەریتانیای داودی ١٦٠٠ز-هەتا ئێستا بەردەوامە کە جالوتی ئیسپان وئالی عوسمانی کوشت .

سلیمانی ئەمریکی کەتائێستا میراتگری داودی بەریتانیای باوکیەتی لە ١٧٧٦ز دامەزراوەوتا ئێستا بەردەوامە ،ئەمانە هەمویان پاشاکانی جولەکەن.

ئێمە ئێستا لەسەرەتای ڕۆژی سێیەمین کە ڕەسولی ئەکرەم هەواڵی پێداوین ،کە هەزارەی دوای هەزارەی شەممەی جولەکە ،هەزارەی

نەسارایە، دەبێ گۆڕانکاری لەم هەزارەشدا بکرێ ودەسەڵاتی سلێمان وداودی جولەکە کە لەسورەتی ئیسرا هەواڵ دراوە کەجولەکە دووجار فەسادی گەورە لەزەوی دەنێنەوە ،ئەوەی ئێستا جاری دوەمیانە ، وە شانشینی سەبەئی خۆرپەرست کۆریاویابان وئۆقیانیاومالیزیاوئەندەنوسیان کە شانشینی خۆرناسراون،ئەمریکا هەژمونی لەهەموویانداهەبوو وبوە میراتگری باوکی وموستەعمەرەکانی باوکی وەک بێوەژن مارەکردەوە..

ئەمەش دەقی فەرمودەکانە:

اخبرنا الرسول صلى الله عليه وسلم في صحيح مسلم وغيره :

855) وحَدَّثَنَا قُتَيْبَةُ بْنُ سَعِيدٍ، وَزُهَيْرُ بْنُ حَرْبٍ، قَالَا: حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: نَحْنُ الْآخِرُونَ الْأَوَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَنَحْنُ أَوَّلُ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنَا، وَأُوتِينَاهُ مِنْ بَعْدِهِمْ، فَاخْتَلَفُوا، فَهَدَانَا اللهُ لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ، فَهَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ، هَدَانَا اللهُ لَهُ - قَالَ: يَوْمُ الْجُمُعَةِ - فَالْيَوْمَ لَنَا، وَغَدًا لِلْيَهُودِ، وَبَعْدَ غَدٍ لِلنَّصَارَى .

21 - (855) وحَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَافِعٍ، حَدَّثَنَا عبدالرَّزَّاقِ، أَخْبَرَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ هَمَّامِ بْنِ مُنَبِّهٍ، أَخِي وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ، قَالَ: هَذَا مَا حَدَّثَنَا أَبُو هُرَيْرَةَ، عَنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللهِ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: نَحْنُ الْآخِرُونَ السَّابِقُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنَا، وَأُوتِينَاهُ مِنْ بَعْدِهِمْ، وَهَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي فُرِضَ عَلَيْهِمْ فَاخْتَلَفُوا فِيهِ، فَهَدَانَا اللهُ لَهُ، فَهُمْ لَنَا فِيهِ تَبَعٌ، فَالْيَهُودُ غَدًا، وَالنَّصَارَى بَعْدَ غَدٍ.

22 - (856) وحَدَّثَنَا أَبُو كُرَيْبٍ، وَوَاصِلُ بْنُ عبدالْأَعْلَى، قَالَا: حَدَّثَنَا ابْنُ فُضَيْلٍ، عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْجَعِيِّ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، وَعَنْ رِبْعِيِّ بْنِ حِرَاشٍ، عَنْ حُذَيْفَةَ، قَالَا: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: أَضَلَّ اللهُ عَنِ الْجُمُعَةِ مَنْ كَانَ قَبْلَنَا، فَكَانَ لِلْيَهُودِ يَوْمُ السَّبْتِ، وَكَانَ لِلنَّصَارَى يَوْمُ الْأَحَدِ، فَجَاءَ اللهُ بِنَا فَهَدَانَا اللهُ لِيَوْمِ الْجُمُعَةِ، فَجَعَلَ الْجُمُعَةَ، وَالسَّبْتَ، وَالْأَحَدَ، وَكَذَلِكَ هُمْ تَبَعٌ لَنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، نَحْنُ الْآخِرُونَ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا، وَالْأَوَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، الْمَقْضِيُّ لَهُمْ قَبْلَ الْخَلَائِقِ وَفِي رِوَايَةِ وَاصِلٍ الْمَقْضِيُّ بَيْنَهُمْ.

جاکه باوکمان ئادەم لەکۆتایی جومعەوسەرەتای شەممەدابەزیبێ وڕۆژیش هەزارسااڵ بێ،وەمحمد علیه السلام له ڕۆژی جومعەنێردرابێ، ئەوەلەنێوان ئادەم تاهاتنی پێغەمبەرعلیه السلام حەوت هەزارساڵە،ئێستا ئێمه خەریکه دەچینه هەزارەی نۆیەم کەسەرەتای دەسەڵاتی نەسارایه.

جالەسەرەتای ئەم ڕۆژه زۆر دوورنیه دابەتی زەوی و ورچی زەوی کەڕوسیایه داردەستەکەی سلێمانی ئەمریکی لەئەوروپابخواو عەمۆسام دوای داڕوخانی داردەستەکەی لەنکاو دابڕمێته خوار، ئەوجنه چینیانه که ئەمریکا بۆبەرژەوەندیەکانی ژێرباری خستوون هێشتانەیانزانیوه که دابەو ورچەکەی زەوی داردەستەکەی سولەیمانی لەئەوروپاخواردوه،هاکابینیت لەنکاوهەرەسی هێنا.

چیرۆکەکانی قورئان وکەسایەتی وڕوداوەکانی هەموو هێماوڕەمز وداتان ،دەبێ خەڵکانێک زۆریان لێ ورد ببنەوه تا تێیان بگەن...

ئەوه 1450ساڵه ئەم مسولمانانه هەر له ئەوپەری ئاسیا تا ئەوپەری ئەفریقیا,ئەم قورئانه دەخوینن, به پیرۆزی رادەگرن و به ئاوی زیرو زیوو وزەعفەران و بەخوین وفرمیسکی خۆیان دەی نوسن ,به پەرۆی ئاوریشم وحەریر بەرگی دەکەن,به هەزاران ئاوازو مقامات دەی خوینن ,که چی نەیان زانی وەك داودو سلیمان بەکاری بینن ..

ئیمه چەنده پیمان خۆشبی راستی و نەینیەکان بزانین ,دەبێ دەئەوەندەش پیمان خۆش بێ که به هیز بین ,چونکه که راستیەکەت زانی و بەلام دەستەوستان بووی له خۆپاراستن له کاردانەوەکانی ,جگەله خەفەت و حەسرەت چی ترت بۆ نامینیتەوه, بەلام که هیزت هەبوو ,ئەگەر نەینیەکەش نەزانی ,هەر سەلامەت تری لەوەی که بیزانی وهیزی ڕوبەڕوو بونەوەت نەبێ, زانین که ی دەتوانرێ بکرێ بەهیز ؟ ئالیره گرنگی بەسەرمایەکردنی رۆشنبیری ,وەك نەوت و سامانی سروشتی یه وبگره بەنرختریشه ,تۆ هەموو پیزانینی جوگرافیات زانی ,سودی چیه که ئەم زانینه وەرنەگیردرایه بواری کارو له دەریاو روبارو زنجیره چیاکانت رەنگی نەدایەوه,؟ رۆشنبیری دەبێ بگاته ئاستیك که له زمانی

سروشت تێ بگەی ,داودی بەریتانی و سلیمانی ئەمریکی کەلە قورئان دا هاتوە کە زمانی تەیرو تو ر دەزانن,ئەوە ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن هەزاران تەن وەك باللندە بە ئاسماندا بفرینن, زمانی شاخ دەزانن,دەزانن خەلوزی و زێڕ و مەگنیسیۆم وسەدان جۆرە کانزای تری لە کوی یە ..

٩- شەووڕۆژی یەک شەممەی گەڕانەوەی سەروەری نەسرانیە کان لە ساڵی دووهەزاری زاینەوە بۆ ساڵی سێ هەزاری زاییەنی،مەلاحم وجەنگ وئایەت ونیشانەکانی ساعەت وڕۆژی دوایی لەم هەزارەدا پێ دەگەن،لەسەرەتای ئەم هەزارە دەجال نامێنێ ،لەسەدەکانی یەکەم یاجوج وماجوج تەنگ بە ئیمانداران وپەیڕەوانی مەسیح علیه السلام هەڵدەچنن،دوای کۆتایی ئەوانیش،ماوەیەک مرۆڤایەتی بە ئاسودەیی دەژین،بەڵام کۆتایی ئەوانیش بە بایەک کە هەموویان دەمرێنێ، پێدەچێ ئاماژەبێ بۆ چەکێکی کیمیایی، لە فەرمودەی زۆر ئاماژە بە ڕوداوەکانی ئەم سێ هەزارانەی دوایی کراوە.

بەپێ ی فەرمودەی محمد ی رسول الله صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموی الیوم –الجمعة العروبة- لنا وغدا –السبت –لليهود وبعد غد – الاحد- للنصاری. ئەم فەرمودە لە زۆربەی کتێبەکانی فەرمودە بەگێڕانەوەی هەمەچەشن هاتوە.

٩- شەووڕۆژی یەک شەممەی سێ یەمو گەڕانەوەی سەروەری نەسرانیە کان وگەڕانەوەی مەسیح علیه السلام لە ساڵی دووهەزاری زاینەوە بۆ ساڵی سێ هەزاری زاییەنی،مەلاحم وجەنگ وئایەت ونیشانەکانی ساعەت وڕۆژی دوایی لەم هەزارەدا پێ دەگەن،لەسەرەتای ئەم هەزارە دەجال نامێنێ ،لەسەدەکانی یەکەم یاجوج وماجوج تەنگ بە ئیمانداران وپەیڕەوانی مەسیح علیه السلام هەڵدەچنن،دوای کۆتایی ئەوانیش،ماوەیەک مرۆڤایەتی بە ئاسودەیی دەژین،بەڵام کۆتایی ئەوانیش بە بایەک کە هەموویان دەمرێنێ،ئاماژەیە بۆ چەکێکی کیمیایی، لە فەرمودەی زۆر ئاماژە بە ڕوداوەکانی ئەم سێ هەزارانەی دوایی کراوە، وەبەفەرمودەی دابەش کردنی قۆناغەکانی کات بۆ:

١-حكم النبوه=فەرمانڕەوایی پێغەمبەر علیه السلام.تا١١كۆچی

٢-خلافه علّی نهج النبوه،چوارخەلیفەی ڕاشد تكو٤١كۆچی.

٣-حكم العضوض=فەرمانڕەوای خۆسەپێن وبەكورسی دانوساوو قەپ گرتووبه پۆست وكورسی كەحوكمی ئەمەوی وعەباسی دەگرێتەوه تاساڵی٦٥٦=١٢٥٨ز.

٤-حوكمی جەبری كه مەغۆل ومەمالیک وعوسمانیەكان وداگیركاری ئەوروپا دەگرێتەوەكەزۆربەیان تورکن وئەوانی تریش یافسین تائێستا.

٥-حوكمی خلافه لەسەر پەیڕەویی پێغەمبەر علیه السلام .

كه باشترین خەلیفەی پێغەمبەر كه عیسایه علیه السلام ،پێغەمبەرێكی بەعەزمه ،وەک خەلیفەیەكی ڕاشد دەچێتەوەسەر مەنهەج ومیتۆدی پەیامبەر له زمان ونەتەوەوشەرع ودین وپەیڕەو،ئەمه بۆ ئەوئیمانداراندارانەی كەلەدوای لەناوچونی دەجال وجوج وماجوج ئەم كەمینه سامیه ئیمانداره عەرەبه دەمێننەوەوبه پەیڕەوی ححوكمی ئیسلامی عەرەبی -وجعلناه حكما عربیا-لەسەرڕەوتی ئەبوبەكروعومەروعوسمان وعلی دەبێ..

دەجال یەكێكه لەجوج وماجوج وپێشەنگیانه،كوژرانی دەجالی تورانی چینی ویابانی وئاری وهەموو یافسیەكان توڕەدەكاوهەوڵی سڕینەوەی سامی وحامیەكان دەدەن وەک لەسەدان ساڵی پێش ئێستاچوارکیشوەری ئۆقیانیاوهەردووئەمریکاوئەفریقیایان جینۆسایدکردوو ئێستاش هەرلەسەری بەردەوامن، تاهەموویان لەناودەبەن تەنیائەوچەند سەدکەسه دەمێننەوه كەلەگەڵ عیسا علیه السلام لەتور دەمێننەوەوگەمارۆدەدرێن، بەڵام بەدوعایەكی عیسی علیه السلام ئەم ملیاران ئاریه یافسیانەش لەناودەچن وتەنیائەوچەند سەدکەسه دەمێننەوه كه لەگەڵ عیسی لەتور گەمارۆدراون كەبۆماوەی هەزارساڵ دووباره زەوی ئاوەدان دەكەنەوه...

بەپێ ی فەرمودەی محمد ی رسول الله صلی الله علیه وسلم كة دەفەرموی الیوم –الجمعة العروبة- لنا وغدا –السبت –لليهود وبعد غد – الاحد-

للنصاری. ئەم فەرمودە لە زۆربەی کتێبەکانی فەرمودە بەگێڕانەوەی هەمەچەشن هاتوە.

کە فەرمودەکە دەفەرموێ قیامەتیش هەرلە جومعەدا هەڵ دەستێ ،کەواتە ڕۆژی دەیەم کە دووشەمەی سێ یەمە ڕۆژی یاجوج وماجوجە کەتاسااڵی چوارهەزاری زاینە، وەڕۆژی یازدەهەم ڕۆژی سێ شەمەیە کە ڕۆژ دەگەڕێتەوە تیای داو تا پێنج هەزاری زاینە ،وەڕۆژی دوازدەم کە چوارشەمەی سێ یەمە وتاشەش هەزاری زاینە وڕۆژی دوخانە، وەڕۆژی سێ زدەهەم کە ڕۆژی پێنج شەمەی سێ یەمە ،ڕۆژی چوارەمی زەوی ڕۆژی جومعەیە کە قیامەتی تێدا هەڵ دەستێ ، .

من تا ڕۆژی نۆیەم بەکەمتر لە هەزارسااڵ دام نەناوە بەاڵم ڕۆژاکانی تر دااڵنیانیم کە دەبێ هەزارسااڵی بن یان زاتریان کەمتربن ،گرنگ ئەوەیە دەبێ بگاتەوە ڕۆژی جومعە وقۆناغی بیست ویەکەم کە چواردە قۆناغی لەسەرزەوی بوو، ئیدی دوای ئەوە ژیان دەگەڕێتەوە هێاڵنەی یەکەم.

۹-چۆنێتی دروست بوونی بونەوەروپەیکەری پیرۆزەکان لای : یۆنانیەکان.

لەسەرەتادا بۆشایی سەرمەدی وخەووائی تاریکی خاڵی و بێ کۆتایی هەبوو،هەمو خوداوەندە نەمرەکان وگشت بونەوەر لەم خەووایە بەتاڵە دروست بوە، نەڕێنی ژیان وزیندەگی لەناو ئەو خەووایە شاردرابۆوە،لە ژێر زەوی لە قوڵایی دا جەحیمی دۆزەخ دروست ،بوو، لە ناوجەرگەی ئەم تاریکیە لە ئاسۆیەکی دوور ئیرۆسی بەتوانا دروست بوو کە بەخۆشەوستی هەموو شتێ زیندوو دەکاتەوە،هەرلەم خووایە ئیریبی تاریکی هەتاهەتایی ونوکسی شەوی ئەنگوستەچاو دروست بوون،لەنێوان ئیریب ونوکس دا ڕوناکی هەتاهەتایی وهەوای ئەسیرو ڕۆژگاری ڕۆشن دروست بوون،بەم شێوە شەوو ڕۆژ دروست بوون.زەمینی جەبار وپڕ بەخشندە ئاسمانی شینی بێ سنورو چیاسەرکەشەکانی لێ لە دایک بوون ،ئاسمان لەگەڵ زەمینی دایکی هاوسەرگیریان کردو شەش کوڕ وشەش کچی جەباریان بوون، ئۆقیانوس و ڕوبارەکان ،بەم شێوە

زاووزێ بەردەوام بوو تا خواوەندی خۆرومانگ وئەستێرەکان لە دایک بوون.

ئاسمان لای وان زیۆس وجۆپیتیرە، ،،

بەپێویستم نەزانی باسی پەرستراوەکانی تر بکەم وەک هیڕای خوشک وهاوسەری زیۆس ومندالّەکانیان ،وخانەوادەی خوداوەندی یۆنان ڕۆمان زۆر فرە لقە.

بەڵام لێرە باسی ئەو خووایە بوشاییە دەکەم کەلە ڕاستیدا هەرئەو بەدیهێنەرە لای ئەوروپییەکان و میسریەکان وسابئیەکان ،هەریەکەی ناوێکیان لەم بۆشاییە ناوە، لەبابل ناوێکی هەیە، لە میسر ناوێکی هەیە ،لای سابئەکان ناوێکی هەیە،لەتەورات وقورئان دا ئەو ئیناوماعون وڕاناوی اننا و لەوحە ،هەموو ئاسمانەکان وکورسی وعەرش وهەموو پێک هاتەکانی تێدایە، سەبورەوتابلۆو بۆردی هەموو جوڵان وزەمان ومەکان وهەموو شت وگوتەو شوێن وکاتە پیرۆزەکانە.

لە ئیسلام دا الله بە محمدی خاتمی ئەنبیا وئاڵقەی ئینا دەفەرموێ :قل ان کان لله ولد فانا اول العابدین، ئەگەرالله لێبوی هەبێ ،من یەکەم پەرستارم، چۆن محمد یەکەم پەرستەروعابدە کەسەدوبیست وچوار پەیامبەر لە پێش ئەو عبادەتیان کرد ؟،چۆن قورئان لە دوای ڕحمان پێش هەموو شتێک عەلەم بوو کە ئەوهەموو کتێبە لەپێش قورئان بۆ پەیام بەران هاتوە؟ ئەوەتا الله دوای بونی الرحمن ،پێش دروست بونی ئەرزوئاسمان و کات وشوێن وپەیدا بوونی جن وئادەم ،یەکسەر دەفەرموێ ،علم القران، پێش بوون وبەدی هاتنی هەموو شتێک قورئان علم بوو،پێش بوونی فریشتەوجن وئینسان ،پێش هەموو کەس محمد عابد بوو ،ئەم تێگەیشتنە لە لولاک لولاک ماخلقت الافلاک گەورەترە،

ئێمە ئەوەمان ساغ کردەوە کە پەیامبەران لە ئادەم تاعیسی بیست وچوار سەعاتی زەمانن، وەمحمد ئالقەی ئەوسەعاتانەو لەوح وتابلۆوئیناو ڕەهەند وبوعدو دووری وئاڕاستەکانی بۆشایی ومەکانە ،کەواتە ئەو خەووایە محمدە نەک الله ،عابدی یەکم واتە دووریەکان ،ئەو مەلەئی ئەعلاو

بۆشایی ڕوداوەکانە ،بەڵام خالقی هەموشتێک نیە ،بەڵکو هەرئەوەیە کە اللە پێ ی بەخشیوە،،،.

یەکەی شەشەم:

خەونەکەی یوسف علیه السلام جیهانبینییەکی چۆنێتی دروست بوونی کەڵەی خۆرە ::

(إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ) (4یوسف).

کاتێك یوسف بەباوکی وت: باوکی بەڕێزم بێگومان من لە خەومدا یازدە ئەستێرە و خۆرو مانگم بینی کڕنووشیان بۆ دەبردم.

خەونەکەی یوسف علیه السلام کە براکانی یازدە کوکبن واتە هەسارەن و نجم و خۆر نین، لەگەڵ خۆر و مانگ سوجدەی بۆ دەبەن، ناوی ئەم ئەستێرانە لە فەرموودەیەك هاتووە وەک هێما، جولەکەیەک هات و پرسیاری لە پێغەمبەرعلیه السلام کرد لەو ئەستێرانەی کە سوجدەیان بۆ یوسف برد ئەویش فەرمووی: (جربان، الطارق، الذیال، ذوالکنفان، قابس، وثاب، عمودان، الفیلق، المصبح، الضروح، ذو القرع).کەواتە زیا و نور، ڕۆشنا و ڕووناک، خۆر و مانگن کە دایک و باوکی یوسفن.

یازدە ئەستێرەکە پێش خۆر و خۆریش پێش مانگ سوجدەیان بۆ یوسف برد، کە بڵێین خۆر دایکە و دوا کەس کە سوجدەی بۆدەبا مانگە چونکە مانگ دوای خۆر و هەسارەکان دەرکەوتووە، ئەگەربڵێین مانگ باوکەکەیە، بەڵام مانگ کە دایکی بێ، ئەوە دایکەکە کە ژنەکانی یەعقوبن دوا کەسن کە دان بەگەورەیی و ڕێزی یوسف دادەنێن.

ناوی یازدە ئەستێرەکان:

١- عطارد: لەفەرموودەکەدا جریان واتە خۆشڕەوە.

٢-طارق.

٣- الزهرة: الذيال واته كلكدار وهەڵڕژاو.

٤-ذو الكتفان: واته دووشان ودوو پيل.

٥- مريخ: قابس، واته مەشخەڵ.

٦- مشتري: وثاب، واته هەڵبەزيوه.

٧- زحل: عمودان، دووكۆڵەكه.

٨- أورانوس: فيلق، واته لێككەرەوه.

٩- نيبتون: مصبح، ئەستێرەی بەربەيان.

١٠- بلوتو: ضروح.

١١- ذو الفرع، لقدار.

١٢- الضياء: خۆر

١٣- النور: مانگ،

شيكەرەوانی ئەم فەرموودەيه بەم شێوه ئەو ئەستێرانەيان بەرامبەرئەو ناوانه داناوه كەله فەرموودەكه هاتوون، چونكه لەكۆندا عەرەبەكان ئەم ناوانەيان لەئەستێرەكان ناوه.

كەواته يوسف دەبێته هەسارەی زەمين كه بەردەوام كۆمەڵەی خۆر هەموويان خەريكی زينده بەچاڵكردنی بوون، وه له كۆتاييشدا هەموويان خەريكی خزمەتكردنن بۆ زەوی، خۆ كه بشگوترێ سەرەتا ئەستێرەكان و براكانی يوسف هەبوون، پێش بوونی خۆر و مانگ كەدايک و باوک بن چونكه بەپێی زانستی فەلەكناسی مانگ كۆتا بارستەی بەديهاتووه و ئەوانی تر پێش ئەو هەبوون، له ئايەتەكەش مانگ دواين شته كەباسكراوه. بەم واتايه بێ دەبێ مانگ بنيامين بێ نەک دايكی يوسف.

ئێستا كه بمانەوێ له گەورەترين برای يوسف تا بنيامين دەست پێ بكەين، بەرامبەر بەمانەش لەگەورەترين ئەستێره له ڕووی قەبارەوه كه

موشتەریە بۆ بچوکترین ئەستێرە ڕیزبەندیان بکەین، وە فەلەکناسان لێکۆڵینەوە بکەن بۆ ئەوەی تەمەنی هەریەک لەو ئەستێرانە بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دیاری بکەن، تا بزانن کە ئایا ڕیزبەندی براکانی یوسف بەبارستەیە، یان بەڕێزبەندییە، یان شتێکی تر؟

ئێمە لیرەدا بڵێین کە براکانی یوسف کۆمەڵەی خۆرن بێجگە لە زەوی، زەوی یوسفە، چونکە هەموو کۆمەڵەی خۆر ئێستا جەستە و تجسیدو جەسەد و لاشە و جرم و قەبارەی یوسفی زەوی زیاد دەکەن، خۆر بەتیشکەکەی ساڵانە ملیارەها تەن گەڵا و گوڵ و گیا و هەروەها باران و دەریا پێشکەش بە زەوی دەکا، مانگ دیاردەی خیزاو و نیشتاو دروست دەکا و کارەکەی خۆر تەواو دەکا و دیاردەکانی با و دەریا ڕێکدەخات، ئەستێرەکان تیشك و نەیزەك ی بۆ دەنێرن تەنانەت لە موسوعەی قرن ژمارە و بڕی نەیزەکەکان بە ملیارەها تەن دانراوە، کەواتە دەبێ کۆمەڵەی خۆر جگەلە زەوی 10 ئەستێرە بن کە ئێستا دوای پلۆتۆ ئەستێرەیەکی تر دۆزراوەتەوە و بوون 11 ئەستێرە بە نەیزەکەکانی خولگەی فۆتۆنیشەوە.

بەڵێ ئەم خەونەی یوسف علیه السلام، براکانی تجسیدی ئەو دەکەن، بە بیزاعەی مزجات و کەلو پەلێکی بێ نرخ، تەنیا ئەوەی لای دایکی خۆر دێ و ئەوەی لای باوکی دێ زۆر بەسوودە بۆی، بەڵام ئەوەی یوسف وەك دڵێکی لێدەری ئەم گەردوونە داویەتی بە گەردوون لە خانە کۆنە هەڵوەریوەکانی کە هەمیشە -گەر کۆنیش بن- لە خانەکانی ئەوان نوێترن.

لەم جیهانبینییەی یوسف دا کە ئەحسەن و جوانترین و پتەوترین و خەمبارترین جیهانبینییە ئەوە دیاردەخا کە خۆر و مانگ، دایک و باوکی زەوین، بە پێچەوانەی دەقەکانی تری تەورات و قورئانە، چونکە لە هەموو سورەتەکانی قورئاندا زەوی پێش ئاسمان دروست کراوە، وە زەوی پێش مانگ و ڕۆژ دروست کراوە، بەڵام لە سوڕەتی یوسف دا وە تیۆری بیگ بن ڕۆژ پێش زەوی هەبووە و کە مانگیش یەکێک لەدایک و باوک بێ کەواتە ئەویش پێش زەوی هەبووە، بەڵام من مانگ بەبنیامین لێک دەدەمەوە.

یان چیرۆکی یوسف ئاماژەیە، بۆ ئەوەی کە لانکەی گەشەکردن و پەرەسەندن لە ناوجەرگەی کۆمەڵەکەوە کە خۆرە دەستی پێ کردووە و پاشان بۆتە خۆرێکی چەق و مانگێکی باشکۆ، لەوانیشەوە هەسارەکان دروست بوون، لەهەر هەسارەیەکیش لەمانە ڕەوتی گەشەکردنی خۆری یەعقوب و ماددەی چوار توخمی کە هەر توخمێک ئاماژە بێ بۆ دایکێک لە دایکەکانی کوڕانی ئیسرائیل، ئاو لیایە کە ژنی یەکەمی یەعقوبە. دایکی روبین، شمعون، لاوی، یهودا، یاساکر و زبولونە.

هەوا کەنیزەکەی ڕاحیلە کە بەلهایە و ژنی دووەمی یەعقوبە، دایکی دان و نفتالیە

و ئاگر کەنیزەکەی لیایە کە زولفایە ژنی سێیەمی یەعقوبە، دایکی عشیر و جادە.گڵ ڕاحلە کە ژنی چوارەمی یەعقوب و دایکی یوسف و بنیامینە.

لەهەر یەکێک لەم سێزدە وێستگانە، بوونەوەر لەسادەییەوە بۆ ئاڵۆزی و لەیەک چەشنی بۆ هەمەچەشنی و لە بێ گیانییەوە بۆ زیندوویی و لە بێ هەستییەوە بۆ هەستیاری بەڕێوەچوو بێ و لە وێستگەی یوسفی دا گەیشتبێتە چڵەپۆپە و پەرەسەندنی هەموو سێزدە وێستگەکانی تری لەخۆگر تبێ و شایانی ئەوە بووبێ کە هەر سێزدە وێستگەکەی تر لە خزمەتیدا بن، یان هێما بێ بۆ سێزدە زانست و بوار و شێوە داهێنان و داهێنان لە واتا و لێکدانەوەی ڕوداو و گوفتارەکان و دایەلۆگ و مەنەلۆجەکان و خەونەکان، هەموو بوارەکان بگرێتەوە.

لە ڕاستیدا تەئویلی ئەحادیس تەنیا لێکدانەوەی خەون نییە، ئەحادیس بەمانای ڕووداوەکان و پێکهاتەکان و گوفتار و گفتوگۆکان و هەروەها قسە و مەنەلۆج و نیازی ناو دڵ و حەدیسی نەفسیش دەگرێتەوە، دوا شت خەونەکانیش دەگرێتەوە، یوسف توانیویەتی بزانێ چارەنووسی ئەو خواردن و پاروو بزانێ کە هەر کەسێ دەیخوا، خواردن ڕووداوە، ڕووداویش لێکدانەوە و چارەنووس و واتای ئایندەیی هەیە، ئەو پاروو دەبێتە چی؟ ئایا دەبێتە ئەندام و جولّە و زانینێکی ئەرێنی یان نەرێنی؟

هەموو ئەمانە دەچنە بواری زانینی تەئویلی ڕووداوەکان، جۆڵەکان، گەشە و پەرەسەندنەکان، خەونەکانیش بەشێکن لە ڕووداو و چالاکی و گفتوگۆی جیهانی ڕۆحەکان. هەروەها دەبێ بشزانرێ وشەی تەئویل و یەکخستن و لێکدانەوە و زانینی چارەنووس و سەرەنجامی هەموو ڕووداوەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

جا کە ئەم کۆمەڵەی خۆرە، یەکێک لە چیرۆکەکانی دروستبوونی چیرۆکی کوڕانی ئیسرائیل بێت، کە هەزاران و سەدان چیرۆکی لەو شێوەی هەیە.

ئەم کەشتییە مەشحون و بارگاوییە نوحییەی کە کۆمەڵەی خۆرە، کە ئێستا پانتاییەکەی شەش سەعاتی تیشکییە، و بە 243 ملیۆن ساڵ خولی ناو کاکێشانی تەواو دەکا و تا ئێستا 21 خولی داوە، لە ماوەی ئەم خولانەدا دەبێ چەند جار ئەم کەشتییە وێکهاتبێتەوە و توابێتەوە و هەڵاوسابێ و بووبێتە بەستەڵەك؟ ،دەبێ چەند جار ژیان و زیندەگی لەسەری بنەبر بوو بێ و پەیدا بووبێتەوە؟ یا ن دەبێ چەند جار ژیان لە ناو ئەم کۆمەڵە کەشتیگەلە و ئوستولەدا ئەم باوەش و ئەو باوەشی کردبێ؟ و دەبێ چەند دایك و پوور و مەتو و دایەن و مامان و باوەژن و مامۆژنی فۆتۆن ئاسا بووبنە ئاردی ناو دڕوان و ناو و ناوبانگیان نەمابێ؟ دەبێ چەند جار کونی ڕەش بیکاتەوە گرگن و کونی سپی بیکاتە زەبەلاح و ئەم قەبزی بکا و هەڵی لوشێ و ئەو بەستی بکا و پەخشانی بکا؟ دەبێ چەند جار بە ناو گەرمای تۆپنەرەوە و ساردی شەختە و زەمهەریر و ئەستێرەی زەبەلاح و چەندین دیاردەی پیاکێشان و کێشکراندا تێپەڕیبێ؟ ئەی چۆن دوای ئەم 21 جارەش ئەوەتا بە سەلامەتی ماوەتەوە و قوت نەدراوە؟ دەبێ بزانی کە ئێمە ئێستا لە شۆپنێکی تا رادەیەك سەلامەتین، چونکە لە دۆزەخی سەلکە پیازەکەی چەقی کاکێشان سەدان هەزار ساڵی تیشکی و دوورین واین لەو لاپەڕی چەپی مەجەرەکە و تا 121 ملیون ساڵی تر ناگەینە ناوەڕاستەکە ..

دەبێ لە هەر خولانەوەیەکدا چەند جار کۆمەڵەی خۆر شێوە و ژمارەی ئەستێرە و مانگ و خولگەیان بگۆڕن و دەبێ هەر ئەستێرەیەك چەند جار جەمسەر و ماوەی رۆژ و مانگ و ساڵەکانی و نەخشە و رووخساری بگۆڕێ؟ ئەوە مسۆگەرە کە 21 جار گۆڕاوە بەڵام بۆ لەوە زیاتر نازانرێ، ئەی کە ئەم کۆمەڵە خۆرە ئەم هەموو پانتاییەی بڕیبێت، لەکام گەلەکسی و کام بورج و کەلووەدا بووە کە ئەم فایرۆس و بەکتریای ژینی ئۆرگانی و سەوزایی و قارچکی پێ بەخشرا؟ ئەی کۆمەڵەی خۆر لەم ڕێڕەوە درێژەیدا ئەم شێوە ژیان و پەرەسەندنانەی داوەتە چەند ئەستێرە و کۆمەڵە خۆر و گەلەکسی تر؟

لەم جیهانبینیەی یوسف دا کە ئەحسەن وجوانترین وپتەوترین وخەمبارترین جیهانبینیە زاهیرو ڕوکەشەکەی ئەوە دیاردەخا کە خۆرو مانگ ،دایک وباوکی زەوین،واتە ڕوکەشەکەی بە پێچەوانەی دەقەکانی تری تەورات وقورئانە،چونکە لە هەموو سورەتەکانی قورئاندا زەوی پێش ئاسمان دروست کراوە،وە زەوی پێش مانگ وڕۆژ دروست کراوە،بەڵام لە سوڕەتی یوسف دا وە تیۆری بیگ بن ڕۆژ پێش زەوی هەبوەو کە مانگیش یەکێک لەدایک وباوک بێ کەواتەئەویش پێش زەوی هەبووە،بەڵام من مانگ بەبنیامین لێک دەدەمەوە.

بەڵێ تیۆری لەوجۆرەش هەن .

هەواڵێک کە پەروەردگار پاڵی دابێتە لای خودی خۆی ،جیاوازە لە هەواڵێک کە خەونی پەیامبەرێک بێ، ئەوجار لێکدانەوەی خەونەکەش ئیشارەیە ،مەرج نیە خۆر ومانگ دایک وباوکەکە بن هەرچەندە زۆرلێک دەرەوە وای لێک دەدەنەوە .

وە لەبابەتی دروست بوونی زەوی پێش ئاسمان واتای ئەوەنیە کە ئەرز پێش بۆشایی دروست بووبێ ،بەتێگەیشتنی ئەمڕۆ ئاسمان واتە پانتایی بۆشایی، بەڵام بە پێناسەی قورئان ئاسمان سەقفی پارێزەرو چین چینەو دەرگای هەیە ودەرگەوانی هەیە و هەر ئاسمانە پەرستگایەکی لێیە و.....

سەبارەت بەوەی خۆر پێش زەوی یان زەوی پێش خۆر، زاهیری قورئان وایە زەوی پێش خۆر دروست بووە، بەڵام ئەوزەویەی کە پێش خۆر بووە ئەو سەرتاپاکوتلەیەکی گڕگرتووبووەو ئەوکاتە هەموو ئەستێرەومانگ وکلکدارەکانی کۆمەڵەی خۆر هەوروشلەیەکی تواوەی گڕگرتووبوون،کەواتە بەو تێڕوانینە دەکرێ بگوترێ کە ئەو زەویە ی سەرەتا لەخۆر نزیکتربوو نەک لەوزەویەی ئێستا.

چونکە هەموو ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆربەزەویشەوە کوتلەوبارستەیەکی گڕگرتووی وەک ئێستای خۆربوون لەپێک هاتەدا،بۆیەبەم مانایە دەکرێ بڵێین خۆرپێش زەوی هەبوو.

وەزۆربابەتی ڕێژەیی لەقورئاندالەسەرزمانی پەیامبەران هاتووە کەئێستاناکرێ وەک ڕاستی زانستی ڕەها سەیربکرێن.

بەنمونە ئەوئایەتەی سورەتی نوح کە خۆرو مانگ لەهەرحەوت تەبەقەی ئاسمانێ نورو چران ،لەڕووی زانستی وبۆ فەرمودەوئایەتەکانی دیکەش ڕاستیەکی ڕێژەییەو خۆرومانگ تەنیا بۆ کۆمەڵەی خۆرو مانگ تەنیابۆزەوی نورە.

بەڵام ئەوە قسەی نوحە بەپێی ئەوزانیاریەی لەوکاتەدا هەیبووە لەسەر خۆرومانگ قسەی کردووە ،وەک ڕاستیەکی زانستی ڕەها وەرناگیرێ .

مەگەر ئەو قیرائەوخوێندنەوەی تر بۆ سیراج وقمر وەرگرین کە بەشێوەی جمع وکۆهاتوون ،واتە سیراج بەسروج و قەمەر بە قومور هاتووە.

واتاکەشی دەبێتە ئەوەکە ئێمە جنسی خۆرەکانمان کردۆتە مایەی ڕۆشنایی ناوهەرحەوت تەبەقەی ئاسمان وجنسی مانگەکانیشمان لەوئاسمانانە کردۆتە مایەی ڕوناکی.

لێرەدا الف ولامی پێش ال قمر و السروج، دەکرێ بۆ عەهد وناساندنی ئەستێرەیەکی دیاریکراونەبن وەک ئێستالەعەرەبیداباوە،بەڵکو بۆناساندنی جنس وڕەگەزی هەموو خۆرومانگەکان بن کە لەگەردوونداهەبوون، یان ئێستاهەن یان لەمەودوادەبن.

کەواتە تێگەیشتنی ڕاستیەکانی قورئان پێویستی بە گۆڕینی زانستی نەحوش هەیە،چونکەلەقاڵب دان ودەقبەستوکردنی سەرف ونەحو وواتای دەستەواژەکان وای کردوەکەوەک پێویست نەتوانرێ ڕاستیەزانستیەکان وپێزانینە قورئانیەکان تێبگەین..

وێک چواندنی هەموو کۆمەڵەی خۆروئەستێرەکانی بە چەندکەسێکی ئەندامانی خێزانە پیرۆزەکە لە باوک ودایک وچەندبرایەک لەسورەتی یوسف ،پەیامێکە کە خێزان بناغەیەکی زۆرگرنگەو شێواندن ودەستکاری خێزان وەک هەوڵ دان بۆلەخولگەلادان ولەناوبردنی خۆرومانگ وئەستێرەکانە.

بەدرێژایی مێژوو تا ئەم چەندساڵەی دوایی کەس باوەڕی وانەبوو کە ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر دەگەنە یازدە ئەستێرە، ئایادەکرێ کە لەم سەردەمەدا بڵێین ئێستا خەونەکەی یوسف لەڕووی فەلەکیەوە هاتەدی؟

بەپێی کە ئایەتەکە دەفەرموێ عەین وچاو وخودی یەعقوب سپی هەڵگەڕان و کوێربوونەوە، وەبە مانگیش دەفەرموێ ئایەتی مەمحو سڕدراوەو کوێر ، دەبێ یەعقوب مانگ بێ ؟

دوور نییە کە گەڕانەوەی ڕۆژ لە ئاخر زەمان، تەنیا ئاڵوگۆڕێکی جەمسەر و قوتبەکانی زەوی بێ بە هۆی توانەوەی بەفر و سووکبوونی جەمسەرەکان و قورسبوونی هێڵی یەکسانی، ئەم لەپڕ هەڵگەرانەوەیە دەبێتە هۆی ڕۆژ گەڕانەوە، وە کارەساتێکی زۆر گەورەش کە لەوانەیە بە هۆیەوە ژیان بەیەك جاری بنەبڕ ببێ، یان تەنیا بوونەوەرە سەرەتاکان بمێننەوە.

ئەم پرسیارە وروژاوانە هەموو ئەو پێزانینانەی زانستی فەلەکناسی نوێ دەخەنە ژێر پرسیارەوە کەباسی ئەوە دەکەن کە گوایە فڵان چاخ و قۆناغە ملیارەها ساڵی کێشاوە و شاخ و کیشوەر و فڵان ڕەگەز پێش ئەوەندە ملیارە پەیدا بووە. چونکە لەوەیە ئەوە ڕاست بێ کە لەهەر خولێکی ٢٤٣ملیۆن ساڵەی کاکێشان هەموو کۆمەڵەی خۆر لەناوبچێ و دووبارە کۆمەڵەی خۆر لەم لاچەپە دروست ببێتەوە. یان نابێ ئەو

پێزانینەی زانستی فەلەکناسی ڕاست بێ کەباسی سوڕانەوە و خولی کۆمەڵەی خۆر دەکات لەناو مەجەرەی کاکێشان..

جا ئەم منالّە بێ دەسەڵاتەی ناو ئەم کەشتییە کە ژیانی سەوزایی و ئۆرگانییە، هەر ئەو وەك مەلای مەشهور بە گەوجی ئەم لقە دارە نەبڕێتەوە کە لەسەری وەستاوە؟ ئەوەتا رۆژانە ملیاران تەن لە ناو ناخی دایکی زەوی دەردێنێ و زەوی کلۆر دەکا و دەبێتە هۆی داڕووخانی دایکە زەوی و بورکان و بوومەلەرزە و تسونامی و گەردەلول و بارانی ژەنگاوی و کونبوونی ئۆزۆن و لافاو و وشکە سالّی و چەندەها دیاردەی تر؟ ئایا مرۆڤایەتی خەریکی ئینتیحار و خۆکوژی بە کۆمەڵە؟ ئایا ئەم منالّە بێ دەسەڵاتە چەموشە بوو کە سەری فۆتۆنی خوارد و سەری زەویش دەخوا؟

لە مەوسوعەی قەرن هاتووە کە پێش ئەوەی شیردەرەکان پەیدا بن زەوی تەنیا یەك کیشوەر و یەك ئۆقیانووس بوو، کیشوەرەکە پێی دەگوترا ئینجا، ئایا پێش ملیۆنان سالّ کێ ئەم ناوەی لێناو بۆ ئێمەی گواستەوە؟ ئەوە لە نووسەرانی مەوسوعەکە بپرسن، پاشان بووە دوو کیشوەری غەندۆرە کە ئەمریکای باشوور و ئەفریقیا و ئۆقیانیا و ئەنتارتیکا و هیند و کەنداو بوون، کیشوەری دووەم کە کیشوەری ئۆراسیا بوو، بریتي بوو لە کیشوەری ئەمریکای باکوور و ئەتلانتا و ئەوروپا و ئاسیا و گرینلاند. ئۆقیانووسی تیتس لە نێوان ئەم دوو کیشوەرە بوو، پاش چەند ملیۆن سالّ ئەم شێوەی پنجەگیایەی نەخشەی زەوی گۆڕا، بەم شێوەی ئێستا بەکەمێك جیاوازییەوە، کەنداو بە عێراق و شامیشەوە، هەروەها نیمچە دوورگەی هیند بوونە دوو دورگە و چەند هەزار سالّ بۆ خۆیان لە سەر زەریا خولانەوە، پاش ئەو چەند هەزار سالّە هەردوو دوورگەکە بەڕێککەوتنیان لەگەڵ کیشوەری ئاسیا کرد، دەرەنجامی ئەو پیاکێشانەش زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و ئارارات بەهۆی پیاکێشانی کەنداو و ئاسیا دروست بوون و بەهۆی پێداکێشانی هیند و ئاسیاش زنجیرە چیای هیمالایا پەیدا بوون. ئەمە زانست و بیردۆزێکی کەمێك نوێیە و پێی وایە گۆی زەوی لە 25 صەفحەی تەکتۆنی پێکهاتووە کە هەندێکیان هەر لەیەکتر دەچنە پێش

و بەبەریەککەوتنیان بورکان و زەمین لەرزە و چیای نوێ دروست دەکەن و هەندێکیان لێکجیادەبنەوە و لێکدوور دەکەونەوە و زەوی ڕۆچوون و دەریای نوێ دروست دەکەن.

کە دەریالوشی تیتس گۆڕا بۆ وشکانی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نیمچە کیشوەری هیند و ئەم دەریا و دەریاچانەی هەر لە ئارال و قەزوین و ورمێ و وان و ڕەشو سپی و سوور و مردوو هەمووی پاشماوە ئاوییەکەی تیتسن و کیشوەری ئەتلانتاش حەزی لە سەر نقومەیەکی درێژ خایەن بوو ئێستا بۆخۆی لە ژێر ئاوە.

جا کە گوتمان زەمین، یوسفی کوڕی ڕاحیلە و ژیان پێش ئەوەی بگاتە ئەم هەسارە بەهەسارەکانی تردا لەم کۆمەڵە خۆرە تێپەڕیوە، بەڵام یوسفی زەمین توانیویەتی جوانی و هەمەڕەنگی و داهێنانی پێ ببەخشێ، وە یوسفیش لە ژیانیدا چەند قۆناغێکی هەیە.

-یوسفی منداڵ و لای کۆشی باوکی کە لەو سەردەمەدا باوکی خۆر زۆر هۆگری ڕۆڵەی ڕاحیلی گڵە، لەم قۆناغە دا، دەبێ یوسف لەباوکی دوور بکەوێتەوە، چونکە ڕەگەزە ئاوی و غازی و بڵێسەییەکانی دایکەکانی تر باشتر بەرگە دەگرن لەنزیک ئاگر لە یوسفی کوڕی ڕاحیلی خاک.

بۆیە دەبێ یوسف بەهۆی هێزی پەرتکەری گەردیلەکان و لێکدوورخەرەوەی بازنەی ئەلکترۆنەکان لە ناوک لەلای خۆری باوک، ئەمە مەفاعیل و کانی تەردی مەرکەزی و پەرتکەری ناوەکییە و پێویستە یوسف دوور کەوێتەوە و دایکیشی بمرێ.

کەواتە ئەم منداڵییەی یوسف پێش تەقینەوەی بیگ بنە و لەمێژووی قۆناغەکانی زەمین دا نییە، بۆیە یەکەم قۆناغی زەمینی زەوی لە ئەوەوە دەست پێ دەکا لە بیر دەهاوێژرێ تا بەمداڵی عەزیز دەفرۆشرێ، ئەم قۆناغەش قۆناغی یوسفی یەک کیشوەر نییە، قۆناغی یوسف وەک یەک کیشوەر و یەک زەریا کەلە تەوڕاتدا ئەمە بەڕۆژی دووەمی دروست کردن دانراوە کە تیایدا ڕووەک و درەخت دەرکەوتن، زەوی یوسفی جنان و جنی بوو، باغ و بێستان بوو، هێشتا ئادەمی و ئۆرگانی نەبوو.

قۆناغی دوو کیشوەری ئۆراسیا و گندۆرە و زەریای تیتس لە نێوانیان، قۆناغی زیندانی کرانی یوسفە، لەم قۆناغەی ڕۆژی سێیەمی دروست کردن لە تەوڕات دایە کە عەزیا و تنین و خشۆکە دەریاییەکانی تێدا دروست کراون، یوسف لەو قۆناغەدا بەلاشە خشۆک و ماسییەکی ژێردەریایە، بەڵام هەر لەو ڕۆژی سێیەمە باڵندەکانیش بۆ وشکانی دروست کراون،کە ئەمەش ئەندێشە و زانست و پێزانینی یوسفە لە زیندانی دەریاوە کەوەک باڵندە بەئاسماندا دەفڕێ و لە زیندانی ئاوی لیای پوریەوە بە باڵندەکانی ئەندێشە و بیروبۆچوون سەر ڕووی وشکانی ڕاحیلی دایکی بەجۆش و خرۆش و پڕ دەنگی شالووری خۆش دەکا، هەروەک چۆن لە ڕۆژی پێشووش دا ڕووی وشکانی دایکی کردبووە گوڵزار و بێستان لە قۆناغی یەک کیشوەری دا.

نەخشەی زەوی لە سەردەمی بانجادا کە زەوی بەرلە ملیۆنان ساڵ تەنیا کیشوەرێک بوو کە پێی دەگوترا بانجا،کە لەشێوەی پنجەگیا دابوو، بۆیە گژوگیا و ڕووەک لەو کاتەدا دەرکەوت، وەک لە دەقەکەی تەوڕاتیش هەروا دەردەکەوێ،کە گژوگیاکان ڕۆژێک پێش دەریاوانە خشۆکەکان دروست کراون، بەڵام تا نەخشەی یەک کیشوەری گۆڕاوە بە نەخشەی دووکێشوەری، ئەو ڕۆژە تەنیا هەزار ساڵ نییە، بەڵکو ملیۆنان ساڵی خایاندووە.

- قۆناغی سێیەمی یوسفی دوای دەرچوونی لە سجن و بوونی بە عەزیزی میسر و (بەپادشابوونی) یوسفە، یوسف لەم قۆناغە عیرفانە، زانینی ئەحوالّی ڕۆح و گیانە، ئەو قۆناغەیە کە زەوی دابەش بوو چەند کیشوەر و چەند زەریا و هیند و کەنداو و دوو دوورگەی گەڕۆک بوون، لەم قۆناغەدا کە دەگوترێ شێوەی مرۆڤ و ئینسانی ڕۆدیسیا و ئینسانی ئەفریقی کەلە شەش ملیۆن ساڵەوە پەیدا بووە و کەچی بۆ ماوەی سێ چوار ملیۆن ساڵ، کیشوەری ئەفریقیای فیرعەونی، زولەیخای بەعیشوە، یوسفی گیرۆدەی خۆی کرد و نەی هێشت شێوە مرۆڤەکان لە ئەفریقیاوە بچنە کیشوەرەکانی ئۆڕاسیا و ئەمریکا و ئۆقیانیا، ئەمە لە زانستی شوێنەوارناسی باس کراوە، هەرچەندە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی تریش

هەیە، بەڵام پشتگیری هێما و ڕەمزی چیرۆکە دینییەکان کارێکی لەو جۆرە دەسەلمێنن.

چیرۆکی بەندکردنی زولەیخای ئەفریقی بۆ یوسفی ئیسرائیلی و ناهێڵێ کۆچ بکا بۆ کیشوەرەکانی تر، چیرۆکی گیرۆدەبوونی ئیبراهیمە بە شەمسی ئەکبەر و ڕەع ئامون ی ڕەحمانی تا لەو قۆناغەدا ئیسماعیل و ئیسحاقی دەبن، الحمد لله الذي وهب لي على الكبر اسماعيل واسحاق.

شوێنەوارناسەکان دەڵێن ئەگەر شێوە مرۆڤەکان مێژوویان حەوت ملێون ساڵ بێ، بەڵام تەنیا یەک ملیۆن ساڵە لە ئەفریقیا دەرچوون و بەکیشوەرەکانی تردا بڵاوبوونەوە، ئەم بڵاوبوونەوەیە کۆچی موسا و سفری خروجی تەوراتی و شەقبوونی دەریایە،کە کەنداو و هیند لەدوو لاوە دەبنە بەشێک لە ئاسیای ژنی فیرعەونی ئەفریقیا و دایەنی موسای کۆچ کردوو و شەوڕەویکەر لە ستەمی فیرعەون، بەهەیکەل بوون و بەپەیکەربوون لە هەلاکی یوسف دەستی پێکرد، ئەمەش قۆناغی چوارەمی ئیبراهیمیە کە گیرۆدەی بوو،کیبر و پەیکەری مرۆڤ و مرۆڤی لەسەر سورەت و شێوەی ڕەحمان کەلە تەوڕات و فەرموودە هاتووە، ئەوپەڕ و تڕۆپکی ڕێزگرتن بووە لە مرۆڤ و مرۆڤ سەنتەری بووە.

پاش دەرکەوتنی ژیانی ئۆرگانی، ئێستا دەتوانرێ نەخشەی زەوی بە جۆرەها مێروولە و کولە و پەپوولە و باڵندە و چوار پێ و ئاژەڵ و دڕندە بچوێنرێ و وە دەتوانرێ بە مرۆڤ و پەیکەری کۆئەندامی مرۆڤیش بچوێنرێ، چونکە کە مرۆڤ لەسەر سورەتی حق بێ، دەبێ هێلانەکەشی ئاوێنەی ئەو بێ، چونکە زەوی وەک ئاوێنەیە، نەخشەکانی ڕاحیلی دایک لەنەخشە دەریایی و وشکانیەکانیان شێوەی پەیکەری یوسف و بنیامینەکان وەردەگرن، ئەمە خۆشەویستی ئاڵوگۆڕی پەیامی قۆناغی بەرزەخییە، لەنێوان مردوان و زیندووان، ڕابردووان و داهاتووان، ڕاحل و کۆچکردووەکان و یوسف و لەمەولاکان، ئەم پردە و پەیوەندییە ڕووحانی و کۆئەندامییە کە جوانترین قسەس و دابڕین و بەشبەش کردنە بۆ زەمین و زیندەوەرانی کۆشی زەمین.

نەخشەکانی ئاوی و وشکانی ئاوێنە و رەنگدانەوەی سەرنشینەکانیانن:

چاخە جیۆلۆجیەکانی زەوی کە لەئینسکلۆپیدیای عەرەبی ئاسانی دکتۆر محمد شفیق غربال هێناویەتی:

یەکەم: چاخی جیۆلۆجیە دێرینەکان، ئەم چاخە بە پێنج سەد ملیۆن ساڵ دەخەملێنرێ و لەم چاخەدا چەندین جۆری بەرد و چینی شاخ و کانزا پێکهاتوون.

دووەم: چاخی دەرکەوتنی ژیانی یەک خانەیی ڕووەکی و ڤایرۆسی، جیۆلۆجیەکان لەم بەشە جیاوازی زۆریان لەنێوانیاندا هەیە، ئەم چاخە وەک بازنە بێ سەروشوێنەکە، حلقە مفقودەکەی نێوان بێ گیان و گیاندارەکانە و بەچاخی پێش کمبری ناوی دەبەن و بەملیۆنان ساڵ دەی خەملێنن.

سێیەم: چاخی کۆنی جیۆلۆجی،کە دابەش دەکرێ بۆ قۆناغەکانی: - کیمبەری،-ئەردۆفشی،-سیلۆری. وە دەڵێن سێسەد و پەنجا ملیۆن ساڵی کێشاوە. لەم چاخەدا گەشەی ڕووەک و دارستان گەیشتۆتە ترۆپکە، دیارە ئەمە چاخی یەک کیشوەری زەمینە.

چوارەم: چاخی ناوەڕاست، ئەم چاخە چاخی زاڵبوون و نغرۆبوونی وشکانییە و دەرکەوتنی زەریای تیتسە، تا وای لێ هاتووە کە وشکانی وەک چەند دوورگەیەکی لێکدوور گیری خواردووە، ئەم چاخە کە دابەش دەکرێ بۆ تریاسی و جوری و تەباشیری و لەم چاخەدا خشۆک و دایناسۆرەکان و خشۆکی فڕیو ژیاون و بەچاخی خشۆکە زەبەلاحەکان دەناسرێ، سەد و بیست و پێنج ملیۆن ساڵی کێشاوە..

پێنجەم: چاخی جیۆلۆجی نوێ، ئەم چاخە حەفتا ملیۆن ساڵی کێشاوە و دیارەکە شیردەرەکان لەم چاخە پەیدابوون و دایناسۆرەکان و خشۆکە زەبەلاحەکان نەماون، جولەی کیشوەر و زەریاکان بەردەوام بوون.

ئەم چاخانە هەر چەندە دوو ملیار ساڵیان کێشاوە، بەڵام هەروەک پێنج ڕۆژەکەی تەوڕاتن، واتە پێش ڕۆژی شەشەم کە ئادەمی تیا دروستکرا

هەمان شت کە لە سفری تکوین لەو پێنج ڕۆژە باس کراوە، لەو پێنج چاخە دوو ملیار ساڵیەش هەمان شت دەرکەوتووە، ئەمەش پشتگیرییەکە بۆ ئەوە کە تەورات تا ئێستا لەگەڵ ئەم بیردۆز و تیۆر و گریمانانە نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی جیهانبینی سفری تەکوینی تەورااتی دەرچن، چۆنێتی چوار ڕۆژەکانی دروستکردنی زەمین و دوو ڕۆژی بەرگە هەوا و دابەشکرانی زەمین بۆ حەوت کیشوەر و حەوت زەریا و ئاسمانەکان بۆ حەوت چین لە قورئان و فەرموودەشدا لەگەڵ سیناریۆی پێکهێنانی تەورات بۆ بوونەوەران یەک شێوەن و هەموویان لەگەڵ ئەم گریمانە و بیردۆزەی جیۆلۆجیانە تەسدیقی یەکتر دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن.

تەنانەت ئەو حەوت گوڵە گەنمە سیسەی کە حەوت گوڵەگەنمە پڕەکانی خواردن و ئەو حەوت مانگا لەڕ و لاوازەی حەوت مانگا قەڵەوەکەیان خواردن، وەک ئەو حەوت ئەستێرە ڕەقەی کۆمەڵەی کەلە چاو ئەو خولگانەی تێیدا دەسوڕێنەوە، وەک دەنکە نۆکێکن لە بیابانێکی گەورەدا، ئەوانە مانگا لەڕەکەن، ئەو مانگا هەڵئاوساو و پفبووەی بۆشایی هەموو ئەم دەنکە نۆکانە کێشی دەکەن و وەک مانگا لەڕەکان ئەو مانگا قەڵەوانە دەخۆن، لەسەر زەویش ئەو لەسەدا بیست و هەشتەی حەوت کیشوەری وشکانی کە مانگا لەڕەکانن، حەوت مانگا قەڵەوەکەی زەریا و دەریالوشەکان دەخۆن، بچوک و لەڕ و لاوازەکان لەم بوونەوەرە مانگا هەڵئاوساو و ئەستوورەکان دەخۆن.

خوێندنەوەی پەیکەری کۆئەندامی شێوەکانی مرۆڤ لە نەخشەی دیاردە ئاوی و وشکانییەکان دا..

هەروەک چۆن لەچاخەکۆنەکان شێوەی نەخشەی وشکانی دەریایی ڕەنگدانەوەی زاڵترین دروستکراوی سەر زەوی بوو، ئێستاش دەیان شێوەی نەخشەی ئاوی وشکانی هەن لەسەر زەوی کە شێوەیان لە پەیکەری مرۆڤ یان کۆئەندامێکی مرۆڤ دەچێ، وە زۆر شێوەش هەن لە دەریا و وشکانی کە شێوەیان لە دڵ یان لەنووسینی محمد یان لەسەر شێوەی ژمارە و پیتەکانە..

گەلانی کۆن چەندین پۆلێنیان بۆ رووی زەوی و ئاسمانیش کردوە، زەویشیان بەسەر کەلووەکانی ئاسماندا دابەشکردۆتەوە، کە هەر ئیقلیم و ناوچەیەك سەر بە بورجێکە و هەر بورجێکیش یەکێ لە حەوت هەسارە کەی: خۆر، مانگ، مەریخ، مشتەری، زوهرە، عەتارد، زوحەل دەنوێنێ، وەک یاقوتی حەمەوی و ئیبن خەلدون لە مەجستی کتێبەکەی بتلیمۆس هوە دەگوازنەوە، دەڵێن جیهان حەوت قەڵەمڕەوە و هەرقەڵەمڕەوەش یەکێک لەبورجەکان و حەوت هەسارەکان پەیوەندی پێوە هەیە.

یەکەی حەوتەم :

خوێندنەوەی پەیکەری کۆئەندامی شێوەکانی مرۆڤ لە نەخشەی دیاردە ئاوی و وشکانیەکان دا..

نەخشەی یەکەم:

کەبمانەوێ نەخشەی هەموو وشکانی بەمرۆڤ بچوێنین،هەریەک لەدوو کیشوەری ئەفریقیاوئوستراليا دەبنە دوو پێ یەکان
وڕانەکان،هەرچەندەقاچی لای ئۆقیانیای شەلەولەنگە،

کڵۆتی و کەلەکەی ئەم پەیکەرە لە باکوری ئەفریقیا و کەنداوو هندستانن،رۆژهەلاتی ناوەراست،شام وعیراق وئێران وتورکیا وناوەڕاستی ئاسیاوچین دەبنە حەوزو سکی پەیکەرەکە،ئەوروپای ڕۆژهەڵات و بەشێک لە ڕوسیا دەبنە سینگی ،ئەوروپای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا دووباڵەکانن، سەری ئەم نەخشە لە بە ستەلەکی باکوروئەسکەندەنافیاوگرینلانە، ئەمریکا ش سەروپرچ وقژیەتی,

نەخشەی دووەم:

کە زەریای هادی و هندی لەگەڵ یەک لێک بدەین،نەخشەی پەیکەری مرۆڤێکمان دێتە پێش چاو کەلە سەر پشت راکشاوە, زەریای هندی

سنگ وسگ وناوقەدو قاچە هەڵنراوەکاننی، سەر ومل وروویزەریای هادیە، ,مراویەکەی ئەنتارتیکا پشتی وسەرینیەتی,.

نەخشەی سێ یەم:

زەریای ئەتلەسی وەک پەیکەرێکی شیوە مرۆڤی تەواو ،لە سەر سنگی نەخشەکەی زەریای هندی و هادی وەستاوەو قەدو بالای لە نیوان ئەمریکا وئەفریقیاو و سنگی لەنیوان ئەمریکاو ئەوروپایە ,پشتی لە ئەمریکا کردوەوو رووی لە ئەوروپایە ,سەری دەڵێ ی بەسەری وشکانی یەوە نوساوەو لەم نەخشە،پەیکەری وشکانی وپەیکەری ئەتلەسی چمکی سیامین , هەردووکیشیان لەسەر سنگ وسگی پەیکەرە ڕاکشاوەکەی هندی هادی ڕاوەستاون،.

نەخشەی چوارام:دەریاچەی هەدەسن وەك پەیکەری کچیکی بچوك دەچێ،لە سەر مل و قەلاندۆشانی وشکانی و لەکۆلی پەیکەری ئەتلەسیی یە .

ئەمەش وەک هێمایەک کە هەمووپەیکەرەکانی ئاو و وشکانی بۆ خزمەتی مرۆڤ ڕام کراون.

نەخشەی پێنجەم:سەیرکردنی هەموو نەخشەی ئاو و وشکانی بە پەیکەری مرۆڤێک،هەر پەیکەرەکەی ئەتڵەسی ،ئەنتارتیکای باشور پێڵاوەکانیەتی،ئەسکەندەنافیاو گرینلاند وبەستەڵەکی باکورسەریەتی، ئەمریکا پرچ وقژو پاشە سەریەتی، جیهانی کۆن بە وشکانی ودەریاوە باڵی چەپ وزەریای هادی باڵی ڕاستیەتی.

نەخشەی شەشەم:

وشکانی کەسێکە مەلە دەکا،ڕانی سەرەوەی لە ئەوروپاوەدەست پێدەکاولە ئەمریکای باکورکۆتاییدێ،قاچی باشووریشی لە کەنداوەوەتائەمریکای لاتین،پەیکەرەکەی ئەتڵەس هەرلە جێ ی خۆیەتی و دەریاکانی ناوەڕەست وڕەش دەستنی ،کە وشکانی گرتوەوفێری مەلەی دەکا،پەیکەرەکەی هیندی هادیش لەم شێوەهەرلە جێ ی خۆیەتی،.

نەخشەی حەوتەم:

هەردوو جیهانەکەی کۆن ونوێ ی وشکانی بە پرچ وقژ دەچن، پێچوکەی ئەم قژە لەبەیەک گەیشتنی سێبیریاوکەنەدایە،پرچی جیهانی نوێ و ئەمریکاکان کەمترلاربۆتەوەو پرچی لای جیهانی کۆن
بەسەرسەراڕۆیشتوە تالە ئەفریقیابەسەرشان ومل دا شۆڕبۆتەوە، خاتون پێچوکەکەی لەناوەڕاستی سەری نیە وپێچوکە خوارە، هەموو جیهانێ زەریاکانیش ڕوخسارو ودەم وچاوو گەردن وسنگیەتێ ،وێنەکە لێرە تاسنگە و وێنەی ناسنامەیە،چونکە گۆی زەوی هەموو وەجهی اللهیە.

نەخشەی هەشتەم:

نەخشەی وشکانی دەتوانرێ بە کەسێکی نوێژ کەر بچوێنرێ کە لە باری سوجدە بردندایە، ڕووسیا تائەوروپا قاچەکانئی کەلە دواوە نوشتاندونیەوە، چین وئەفریقیا دوو باڵ وشان ودەستئی کە دای داون، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنگوملیەتی ،کەنداو سەرویەمەن نێوچاوانی سوجدە بردوە.

ئەم نەخشە تەنیاوشکانی جیهانی کۆن لەخۆ دەگرێ.

نەخشەی نۆیەم: بەسێ شێوەیە.

١-ئەم نەخشەش هەربۆ وشکانی جیهانی کۆنە، ،جیهانی کۆن بە سەردەچێ، دەریای ناوەڕاست دەمی ئەوسەرەیە،ئەوروپامەڵاشوی سەرەوەولووت وچاوونێوچەوان وکەڵەسەرە،ڕوسیا جوموجومەی سەرو پشتی سەرە،چاوێکی دەم وچاوەکە دیارە وچاوەکەی تر دیارنیە،چونکە نەخشەکە تەنیشتی لە سەرڕوی زەویە،ئەفریقیا شەویلاکی خوارەوەیە، دەریای سوور قورگە ،کەنداو مل وئەستۆو جێ ی دەنگەژێکانە،هندو چین پشتی سەرە.

٢-هەمان کەڵە سەر بەڵام دوو کەڵە سەری پێکەوەنوساوو سیامیە وێەکیان ڕووی لە ڕۆژئاواو وئەوی تریان ڕووی لە ڕۆژهەڵاتەو دەم و چاوی چین ولوتی کۆریایە،ئەم دوو کەڵە سەرە لەپشتەسەرەوە لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهوەلکانون وتەنیا یەک ئەستۆوملیان هەیە، کە کەنداوە،ئەم کەلله سەرە وەک ئەشکەوتە دوو دەرگاکەی قورئان وکتێبە پیرۆزەکانیش دەچێ.

٣-هەرهەمان شێوە،بەڵام ئەم جارە سێ ڕوخسارو دەم وچاو،یەکێ ڕووی لەچین وئەوی ترڕووی لە بەریتانیاو سێ یەم ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو قەزوین ودەریای ڕەش چاوەکاننی ووڕمێ ووان کونەکانی لوتنی وچیای تۆروس وزاگرۆس سمێڵن،لە هەولێر تابابل لێوەکانی سەروخوارن، خواروی عیراق وشام چەناگەیە، ئەم سێ سەرە هەرسێکیان لەسەر ئەستۆوملی کەنداوودەریای سورن وگەردن وجێ ی دەنگە ژێکان مەککەیە .

ئەم نەخشانە ی گوتم چەندنمونەیەکی کەمن لەسەدان نەخشەی تر،کەدەتوانرێ ،هەموو زەوی ،یان بەشێک لە زەوی پێ بچوێنرێ،مەرجیش نیە ئەم نەخشە،تەنیا دەم وچاوبێ، دەتوانرێ هەموو جیهان بە کۆئەندامی خوێن، کۆئەندامی هەرس،هەناسە، بچوێنرێ، هەروا دەتوانرێ بەجۆرەها مێشوولە ومێرولەوپەپولەو کوڵە وچوارپێ وئاژەڵ وجۆرەها باڵندەش بچوێنرێ،دەتوانین بورهان وبەلگەی بۆ کۆبکەینەوە لە ناوی شوینەکان و سروشت و ئەخلاقی دانیشتوان و ئاوو هەواو ئاژەل و باللندەو روەکەکانی سەر ئەندامەکان و ئەفسانەو چیرۆکە میللی و دەقە دینیەکان .

کۆمەڵەی خۆر و پەیکەری مرۆڤ:

کاتێ لەتەوڕات و فەرموودەدا گوترا بێ الله ئادەمی لەسەرشێوەی رحمن و بە ئەحسن تقویم و شایستەترین شێوە دروستکردووە، وەکاتێ دوای ملیاران ساڵ زەمین دەبێتە هێلانە و کۆشی ئەو میوانە بەڕێزە و هەموو شتێک لەخزمەتی ئەو دەبێ و هەموو نەخشە ئاوی و وشکانییەکان شێوەی ئادەمیزاد دەدەن، جا کە ئەم زەوییە یوسف و کۆمەڵەی خۆریش باوک و دایک و براکانی بن، دەبێ لە ئاسمانیش وەک زەوی نەخشە پیرۆزەکەی الله پایەدار بێت.

کاتێ کۆمەڵەی خۆر وەك نەخشەکەی زەوی و دەریا بەمرۆڤ دەچوێنرێ: خۆر لەناو هەناوە و دەبێتە زگ و گەدەی پەیکەرەکە، عەتارد و زهرە سی و سنگن، زەوی رووخساریەتی، بۆیە ئێمە بۆ سوجدە ڕوو لەهەرکوێ کەین وەک ڕووی حەقە، وە کاتێ پێغەمبەر علیه السلام ئەو هەڕەشەیەی سوڕەتی ئەنعامی خوێندەوە فەرمووی پەنادەگرم بەڕووی تۆ ..

مەریخ و مانگ دەستەکانن، دەگونجێ، مانگی نزیك دەستی چەپ بێ و مەریخی سور دەستی راست بێ، یان بە پێچەوانەوە، مانگ بۆ ژمێریاری راست بێ و مەریخ چەپ بێ، نەیزەکەکانی نێوان مەریخ و مشتەری قژ و پرچن، پەیکەرەکە لە خولگەی فۆتۆن و کلکدارەکانی دوای مەریخ دەست پێ دەکا کە پرچن و زەوی دەم و چاو و عەتارد و زوهرە سینگ و خۆر زگ و مشتەری و زوحەل حەوز و کڵۆتو ڕان و ئۆڕانۆس ڕانی ئەفریقیا و نیپتۆن قاچەکەی ئۆقیانیەو، پلۆتۆ و ئەستێرەی دوای پلۆتۆش پێیەکانن.

بەهەمان شێوەی زەوی و کۆمەڵەی خۆر دەتوانرێ گەلەکسی کاکێشان و بورجەکانیش بە مرۆڤ بچوێنرێن و رێی کاکێشان ببێتەکەمەری و جێی منالّدانەکە و گەلەکسییەکانی خوارەوە، قاچ بن و هی سەرەوە، ببنە سنگ و سەر و دەم و چاو .

جا کە قورئانیش بەرامبەر بە کاکێشان راگری، دەبینی کە خۆر لای چەپی مەجەرەی کاکێشانە لە نەخشەی فەلەکی، وە سورەی شمس لە جزمی عم لای چەپی قورئانە، وەکەتەلۆک و نەخشەی ئەم گەردوونە و فەلەک و کەشکەشانانەیە پێش دروست کرانیان..

کەواتە کاکێشان هێلکەدانی منداڵدانی گەردوونە، قورئانیش ڕەحم و ڕەحمەتە لە جیهان. بە دابەزینی هێلکەی منداڵدان و وپاکبوونەوەشی لەهێلکە هەر دەگوترێ قورئ، بە هاوبەندی هاوسەرگیریش دەگوترێ قیران و ئیقتیران، بۆیە قورئان پەیوەندی بەڕەحم و ڕەحمان و ڕەسولی نێردراو ڕەحمەتەن للعالمین هەیە،کە محمد یەکەم عابدین بێ وەک

لەسورەتی زخرف هاتووە، ،چونکە ئەو بۆشایی و دووری و پانتایی و منداڵدانی هەموو ڕووداو و جوڵە و داهێنانەکانە، قورئانیش دوای الرحمن عەلەم و ئاڵا و ناسنامە و ناونیشانە، پێش بوونی مرۆڤ و ئینسان و زەمین و ئاسمان و ڕۆژ و مانگ قورئان هەبووە، وەک لەسورەتی رحمن باسی هاتووە.

الرحمن*علم القران*خلق الانسان*علمه البيان*الشمس والقمربحسبان*والنجم والشجر يسجدان*والسماء رفعهاووضع الميزان*..

ئەمەش ڕیزبەندییەکی تری دەرکەوتن و بەدیهاتنی بوونەوەرانە، کە ئەویش هەروەک ڕۆژەکانی تەورات، لە هەر ئایەتێک باسی جۆرێک لە دروست کراوەکان دەکات.

لە جیاکەرەوە و پایەکانی محمد ئەوەیە کە خاتەمە، ئەگەر خاتم بەمانای دوا ئاڵقە و بازنە و خولگەی کۆتایی بێ، کەواتە الله لەدوای ئەو هیچ بازنە و ئاڵقە خاتەمە دەفرێکی تر دروست ناکا و پڕی ناکا لە دروست کراو، جا ئەم رحمانە میهرەبانە زاڵە بەسەردە بوونەوەرە پەیێبراوەکانی گەردوون، علم القران، ئەو قورئانی کردە، عەلەم و ئاڵا و نیشانە، قورئان لەدوای رحمن پێش هەموو شتێ عەلەم بوو، پەیوەستیش بوو بە ڕۆحی محمد کە یەکەم عابدە لەبوونەوەردا وەک لەسورەتی زخرف ئاماژەی پێکراوە(قُلْ إِنْ كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ).

بوونەوەر لەوحێکی خاڵی بوو، سەرسنگی بۆشایی کردە ناوەرۆک و تەرخان کراو بۆ قورئان خوێندرانەوە، لە دیاردە ئاسمانییەکان یەکەم دێڕی خوێنراوە و قورئان دانرا، کەڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و هەسارە و کلکدار و ئاسمانی پڕ هاوسەنگی بوو، لەدێڕی دووەمیش زەمین و میوە و درەخت و ڕووەک و دیاردە جیاوازەکانی بوون، پاش هەموو ئەمانە جن و پەری هێنرانە بوون و دوای ئەوانیش مرۆڤەکان دروست کران ..

یەکەی هەشتەم :

ڕێسای یەکی گشتگیر بۆهاوکێشەی دۆزینەوەوداهێنان:

دەبێ بزانین کە تا لەهیماو نەخشەکان باشتر تێ بگەین ئاسۆی بیرمان فراوانتر دەبێ و لە زەوی و ئاسمان سروشت و دیاردەو توخمەکانی باشتر بۆمان ژیربار دەبن و سەرکەوتو تر دەبین لە کارلیك لەگەڵ سونەتەکانی بونەوەرو ژیان و سروشت , بەلام دەبێ هەمیشە باوەڕێکی پتەوت بە بوونی اللە ،وەك تاکەخالق وتاکە مەشیئەو ویست وئیرادەو تاکە هیزوتواناهەبێ لە ناو هەموو شوینیك کە بۆ ئەو زەمەن و مەکان و مسافەی زۆر ودور چ قیمەتیکی نیە,سونەت وهێماو نەخشەکان بە ویستی ئەو دەبن وکاردەکەن.

هاوکیشەیەکی چەند لایەن لە نێوان قورئان ولاشەی ئینسان و زەوی ناسی وگەردوننناسی داهەیە، هەرکات لە سەرزەوی، چ بە لایەنی تیۆری یان کرداری مرۆڤایەتی نهینیەکی ئاشکرا کرد ودۆزیتەوە، یەکسەر نهینیەکی ئاسمانیش لە لایەکی تر ئاشکرا دەبێ،ڕاستیەکی ناولاشەی ئینسانیش دەزانرێ،لەقورئانیش دا نهێنیەک لە نهێنیە زۆرەکان
ئاشکرادەبێ. ,چونکە زەوی و ئاسمان ،قورئان وئینسان هەردووکیان وەك دوولای کتابیك وینەی ئاوینەو لاشەکەی دوو نەخشەی
هاوشیوەن,یەکیکیان چرو مختزل وئەوی تریان بلاو گەورەیە ,یان یەکیان مجسمو نەخشەیەو ئەوەی تر مەشرو عە راستەقینەکەیە, هەروەك چۆن لە یاریەکان لە شاشە بچوکەکە وە تحکم وکۆنترۆلی شاشە گەورەکە دەکەی, ,مەرجیش نیە پشکنینەکان هەر بۆ هەمان گەل وکیشوەر بن ,لەوانەیە دۆزینەوە زەمینیەکە لە ئەفریقا ودۆزینەوە ئاسمانیەکە لە
ئەمریکابێ،دۆزینەوە ی لاشەییەکە لە ئەوروپاونهێنیە قورئانیەکە لە ئاسیابێ. بە لٓکو هەر ئاگاشیان لیك نەبێ، چونکە ئەوەی ئیمە بە لەیەك دورو دژبەیەك وبێ ئاگالە یەکی دەزانین ،لای اللە ی خالق و باری هەمو یەك ماڵە ,

هەربۆیە کە اللە باسی مواقع و شوینی پیك هاتنی ئەستیرەکان -مواقع النجوم-دەکا دەفەرموێ، کەئەو دابەش کردنە کەبیزانن وپەی پێ ببەن زۆر زەبەلاحە ,بەلام موقعی ئەستیرەو مانگ و کەشکەشانەکان لە مدارەکانیان نا ،بەلکو لەسەر زەوی,چونکە هەروەك چۆن تۆ هەر 15

سال جاریك خانەکۆنەکانت فڕێ دەدەی و خانەی نوێ دروست دەکەی، زەوی ش و کۆمەڵەی خۆریش بەو شیوە، هەر ماوەیەك کە الله دەزانێ، هەر هەزار ساڵ، زەوی سەرو ریشی چاك دەکا , پاشەڕۆك فڕێ دەدا ،تا الله بێ ونەقصی بکا لە ئەتراف ولایەکانیەوە ،بۆیە کەتا تەنی دوورتر لە زەوی لەقوڵایی گەردوون بدۆزریتەوە، دەبینی خانەکانی کۆنترن ،چونکە زوتر هەل وەریوەلە زەوی ولێ ی ودووركەوتۆتەوە ,

کاتێ ئیمە-کۆمەڵەی خۆر- دەچینە چەقی کاکیشان ,وەک هیلکەیەکی منداڵدانی کاکیشان دەچین و ئەوهێلکەش کەلای راستەوە دێ هەروەک ئێمە هێلکەی منداڵدانی کاکێشانەا ,جا دەبێ کۆمەلە مجرەیەکی تریش هەبن کە ئەوان رۆڵی باوکمان ببینن و ئەم هیلکانەبپیتینن و پاش ماوەیەك ئەم هیلکە و کۆرپە لە دایك دەبێ ودەبێ بچێ بۆلای ئەو مەجەڕانەی ڕۆڵی سنگ و مەمک دەبینن لە پەیکەری کۆئەندامی مەجەڕەی شێوە پەیکەیری مرۆڤدا. چونکە کاکیشان تەنیا جێ ی مندال دانە ,کەواتە ئەم کۆمەلە ی خۆرە بەشێوەی لاولاوی هەڵ دەکشێ تا دەگاتە شوێنی سنگ و کاتی شیرە خۆری و بەرمەمکان دەست پێ دەکا ,کەواتە تا کۆمەڵەی خۆرلە ڕێ ی کاکێشان دابێ ،نەمرۆڤایەتی ونەبونەوەرانی
تر هێشتالەدایک نەبوون ونەگەیشتونە قۆناغی
مەلۆتکەیی وشیرەخۆری.کۆمەڵەی خۆرکەدەڕوا،واتە هێلکەلە منداڵدان دەرچوو،پاش ئەو کۆمەلە خۆریکی تر دەبیتە هیلکەی هیلکەدانەکەمان و تا دایکمان لە زگ دەوە ستیتەوە بەم شێوەیە , لەم بیست دەورە،بیست هێلکە وکۆمەڵە خۆر لەم هێلکەدانە ی ڕێ ی کاکێشانە ڕۆیشتوون،جائایا هەموو لەدایک بوون ،یان لەبارچوون ،ئەوە الله دەزانێ،.

ئەم ئاڵوگۆڕونقص کردن وگوشینەش هەرلەسەرئاستی مەجەڕە و بورجەکانی ،تا سەرئاستی کۆمەڵەی خۆروئەستێرەکانی،تا سەرئاستی گۆڕینی جەمسەروکیشوەرو دەریالوشەکانی هەموو ئاستەکان بۆ ئەوەن کە تا ئەوەندە هەل نەئامسێن وپف نەبن کە هاوسەنگیەکەیان تیك بچێ و بەکەلکی هیلانەی ئەم ئاڵوگۆڕو ژیانە نەیەت کە بۆهەریەکەیان دیاری کراوە، تەنانەت گەردیلەیەک کە زۆرکارلێک دەکاوئەلکترۆنەکان لە

خولگەکانی دەرەوەی زۆردەبن ،لەڕێ ی لێکخشان وبەریەک کەوتن لەگەڵ دژە مادەکان ،یان خولگەی ئەلکترۆنێکی تر بارگە کارەبایی وئەلکترۆنەکانی لێ خاڵی دەکرێنەوەوسوک دەکرێن،کەواتە ئەم ڕاگوشینە هەرلە گەردیلەیەکەوە تا مرۆڤێک تا زەوی وئەستێرەیەک ،تا کۆمەڵە خۆرێک تا کەشکەشانێک ،لە هەموویان بەڕێوە دەچێ.

,جا ئەم ڕا گوشین وکەم کردنە هەرجارەی بە جۆریکە ,بە شیوەیەک لە سەرەخۆیە یان لەنکاوە ,نەیزەکیك پیمان دەکیشێ، یان بەهۆی دەست تیوەردانی خۆمان زەوی هەل دەگەریتەوە یان ,بەهۆی بەرزی ونزمی گەرماو سەرما دەبێ .

گرنگ ئەوەیە، ئەوەی ئەو گۆرینە دەکا اللە ی بەرەحم و وەدودە وەبەم ئیمانەتەوە ئەی مرۆڤ دەتوانی زەمان ومەکان کورت بکەیەوە,بەم تەمەنە کەم و بێ هیزیەت ،ئیمانت بە اللە ،گەورەو بچوکی ئەم بونەوەرەت بۆ بە یەکەوە گرێ دەداو هاوکیشە ئالۆزەکانت تیدەگەیەنێ و دوورت بۆ نزیك دەکاو مەحالت بۆ ئاسان دەکا.

ئەوەتا بارستەکان هەمیشە لە گۆڕاندان، ئەمرۆ قژی تۆیە، سبەینی ڕوەکە، دوو سبەی لە بێ گیانێکدایە ,دواتر لە درەوەی زەوی و پاشان لەدەرەوەی کۆمەلەی خۆرە,بەم شیوە هەمو گەردیلەیەك خولی خۆی هەیە ,,چۆن لە شلی بۆ غازی و بۆ ئاگری دەگۆڕێ ,هەموی بە علم و تقدیرو شیانی اللە یە ,گەڵایەك لە داریك هەل ناوەرێ مەگەر بە هێزو شیان و مۆلەتی اللە نەبێ ,هیچ شتێ ناجولێ تااللە نەیجولینێ کە جولاش لە جولە ناکەوێ، تا اللە لە جولە ی نەخا ,جا گیانداربێ،یان بێ گیان .

وامەزانە زەوی وکۆمەڵەی خۆرو کەشکەشان بە تەنها لەپەیکەروشێوە وەك ڕەمز شیوەی مرۆڤیان هەیە.

بەلکو ئەوانە بونەوەر گەلیکی زیندون ،قسەدەکەن و هەست دەکەن .

زەوی بونەوەریکی زیندوە,شاخەکان پەیکەری ئیسقاننی،گردو تەپۆلکەو بەرزایە کان ماسولکەکاننی,روبارو جۆگەو زێ و ئاوەکانی ژیر زەوی ،کۆ ئەندامی دەمارنی ،دەریا ودەریاچە سوێرەکان خوێنبەرو خوینهێنەری

زەمینن,,زەریاو دەریالوشەکان کۆ ئەندامی هەرس ومیزن ,بەرگە هەوا کۆئەندامی هەناسەیەتی ,زەویە نەرم وکەنارەکان کۆ ئەندامی پێستن ,دارو درەخت وروەکەکان موەکانی سەرپیستن ,گیانەوەرو مێرو بالندەکان پیك هاتەکانی ناو خوین و هەناسەی زەوین,مرۆڤەکان خانەکانی هۆشیاری ونامەکانی هەستەوەرەکانن و فرمانەکانی میشکن و گوتە بیژی ئەم ئیمبراتۆریەتەن و وەزارەتی راگەیاندن و سیاسەتمەدارو پەرلەمانتاروئاڕاستەکەرو بەرنامەڕێژکەرن .

بەڵێ زەوی زیندوە، هەست دەکا وقسە دەکا وکردەوە دەکا ،بەلام بە زمانیك ئیمە هەندیك جار بە کارە ساتی دەزانین .

ئایا دەزانن بۆچی زیندوە؟چونکە باوەشی زیندەگی وزیندەوەرانە ،ئەو کاتەی زیندو نەبوو کەهێشتا هیچ جۆرە ژیانێکی لە باوەش نەگرتبوو، شێوەی جۆریکی تر بوو ,کەبووە یەك کیشوەری بەنجای پنجەگیا بوو لە گیاو ئاو ,چونکە ئاوو گیای لە باوەش گرت،پاشان کە پاشەرۆکی پنجەگیا زۆر بوو بوە دوو کیشوەری جەماد وڕوەك ,کە ژیانی ئۆرگانی پەیدا بوو ،زەویش نەخشە وشێوەی گۆڕا،ئێستا حەوت کیشوەرە، وەك ژمارەی ئاسمانەکان و چوار دەریالوشە، وە ك ئەو ئەیام و رۆژانی کە زەوی تێدا دروست کراوە.

دوور نیە کە باوەش گۆڕکێ و ئالو گۆڕی گەورە لە سەر شوێن وکاتی ژیان بکرێ وکرابێ ,بەلام گرنگ ئەوەیە، اللە ی بە سۆزو رەحیم وعەلیم و حکیم ئەوگۆڕانکاریانە دەکا، اللە ڕحمانی عابدی یەکەمی کردەباوەش ،پاشان قورئان وقەرنەکان وچاخەکانی لەناوئەم ئەم ڕەحمانە وەک ناونیشان لە سی چاخ وقەرن دا لە ملیارەها ساڵ بەڕێوەبردن، قۆناغی چوارەم ئەو ئینسانەی دروست کردکە دەتوانێ ئەو دێڕوقەڕنانەی ناولەوح ومندالّدانی رحمان بخوێنێتەوە،پاشان ئەم ئینسانە لالّە فێری بەیان کرا،ئەم ئینسانە پێش بەرجەستە بوون ودروست کردنی ئادەم فێرە ئاخاوتن بوو،،پاشان ئادەم لە ئایەتی سوڕەتی ڕەحمان باسی دروست کردنی ئادەم دەکا، ئەوە زنجیرەی خەلق وبەدیهێنانە کە لە ترلیۆنەهاساڵ دا بەڕێوە چوەو لە نیو لاپەڕەی سوڕەتی ڕحمان دا باس کراوە.

الله هیچ گەورەو بچوکیکی لێ بزر نابێ ,ئیمە تا زیاتر ئیمانمان بە الله هەبێ و تەوەکول و و دل ئارامیمان بەالله بێ، الله زیاتر دەروازەی خۆیمان بۆ دەکاتەوە و ئاریشەکانمان بۆ چارەدەکا,ئەی ئیمانداری ئومیدەوار بە الله ی پەروەردگار ،بزانە کە ,وەك بۆت دەرکەوت قورئان نەخشەی تۆو تۆ نەخشەی قور ئانی ,هەردوکتان نەخشەی زەوین ,زەویش وشکانی نەخشەی ئاوە و ئاو نەخشەی بەرگە هەواو هەموشیان وەك هەسارە نەخشەی کۆمەلەی خۆر و کۆمەلەی خۆریش نەخشەی کاکیشان و کاکیشانیش نەخشەی کەلوەکانە،قورئان لێرەش کەتەلۆکی هەموو مەجەرەو بونەوەرەکانە، ,,لەوەتی ئەم لەوح نوسینە ی لە تەقینەوەی بیك بن دەستی پێ کرد هەر لە گەردیلەیەك تا مێرووێك و مرۆڤێك و مانگ ورۆژو کۆمەلە خۆرو کەشکەشانیك، هیچیان دوو جار لە سەرخولگەیەك نەخولاونەوە ,بەلکو بە شیوەی لاولاوی بەرەو مەلەکوتی الله خەریکی حەجی تەمەنیانن .

لەم ڕەوتەش دا کێ وتا کەنگێ منالی ژیان لە باوەش دەگرێ؟ ,ئەوە هەموو بریارو قەزاو قەدەرو ئەمری الله ی عزیز وحکیمە، ئەو دەزانێ چۆن موسا لای فرعەون شیرین بکاو پاشان هەربە موسا لەناو بەحرویەم ودەریا نەسف و غەرقی بکا,وەك چۆن موس وگوێزان شەرع وشەعر و مو وپرچ وقژوڕیش دەتاشێ، هەرئەو تاشینەیش موەکان نوێ دەکاتەوە.کەواتە مردن نوێ بونەوەولەدایک بونەوەیە،هەموورۆوخانێکی کۆن،بنیات نانێکی نوێ یە.

سەرچاوەکان:

ماڵپەری ویکیپیدیا

"Oxford Dictionaries:Time". بڵاوگەی زانستگای ئۆکسفۆرد. ٢٠١١. ئەو بەرەو پێش

"Time". فەرهەنگی وشەکانی زمانی ئینگلیزیی ئەمەریکەن هێریتەج (چوار ed.). ٢٠١١.

Merriam-Webster Dictionary ئەو ماوەیە

Compact Oxford English Dictionary

ئادەم فرانک (Adam Frank,)، گەردووناسی و کولتوور لە تاریکوڕوونی تەقینەوە گەورەکەدا (Cosmology and Culture at the Twilight of the Big Bang)، «ISBN 978-1-4391-6959-9

کات چییە؟

داریا ئیبراهیم

KurdRawm

The Physics of Time by Richard A. Muller :

The True Nature Of Time – New Documentary-

modern physics by Raymond A. Serway-

introduction to quantum mechanics by Daivid J. - Griffiths

"پێناسەی یەکەکان لە ئێس ئایدا". Archived from the original on 23 ی December ی 2018. {{ cite web}}: Check date values in: |archive-date= (help)

WTARIKURD

شامیر مولان : کورتەیەکی فەلسەفی – زانستی دەربارەی (شوێن – کات) .

08-11-2013

هاوار بەرزنجی

فیزیکای ئەڕستۆیی، جوڵە و شوێن و بۆشایی و کاتیگۆریی چەندێتیی

610 min read /11/2019

نوسەر لە بواری فەلسەفەی گریک(ئەڕستۆ) وئایدیالیزمی ئەڵمانی(هیگڵ

کولتور مەگەزین

هاوار بەرزنجی

نوسەر لە بواری فەلسەفەی گریک - (ئەڕستۆ) و ئایدیالیزمی ئەڵمانی(هیگڵ)

کاتی ئەڕستۆیی

هاوار بەرزنجی

کات و جوڵە - ئەرستۆ - هێگڵ

601 min re /12/2019

پێناسەی گەردوون:

لەلایەن: - محەمەد ڕزگار - بەروار: 2021-01-22-19:56:00

بۆردی نوسەرانی ئینسکلۆپیدیای زانیاری

پەڕتوکی "گەردوون" / ن: لوقمان حەوێز

نانەوازادە, عەلی (2017). فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی. Vol. بەرگی یەکەم. ستۆکهۆڵم. 451 ,450 .pp.

Lucas, John Randolph (1984). Space, Time and Causality. p. 149. ISBN 978-0-19-875057-4.

هەڵەی لوا لە package.lua لە ڕیزی 80: module 'Module:Pagetype/setindex' not found.

هدى الاسلام /يوسف القرضاوي
معجم مفردات القرآن/راغب الاصفهاني
سيد قطب/في ظلال القرآن
البشريەی مەجید بکری
–پاراسایکۆلۆجی سر من اسرار الدولة –
مجدی کاملی دانەری کتێبی اشهر الاساطیر
کەنز ی رب=گەنجینەی پەروەردگار:
کتێبی ڤەندیاد جرجیس فتح الله
ئاڤێستا کۆکردنەوەی خلیل عبدالرحمن
سفری تکوین
صحیح البخاري
صحیح مسلم
مسند أحمد
مسندأبو یعلی
صحیح ابن خزیمة
صحیح ابن حبان
الأوسط الطبراني
السنن الکبری البیهقي
تفسیرالطبري
مستدرک الحاکم

فتح الباری ابن حجر العسقلانی

اطلس الادیان .د.سامی مغلوث

الموسوعةالعربیة المیسرة :محمد شفیق غربال

الموسوعةالمیسرة الندوة العالمیة

الموسوعة القرن الفرنسیة

ئیبن حەجەر کتێبی -هدی الساری -هەدی ساری پێشەکی فتح الباری

مالپەڕی المعرفه

ماڵپەڕی ویکیپیدیا

مستدرک الحاکم

٤٧-تفسیر ابن کثیر١-یەکەی یەکەم:

ئەو ژمارانەی لە دەق وتیکستەکان دا هاتوون لە نیوان هیما و ڕاستی دا:

٢-یەکەی دووەم:

پەیدابوونی ژیان ومرۆڤ لەنێوان زەوی وئاسماندا.

٣-یەکەی سێیەم:

چۆنێتی سەرەتای دروست بوونی بوونەوەران لەلای سابیئیەکان :

٤-یەکەی چوارەم :

چۆنێتی سەرەتای دروست بوونی بوونەوەران لەلای بابلی وهیندۆسی و چینی ومەجوسیەکان:

ئاماژەی ئاڤێستا بۆ چاخە سەهۆڵ بەندانەکان .

ڤارەی کیشوەریەکەی ئاڤێستا وکەشتیەکەی نوح .

چوارقۆناغە سێ هەزارسالّیەکانی ئاقێستا چەندیان ڕۆیشتوەو چەندیان ماوە؟

٥-یەکەی پێنجەم :

چۆنێتی سەرەتای دروست بوونی بوونەوەرلەلای میسریەکان ویابانیەکان وجولەکەکان وگریکەکان :

یەکەی شەشەم :

خەونەکەی یوسف علیه السلام جیهانبینییەکی چۆنێتی دروست بوونی کۆمەڵەی خۆرە:

یەکەی حەوتەم:

نەخشەکانی ئاوی و وشکانی ئاوینەو ڕەنگدانەوەی سەرنشینەکانیانن.

یەکەی هەشتەم:

ڕێسای یەکی گشتگیر بۆهاوکێشەی دۆزینەوەوداهێنان:

یەکەی نۆیەم:

وێستگەسەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەڕۆژەهەزارسالّیە ئوممەتیەکاندا:

یەکەی دەیەم:

سەرەتای بونەوەر وزەوی وئاسمان وزیندەوەران و و مرۆڤایەتی لەنێوان تیۆروگریمانەکان وتێکستە دینیەکاندا

یەکەی یازدەهەم:چۆنێتی ڕیزبەندی شەش ڕۆژە کان لە سفری تکوینی کتێبی پیرۆز(تەورات) دا:

یەکەی دوازدەهەم:ڕێزبەندی قۆناغەکانی دروست بوون لە قورئان وسونەتدا.

یەکەی سێزدەهەم:ڕیزبەندی چاخە جیۆلۆجیەکان وشێوەمرۆڤەکان وبونەوەرانی پێش جن وئادەمیزاد.

یەکەی چواردەم:رۆشنایی لە ڕەژووخەڵوزدەردەچێ وبەقین و ڕاستیەکان لەناو گومانەکاندا دێنە دەر.

یەکەی پازدەهەم:

یەکەی شازدەهەم:کە سایەتی رۆشنبیری و کلتوری نەتەوەکان بەستراوە بەزنجیرەی ئەبجەدیەکەیان:

یەکەی شازدەهەم :

ئەندازەگیری وئاڕاستەکردنی پەروەردگار لە دامەزراندن و جوڵان و بە ترۆپکە گەیاندن وهەرەس هێنانی ژیار و شارستانیەکاندا:

حلول وئیتحادی خالق و مەخلوق لەنێوان ئەندێشەو وڕاستیدا .

مرۆڤ سەنتەری یان بەها سەنتەری؟

نهێنیە شاراوەکانی ڕوح و مردن .

یەکەی دەیەم:

سەرەتای بونەوەروزەوی وئاسمان وزیندەوەران و و مرۆڤایەتی لەنێوان تیۆروگریمانەکان وتێکستە دینیەکاندا

تەقینەوەی گەورە لەزانستی بونەوەری فیزیاییدا، ئەوگریمانەیە کەئێستا زاڵە لەناوزانایان بۆ ڕاڤەی پێک هاتنی بوونەوەر،ئەویش گریمانەی کەسێکی خاوەن باگراوندی دینیە کە کاهینی کاسۆلیکی بەلچیکی جۆرج لۆمتر ئەم گریمانەی لەساڵی١٩٢٧داڕشت کەدواتربە گریمانەوتیۆری تەقینەوەی گەورە ناسرا.

بیرۆکەی گریمانەکە پشتی بەوەبەستوە کەبونەوەرلەپێش تەقینەوەکە زۆرچڕوگەرم بووبێ،وەهەموو بوونەوەر یەک بەش وتۆپەڵی بەیەکەوەلکاوبووبێ.

کەواتە کە کەسێک بێ بیسەلمێنێ کە نەخێر پێش تەقینەوە نەتۆپەڵی چڕهەبوو نە گەرمی لەڕادەبەدەر ئەوە بیردۆزەکە هەرەس دێنێ چونکە بێ چڕیەکی پاڵەپەستۆکەرو گەرمیەکی زۆروتۆپەڵێکی کەڵەکەبوو تەقینەوە ڕوونادا...

ئەندازەگیریە نوێکان مێژووی ڕودانی ئەم تەقینەوە بە 13.8 ملیار ساڵ دەقەبڵێنن، کەدەڵێن ئەم ژمارەملیارساڵە تەمەنی بوونەوەرە.

دوای کشانی یەکەم وردە بونەوەر ساردبووەوە، ئەوساردبوونەوە وای کرد کە ناوکی گەردیلە واتە پروتون پێک بێن، ودواتریش ئەلکترۆن ونیۆترۆن پێک بێن، ئەم سێ پێک هاتانە دوای سێ خولەکەک لە تەقینەوەکە پێک هاتن بەڵام پێک هاتنی گەردیلەی یەک گرتوو هەموارو پێک هاتو لە هەرسێک پرۆتۆن ونیۆترۆن وئەلکترۆن هەزاران ساڵی ویست تاکو توانی خۆی کۆبکاتەوەوماڵی گەردیلە پێک بێنێ،گەردیلەکانی هایدرۆجین وهیلیۆم وکەمێک لەگەردیلەی لیسیۆم پێش توخمەکانی دیکە پێک هاتن .

دیارە بە پێی ئەم ڕیزبەندیە بێ کورەی تەقینەوەکە زۆر گەرم بووەو هەموو تەنێکی ڕەقی تەنانەت لە قەبارەی گەردیلەش تواندۆتەوەولێک هەڵوەشاندوە بۆیە پێشدا ئەلکترۆن ونیۆترۆن پێک هاتوون ئەوجار ئەلکترۆن ،پاش هازاران ساڵ ئەم سێیان توانیان لەگۆشەیەک خۆیان

لەوگەرمایە بدزنەوەو هێلانەی گەردیلە پێک بێنن سەرەتاهایدرۆجین وهیلیۆم ولیسیۆم هاتن کەئەم توخمانە لە گرگرتن وبەوزە بوون نزیکن..

پاشان لەم گەردیلە یەکەمانە هەوری زەبەلاح پێک هاتن وبەهۆی هێزی کێش کردن کۆبونەوە،بەمەش ئەستێرەوهەسارەو مەجەرەکان پێک هاتن، وەچەند توخمێکی کێش گرانتر پێک هاتن بەهۆی توانەوەی ئەستێرەکان ولەکاتی بەریەک کەوتنی توخمەکان لە ناوکورە هەڵایساوەکەدا..

بەپێی ئەم گریمانە تاکوئێستاش ئەم بونەوەرە بەردەوام لە لێک کشانەوەو وبەرفراوان بوون دایە وبەردەوام ئەستێرەو مەجەرەو کۆمەڵە ئەستێرەکان لەیەکتر دوور دەکەونەوەو خێرایی یان زیادەبێ ..

فیزیاییەکان دەڵێن کات پێش تەقینەوەی گەورەبوونی نەبووە..

بەڵام ئەوبەشە لەتیۆرەکە کەباسی مادەی تاریک و وزەی تاریک دەکا لەساڵی ٢٠٠٨گەیشتونە ئەو دۆزینەوە هەتائێستاش لێڵ وشاراوەیە.

مسباری ویلکنسون لەساڵی ٢٠٠٨ گەیشتۆتەئەوەی کە ٧٣٪گەردون وزەی تاریکە،٢٣٪گەردون مادەی تاریکە٤٪مادەی ئاساییە کەلەرەقی وشلی وگازی پێک دێ١٪ ی گەردون نیۆترۆناتە.

دەگوترێ ئەم هاوکێشە لە ڕابردوو ڕێژەی مادەی تاریک زۆرینەبووەو وزەی تاریک کەمینە بووە،وەتاکاتیش بڕوا وزەی تاریک زیاتردەبێ ومادەی تاریک کەم دەبێتەوەکەبەهەردووکیان ٩٥٪بونەوەرن.

مادەی تاریک هیچ تیشکی لێ دەرناچێ،وکارلێک لەگەڵ مادەی ئاسایی ناکا.

ئایائەم دوو مادەو وزە ،ئەوانەنە کە ئەنتی مادەوئەنتی وزەن ؟ وڵامی ئەو پرسیارە لێرە نیە.

فیزیاییەکان ئەوەیان وەک دەرەنجام هەڵێنجاوە کەپێش ئەو تەقینەوە کات بوونی نەبووەولەگەڵ ئەوتەقینەوەپەیدابووە،کەواتە مادام مادەو وزەو کات

بەیەکەوەهاتبن کەواتە لەکۆڵ ئەوپرسیارەش بوونەوە پێش تەقینەوەی گەورە چی تر هەبوو، چونکە لای ئەوان کەزەمەن وجودی نەبووبێ کەواتە کاتێک نیە پێی بگوترێ پێش تەقینەوەی گەورە، چونکە پێش بۆ کاتە کاتیش بوونی نەبوو.

کەواتە ئەوان باوەڕیان وایە شوێن وحەیز ومەودا لەگەڵ مادەیەکی زۆر چڕی زۆر گەرم لەزەمان وکات کۆنترن وکات نەبوو کەئەمانە هەبوون.

هەرچەندە ئەوان تەنیاباسی مادەی چڕو ووزەی گەرمیان کردوەو باسی شوێن ومەسافەیان نەکردوە، بەڵام لە هۆشی مندا کە تۆپەڵە مادێک هەبێ دەبێ ئەگەرسانتیمەتڕێکیش بێ دەبێ مەودای گەورەتر لەسانتیمەتڕێک هەبێ تائەوتۆپەڵە لەباوەش بگرێ .

ئەرستۆ پێشدا باوەڕی بۆ سەرەتایەک نەبوو بۆ پەیدابوونی کات وکات لای ئەو ئەزەلی وئەبەدی بوو..وەهەنێکیان دەڵێن کە
هیچ=عەدەم هەرگیز هەڵبژاردە نەبووە بوونی نەبووە.

داهاتووی گەردوون لای ئەم بیردۆزە پێش ئەوەی مادەو وزەی تاریک بدۆزرێنەوە دوو سیناریۆ بۆ داهاتووی بوونەوەردانرابوو.

یەکەم:ئەگەر چڕی بارستەی بونەوەر لە ڕادەی خۆی تێپەڕێ بەپێی هاوکێشەی فریدمان دەگاتە ئەوپەڕی قەبارەو پاشان قۆناغی داڕمان وهەڵوەشان دەست پێ دەکاوتادەگاتەوە ئەو حاڵە وبارودۆخە زۆرچڕو گەرمەی پێش تەقینەوەی گەورە.کەبە هاڕدرانی گەورە ناوی دەنێن،.

سیناریۆی دووەم:

پێی وایە کە دەکرێ لەکاتی تێپەڕاندندی مادەلە چڕی پێویست کشانی بونەوەر سست دەبێ بەڵام بەیەکجاری ناوەستێ، پێک هاتنی ئەستێرەکان ڕادەوەستێ وغازی ناومەجەرەکان لەناو گەلەستێرەکان خەرج دەبێ،ئەستێرەکان دەسوتێن ودەبنەگرگنی سپی و ئەستێرەی نیترۆنی وکونی ڕەش،بەتێپەڕینی کات ئەو گرگن وئەستێرە نیترۆنیە بەریەک دەکەون وکونەڕەشەکان هەڵیان دەمژن وکونەڕەشی فراوانترپێک

دێنن،بەمەش پلەی گەرمی بونەوەرلە پلەی سفری ڕەهانزیک دەبێتەوەوشەختبەندی گەورە دروست دەبێ،جاچونکە نیترۆنەکانی ناومادەش جێگیرنین کەواتە مادەی ئاساییش بزر دەبێ ودەبێتەکۆمەڵێک کونی ڕەش وتیشک و کونەڕەشەکانیش بەهۆی تیشکی هۆکنگ بەهەڵم دەبن، وەئەنترۆبیای گەردوون زۆر زیاد دەکاو ناهێڵێ هیچ وزەیەکی ڕێکخراو بوونی هەبێ.

ئەم سیناریۆیە بەسیناریۆی مردنی ووزە -فنا النار-لەگەردووندا ناسراوە .

ڕوانگە نوێکان ڕەچاوی ئەوەیان کردوە کەبەهۆی خێرایی کشانی گەردوون هەندێک دەقەروناوچەلەئاسۆی ئێمەدەردەچن.

بەڵام سیناریۆی نوێی بێ سەرەتای -سي دي إم -

دەڵێ کە وزەی تاریک بە بێ سەرەتاوهەمیشەیی لەگەردوندا هەرهەبووە،وە ئەو گەلەکسیانەی بەهۆی هێزی کێشندەهۆگری یەکن هەمشە دەمێننەوە،بەڵام دەگونجێ بەهۆی کشانی بەهۆی گەرما دەکرێ لەباوەشی هۆگرێ کێشکردن بترازێن وبمرن وساردببنەوە.

وەڕاڤەوسیناریۆیەکی تریش هەیە بەناوی لێک هەڵوەشانی گەورە.

ئەمە کورتەی بیردۆزەکەیە لە ویکلیپیدیا،بەڵام هەروەک لەهەمان ژێدەرو ژێدەری دیکەش بۆچوونە دینی ولاهوتیەکان ئەوەدەسەلمێنن کە مادام مادەو وزەو وشوێن وکات لە داهاتوودا لە بەهەشت ودۆزەخ دەکرێ بۆهەتاهەتایەوبەهەمیشەیی بمێننەوەو هەمیشەیی بونیان وهەمیشەیی بوونی مرۆڤ وجن وفریشتەو زۆر بونەوەری تریش
ڕەخنەوتانەوتەشەروکەمو کوڕی نیە لە دەسەڵات وتواناو هێزو بوون وگەورەیی دروستکاروبەدیهێنەر، کەواتە بوونی مادەو وزو بۆشایی وکات بەهەمیشەیی وئاڵوگۆڕ وزە ومادەو ساردی وگەرمی دیسان ڕەخنەو تانە نیە لەدەسەڵاتی ئەوبەدیهێنەرە، نەبوونی سەرەتا لەنەبوونەوە ئیمان بەهێزدەکا،چونکە دیاردەی دروست کردن وبەدیهێنان لە ئاڵوگۆڕی ئەم پێک هاتانەدایە.

هەروەها دروستکارو داهێنەرێک بتوانێ لەتۆپەڵێکی چڕی گرگنەوە بتوانێ ملیارەها ئەستێرە بەدی بێنێ و چۆرەها خانەوشانەی زیندوو وڕوەک وتوخم وکانزا دابهێنێ، وەلەکەسێکەوە ملیاران کەس دروست بکا، وەلە بۆشایی باوەشی تۆپەڵێکی گرگن بۆشایی ومەودایەکی بەرفراوان بەدی بێنێ کە هەموو پێوەر دەستەوستانن لە پێوانی ،کەواتە بوون ونەبوونی سەرەتا وکۆتایش هیچ لەدەسەڵات وتوانای ئەو کەم ناکاتەوە..

هەڵوێستی دینەکان لەبارەی ئەم بیردۆزەوە جیاواز بوو.

ئاینزا ڕۆژهەڵاتیەکانی هندۆسی ولقەکانی لەبوزی وجینی باوەڕیان بە وە هەیە کە زەمەن وکات سەرەتایەکی نیەو کۆتایشی نیە، لێرەدا دژی بیردۆزەکەن، بەڵام ویستویانە کە بە بیردۆزە خزمەت بەدینەکەیان بکەن و بڵێن هەموو شتێک براهما داینناوەوبەدیهێناوە لەگەڵ ئەوەی کەلەتێکستە دینیەکانیشیان پێیان وایە کە کاتێک هەبووە براهمانەبووەوبرهما دەم وزمانی پرزی پیرۆز ویەکەم دروستکراوە کە بەدیهێنەری ئەم گەردونە کردویەتیە قوربانی وگەردون وبونەوەرو پەرستراوەکانی هندۆسیشی هەرلەوپرزە دروست کردوە.

هەروا ئەوان باوەڕیان بە تیۆری گلانەکان-نکبات هەیە کە پێیان وایە هەرچەندسەدهەزارساڵێک هەموو شتێک لەسەرزەوی لەناودەچێ و ژیان لە نوێ ولەسەرەتاوە دەست پێ دەکاتەوە.

هەرلە بیست وسیەکانی سەدەی بیست پێش بە ڕەواجکەوتنی بیردۆزەی تەقینەوەی گەورە فیزیاییەکۆنەکانی سەدەی هەژدەونۆزدەوبیست باوەڕیان بەبارودۆخی هەمیشەیی سەرمەدی هەبوو بۆ بونەوەر،بۆیە کاتێ ئەم بیردۆزە باسی سەرەتای کات ونەبوونی کاتی کرد، پێیان وابوو ئەم بیردۆزە بۆ پشتگیری بۆچونە دینیەکە هاتووە وپێوەرەکانی لە تێگەیشتنی دینی وەرگرتووەودامەزرێنەرەکەی کاهینێکی کاسۆلێکی وپیاوێکی دینیە،، ئارسرستانلی باوەڕی بە بۆچوونی ئەرستۆهەبوو کەبونەوەر

سەرەتایەکی زەمانی نیە،وەمادەش لە بنچینەدا هەرهەبووەوهەمیشەییە، هەربۆیە ڕقی لەبیرۆکەی دروست بوونی کات بوو.

بەڵام مەسیحیەکان زۆربەی مەزهەبە گەورەکانیان پێشوازیان لەم بیردۆزەکرد،گوتیان ئەم بیردۆزە هیچ بەریەک کەوتنێکی لەگەڵ کتێبی پیرۆز-تەورات وئینجیل-دانیەپاپا بیۆنسی پاپای ١٢ لەساڵی١٩٥١ڕای گەیاند کە بیردۆزی تەقینەوەی مەزن هیچ نەیاریەکی لەگەڵ مەزهەبی کاسۆلیکی لەبارەی سەرەتای دروست بوون نیە ،هەروەها ئینجیلیە پرۆتستانتەکان وئەرسدۆکسەکانیش پشتگیری خۆیان بۆ بیردۆزەکە ڕاگەیاند.

بەڵام هەندێک کنیسەش وەک کەنیسەی لۆسەری میزۆریۆ وکەنیسەی کالفنی ئینجیلی پێیان وابوو کە بیردۆزەکە دژایەتی هەیە لەگەڵ سفری تەکوین.

بەڵام لە ئیسلام دا ،مسوڵمانەکانیش بوونە دوو دەستە.

بەشێکیان پێیان وابوو کە تەقینەوەی گەورە لەقورئاندا باس کراوە لەئایەتی ٣٠ سورەتی ئەنبیا کەدەفەرموێ:: أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ..

لەتەفسیری ئیبن کەسیر ئەم ئایەتە والێک دراوەتەوە کەئاسمانەکان وزەوی وەک بوخچەیەکی نەکراوەبوون،لەعەرەبیدا بەکچی نەزۆک وئەوەی نەتوانرێ پەردەی کچێنی بسمرێ دەگوترێ رەتقا،وە دوو شتی بەیەکەوەنوساو کە نەتوانرێ لێک جیابنەوە پێی دەگوترێ رتق،وەکەلێک جیا دەکرێنەوە پێیان دەگوترێ فتق کردن ودەرهێنانی شتێک لە شتێک ، ،ئێمە ئەم بارستە یەکگرتوەمان فەتق کرد واتە لێکمان جیاکردنەوە وتەقەندماننەوە، دەبێ ئەم کردنەوەوفتقە چی بێ کەئەم تەقینەوە گەورە نەبێ کە دوای ئەم تەقینەوە گەورە بوونەوەر پڕبوو لە کەرەستەی سەرەتایی لە ئەلکترۆن ونیۆترۆن وپرۆتۆن ولەقورئاندا ناوی ناوە دوخان ودوکەڵ ،بونەوەر لە بنچینەدا یەک بارستەبوو،پاشان بووە مادەیەکی

دوکەڵی کەبۆشایی پڕکردەوە ،ئەم دوکەڵە بەهێزێکی خێرابە هەموو لایەکدا کشاوبووە هۆی فراوان بوونی بونەوەر،گەردون لە قەبارەیەکی بچوک دەستی پێ کردوهەتائێستاش هەربەردەوفراوانی دەچێ ،بابەتی فراوانبوونەکەلە سورەتی زاریات ئاماژەی پێ کراوەوفەرمویەتی؛

وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ

کە ئایەتی ئەنبیا بۆ سەرەتای تەقینەوەکە بێ ،ئایەتی زاریات بۆ ئەوفراوان بوون و لێک کشانەوە بێ کەتائێستاش هەربەردەوامە .

هەندێک لە مسوڵمانانیش پێیان وایە کە ئەم تیۆرانە لە قورئان نە پشتگیریان کراوە ونە ڕەتیش کراونەوە.

ئەمە کورتەی چەندگوتارێک بوو ،ئێستا دەمەوێ تێبینی خۆم بۆولێکدانەوانە زیادبکەم.

- کێشەی ئەم بیردۆزە ئەوەنیە کە بەریەک کەوتنی لەگەڵ ئەوبەدیهێنانەو چۆنێتیە هەبێ کە اللە ئەم گەردونەی پێ بەدی هێناوە، بەڵکو لەوەدا دژایەتی هەیە کە تەقێنرانەوەکە پاڵ ناداتە لای بەدیهێنەرێک بەڵکو دەڵێ چڕی مادەوگەرمی زۆر و لەم بابەتە هۆکاربوو کەتەقینەوەببێ،نەلەنزیک ونەلەدوور ئاماژە بە دروستکەروبەدیهێنەری تاقانە نەکراوە لەو بیردۆزە،کە بەم دەسپێکە ئەم کارەی کردبێ وپاشان فراوانیشی کردبێ.

- لە ئایەتەکە سماوات =ئاسمانەکان بەکۆ پێش زەوی هاتووە، کەواتە ڕتق وبارستە تاقانەکە کە تاکە مرواری پیرۆزی ئەم بونەوەرەبوو سەرەتا لەسەرشێوەی دۆخی ئاسمانەکان بوو ئاسمانەکانیش بە تێڕوانینی قورئان نەک بەتێڕوانینی تیۆریەکە ،لەقورئان ئاسمانەکان سەقف وبن میچن، بیناوبنیاتن،حوبک وچنراون،نەک هەربۆشاییەکی سادەبن وەک تیۆری نوێ دەیڵێن، نیوەی ڕتقەکە ئاسمان و نیوەشی زەوی بوو، کەرتقەکە سەرەتا وەک ئاسمانەکان بووبێ ئەوان چڕنین، گەرمیش نین، کەواتە ئەو چڕی وگەرمیە لە ئایەتەکە دیارنیە کەلە تیۆریەکە هەیە، پاشان لە فتقەکە پێک هاتەی زەوی لە پێک هاتەی ئاسمانەکە دێتە دەر ،چونکە ئاسمانەکان دیواری دەورەدەری ڕتقەکەبوون، دەوری ناوکەکەیان دابوو کە زەوی

بوو، کەواتە زەوی لە ئاسمانەکان هاتەدەر ودابەزی وئاسمانەکان لە بڵندی لەسەرشێوەی دوکەڵ مانەوە.

-ئایەتەکە بە استفهامی انکاری پرسیاری نکولی کردن دەست پێ دەکا بەڵم کە کرداری داهاتوو و موزارعی پێ دەکرێتە ڕابردوو ، لم بۆ نەرێ کردنی داهاتووە ،پاشان کردارێکی داهاتوو دێ ،دەفەرموی ئایا ئەو بێ باوەڕە حەق داپۆشەرانە نەیاندی کە ئاسمانەکان و زەویەکە یەک بارستەی داخراووپێکەوەلکاو لێک درواوو پێکەوەنوسراووتێک هاویژراوو لە پاڵ یەکنراووبوون ئێمە لێکمان جیاکردنەوە،لەبەریەکمان دەرهێنان ،لێکمان کردنەوە،قەڵەومان کردن،

تا ئێرە ئاماژەیە بەتەقینەوەی گەورە کردوە بەڵام پێش ١٣ملیارساڵ نەکافر و بێ باوەڕەبوون ونە زیندەوەرەبوون تاببینن ،ئەی چۆن ئایەتەکە سەرکۆنەی کافران دەکا لەسەر ڕوداوێک کە پێش ١٣ملیارساڵ ڕووی داوەو ئەوکاتە نەمرۆڤ ونەجن بوونیان نەبووە؟؟

کەواتە ئەم ئایەتە موعجیزەیەکی قورئانە بۆداهاتوو کە دەفەرموێ ئایا لەداهاتوو دوای ١٤٠٠ساڵ لەنێردرانت -ئەی محمد-کۆمەڵێک کافر ڕوئیاو تێڕوانینێک داناڕێژن وبیردۆزەیەک دانانێن بۆ چۆنێتی دروست بوونی بونەوەرو بیردۆزەی تەقینەوەی گەورەیان نەدیت کە بۆتەهۆی دروست بوونی بونەوەر؟؟

بەشی دووەمی ئایەتەکە عەتفە لەسەربەشی دووەم کەباسی بیردۆزێکی تری بەناوبانگی ئەوکافرانەی ئەوروپایە لەسەدەی نۆزدەوبیست کە بیردۆزەی چۆنێتی دروست بوون وپێک هاتن وپەیدابوونی خانەی زیندوو ژیان ومادەی ئۆرگانیە کەفەرموێ:

وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ

وە فەراهەممان هێنا و گێڕامان لە ئاو هەموو شتێکی زیندوو دەی ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن ؟.

[سورەتی الأنبیاء:30]

لەدوای ئەوەی کە هەرخۆشیان هەردوو تیۆریەکە دادەڕێژن -تیۆری پێک هاتنی بوونەوەرو پەیدابوونی ژیان-کەجێگەی تێڕامان ولێ وردبوونەوەوبڕواهێنانن، کەچی باوەڕ ناهێنن.

لە ئایەتی دواتر باسی درێژەی تیۆری چۆنێتی گەردوون دەکا وباسی چۆنێتی قۆناغ وچاخەکانی دروست بوونی زەوی دەکاودەفەرموێ:

وَجَعَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ

وە دروستمان کردووە (دامان ناوە) لە زەوی دا چەند شاخی دامەزراو بۆ ئەوەی جووڵە جوڵ نەکات بەوانەی (بەسەر پشتێوەن) وە سازاندومانە لە زەوی (یا شاخەکان) دا دۆڵ و ڕێگاوبانی زۆر تا ئەوان شارەزا بن و پێویستی خۆیان دابین بکەن .

پاشان لە ئایەتی سێیەم دەچێتەوە سەر باسی ئەوئاسمانانەی کە ناوکی زەویان لێ دەرکەوت ودوای ئامادەکردنی زەوی بۆ ژیان لە چوار چاخ و ڕۆژ و زەریادا ،دووبارە اللە ئیستوای کرد بۆ ئاسمان وەک لەسورەتی تردەفەرموێ، وەلەم سورەتە دەفەرموێ:

وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ

وە ئاسمانمان کردووە بە بنمیچێکی(سەربانێکی) پارێزراو بەڵام ئەوانە سەبارەت بە ئایەتەکانی ئاسمان پشت تێکەرو ڕوو وەرگێڕ بوون.

کەواتە ئەودوو ڕۆژەوقۆناغەی بۆ ئاسمانی داناوە لەڕۆژی یەکەم ئاسمانی کردۆتە بنمیچێک وهەر حەوت ڕێڕەوی بنمیچەکەی دامەزراندوە.

پاشان لەڕۆژی دووەمی ئاسمان وشەشەمی دروست کردن ڕۆژو مانگ وئەستێرە وهەسارەو کلکدارەکانی بەهەموو ئاسماندا بڵاو کردونە وە وەک دەفەرموێ:

وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ

وه هەر ئەو (الله) یە کە شەوو ڕۆژی دروست کردووە وە خۆرو مانگیش (ی دروست کردووە) هەریەك لەوان لە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە ومەلەدەکەن وگەشت دەکەن .

[سورەتی الأنبياء:33]

لەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کەدوای دروستکردنی ڕۆژەکان ومانگەکان شەوو ڕۆژی داهێنان، بابەتی دروست کردن ونەبوونی کات وزەمان لە پێش تەقینەوەی گەورە ،دینەکان هیچ ئاماژەیان پێ نەکردوە، داهێنانی شەووڕۆژ واتای داهێنان ودروست کردنی زەمان وکات نیە، دەکرێ سات وزەمان هەبێ وشەوو ڕۆژیش نەبن، حەفتەومانگ وساڵیش نەبن، لە هیچ دەقێکی قورئان وسونەت باسی ئەوەناکا کە کاتێ قەڵەم و لوح وعەرش و ئاسمان وزەوی دروست کرد کات وزەمان نەبووە ، بەڵکو لەهەندێ فەرمودە دەهر وڕۆژگار ناوێکە لەناوەکانی الله ،ئەوەی کەدەگوترێ کە بیردۆزی سەرمەدی وهەتاهەتایی وبێ سەرەتایی کات بۆچوونی ئەرستۆو فەیلەسوف وهندۆس وبوزی وجینیەکانە وسەرەتاهەبوونی زەمان بیروباوەڕی دینەکانە ،هیچ ڕاست نیەو ئاماژەی پێ نەکراوە کە زەمان نەبووبێ وپاشان دروستکرابێ..

وەسورەتی زومەریش ئاماژەیەکی بۆ چۆنێتی دواڕۆژو چارەنوسی ئایندەی ئەم زەوی وئاسمانە تێدایە، کە دەفەرموێ:

“يوم نطوي السماء كطيّ السجلّ للكتب كما بدأنا أول خلق نعيده وعداً علينا إنّا كنّا فاعلين”

کە زاریات باسی چۆنێتی فراوان بوونی کرد لەم سوڕەتە کۆتایی باسی وێک هاتنەوەی دەکا،

وەک چۆن لەیەک بارستەوقەبارە دروستی کردبوو ئاسمانە کشاوەکان لول دەدرێن و زەویش وەک مشتەکۆڵە چڕ دەبێتەوە ،کەواتە کۆتاییەکەی سەرەتاکەمان باشتر تێدەگەیەنێ کە سەرەتا ئاسمانی لول دراون، بەڵام دوای ئاسمانە لول دراوەکان زەوی دەبێتە مشتەکۆڵ قبضة کەئەویش وەک

رتقەکەی سەرەتا وایە ،کەواتە قورئان هەرلەسەرەتاوە تاکۆتایی وچارەنوسی کۆتایشی تێدایە..

يَوْمَ نَطْوِى ٱلسَّمَآءَ كَطَىِّ ٱلسِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ وَعْدًا عَلَيْنَآ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ

بێنەوە بیریان ئەو ڕۆژەی کە ئاسمانەکان دەپێچینەوە وەك پێچانەوە (لوول کردنی) پەڕە بۆ ئەوەی کە (تێیدا) نوسراوە یەکەم جار چۆن دروستمان کرد(بە ڕووت و قووتی) (پاش مردنیش) ئەو(دروست کردنە) دووبارە دەکەینەوە ئەوە بەڵێنێکە (جێ بەجێ کردنی) لەسەر ئێمەیە بێگومان ئێمە (ئەو بەڵێنە) بەدی دێنین.

[سورەتی الأنبياء:104]

وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ

وەک چۆن پێویستە ئیمانیان بە ئەندازەگیری بێ وێنەی اللە نەهێناوە (بە گەورەیان نەزانی) بەو جۆرەی شیاوێتی لە ڕۆژی دوایی دا هەموو زەوی لە چنگی ئەودایە وە ئاسمانەکانیش بە دەستی ئەو پێچراونەوە ئەو پاك و بڵندترە لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی.

[سورەتی الزمر:67]

یەکەی یازدەهەم:چۆنێتی ڕیزبەندی شەش ڕۆژە کان لە سفری تکوینی کتێبی پیرۆزی تەورات دا:

کتێبی پیرۆز » پەیدابوون » بەشی 1

سەرەتای بەدیهێنان 1لە سەرەتادا الله ئاسمان و زەویی بەدیهێنا.2زەویش
بێ شێوە و بەتاڵ بوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قوواڵاییەکان بوو. ڕۆحی
الله لەسەر ڕووی ئاوەکان دەجوڵایەوە.

ڕۆژی یەکەم: ڕووناکی 3الله فەرمووی: «با ڕووناکی ببێت.» ئینجا
ڕووناکی بوو.4الله بینی کە ڕووناکییەکە باش بوو. ئیتر الله
ڕووناکییەکەی لە تاریکی جیا کردەوە.5الله ڕووناکییەکەی ناو نا «ڕۆژ»
و تاریکییەکەی ناو نا «شەو.» ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی
یەکەم بوو.

ڕۆژی دووەم: جیاکردنەوەی ئاوەکان 6الله فەرمووی: «با بۆشاییەک[a]
لەنێوان ئاوەکاندا ببێت، بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو.»7جا ئاوا بوو. الله
بۆشاییەکەی دروستکرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییەکەی لە ئاوەکەی سەر
بۆشاییە کراوەکە جیا کردەوە.8الله بۆشاییەکەی ناونا «ئاسمان.» جا
ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی دووەم بوو.

ڕۆژی سێیەم: وشکانی و سەوزایی 9الله فەرمووی: «با ئاوەکانی ژێر
ئاسمان لە یەک شوێن کۆببنەوە و وشکانی دەربکەوێت.» جا ئاوا
بوو.10الله وشکانییەکەی ناونا «زەوی». ئاوە کۆبووەوەکەشی ناونا
«دەریا». الله بینی کە ئەمە باش بوو.

11ئینجا الله فەرمووی: «با زەوی سەوزایی بەرهەم بهێنێت: ڕووەکی
تۆودار و داری بەردار لەسەر زەوی، ئەوەی تۆوەکەی لەناو خۆیەتی، لە
جۆری خۆی.» جا ئاوا بوو.12زەوی سەوزایی بەرهەم هێنا: ڕووەکی
تۆودار لە جۆری خۆی و دار کە بەر دروست بکات و تۆوەکەی تێدابێت
لە جۆری خۆی. الله بینی کە ئەمە باش بوو.13جا ئێوارە بوو، بووە
بەیانی، ئەمە ڕۆژی سێیەم بوو.

ڕۆژی چوارەم: مانگ و خۆر 14ئینجا الله فەرمووی: «با لە بۆشایی
ئاسماندا ڕووناکییەکان هەبن بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ لە شەو، هەروەها بۆ
نیشانکردنی وەرز و ڕۆژ و ساڵ.15با ڕووناکییەکان لە بۆشایی ئاسماندا

ببن، تاکو سەر زەوی ڕووناک بکەنەوە.» جا ئاوا بوو.16هەروەها الله دوو ڕووناکییە مەزنەکەی دروستکرد، ڕووناکییە گەورەکەیان بۆ فەرمانڕەوایەتی ڕۆژ، ڕووناکییە بچووکەکەشیان بۆ فەرمانڕەوایەتی شەو، هەروەها ئەستێرەکانیش.17الله لە بۆشایی ئاسماندا بۆ ڕووناککردنەوەی سەر زەوی داینان،18بۆ فەرمانڕەوایەتی ڕۆژ و شەو و جیاکردنەوەی ڕووناکی لە تاریکی. الله بینی کە ئەمە باش بوو.19جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی چوارەم بوو.

ڕۆژی پێنجەم: باڵندە و ماسی 20ئینجا الله فەرمووی: «با ئاوەکان پڕ ببن لە ئاپۆرەی بوونەوەری زیندوو، با باڵندەش لە بۆشایی ئاسماندا بەسەر زەویدا بفڕێت.»21ئیتر الله بوونەوەرە مەزنەکانی دەریای بەدیهێنا، لەگەڵ هەموو زیندەوەرە جوڵاوەکانی ناو ئاوەکان کە لێی پڕبوون، بەپێی جۆرەکانیان، لەگەڵ هەموو باڵندەیەکی باڵداریش بەپێی جۆرەکانیان. الله بینی کە ئەمە باش بوو.22الله بەرەکەتداری کردن و فەرمووی: «بەردار بن و زۆر بن و ئاوی دەریاکان پڕ بکەن، با باڵندەکانیش لەسەر زەوی زۆر ببن.»23جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی پێنجەم بوو.

ڕۆژی شەشەم: ئاژەڵ و مرۆڤ 24الله فەرمووی: «با زەوی بوونەوەرە زیندووەکان لە جۆری خۆیان بەرهەم بهێنێت. ئاژەڵی ماڵی و خشۆکی زەوی و ئاژەڵی کێوی، هەریەکەیان لە جۆری خۆی.» جا ئاوا بوو.25الله ئاژەڵی کێوی بەپێی جۆری خۆیان دروستکرد، ئاژەڵی ماڵیش بەپێی جۆری خۆیان و هەموو خشۆکێکیش لەسەر زەوی بەپێی جۆری خۆیان. الله بینی کە ئەمە باش بوو.

26ئینجا الله فەرمووی: «با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێت. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن.»27الله مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا،

لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا،

بە نێر و مێ بەدیهێنان.

28اللە بەرەکەتداری کردن و پێی فەرموون: «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە.»

29ئینجا اللە فەرمووی: «هەموو ڕووەکی تۆودار کە لە سەرتاسەری ڕووی زەوییە داومە بە ئێوە، لەگەڵ هەموو دارێکیش کە بەری هەیە و تۆوی خۆی تێدایە. بۆ ئێوە دەبنە خۆراک.30بۆ هەموو گیانلەبەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمان و هەموو بوونەوەرێکی خشۆکی سەر زەوی، هەموو بوونەوەرێک کە هەناسەی ژیانی تێدایە، هەموو ڕووەکی سەوزم بۆ خۆراک پێداون.» جا بەوشێوە بوو.

31اللە بینی هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو.

لێرەدا تێبینی دەکەم کەهەروەک لەکەنزبرای سابیئیەکان هەردروستکراوو پێکهاتەیەک کە ویسترابایە بەدی بهێنرێ بانگ دەکرا ، بانگ کردن واتە بەدیهێنان بوو، لێرەش کە بەدیهێنەر دەیەوێ دیاردەوبونەوەرێک بەدی بێنێ دەفەرموێ بائەو دیاردەو بونەوەرەببێ ویەکسەردەبێ.

ئەوەش پێداگری زانایانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەسەرئەوەی اللە متکلم و گوفتاربێژە ، کلمەکان ودەستەواژەکانی ئەو کامڵ وتەواوو و هەمیشەیی ونەمر و بەردەوامن ، کەلیمەکان ڕووح و جوڵێنەری دیاردەکانن.

قەشە اسحق جاد اسحق لەڕاڤەی ئەم گێڕانەوەدادەڵێ:

ئەگەرچی زانایان تەمەنی گەردوون بە ملیارەهاساڵ دەقەبڵێنن،بەڵام دەرکەوتنی ئادەم بە٦هەزارساڵ دادەنێن، لەوەشدابەریەککەوتنێک لەنێوان زانست وکتێبی پیرۆزهەیە....

لەڕاستیدا هیچ بەریەک کەوتنێک نیە،چونکە ئەم سەرەتایە باسی سەرەتای دروست بوون نیە،بەڵکو باسی دەرکەوتنی مرۆڤە لەدوای چاخە سەهۆڵبەندانەکان.

وەلە لێکدانەوەی ئەوە کەڕوحی اللە لەسەرئاوبوو ،مەبەست لە ڕوحی قودسە -جبریل-ە لە سەرەتای دروستبونەوە لەهەموو قۆناغەکان ڕۆڵی کارای هەبووە،لەدروستکردندا.

بەڵام ئەوەی ئەم لێکدانەوەی قەشە ڕەت دەکاتەوەئەوەیە کە دەقەکە باسی پێکهاتنی نور وتاریکی وڕۆژ و شەودەکا،واتە پێک هاتنی کات کە هێماکەی ڕوناکی وڕۆژ و وزەیە، وپێک هاتنی شوێن کە هێماکەی شەوو تاریکیە کە مایەی حەوانەوەیە.

ئەم ڕیزبەندیە لە سوڕەتی ئەنعام دا بەپێچەوانەوەیە کە تاریکی پێش ڕوناکی کەوتووە.

لەبەرامبەر ئەم ڕەخنانەداهەندێک لە لێکدەرەوەکانی کتابی پیرۆز لێکدانەوەی ڕۆژی چاخی وئەحقابی داناوە ،لەپێناوی ڕێکخستنی نێوان گوتەی زانست وگوتەی تەورات،،ئەم لێکدەرەوانەدەڵێن کە ئەم شەش ڕۆژە شەش چاخ وقۆناغ وئەحقابن،وەهەریەکەیان ملیۆنەهاساڵن .

بەڵام ئەوەی کەدژی ئەم لێکدانەوە دەوەستێ باسی ئێوارەوشەووڕۆژی تێداکراوەوداوای پیرۆزکردنی ڕۆژی سەبت کراوە کە دەستپێکی دروستکردنە.

ڕێزبەندی کردنی قۆناغەکانی مێژوو وپێش مێژوو وئەحقاب وچاخەجیۆلۆجیەکان وتیۆروگریمانە فیزیایی وکیمیایی وبیرکاری وفەلسەفی وفەلەکیەکان وگریمانەکانی پەیدابوونی سەرەتابۆ کات وشوێن-بۆشایی-تەن وماده ووزە وئەنتی ماددە وئەنتی وزە وئەنتی کات وشوێنیش ،هەمووی لەسەری گوتراوەو چەندئیجتهادو بیروبۆچوون وجیهانبینی گەڵاڵەکردنێکە لەلایەن ئەوتاکە بونەوەرەی کەناوی مرۆڤەو لەداری عەقڵ وبیرکردنەوەوتوێژینەوەولەڕاستی گەڕان و وێڵ وشەیدابوون بەدوای سەرچاوەوچاوگ وبەدیهێنەری

دیاردەوبەهاوشتەکان دا ی نۆش کردووەو ئەم خۆراکە کەجیاکەرەوەی مرۆڤە لەبونەوەرانی ترومرۆڤی کردۆتە جێنشین وخەلیفەی پەروەردگار.

هەندێ پێیان وایە کە بیردۆزی بیکبن دەبێتەهۆی لەناوچوونی بیردۆزی هەتاهەتایی هەموو دیاردەکان یان بەشێکیان؟ ئەوتیۆرە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەمادە و وزە سەرەتاکەم بووە، بەڵام ئایا بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەهەرنەبووە؟ من ئەوەی لێ ناخۆینمەوە چونکە کەهەرنەبوو ئەی چی تەقیەوە؟؟ وەکە تەنیا گەردیلەیەک هەبوو ئایا ئەوگەردیلە تەنیایە لەڕووی زانستی فیزیاوکیمیا دەتوانێ بۆ چەند ماوە بێ کارلێک بەردەوامی هەبێ وبمێنێ؟

وەسەرچاوەوبەدیهێنەری ئەوگەردیلەی کەتەقینەوەی بیکبنی تێدارووداکێ بوو؟؟ وەئەو پەستان وفشارو ووزە گەورەی کەبووەهۆی تەقینەوەکە لەکوێ وچۆن هات وبۆ لەوملیاران ساڵە ڕوداوێکی لەوجۆرەدووبارە ڕووی نەدایەوە؟ یان زۆرجار ڕووی داوەوئێمە ئاگامان لێ نیە؟

ئایا ئەو تەقینەوە تەنیا سەرەتاودایکی مادەو ووزەیە؟، یان شوێن وپانتایی وبۆشاییش وەک مادەوتەن هەرکەم وناوازەبوو پێش ئەو تەقینەوەو ئەوتەقینەوە لەگەڵ دەستپێکی زۆربوونی مادەو ووزە بەهۆی کارلێک ی کیمایی هەروا سەرەتایەکیشە بۆو پانتاییە ڕوبەرسانتیمیەی کە لەگەڵ گەردیلەی یەکەم هەبوو ؟؟

هەروەها لەم ڕۆژانە بابەتێکم خوێندەوە لەسەر بابەتی دژی ماددەو دژی ووزە وجیهانی نەبینراوو کە ئەوانە پێش بیگبن زۆربوون ولەدوای بیکبن ئە و ئەنتی مادەوئەنتی ووزە وپانتایی نەبینراو پێچراونەوەئەم جیهانەی ماددەو ووزەوپانتایی بۆشایی لەجیاتی وان فەرشی خۆیان ڕاخستووە.

ئەمانە هەموو گریمانەن وچەندین گریمانەی دیکەش هەن کەباسکردنی هەموویان بابەتەکە زۆردرێژدەکاتەوە.

تائێستا دەتوانرێ تەسەوروخەیاڵ و وێنای جیهانێکی بێ مادەو وزە بکرێ.

بەڵام ئایا دەتوانرێ بگوترێ کە کاتێک هەبوو بۆشایی وزەمانیشش نەبوو ؟؟ ئەوانیش بەدیهێنراون؟؟ ئەم پرسیارە فیزیاوفەلسەفە چۆن وڵامیان داوەتەوە؟؟.

دین کەباسی ڕیزبەندی دروست کردن دەکا باسی یەکەم دروست کراو قەڵەم وعەقڵ دەکا،

ئەی بۆ ئاوو عەرش شت نین؟ ئایا ئەوان لەناوچوارچێوەی دروستکراوەکان نین؟ تەنانەت باسی ئەودەریایەش ناکەن کەعەرشی لەسەربوو ئایائەویش شت ودیاردەنیەو دروستکراونیە؟ ئەی بۆ باسی ناکرێ لەوڕیزبەندیە؟ باسی قەڵەم دەکەن،بەڵام باسی ئەولەوحەناکەن کەقەڵەم لێی نوسی؟ ئایا لەوح پێش قەڵەم هەبوو؟

فەرموودەیەک هەیە کەپرسیارێکە کە پێش ئەوەی دروستکراوەکان دروست کا ببێ پەروەردگارمان لەکوێ بوو؟؟ رسولی ئەکرەم فەرمووی -کان الله فی عما فوقه هوا وتحته هوا-

کەواتە پێش دروست کراوەکان عەماو دووچینی هەواو فەوق وتحت، سەرو ژێر بوونیان هەبوو، سەروژێر شوێنن،زەرفی مەکانن،ئاڕاستەکانن کەئەمانەش هەموو شتن،دیاردەن، ئەی ئەوانە بێ سەرەتاودروست نەکراون؟؟

کەواتە لەڕووی دینیش پرسیارەکە هەرتەواو ڕوون وڵام نەدراوەتەوە کە ئەین ومتی کەی ولەکوێ ،زەمان ومەکان سەرەتایان هەیە یان نا..

هەرچەندە کەجەنابی مەولەوی دەڵێ:

متی متی حتی اتی علیه ،،ومن این این ینتمی الیه..

بەڵام دەقەکانی قورئان وسونەت وایان لێ دەردەکەوێ کە کات وشوێن وەک پانتایی وبۆشایی وباوەشی شت ودیاردەکان لە چوارچێوەی دروستکردن و بەدیهێنران بەدەرن وپێناچێ سەرەتایەکیان هەبێ و هەمیشەهەرهەبوون، وەبۆ هەمیشەش هەردەمێننەوەوکاتێ هەموو شتێ

کۆتایی پێ دێ کات وشوێن، عەرش وبەهەشت ودۆزەخ ولەوح وقەڵەم هەردەمێنن ..

هەروەها هەندێ ئیسم و ناوی الله هەن دەری دەخەن کە ئاڕاستەکان سەرەتای بێ سەرەتان ،چونکە ناوو ئیسم وسیفات وئاوەڵناوەکانی الله کاتێک نەبووە کەنەبن، اول وئاخر وزاهیروباتن بەوە تەفسیرکراون کە ئەوڵ واتە هیچ شتێ پێش ئەونەبوو ،لێرەدا زەمان لەگەڵ ئەوەلیەتی الله ئەزەلی وهەمیشەیی بوو، وەک چۆن لەگەڵ ناوی ئاخیر ئەوەدەگەیەنێ زەمان وکات هەمیشیەیی وئەبەدیە ،وە زاهیروباتن ئەوەدەگەیەنێ کە ئاڕاستەی سەروو وخوارو هەمیشە هەبوون ،چونکە هەمیشە الله زاهروباتن بووە بێ سەرەتا، وەهەمیشە عەلی وبڵند ورفیع وخافز ونزمکەرەوەو بەرزکەرەوەو باست وڕاخەرو قابز وکۆکەرەوە بووە، ئەم ناوانە کەهەمیشەیین بۆ الله دەبێ ئاڕاستەکانی شوێن وبۆشایی و کات هەمیشەو ئەزەلی وئەبەدی بن..

لەقورئاندائەم شەش ڕۆژانە کەلەبەشی پێشوو ڕیزبەندی سوڕەتی ئەنبیاوزومەرمان باس کرد، لەم بەشە باسی ڕیزبەندی سورەتی ئەعراف و فوسیلەت دەکەین.

قورئان دەفەرموێ :

إِنَّ رَبَّكُمْ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ (54) الأعراف

ئاسمان و زەمین لە شەش ڕۆژاندا وەدی هاتووە: {إن ربكم الله الذى خلق السموات والأرض فى ستة ايام} بەڕاستیی هەر الله ی پەروەردگاری ئێوە بوو توانی ئاسمانەکان و زەویی لەماوەی شەش ڕۆژدا دروست بکات، خۆ ئەگەر ویستبای بەچاو تروکاندنێك دروستی ئەکردن، (ئیبن کەسیر) دەڵێ: شەش ڕۆژەکە ئەمانە بوون: یەکشەممە، دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە، پێنج شەممە، هەینیی، هەر لەڕۆژی هەینیشدا بوو کە بابە (ئادەم) دروستکرا، هەندێ لەزاناکان دەڵێن: هەر ڕۆژەی لەم

رۆژانە ئەندازەی هەزار ساڵ بوو {ثم استوى على العرش} ئەوسایش بەوشێوەیە کە شایستەو شیاوی خۆی بێت 'جل جلاله' چووە سەر عەرشی خۆی.

{يغشى الليل النهار} رۆژ بە شەو دائەپۆشێ، رۆژیش {يطلبه حثيثا} بە پەلە دەکەوێتە شوێنی شەو {والشمس والقمر والنجوم} پەروەردگارتان خۆرو، مانگ و، گشت ئەستێرەکانی دروستکرد {مسخرات بأمره} هەموویشان لە ژێردەستی ئەودا ڕامکراون و، بە پێی یاسای ئەویش دێن و دەچن {ألا له الخلق والأمر} چاکیش بزانن! کە دروستکردن و تەگبیر و فەرمانی بۆ بە ڕێوەبردنی هەموو بوونەوەر، هەر بەدەستی ئەوە {تبارك الله رب العالمين} زۆر بە بەرەکەت و گەورەیە الله کە پەروەردگاری گشت جیهانە

[سورەتی الأعراف:54]

وەلەسورەتی فوسیلەت دەفەرموێ:

قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ(9) وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ(10) ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ اِئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ (11) فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ(12) فصلت .

قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ

باسێکی دروستکردنی بوونەوەر: {قل أئنكم لتكفرون بالذى خلق الأرض فى يومين} پێیان بڵێ: ئایا باوەڕ بەئەو ناکەن کە لەماوەی دوو ڕۆژدا (دوو دەورە ی ئەو چوار ڕۆژە)زەویی و تەواوی شتە نەێنییەکانی زەویی دروستکرد {وتجعلون له أندادا} و هێمان وێنەو نموونەو هاوبەشی بۆ

پەیدا دەکەن و، دەسەڵاتی ئەدەنە دەست؟ {ذلك رب العالمين} ئائەو بەدیهَنەرەیە تاکە پەروەردگاری جیهانەکان.

[سورەتی فصلت:9]

وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِيٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ

{وجعل فيها رواسی من فوقها} و چەند کەژو کێوێکی داکوتراوی مەحکەمی بڵندی لە سەر زەویی داناو،کردنی بەمێخ بۆی، تا ئێوەە هەڵ نەدێرێ و، بە ئاسانی لەسەرپشتی بژین {وبارك فيها} و خێرو بیرێکی زۆری تێ خست: ئاوو هەواو جۆرەها میوەو میوەجات و دەریاو کانگەکان و..هتد {وقدر فيها أقواتها فی أربعة أيام سواء} رۆزی و بژێوی خەڵکەکەی تیا دیارکرد هەر لەو چوار رۆژانەدا (چوار دەوران) واتە: ئەنجامدانی ئەو هەموو کارانە، تەنها لەماوەی دوو خولدا بوو، دروستکردنی زەویی و قایمکردنی کێوەکانیش خولێك بوو، ئەو هەموو خێرو خێراتەیش لەخولەکەی تردا، ئەوە هەر چوار خول و رۆژەکە بەیەکسانی {للسائلين} بۆ ئەوانەی پرسیار دەکەن :زەوی لە چەند رۆژدا دروستکراوە؟ دەگوترێ لە چوار رۆژاندا .

ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ

{ثم استوى إلى السماء وهی دخان} پاش دروستکردنی زەویی، ئیرادەی دروستکردنی ئاسمانیشی کرد. کە وەك دووکەڵێ وابوو. (ئیبن کەسیر) ئەڵێت: کاتێ زەویی دروست بوو، جۆرە هەڵمێك کە ئەمڕۆ پێی ئەڵێن: دونیای سەدیم وەك هەور لای سەرووی گرتبوو، جا لێرەدا هەڵئەگرێ زەوی لەپێش ئاسمانەوە دروست بووبێ، هەڵیش ئەگرێ ئاسمان بەر لە زەویی دروست بووبێت، بەڵام سوورەتی (نازعات) ئەمە روون ئەکاتەوە، جگە لەوەیش زانیاریی ئەمڕۆ پشتگیری ئەوەی کردووە کە زەویی پاش دروست بوونی ئاسمان بووە: وەك ئەفەرموێ: {فقال لها وللأرض ائتيا طوعا أو كرها} ئینجا اللە بەئاسمان و بەزەویی فەرموو:

ببن و شکڵی خۆتان بگرن و، ملکەچ بن، چ بەزۆر چ بەئارەزوو، چونکە بڕیار دراوە کە دەبێ دروست ببن {قالتا أتينا طائعين} ئەوانیش وتیان: وابە خۆشی و ملکەچ بوون، هاتین و شکڵی خۆمانمان وەرگرت

[سورەتی فصلت:11]

هەندێ لە لێکدەرەوان پێیان وایە کە تەقینەوەگەورەکە پێش ئەم شەش ڕۆژ انە-چاخانە-بووە،وەدەقەکان باسی ئەوەدەکەن کە پێش ئەوشەش ڕۆژە دروستکراوی زەبەلاح وەک عەرش ولەوح وقەڵەم دروست کراون.

قورئان بڕوادارانی هەڵناوەلەسەر گەڕان بەدوای چۆنێتی دەستپێکی دروستکردن وفەرمویەتی:

قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ [العنكبوت:20].دیارە زانینی ئەم سەرەتایە دەکرێ بزانرێ ،بۆیە خەڵکی لەسەرهانداوە.

وە ئەم شەش ڕۆژە تەنیا بۆ دروستکردنی ئاسمانەکان وزەوی تەرخان کراون وئەوەی سەروئاسمانەکان وزەوی پێش ئەوە دروست کراون ،وەک دەفەرموێ :

وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ [قّ:38].

وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ

{ولقد خلقنا السموات والأرض وما بينهما فى ستة أيام} بێ گومان ئاسمانەکان و زەوی و، هەرچی لەنێوانیاندا هەیە، لەماوەی شەش ڕۆژاندا دروستمانکردوون {وما مسنا من لغوب} لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرە ماندوو بوونێکیشمان تووش نەهات

[سورەتی ق:38]

وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِنۢ بَعْدِ ٱلْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ

ئاسمان و زەویی وەدیهێناو تەختی فەرمانڕەواییشی -پێش دروستبوونیان-لەسەر ئاوبوو.

لەم بارەیەوە ئەم فەرموودانەش هاتوون:

یەکەم/ لە (مەسنەدی پێشەوا ئەحمەد)دا هاتووە: (عوقەیلیی) دەڵێ: لەپێغەمبەرم () پرسی :(أين كان ربنا قبل أن يخلق خلقه ؟) ئاخۆ بەر لە دروستکردنی بەدیهێنراوەکان ،پەروەردگارمان لە کوێ بووبێ ؟! (قال: كان فی عماء) أی فوق سحاب عاليا عليه ما تحته هواء وما فوقه هواء) فەرمووی: بەرزو بڵندبوو لەسەر هەورێك ، نە لەژێریەوە (هەوا) هەبوو، نە لەبانیەوە (ثم خلق العرش بعد ذلك) پاش ئەوە عەرشەکەیشی دروستکرد.

ئەم لێکدانەوەی شێخ ئەحمەد کاکە محمود ،مای بە مای نەفی لێکداوەتەوە، بەڵام هەندێ زانای تر بە مای مەوسول لێکیان داوەتەوە وە دەڵێن سەرو وژێری هەورەکەش بەهەوادەورە درابوو، بەمەش دەڵێن کە هەواپێش ئاو هەبوو.

دووەم/ سئل ابن عباس عن قول الله: (وكان عرشه على الماء) على أی شئ كان الماء؟ قال: على متن الريح/ إسناده صحيح . لە (ئیبن عەباس) دەپرسن: ئەرێ باشە کە تەختی فەرمانڕەوایی الله لەسەر ئاو بووبێت؟، دەبێ ئاوەکە لەسەرچی بووبێت؟ گوتی: لەسەر پشتی (با) بوو!.

ئەم گێڕانەوە ڕای ئەوانە بەهێزدەکا کە مای فەرمودەی پێشوش مای مەوسول بێ وبا پێش ئاو دروستکرابێ.

سێیەم / وفی صحيح (مسلم) عن عبدالله بن عمرو قال: قال رسول الله (): (إن الله قدر مقادير الخلائق قبل أن يخلق السموات والأرض بخمسين ألف سنة، كان عرشه على الماء)، واتە: بەر لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویی (بەپەنجا هەزار ساڵ) بێگومان الله ئەندازەگیری گشت شتێکی کردو، ئەو دەمەش عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو. {ليبلوكم أيكم أحسن عملا} ئەم بوونەوەرەی دروستکرد بۆئەوەی تاقییتان بکاتەوە: ئایا کامتان کردەوەتان چاکترە {ولئن قلت إنكم مبعوثون من بعد الموت} سوێند ئەخۆم

ئەگەر بشڵێیت: بێ شك ئێوە پاش مردن زیندوو ئەكرێنەوەو تۆڵە دەدرێن {ليقولن الذين كفروا} بە تەئكید ئەوانەی كە كافرو بێ باوەڕن ئەڵێن: {إن هذا إلا سحر مبين} ئەم قسەو باسە تۆ دەیكەیت و دەیڵێیت جادوویەكی ئاشكرا بەولاوە شتێكی تر نییە

[سورەتی هود:7]

ڕاڤەی ئایەتەكانی ئەنبیاوفوسیلەت لەمەوپێش باس كران كەئەوانیش جەخت لەسەرئەم ڕاستیە دەكەنەوە.

زغلول نجاردەڵێ:لەقورئاندا باسی گەردون وبونەوەر وپێكهێنەرەكانی لەهەزارئایەتی قورئانداباس كراوە.

بوخاري وئەحمد وترمذي ونسائي له عمراني كوڕی حصين دەگێڕنەوەكە خەڵكی یەمەن گوتیان : یا رسول الله هەواڵمان بدەیە لەدەستپێكی ئەم بوونەوەروفەرمانە چۆن بوو؟ فەرموی: كان الله قبل كل شيء، وكان عرشه على الماء، وكتب في اللوح المحفوظ ذكر كل شيء، وخلق السماوات والأرض.=الله هەمیشە هەبوو پێش بوونی هەموو شتێك عەرشەكەی لەسەرئاوبوو،وەلەوحی پارێزراو باسی هەمووشتێكی نوسی وئاسمانەكان وزەوی دروستكردن.

لەگێڕانەوەیەكی تر:: كان الله ولم يكن شيء غيره. : لم يكن شيء قبله.=الله هەمیشە هەبووجگەلەئەو هیچ شتێكی تربوونی نەبوو:پێش ئەو هیچ شتێكی تربوونی نەبوو.

وه مسلم وئەحمد له أبي هريرة رضي الله عنه دەگێڕنەوە كەدەگێڕێتەوە: أخذ رسول الله صلى الله عليه وسلم بيدي فقال: خلق الله عز وجل التربة يوم السبت، وخلق فيها الجبال يوم الأحد، وخلق الشجر يوم الاثنين، وخلق المكروه يوم الثلاثاء، وخلق النور يوم الأربعاء، وبث فيها الدواب يوم الخميس، وخلق آدم عليه السلام بعد العصر من يوم الجمعة في آخر الخلق في آخر ساعة من ساعة الجمعة فيما بين العصر إلى الليل.=:پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەستی گرتم وفەرموی:الله لەڕۆژی شەممەدا گڵی دروست كرد،وەلەڕۆژی یەكشەممە شاخەكانی دروستكردن، وەلەڕۆژی

دووشەممە درەختەکانی دروست کردن،وە ڕق لێبووەوەوبێزێنراوونکولی لێکراووحاشالێکراو=مەکروهی لەڕۆژی سێ شەممە
دروستکرد،وەلەڕۆژی چوارشەممە ڕوناکی دروست کرد،ئاژەڵ وگیانەوەرەکانی لە ڕۆژی پێنج شەممە بڵاوکردنەوە،وەئادەم علیه السلام لەدوای عەسرتاشەوی ڕۆژی جومعەدروست کرد.

أحمد وترمذي وابن ماجه له أبي رزين ده گێڕنەوە: گوتم يا رسول الله: أين كان ربنا قبل أن يخلق خلقه؟في رواية قبل ان يخلق السموات والارض، وفي رواية قبل ان يخلق العرش على الماء؟

قال: كان في عماء ما تحته هواء وما فوقه هواء وما ثَمَّ خلقٌ، عرشه على الماء.=

پەروەردگارمان لەکوێ بوو پێش دروست کردنی دروستکراوەکان؟ دروست کردنی ئاسمانەکان وزەوی؟ پێش دروستکردنی عەرش لەسەرئاو؟

فەرموی :لە هەورێکی سپی کشاودابوو ژێری هەوابوو،سەری هەوابو،هیچ دروستکراوێ نەبوو،

ئەم عەمایە زۆریان بەهەوری سپی لێکیان داوەتەوە،بەیەقی بە هیچ وعەدەم لێکی داوەتەوە ومایەکانیشی بە نەفی لێک داونەوەو واتە پەروەردگارمان لە نەبوودابوو،سەروخواری ئەونەبوون وعەدەم وهیچەش هیچ هەوایان لێ نەبوو، پاشان ئاووعەرشی دروست کردن وبەسەرعەرشدائیستوای کرد.

وەبۆ یەکەم دروستکراویش ڕای جیاوازهەیە لەنێوان زانایان بەپێی گێڕدراوەکان لە عەرش وقەڵەم وعەقڵ وئاوو عەماوهەوری سپی وتاریکی وڕوناکی ...

وە جیاوازی لەنێوان زانایان هەیە ئایا پێش شەش ڕۆژەکەودروستکردنی ئاسمانەکان وزەوی دروستکراوی تر هەبوون یان نا؟

هەندێک لە موتەکەلیمەکان پێیان وایە پێش دروستکردنی زەوی وئاسمانەکان هیچ شتێک نەبووەوئەوان لەهییچەوە دروست کراون.

بەشێکی تردەڵێن:پێش ئەوان دروستکراوی تروەک عەرش وئاوەهبوون بەبەڵگەی ئایەتی :

"وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ" [هود: 7] .

وەفەرمودەکەی عیمران وزریش هەرئەوە دەگەیەنێ کە پش ئاسمان وزەوی شتی تردروستکرابێ.

وەفەرمودەی دروستکردنی قەڵەم کەدەەرموێ:

" إن أول ما خلق الله القلم ثم قال له اكتب، فجرى في تلك الساعة بما هو كائن إلى يوم القيامة"بەگوزارشتی أحمد.

ترمذي دەڵێ حسن صحيح غريب.

وەدەگوترێ کەئەم ٥٠هەزارسالّە وەک ئەم سالّانەی ئێستانەبووە چونکە ئەوکاتە ئاسمانەکان وزەوی وکۆمەڵەی خۆریش بونیان نەبووە.

وەئەوەش لەم فەرمودە تێدەگەین کەلەوح پێش قەڵەم هەبووبێ،هەروەک حەدیسی زڕ ئەوەدەگەیەنێ هەوا پێش عەرش هەبووە.

چونکە باسی عەرش لەناودروستکراوەکاندا لەهەموویان زیاترباس کراوە،هەندێ بەدرێژی باسی بکەم.

-عەرش بەقەبارەوپلەوپایەگەورەترین دروستکراوە،بنمیچی بونەوەرە،پەروەردگارمان پالّیداوەتە لای ناوەهەرە گەورەکانی:عرش الله ،عرش الرحمن، عرش ربک.

شانازی پێوەکردوە کەئەوخاوەنی عەرشە وەک دەفەرموێ: ﴿رَفِيعُ الدَّرَجَاتِ ذُو الْعَرْشِ﴾

[سورة غافر: 15]،

- ﴿ذِي قُوَّةٍ عِنْدَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ﴾ [سورة التكوير: 20]،

﴿سُبْحَانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ [سورة الزخرف: 82]،

-﴿ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ﴾ [سورة البروج: 15]،

-﴿فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ﴾ [سورة المؤمنون: 116]،

-﴿اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴾ [سورة النمل: 26].

-﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ [سورة طه: 5]،

-﴿ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ﴾ [سورة الحديد: 4]

الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ﴾ [سورة غافر: 7].

-﴿وَالْمَلَكُ عَلَى أَرْجَائِهَا وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ﴾ [سورة الحاقة: 17]،

-﴿وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [سورة الزمر: 75].

وەلە فەرمودەش زۆرباس كراوە وەک:

- (فإذا سألتم اللهَ فَسَلُوهُ الفردوس، فإنَّه أوسط الجنَّة وأعلى الجنة، وفوقه عرش الرحمن، ومنه تفجَّرُ أنهار الجنة).

- عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه، عن النبي صلى الله عليه وسلم: (يَصعقون يوم القيامة فإذا أنا بموسى آخذٌ بقائمةٍ من قوائم العرش)

بەيهەقى لە كتێبى "الأسماء والصفات" دەڵێ:

زانایان لەسەرئەوەکۆکن کەعەرش جێگاوتەختی دانیشتنە ،لاشەوبەرجەستەیە ،اللە دروستی کردوە،فرمانی بەفریشتەکان کردوە هەڵی گرن،بەگەورەگرتن ڕێزگرگرتنی عەرش وتەواف کردنی بۆ فریشتەکان پەرستشە وەک چۆن تەواف وبەگەورەگرتنی کەعبە بۆئادەمیزاد عبادەت وپەرستشە.

ئەگەرمرۆڤ لەبەرامبەر ڕێڕەوی هەندێ مەجەڕەوکەشکەشان وئەستێرە سەرسام ومەندەهۆش بێ کەناکاتە گەردیلەیەکی عەرشیش، ئەوە گەورەیی کورسی وعەرش تەنیا اللە دەتوانێ قەدروئەندازەی بزانێ.

وەک لەفەرمودەهاتووە:

حەوت ئاسمانەکان وحەوت زەویەکان هێندەی حەوت ئاڵقەن لە بیابانێک لەچاوکورسی ،وەکورسیش لەچاوعەرش وەک ئاڵقەیەکە لەناوبیابانێک .

عەرش لەگەڵ ئەوگەورەییە بۆ مردن وشەهیدبوونی بڕوادارانی وەک سەعدی کوڕی موعاز دەهەژێ، وەجێگاوهێلانەی ڕوحی شەهیدانە، وەسێیەروسایەی بەندەچاکەکانە،وەژوان وشوێنی دیداری ئەوانەیە کەلەبەر اللە یەکتریان خۆش دەوێ، شوێنی کەسانی بەبەزییە،شوێنی ئەوکتێب ونوسراوو بڕیارەیەکە ڕەحمەتی اللە بەسەر تورەییەکەی دازاڵ دەبێ،شوێنی سوجدەی فریشتەوپێغەمبەران وشەفاعەتی گەورەی پێغەمبەرمانە علیە السلام لەڕۆژی دوایی،

هەڵگرانی عەرش لەگەڵ ئەوەی کەزۆر زەبەلاح وگەورەن تکاکارو شەفاعەتکاری بڕوادارانن وەک قورئان دەفەرموێ:

﴿الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ ۝ رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدْتَهُمْ وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ۝ وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ وَمَنْ تَقِ السَّيِّئَاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [سورة غافر: 7-9].

ئیبن کەسیرلە البداية والنهاية دەڵێ:

تەفسیرکاران ڕایان جیاوازە لەبارەی ئەم شەش ڕۆژانەوە بۆ دوو بۆچوون:

جەماوەری زانایان دەڵێن کە وەکو ڕۆژی ئاساییە.

ئیبن عباس وموجاهیدوزەحاک وکەعبی ئەحبار دەڵێن ڕۆژی هەزارساڵین.

ئەم گوتەهەڵبژاردەی ئیمام ئەحمەدو تەبەری و کۆمەڵێک زانای دیکەیە.

ئیبن جریرلەزەحاک دەگێڕێتەوەکەناوی ئەوشەش ڕۆژە (أبجد، هوز، حطي، كلمن، سعفص، قرشت)بوو.

تەبەری سێ گوتەی هەیەلەبارەی ڕۆژی یەکەم ؛

-زانایانی تەورات دەڵێن ڕۆژی یەکشەممە دەست پێک بووە.

-زانایانی ئینجیل دەڵێن ڕۆژی دووشەممە دەسپێک بووە.

مسوڵمانان دەڵێن ڕۆژی شەممە دەست پێک بوە.

بەڵگەی ئەمانەش ئەوفەرمودەیە کەئەبوهوڕەیرە گێڕاویەتیەوە ولەمەوپێش باسمان کرد.

بەڵام ئیبن کەسیر پێی وایە کەڕۆژی یەک شەممە ڕاست بێ چونکە لەیەک شەممە شەش ڕۆژەکان لەڕۆژی جومعەتەواودەبن.

ئیبن کەسیر لێرە باسی ڕاجیایەکی تریش دەکا کەئایا زەوی پێش ئاسمان دروست کرابێ وەک بناغەی بنمیچەکە ی ئاسمان وەک زۆرێک لەئایەتەکان باسی دەکەن وئیبن کەسیر لەگەڵ ئەم بۆچونەیە، ڕای دووەم ئاسمان پێش زەوی دروست کراوەوئایەتەکەی سورەتی نازعاتیان کردۆتەبەڵگە، هەروا ئەم بۆچونەبەڵگەیەکی تریشی هەیە کە لەسورەتی فوسیلەت دەفەرموێ ئاسمان پێش ڕێکخرانی دوخان ودوکەڵ بوە،.

لەبارەی بژاردەی تەبەری وئەوانەی هاوڕانی کە ڕۆژی سەبت دەستپێکی دروستکراوەکان بێ ،ئیبن کەسیر وزۆرێک لەزانایان قسەیان لەسەرفەرمودەکەی ئەبوهوڕەیڕەکردوەو گومانیان هەیە کەفەرمودەبێ ودەڵێن لەوەیە کە ئەبوهوڕەیڕەلەکەعبی ئەحباری وەرگرتبێ چونکە لای جولەکە دەستپێکی دروست کردن ڕۆژی شەممەیە نەک یەک شەممە، هەروەهائەوگێڕدراوەوەک قورئان باسی ڕێزبەندی دروستکراوەکان ناکا وباسی دروستکردنی زەوی لەچوارڕۆژوئاسمان لەدووڕۆژی تێدانیە.

وەکەبەوفەرمودەبێ کە دروستکراوەکان لەشەممەولەجومعەکۆتاییان بێ ڕۆژەکان دەبنە حەوت ڕۆژ.

بەڵام ئەگەر لەگەڵ گوتەی ئەوکەسانەبین کە کرداری دروستکردن وبەدیهێنان لەپێش شەش ڕۆژەکە دەستی پێ کردووە، ئەوە دەبێتەحەوت ڕۆژ .

سودی لە ئیبن عباس وئیبن مسعود دەگێڕێتەوەکە ،،،،،،

اللە پێش ئاو هیچ شتێکی تری دروست نەکردوە،کاتێ ویستی دروستکراوەکانی دروست بکا لەئاوەکەوە دوکەڵێکی دەرهێنا،بەسەرئاوەکە وە بەرزبۆوە، ناوی نا ئاسمان، پاشان لەئاوەکە وشکانی دەرهێناناوی نازەوی یەکەم،پاشان ئەم زەویەی فەتق کرد ولێکی کردەوە کردیە حەوت زەوی لەدووڕۆژی یەکشەمەودووشەممە ،ڕۆژی سێ شەممە شاخەکانی بەدیهێنان،چوارشەممە درەختەکان وئاوو شارەکان وئاوەدانی وچۆڵەوانیەکانی بەدیهێنان وئاسمانی لێک کردەوە وئاسمانەکانی لەڕۆژی پێنج شەم وجومعە کردنە حەوت ئاسمان.

راغبی ئەسفەهانی لە مفردات دا لەپێناسەی یوم دادەڵێ:

یوم=ڕۆژگار لەزمانی عەرەبی دا مانا ئاساییەکەی لە ڕۆژهەڵاتنی بەیانی تاڕۆژئاوابوونی ئێوارەیە،وە هەروەها هەرلە زمانی عەرەبیدا،واتەی قۆناغێکی کات دەگەیەنێ بەبێ دیاریکردنی سنور بۆ کاتەکەی..

بۆچوونی هەندێ لە شارەزایانی هاوچەرخ :

د.یوسف قەرزاوی لە هدی الاسلام دا دەڵێ:پێدەچێ مەبەست لەئەم شەش ڕۆژە شەش یەکەی کات بێ کەتەنیا الله ماوەکەی بزانێ وماوەی هەریەکێکیان بەسترابێتەوەبەتەواوبوونی ئەو کارودیاردانەی تیایدابەدی هێناون، یان شەش خولی گەردونی بێ کە ئێمەنایزانین،بەڵام وەک ئەم ڕۆژانەی کۆمەڵەی خۆرنیەبەڵکوشەش قۆناغە کە بونەوەران پێیدا تێپەڕیون،هەموونەومانایانە گونجاون وزمانی عەرەبی ڕێگرنیە لەم لێکدانەوانە....

سەیدقوتب لە تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی ئەعراف دەڵێ:

ئەوشەش ڕۆژانەی کە الله ئاسمانەکان وزەوی تێدادروست کردوە کاتێکی شاراوەیەوهیچ کام لەمرۆڤەکان نەیاندیوە،بگرە هیچ کام لەدروستکراوەکانی الله نایزانن،چونکە وەک لەسورەتی کهف دەفەرموێ : مَا أَشْهَدْتُهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلا خَلْقَ أَنْفُسِهِمْ [الكهف:51].

ئێمە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا نەمانکردن بە شایەت وهیچ پرسێکمان پێ نەکردن {ولا خلق أنفسهم} وە بۆ دروستکردنی خوودی خۆشیان هەروا، ،،،

جاهەرچی لەوبارەوەبگوترێ متمانەپێکراونیە.

وەلەتەفسیری ئایەتەکەی سورەتی یونس دەڵێ:

ئەوشەش ڕۆژانە یەکێکە لە نهێنیە پەنهانەکانی الله هەیچ چاوگێکمان نیەبۆپەی پێبردنی،جگەلە وەحی بۆیە بالەبەردەم وەحی بوەستین وبەسەریدابازنەدەین،مەبەست لەباسکردنیشی تاحیکمەتی ئەندازەگیری وڕێکخستن ومشورخواردن فێربین کەهەرلەدەستپێکی بم بونەوەرە تاکوکۆتایی هاتنی سونەتێکی نەگۆڕە.

وەلەتەفسیری ئایەتی سورەتی هود دەڵێ:

دیارەئەوماوە ماوەیەکە کە الله ئەو زەوی وئاسمانەی کردۆتە هێلانەی ئامادەکراوی گونجاو بۆژیانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی...

وەڵەسورەتی فورقان وسوجدەش دا دەڵێ:گومانی تێدانیە کە ڕۆژانی اللە کە ئاسمانەکان وزەوی تێدادروستکرا ئەم ڕۆژانەی سەرزەوی نیە،چونکە ئەم ڕۆژوشەوانە دوای دەرکەوتنی کۆمەڵەی خۆرە کەئەوکاتە بوونی نەبوو،دیارەئەوشەش ڕۆژەتەنیا اللە ماوەکانیان دەزانێ،ئەوەشەش قۆناغی دوورودرێژن کەتیایدائاسمانەکان وزەوی گەیشتونەبارودۆخی ئێستایان....

وەڵەتەفسیری ئایەتەکانی سوڕەتی فوسیلەت دەڵێ:ئەودووڕۆژانەی کەزەویان تێدادروست کراوئەودووڕۆژانەش کەشاخەکانیان تێداداکوتران وبژێویەکانی تێدادیاری کران وبووبەچوار ڕۆژ،بێ گومان ڕۆژێکن لەڕۆژانی اللە کەجگەلەوکەس ماوەکەیان نازانێ،وەک ئەم ڕۆژانەی سەرزەوی نین،،ئەوڕۆژانە کەیەکەم زەوی تێدادروستکراوە وپاشان شاخەکان ودواتر دیاریکردنی بژێویەکان پێوانەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە کەئێمەنایزانین، بەڵام دەزانین کەلەڕۆژەکانی
ئێمەزۆردرێژترن،ئەوەی تائێستا عەقڵی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووەئەوەیە کەئەم زەویە بەچەندین چاخ وقۆناغدا تێپەڕیوە تا توێکڵەکەی ڕەق بۆتەوە وبۆ ژیان گونجاوە،ئەو قۆناغەش تیۆریەکان دەڵێن دوومیلیارساڵی کێشاوە بەساڵەکانی زەوی،

ئەم قەبڵاندنانەش لەتوێژینەوەی تەمەنی بەردەکان وچینەکان وەرگیراوە،،ئێمە لە ڕاڤەی قورئاندائەم تیۆریانە بە ڕاستی زانستی دانانێیین، چونکە ئەوتیۆریانە قابیلی گۆڕانکارین ولەگەڵ دۆزینەوەکان ژمارەوداتاکان گۆڕانیان بەسەردادێ،بۆیە ئێمە لێکدانەوەی ئایەتەکەی پێوەگرێنادەین،بەڵکو ئەوەی بینیمان لەگەڵ لێکدانەوەی ئایەتەکە دێتەوەڕێگرنیە لەگەڵ لێکدانەوە کۆنەکان ولێکدانەوەی داهاتوو دەڵێین کەئەو بیردۆزەی کەلەدەقەقورئانیەکە نزیکترە لەوانی تر ڕاستترە،،،

زۆرێک لە لێکدەرەوانی فەرمودەوفەرمودەناسان لەوانەش ئەلبانی دەڵێن:

فەرمودەی حەوت ڕۆژ لەگەڵ شەش ڕۆژەکەی قورئان بەریەکەوتەیان نیە وڕۆژی حەوتەم بۆ ئەودروستکراوانەی پێش زەوی وئاسمانەکانە.

هەندێک ئەم عەمایەیان بەرتقەکەی پێش تەقینەوەی گەورەوجیابونەوەی زەوی وئاسمانەکان لێک داوەتەوە ،وەدەڵێن پاش تەقینەوەی گەورە ئەوعەمایەنەماوچوار چاخ وڕۆژی پێکهاتنی زەوی هاتن،پاش ئەوە ئیستوای کرد بەسەرئاسمانداولەدووچاخ ئاسمانی دروست کردوکردنیە حەوت چین ولەدواکاتژمێری ئەوڕۆژە ئادەمیشی هەرلەئاسمان دروست کرد،چونکەڕۆژی شەشەم ڕۆژی دروستکردنی ئاسمانە وڕۆژی دروستکردنی ئادەمیشە،هەرلەوڕۆژەش ئادەم لەئاسمان دەرکرابەرەوزەوی.

وەلەدوای ڕۆژی شەشەم یان حەوتەم کە جومعەیە ڕۆژەکان کۆتاییان نەهاتووەوە بە هاتنی ئادەم علیه السلام ومانەوەی لەسەرزەوی بۆ هەزار ساڵ ڕۆژی هەشتەم دەستی پێ کردووە.

دەکرێ ئاڕاستەکردنێکی بیرکاری وماتماتیکی بۆ ئەوهەشت ڕۆژانە بکەین چونکە تائێستا مێژووی دروستکران وژماردن ودەرکەوتنی گەردون وبونەوەری زەوی وئاسمانەکان کە بە١٣ملیارساڵ دەقەبڵێنرێ، بە هەشت جۆرە ڕەقەم وداتاوژمارە دەژمێردرێ ولێیان تێپەڕناکا.

١-ڕۆژێکی دینی وشەرعی هەزارساڵە تاکو٩هەزارساڵ مێژوی دابەزینی ئادەم بۆسەرزەوی.

٢-دەهەزارساڵ تا٩٩هەزارساڵ.

٣-سەدهەزارساڵ-٩٠٠هەزارساڵ

٤-١-٩ملیۆن ساڵ

٥-١٠-٩٩ملیۆن ساڵ

٦-١٠٠-٩٠٠ملیۆن ساڵ

٧-١-٩ملیارساڵ

٨-١٠-٩٠ملیارساڵ،کە دواژمارەی قەبڵێنراوبۆتەمەنی بونەوەر١٣ملیارساڵە.

کەواتە

١-ڕۆژی شەممەی دەست پێکی گەردوون چاخی یەکەم دەیانی ملیاران،کەلەڕۆژەدا عەرش وئاووهەوادروستکراون.

٢-ڕۆژی یەک شەممە،ڕۆژی یەکەمی شەش ڕۆژەکە،یەکانی ملیاران.ساڵە لەوڕۆژەدازەوی لەشێوەی دەریا دروستکراوە.

یەم=بحر=دەریا لەوەشە چوار یەوم وڕۆژگار مەبەست چوار دەریاونا وەندی ئاووگڵ وبەرگەهەواوسوتەمەنی و وزەبێ کەزەوی لێ پێک هاتووە.

٣-ڕۆژی دووشەم کەسەدان ملیۆن ساڵ دەنوێنێ و دەریاو یەمی دووەمی زەوی کە هەوایە لێ پێک هاتوە.

٤-ڕۆژی سێ شەم کە دەیانی ملیۆنان دەگەیەنێ بەداتاو ڕۆژی سێیەمی چوارڕۆژەکەی زەویە ولەوڕۆژە ناوەوندو یەمی سێیەم بروسکەو سوتەمەنی و وزە هاتۆتە دی.

٥-ڕۆژی چوارشەم یەکانی ملیۆن ساڵ دەنوێنێ،کۆتاڕۆژی دروست بوون زەویە کە ڕۆژی چوارەمە ڕۆژی دەرکەوتنی وشکانی وشاخ و ڕوەک ودرەختەکانە.

٦-ڕۆژی پێنج شەم ،ڕۆژی سەدان هەزار دەگەیەنێ، یەکەم ڕۆژەلەدووڕۆژەکەی پاسمان کە خولگەو کەشکەشانەکان هاتنەدی.

٧-ڕۆژی جومعە کە دووەم ڕۆژی ئاسمانە ولەدواسەعاتی ئادەم علیە السلام دروستکراوەلەئاسمان وپاشان هەرلەوسەعاتە هێنراوەتەسەرزەوی،ژمارەی دەیان هەزارساڵی زەوی دەنوێنێ.

ڕۆژی هەشتەم دووبارە دەبێتەوەشەممەو ژیانی ئادەمیزاد لەسەرزەوی پێ دەست پێ دەکا وڕۆژەکانی ئەو هەفتەنوێ یەو قۆناغە دەبنە یەک هەزارساڵ ..

یەکەی دوازدەهەم.

کۆکردنەوەوبەدواداچوونی:محمد عزیز لۆتەری..

لەبەشی پێشوو باسی واتای چەمک وزاراوەی یوم =ڕۆژ مان کرد، پێناسەی ئەسفەهانی کە ڕۆژ بۆ پێناسەی کات وسەردەمی کورت یان درێژ بەکار هاتوە بەڵام ئەسفەهانی نمونەی بۆ سەلماندنی پێناسەکەی نەهێناوەتەوە.

یوم لە قورئاندا بەچەند پێوەرێکی هەزارساڵی وپەنجاهەزارساڵی وبە واتای ماوەی فەرمانڕەوایی گەل ونەتەوەوشارستانیەتێکیش هاتوەوفەرمویەتی وتلک الایام نداولهابین الناس.

واتەئەم ئاڵوگۆڕی ژیاروشارستانی وحوکمڕانیە لەنێوان گەلان ونەتەوەو دین وڕۆشنبیری وفەلەسەفەکان چەند ڕۆژێکن دەستەودەستی پێ دەکەین .

ئێمە لە مێژوو دەزانین کە ئەو یەومانەی سۆمەری وئەکەدی وبابلی وئاشوری وئیلامی ومیسری وگریکی وڕۆمانی و،،،هتد یەکسان نەبوون هەیان بوو چەند هەزارساڵی کێشاوەوهەشیانە چەند سەدساڵ .

هەرلە قورئاندا یوم عقیم ویوم مشهود ویوم التغابن مەبەستی ڕۆژی ٢٤سەعاتی نین.

وەلەسونەت و قسەی نەستەقیش هاتوە کە یوم لک ویوم علیک ،الایام سجال، ڕۆژێک بۆتۆیە وڕۆژێک لەدژی تۆیە، ئەمانە ڕۆژی ئاسایی نین.

وەلەپەندی خۆشمان هاتوە کەڕۆژان ڕۆژی لەدوایە و یەکێ کەستەمی لێ کراوە دەڵێ ؛ڕۆژم دێتەوە، ،،

هەرلە گوتاری خۆشمان دەڵێین ڕۆژانی فەرمانڕەوای عوسمانی وبابانی وسۆفێتی وپاشایی و،،،،هتد

کەئەمانەهەیانە سەدان ساڵ وهەشیانە دەیان ساڵی کێشاوە.

کەواتە ئاڕاستە کردنی شەش ڕۆژی خەلق بەڕۆژی ئاسایی ڕەواندنەوەی خەڵکە لە دین و پشتگیری ئەوانەیە کەدەڵێن دین لەگەڵ زانستەکان نایەتەوەوبۆیە ڕۆژبەڕۆژ لەناوزانست وداهێنان وژیاروشارستانی وڕۆشنبیری تەنگ بە دین هەڵدەچنرێ وزیاتربەرکەناردەکرێ.

خۆمن ناڵێم ئەم دابەشکردنەی جیۆلۆجیە لەسەداسەد ڕاستە یان هەڵەیە ،بەڵام هەرچۆنێک بێ ملیاران کەس ئەمە بەزانست دەزانن بۆیە ئەگەر ئەمەش قەبڵاندنی زۆریشی تێدابێ بەڵام مادام خەڵک بەزانستی دەزانێ دەبێ دیندارانیش کە دینەکەیان دینی زانست وعەقڵە بەهۆی خوێندنەوەی ڕوکەش وانەکەن کە دینەکەیان دوورلەزانست بێ.

هەروەها بە پێک هاتەی فەلسەفیش کە باسی چوار توخم وپێک هاتەی ئاوی و بەرگەهەواوغازی و ڕەقی دەکەن و دۆخی پلازماوئاگریش ئەم چوارەن کە زەویان پێک هێناوەوئەوانیش چوارن.

کەواتەلێرە چوار ڕۆژی دین و فەلسەفە وزانستی جیۆلۆجیا هەموویان کۆکن لەگەڵ یەک ویەکتر تەواودەکەن.

چاخە جیۆلۆجیەکان:پێوەرێکی کات وسەردەمە درێژە کانن ،هەرچاخێک چەندان سەردەم وقۆناغی جیۆلۆجی لەخۆ دەگرێ، زانایانی مێژوو ی سروشتی ئەم چاخانە بۆ چواربەشی سەرەکی دابەش دەکەن کە ئەمانەن:

١-چاخی پێش کامبری.

٢-چاخی باڵیۆزی.

٣-چاخی میسۆزی.

٤-چاخی سینۆزی.

هەریەکێک لەم چوارچاخە دابەش دەبێ بۆچەندین
سەردەم،هەرسەردەمێک بە دەرکەوتنی چەندچەشنێکی ڕوەک
وگیانەوەران جیادەکرێتەوە،جاری وایە جیاوازی ئەم چاخە جیۆلۆجیانە بە
لەناوچوونی چەندین جۆر بونەوەری سەرزەویە،کەکاریگەری زۆری
لەسەرزیندەگی وژینگەی زەوی جێهێشتوە،بۆیە شێوەی ژیان
لەسەردەمێکەوەبۆسەردەمێکی ترگۆڕاوە.

ژیان بە زیندەوەرەمیکرۆبیە سادەکان دەستی پێکردووە پێش 2و3 ملیار
ساڵ، پاشان گەشەی کردوە بۆ ئاژەڵە زەبەلاحەکان وەک دایناسۆرەکان
ودرەختە زەبەلاحەکان،دوای ئەوان ئاژەڵە شیردەرەکان دەرکەوتن.

چاخی یەکەم:

چاخی پێش کامبری:-

دوومليارونيو ساڵ درێژەی کێشاوە،٥٤٠ملیۆن ساڵ بەرلە ئێستاکۆتایی
هاتووە کەواتە لە:

3200سێ ملیاردودووسەد ملیۆن ساڵ- تاکو 540 ملیون ساڵ پێش ئێستا.

لەم چاخەدا زیندەگی سەرەتایی دەرکەوت وەک قەوزە کان
وقارچکەسەرەتاییەکان وگیانەوەرە ڕەخەویەکانی دەریا،لەم چاخەدا
بورکانەکان چالاک بوون وڕوباری ئاگرو تواوەکان بەسەرزەویدا
دەڕۆیشتن.

پاشان زیندەگی لەسەرشێوەی چەند خاڵێکی هیلامی جەلاتینی
میکرۆسکۆبی دەرکەوت لەدەریاشیرینە شلەتێنەکان،ئەم هلامیانەلەگەڵ
شەپۆلەکانی دەریابەملیۆنان بڵاودەبوونەوە،ئەم خاڵە هلامیانە بەتێپەڕینی
کات کۆبونەوەو گیاندارە دەریایە هەمەچەشنە وردەکانیان پێک هێنا وەک
گیانەوەرە فشەڵە ڕەخەویەکان .

وەهەندێک لەوهلامیانە نقوم بوون بۆ قوڵایی دەریاکان وڕوەکەکانیان
پێک هێنا، وەهەندێ لە فشەڵە ڕەقەویەکان قەپاغیان لەدەوری لاشەیان
دروستکرد،ئەم پەرەسەندنانە نزیکەی 3000 ملیون ساڵی خایاند.

کاتێ تەمەنی زەوی گەیشتە ٤ملیارساڵ، واتە

540 ملیون ساڵ پێش ئێستا چۆروگروپەکانی زیندەوەران
وڕوەکەکان زۆر بوون وبڵاوبوونەوەکەبە تەقینەوەی زیندەگی دادەنرێ،

توێژەکانی زەوی لەوسەردەمەداوپەیکەروئێسقانەکان
ودرەختەبەبەردبووەکان کەلەهەموشوێنێک دۆزراونەوە ئەوڕاستیانە دەسەلمێنن.

چاخی دووەم:چاخی بالیۆزی:-

لە543ملیۆن ساڵ پێش ئێستادەست پێ دەکاولە

280ملیۆن ساڵ پێش ئێستا کۆتایی دێ.

ئەم چاخە بە ڕەقی وپتەوی تاشەبەردەکانی دەناسرێتەوە کەلە چینەکانی ژێرەوە کەڵەکەبووەچینەبەردینەنوێکان لەسەرئەوچینەوەن،هەرچینێکی نیشتو ئەوئاژەڵ وڕوەکانەشی تێدایە لەلەوسەردەمە مردون وهەبوون،بۆیە ئەم نیشتنە وەک کتێبێکی یاداشتەکانی لێ هاتووەکە زنجیرەی گەشەکردنی ئەو سەردەمانەی تێدا دەخوێندرێتەوەتادەگاتە ئێستا.

زانایانی مێژووی سروشتی ئەم چاخە دابەش دەکەن بۆ شەش سەردەمی سەرەکی :کەئەمانەن:

1 - سەردەمی کامبری : لە 540-485 ملیون ساڵ،،پێشی دەگوترێ سەردەمی تریلۆبیتەکان کە مێرووێک بوون وەک ئەسپێی تەختە کەپشتیان قەڵغان وزرێداربووزگیان نەرم وفشەڵ بوو،لەکاتی مەترسی وەک تۆپ خۆیان لول دەدا،ئەم مێروانە تاچاخی مێزونی-
میزۆسی هەرلەژیاندابوون.

هەرلەسەردەمی کامبریدا گیانەوەرە بێ بڕبڕە دەریاییەکان دەرکەوتن ،ئەوانە جومگەدارەپێشینەکان بوون، هەروەها فشەڵ وڕەخەویە پێشەنگەکان وئیسفەنج وکرمەکانی دەریاش دەرکەوتن.

وەهەرلەوسەردەمە ماسیەبڕبڕەدارەکان دەرکەوتن.

لەکۆتایی ئەم سەردەمە 50% گیانەوەران لەناوچوون بەهۆی سەهۆڵ بەندانەوە،بەڵام تریلۆبیتەکان مانەوە.

2 - سەردەمی ئەردوفیشي: لە 485-تاکو443 ملیون ساڵی خایاند:

لەم سەردەمەدا ڕوەکە سەرەتاییەکان ودرختە زیوینە گۆشتخۆرەکان دەرکەوتن لەسەروشکانی،هەروالەناودەریاش پەرژینە مەرجانیەکان وئەستێرەی دەریاوکوللەی دەریاوماسیە سەرەتاییەکان وقارچک وگیاوگژە ئاویەکان دەرکەوتن.

لە 430 ملیون ساڵەوە بەدواوە ژیژک وئەستێرەی دەریا لەناو باخچە درەختی ڕەنگینی زنبق دەرکەوتن، وەچەندین بونەوەری دەریایی دەرکەوتن کە کلک و قاوغیان هەبوو کە خۆیان پێ دەپاراست،وە هەندێکیان تەزووی کارەباشیان هەبوو بۆبەرگری لەخۆکردن..

3 - سەردەمی سیلۆری : لە 443- تاکو417 ملیون ساڵ:

چەندین جۆرە زیندەوەری سەروشکانی تێدادەرکەوتن وەک دوپشک وجاڵجاڵۆکە وهەزارپێیەوبۆق وهەندێک ڕوەکی قارچکی سوور کەشەپۆلەکانی دەریافڕێیان دابوو بۆ وشکانی تالەسەرتاشەبەردەکان بژی.

وەلە 400 ملیون ساڵ بەدواوە ماسیە خاوەن کەڵپەکان ودوپشکی ئاوی دەرکەوتن وڕوەکە دەفریەکانیش لەسەروشکانی دەرکەوتن.

4 -سەردەمی دیفونی: لە 417-تاکو359 ملیون ساڵ:

تیایدا لە 400 ملیون ساڵ بەدواوە چەند ماسیەکی بەڕمائی دەرکەوتن کەلوت وشەویلاکی بەهێزو وسیپەلاکیان هەبوو.

هەروەها سەروقاچدارەکانی وەک درەختە گەورەکان دەرکەوتن وپەرژینەمەرجانی وڕوەکە سەرخەسیەکان زۆرگەشەیان کرد.

5 - سەردەمی کاربۆنی: :لە 359-تاکو299 ملیون ساڵ:

سەرەتای دەرکەوتنی خشۆکەکان بوو،ماسیەکان زیادیان کرد، 200 جۆری ماسای قرش دەرکەوتن.

پاشان مێشوله وباڵندەی زەبەلاحی باڵداردەرکەوتن،هەروەهادرەختە سەرخەسیەگەورەکانیش دەرکەوتن.

لەم سەردەمە خەڵوزی بەردین دەستی بە پێک هاتن کرد، لەوسەردەمەوە جگەلەخەڵوزی بەردین ڕوەکەپەمەییە کانیشمان بۆ ماوەتەوە کەلێرەوارێکی بەرفراوانیان داگرتبوو،لەوشوێنانەی کەبە ئاوداپۆشرابوون،بۆیە درەختەسەرخەسیە درێژەکان وقەوزەش لەوسەردەمە وەک درەخت بڵند دەبوون.

ژەنگەسورەوزەردەواڵە لەوکاتە گەورەبوون، چواربااڵیان هەبووهەربااڵێک مەترێک درێژبوو،بۆقەکان قەبارەیان هێندەی گوێرەکەیەک بوو،هەندێکیان سێ چاویان هەبوون کەچاوی سێیەم لەسەرتەپڵی سەربوو،هەمیشە کراوەبوو بۆ پاسەوانی.

6 -سەردەمی بەرمائیەکان : منذ 299- 248 ملیون ساڵ:

ژمارەی بڕبڕەداروخشۆکەکان زیادی کردو لەدەریاولەوشکانیش دەژیان،وەزۆرێک لەوزیندەوەرانەی پێش ئەوسەردەمە قڕانیان تێکەوت،لەسەردەمە چینی خوێکان نیشتن بەهۆی بڵندبوونی پلەی گەرما.

چاخی سێ یەم:

٣-چاخی میسۆزی:چاخی ژیانی ناوەڕاست:

لە 248-تاکو 65 ملیون ساڵ:

دابەش دەبێ بۆسێ سەردەم:

1 - سەردەمی تریاسی:لە 250 تاکو– 180 ملیون

ساڵ:

داینا‌سۆرە سەرەتاییەکان وشیردەرەکان وکیسەکڵەکان ومێشولەکان وڕوەکەگوڵە پەمەییەکان دەرکەوتن.

ئەم سەردەمە کۆتاییەکەی بەوەکۆتایی هات کەلە 35%ی گیانەوەران لەناوچوون لە 213ساڵ لەمەوبەر،لەوانیش هەندێک لەبەرمائیەکان وخشۆکەدەریایەکان،ئەمەش وای کرد گۆڕەپانەکە بۆ داینا سۆرەکان لابارێ کە زیادبکەن.

2 - سەردەمی جوراسي: (سەردەمی داینا سۆرەزەبەلاحەکان) لە181- تاکو135 ملیون ساڵ:

لەم سەردەمەدا گیاندارانی خوێن گەرم دەرکەوتن لەگەڵ هەندێک جۆری شیردەروڕوەکی گوڵ پەمەیی وسەرەتای باڵندەخشۆکە زەبەلاحەکان بوو،لەدەریاو وشکانیدا،.

لەنێوان ساڵانی170 – 70ملیون دا جۆرە باڵندەیەک هەبوون کەڵبەوددانیان هەبوو،وەک ماردەیان فیشکاند.

هەروەها گەورەترین گیانەوەری خشۆک بەناوی دبلودوکس دەرکەوت کەلە هۆرو دەم ئاوەکان دەژیا،سەری بچوک وملی وەک ئەژدیهادرێژبوو درێژی دەکردبۆ سەر درەختەزەبەلاحەکان، .

وەخشۆکە فڕیوەکان دەرکەوتن کەبەموو داپۆشرابوون وباڵیان هەبوون لەقەبارەی هەڵۆدابوون.

وەباڵندەی ئەرکیوبترکس دەرکەوت کە کۆنترین باڵندەیە لەقابەرەی کۆترێکدا بوو.

درەختە سەرخەسیەکان زۆرگەورەبوون وگەڵاکانیان شۆڕەبوونەوە بەسەرڕووی ئاوەکاندا.

وەدرەختەکانی سنەوبەر گەڵاکانی ئەوسا پان بوو -ئێستاوەک دەرزیە-وە وەک پێست بوو.

لە 139 ملیون ساڵەوە پەپولەو ومێرولەو مێش هەنگوینی سەرەتایی دەرکەوتن،هەرچەندە جۆرێک لە قڕان بۆئەم جۆرە سەرەتاییانە لەنێوان 190 –تاکو 160 ملیون ساڵ لەمەوبەرڕووی دا.

3 - سەردەمی تەباشیری:(کریتاسي) : لە135 –تاکو ٦٥ملیون ساڵ لەمەوبەر.

لەم سەردەمە دایناسۆرەکان لەناوچوون دوای ئەوەی 100 ملیون ساڵ مانەوە.

ژمارەی شیردەرەکان زیادیکرد ،شیردەری بچوک وەک کەنگەر ودەرکەوتن،ڕوەکە گوڵ پەمەییەکان زۆربڵاوبونەوە،درەختی بەڕوو دەرکەوتن،دایناسۆری پەڕداروشێوەتیمساح پەیدابوون.

لە 120 ملیون سناڵ لەمەوبەر ماسی بکنودونتی لەرزێنەردەرکەوت.

هەروەها باڵندەی هیسبرنیس دەرکەوتن کەباڵیان نەبوو، وەنەورەسی ددانددار دەرکەوتن کە دەیانفیشکاند ودەیان بۆڕاند.

خشۆکە دەریاییەکان وەک مارماسیان درێژبوو.

لە100 ملیون ساڵ لەمەوبەر کیسەڵی ئەرکلونی دەریای دەرکەوت کەسەوڵی هەبوون وپێیان لە قرشەکان دووردەکەوتەوە.

وەلە 80 ملیون ساڵ لەمەوبەر مراوی سورولونسی زەبەلاح پەیدابوو کەلەئاودادەژیا وشەش مەتربڵندبوو وپۆپنەداربوو .

هەرلەم سەردەمە دایناسۆرێکی خوێن مژی باڵکورت وبەهێز پەیدابوو ددانەکانی دەدرەوشانەوە،کلکی گۆشتن ودرێژ بوو کەڵبەکانی بەهێزبوون،دەیفیشکاند.

ئاژەڵی ئەنکلوصوری زەبەلاح هەبوو کەلەخشۆکەکان بووپشتی کوڕوشفرەی زۆروبەهێزی هەبوو.

پێش 70 ملیون ساڵ، ئاژەڵێکی لوت درێژ دەرکەوت ددانی تیژبوون ،بەباپیری فیل و کەرکەدەن وئەسپی دەریاو نەهەنگەکان دادەنرێ.

ئەو سەردەمەداماڵینی زۆری لە توێکڵی زەوی بەخۆوەبینی، وەبورکانەکان چالاک بوون،،ڕوداوی کەوتنی ئەستێرەیەک

داینا‌سۆرەکانی بنەبڕکرد،پێش 65 ملیون ساڵ، ئەم کارەساتە لەگەڵ داینا‌سۆرەکان 50% جۆرەکانی بڕبڕەدارەدەریایەکانی لەناوبرد.

چاخی چوارەم:

. ٤-چاخی سینۆزی؛چاخی ژیانی نوێ

لە ٦٥ملیۆن ساڵە وە تاکو ئێستا:

دەکرێ بە دوو بەشەوە :

١-بەشی سەردەمی سێیەکی.

٢-بەشی سەردەمی چواریەکی

١-بەشی سەردەمی سێیەکی.:

لە٦٥ملیۆن ساڵ تاکو یەک ملیۆن و٨٠٠هزارساڵ لەمەوبەر وئەم سەردەمانەی تێدایە.:

سەردەمی بلیوسینی: لە 65-تاکو54ملیون ساڵ:

لەو سەردەمە شیردەرەگەورەکان دەرکەوتن کە پەتی ناوکیان هەبوو وەک ئاژەڵی برنتوثیریا کەدەنگێکی ترسناکی هەبوو ودڕانەکانی بریسکەیەکی ترسناکیان هەبوو،،لەشی بەمووی زۆرداپۆشرابوو،.

هەرلەم سەردەمە مشک پەیدابوو،سیخوڕی بێ دڕک پەیدابووئەسپی بچوک دەرکەوتن هێندەی ڕێویەک دەبوون، کەسمیان سێ بەش بوو.

2-سەردەمی ئەیوسینی: لە54تاکو-38 ملیون ساڵ:

گروپی جرجەکان ونەهەنگەکان پەرەیان سەند.

3- سەردەمی ئەولیجوسینی: لە38 –تاکو 24 ملیون ساڵ:

بەردە کیشوەریەکان دەرکەوتن ،باپیری فیلە میسریەکان دەرکەوتن کەئێستانەماون بەهۆی کارەساتێکە لە .٣٨ملیۆن ساڵ ڕووی داو هەندێک ئاژەڵی بنەبڕکردن وبوەهۆی دەرکەوتنی بەرازی کێوی قاچ درێژ

کەدەچوەناوڕوبارەکان، هەروەها پشیلەوکەرکەدەن دەرکەوتن کە ئەویش لەسەرشێوەی بەرازبوو، بەڵام سروشتی وەک سروشتی زەڕافەبوو.

هەروەهافیلی ئاوی دەرکەوت کەوەک ئەسپی دەریابوو .

وەجۆرەها باڵندەی بچوک وگەورە هەبوون لەناویاندا باڵندەی فوروهاکسی زەبەلاح کەسەری وەک سەری ئەسپ بوو،دەنوکی وەک بیوربوو، چاوی بێ برژانگ بوون ،گۆشت خۆربوو.

4 -سەردەمی میوسینی: لە 24 تاکو– 5 ملیون ساڵ :

فیلی میسری وئەسپ وسەگ و ورچ وباڵندەهاوچەرخەکان و مەیمون لەئەمریکاوئەوروپادەرکەوتن، لەم سەردەمەدا نەوت بووە چینێکی نیشتوو لە زەویدا.

5 سەردەمێ-بیلوسینی: لە 5-تاکو 1,8 ملیون ساڵ:.

لەم سەردەمە شێوە مرۆڤەکان دەرکەوتن ،وە نەهەنگەکان دەرکەوتن لە کیشوەرەکان.

ب - سەردەمی چواریەکی:

ئەویش دەکرێ بەدوو سەردەمەوە:

1 -سەردەمی بلیستوسین: لە1,8 ملیۆنێک و٨٠٠هەزار ساڵ، تاکو -0 1100 یازدە هەزار ساڵ پێش ئێستا:

سەردەمی سەهۆڵبەندانی کۆتایی تێداهاتووە،کەبوەهۆی لەناوچونی شیردەرەبڕبڕەدارەکان، پێش ئەو سەهۆڵبەندانە پێش ملیۆن ساڵ زەوی گەرم بوو،لەوکاتەدا ئەسپی زەرافەهەبوو کە قۆچی هەبوو،کلکی وەک کلکی کەربوو ،پێستی بەڵەک بوو.

لەم سەردەمەدا مرۆڤی عاقڵ دەرکەوتوە.

فیلی ماستدون وماموس وچەند جۆری ترلەمسەردەمە ژیاون، لەم سەردەمە گروپی سەنوری وپڵنگیەکان هەمەچەشن بوون.

لەدوای توانەوەی سەهۆڵ بەندان پێش

10هەزارسااڵ زەوی بە درەختی کورتەباڵای سنەوبەرو بەتولا داپۆشرابوو.

2 - سەردەمی هولوسيني: لە11000 تاکو یازدەهەزارسااڵ تاکو ئێستا :

کۆتاسەردەمی جیۆلۆجیە کە مرۆڤ تیایدا گەیشتوتە چڵەپۆپەی پێشکەوتن، نوسینی دۆزیوەتەوەو ژیارو شارستانی و تەکنەلۆژیای داهێناوە..

ئەمە ی سەرەوە لە ویکلیپیدیاوچەند سەرچاوەیەکیترو ئەوەی خوارەوەش

لەئسکلۆپیدیای عەرەبی ئاسان ی دکتۆر محمد شفیق غربال هێناویەتی:

یەکەم:چاخی جیۆلۆجیە دێرینەکان،ئەم چاخە بە پێنج سەدملیۆن ساڵ دەخەملێنرێ ولەم چاخەدا چەندین چۆری بەردو چینی شاخ وکانزا پێک هاتوون .

دووەم :چاخی دەرکەوتنی ژیانی یەک خانەیی ڕوەکی وڤایرۆسی، جیۆلۆجیەکان لەم بەشە جیاوازی زۆریان لەنێوانیان داهەیە،ئەم چاخە وەک بازنە بێ سەروشوێنەکە،حلقە مفقودەکەی نێوان بێ گیان وگیاندارەکانە وبەچاخی پێش کمبری ناوی دەبەن وبەملیۆنان ساڵ دەی خەملێنن.

سێ یەم :چاخی کۆنی جیۆلۆجی ،کە دابەش دەکرێ بۆ قۆناغەکانی: - کیمبەری،-ئەردۆفشی،-سیلۆری. وەدەڵێن سێ سەدووپەنجا ملیۆن ساڵی کێشاوە.لەم چاخەدا گەشەی ڕوەک ودارستان گەیشتوتە ترۆپکە ،دیارە ئەمە چاخی یەک کیشوەری زەمینە.

چوارەم:چاخی ناوەڕاست ،ئەم چاخە چاخی زاڵ بوون ونغرۆبوونی وشکانیە و دەرکەوتنی زەریای تیتسە، تا وای لێ هاتوە کە وشکانی وەک چەنددوورگەیەکی لێک دوور گیری خواردووە،ئەم چاخە کە دابەش دەکرێ بۆ تریاسی وجوری وتەباشیری ولەم چاخە دا خشۆک ودایناسۆرە کان وخشۆکی فڕیوو ژیاون وبەچاخی خشۆکە زەبەلاحەکان دەناسرێ، سەد وبیست وپێنج ملیۆن ساڵی کێشاوە..

پێنجەم:چاخی جیۆلۆجی نوێ،ئەم چاخە حەفتا ملیۆن ساڵی کێشاوەو دیارەکە شیردەرەکان لەم چاخە پەیدابوون وداینا‌سۆرەکان وخشۆکە زەبەلاحەکان نەماون،جوڵەی کیشوەرو زەریاکان بەردەوام بوون،

ئەم چاخانە هەرچەندە دوو ملیار ساڵیان کێشاوە،بەڵام هەروەک چوار ڕۆژەکەی قورئان و تەوڕاتن، هەمان شت کەلە سفری تکوین لەو چوار ڕۆژە باس کراوە،لەو چوار چاخە دوومليارساڵیەش هەمان شت دەرکەوتووە، ئەمەش پشتگیریەکە بۆ ئەوە کە تەوڕات وقورئان تائێستا لەگەڵ ئەم بیردۆزوتیۆرو گریمانانە نەیانتوانیوە کەلە چوارچێوەی جیهانبینی سفری تەکوینی تەوڕاتی وقورئانی دەرچن، چۆنێتی چوار ڕۆژەکانی دروست کردنی زەمین ودوو ڕۆژی بەرگە هەواو دابەش کرانی زەمین بۆ حەوت کیشوەروحەوت زەریاوئاسمانەکان بۆحەوت چین لە قورئان وفەرمودەش دا لەگەڵ سیناریۆی پێک هێنانی تەوڕات بۆ بونەوەران یەک شێوەن وهەموویان لەگەڵ ئەم گریمانەوبیردۆزەی جیۆلۆجیانە تەسدیقی یەکترەکەن ویەکتر تەواو دەکەن.

یەکەی سێزدەهەم:

لەبەشەکانی پێشوو ئەوەی کەدەگوترا کەبەریەککەوتن لەنێوان دەقەکانی دین وگریمانەوتیۆریەکانی زانست هەیە ڕەویەوە، لەم بەشەدا باسی گرێژەنەیەکی دیکەی جیاوازی نێوان دەقی دینی وگریمانەی شوێنەواری بۆ پەیدابوونی مرۆڤ ،کە جیاوازیەکەی دروست کردنی زەوی وئاسمانەکان لای زانست ١٣ملیارساڵ بوو ،لای دین٦شەش ڕۆژبوو، بەڵام دەرکەوت کە جیاوازی لەنێوان ئەودوو گوتەیە نیە وبەهۆی لێکدانەوەی هەڵەوە وادەزانرێ بەریەک کەوتن لەنێوان زانست وتێکستە دینیەکان هەیە.

ئەم بەشە لای دین ئادەم ٨هەزارە هاتۆتە سەرزەوی وئێستا سەرەتای هەزارەی نۆیەمیەتی.

بەڵام لای شوێنەوارناس ومێژوونـاسان دەڵێن شەش ملیۆن لەمەوبەرئێسک وپروسکی پەیکەری هاوشێوەی مرۆڤ دۆزراوەتەوە، ئەو هاوشێوە مرۆڤانەی کە شوێنەوارناسان دەیانکەنە بەڵگەی ڕاستی بۆچونەکەیان ودەڵێن ئەمانە بە ملیۆنان ساڵ پێش ئادەمی تەورات وقورئان هەبوون بەکورتی ئەمانەن:

١-هوموناليدي=مرۆڤی نالیدی کەلە 6 یان 5 ملیون ساڵ لەمەوبەرهەبووە.

٢-پاش مرۆڤی نالیدی ڕەچەڵەکی مرۆڤی ئەنامنیس پەیدابووە لە 4 ملیون ساڵ پێش ئێستا،وەبۆماوەی دوومڵیۆن ساڵ ئەم ڕەچەڵەکە بەردەوام بوون، پاشان لەناوچوون.

٣- پاش ئەم دووانە ڕەچەڵەکێکی تری مرۆڤان هات کەلەودوانە پێشکەوتووتربوو،ناویان ناوە ئەوسترالوبیثکش =مرۆڤی ئەسیوپی ،کەلە ملیۆن ونیوێک ساڵ پێش ئێستا پەیدابووە.

٤- ڕەچەڵەکی چوارەمی مرۆڤایەتی پێش 500 هەزارساڵ پەیدابووە کە پێی دەڵێن مرۆڤی وارتیکس = هوموارتیکس وەتا 100هەزارساڵ پێش ئێستا لەناوچوو،ئەم ڕەچەڵەکە لەباکوری ئەفریقیاوڕۆژهەڵاتی ئاسیانیشتەجێ بووە..

٥- بەرلە200هەزارساڵ بەرلەئەمڕۆ ڕەچەڵەکی نیاندرتاڵ لەئەڵمانیا پەیدابوون،ئەمانە ماوەیەکی درێژ لەگەڵ ڕەچەڵەکی پێش خۆیان ژیاون بەڵام لەوان پێشکەوتووتربوون.

هەمووئەم ڕەچەڵەکانەلە پێکهاتەی لاشەیان جیاوازبوون..

ئەم بابەتە چەندین کتێب وتوێژینەوەی زۆری لەسەرنوسراوە ودەیان ناوی شێوەی مرۆڤ لە کیشوەرەکانی جیهان دۆزراوەتەوە کەئەمانە بەناوبانگەکانیانە،وەچەندین شوێنەوارناس پێشبڕکێیان کردوە بۆتۆمارکردنی زیاتری ئەم پەیکەرەشێوەمرۆڤانە ،ناوی ئەوشوێنانەی کە پەیکەرەکانی لێ دۆزراوەتەوەبەسەر ناوی پەیکەروڕەچەڵەکەکاندا بڕاوە.

بەڵام کۆنینەکانیش لەم بونەوەرانە بێ هەواڵ نەبوون،بەڵکو تەفسیرزان ومێژووناسانی مسوڵمان وجگە لە مسوڵمان باسی ئەم دروستکراوانەیان کردوە، هەواڵگێڕەرەوە کۆنەکانیش لەئوممەتانی پێشین گواستویانەتەوە کەلە پێش پەیدابوونی مرۆڤ وجن لەسەرزەوی هاوشێوەی مرۆڤ هەبوون ،ئەمەش شەش جۆرە لە بەناوبانگترین ئەوجۆرە کە باس کراون لە کتێبەکانی تەفسیرو مێژوو.:

1- الِبن: بینەکان:

ئەم بونەوەرە لەدوای جێگیربوون وتۆکمەبوونی زەوی ،ئامادەبوونی بۆ ژیان،ئەم جۆرە بونەوەرە ژیاون، لەوەیە لەوجۆرانەش زۆرکۆنتربێ کە شوێنەوارناسان باسیان کردووە،ئەم بینە یەکەم دروستکراوی عاقڵ بووە کە داوای هیچ ئەرکێکی لێ نەکراوە،زیادبوونی لەڕێی زاووزێ وەنەبووە،،بەڵکو وەک ئەمیبا بەلەت لەت بوون زۆردەبوو،ئەوبەشەی کەئەم بونەوەرەی لێ دروست دەبوو لەبینێک شێوەی کرمێک هەڵدەوەری وگەورەدەبوو تاوەک مەیمون وشێوەمرۆڤ پەیکەری لاشەی بۆدروست دەبوو، ئەم بینە تا پیردەبوو ودەمرد ولاشەکەی شی دەبوەوە چەندبینێکی تری لێ دروست دەبوو.

هەندێک لە جیۆلۆجیانی نوێ وادەبینن کەئەم جۆرە بوونەوەرە لەسەردەمی بڕۆنزی پێش دوو ملیارونیوساڵ لەم ڕۆ بووبێ ،لەوکاتەی کە زەوی یەک کیشوەری بانجای لکاوبووە بە ئەنتارتیکای جەمسەری باشور وپێیان گوتوە بانجا وتەنیادەریالوش وزەریایەکیش هەبووە کە دەوری ئەم ووشکانیەی داوە.

بین کاتێ لەناوچوو کە قەوزەوجومگەداروماسی زۆربوون وڕوبەری دەریاکان زیادی کرد و وشکانی کەم بۆوە ئەمە وای کرد بین لەناوبچن وبونەوەرێکی دیکە بەناوی حن دروست ببن.

2- الحن:حینەکان:

ئەم حینانە لەتێکەڵەی قوڕو گەڵای داران پێک دەهاتن،لە قوڵایی ئاوەکان دەستیان بەگەشەکردن دەکردوتێکەڵی قەوزەوڕوەکی دەفری وگەڵای

درەختی سەرخەسی دەبوون،ئەم ڕۆەک ودرەختانە لە سەردەمی بایۆلوزی یەوە هەبوون ،بەڵام مەرج نیە هەرکە ئەم درەخت وڕۆەکانە دەرکەوتون حنیش دەرکەوتبن، گرنگ ئەوەیە کاتێک حینەکان دەرکەوتن ئەم ڕۆەک ودرەختانە هەبوون.

جاهەرکە حینەکە قاچی لەسەرزەوی دادەنان زۆربەخێرایی زۆردەبوون،وەلە کاتی هاتنە ناوئاو ڕەگەکانی گەشەیان دەکردوەبەخێرایی کانزاکانی زەویان دەمژی وقەدیان ئەستوردەبووکەلە تەختەبوو،وە لقیان وەک قاچ بۆخۆیان پێک دێنا وبەخێرایی جوڵەی دەکردبەمەش جێگای بە بینەکان لەق کرد،بینەکان بوونە خۆراکێکی بەچێژبۆ حینەکان،حینەکان بینەکانیان دەکردە دەفروئینجانەو لەناو وان گەشەیان دەکرد بەڵام ئەم یەک گرتنە وای کرد لەوپێک هاتە نوێیە هەردوو حین وبین لەناوبچن وبونەوەرێکی نوێ بەناوی خین بێتەدی..

3- الخن:خینەکان:

ئەم خینانەش لەگڵ وگەڵاوئاو پێک دەهاتن ولەسەر بونەوەرە دەریایەکان دەژیان،لاشەیان پڕۆتینی تێدابوو،یەکەم دروستکراوبوو کە خوێن لە پێک هاتنی دا هەبوو،شیردەربوو، وەک خشۆک ڕێی دەکرد، زەبەلاح بوو ،لەحین وبین بەهێزتربوو بەتەواوی حنەکانی لەناوبردن.

جیۆلۆجیەکان سەردەمی ئەم بونەوەرە بەکۆتایی سەردەمی بالیۆزی وسەرەتای میسوری دەقەبڵێنن،شەڕی لەگەڵ منەکانیش کردوە کەدوای ئەوهاتن،داینا‌سۆرەکان کەلە 240 ملیون ساڵ پێش ئێستا پەیدابوونن، خینەکان پێیان نەوێران وداینا‌سۆرەکان لەناویان بردن..

4- المن:مینەکان:

وەچەی ئەوبینانەن کە تاک وتەرامابوونەوەو لەئەشکەوتەکان خۆیان شاردبۆوەلەترسی حینەکان،مینەکان وەک حین خینەکان بەهێزنەبوون، کوێربوون وچاویان نەبوو، بەدووشێوە زیاددەبوون ،وەک بینەکان بەڵەت بوون،یان بە زاووزێ لەگەڵ گیانەوەروئاژەڵان، لەبەربێ هێزیان

وزاووزێیان لەگەڵ گیانەوەرانی دیکە لەناوچوون ،چونکە ئەوەی لەو زاووزێیە لەدایک بوو مین نەبوو،بەڵکو دینەکان بوون.

5- الدن:دینەکان:لەزاووزێی نێوان مین وئاژەڵان پەیدابوون،چوارپێ بوون،عەقڵیان هەبوو،ئەمانە چونکە مەسخ بوون وزاووزێیان نەبوو هەرزوو گۆڕان بۆ چەند بونەوەرێکی ترو لەناوچوون..

6- النس:نسناسەکان:ئەم نصناسانە ،هەربە وشکە دیارە کە نیوە مرۆڤ بوون، نوسراوەکۆناکان دەڵێن یەک قاچ ویەک دەست ویەک چاوو یەک گوێ ویەک لاتەسەرو شانیان هەبووە، شیق ولەتەی کاهنی بەناوبانگی یەمەن لەئەمانەبووە، دەڵێن کەیەمەنیەکۆنەکان ڕاویان کردون وگۆشتەکەیان خواردوون،هەندێک بە باپیرانی مرۆڤیان زانیون، ئەم دروست کراوانە هەموو پێش جن و مرۆڤ هەبوون وپەیوەندیان بە مرۆڤ وئادەمیزادەوە نیە. جلال الدینی سیوتی و زۆرێک لە مێژوونا سە مسوڵمانەکان کەم وزۆر ئاماژەیان بەناوی حەن وبن وخین و....نەسناسەکان کردوە .

٧-ئەنانۆکیەکان وئەفسانەی سۆمەریەکان:

ئەم ئەفسانەش ئێستا ل یۆتۆپ زۆرباس دەکرێ ،گوایە ئەمانە پێش ٥٠٠هەزارساڵ لەمەوپێش لە ئەستێرەی نیبیرۆ هاتوونە سەرزەوی تاکانزای زێڕ لەزەوی کۆبکەنەوەوچارەی ئەستێرەکەیانی پێ بکەن کەیەک ڕۆژی سێسەدوشەست هەزارساڵی ئێمەیە، ،بۆ ئیش کردن یاجوجەکانیان پێک هێناوە، کەیاجوجەکان لێیان یاخی بوون ئادمویەکانیان دروست کردوە ،بەڵام ئەمانیش زۆربوون ،ئادمویەکان کوڕی ئانکی خوای زەوی وئان خوای ئاسمانن ،پاشان لافاوی سەرتاسەری هاتوەو وئان وئانکی نەوەکانیان فێری کەشتی دروستکردن کردوەو بەوهۆیەوە نەوەی ئادمویان پاراستوە.

ئەم ئەفسانەی سۆمەری لای قەفقاسیەکانیش بە شێوە گێڕانەوەیەکی تر هەیە وئەوان دەڵێن کە قەفقاسیەکان خەڵکی سەرزەوی نین، بەڵکو

ئەستێرەکەیان فۆتۆنە کەلەنێوان مەریخ ومشتەری بووەو بۆتە کۆمەڵێک کلکدار ئەوانیش ڕایانکردۆتەسەرزەوی وئاوەدانیان کردۆتەوە.

ئەم ئەفسانە زۆر گێڕانەوەی تریشی لەناومیسر و مایۆو گەلانی تریش هەیە کە ئامون رع یان زیۆس ،یان برەهما چۆن مرۆڤیان دروست کردوە،

وە لەناو کتێبی کەنزبرای سابئەکان زۆربەدرێژی باسی ئادەم وباوکی ئادەمیشی تێدایە ،وەباسی ئەو فریشتەوبونەوەرە ڕوحانیانەش دەکاکەلەگەڵ ئادەم وحەواهاتوونە سەرزەوی ،ئەمانەش وەک ئەنانوکیەکانن.

چیرۆکی لەوبارەوە لەناوەفسانەکان زۆرن بەڵام تاکە ڕاستی کەلێیان وەردەگیرێ ئەوەیە کە مرۆڤایەتی لەبنچینەوە لەسەرزەوی نەبوون ولە ئاسمانەوە هاتوون، ئەفسانەکان زۆریان باسی دواڕۆژی بەیەک گەیشتنەوەی ئادەمیزادو بونەوەرەئاسمانیەکان دەکەنەوە،جایان ئەوان دەگەڕێنەوە یان مرۆڤ دەچنەوە ئاسمان، لەئەم ڕاستیەشدا ئەفسانەکان هەرئەو ڕاستیەی دینەکان دووبارە دەکەنەوە کە لەتەوڕات وسفری یۆحەنای ئینجیل وکەنزرب ی سابئی وقەندیادی زەردەشتی وقورئان وسونەتیش باس کراوە کە اللە دێ بۆ سەرزەوی مەحشەر ،بەڵام ئەوزەویە ئەم زەویە نیە، زەوی مەحشەر زۆر لەم زەویە گەورەترە کە جێی ئەم هەموو ترلیۆنەهامردوەی ئەم هەمووچاخانەی تێدادەبێتەوەو ئاژەڵەکانیش کەبەدرێژایی ئەم ملیاران ساڵە هەبوون زیندوو دەبنەوە، ئەوەکەلەسەرئەم زەویە بێ هەرگیزجێیان نابێتەوە.

هەرئەم زەویە کە خانەوشانە هەڵوەریوەکانی ئەم هەموو گیانەوەرانەی لەسەر مابونایە ئێستا زەوی لەکۆمەڵەی خۆردا جێی نەدەبووەوە هێندەزەبەلاح دەبوو، بەڵام اللە لەسورەتی ئەنبیادەفەرموێ:ئایانابینن ئێمە دێینە سەرزەوی ولە لاتەنیشتەکانیەوە لێی کەم دەکەینەوە؟-ننقصها من اطرافها-

ئەم خانانە بۆ کوێ دەبا؟ بێگومان بۆ قوڵایی گەردوون تائامادەیان کا بۆ هێلانەی ڕوحەکانیان.

ئێمەدەزانین زەوی مەحشەریەک پرد لەبەهەشتی جیادەکاتەوە،بەهەشتیش ناوەڕاستەکەی فیردەوسە ،میچی فیردەوس عەرشی رحمانە، کەواتە لەسەروئاسمانی حەوتەم وکورسیشە ،جاکە زەوی مەحشەرلەوێ بێ،دەبێ ملیۆنان ساڵی تیشکی لە ئاسمانی یەکەم دووربێ کەئەم زەویەی ئێمەی لێیە.

لەم باسەی ڕابورد ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە داروین وئەوروپیەکان یەکەم کەس نین کەباسی ئەوەیان کردوە کە بونەوەران وڕەچەڵەکەکان هەندێکیان لەهەندێکیان کەوتونەوە،ئەوەتا ئیبن مەسکوییە وئیبن حوقل وئیبن خلدون وبەتلیموس وزۆرێک لەزانایانی کۆن پێیان وابووە کە جیهانی بێ گیانەکان لەئاسۆی سەرەوەی پەرەسەندوی دەگاتە نزمترین ئاستی ڕووەکەکان،وەبەرزترین ئاستی ڕوەک دەگاتە نزمترین ئاستی گیانەوەرەکان،وەبەرزترین ئاستی ئاژەڵانیش دەگاتە نزمترین ئاستی مرۆڤەکان، وەبەرزترین ئاستی مرۆڤەکانیش دەگاتە نزمترین ئاستی فریشتەکان ،،،،

من لە شوێنی تریش قسەم لەسەرئەم هەڕەمە کردوە کە ئەم بۆچوونە لەوانەیە بۆ ڕوەک وئاژەڵ وبێ گیان ڕاست بێ بەڵام بۆ مرۆڤ وفریشتە وجیهانی ڕووحانی ڕاست نیە،وەباشی وخراپی وپلەداریش ئێمە نازانین کە ڕوەک باشترن یان ئاژەڵ؟؟

" د. موریس بوکاي دەڵێ: " تەمەنی مرۆڤ لەسەرزەوی زۆرلەوەکۆنترە لەوسەردەمەی کە سفری تکوین بۆ یەکەم مرۆڤی دیاری کردوە،کەواتە مەحاڵە کە پێک هاتنێکی ڕۆشن لەنێوان سفری تکوین وئەم زانستەی ئەم سەردەمە سەبارەت بەدیاری کردنی سەرەتای مرۆڤایەتی بکرێ.. "

سلامة غنمي دەڵێ:

" ئێمە مێژووی دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەرزەوی بەتەواوی نازانین،بەڵام دەتوانین بە پشت بەستن بەشوێنەوارەکانی کاری مرۆڤکرد بڵێین کە پێش دەهەزارساڵ بوونی هەبووە، لەوە زیاتر وکۆنتر ئەوانی تر

جێی گومانن.بۆیە کە لەڕوی زانستی شوێنەواریشەوە دیاریکردنەکەی سفری تەکوین کەبە ساڵی 5760 ساڵ پێش زاین دادەنرێ...

ئەگەر تەمەنی گەردوون دوازدەمانگ بێ،ئەوەدەکرێ بڵێین کە کۆمەڵەی خۆر بەپێی گریمانەکان لە مانگی دووداد درووست بوو،،ڤایرۆس وئەمیبیا لە مانگی سێ دەرکەوت،،داینا سۆرەکان لەمانگی یازدە دەرکەوتن،بەڵام مرۆڤ لە ٣١-١٢لەکۆتاڕۆژی ساڵەکە دەرکەوت ئەویش لە سەعات پێنجی دوای عەسری ئەوڕۆژەدا .

ئەم بەراوردە بۆیەکەم جار پێغەمبەرعلیە السلام کردویەتی کاتێ تەمەنی شەش ڕۆژەکەی باس کردوە فەرمویەتی کە ئادەم علیە السلام لەکۆتا سەعاتی ڕۆژی جومعە دروست کراوە،پێغەمبەرمان تەمەنی دروست کردنی ١٣ملیارساڵەکەی کردۆتە حەفتەیەک، مەبەست لەم چڕکردنەوەش بۆ ئەوەیە کە ئێمە دڵنیابین کە تەمەنی جیهان زۆری نەماوەو ئێمە لە دوا چرکەساتەکانیداین، ئەوەتا لەقورئاندا الله بە موسی دەفەرموێ کەپێش چەند هەزارساڵ لەمەوپێش هاتووە:

إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا تَسْعَىٰ

{إن الساعة آتية} دیارەکە بەیەقین ڕۆژی قیامەت وابەڕێوەو هەردێت {أكاد أخفيها} (قەتادە) ئەڵێ: واتە: من دەمەوێ تەنانەت لە خۆشمی بشارمەوە، چ جای لە فریشتەو لە پێغەمبەرانیش، واتە: جارێ بۆ هیچ کەسێك ئاشکرا نەبێت. (ئیبن عەباس) ئەڵێ: بێجگە لەخۆم کەسێکی لێ بەئاگا ناکەم. (سدی) دەڵێ: لەئاسمان و لەزەویدا هیچ کەسێ نیە کە الله کاتی هاتنی قیامەتی لێ نەشاردبێتەوە. {لتجزى كل نفس بما تسعى} ئەو ڕۆژە دێ، هەتا هەموو کەسێ لە بەرامبەر هەوڵ و تێکۆشانی خۆیەوە پاداش و تۆڵەی دەسکەوێ

[سورەتی طه:15]

وەپێغەمبەر علیه السلام دەفەرموێ:من لەگەڵ هەناسەی ڕۆژی قیامەت ڕەوانه کراوم.

هەروەها لەسوڕەتی ئەعراف هاتووە:

يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ثَقُلَتْ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً يَسْـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِىٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ

{يسألونك عن الساعة} له بابەت ڕۆژی قیامەتەوه لێت دەپرسن: {أيان مرسيها} کەی ڕوو دەداو دێتەدی ودەنیشێ ؟ {قل إنما علمها عند ربی} پێیان بڵێ: تەنها پەروەردگارم دەزانێ کەی دێت {لا يجليها لوقتها إلا هو} ئەو نەبێ هیچ کەسێك ناتوانێ لەکاتی خۆیدا بیخاتە ڕوو و دیاریی بکا {ثقلت فی السموات والأرض} هەڵهینان و زانینی هاتنی کاتی قیامەت بۆگشت ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەوییدان قورس و سەختە ،ئاسمانەکان وزەوی دادوبێدادیانە لەدەست گرانی پاراستنی ئەونهێنیە،{لا تأتيكم إلا بغتة} هەر کتوپڕێك بۆتان دێ،لەنکاو ڕووەدا.. (تەبەریی) ئەم فەرموودەی پێغەمبەرە دێنێ: کە ڕۆژێ قیامەت دەرگا بە مەردم دەگرێ، خەڵکیش بێ ئاگایە لێی، یەکێ گۆلاوەکەی چاك دەکا، یەکێ ئاوی مەڕو ماڵاتەکەی دەدا، یەکێ لەبازاردا کاڵاکەی دەفرۆشێ ، تەرازووەکەی بەرزکردۆتەوه ، نزم کردۆتەوه.

{يسألونك كأنك حفی عنها} جۆرێك لەتۆ ئەپرسن-ئەی موحەممەد(علیه السلام)!-وەك تۆ لە زانینی هاتنەکەیدا پسپۆڕ بیت {قل إنما علمها عندالله} تۆیش بڵێ: تەنها هەر الله خۆی دەیزانێ 'هیچ کەسی تر نایزانێ. {ولكن أكثر الناس لا يعلمون} بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە ڕاستییەکان نازانن.

[سوڕەتی الأعراف:187]

پێوەری کارداشیف بۆ پۆلێن کردنی ژیارەکانKardashev scale :

لەدوای ئەوەی مرۆڤ بەئەزمون بۆی یەکلابۆوە کە ڕادەی تێگەیشتن وزانستی ئەو گۆڕانکاری لە گوزەرانیدا بەرپادەکا تێڕوانینی بۆ زۆرێک لە ڕەهەند وبوارەکان گۆڕا، هەموو زەوی لەقۆناغی ڕاوشکاردا بەشی چەند هەزار مرۆڤێکی دەکرد، چونکە ئەو ڕاوچیانە پێویستیان ە ئەشکەوتی پارێزەر لەدڕندەکان وشەختەوبەندەکان و بوونی گیانەوەرو ئاژەڵی پێویست بۆ دابین کردنی بژێویان هەبوو.

کەچی هەرئەو زەویە لەقۆناغی ئاژەڵداری وکشتوکاڵیدا جێگای گوزەرانی دەیان ملیۆن مرۆڤ بوو، چونکە مرۆڤ توانای وەبەرهێنانی زیاتری ووزەی کەرەستە ئۆرگانی ونائۆرگانیەکانی هەبوو.

دواتر کە مرۆڤ دیاردەی ڕەشەباو وشەپۆل وخێزاوو نیشناوی لەدەریاوانی وکشتوکاڵ دا بەکارهێنا و سەرچاوەیەکی تری وزەی دۆزیەوەو توانی ژمارەی زیاتری مرۆڤ بەخێوبکا.

کاتێ بواری کانزاکاری وبیناکاری وپیشەسازی پێشکەوت مرۆڤیش توانی زیاتربە پاراستنی خۆشگوزەرانی و تەندروستی وئاسایش ومانەوەی خۆی بدا وژمارەکە ڕۆژبەڕۆژلەهەڵکشاندا بوو تا مرۆڤ توانای بەرهەم هێنان وژێربارخستنی ووزەی زیاتر هەبێ ژمارەی زیاتر دەبێ و قوڵاییەکان وڕەهەندەکان باشتردەدۆزێتەوە ، کە مرۆڤ بەکەشتی کیشوەرەکانی دۆزیەوە بە هێزی هەڵم ژێرزەریاودەریاکان گەڕا ، دواتر بە ئاسماندا لەگەڵ باڵندەکان فڕی و چوەناوبۆشاییەوە.

ئێستا هەر توانای ژێربارخستنی زیاتری وزەیە کە توانانای ئەوەبەمرۆڤ دەدا کە ئەگەر توانای دارایی هەبێ دەتوانێ هەموو دانیشتوانی دەڤەری ڕووپەڕین لە چەند تاوەروئاپارتمانێکی هەوربڕ جێبکاتەوە .

لەم ڕووماڵە بۆمان سەلما تامرۆڤ زیاتربنوانێ ووزە ژێرباربخا توانای دابینکردن وبژێوی وپاراستنی بۆ ژیان زیاتر وسەروەری وهەژمونی دەسەڵاتی فراوانتر دەبێ .

هەرئەم بیرکردنەوە زانایەکی سۆڤیەتی پاڵدا بۆ داهێنانی پێوەری کارداشیف بۆ پۆلێن کردنی ژیارەکان.

ئەم پێوەرە ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هەر ژیارێک گرێ دەدا بە بڕی ئەو ووزەی کەئەوژیارە دەتوانێ وەبەری بێنێ وسەرەتائەم پێوەرەسێ ئاستی بۆ دانرا بوو .

لە گەرمەی مل ملانێی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپا و ئەمریکای سەرمەیەداری لەبواری چەکسازی و پێشبڕکێیان بۆ چوونە بۆشایی ئاسمان ، سەرەتا ئەمریکیەکان پێش سۆڤیەت دەستیان کرد بەگەڕان بەدوای بوونەوەری زیرەک لەدەرەوەی هەسارەی زەوی .

لەساڵی ١٩٦٤ زانای بواری فیزیای بەرەگەز رووسی (نیکۆلای کارداشیف) تیۆریەکی بلاوکردەوە لەسەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، تیۆریەکە باسی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا دەکات کە تاچەند دەتوانێ کۆنترۆلی ووزە بکات.

(ئاستەکانی کارداشیف(Kardashev Scale)

) بریتیە لە ئاستەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی ووزە، واتا ئەو تەکنەلۆژیایەی لەبەردەستماندا هەیە تا چەند توانیومانە کۆنترۆلی هەسارەکەمان بکەین و سوود لە تەواوی ووزەکەی وەربگرین؟

(میشۆ کاکۆ) کە یەکێکە لە گەورەترین زانای فیزیک لەم سەردەمەدا لەم بارەیەوە دەڵێ (بەپێ ی ئەم پێوەرە ئێمەی مرۆڤایەتی نزیکەی پێویستمان بە سەد ساڵی تر هەیە تا تەکنەلۆژیاکەمان بەرەو پێشببەین ئینجا دەگەین بە ئاستی یەک .

(Michio Kaku) دەڵێ ئاست وڕادەی پێشکەوتنی سەدساڵی داهاتوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئایا شایانی مانەوەو بەرەوپێش چوون بەرەوئاستی یەک و ئاستەکانی تردەبین ؟ یان هەرلەم ئاستی سفرە دەمێنینەوە؟؟ دواجار مانەوەمان لەسفر واتە مردن وکۆتایی هاتنە بە ژیاری مرۆڤایەتی وزەوی .

زانایان دەڵێن هەتا ژیار زیاتر پێش بکەوێ ، ئاستی پێویستیەکانی بۆ ووزەش بەرەو هەڵکشان دەڕوا ، چونکە بەردەوام دانیشنوان زیاددەکەن و چالاکیەکانیان وداهێنانەکانیان ڕوو لەهەڵکشانن کەواتە ئەم فراوانیە دەبێتە هۆی هەڵکشانی پێداویستی ووزە ، بە ئەم پێوەرە بێ ڕۆژێک دەبێ ئاستی پێداویستی مرۆڤایەتی بڕی

بەئاستی ووزەی هەسارەیی کە 16^10 واطە تێدەپەڕێنێ وبەمەش دەگاتە ئاستی یەکەمی ژیار .

وەکە مرۆڤایەتی هیچ نسۆوکارەساتی توش نەبن و هەرلەهەڵچوون دابێ لەداهێنان و زۆربوون ، ڕۆژێک دەبێ ووزەی زەوی هەسارەیی بەشی نابێ و پێویستی بە ئاستی ووزەی خۆری 26^10 واط بێ . بەمەش دەگاتە ئاستی دووەم .

وەکەڕەوتەکە هەربەردەوام بێ وهیچ کارەساتێکی سروشتی پاشەکشە بە مرۆڤ نەکا سەردەمێک دێ کە پێداویستیەکانی ژیاری مرۆڤ لە وەبەرهێنانی ووزەی کۆمەڵەی خۆریش زیاتردەبێ و پێویستی بە ئاستی ووزەی مەجەڕەیی 36^10 واط ببێ لەوکاتەدا دەگاتە ئاستی سێیەم .

هەرچەندە هێشتاڕەگەزی مرۆڤایەتی بەشێک نیە لەم هاوکێشەونەچۆتە ناوئەوبازنەوە ، مادام تاکو ئێستا ووزەکەی خۆی پاشماوەی لە ڕووەکەکان و

زیندەوەران لەسەرزەوی بەدەست دێنێ - کەبێ گومان خەڵوزی بەرد ونەوت وغاز وخوشکەکانیان هەموو پاشماوەی ڕووەکی و گیانەوەرانن-بۆیە ئێمە تائێستا هەرلە قۆناغی سفری ژیارەکانین .

بەپێی ئەم پێوەرەبێ کە دوای تاواوبوونی نەوت وغاز و هەموو کانزا کان کەتوانیمان ڕێژەی ووزەی هەسارەیی لە ووزەی پاک وبێ ئەکسەدە وسوتان بۆ مرۆڤایەتی دابین بکەین ئەوە گەیشتوینە قۆناغی یەکەم .

نیکولاي کارداشیف زانایەکی فیزیایی وفەلەکناسێکی سۆڤێتی بوو ،لەساڵی١٩٣٢ لە دایک بووە و لە ٢٠١٩ مردوە .

زانکۆی لە مۆسکۆ لەساڵی ١٩٥٥تەواوکردووە ولەساڵی ١٩٦٢ لە بواری بیرکاری فەلەکی دکتۆرای هێناوە ، بە پێی پسپۆرییەکەی و مل ملانێی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا لە دەستگرتن بەسەربۆشاییدا لەساڵی ١٩٦٣ز وەک یەکەم هەوڵی سۆڤیەتیەکان بۆ گەڕان لە زیرەکەی دەرەوەی زەوی لێکۆڵیناوە لە نیمچە ئەستێرەی سي تي إيه 102»، پێ سپێردرا. ئەم نیمچە ئەستێرەی کە هەرچەندە زۆر لە مەجەرەکەشمان دوورە وبەنۆ ملیارساڵی تیشکی تیشکەکەی دەگاتە ئێمە و قەبارەکەشی لە مەجەرەکانی تر بچوکترە ، بەڵام جیاکەرەوەی ئەم نیمچە ئەستێرە ووزە بەهێز و کاریگەرەکەیەتی کە بەهۆی ڕوناکیەکەیەوە خۆی
لەزۆرئەستێرەی ترچاکتر فەرزکردوەو ئێمە هەست
بەشەپۆلەکارۆموگناتیسیەکانی دەکەین ، ئەو کونەرەشەی لەناو ئەو مەجەرەدایە هەشت سەدملیۆن جار لە خۆرگەورەترە ،تیشکەکەی دەجار لە تیشکی هەموو خۆرەکانی مەجەرەی کاکێشان بەهێزتر و دەرەوشاوەترە.

بەهۆی ئەم پێزانینە کارداشیان گەیشتە ئەوەی کە پێدەچێ ژیارەکانی مەجەرەکانی تر بەملیاران ساڵ لە پێش ژیاری مەجەرەی ئێمەوە بن .

بەهۆی ئەم دۆزینەوە کارداشیف گەیشتە بیرۆکەی ژیاری مەجەرەکان ، ویستی پێوەرێک بۆ ئاستی ئەو ژیارانە و پۆلێن وڕیزبەندیەک بۆ هەڵسەنگاندنیان دانێ ، بۆیە لەسەرەتادا سێ ئاستی ژیاری بۆ ژیارەکان دیاری کرد.

نیکۆلای کارداششیف لەساڵی ١٩٦٤ز سێ ئاستی بۆ ژیار دانا بە پێی بەکارهێنانی وزە وقەبارەوڕووبەری توانای ڕەخساو .

هەرچەندە ئەم پێوەرانەی کارداشیف تەنها گریمانەیە بەڵام ناتوانین بەتەواوی بڵێین مەحاڵە، چونکە کات لە داهاتوویەکی دوور وەلاممان

دەداتەوە، ئەوەتا ئەو تەکنەلۆژیایەی ئێستا نزیکەی بەرهەمی دوو تا سێ هەزار ساڵ لە پێشکەوتن و کۆششی مرۆڤە.

ئاستی یەکەم ژیاری وەبەرهێنەری ووزەی هەسارەیی I بەئاستی ووزەی هەسارەیی 10^16 واط.:

بەم ئاستە دەڵێن ئاستی هەسارەیی ، واتا تەکنەلۆژیا ژیارەکە بگاتە ئاستێک کە بتوانرێ هەموو ئەو ووزەی لە خۆری ئەو کۆمەڵەئەستێرە دەگاتە هەسارەکەیان ئەو ژیارە بتوانن کۆنترۆڵی بکەن.

واتە سەبارەت بە زەوی وخۆر ئەم هاوکێشە
یەکسانەبە 1.74*1017 واط)، واتە چوار جار زیاتر لەکۆی ئەوبڕە ووزەی کە ئێستالەسەرزەوی بەکاردێ ، چونکە ئێستا مرۆڤایەتی بڕی

2*1013 واط لە ووزە بەکاردێنێ.

بە پێی لێدوانی زانای گەردوننناس

«گییرمو إیە. لمارشاند» ئەم بڕە ووزە ئاماژەپێکراوە لە ئاستی یەکەم لە داهاتوودا لە دەسەڵاتی ژیاری سەرزەوی دادەبێ کە بڕەکە
لەنێوان 1016 تاکو 1017 واط دابێ .

واتا چۆن ئێستا دەتوانین نەوت دەربهێنین ئەوا بەهەمان شێوە بتوانین کۆنترۆلی هەموو دیاردەکانی سروشت لە وشکانی و دەریاو زەریاکان،وبەرگەهەوادا بکەین ، بوومەلەرزە، ناخ و کرۆکی زەوی، کەش و هەوا، بواری کێشکردنی زەوی....هەموو دیاردەکانی تری هەسارەکەمان کۆنترۆڵ بکەین.

کەبەهاوکێشەی بەکارهێنانی بڕی ووزەی یەکسان
بە4*1019 أرغ/چرکە (4*1012 واط)» بێ .

واتە کۆکردنەوەو وەبەرهێنان وئاڕاستەکردنی هەموو ئەو ووزەکۆکراوە لەوهەسارە بۆگەشەپێدانی دانیشتوانی سەرهەسارەکە ، ئەمەش ئەوەمان

لێ دەخوازێ کە بڕی بەرهەم هێنانی ئێستامان 100,000 جار لەوبڕەی ئێستا زیاتربکەین تابگەین بە ئاستی یەکەم.

ئەم هەواڵانە هەمووی لە ئەندێشەی زانستی و ڕۆداوی فلیمەکان دەچن ، بەڵام مرۆڤەکان دەیانەوێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەنە ئەوئاستە.

لەئاستی یەکەمدا دەبێ ژیاری مرۆڤایەتی بگاتەئەوئاستەی کە کۆنترۆڵی تەواوی دیاردەسروشتیەکانی زەوی لەووشکانی ودەریاوبەرگەهەوادابکا، هەرکاتێ ویستی هەردیاردێک لەم دیاردانە دروست وکەم وزیادبکا وەک چۆن مرۆڤی ئێستادەتوانێ دەنگی تەلەفیزۆنەکەی زیادوکەم بکا.

ئاستی دووەم ژیاری وەبەرهێنەری ووزەی کۆمەڵەی خۆری II بەئاستی ووزەی خۆری 26^10 واط: واتە دە ملیاران جار زیاتر لە بڕی ووزەی ئاستی یەکەم.

تەکنەلۆژیا بگاتە ئاستێک،کە بتوانرێ بەتەواوی کۆنترۆڵی خۆر و کۆمەڵەی خۆر بکرێ و دەست بەسەر تەواوی وزەکەی دا بگیرێ ، وە بتوانرێ گۆرانکاری لە ناخ و ڕوەکەیی و جووڵەکەیی و ووزەکەیی و هەموو شتێکی وابەستە بەخۆر بکرێ .

واتە ژیارەکە لەوئاستە زۆر بەئاسانی ڕادەی بڕی ووزەی هێندەی خۆرەکەیان بەسەرکەوتوویی ئاڕاستەدەکەن وبەڕێوەدەبەن و بەرهەم دێنن وخەرجیشی دەکەن بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ مەترسیەک ببن.

وە لەهەرکاتێک ئەم ژیارە بیەوێ لە پانتایی نێوکۆمەڵەی خۆر وهەسارەکانی ومانگەکانی و کلکدارەکانی وخولگەکانی گەشت بەهاوڵاتیانی بکات وەک چۆن دەوڵەتە کانی ئاستی سفر دەتوانن هاتوو چۆی هاوڵاتیانیان لەناوشارەکانی وڵاتەکانیان دابین بکەن .

لەم ئاستەدا دەتوانرێ گریمانەی بەرگەهەوای دایسۆن (‘hypothetical ‘Dyson Sphere).

پێک بهێنرێ .

ئەم بەرگەی دایسۆنە وەک بەرگەهەوایەک کۆمەڵەئەستێرەکەهەموو لەباوەش دەگرێ وناهێڵێ هیچ مەوج وشەپۆلێکی تری ڕادیۆیی وڕاداری ژێیارێکی تر پەی بەوگەلەستێرە بەرێ ولەبەرچاوی هەمووانی بزردەکا،ئەم گریمانە واتە گواستنەوەو کۆپی کردنی ووزەو توانای ئەستێرەیەک بۆ ئەستێرەیەکی تر تاکو بتوانرێ لەداهاتوودا بەکاربهێنرێ ، وە ڕێژەی ووزەی

، 4*1033 أرغ/چرکە بەکاربهێنرێ.

واتە زاڵ بوون بەسەرخۆروکۆمەڵەی خۆر واتای ئەوەنیە کە بتوانرێ ئەو ووزەی خۆرەکەی کۆمەڵە ئەستێرەکە بەرهەمی دێنێ ئاڕاستەبکرێ، بەڵکو بتوانرێ ووزەی نوێ بووەووە ی لێ بەرهەم بهێنرێ .

بەرگەهەوای دایسون کەزانایان دەیانەوێ دروستی کەن ،بەنمونە هەرچواردەورەی خۆر بکەنە لەوحەی تیشک خەزنکەرو ئاڕاستەکەر ، لەم حاڵەتە بیریان لەوەکردۆتەوە کە هەسارەی عەتارد لەت لەت بکەن و بیکەنە ترلیۆنان لەوحەوتابلۆ لەدەوری خۆر ، چونکە ئەوکەرەستەخاوەی کەبەشی ئەو لەوحانەدەکا لەوەیە ئەستێرەی عەتاردیش بەشی نەکا، وەبۆ لەت وپەت کردن و بنیاتی بەرگی دایسون دەبێ تیشکی خۆر بەکاربهێنرێ .

ئەم هەنگاوە مرۆڤ لە بونەوەرێکی نیشتەجێی یەک هەسارەدەکاتە بونەوەرێکی گەڕۆک ونیشتەجێی ناو ملیۆنان هەسارە .

وە دروستکردنی کورەی بەرهەمهێنی ووزەی زەبەلاح (Orbiting reactor).لە سەر خولگەکان دابنرێ .

لەوەیە جۆری دووەمی ژیار هەموو شوێنەوارێکی جۆری یەکەمی ژیار بسڕێتەوەو نەیهێڵێ ، مرۆڤی ئەوکاتە زۆربەئاسانی دەتوانن بارستەی کلکدارێکی هێندەی مانگ زۆربەئاسانی بکەنە هەڵم و بیتوێننەوە.

بەڵکو لە توانای ئەو ژیارەدا دەبێ کە هەسارەی زەوی زۆربەئاسانی لە خولگەیەکەوە بۆ خولگەیەکی تر هەروەک گواستنەوەی ئەلکترۆنەکان باز

پێ بدەن ، وە بازدانی ئەلکترۆنەکانی فیزیای کوانتەم لە خولگەی گەردیلەکانەوە بگوازنەوە بۆ خولگەی هەسارەوکۆمەڵە خۆرەکان، ئەگەر هەر مەترسیەک ڕووبەڕووی زەوی بێتەوە .

خۆکە نەمانویست خولگەکەی زەوی بگۆڕین ، ئەوە هەڵبژاردەی ترمان دەبێ ، چونکە ئەوکاتە مرۆڤایەتی دەتوانێ هەسارەی موشتەری لەخولگەکەی لابدەن بۆ خولگەیەکی تر کە مەترسی لەسەرزەوی لابدا .

کەواتە لەوکاتەدا کەبەسەرهەسارەکاندا وخۆرەکەدا زاڵ بووین ، کەواتە ئەگەری لەناوچوون و بنەبڕبوونی مرۆڤایەتی وژیارەکەی زۆر دوورە .

مارشاند دەڵێ ژیارەکە لەم ئاستە دەتوانێ ئەو تیشکەی لەخۆرەکەیەوە دەردەچێ ئاڕاستەبکاوبەکاربێنێ ، وە ڕێژەی ناوەندی بەکارهێنانی ووزە هاوتادەبێ لەگەڵ بڕی ئەوتیشکەی خۆرەکە هەیەتی کە یەکسانە بە

4*1033 أرغ/چرکە (4*1026 واط.)

سەیرلەوەدایە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەناوی زانستی بوون جڵەوی بۆ خەیاڵ وئەندێشە خۆبە تاکە خوازانیەکانی شل کردوە، لەلایەک بەناوی زانستی بوون نکولی لەبوونی بەدیهێنەرێکی زانا بۆئەم بونەوەرە دەکا ،وەنکولی لە بوونی فریشتەوجن و ڕوح بەگشتی دەکا کەچی زۆربە گەرمی لە بوونەوەرو ژیاری زیرەکی تردەگەڕێ ، باشە باپیرانیشمان هەرلەوەگەڕاون وئەوان پەیوەندیەکی ڕوحانیان بە بەدیهێنەروفریشتەکانیەوە کرد، ئێستا ئێمە بۆ نکولی لە وڕاستیانە بکەین وبچین بەدوای خەیاڵی خۆمان بکەوین؟

ئەگەر سروشت وبونەوەر پڕنیە لە لێهاتوویی وزانایی بۆ مرۆڤ دەیەوێ لەناو بۆتەو کارلێک وکانەکان دیاردەکانی دووبارە بکاتەوە؟؟

مرۆڤ دەیەوێ بەدانانی کۆمەڵێک لەوح لەدەوری خۆر هەموو ووزەی خۆر بمژێ، بەدانانی چەند ئاوێنە لەدەوری زەوی زەوی بکاتە چراخان.

خۆری دەسکرد وڕوداوی بیگبن لەتاقیگەکانی دووبارەبکاتەوە، ئەنتی مادە بەرهەم بێنێ و

بەسەفەردا گەشت بکا.

ئەی ئەم ترلیۆنەها هەسارەو خۆرو مانگانەش بۆ نابێ تۆڕێک بن لەولەوحانەی کە ووزەو وڕوحانیەت وپەیامی ئەوخالقە کۆکەنەوەو بۆ پایتەختی ڕوحانیەتی مەلەکوتی بنێرن؟ بۆ دەبێ ئێمە چاومان هەرداهێنانەکانی ئەم مرۆڤە دەستەوستانە ببینێ و ئەو هەموو داهێنانەی خالق وبەدیهێنەری بونەوەر نەبینێ؟؟

ئاستی سێیەم : ژیاری وەبەرهێنەری ووزەی گەلەئەستێرەیی III بەئاستی ووزەی مەجەڕەیی 10^36 واط: تەکنەلۆژیا بگاتە ئاستێک،کە بتوانرێ بەتەواوی کۆنترۆڵی مەجەڕەی ڕێگای کاکێشان بکرێ و دەست بەسەر تەواوی وزەکەی دا بگیرێ ، وە بتوانرێ گۆرانکاری لە ناخ و ڕوەکەیی و جووڵەکەیی و ووزەکەیی و هەموو شتێکی وابەستە بەومەجەڕە بکرێ .

واتە ژیارەکە لەوئاستە زۆر بەئاسانی ڕادەی بڕی ووزەی هێندەی مەجەڕەکەیان بەسەرکەوتوویی ئاڕاستەدەکەن وبەڕێوەدەبەن و بەرهەم دێنن وخەرجیشی دەکەن بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ مەترسیەک ببن.

وە لەهەرکاتێک ئەم ژیارە بیەوێ لە پانتایی نێوکۆمەڵە خۆرەکانی نێو مەجەڕەکە وهەسارەکانی ومانگەکانی و کلکدارەکانی وخولگەکانی گەشت بەهاوڵاتیانی بکات وەک چۆن دەوڵەتە کانی ئاستی سفر دەتوانن هاتوو چۆی هاوڵاتیانیان لەناوشارەکانی وڵاتەکانیان دابین بکەن .

ڕێژەی ووزەی بەکارهاتوو لەم ئاستەی ژیارەکە یەکسانە بەهاوتای بڕی ووزەی مەجەڕەکە کە بڕی ووزەی مەجەڕەی ڕێی کاکێشان یەکسانە بە 4*1044 أرغ/چرکە.

مارشاند دەڵێ ژیارەکە لەم ئاستە دەتوانێ ئەو تیشکەی لەمەجەڕەکەیەوە دەردەچێ ئاڕاستەبکاوبەکاربێنێ ، وە ڕێژەی ناوەندی بەکارهێنانی ووزە هاوتادەبێ لەگەڵ بڕی ئەوتیشکەی مەجەڕەکە هەیەتی کە یەکسانە بە 4*1044 أرغ/چرکە (4*1037 واط.)

لەم ئاستەدا دانیشوان بە پانتایی مەجەڕەکەدا سەفەر دەکەن کە پانتایی سەدهەزار ساڵی تیشکیە (Galactic traversers).

چونکە بۆنمونە مەجەڕەی ڕێی کاکێشان سەدهەزارساڵی تیشکیە وهەرساڵێکی تیشکی نۆ ترلیۆن ونیو کیلۆمەترە .

لەو مەجەڕەی کاکێشانە تائێستا چل ملیار هەسارەی شێوەی زەوی ئامارکراوەو لەوەیە ژمارەکە زۆرلەوەش زیاتربێ.

ئەم ژمارە ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەم گەردوونە بەخێراییەکی زۆرخێراتر لەتیشک لەکشاندایە .

لەوەیە مرۆڤەکانی ئەوسا تەنیاناویان مرۆڤ بێ ، بەڵام هەموو شتێکیان لە مرۆڤی ئێستا جیاوازبێ ، ڕوخسارولاشە وکۆئەندام و شێوە ژیان و گوزەرانیان بەتەواوی بگۆڕێ .

ئەوەی لە فلیمە سینەمایی و ڕۆمانەکان دەگوترێ بوونەوەرێکی هۆشیار و ڕۆبۆتێکی بلیمەت و بایۆلۆژی ئاوێتەی یەک بن.(Cyborg or cybernetic organism)

لەوەیە ئەوکاتە دەواجنی خۆبەرهەمهێنی ڕۆبۆت و کۆرپەلە بەڕۆبۆت بووە بلیمەتەکان لەسەر ملیۆنان هەسارە لەناو ملیۆنان کۆمەڵەی خۆر دابنێین کە هەرخۆیان خەریکی نوێ بوونەوەوبەرهەم هێنان و ئاوەدانکردنەوەی مەجەڕەکەبن و هەموو کۆمەڵە خۆرەکان بکرێنە موستەعمرە وئۆردووگاوئاوەدان بکرێنەوە.

وە بەگریمانەی بەرگەهەوای دایسۆنی بەرگەهەوای پێویست بۆو بونەوەرانە لە دەوری ئەو ئەستێرەوهەسارانە دروست بکرێ وەک چۆن مرۆڤی ئەمڕۆ بە کۆنترۆڵ کەناڵی تەلەفیزۆنەکەی دەگۆڕێ .

بەرگەهەوادروستکردن وەک پێچانەوەی چەند پاقلاوەیەکی لێ دێ لەناو کارتۆنێک لەدوکانێکی شیرینی.

وەهەربەو گریمانە دەتوانرێ تۆڕێکی زەبەلاح لەو ئەستێرەوهەسارەبەبەرگەهەواکراوانە پێک بهێنرێ کەکاری سەرەکی ئەوتۆڕە کۆکردنەوەو کەڵەکەکردن وئاڕاستەکردن ووەبەرهێنانی ووزەیەکی زۆرزەبەلاحەونارادنیەتی بۆ هەسارەی دایک، پایتەختی هەسارەکان و کۆمەڵەخۆرەکانی ژیارەکە، یاسا فیزیاییەکان زۆر هەمووار دەبن ، خێرایی لەوئاستە لە خێرایی تیشک کەمترنابێ .

وەدەبێ خێرایی خێراتر لە تیشکیش دابهێنرێ .

چونکە بۆنمونە مەجەڕەی ڕێی کاکێشان سەدهەزارسااڵی تیشکیە وهەرسااڵێکی تیشکی نۆ ترلیۆن ونیو کیلۆمەترە .

وە هەروەها هەرلەوسەردەمەی کارداشیف بیردۆزەوگریمانەی التخاطر الروحي ، واتە ناردنی ئیلهامی ڕوحی لە نێوان ئەستێرەوهەسارەو مەجەڕەکان گەشەی پێ دەدرێ ، سۆڤیەتیەکان دەیانویست کە ئەم ئیلهامە ڕوحیە بۆ پەیوەندی کردن ودۆزینەوەی بونەوەرە زیرەکەکانی بۆشایی بەکاربهێنن.

هەرئەم ڕەوتە بووەهۆی تێکشکانی ئیلحاد وگەڕانەوەی چەپەکان بۆ دووبارەباوەڕهێنانەوە بەڕوح و جیهانی شاراوە.

سۆڤێتیەکان هەرلەم سەردەمە کە دروشمی ناسۆنیالیزم شەرمەزاریە بۆ مرۆڤایەتیان بڵند کردبوو، چونکە ئەوان خەونی دەوڵەتی بەوزەی هەسارەییان دادەنا، بێگومان دەمارگیری نەتەوەیی وادەکا کە هەر نەتەوەیەک لەناو دوو گرد ودۆڵ خەون بەلەناوچونی نەتەوەکەی تربینێ وبەکردەوەش هەوڵی لەناوچونی بدا ، بۆیە لەکاتی بوونی فرەنەتەوەیی

ژیاری هەسارەیی وخۆری و مەجەڕی هەرگیز لەدایک نابێ ، چونکە ووزەوتوانای مرۆڤایەتی هەربەپەرتەوازەیی وناکۆکی دەمێنێتەوە.

هەرلەم ئاستەی سێیەم باسی کردنەوەی کونە کرمەکان لەنێوان کونەڕەشەکان وکونە سپەیەکان دەکرێ بۆ گواستنەوەی ڕوحەکان و ئیلهام وهەواڵ و بونەوەرەکان .

(immaculate energy cache)

دیاردەی ناردنی پەیامی ڕوحی دیاردەیەکە لەناوهەندێ لە مرۆڤەکان هەبووە ، هەرچەندە ئەوهەستە زۆرجارخودی کەسەکە هەستی پێ ناکا ، ئەم هەستە لەکاتی بێبەش بوون لە خۆشەویستان ولە تەندروستی ولەئازادی لای ئەوکەسانە دەتەقێتەوە.

لەم دەستەوستانیە مرۆڤ پەنادەباتە هەواڵ ناردن ودواندنی بێ گیان و ڕوحی مردووەکان ، چونکە ڕوح لە بنچینەدا خۆی وەک دیل دەبینێ لەلاشەدا ، جاکەلاشەکەش بەهۆی دیلی ونەخۆشی وبێ کەسی ئەویش کۆت وبەندبکرێ

، ئەوە زیاترهەست بە بێزاری وگوشران دەکا بۆیە هەندێ دەلاقەی نوێ بۆ خۆی دەکاتەوە وەک خەون و هەستی شەشەم و وەحر ڕوحی و...هتد.

هەربە هۆی ئەم دیاردە وڵامی ئەو پرسیارەشمان دەست دەکەوێ کەئایا پێزانین وزانستەکان لەکوێی مرۆڤ کەڵەکە دەبن، کاتێ ڕوحێک ئامادەدەکرێ کەلاشەکەی ئێسک وپروسکی نەماوە کەچی ئەوڕوحە لەودیدارە پێزانین ونهێنی زۆرهەستیاروگرنگ دەدا کە تائەوساتە بەنهێنی لەژیانی ئەوکەسە ماوەتەوە، ئەمەدەیسەلمێنێ کە پێزانینەکان لەناو ڕوحدا کۆگادەکرێن نەک لەناو لاشە.

دینەکان وزۆرێک لەفەلسەفەوڕۆشنبیرەکان باوەڕیان بەوەیە کەڕوح پێش لاشە هەبووەو بگرە ڕوحی باوکمان ئادەم لەقوڵایی گەردوون لەئاسمانی حەوتەم بووە کە هەر اللە دەزانی جەنەتی مەئوا چەند ساڵی ایشکی دووەرە لەزەوی ؟

دین پێمان دەڵێ کەئەم ژوحە پێش ئەوەی ئاوێتەی لاشە بێ لەگەڵ ڕوحەکانی دەوروبەری خەریکی هۆگری یان ناکۆکی بوو، هەموو ئەو هۆگری و ناکۆکیانەی لەدنیادەیانبینین لەماوەی چەندساڵێکی تەمەن ئەوە کۆپی وسێبەری ئەو ڕووداوانەی هۆگری یان ناکۆکی ڕوحن کەلەماوەی هەزاران ساڵ لە گەڵ جیهانی ڕوحەکانی تر کردویەتی.

دین باسی ڕانواندنی ڕوحەکان بۆ ئادەم پێش هەزاران ساڵ لەئێستا لەدووری چەندین ساڵی تیشکی لە زەوی دەکا.

کەواتە ئەم تەمەنە بچوککراوەو چڕکراوەی ئەوهەزاران ساڵە تەمەنەیەوئەوچەند کیلۆمەترەش لەزەوی کەلەتەمەنمان دەیبینین چڕکراوەی ئەو ماوەدوورووودرێژەیە کەلەنێوان جەنەتی مەئوا لەئاسمانی حەوتەم وزەویدایە.

بۆیەزۆرێک لەزانایان بەدرێژی باسی جیهانی باڵاو نێرفانا وئایدیا و ئەنواریان کردوە هەم بەرلەئاوێتەبوونی ڕوح بەلاشە وهەم دوای دڵرچونی ڕوح لەلاشە وەک یۆنانی وسابیئی وبوزی وبەرهەمی وجینی و ....دینە کانی تر .

بگەڕێینەوە لای کارداشیف کە ئەو بە خەملاندن تەنیا ئەم سێ ئاستەی پێوانە کردبوو .

وەکارداشیف پێی وابوو گەیشتن بە ئاستی چوارەم مەحاڵە وپێی وابوو کە ژیارەکان ئاستی سێیەم تێناپەڕێنن، بەڵام وەک گریمانە پێشبینی ئاستی سفر -پێش گەیشتن بە ئاستی یەک -

و ئاستی چوارەم IV وپێنجەم V وشەشەمیشیVI کربوو.

زانای فەلەکناس کارل ساجان پێی وایە کە ئێستا ژیاری مرۆڤایەتی لە ئێستادالە ڕووی تەکنیکیەوە بە قۆناغی لاوێتی دا تێدەپەڕێ ،ئەوەش دۆخێکی ئاساییە بۆ ژیارێک کە خەریک لە قۆناغی سفرەوە دەگاتە ئاستی یەکەمی کارداشیف، بەڵام هێشتا نەگەیشتوە بە ئاستی یەکەم .

زانای فیزیایی و ئایندەناس میتشیو کاکو

پێی وایە کە مرۆڤایەتی لە ماوەی

100 تاکو 200 ساڵی ئایندە دەگاتە ئاستی یەکەم و لە ماوەی چەند هەزارساڵێکی تر دەگاتە ئاستی دووەم ، وەلە ماوەی 000/100ساڵ هەتا ملیونێک ساڵ دەگاتە قۆناغی سێیەم .

زانای فەلەکناس کارل ساجان پێشنیاری ئەوەی کردووە کە ئەوەی لەئاستی کارداشیف بەهەند وەرنەگیراوە بەهای تواناکان وتەواوکاریە ، جائەم بەهایە کەبۆ ئاستی یەکەمی ژیار دەکاتە

(1016 واط) وبۆئاستی دووەم دەکاتە (1026 واط) وبۆ ئاستی سێیەم دەکاتە

(1036 واط) جابەپێی ئەم دەرەنجامانە ئێمە دەتوانین ئەم هاوکێشە داڕێژین:

$$P-610K=\log 10^{f(0)}$$

لێرە (كي K) ئاستی کارداشیف بۆ ژیار دەنوێنێ و(پی P) ئەوتوانایە دەنوێنێ کەبە وات بەکارهاتووە .

بەبەکارهێنانی ئەم تەواوکاریە ئەوە ئاستی سفری ژیار باڵادەستە کە کارداشیف ئاماژەی پێ نەکردووە ، بەنزیکەی 1 میگاوات لە توانا .

ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەساڵی 1973ز لە نزیکەی 0.7 دابوو.(بەوپێیەی کە ڕەگەزی مرۆڤایەتی تائەوکاتە 10 تیرا واتی بەکار هێنابوو).

لەساڵی 2018ز بڕی بەکارهێنانی ووزە لە جیهان گەیشتە 13864.9 ملیون طن نەوت کە بەرامبەربووبە (161249 تیراوات /کاتژمێر)

کەواتە ناوەندی بەکارهێنانی توانا یەکسانە

18.40 تیراوات یان 0.73 بە پێوەری کارداشیفی فراوانکراو لەلایەن ساجان.

چەندین فراوان کردن و گۆڕانکاری لە ئاستەکانی کارداشیف دا کراون .

لەوەنەش زیادکردنی ئاستی سفر و چوار وپێنج.

ئاستی چوارەم IV ئاستی ووزەی بوونەوەری کەدەکاتە 10^46 واط .:
بتوانین بەتەواوی دەست بەسەر تەواوی گەلەستێرەکانی گەردوون وبونەوەردا بگرین و زۆرئاسایی بتوانین گەشت بەناوهەموو گەلەستێرەکانی بونەوەردابکەین .

ژمارەی گەلەکسی و مەجەرەکانی ئەم گەردوونە بینراوەی کە دەگوترێ لە سێزدە ملیارونیو ساڵ لەمەوبەرەوە لە بیگبنی تەقینەوەی گەورەوە دەستی پێ کردوەو لە ماوەی ئەو سێزدە ملیارساڵە گەیشتۆتە دوو ترلیۆن مەجەرە وژمارەی ئەستێرەکانی ئەو دوو ترلیۆن مەجەرە بە بیست هەزارترلیۆن ئەستێرەی وەک خۆر دەخەملێنرێ.

پانتایی گەردونی بینراو لە زەویەوە هەتالێواری بونەوەری بینراو بە

14.26 ملیار فرسخ فلكي (کەدەکاتە 46.5 ملیارساڵی تیشکی یان 4.40 × 1026 متر) لەهەموو ئاڕاستەکان لەزەویەوە.

کەواتە تیرەی بازنەی گەردونی بینراو

28.5 ملیار فرسخی فلكي (کەدەکاتە 93 ملیار ساڵی تیشکی یان 8.8 × 1026 متر).

ئەم ژمارە ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەم گەردوونە بەخێراییەکی زۆرخێراتر لەتیشک لەکشاندایە ولەلە ١٣ملیارساڵی کات ٩٣ملیارساڵی تیشکی پانتایی داگیرکرد.

ئەم پانتاییە هی ساڵی ٢٠٢١ ز وە لەهەر چرکەیەکیش گەردوون بەهەموو ئاڕاستەکانیدا

74 کیلومتر لە چرکەیەک زیاد دەکا واتە حەفتاوچوارهەزارمەتر لە چرکەیەک دا لەهەر میگا فرسەخێکی فەلەکی ، واتە بۆ هەر

(3.3 ملیون ساڵی تیشکی) لەوپانتاییەی باسمان کرد خێرایی لەیەک دوورخستنەوەی مەجەڕەکان ٦٤ کیلۆ مەتر لە چرکەیەکدا زیاتر دەبێ .

ئەم فراوان بوونە ش زۆرلە خێرایی تیشک خێراترە،چونکە تیشک لەهەر چرکەیەکدا 300000 کیلومەتر دەڕوا.

وەئەم فراوانبوونە دەیسەلمێنێ کە مادەوتەنەکان تا زیاتردووربکەونەوە چڕیان کەمتردەبێتەوە و هێزی کێشندەوکارۆموگناتیسیان لاوازتردەبێ .

ئەم فراوان بوونە لەسوڕەتی زاریات ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئاماژە بەوێک هاتنەوەو دووبارە پێچرانەوەو لول درانەوەی مادەکان لەو پانتاییەش لەسوڕەتی زومەرکراوە.

واتە گەردون بۆیە بەنەمری ماوەتەوە چونکە لەتیشک خێراتر لێک دەکشێتەوە .

وە کاتێ بڕیاری مردن وکۆتایی هات گەردوون وێک دێتەوە.

«زولتان گالانتاي» تاوو توێی ئەوەدەکا کە تائێستا وێناکردنی ئەم جۆرە ئاستەی شارستانی زەحمەتە، چونکە هیچ نمونەیەکمان نیە کەبتوانین ئەم ئاستەو پلەو تواناو وبڕی وزەی پێ بچوێنین و بەراوردبکەین .

لە کتێبی «العوالم الموازية جيهانە هاوتەرییەکان» نوسەری کتێبەکە میتشیو کاکو باسی قۆناغی چوارەمی ژیار وادەکا کە بتوانێ هەموو جۆرەکانی ووزە لەهەموو بونەوەر لەناویشیاندا ووزەی تاریک ژێر باربخا.

وە بونەوەرە پەرەسەندوەکانی ئەم ئاستە دەتوانن لەناوکونەڕەشەکان بە نەمری بژین ، چونکە لەناوئەوکونانە کە کات وزەمەن نەماوە، مادەولاشە بوونی نەماوە کەواتە پیربوون وبەساڵاچوون ومردنیش بوونی نەماوە .

وەدەبێ تایبەتمەندی ویاساکانی فیزیای بوونەوەریش بگۆڕێن ، وەک لەڕابردوو بەرگەهەوا دروستکرا، هەسارەکان لەڕێڕەویان لادران ، هەسارەو مانگەکان کەپێویست بوو لەناوبران ، ئێستا لەم ئاستە دەبێ بتوانرێ خولگەوکونەڕەوش وکونە سپی و مەجەڕەکان کە پێویست بێ لابدرێن ولاناوببرێن وبگوازرێنەوەو بگرە پێکیش بهێنرێن .

ئاستی پێنجەم V : ئاستی وزەی بونەوەرە تەریبەکان :

(بەپێ تیۆری ماڵتیفێرس یان مێتا ـ فێرس ئەوە گومان دەکرێت جگە لەگەردوونەکەی خۆمان ژمارەیەکەی بێ کۆتا گەردوون هەیە، گەردوونەکەی خۆشمان بەتەواوی گەلەستێرەو کات و ماددەو شوێن و ووزەوەو یەکێکە لەو ژمارە بێ کۆتاییەی گەردوونەکان)

وە ئەم ئاستەی پێنجەم لە ژیار واتا بتوانێ کە کۆنترۆڵی هەموو بونەوەرە هاوتەریبەکانی ئەم بوونەوەرە بکا ، ئەوان پێی دەڵێن بونەوەرەتەریبەکانی ئەم بوونەوەرە -الاکوان الموازیە . قورئان ناوی ناوە العالمین والعوالم واتە جیهانەکان .

توانای ووزەی دەرچوو لەم ئاستە زۆر لە بڕە بنچینەییەکە زیاترە کە نزیکەی

1045 واطە . ئەم ئاستە بازنەوسنوری هەموو قەبڵاندنەکان تێدەپەڕێنێ کەلەسەر بنچینەی تێگەیشنی ئێستا بنیاتنراون ، وەبەپێیوەری ئەمڕۆ ئەم ئاستە مەحاڵە و بوون وگەیشتن پێی گونجاونیە.

لەم ئاستە دەبێ ڕێژەی بڕی ووزەی هەموو بونەوەرەهاوتەریبەکان لەهەموو چاخەکان وەبەربێنین ، وەلەبەرامبەریش دەبێ زانست و پسپۆڕی وتوانای هەموو ئەوبونەوەرانەمان لا کەڵەکەبێ تابتوانین بگەینە ئەم ئاستەی پێنجەم لە ژیار وبتوانین دەست بەسەر تەواوی گەردوونەکاندا بگرین و هەموو شتێکی کۆنترۆڵ بکەین، وەک جوولەی گەلەستێرەکان و دروستکردنی هەسارەو ئەستێرەو تەنانەت گەلەستێرەی نوێ، یاخوود لەناوبردنی، تەنانەت بتوانین گەشت بکەین لەگەردونی مادە بۆ ئەنتی مادە و دەست بەسەر گەردوونەکانی تریشدا بگرین هاوشێوەی گەردوونەکەی خۆمان.

ئاستی شەشەمVI:

لێرەدا دەچینە ناو مێتافیزیک، لەم ئاستەدا توانای ئەوەمان دەبێت گەردوونێک بەتەواوی پێکهاتەکانیەوە دروست بکەین یاخوود لەناوی ببەین، وە توانای ئەوەمان دەبێت دەست بەسەر کات و شوێن و ووزەو هەموو شتێک تەنانەت لە دەرەوەی کات و شوێنیشدا بگرین.

تەلسکۆبەکانی جیهان پێش یازدەمانگ ئاماژەیەکی ڕادیۆییان وەرگرت و پێیان وابوو کە ئەو ئاماژە لە ژیارێک هاتووە کە ئەوژیارە بەپێی پێوەری کارداشیف لە پلەی سێیەم دایە ، بەڵام پێیان وابوو ئەم ئاماژە بۆ زەوی نەنێردراوە چونکە ئێستا ئاستی ژیاری زەوی وەک هەوڵدانی تێگەیاندنی کردمێکە لەلایەن زانایەکی مرۆڤ ، کەواتە ئەم ئاماژە بۆ ژیارێکی

هاوتای ئەوژیارەنێردراوەکەدەبێ ئەویش دوو یان سێ بێ بەڵام بە ڕێکەوت بەر ڕادارەکانی ئێمەش کەوتوە .

جێی ئاماژە پێکردنە کە مزباری ڤۆیجەر کە لە ٥-٩-١٩٧٧ نێردراوەو ولەساڵی ٢٠١٧بەبۆنەی چل ساڵ تێپەرین بەسەرنێردرانی ناسائاهەنگی گێڕا، ئە مزبارەتا٢٠١٧ ١٤١یەکەی ئاسمانی لەزەوی دوورکەوتبۆوە کەیەکەی ئاسمانی ٨خولەکی تیشکی یە ماوەی نێوان خۆروزەویە 150 ملیون ملیون کلمەترە ، کەدەکاتە ٢١ ملیار کیلو متر وە پەیوەندی ناردن و وڵام دانەوە ١٩کاتژمێردەخایەنێ.

ئەم ڤۆیجەرە بە پەنجازمان بەنوسین و دەنگ سڵاوی خەڵکی زەوی وداخوازی پەیوەندی ئاشتی لەسەرتۆمارکراوە.

ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێ ڕاستی و ئیمان ودادگەری جینۆسایدکەن کەچی ئاشتیان لە بونەوەرانی جیهان دەوێ بەو مەرجەی ئەوانیش مولحید وبێ باوەڕبن .

هەڵسەنگاندنی ڕووداوی الإسراء والمعراج لە تەرازووی زانستی سەردەم دا.

ئەنیشتاین کات وشوێنی لە تیۆری ڕێژەیی دا تێکەڵ کردن لەساڵی 1905ز .

ناوبراو پێی وایە کە :ئێمە ناتوانین قسە لەسەر کاتێێک بکەین کە بەدەربێ لەشوێن ، هەروەها لەبارەی شوێنێکی بەدەرلەکات ،مادام هەموو شتێ بجوڵێ ، کاتەکەشی لەگەڵ خۆی هەڵ دەگرێ، هەتا شتەکە خێراتر بجوڵێ ، کاتەکەی زیاتر وێک دێتەوە ولەوکاتە هێواشە ئاساییەی شتەکانی دەوروبەری جیاوازدەبێ .

لەناو تاقیگەکانی فیزیا توانیان دیاردەی کات بەتەواوی وێک بێننەوە ،کاتێ تێبینیان کرد کە تەنۆلکەکانی atomic particles

هەتاخێراتربکرێن تەمەنیان درێژترە.

بە پێی تیۆری ئەنیشتاین کە تەنێک یان کەسێک بەخێرایی تیشک بڕوا ئەوە لە ماوەی ڕۆژێکدا ماوەی پەنجاهەزارساڵ دەبڕێ ، ئەمەسەبارەت بەوکەسە وئەوتەنە .

جاکە کەسێک بەم خێراییە بڕوا بۆ قوڵایی گەردون وبگەڕێتەوە سەرزەوی دەبینێ لەو سەفەرە ٢٤کاتژمێریەی ئەودا زەوی هەزاران ساڵی تێپەڕاندوەوچەندین ژیار وگەل ونەتەوەی تێپەڕاندوون . کەواتە مادام هەتا خێرایی زیاتر بێ کات زیاتر وێک دێتەوە ، وەخێرایی هەتا مرۆڤ باشتر وزیاتر وفراوانتر بەسەر ووزەدا زاڵ بێ توانای زیاترکردنی خێرایی باشتردەبێ .

کەواتە لای کەسانی مادی باوەڕیان بەوەهەیە کە خێرایی وکات وتوانا چەند دیاردێکی وابەستە بەیەکترن .

ئەی باشەکە بونەوەرێکی بەتواناترلەمرۆڤ هەبێ وەک فریشتەکان ئەوە لەوکاتەدا ئەم پێوەرە مرۆڤیانە دەگۆڕێن وياساوڕێسای ئەوبونەوەرە کارلەکات وشوێن وخێرایی دەکا و بەسەرلەمپەرەکانی کات وشوێن وتەمەن دا بازدەدرێ .

لەم دواییانە خێرایی لەتیشک خێراتیریان دۆزیوەتەوە ناویان ناوە خولەکەکانی بی(B – particles بەڵام ئەم خێراییە تەنیا لە ناوەندی ئاویدا بەرجەستە دەبێ ولەهەواوبۆشاییدا نابێ.

ئەم بیردۆزو پێزانینانە وادەکەن کە ئێمە باشتر لەڕوداوی ئیسراو میعراج بگەین ، مادام کەسانێک بتوانن وباوەڕیان بەم گریمانانە هەبێ، بێگومان توانا و کۆنترۆڵی خالقی بونەوەران بۆ کات وشوێن و خێرایی زۆرلەهی مرۆڤ زیاترە.

کەواتە ئەوەی ئەو ڕێکارانەی بۆ موحەمەدێکی هەزارو چوارسەدساڵ لەمەوپێش ئاسان کردو هەموو ئەوزانستانەی ئەمڕۆ زۆربەزیادەوە دەزانێ.

جاکە ئێمە ئەمڕۆ بۆ هەواڵێکی فۆیجەر کەلە ١٩٧٣نێردراوە بۆ بۆشایی وئەمڕۆ پێویستمان بە ١٩کاتژمێرە ، ئەوە توانای ئێمەی مرۆڤە، بەڵام بۆ هاتنی قورئان و وەرگیرانی دوعاو نزا و ڕۆیشتنی ڕوح دوای مردن یان کاتی خەو بینین ئەمانە کەلەدەرەوەی تواناکانی مرۆڤ وبەتواناکانی بەدیهێنەری بونەوەر ڕوودەدەن بۆیە ئەم سنور وپێوانانە تێدەپەڕێنن .

کاتێک مرۆڤ لەداهاتووی پەردان بەتواناکانی بەسەرزاڵ بوون بەسەر هێزە کۆنترۆڵ کەرەکانی بوونەوەر لە هێزی کێشندە وهێزی کارۆموگناتیسی و هێزی ئەتۆمی وتیشکی بگاتە ئەو توانایانە وباوەڕی پێ هەبێ وبەزانستی بزانێ ، دەبا هەر زۆربە ئاسایش بابەتی ئیسراومیعراج و گەشتی سولەیمان لەساتێکدا پێچرانەوەی ڕێی دوو مانگی ئەسپی تیژڕەو بەئاسایی بزانێ .

بە پێی پێوەری فیفای ئەمڕۆ خێراترین ئەسپ ٨٨کم لەسەعاتێک دەڕوا ، وە ڕەوتی ئاسایی ئەسپی ئاسایی ٣٣کم لە کاتژمێرێکە ، ئەگەر ٣٣لێکدانی بیست وچوار کاتژمێر بکەین و ژمارەی دەسکوتوو لێکدانی شەست ڕۆژ بکەین دەبینین بەزیادەوە دەکاتە خولێک بەدەوری هەموو هەسارەی زەویدا بە ئەمریکاو ئوسترالیاشەوە ، کەواتە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەدەبێ لەوسەردەمەی سولەیمان هەموو هەسارەی زەوی بە کیشوەری ئەمریکاو ئوسترالیاو جەمسەرەکان و زەریاکانەوە هەمووی لەژێردەست بووبێ .

لە ئیسراو میعراج باسی بوراق دەکرێ کە بەرقی بریسکەوە وەرگیراوە ، واتە وەک بریسو خێرا، وەتائێستا لە ئێران بەکارەبادەگوترێ بەرق ، جابۆ نەگوترێ کە پێغەمبەر ﷺ توانای ئەوەی پێدرا کەبەخێرایی تیشکی بریسو گەشت بکا ؟

بۆ باوەڕ بە بەرقەکەی ئەنیشتاین بکەین کەلەماوەی شەووڕۆژێک ماوەی پەنجاهەزارسالّی زەوی ببڕێ ، بەڵام باوەڕ بە بەرقەکەی خالقی بونەوەرنەکەین ؟

لەکاتێکدا هەر ئەم تیۆری ئەنیشتاینە لەسەر بابەتی نەمانی کات وتیشک لای کونەڕەشەکان و بابەتی کونی دوودی و کونە سپیەکان ڕووبەڕووی چەندین پرس بۆتەوە کە پێویستیان باوڵامە، کە ئەوان بتوانن زەمەن وتیشک بمژن دەبێ کاتێک بێ لەبونەوەر کات وتیشک نەمێنێ.

وە کەباوەڕمان بە بازنەو کونی کرمی الثقب الدودي هەبێ کە فیزیایەکان دەڵێن لەوکون وتونێلە وە دەروازەیەکە گەشت بەکاتەکان وچاخەکان دا دەکرێ و مرۆڤ لەوتونێلەوە دەتوانێ بەچەند ساتێک بچێ بۆ پێش ١٣ملیارساڵ و تەقینەوەی گەورە بیگ بن و دروست بوونی بونەوەر ببینێ و هەربەو تونێلەدا دەتوانێ گەشتێکی خێرابکا و چارەنوسی بوونەوەر لە دوای بیست ملیارساڵی تر بینێ کە فیزیاییەکان دەڵێن هێندەی ناڵی ئەسپێکی لێ دێتەوەو چڕ دەبێتەوە .

متمانەی مرۆڤ بەخەون وخۆزگەو ئاواتەکانی ئایندەی پاڵنەرێکی باشە ، بەڵام هەر ئەو پاڵنەرە با ببێتە هۆکار بۆ باوەڕهێنان بە بوونی هێزوبەدیهێنەرو پێک هێنەرێک کە بەوردی ئەو دیاردەوتواناو پێک هاتە فیزیایی وکیمیایی وفەلەکیانە ئاڕاستە دەکاو تایبەتمەندیان بۆ دادەنێ لەهەندێ کات ولەهەندێ کاتی تر ئەونایبەتمەندیانەیان لێ وەردەگرێتەوە، بۆ تواناوتایبەتمەندی ئۆکسجینی ئاسن توێنەرو هایدرۆجینی ووزە لەئاودا سرد بوونەوە، کەچی لە خۆردا بوونە کورە ؟

ئەم جیهانە وبونەوەرە چەند هێڵێکی گەشت کردنە ، ئەوانەی لەقۆناغی مادی وڕەقی دان بە هێڵی ماراسۆن دا دەڕۆن و پێیان وایە تەنیا ئەو هێڵە هەیە بۆ گەشت ، وەک هەسارەکانی خولگەکان.

ئەوانەی دەنگن بە هێڵ وسکەیەکی خێراترادەڕۆن وئەوانیش پێیان وایە ئەمەتاکەهێڵی گەیشتنە، ئەوانەش کەتیشکن هەروا ، ئەی ئەوانەی ڕوحن ، بونەوەری ترن ؟ کە لەدەرەوەی جیهانی بینراون ؟ دەی ئەوانیش هێڵ وسکەو سەردەم وکات وتەمەن وتایبەتمەندی خۆیان هەیەو ئەوانیش بەڕێکاری خۆیان خەریکی گەشتی تەمەنیانن.

کەواتە ئێمە پێویستمان بە فراوانکردنی ئاسۆی بیروهۆشمانە تا بگەینە بونەوەرانی بەتواناتر لەخۆمان تاکو لە بنی ئەو بیرە بێینە دەرەوە کەوادەزانین هەموو بوونەوەر هەرئەو بنی بیرەیەو بێینە سەری بیرەکە وفراوانی ئەم جیهان وبونەوەرە ببینین..

.

هەندێ پۆلێن کردنی تر هەن کە بۆ پێوانەی ژیارەکان کراون ، وەک جێگرەوەی پێوانەی ئاستەکانی کارداشیف وەک :

- پێوانەی پلەکانی سەروەری ئەستێرە وهەسارەکانی ژیارەکان لەسەر سیستەمەکان.

- پێوانەی سەروەری ڕێژەی پێزانینە بەکارهێنراوەکان.

- پێوانەی ئاستی کۆنترۆڵکردی تەنۆلکە زۆربچوکەکان وبەراوردیان لەگەڵ ئەستێرەوهەسارە زۆر زەبەلاحەکان .

ئێستابەکورتی باسی هەریەک لەمانە دەکەم :

- پێوانەی پلەکانی سەروەری ئەستێرە وهەسارەکانی ژیارەکان لەسەر سیستەمەکان. (روبرت زوبرین):

لەم پێوەرە ژیارەکە بەڕادەوئاستی دەسەڵاتداربوونی وسەروەری بەسەر ڕووبەری هەسارەکانی و سیستەمەکانی و پێک هاتە وتایبەتمەندیەکانی دە پێوێ .

- پێوانەی سەروەری ڕێژەی پێزانینە بەکارهێنراوەکان. (کارل ساجان):

ئەمەش پێوەرێکی تره، ساجان هێمای پیتی A وەک پێنوێنی ڕێژەی 106 لە پێزانینە ناوازەکان کەمترین بڕی هەموو ڕۆشنبیریە تۆمارکراوە مرۆڤیەکانن ، وەهەر پیتێکی دوای ئەو پیتەش زیادکردنی بەها بنەڕەتیەکان دەنوێنن ، هەتا دەگاتە ژیاری ئاستی Z کە ڕێژەی ژیاری ژمارە 1031 لەبەکارهێنانی پێزانینە ناوازەکان دەنوێنێ .

ئەم پێوەرە ڕیزبەندیە لەساڵی 1973 ز دا گەیشتبووە H 0.7، ساجان پێی وابوو هێشتا هیچ ژیارێک نەگەیشتۆتە ئاستی Z چونکە ئەو پێی وابوو کە ئەو ژیارەی ئاستی z ئەوەندەی پێزانینی زیرەکی تێدایە کە دەگاتە ئاستی هێشووی مەجەڕە زەبەلاحەکان ، وەپێشی وابوو تەمەنی هەموو گەردوون بەشی ئەوەناکا کەئەو هەموو پێزانینە ئاڵوگۆڕبکرێ وگەیشتبێتە ئاستی Z .

ئەم دوو پێوەرە ی کارداشیف و ساجان وەک یەک پێوەرنین ، ناتوانین بڵێین کە ژیاری پلە وئاستی z هەمان ژیاری ئاستی ووزەی مەجەڕەی کارداشیفە .

- پێوانەی سەروەری ڕەهەندە تەنۆلکە زۆربچوکەکان وبەراوردیان لەگەڵ ئەستێرەوهەسارە زۆر زەبەلاحەکان (جون بارو):

ئەو ژیارە بەتواناترین وپێشکەوتوترە کە تەنۆلکە ووردترینەکان ببینێ و بتوانێ بەکاریان بێنێ ، نەک ئەو ژیارەی تەنیا دەسەڵاتی بەسەر بونەوەرە زەبەلاحەکاندا هەبێ .

بۆیە جۆن بارۆ ئەم پێوەرەی پێچەوانەکردەوەولەیەکەم جۆری سالب دەست پێدەکا و هەڵدەکشێ هەتا دەگاتەجۆری ئۆمیگا سالب ، بەم ڕیزبەندیەی خوارەوە :

جۆری یەکەمی سالب :

ژیار لەم ئاستە دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ شتەکان لەچوارچێوەی قەبارەکەیان دا بکا ، وەک بنیاتنانی پەیکەرەکان وکانزاکاری و شکاندنی کەرەستەو تەنەڕەقەکان .

جۆری دووەمی سالب :

ژیار لەم ئاستە دەتوانێ یاری وجێگۆڕکی بە جین وکرۆمۆسۆمەکان بکا و گۆڕانکاری لە ڕادەوبڕی گەشەوپەرەسەندنی بونەوەرە زیندووەکان بکا و ئەندامەکانی لاشەیان بچێنێ و چەندپارچەی لاشەیان بگۆڕێ و ئەندازەی شیفرەی تایبەتی جینەکانیان بخوێنێتەوە.

جۆری سێیەمی سالب :

ژیار لەم ئاستە دەتوانێ یاری ومامەڵە لەگەڵ بەشەکانی مادەبکا و وابەستە سروشتیەکان هەڵوەشێنێ و مادەوکەرەستەی نوێ دروست بکا .

جۆری چوارەمی سالب :

ژیار لەم ئاستە دەتوانێ یاری ومامەڵە لەگەڵ

بەشەکانی گەردیلە بکا تەکنیکی نانۆ لە چوارچێوەی گەردیلە دابهێنێ و چەندین شێوەی نوێی ژیانی ئاڵۆزی دەسکرد دابهێنێ.

جۆری پێنجەمی سالب :

ژیار لەم ئاستە دەتوانێ گۆڕانکاری لەناوکی گەردیلەدابکا وئەندازەی پێکهاتەکانی ناوکی گەردیلە بگۆڕێ.

جۆری شەشەمی سالب :

ژیار لەم ئاستە دەتوانێ گۆڕانکاری لە کوارگەکان لبتۆنەکان بکا بۆ داهێنانی چەندپەیکەرێکی سیستەم ئالۆز لەچوارچێوەی ئەو تەنۆلکە بنەڕەتیانە .

جۆری حەوتەمی سالب ،جۆری ئۆمیگا سالب:

ژیار لەم ئاستە دەتوانێ لەم قۆناغە پەیکەری کات وشوێن و ڕاخەروچنراوی زمکان :شوکات بگۆڕێ .

بە پێی ئەم پێوەرە تائێستا مرۆڤایەتی

جۆری سێیەمی سالب یان تێپەڕاندووە لە کیمیاو بایۆلۆژی و جۆری چوارەمیش کەوتۆتە بواری کرداری وئەزمونی لە نانۆ و بۆماوەو، وە جۆری پێنجەمیش لە فیزیای ناوەکی لەدەرگای دراوە، جۆری شەشەم لەتاقیگەکان تەنۆلکە فیزیاییەکان بەریەککەوتنیان پێکراوە کەبە پێک کێشانی گەورەی هادرۆنەکان ناسراوە.

هەرلەسەر ئەو تیۆرو گریمانەو سیناریۆ سینەمایی و پێش بینی لەگۆڕانی کەش وهەوایانە چەندین پێشبینی بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی وژیان وهەسارەی زەوی کراون ، کە یەکێک لەولیستانە لەساڵی 2018ز دا بەم شێوە پێشبینیەکانی بۆ دەهەزارساڵی تری مرۆڤ و هەسارەی زەوی ڕێک خستبوو:

- لەساڵی 2024، کۆمپانیای "أسبیس أکس" یەکەم گەشتی خۆی بۆ مەریخ دەنێرێ ، وە پێشبینی دەکرێ کە لە ماوەی بیست ساڵ دا ئۆردوگایەکی مرۆڤ نشین لەسەرمەریخ بنیات بنێ.

- لەساڵی 2025، ژمارەی دانیشتوانی جیهان دەبێتە 8 ملیار کەس ،وەبەهاتنی ساڵی 2050 دەبێتە 10 ملیارکەس.

- لەساڵی 2026، کەنیسەی ساغرادا فامیلیا لە برشلونة، تەواودەبێ ، ئەم کەنیسە لەساڵی 1883ز دەست بە بنیاتنانی کراوە ، پایەی پتەوی لە بەرد بۆ دەکرێ بۆیە ئەم هەموو کاتەی خایاندووە.

- لەساڵی 2028، شاری ڤینیسیای ئیتالی ئاستی ئاوی دەریا هەڕەشەی لێ دەکاوبەکەڵکی ژیان کردنی مرۆڤ نامێنێ .

- لەساڵی 2029، کلکداری "أبوفیس" زۆر لەزەوی نزیک دەبێتەوە بە 23859 میل ،ئەمەش ئەگەری بەریەککەوتنی لەگەڵ زەوی نزیک دەکا.

- لەساڵی 2033، یەکەم نێردەی مرۆڤ دەنێردرێ بۆ مەریخ تا لە وە دڵنیابن کەبەکەڵکی ژیان کردنی مرۆڤ دێ .

- لە 2036ز دا یەکەم کەشتی دەنێردرێ بۆ پشکنینی کۆمەڵە خۆری "ألفا قنطورس" کەنزیکترین کۆمەڵە خۆرەلێمانەوە بەڵام ماوەی پێنج ساڵی پێویستە تاکو لەگەیشتنی کەشتیەکە دڵنیابینەوە .

- لەساڵی 2040، دەست دەکرێ بە بنیاتنانی گەورەترین وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبابەتیشکی خۆر لەجیهان دا لەباشوری فەڕەنسا ، ئەم وێستگە لەساڵی 2007 دەستی پێکراوە وبە دڵنیاترین وێستگەی جیهان دادەنرێ.

- لە 2048ز دا، دەتوانرێ کانزا لە کیشوەری بەستەڵەکی باشوور "أنتارتیکا" دەربهێنرێ.

- لە 2050ز ، زانایان پێیان وایە کە ئۆردوگای ڕاستەقینەی ژیانکردنی مرۆڤ لەسەر مەریخ بە کردەوە دەست پێدەکا وبەربەستەئاڵۆزەکان چارەیان بۆدەدۆزرێتەوە.

- بەهاتنی ساڵی 2100 بێ سەرەوبەریەکی کەش وهەوا لەسەرهەسارەی زەوی ڕوو دەدا ،وەپلەکانی گەرما زۆر بەرزدەبنەوەو نەخۆشی وپەتازۆردەبێ ، وە ئەگەری بەرپابوونی جەنگ لەسەر ئاو لەئارادادەبێ .

بەرزبوونەوەی پلەی گەرما دەبێتە هۆی هەڵایسانی ئاگر لە دارستانەکان ،ئەویش بەهۆی زۆرزیادبوونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەهەوادابەهۆی زۆربوونی کارگەکان ، لەوکاتە پلەی گەرمالەهەموو شوێنکی زەوی لە 45 پلەی سەدی کەمترنابێ.

-بەهاتنی ساڵی 3000 ز پلەکانی گەرما 15پلە بەرز دەبێتەوە ، ئاستی دەریاش 36 پێ بەرزدەبێتەوە وزۆرشاری جیهان وەک لەندەن ژێرئاودەکەون ، ملیۆنان خەڵک بێ جێ وشوێن دەبن ، ژیانی زیندەوەرانی ناودەریا هەڕەشەی لەناوچونی لەسەردەبێ.

- لەنێوان ساڵانی 4000 تاکو 5000ز لەگەڵ هەڵکشانی زۆری ژمارەی دانیشتوان ڕێژەی بەکارهێنانی پێداویستیەکانیش زۆرهەڵدەکشێ ، تەنانەت کە زانست بتوانێ کەبەشێک لە مرۆڤەکان بگوازێتەوەبۆ ئەستێرەکانی تر ، هەر ژیانی پیشەسازی و بنیاتنانی کارگە لەسەرزەوی زۆرزەحمەت دەبێ ، وە ڕواندنی درەخت وڕووەک هەڕەشە لێکراودەبن ،مرۆڤ ناچاردەبن کە شاری سەراولەسەردەریاکان بنیات بنێن وڕوولە بەرهەم هێنانی قەوزە بۆ سوتەمەنی وخۆراکی مرۆڤ وکێڵگەی دەریایی دروست دەکەن.

وە زانست پەرەدەستێنێ و نیگای ڕوحی

التخاطر لەنێوان مرۆڤەکان دەبێتە هۆکارێکی پەیوەندی وگوازەرەوی بیرۆکە وهەواڵەکان.

چونکە مێشکەکان بۆ ئەوە ئامادەدەکرێن کە بۆ مەودایەکی دوور پەیووەندی بێتەڵ پێکەوە بکەن.

وە دەسکاری جینەکان جۆرێک لە مرۆڤی زیرەک وبەتوانا بەرهەم دێنێ و لاشەکان خۆیان بۆخۆیان بنیاتدەنێنەوەوچارەسەردەکەن وپەیوەندی مرۆڤ وکۆمپیوتەرڕاستەوخۆدەبێ و

مرۆڤ بەرگری بەهێزدەکرێ.

- بەهاتنی ساڵی 5000 لەمپەری پارەودراوی جیاواز بۆ ئاڵ وگۆڕ ودیاردەی فرەزمانی وفرەنەتەوەیی بنەبڕ دەبێ ونامێنن ، مرۆڤایەتی زیاترلێک نزیک دەبنەوەو وەک یەک یەکە پێکەوەژیان دەکەن ، لە جیهاندا یەک زمان ویەک پارەی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنرێ .

- لە نێوان ساڵانی 7000 تاکو ساڵی 8000 ز لەگەڵ ئەوەهموو پێشکەوتنەی بە دی دێ ،بەڵام ئەوەی نەگۆڕاوەو وەک خۆی ماوە خولانەوەی ڕۆژانەی زەویە بە دەوری خۆیدا ، لەو ساتەدا مانگە دەسکردەکان لە ئێستا دوورتردەبن لەزەوی ،، مرۆڤ لەئێستا زیرەکتردەبن ، لەکارکەوتنی دەستەکان وقاچەکان زۆربەئاسانی بە باڵ وقاچی دەسکردی زیرەک وبەتوانا قەرەبوو دەکرێتەوە بۆیە مرۆڤایەتی بەرەوئەوە دەچێ کەهەرزوو باڵ وقاچەکانی خۆی بگۆڕێ چونکە باڵ وقاچە دەسکردەزیرەکەکان بەتواناتروزیرەکتردەبن .

هەروەها خانو وباڵەخانەکان زۆر زیرەک دەبن ولەگەڵ ئەو قاچ ودەستە زیرەکانە زۆرهەماهەنگ وگونجاودەبن .

خانوەکان وادەبن کە مرۆڤ تەنیافرمان دەردەکا ئاماژە دەکا وکارەکانی جێبەجێ دەکرێن.

هەوڵ دەرێ چاوەکان بە تیشکی خۆبەرهەم هێن وچێنراولەناومێشک لەناو هەموو تاریکیەک بە ئاسایی ببینن ، زاکیرەو بیرەوەری لەناو مێشک دەچێنرێ و یارمەتی مرۆڤ دەدا لە خێرا زانین ودۆزینەوەی دەرەنجامەکان .

- لە ماوەی ساڵانی 10000 تاکو ساڵی20000 زەوی دەبێتە نشینگەی کۆمەڵێک مرۆڤی ڕۆبۆتی تەمەندرێژ کەلەسەر هەسارەیەکی پاک دەژین.

نەخۆشی و دەردوبەڵاوپەک کەوتەیی وپیس بوونی ژینگە بەتەواوی بنەبڕدەبن ، سەردانی بۆشایی بە مەسعەدی بۆشایی دەبێ بۆ ئەستێرەکانی تر ، وەک زەوی نهۆمی یەکەم بێ و ئەستێرەکانی تر نهۆمی حەفتاوهەشتای ئاپارتمانەکەبن.

لەوسەردەمە شێوەی کاری کۆئەندامەکانی هەناسەوخوێن وزاووزێ وهەرس ومیز وهەستەکان وماسولکە وئێسک هەموو گۆڕانکاریان بەسەردادێ .

پوختەی وڵامی هەموو ئەوانەی کە گومانیان لە ئادەمی تەوڕات وقورئان هەیە بەم شێوە دەدرێتەوە.

ئادەمێتی و مرۆڤ بوون هەر بەشێوەو پەیکەر نیە، ئەگەرهەرپەیکەرێکی لەسەردووپێ وەستا و شەویلاک وکەلەسەردار بکرێتە نمونە ئەوا مەیمون و ورچ و زۆرێک لەباڵندەکانیش سەدان ملیۆن ساڵ پێش ئادەمیزاد هەبوون، ئەی کوا شوێنەواری بیناو نوسراوو وجێدەستیان؟؟

ئادەم ومرۆڤ بوون بە ڕوح جیاکراوەوسەردەستە وهەڵبژێراوبوو، ئەوئادەمەی کە هەشت هەزارساڵە هەیە ئادەمێکی عاقڵ وزمانزان بووەو هەزاران زمانی زانیوەوو نوسەرو داهێنەرو بنیاتنەرو وگۆڕەروگۆشکارە

،هەرلەیەکەم ڕۆژی هاتنی بۆزەوی باوکی ئێمەو دایکی ئێمە بەوشێوەبوون.

بەڵام ئەوەی ئەوان پێشانمان دەدەن کەلە ملیۆنان ساڵەوەهەن واقع بەدرۆیان دەخاتەوە، چونکە ئەوباوک ودایکەی دینەکان مەبەستیانە زۆر زاناولێهاتوو وبەتوانابوون، وەحیان بۆ هاتووەو پەروەردگار دواندونی وئاخاوتنیان لەگەڵ پەروەردگاروفریشتەکان کردوە، نەک سەدان هەزارساڵ بەڕووتی لەئەشکەوت ژیابن وبەئاماژە لەگەڵ یەک دوابن ونەیانزانییێ خواردن دروست کەن و بەکاڵ وکرچی خواردنیان خواردبێ ،باوکی ئێمە ئەندازیاروپێشەسازوزمانزان وهەستیاروئەدیب بوو،یاساناس وزمانەوان بوو ،نوسەروداهێنەربوو، دایکی ئێمە کابانێکی کارامەو پەروەردەکەرێکی لێهاتوو بوو، ڕستن وچنین وهەموو پیشەیەکی دەزانی.

بەڵام ئەولاڵ وکەڕو کوێرونەزانانەی ئێوەباسیان دەکەن کەسەدان هەزارساڵ نەقسەیان زانیوەونەنوسین ونەچێشت لێنان ونەپۆشاک پۆشین ونەخانوکردن، ئەوانەهیچ پەیوەندیەکیان بە مرۆڤایەتی وکۆمەڵگەی ئادەمیزادەوەنیە کەلە تەورات وئینجیل وقورئان باس کراون.

ئەرستۆ مرۆڤی واپێناسەکردوە کە ئاژەڵێکی قسەکەرە ، عەقاد دەڵێ مرۆڤ ئەوبونەوەرەیە بڵێ نەخێر، واتە شت ڕەت بکاتاوەوهەڵبژاردنی هەبێ.

ئەوپێناسە هەرچۆنێک بێ لە زانینی ئەوکەسانە باشترە کەوەک سەگ وپشیلە هەرلایەنی ئێسق وپروسک دەبینن و وازیان لە ڕوح و دەستەواژەو وعەقڵ وگیان ودین وڕەوشت ویاساکان هێناوە.

ئادەم بەپێی ڕای زانایانی جولەکەو مەسیحی لە

5760 پێش زاین هاتۆتە سەرزەوی .

پێشترلەئەڵقەی دووەم باسمان کرد کە ڕۆژی شەشەم دەیانی هەزاران لە ڕۆژی جومعەدا تەواوبوو.کەبەم شێوەبوو:

١-ڕۆژی شەممەی دەست پێکی گەردوون چاخی یەکەم دەیانی ملیاران،کەلەڕۆژەدا عەرش وئاووهەوادروستکراون.

٢-ڕۆژییەک شەممە،ڕۆژی یەکەمی شەش
ڕۆژەکە،یەکانی ملیاران.ساڵە لەوڕۆژەدازەوی لەشێوەی دەریا دروستکراوە.

یەم=بحر=دەریا لەوەشە چوار یەوم وڕۆژگار مەبەست چوار دەریاوناوەندی ئاووگڵ وبەرگەهەواوسوتەمەنی و وزەبێ کەزەوی لێ پێک هاتووە.

٣-ڕۆژی دووشەم کەسەدان ملیۆن ساڵ دەنوێنێ و دەریاو یەمی دووەمی زەوی کە هەوایە لێ پێک هاتوە.

٤-ڕۆژی سێ شەم کە دەیانی ملیۆنان دەگەیەنێ بەداتاو ڕۆژی سێیەمی چوارڕۆژەکەی زەویە ولەوڕۆژە ناوەوندو یەمی سێیەم بروسکەو سوتەمەنی و وزە هاتۆتە دی.

٥-ڕۆژی چوارشەم یەکانی ملیۆن ساڵ دەنوێنێ،کۆتاڕۆژی دروست بوون زەویە کە ڕۆژی چوارەمە ڕۆژی دەرکەوتنی وشکانی وشاخ و ڕوەک ودرەختەکانە.

٦-ڕۆژی پێنج شەم ،ڕۆژی سەدان هەزار دەگەیەنێ، یەکەم ڕۆژەلەدووڕۆژەکەی پاسمان کە خولگەو کەشکەشانەکان هاتنەدی.

٧-ڕۆژی جومعە کە دووەم ڕۆژی ئاسمانە ولەدواسەعاتی ئادەم علیە السلام دروستکراوەلەئاسمان وپاشان هەرلەوسەعاتە
هێنراوەتەسەرزەوی،ژمارەی دەیان هەزارسالّی زەوی دەنوێنێ.

ڕۆژی هەشتەم دووبارە دەبێتەوەشەممەو ژیانی ئادەم وئادەمیزاد لەسەرزەوی پێ دەست پێ دەکا وڕۆژەکانی ئەو هەفتەنوێ یەو قۆناغە دەبنە یەک هەزارسالّ

بەدابەزینی ئادەم یەکانی هەزاران دەستی پێ کرد

وەلە شەممەی ئادەم تا ناردنی محمد علیهما السلام دەێ بگاتە ڕۆژی جومعە،چونکە هاتنی پێغەمبەرمان ڕۆژی جومعەبووە.

١-ڕۆژی شەممەلەسالّی ٥٧٦٠-٤٧٩٠پ ز هەزارەی نۆیەم.

٢-ڕۆژی یەک شەممە - ٤٧٩٠-٣٨٢٠پ ز هەزارەی هەشتەم.

٣-ڕۆژی دووشەممە ٣٨٢٠-٢٨٥٠پ ز هەزارەی حەوتەم.

٤-ڕۆژی سێ شەممە ٢٨٥٠-١٨٨٠ پ ز هەزارەی شەشەم.

٥-ڕۆژی چوارشەممە ١٨٨٠-٩١٠ پ ز هەزارەی پێنجەم.

٦-ڕۆژی پێنج شەممە ٩١٠ق م-٦٠ زاینی هەزارەی چوارەم.

٧- ڕۆژی جومعە ٦٠-١٠٣٠زاینی هەزارەی سێیەم کەلە ٥٧١زاینی لەناوەڕاستی ئەوڕۆژە لەکاتی نیوەڕۆ محمد لەدایک دەبێ ولە٦١٠بەپێغەمبەرێتی خەڵات دەکرێ.

٨-ڕۆژی شەممە ڕۆژی گەڕانەوەی حوکمرانی جولەکە ١٠٣٠-٢٠٠٠زاینی هەزارەی دووەم.

٩-ڕۆژی یەک شەممە ڕۆژی گەڕانەوەی حوکمڕانی نەسرانی وهاتنەوەی مەسیح علیه السلام ٢٠٠٠-٢٩٧٠ زاینی هەزارەی یەکەم ودوا هەزارەی مێژووی مرۆڤایەتی.

لەوانەیە بپرسن کە دەبێ ڕۆژی هەڵسانی قیامەتیش هەرڕۆژی جومعە دەبێ، لەوڵام دادەڵێم دوای ئەم کۆتاهەزارە ڕۆژە سەدسالّیەکان دەست پێدەکەن ،ئەوانیش جومعەیان هەیە، ودوای ئەویش ڕۆژانی دەسالّی جومعەیانهەیە، وەلەکۆتاییشدا ڕۆژی یەک سالّی ئەوانیش جومعەیان هەیە،لەم ماوەیەدا ڕوداوەسەیروسەمەروسامناکەکانی قیامەت ڕووەدەن ،وەچونە ناوبەهەشتیش هەرلە ڕۆژی جومعەیە بەڵام ئەوڕۆژە بێ کۆتاییەو بەسالّ ناژمێردرێ وهەتاهەتاییە..

رۆشنایی لە ڕەژووخەڵوزدەردەچێ وبەقین و ڕاستیەکان لەناو گومانەکاندا دێنە دەر.

یەکیك لە هۆکارەکانی داروخانی بیردۆزەی کۆمەنیستی و مارکسیەت ,وەك لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکانیان دەردەکەوێ و لە کتیبی – الشرك فی القدیم والجدید –بلاو کراوەتەوە ،بریتی بوو لە هەرەس هێنانی بیردۆزەی ئەزەلیەتی مادە و تەنەکان، ئەمە شیان بە دوو ڕێگە بۆ ڕوون بوەوە:

ریگەی یەکەم : بەردەوام گەرمی لە تەنەکان دەردەچێ بۆ ناو ئەو دەورو بەرو دەفرەی کە تیای دان و بەردەوام تەنەکان لە سارد بونەوە دان ,جا مادام هیشتا تەنەکان تا ئیستا بە تەواوی سارد نەبونەوەو هێشتاش گوێزرانەوەی گەرمی بەردەوامە ،کەواتە مادە سەرەتایەکی هەیەو بێ سەرەتا نیە.

ریگای دووەم :کە بۆیان یەکلا بوەوە کە تا تەنەکان سارد ببنەوە ، وێك دێنەوە و مەداری ئەلکترونەکان لەناوکەکە ی نزیك تر دەبێتەوە ,تاکو لە کۆتایی دا ئەستیرەیەکی زەبەلاح دەبیتە مادەیەکی خەست و چری زۆر گران لە کیشدا ,جا مادام لەگە ردون دا هیشتا ملیاران ئەستیرە ماون کە زەبەلاحن و نەبوونە گرگنی چر، کەواتە ما دە سەرەتایەکی هەیەو لێ یەوە دەستی پێ کردوە ,هەروەها کە بینیان نیوترۆنی ناو گەردیلە بە شیکی ڕەسەن و ئەصیلی ناو گەردیلە نیەو بە هۆی لیدانی تیشك لە تەنەکان نیوترون هاتوەتە ناو گەردیلەوە,

هەروەها گۆڕانی بەردەوامی مادە بۆ وزە ش ئەوەی بۆ سەلماندن کە ئەگەر مادە هەمیشەیی بوایە ،ئەوە مادەکان گشت بەوزەبوون ,کەواتە وەك چۆن مادە ئەزەلی نیە، ئەبەدیش نیە,

هەروەها ئەو لیکۆلینەوانەی دەزگاکانی یەکیتی سۆڤیەت دەیان کرد لە سەر بەکار هینانی زانست ودیاردەی پاراسایکۆلۆجی لە بواری بۆشایی و چارەسەری دەرونی وجەستەیی و لە بواری هونەرو ئەدەب و زۆر بواری دیکە،هەر داننانیان بە زانست بوونی ئەم دیاردە ڕیسەکەی زیاتر

لێ کردنەوە بە خوری و ای لیکردن کە دان بە جیهانی روح ونەبینراودا بنین ,تەنانەت دەیان ویست کە دیاردەی تەخاتروگفتو گۆی ئەندێشەیێ وئیحائی روحی لەگەڵ بونەوەران و دانیشتوانی بۆشایی بەکار بینن و بۆ ئەم مەبە ستەش چەندەها بنکەی لیکۆلینەوە و توێژینەوەیان کرد.

لەنەوەدە کانی سەدەی رابردوکتیبیکم بە ناوی جزور المصادفة – رەگەکانی ریکەوت، خویندەوە کە زانایەکی فیزیایی دایناوە , ئەم زانا یە لە ترۆپکەی دەسەڵاتی حەزرەتی ریکەوت لە باوکی ریکەوت گەڕابوو ,بەڵام لە دەرەنجامی توێژینەوەکەی گەیشتبوە ئەوە ی کە ئەلکترۆن و پرۆتونەکان ئەوەندە بە زانایی و لیهاتوویی و کارامەیی دەجولینەوە، لە کارلیك ولیك بونەوە وریزبەندیان دا دەڵێ ی هەریەك لەوان خوداوەندیکی سەربەخۆن ,ئەم زانایە هاتبوو کە دروست کارو خالق لە جولەو نەش ونما دەربێنێ، کە چی هەموو ئەلکترۆنەکانی لێ ببو بە خالق و ریکەوتیش ببو بە قەزاو قەدەری بەرهەمی ویستی الله .هەموو لقەکانی زانستی ئەم سەردەمە لە دەقە دینیەکان و نیگا ئاسمانیەکان زیاتر پایەکانی ئیمانداری دادەکوتن ,هەر لە توێژینەوە لەو پاروەی کە دەی خۆی وپاشان چۆن بەڕێڕەوی هەرس دا کەوەك کۆگایەکی کارامە وایە,لە شوینیك دەجورێ و لە شوینیك گلاند وشلەو پیك هاتەی کیمیای بەسەردا دەکرێ ولە شوینیك وەك هەویر دەشێلرێ و ئەوسا دەهاڕرێ و و پاشان مولولەکان هەمو توخمە سود بەخشەکانی لێ وەردەگرن و و پاشان لە گورچیلە وقۆلۆن پالاوتەیەکی تردەکرێن،و پاشان وەك پاشەرۆك لە دوو شوینی ئامادەکراو پاشماوەکە فرێ دەدرێ,بەڵام مژراوەکان دەچنە ناو یەکیك لە پیك هاتەکانی لاشە لە خوین وگۆشت و ئیسق ودەمارو بەو پەری کارامەیی و هەماهەنگی و لێزانی ,بێ ئەوەی کەس ئەم مژراوەی پاروە فێر بکا بە تواناوزیرەکیەکی معجزە ئامێز کە مەحالە لە ناو کارگەکانی مرۆڤ کرد فەراهەم بکرێ ,کاردەکا،وەئەو وزە پاک وخێراوگۆڕدراوەی لەکارلێکی ئەم خواردنە وئۆکسجینی هەناسەی پاکی هەڵمژراولەناوسیەکاندا ئاوێتەدەبن وزۆرخێراش پاشەرۆکەژەهراویەکە

بەهەناسەدان وپاشەرۆک فڕێدەدرێ،ئەم دووپاشەرۆکەی کەبۆ گیانەوەران ژەهراوین کەچی بۆ ڕوەک ودرەختەکان هەناسەوپەینی کیمیاوین...

جا کە ئەم هەموو جوانی و داهینان ودادوەري و هاوسەنگی یە لەم جیهانە سیبەرەدا هەبێ، بۆئەوەی کە بەهۆی ئەم نەخشە سازی وجوان کاریەوە بە دیهینەرو خالقی ئەم بوونە بناسین و ڕێنما بێ بۆ ڕۆیشتن بۆ ملکوتی ربانی .

لە بونەوەردا جیهانەکان و پیك هاتەکان کاتێ بە ژمارەکەمن بە قەبارە زەبەلاحن، بە پیك هاتە سادەن ,بە هەستیاری ساردو بێ هەستن ومت و مردوو سڕو بێ دەنگو کپن ,بەتەمەن ، تەمەنیان درێژە ,وەتا بچوکترن و بەژمارە زۆرترن و بە هەستترن و زیندو و ئالۆزو بە جولەو تەمەن کورت و زوو هەلوەریون و شەقین واتە پرت پرت دەبن , بونەوەران لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا دەگوازرینەوەو لە نیوان ئەم دوو جەمسەرە ملیۆنان پلە هەیە، جەمسەری گەورە سادەکان سارد و جەمسەری بچوکە زۆرەکان گەرمە ,ئەم سالب وموجەبە کارەبای گەردونن و جولێنەری دینامیکی خە لق وئەمری اللە ن تا ئەو کاتەی کەبیەوێ , ئەم هاوکیشە هەم لە جیهانی جەستەکان و هەم لە جیهانی بەهاکان لە کاردایە:

لە جیهانی جەستەکان:سەرەتای سارد ،بۆشایی گەورە کە یەك دانەیە و پاشان هەسارەی گەورە کە بەیەک تادە دانەن لە کۆمەلەی خۆر و پاشان مانگەکان کە سەد دانەن، واتە دەیانن ,مانگەکان بە دەریاکان بەندن،کە سەدانن، لە فەرمودەدا هاتوە کە هەزار ئوممەت لە زەمین هەیە کە 600 ئوممەت لە دەریادان مانگ و ئوممەتانی دەریا دوربەدور کارلیك دەکەن چونکە مانگ دواپلەی ساردەکەو دەریا یەکەم پلەی گەرمە , کلك دارەکان شۆرت وتەماسی کارەباین لە نیوان سارد وگەرم دا,دەریاش دوو دەریایە، دەریا ی ئاسمان و دەریای زەوی .
وشکانی 400 ئوممەتی تێدایە لە میروو، خشۆك ، میشولە، چوارپێ، بالندە،مرۆڤ , دوا جەمسەری گەرمیش وەك بۆشایی سارد یەك دانەیە تاك جەمسەری گەرمي لەناو بۆشایی تاك جەمسەری سارده

،چونکه له بنچینەدا گەرم وتیشک بەرهەم وەرەنجام وبەدیهێنراو تف کراوەو دەرفرتێنراوی ساردو بۆشاییە.

هەردو جەمسەری تاك سارد وگەرم ،کارلیك لەم چوار دۆخەی مادە دەکەن ,ساردەکە کۆی دەکاتەوەو چڕی دەکاتەوەو تۆکمەی دەکا لە یەك جۆری رەقی وشك دا ,بەلام هەر ئەم زیاد لە پیویست رەق کردنەوەو چرکردنەوەش وای کرد کە ماده ببیته هۆی لە دایك بوون و تەقینەوەی جەمسەری دژی بۆشایی کە گەرمی وخۆرەکاننی ,ئەمەش هەمووی الله ویستی هاوسەنگی و روناکی و نەهیشتنی دەقبەستویی و شەختە وبەند بوو , بەڵام ئەم جەمسەرە گەرمەی ڕۆڵەی وشکانی تەنەکەی باوکی دەکاتە گرام ,وەها لەتی دەکا کە بەچاوی ئامیریش زەحمەت دەبینرێ ,ئەویش بۆ ئەوەی تا ئەو پەستانەی کە کاتی خۆی لەو گەرمیەی کردوە کە لەناو ناخی ئەو ماده چڕەدا بوە دوبارەنەبێتەوە ,جا ئایا چونکە خۆر ئەمە بە ستەم دەزانێ یان تا خۆریکی تر لە شیوەی ئەو پەیدا نەبێ کە هەشن بەڵام لیك دوورن؟

هەر ئەم بیردۆزەیە کە ئارنست هیگلی ئەلمانی باسی دەکا کە هەموو شتیك دژونەقیزەکەی خۆی لە ناو ناخی دا هەل گرتوە و بە هۆی پەستانەوە رۆژیك دەبێ لە دایك بێ و باوکی لێك هەڵوەشینێ و و فەرشیکی نوی لەسەر فەرشەکانی تر ی باوو باپیرانی راخا ,چونکە ئەم دنیایە وەك حالی دۆزەخیان هەربرایەو خوشکەکەی خۆی بەنەفرەت دەکاو وەك پێلاو لە پێ ی دەکاو بوونی خۆی لە سەر کەلاکی ئەوان بنیات دەنێ.

تا ئیستا ئەم نەقیز ودژانە حەقدە فەرشیان ڕاخستوە کە ئەمانەن:

یەکەم و دووەم: الله ئەم گەردوون و بونەوەرەی بە ئیناو ماعون ودەفر و زەرفی بۆشایی راخست ، وە تایبەت مەندی ساردی و پەستانی دژی هەر تەنیکی پێ بەخشی کە لەودەفرە بکرێ ,واتە ئەم لەوح ودەفروئینایە تایبەتمەندی ئەنانیەتی هەیە, ئەم لەوح ودووری وڕەحمە جیگاو باوەشی هەر دروستکراویکی ترە کە دوای ئەو دروست کراون و لەو حو

سەبورەو تابلۆی بونەوەرانەو بونەوەران وەکو نوسین و وینە وان لە سەر روخساری ئەو منداڵدانە.

دووەم فەرش ئەوەیە کە لە م بۆشاییە قبلە نماکان 16 ئاراستەی چوارلا ئاسۆیەکەی بۆ دیاری دەکەن ،کە دەبێ 16 لای تریشی هەبێ لەلایەنە ستونیەکەی کە قبلە نماکان دیاریان نەکردوە, لێکدانیی هەردوکیان دەبیتە 256 ئاراستە, بەلام بە پێ ی هیلەکانی دریژی و پانی ,کە بە 360 هێڵ دانراوە واتە 360 ئاراستە ی هەر شەش لاکە دەگەیەنێ کە 19 بە 19 یە.

جا چونکە جگە لە اللە هەموو شتیك شفع وجوتە، ئەم ئینیاو دەفرەش کە سێ دووری و شەش ئاڕاستە ناسراوە، دوو فاقە و ڕژیم وایە کە تایبەت مەندی سارد کردنەوەو رەق هەڵێنان نابێ لە هەموو لاکان بێ . هەروا تا ئیستا ئیمە دەزانین کە قورسایەکان بۆخوار دەچن وبیردۆزەی کێشندەی نیوتن بەکاردێنین،وەهەڵچوەکان بۆ سەرەوە دەڕۆن وبیردۆزەی هێزی هەڵمی هەیە. وە باکان بۆ ڕۆژئاواو ئاوەکان بۆرۆژهەلات ,تا ئیستا جگە لە بۆشایەکی بیلایەن کە هەم لەناوەندو لە هەرشەش لا کە بوونی خۆی پاراستوەو نەهیچ کێش دەکاو نەکێش دەکرێ, ئیمە ڕەوتی کەشکەشان و ئەستیرەکان لە بەر گەورەیی پانتایی بۆشایی، نازانین گل بونەوەیە یان هەڵچوونە ,یان پشوە باییە،یان شەپۆلی ئاوی؟ لەوانەیە مروۆەکان وپیکهاتەکان هەریەك تایبەتمەندی لایەکی پیدرابێ تاهاوسەنگی بەردەوام بێ.

سی یەم :دوای دروست کردنی ئەو سندوق و دەفرە 19 بە 19 ئەو جا اللە قەڵەم و پینوسیکی بۆ ئەم تینوس ولەوحە دروست کرد و فرمانو ئەمری پێ کرد کە ئەوەی لە دروست بونی قەڵەم تا قیامی ساعەت دەبێ بینوسێ ,جاکە لەوح ودووری یەکەم عابدورەحمەتی محمد ی بێ، قەڵەم نقرە ونوکی قەڵەمی قورئان وقەرنی چاخی جێۆلۆجی بن،کە واتە خوێندراو،واتە بەنوک دێرراو بە نوک دانراو،ئەم دووریە ڕوحی یەکەم عابدە کە موحمەدە،کەکەس وکاسێک شایانی ئەوەبوایە ببێتە ولد وڕۆڵە

وەرفرتێنراوی اللە ئەم پانتایی ومحمدە بوو کە عەبد ودووریەکانی اللەیە،وەکە بە بەنوک دانراویش بگوترابایە کوڕو ڕۆڵە وەلەد، ئەوە ڕای نوکی قەڵەم ودێروکەلیمەکانی گشتیان دەبووپێ یان بگوترابا ڕۆڵەکانی قەڵەمی قەڕن ودووری ڕحمانی محمدی خوا،.

جا دوای دروست کرانی ڕوحی محمد عبداللە وەک یەکەم ڕوح، وەیەکەم دروست کراوی بەرجەستە قەڕنی قورئانی قەڵەم کە بەملیاران ساڵ پێک هاتەی هەموو چاخەکان وشەرع وپەیامی سەدوبیست وچوارپەیامبەرانی نوسی،ئەوجا لاشەی ئادەمی محمد دوای تەواوبوونی بیستوچوارسەعاتەکە وهەڵگرتنی سەعاتی بیست وچوارەم ،عیسا، تامحمد بێ وکارەکە تەواو بکا، , دوای وجودی دوفاقی بۆشایی ,قەلەم وجودی علمی وئەندازەیی و زهنی بونەوەران ورورداوەکانە ,واتە جیهانی مجردی شت و زانست وژمارەکان کە فیساگۆرس و ئەفلاتون وهیگل باسیان لیوە کردوە,کەواتە فەرشی 3 فەرشی علم و مەعریفەیە و کەلیمات و کەلامی قورئانە.

چوارەم: پاش پڕ کردنەوەی لەوح و قەلەم وعلم ,بونەوەر فەرشی چوارەمی نورانی لێ ڕاخرا کە ملائکەن ,ئەو کاتە خۆر و وزەو سوتان ئیجاد نەکرابوو,بەیە ك بەرهەم هێنانی نور ی بێ پەنا بردنە بەر سوتان و پاشماوەو خۆڵە مێش ودوکەڵ ,وجودێکی حەقیقیە و ئیمانمان پێ ی هەیە،نمونەی نوری اللە لە ئاسمانەکان وزەوی ،وەک مەشخەڵ ولوئلوئو ودوڕومرواریەکی درەوشاوەیە بەبێ ئەوەی ئاگرلەم بلێسەداهەبێ،وەک لەسوڕەی نور باس کراوە,, ملا ئکەکان جیان، لە کەلیماتەکانن کە قەڵەم نوسیونی ،جونکە کتابە کۆکردنەوەو کەتیبەو ڕێزبەندیە،بەڵام مەلائکەکان اللە بە وشەی کن تکوینی کردن وپێکی هێنان، ئەوان تەسبیحی ناو لەوحەکەن و هیچ بستێکی لەو ح لەو ملائکە سوجدەبەر و بەرجەستە بوانە خالی نەبوو ،لە فەرمودەش گوتراوە کە ئەستیرەو بورجەکان کۆشکی ملائکەکانن ,وە ملائکە لە ئالوکە وە هاتوە واتە نامە بەر ,ئەوان بەجۆرەهاشێوەی بچوک وگەورەخۆیان دگۆڕن،هەرلەشێوەی شەش سەدباڵی و هەرلە هەشت زەبەلاحەکانی هەڵگرانی

عەرش،پێدەچێ تەنەرەقەکانی ناو لەوحەکەبن کە پیش ئاگرو ئەوان کە سەرپەرشتیارو فشاری سەر جنەکان بوون، ئاگربەوفشارە لەناخی وانەوەدەرچوە و منالّی وانەو بۆیە دژونەقیزی ئەوانیشە.

پینجەم :فەرش وراخراوی دوای ملائکە، جنیەکانن , جنەکان لە بڵێسە دروست بوون ، لەمارجی ئاگر، ئەوان ئاگری ناو مادەن ,لە هەر شوینیك مادەلەشیوەی نەیزەك وهەورو بەستەلەك و شاخ و دەریا هەبێ ,وزەش هەیە، جا ئەم وزە جاری وایە دەبێتە بروسکەو جاری وایە دەبێتە بورکان و و جاری واش هەیە دەبێتە خەڵوزو دارو درەخت , کەواتە جنیش هەرچەندە تەنەرەقەکەی ملاکیان بەبورکان ودارو درەخت تۆزێ نەرم کرد ,بەلام ئەوەی کەتەن شي دەکاتەوە شەیتان ومارەکانن کە لە سورەتی کهف هاتوەبۆ پێناسەی ئیبلیس (کان منال جن)ئیبلیس منالّی جنە ,ئەو خودی جنە کانیش کەتەنن شی دەکاتەوە,وەك الله دەفەرموێ یرونکم من حیث لا ترونهم –مەبەستی ئەوەیەکە جن ئیوە روناك دەکەنەوەو دەبنە هۆی رۆشنی و شت بینین بۆ ئیوەی ئادەمیزاد، بەلام ئیوە نابنە هۆی بینین بۆ ئەوان.

شەشەم,شەیتان و ماردەکان، منال وبەش ونەقیز ودژی جنەکانن ,ماردەکان مەداری ئەستیرەو مانگەکانن , کاری سەرەکیان شیکردنەوەی تەنەکانە،تەنەکان کە شاخ بن، دەیانکەنە تەمتەم کە تەم تەم بن دەیان کەنە بەردکەبەردبن ،دەیان کەنە چەوو خیز کە خیز بن دەیان کەن بە لم ،کە لم بن دەیان کەن بە تۆز ،کە تۆز بن دەیان کەنە ئاو ،کە ئاو بن دەیان کەنە هەور ،کە هەور بن دەیان کەنە با ،کەبا بن دەیان کەنە ئاگر وبڵێسە،کەبڵێسەبن دەیان کەنە بۆشایی .

حەوتەم :کون و گرگنە سپیە کانن، ئەمانە تەنەکان گڕ دەدەن و تارو ماریان دەکەن و ئەو پەڕی پلەی شەی تەنن ,بەردەوام گەرمی ووزە دەدەن بە گەردون تا ببیتەهۆی شی بونەوەی تەن ,نیوترۆنیان لە ناو گەردیلە کردە هاوبەشی پرۆتۆن تا بەردەوام قورسیەکان شی بکەنەوە,هەروا دژە مادەو دژە ئەلکترون دێننە خولگەی دەوری گەردیلە

،تایەکەی پێک هێنەری مادەکەگەردیلەیە ،تەفروتونابکەن وهەڵی وەشێنن، تا هەمیشە تەنەکان لەبەریەك کەوتن ودەرپەراندنی وزە دابن.

هەشتەم :تیشك ,تیشکی خۆری شی کەری تەن کەمنال ونەقیزی شەیتانە و لەباتی تەن شیکردنەوە سالانە ملیاران تەن مادە بەگەلاو قەد و روەك وسەوزەو میوەو لەوەرو دانەویلەو جۆرەها گژو گیا دروست دەکا و جۆرەها قەوزەو مەرجان پیك دینێ.

نۆیەم: هەورو هەلمی ئاو ,بەهۆی کارلیکی تیشك لەگەڵ خۆل و ساردی وگەرمی هەورەکان لە گەردون دروست بوون وبوونە فەرشی نۆیەمی گەردون و بۆشایی صەبورەکە ,ئەم هەواو بایە هەناسەی روەك ودارو درەختەکانە و رۆلەو نەقیزو ئەو دژەیە کە دارو درەخت وسەوزایی لە هەموو چرکەیەك هەناسە دەدەن.

دەیەم: لە هەر کوێ باو هەواو هەور هەبێ، ئاوی لەگەڵ خۆی هەل گرتوە ,با پێش ئا و هەبوە بە بەلگەی فەرمودەکەی زری کوری حبیش کە پرسیارلە رسول الله کرا ربنا لە کوێ بوو پیش دروست کردنی عەرش وئاو؟فەرموی کان ربنا في عماء تحته هواء وفوقه هواء, سەیر کەن نەی گوت الله ،چونکەربنا باسی ئیناو پیك هاتەکانی ئینایە کە محمد ی یەکم دووری وبۆشایی وعابد بۆخۆیەتی، ,کەواتە زۆر بوونی با بوە هەورو ئاوو دەریاکان پیك هاتن ,لە سورەتی مؤمنون ئاماژەکراوەکە ئاو هەمووی لە ئاسمان بە قدرو ئەندازە هاتۆتە خوار ,کەواتە بەرە رق و چرەکان وەك مادەیەکی چری پەیت کە قۆناغی ملائکە بوو هەبوون .

یازدەهەم : گل وو وشکانی . ئەم فەرشە بەهۆی کارلێکی ئاوو هەواوئاگروتیشک وبۆشایی پێک هات وزیاتر لە سەر ڕوی ئاو خۆی گرت و چینەکانی زەوی پیك هێناو ,لە زەویشەوە بە گەردوندا دووبارە بلاو بۆوە و بوە فەرشی یازدەهەم.

ئەم قۆناغە جیایە لە ئەستێرە چرو پەیتە دوڕی ومرواری و ئەلماسی و نورین وبلورین بوون ملوانەی ناولەوح بوون.

دوازدەهەم: کون وتونیلە رەشەکان:لە دوای زۆر بوونی قەبارەی تەنەکان ,ئەنانیەتی ئینای لەو ح لەهەندێ خال دا بۆ حیکمەتیك کە الله مەبەستیەتی ئایا لەبەر بە نرخی و پیویستی مانەوەی ئەو بڕە مادەو کەلیمەو ئەمرانەیە کەلەوکونەڕاشە تجمید دەکرێن ودمژرێن، بۆیە وا بەنرخ وقورس وگرانن ,وەك کتیبە پیرۆز و شوینە پیرۆزو سەرنج راکیشەکان هەمو شتیك بۆلای خۆیان کیش دەکەن , نمونەی ئەمە کە منالّ لە دایك دەبێ، دلّان بۆلای خۆی کیش دەکا ,تا گەورە دەبێ و پیر دەبێ و دەبێتە گرگنێکی سپی و قژ وریشی سپی دەبێ و وەك خۆر هەموو شتیك لێ ی ڕادەکا,ئەم کونە رەشانە هەموو شت هۆگریانە،قۆناغی سەرەتاومندالّی شتەکانن وکەپیربوون ئەم قابزوکێش کەرانە دەبنە باست وڕاخەروتوێژنەری هەموو ئەوشتەگرانبەهایانەی بۆملیاران سالّ لای خۆیان گلیان دابۆوە.

سیزدەهەم:ئەم فەرشەی سیانزەهەمە فەرشێکی بڕێك ئالۆزو هەستیارترە لە فەرشەکانی تر کە فەرشی قارچکی کارگی و فتریات و قارچکەکانە، کە ئەمانە ئەلقەی بە یەك گەیینی نیوان روەك و ئۆرگانیەکانن, و گەشە کردنیان دەوروبەری وەك روەك و ئۆرگانی پیویست نیە, فاتریش لە عەرەبی دا واتە دەستپێکەر، بۆیە من قارچکیەکانم خستە پێش فەرشی ئۆرگانی و روەکی و ئەگەر ئەم فەرشە هەبێ لەگەردون زۆر کەمە ,بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بلاو کەرەوەی ئەم فەرشە بێ لە رێ ی ناردنی کەشتیە ئاسمانیەکان بەتۆوی قارچکی بۆو شوێنانەی کە شێدارن لە سەرئەستێرەوهەسارەو مانگ وکلکدارو هەورەچڕە گەردوونیەکان.

لەوەیە ئەستێرەوهەورەزەبلاحەکانی گەردوون زۆرێکیان لەم ڕێگایەوە پێک هاتبن.

چواردەهەم :فەرشی درەخت وروەکیەکان و گژوگیاوگۆلەکان :ئە م فەرشە فەرشیکی هەمەرەنگ و فرە قەشەنگ وهەمە چەشنە و هەرلە گژو گیاکان تا دانەویلەکان تا بیستانیە کان و دەوەنیەکان و پاقلەییەکان و درەختەکان و تولە خشۆکەکان, رەنگ و شیوەو شکل نیە لەم فەرشەدا خۆی نمایش نەکا ,بوون و گەشە کردنی پێویستی بە دەوروبەریکی

تایبەت هەیە، بۆیە تا ئیستا لەم گەردونە دا جگە لەزەوی لە هیچ شوینێ بەو هەمەڕەنگیە نەبینراوە ,بۆیە ئەم خوشك و برابەشی ژیانی ئۆرگانیە وسایەو سێبەرو بە خێو کەرو دایەن و هەناسەدەریەتی .

پازدەهەم :شیان و ژیان و شانەی زیندەگی ئۆرگانی ,ئەمە فەرشی 3 چەشنی ژیانە کە

ە لە قاموسی ئیلاهی دا بە هۆی تاوانەکەی ئادەم فەراهەم هاتوە و شەقاو شەق شەق بوونە و ئەم 3 جۆرە هەر سیکیان بە تۆو مترب و مەنی وهیلکەو پارچە ناشتن دەتوانن کاری زۆربوون بکەن و وەچەکەیان بپاریزن ,ئەمە ئەو خلود ونەمریە بوو کە ئادەم پێ ی خەڵەتا,بۆیە ژینی جەنەت زۆر بوون وشەق بوون وچاندن و پاشەرۆك و هەڵوەرینی تێدا نیە 'واتە وە ك ژبانی مەلائکەکانە ,هەروەها تیشکی خۆرو ئاگرو سوتاندنی تیدانیە ,خەلکەکەی قژیان نایە، ریشیان نیە جرداومەردان و ئەمرەد وکەچەلن ,22 پاشە رۆکەکەهەتا مەنی پیاوو وهیلکەی بێ نویژیش لەوێ نیە, واتە لەجەننەت شقا وشەق بوون نیە ,هەڵوەرین نیە ,داخوران وڕزین نیە,بۆیەش ئەم سێ فەرشی دوایی ،قارچکی وئۆرگانی وڕوەکی باوەر ناکەم بتوانن بچنە ناو لەوحەکەوە بە فراوانی ,بەلکو لە چەند باوەشیکی وەك زەوی ,وەك روەکی خانوە شوشەیەکان دەپاریزرێن , لەدوای مردن ئەم سێ فەرشە بەلاشەو ڕوحێکی تایبەتمەندی هەموار دەکرێن بۆ ئەوەی بەکەڵکی ژیانی بێ سنوری هەتاهەتایی بێن وپاشەرۆکیان نەبێ.

شازدەهەم :کە روەك و قارچکەکان زانیان وجودی ئەوان سەوزایی سزای اللە یە بۆ تاوانەکەی ئادەم وناتوانن بە فراوانی بچنە ناو فەرشەکەی لەوح ,بۆیە لەم خانوە شوشەیەی زەویەوە کپ بوون و نەقیزو رۆلەکەی ناخیان وەك هەناسە وهەوا بەرێ کرد و فتریەکان شیداري دایکیان نارد و روەکەکان هەوایان نارد و بوونە دوو فەرش .

بەڵام مرۆڤ کەسەردەستەی ئۆرگا نیەکانە کە ئەویش دیسان زانی بەم ژیانە گولی وگڕوێ بیە ناتوانێ بچێتە ناو فەرشەکە ,ئەوا دەیەوێ بە

دەستکرد ودەزگاو ئامێرەکانی ئەم کارە بکا,جیاوازی کاری مرۆڤ لەگەل کاری قارچکی و سەوزەکان ئەوەیە، کەئەو دەیەوێ کە فەرشیکی بەرجەستە بنێرێ کە پێویستی بەوزەیە و بە پاراستن و ئاراستەکردن وچاودێریە ,بەرای من وەك فەرشەکەی ڕۆەك و قارچك سەرکەوتو نابێ کە ئاوو و هەوان ,وەك هی شەیتانیش سەرکەوتونابێ کەتیشکە .

کە مرۆڤ بەم ئامێرانەی بیری لە دوو خوشکەکەی بکردبایەوە کە تۆوی ڕۆەك و قارچکەکانن کە بە هندسەی جینات هەمواری کردبان و بۆبەرگەگرتنی هەموو ئاووهەوایەکی وشکی و تەڕی و گەرمی وساردی وبینارداینە لەوانە بوو بەم کارە سەرەتای گەورەو هەنگاوی گەورە بوایە بۆ هەنارەکردنی ژیانی گول وگڕوێ کانی بەنی مەجزوم بۆ گەردون .

حەڤدەهەم :فەرشی قسەو گفتو گۆو دەنگ و کات وزەمەن .زەمەن لە ناو لەوحەکە بوونی هەیە، بەلام نەك بە تیگەیشتنی سەرزەوی قسەو ودەنگیش هەرهەن وقەلەمی یەکەم نوسیونی ,بەلام مەبەستم لەم خالە ئەوەیە کە مرۆڤ لە ئامیرەکانی کە مەبەستی بێ .لە جیهانە بچوك وچڕ وپڕەکەی ئەم مرۆڤە گول وگڕوێ یە ,زۆر زاراوەو دەستەواژە هەن کە ماناو و واتای بەراوە ژوو بەدەستەوە دەدەن ,بۆ نمونە شوین ,شوین بە تیگەیشتنە گەردونیەکە بۆشایی و دەفری ئاڕاستە و لاکانە ,بەلام بە تێگەیشتنە زەمینیەکە ئەو پارچەزەویە ڕەق وشکانی و دەریاو ئەستیرەو کەشتیەیە کە لە سەری دەژین ,هەروا زەمان لە تیگەیشتنی گەردونی، ئەو تە نە ڕەق وشلانەیە کە وەك زمانەیەك بە دەفری بۆشایی و شوین دا بەخێراییەکی گونجاو لەگەڵ مانەوەیان ڕەت دەبن،تاکو شی دەبنەوەو نامێنن ، کەنەمان واتە تەمەنیان تەواوبوو ، جائەو بونەوەرانە ڤایرۆسێک بن یان گەلەستێرەیەک ، هەموو گەردوون گەورەوبچوکی بەوچاوە لە کات دەڕوانێ.

بەلام لە تیگەیشتنی مرۆڤ وزەوی دا ئەو زمانە وتەنە شل و ڕەقەی زەوی کات وزەمان نیە بەلکو مەکان و شوین ونیشتمانی مرۆڤە

,کەواتە کە گوتمان زەمەنی گەردونی ,ئەوە = شوینی زەمینی ,
زەمان لە سەر زەوی ,هەروەك چۆن بۆ کاتە گەردونیەکە گوتمان
زەمانی گەردون بریتیە لەو تیپەر بونەی تەنەکان بە بۆشایی دا ,کاتیی
زەمینیش بریتیە لە تیپەر بوونی گیانەوەرە ئۆرگانی و ئامیرەکانیان بەناو
سەر پشتی ئەو مسافەو تەنەی پێ ی دەڵێن مەکان و کیشوەرو
ئەستێرەکەیان , بۆئەمەش یەکەی سروشتی جوڵەی زەوی ومانگ
وئامیرەکانیان و جوڵەی هەتاوو سێیەر بەکار هێنراوە بۆ پێوانەی کات.
وە زیاتر مەبەستم بۆ ڕاخراوی حەڤدە، ناردنی دەقەکانە بە دەنگ ,بە
تایبەت دەقە پیرۆزەکانی الله ,کلیلە راستە قینەکانی خەلق و ئەمر و
هەموو بونەوەر , ئەی مرۆڤی گڕوێ، واز لەو بیرە بێنە کەتە
تاکە زیندوی و هەموو گەردون مردوو بێ هەستە ,بەڵکو بڵێ تەنیا تۆ
نەخۆش و شەقی وسیزەری و هەموو بونەوەر بەتایبەت بونەوەرە
جامدەکان کەتۆبە بێ گیانیان دەزانی لەترۆپکەی ژیانی مەجد دان
,شاخەکان لە تۆ زیندو ترو ساغ ترن ,ئەو ژیان وزیندەگیەی بۆی دەچی
لە جەننەت وەك هی شاخ و تەنە جامدەکانە ,تۆ بتەوێ ونەتەوێ ,ئەوەی
لە چارەی نوسرابێ کە بگاتە ئەو ژیانە هەردەچێ , ئەوەش کە باوەری
پێ نەبێ هەر پاشەو پاش دەکشیتەوەو کە هەلوەریوەکانیشی برۆن
روحەکەی تەقەموس و استنساخ وکۆپی کردن و ژیانەگولیەکەی سەر
زەوی دەبێ ,جا چ نەسخ بێ کەببێتە نەوەکانی خۆی،دوای مردن، یان
فەسخ بێ کەببێتە روەك و ئامێرەکان دوای مردن,یان مەسخ بێ کەببێتە
گیاندارو ئاژەل و پەلەوەرەکان دوای مردن , من وا دەرگاکانم بۆ
کردیەوە، ناو لەوحی رحمانت دەوێ، جەننەت وفردەوست دەوێ لای
محمدی ئەول عابدە لای مسوڵمانەکان ، براهماوفشنایە لای
هندۆسیەکان، نیرفانایە لای جینی وبوزیەکان، کاسیۆیە لای
کۆنفشیۆسیەکان، کامۆیە لای یابانیەکان، وکشتەی وقارە لای سابیئیەکان
ومەلەکوتە لای مەسیحیەکان ولاهوتە لای یەهودیەکان ،ڤارە لای
مەجوسیەکان ،بەهەشتە لای زەردەشتیەکان ،ئایدیایە لای ئەفلاتونیەکان
پەرەدەسە لای ڕۆمانیەکان ، ثقبي دودي نێوان کونی ڕەش وکونی سپیە

لای فیزیاییەکان وفەلەکناسانی هاوچەرخ ، ودواپلەی ژیارە لای کارداشیف و زانایانی گەردوونناس ..

بەو ئیمانەسەردەکەوی بۆو ژیانەی کە بۆم باس کردوی ولەدەقەکانیش زیاتر باس کراوە. ,کەنەشتەوێ بڕۆیە ناو ئەو جەننەتە، ئەوە ئەگەرهەر 22 پێك هاتەکەشت برۆنە جەننەت،ئەوا روحەکەت لە مەسخ وفسخ ونەسخ بەردەوام دەبێ .

مەبەستم لە 22 پێکهاتەکان ئەو بیست ودوو پاشەرۆکەن کە تا بونەوەری زیندوو لە ژیاندابێ وەک جۆگەلە لێی هەڵدەوەرن .

خانەوەریوەکانی پێستی و توکی قژو لاشەی ودەفرتێنراوەکانی چاوەکانی وگوێکانی ولوت ودەم و مەمکی لە فرمێسک وچڵم و تف وددان وشیرونینۆک و....هتد

دەرفرتێنراوی پاش وپێشی مرۆڤ لە پیسایی و میز و منااڵ و کۆرپەلە و...هتد.

دواتر لاشەکەشی کە ئەم جۆگەلانەی لێ ڕاوەستان ومرد ئەویش لەناوئەوخاکە دەنێژرێ کە بەکەڵەکە بوونی ئەوخانەوشانەهەڵوەریوانەی بونەوەران پێک هاتووە.

جا مادام یەکەم جیهانی ڕوحانی دووری بۆشایی ویەکەم دروست کراوی بەرجەستە قەڵەمی قورئانی بوو،ئەوادوا هەواڵدەریش کەمحمدە لاشەی ئەو یەکەم بۆشاییەیە ،وەدوافەرشیش دەنگ و وشەو وکەلیماتی مرۆڤن کە ئەویش لەگەڵ یەکەم قەڵەم تەواوکاری یەکترن وبەتایبەت بەدەقەپیرۆزەکانی تەورات وئینجیل وقورئان مەلەکوتی الله دەرگاکانی دەکرێتەوە..

لە کۆتایشدا ژیانی جەهەننەمیەکان کە محجوم دیاری کراوو لاشە ن و تەنیا خانەی پیتیان بۆ هەست کردن بە ئازار نوێ دەکرێتەوە چونکە زۆر گیرۆدەو دیلی ئەم هەستانە بوون لە ژیانیان ونەیان کردۆتە پەیژەی ژیانی

ئەبەدی وبەلکو بە ئەوەل وئاخر حەقیقەتیان زانیوەو گوتویانە لەم ژیانی جیهانە زیاترو خۆشترو نەمری تر نیە ,

خۆ تەنانەت بوزی وهندۆسی و تاویەکانیش باسیان لە دەرچوون لە خولی ژیان کردوەو پێ یان گوتوە قۆناغی نیر فەنا واتە فەنا بوونی نێرایەتی ووەچە خستنەوە ونەیاری فەرمانڕەوا, ئەمەهەموی بۆ ڕاڤەی بیردۆزەکەی ئارنست هیگل بوو.وە رێکیش بوو لەگەڵ سەرەبابەتەکە کە یەقین لە ناوگومان شەك لەدایك دەبێ,لە جیهانی بەها ومعنا و واتا و دینەکانیش هەرلە گەورەو سادە بۆ بچوك وزۆرو ئالۆز ریزبەندن ,لە بێ گیانی سادە و دەقبەستو بۆ خانەی مێشکی ئالۆز .

_____

یەکەی چواردەم: ڕۆشنایی لە ڕەژوو و ڕاستیەکان لەناو گوماندا دێنە دەر.

کۆکردنەوەی :محمد عزیز لۆتەری.

1- یەقین وزانینە بەلگەنەویستەکان,ئەوانیش وەك ئەو بۆشاییەن کە تۆ و هەمو وجود لە باوەشی دایە و کە س گومانی لە بوونی نیە و هەرخۆی بەلگەی بوونی خۆیەتی، وەك الله ی تاقانە خالقی هەمو وجود وراگرو پاریزەرو دەستپیکەرو کۆتایی پێ هینەری هەموو بونەوەر وپیك هاتەکان ،هەروەك چۆن لە بەرجەستەییەکان جەمسەری گەرمەکان کەخۆرە ئەویش لەناو بۆشایی هەل گیراوە و بێ پێویستی نیە لەبۆشایی.

2- یەکلا بوەووە هەست پێ کراوەکان بە هەر پینج هەستەکەت وەك زەوی کە تۆ لەسەری دەڕۆی و بۆنی دەکەی و دەستی لێ دەدەی و دەیبینی و دەنگی دیاردەکانی دەبیستی ,و میوەکانی تام دەکەی و بە هەردوازدە هەست بۆت سەلماوەکە هەیە,نمونە شی لەناو بەهاکان پەیامبەرانی بەعەزمن کە نوح وئیبراهیم وموساو عیسا ومحمدن علیهم

السلام كه ئەمانه وەك پێنج ناوەندەكانى رەق وشل وبڵێسه وباو بۆشايى هەست به بوون و شوينەوارو پەرەسندنيان دەكرێ.

3- سەلمينراوه به بەڵگەكان ,ئەمانەش وەك ياساو ريسا تاقيكراوەكان له هيزى كێشندەو پەستان و گەرمى وساردى و كارو كاردانەوه ,ئەمانەش وەك ئيمان به كتێبتەكان له روكنەكانى ئيمان و نكولى لەبونيان ناكرێ.

4- گومانه راجح و بەڵگەدارەكان ئەمانەش وەك ئەستێرەكان و ئيمان به ملائكەيه ,هەروەها بوونى جنەكان ، به تاقى كردنەوه تيشكەكەمان بينى و زانيمان ئەستێرەكان هەن، وەك گريمان و تيۆره سەلمينراوەكان .

5- شوبهات و ويكچوو و زانينه قياسي وپێوانەييەكان، ئەمانه وەك نەيزەكەكانن , تيۆرو گريمانه پێش بين و تاقى نەكراوەكان و لەبوارى پێشبينيكراوو ئيحتمال و ئيمكاندان ,ئەگەر الله ويستى له سەر بوو دەبن و ئەگەرنا نابن ,وەک كاريگەرى دەرمانەكان بۆشيفاهاتن ونەهاتن،هاتنەدى ونەهاتنەدى پێش بينيەكانى كەشناسان، ئەگەر له خالى چوارەم گەرم و سارد ملائكه ى سارد و جنى گەرم تەريب بوون ,ئەم خالى پێنجەمه حالەتى شۆرت وتماسى كارەبايى بەهاكانه له نێوان چاك وخراپ،له پێگەكانى ئيمانيش ئيمانه بەقەزاوقەدەربەخێروشەڕيەوه.

6- -فێڵ وتەڵەكەو خەڵەتاندن و سەردابردنەكانن ،مەكرى الله ن ،بەلام به پەنا گرتن بەچوار خالى پێشەوه، ئينسانى مؤمن دەتوانێ خۆى پەنابدا لەو كارەساتانه,وجوديان حەقيقيه وەك خۆر ,بەلام وەك بۆ گەرماى خۆر پەنا دەبەينه بەر سارد كەرەوەو ناو ئاوو سيبەر بەهەمان شيوەش ئەم جەمسەرى بەدكاريه خۆى لێ لادەدرێ,ئەمه وەک ئيمان بەڕۆژى دوايى وناڕەحەتيەكانى يەتى،لەدنياى واقيعيش دا وەک ڕەچاوكردنى ڕێ و

شوێن وئاڕاستەکردن وئامۆژگاریەکانی مامۆستا لەلایەن خوێندکاران وڕەچاوکردنی ئامۆژگاریەکانی ئابوری ناسان لەلایەن کۆمپانیاکان تا توشی کەوتن وئیفلاس نەبن وبە سەرکەوتویی دەرچن.

ئێستا دەچینە سەر پینج نویژ وپێنج پەرستشەکان، ,ئەو پێنجانە هەریەکیان بەرامبەر یەکیك لە پێنج ناوەندو بوارەکانە:

-نوێژی بەیانیان و فەجر فەرەزیات و گریمانەکانی بۆشاییە وڕوکنی شایەتمانە وشهودو بینینە. ئەو بەڵگەنەویست وگریمانەوبیردۆزانەیە کەلە سەربۆشایین.

-نوێژی نیوەڕۆ،نوێژودوعاوپەیوەندی یە،تیشک وڕوناکیە،وزەو توانایە،تاووتین وگەرمیە.ئەو بەڵگەنەویست وسەلمێنراوو گریمانانەیە کەلە بواری گەرمی وتیشک و وزەن.

- نوێژی عەسر،پەرستشی زەکات دانە،هەواو باکانە،ئەوبەڵگەنەویست وسەلمێنراوانەن کە باس لە هەواوبا دەکەن.

-نوێژی ڕۆژئاوا، ڕۆژوو گرتنە،ئاوو شلە کانن،ئەو بەڵگەنەویست وگریمانانەن کە باس لە ئاو دەکەن.

-نوێژی عیشا، سەفەری حەجە،گڵ وباری ڕەقیە،ئەو بەڵگەنەویست وگریمانانەن، کەباس لەتەنە ڕەقەکان دەکەن.

بەم پەیژەی ربانیە دا وەرن ، تادەگەنە علمی یەقین ,بەرەو معریفەت و محبەت و ستایش وحمدو دوان و گوفتار لە گەڵ حەق الیقین ,بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ئەو جیهانەی لێ ی دوور خراینەوە وەك سزایەك و بۆماوەیەکی دیاری کراوو تالەوێ ببینین عین الیقین.

نەك وابزانین هەتاهەتایە ئێمە بەم کۆمەلەی خۆرەوە گرێ دراوین، ئەم جیهانە ئەول و ئاخر حقیقەتە ,ئیمە بەهۆی شبهات و وێکچوو تەفرەمان خواردو دوور کوتوینەوە ,هەربۆیەش کە قبلەو شوینە پیرۆزەکانمان لە

سەر زەویەکن کە شبە ووێکچوی جزیرەیەو دوور نیە کە ئەم حجازە لەبنچینە دا نەیزەك وشهابیکی کەوتوبێ تا ئەم حقیقەتەمان بیربێنێتەوە .

لێرە دەگەینە ئەم هاوکیشە :

شبهه+ شبهه=گومان , گومان+ گومان =گومانی راجح ,گومانی راجح +گومانی راجح =سەلمینراو, سەلمێنراو +سەلمێنراو = بەلگەنەویست ,بەڵگە نەویست + بەڵگەنەویست = علم الیقین

دوای علم الیقین لەم جیهانەدانیە مەگەر بە خەون و وێناوخەیاڵی دەرونی ,بەلام علم الیقینەکان دوای مردن دەبنە حق الیقین و عین الیقین .

واتە سەرکەوتن بەو پەیژەدا دەگەرێینەوە بۆئە و ژیانەی کە باوکمان لێ ی دەر کراوە.

لە زۆر فەرمودەدا هاتوە کە، ئەوەی ئیمە پێ ی دەڵێین جامد وبی گیان لەگەڵ زۆر لە مرۆڤە روحانیەکان تفاعل وکارلێکی کردوە ,بەردەگفتو گۆی لەگەڵ محمد کردوو پیش ئەوەی ببێتە پەیام بەر, چەند چەوو بەردیك لەناو لەپی دەستی زکر دەکەن،ئەوکۆمەڵەچەوە کۆمەڵەی خۆرن ولەناودەستی بۆشایی ڕحمانن,دارو درەخت وئاوی بیرو کانیاوەکان و ئاژەل و بالندە ماڵی وکێویەکان وتەنانەت دڕندەکانیش بۆی رام دەبون و سکالایان لەلادەکرد,نەك هەربۆ رسولێك ،بەڵکو بۆ هەموو رسولەکان و زۆریك لە ئەصحاب وحەواریەکانیان ئەم ڕوداوانە رووبان داوە,چونکە نفحاتی روحانی الله لەناو هەموو شتێك دا هەیە , هەتا دەبێتە ئەو دەست و قاچ و چاوو گوێیەی کە مؤمن بەکاریان دینێ وکە تۆزیك

مؤمن خۆ بۆلای الله بجولینێ، الله به رەو رووی دێ به خیرایی و باوەشی رەحمی بۆ دەگریتەوە .

الله خالقی خۆمان وکردارو رەفتارو گوفتارمانە ,ئێمە بە الله وەردەگرین ودەبەخشین ,ئێمە لەناو دەریالوشیکی ڕوحانی داین ,جا خالقی کردارو جولانەوەکانمان بۆ هەرکردارو گۆڕان و گوفتاریك توفیقمان دەدا کە بە نیازو خواستی ناو دڵمان شایانی بین ,وەبەرەو ئەوە پاڵمان دەنێ کە بەحکمەت وعلمی ئەو بۆ ئێمەی بە چاك وشیاو زانیوە,کەواتە ئێمە لە ناو بازنەیەکی موسەیەری رەبانی داین ,بەڵام لەناو ئەو بازنە موسەیەرەدا چەند ئیختیارو بژاردەیەکمان هەیە، واتە هەڵبژاردنمان هەیە و موخەیەرین لە چوارچیوەیەکی موسەیەردا, بە ڕەهایی موخەیەر نین و تەنها الله بەرەهایی موخەیەرە, وە ئیمە بەرەهایش موسەیەر نین بەڵکو لەبازنەی موسەیەری قدر الله الکونی خیاراتی ناو شەرعی الله مان هەن ,وە ئەم بازنە ئەو خانوە شوشەیە کەوەك شتلێك ئامادەمان دەکا بۆو جەنەتەی کە لە باوکمانی وەرگرتەوە ,ئەمە هەمو ئەو چیرۆکەیە کە لە هەموو دینەکان و فەلسەفەکان و رۆشنبیریەکان و ئەفسانەکان بە چەندەها شیوەوگێرانەوە هاتوە.

مرۆڤ وەک ئەو ناوەندەی کە ئەم پێنج ناوەندە بەڕوکەش دژبەیەکەی کۆکردونەوە و لەناو ناخی ئینساندا ، بۆشایی وڕەق وشل وغازو بڵێسە،مادەو وزە،تاریکی وڕوناکی، کات وشوێن، شەوو ڕۆژ،ڕوح ولاشە،لاهوت وناسوت ،دنیاو قیامەت، ژین ومردن، ئایندەو ئێستاو ڕابردوو،بەیەک دەگەن ،وێستگەی مرۆڤ پێک دەهێنن، دەیکە نە چاوێک ،جیهانبینیەک ،سوراخ کەرو عەودالێک ،دێرەکانی لەوحی ڕەحمانی پێ دەخوێننەوە ،بەڵگەو بورهانەکان،حوجەت ودەلیلەکان،دەکەنە ملوانەیەک بۆ ئەستۆی ئیمان ،دەیکەنە پەیژەیەک بۆ الله بینی، وەک خالق وبەدیهێنەری گشت بونەوەران ،تاکو بتوانن بەمتمانەوە بڵێن:

اشهد ،دەبینم،كه الله تەنها پەرستراوو پارێزەروبەدیهێنەرە بۆگشت بونەوەران..

یەكەی پازدەهەم : ژمارەوكات وشوێن ونەخشەلە نیوان تیكستە دینیەكان و دۆزینەوەوتیۆریە زانستیەكاندا:

كە سایەتی رۆشنبیری و كلتوری نەتەوەكان بەستراوە بەزنجیرەی ئەبجەدیەكەیان:

هەر زمان و گەل ونەتەوەیەك كە سەیری زنجیرەی ئەلفبیتیكاڵەكەی بكەی،كەسایەتی ئەوگەل ونەتەوەی تێدادەبینی.

پیتەكان لای زۆریك لە عارفان و زانایان وەك احمدی كوری حەنبەل و عەبدالقادری گەیلانی وئیبن تەیمیەو زۆریكی ترلەزانایان ،دەنگ و پیتەكان كە بۆنوسینی دەقی پیرۆز و وەحی پەیامەكانی ئاسمان بەكار هێناوون هەمیشەیی و ئەبەدین و لە پێش بوونی جیهان ومادەو پێش روحەكان وفریشتە وجنەكان و مرۆڤەكان هەر هەبوون و ،قورئان كە كەلام الله یە وڕوحە و مەخلوق نیە پێك هاتوە لەكۆمەڵێك ڕستەودێڕو ووشە وبە ٣٤دەنگ دەردەبڕدرێ وبە ٢٩پیت دەنوسرێ.

هەرلەبەر گرنگی ئەمر وفرمان وكەلامە كە زانایانی پێشین ئەوەندە جەختیان لەسەر ئەوەكردۆتەوە كە یەكێك لە ئیسم وناوو تایبەتمەندیەكانی الله ئەوەیە كە ئەو موتەكەلیمە ، قسە بێژە ، بە دەنگ گفتوگۆ دەكا ،كەواتە دەنگاكان ،بەشێكی بنچینەیی وڕەسەنن لە كەلامی هەمیشەیی ونامەخلوقی ئەو ، وە پیتەكانیش هێمای وێنەیی دەنگەكانن ،وە دروستكردن وبەدیهێنان لای ئەو گوتنە كەفەرموی ببە دەبێ ، هەموو شتێك وكارێك لای ئەو كن فیكونە .

الله پێش هەموو شتێک لەسەروەرش پێش پەنجاهەزارساڵی گەردوونی لەوحی پارێزراوو قەڵەمی دروستکردن و فەرمانی نوسین و گوتنی هەموو دەستەواژەو ڕوداوەکانی پێدان .

هەربۆیە قورئان =خوێندراوە گرنگترین پەیامی ئاسمان و ڕووحی لەوحی پارێزراوە ، چونکە هەموو زانست و ناسین و شارستانیەک لە سەر خوێندن و خوێندراوەوقورئان بنیات نراوە، هاتنی قورئانیش لە مەکەو لای بەیتی پیت ، چونکە خوێندراوەکان کۆمەڵێک پیتن کەبوونە ووشەو دەستەواژەو پەرەگراف و کتێبی خوێندراوە .

وە هاتنی چواردە پیت لە سەرەکیترین پیت ودەنگەکانی لەسەرەتای بیست ونۆ سوڕەتی پیرۆزی قورئان بە شێوەی پیتی پچڕ پچڕ هاتوون تاکو بۆ مرۆڤەکانی ڕوون بکاتەوە کە پیتەکان ودەنگەکان موعجیزەیەکی نەمر و نهێنی گەورەی ئەم بوونەوەرن و بەڕێزترینی فریشتەکان
نوسەرەبەڕێزەکانن کە پێیان دەگوترێ (کرام کاتبین) وەجگە لە قەڵەمی یەکەم و لەوحی پارێزراو هیچ دروستکراوێکی تر لەسەرو عەرش نیە ، ئەو دوو مەخلوقەش بۆیە شایستەی ئەوەن کەلەسەرو عەرش بن چونکە دەفرو هەڵگری دەنگ وپیت و کەلیماتە تەواوەکان و دەقە پیرۆزەکانن .

لەکۆی٢٩پیت قورئان ١٤پیتی لەسەرەتای ٢٩سورەت داهاتوون کە لەڕستەی:نص حکیم وقاطع لە سر-داکۆ دەبنەوە، ئەم پیتانە هەیانە یەک پیت ودوو پیت وسێ پیت وچوار پیت وپێنج پیت ، ئەگەرسەیری ڕەگی پێکهاتەی ووشەو پەیڤەکانی زمانی عەرەبی وزۆربەی زمانەکانی نەتەوەکانی سەرزەویش بکەین وشەکانیان لە یەک پیت تا پێنج پیتی پێک دێن،کەواتەئەو پیتانەی سەرەتای ئەو٢٩سوڕەتە تەرازو میزانی سەرفی و وشەسازی زمانەکانن.

هەروەها ئەم پیتانە هەرلەیەک پیتەکان تا پێنج پیتیەکان هەیانە یەک جارو هەیانە دوو جارو هەیانە تاحەوت جار دوبارەبۆتەوە،بۆنمونە کە ووشە پێنج پیتیەکان کەمن لە زمانەکان هەروالەسەرەتای سوڕەتەکانیش کەمن

،دووپیتی وسێ پیتی وچوارپیتیەکان زۆرترن چونکەلەناوزمانە ئەم جۆرەوشانە زۆرن.

هەروەها دووبارەبونەوەی میم ولام وئەلف لەوانی ترزیاتر دەری دەخاکەبەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەم پیتانە لە پیتەکانی تر زیاتر بەکارهاتوون.

دەستەواژەی اللهم ،ادم ابراهیم ،هەرلەیەکەم پیتی هەناوی کە ئەلفە تاکۆتاپیتی دوولێوەکان کەمیمە لەخۆ دەگرن.

وشەی ال نیوەی پیتەکان لەخۆ دەگرێ ،ووشەی پیرۆزی الله لە ئەلفی هەناو تالام کەپیتی ١٥یە لەخۆدەگرێ، هەربۆیە لایەنی ئولوهیەت ویست ولایەنی شەرعی بەخۆدەگرێ وئەوکردەوانەی کە الله بەدی هێناون وهەڵی بژاردوون وخۆشی دەوێن وئەوکەسانەشی خۆش دەوێ کەبیان کا.

وشەی رب چوارده پیتەکەی ترلەخۆدەگرێ کەتەوحیدی ربوبیەو ویستی ڕبوبیە ویستێکی کەونی وبونیادی بونەوەریە، ئەودیاردەوکردەوانەی کە الله دروستی کردونبەڵام هەڵی نەبژاردون وخۆشی ناوێن وپاڵ نادرێنە لای ئەو،بەڵکو پاڵ دەدرێنە لای شەیتان لەگەڵ ئەوەی کە الله دروستی کردون.

لە دوای مردنیش هەریەکێک لەم دووجیهانانەی الله دووماڵیان هەیە، ئەوانەی حوسناو بژاردەو ویستراوەشەرعیەکانیان هەڵبژارد بەرەو حوسنای جەنەت دەڕۆن.

ئەوانەش کە پابەند نەبوون لەوەی لەهەربەهایەک جوانترینی هەڵبژێرن، بێگومان کەلەجوانترین تێ پەڕی ناشیرینترین وبێزراوترینە بۆیە الله لەئەسماو سیفات و واتا جوانترینی حەکیم وعلیم ورحیم ،،،،هتد هەڵی بژاردون وپاڵی داونەلای خۆی وخۆشی دەوێن وئەوکەسەشی خۆش دەوێ کەڕەچاویان دەکاوحسن وحوسێنی کردونەسەرۆکی گەنجانی جەنەت کەخەڵکی ئەوێ هەموو گەنجن، چونکە حوسن وجوانی لەوێ بژێردراوە.

بەڵام کە ڕحم وحیکمەت وعیلم لە حوسناوجوانترین دەرچوون، بەرەوناشیرینی ودزێوی وناجوانی دەڕۆن ،دەروونەکان ڕقیان لەهەموو شتێکی ناشیرنە هەتاکە حیکمەت وعیلم وڕەحمەتیش بێ، بۆیە اللە ئەمانەی پاڵ نەدایە لای خۆی..

وەماڵێکی بۆ دروستکراوەجوان هەڵبژێرەکانی داناو ماڵێکیشی بۆ ئەوانی تریش دانا تا هەردووکیان مافی چارەنوسی هەمیشە بوون ومانەوەیان هەبێ..

سەیرکەن مرۆڤ بۆی نیە پەنا بە هیچ دروستکراوێک بگرێ، بەڵام سەروەرمان علیه السلام فێری کردوین کە بەیانی وئێواران سێ جار بڵێین اعوذ بکلمات اللە التامات من شر ما خلق...

وە بە ناوو ئیسمە پیرۆزەکانی دوای لێ بکەین تاشایانی بەخشین و ڕێز و میهرەبانی ئەوبین.

وە هەردوو باوکمان ئادەم وئیبراهیم علیهما السلام بە هەڵگرتنی ئەم ئەمانەت و سپاردە تاقیکراونەوە .

بۆ ئادەم دەفەرموێ :

وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (بقرە31)

(ئینجا ئادەمی دروست کرد، ویستی توانایی و لێهاتووی بۆ فریشتەکان ڕوون بکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێری کرد، لەوەودوا بە فریشتەکانی ڕانواند و پێی فەرموون: ئادەی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن و (توانای ئاوەدانکردنەوەی زەویتان هەیە؟).

قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (بقرە 32)

فریشتەکان وتیان: پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی تۆیە، ئێمە هیچ زانستێکمان نیە، تەنها ئەوە دەزانین کە تۆ فێرت کردووین، بەڕاستی تۆ پەروەردگارێکی زاناو دانایت.

قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُم بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ (بقرە 33)

ئەوسا پەروەردگار فەرمووی ئەی ئادەم ئادەی تۆ ئاگاداریان بکە بە ناوەکانیان، جا کاتێك ئادەم هەواڵی ناوەکانی پێدان.. فەرمووی: ئەی پێم نەوتن بەڕاستی من خۆم ئاگادارم بە نهێنی ئاسمانەکان و زەوی، دەشزانم ئێوە چی دەردەخەن و چی دەشارنەوە؟!

ئالێرەدا هۆکاری هەڵبژاردنی ئادەم بەسەر هەموو دروستکراوەکان دا ئەوەبوو کەئەو ناوەکانی زانی ، ناویش دەنگ و پیت و ووشەو قسەکردن و ئاخاوتن ودەستەواژەیە .

وە بۆ تۆبەکردنەکەشی لەتاوانەکەی دەفەرموێ :

فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (بقرە37)

پاشان ئادەم لەلایەن پەروەردگاریەوە چەند وشەو
دەستەواژەیەکی وەرگرت نزاکەی وەرگرت و لێی خۆش بوو، چونکە بەڕاستی تەنها ئەو، ئێجگار میهرەبان و تۆبە وەرگرە.

وەلە خوێندنەوەی

ئیبن کثیر ی قارئی مەککە کەیەکێکە لەحەوت قارئە کان بەم شێوە ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە:

فَتَلَقَّىٰ آدَمَ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٌ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (بقره 37)

واتە چەند کەلیمە ودەستەواژەیەک ئادەمیان لە پەروەردگاریان وەرگرت وئادەم بەهۆی ئەو دەستەواژانەوە تۆبەی کرد کە ئەویش دەستەواژەی تواب و رحیم بوو .

لێرە دا ئەم ووشانە ،ئەم ناوانەی پەروەردگار ، تەواب وادەخوازێ کە تەوبەوگەڕانەوەی بەندەکانی وەرگرێ، رحیم ومیهرەبانی بەزەیی و لێبوردنی لێ دەخوازێ .

لەوەشە ووشەی تواب و تیپ و پیت کە دایکی ووشەو ناوو دەستەواژەکانن ، ووشەکانیش هۆی بیرکەوتنەوەوگەڕانەوەو بێداربوونەوەن پەیوەندیان پێکەوەبێ.

هەرلەچیرۆکی باوکمان ئیبراهیم ئەم واتایە باشتر دەردەکەوێ کە دەفەرموێ :

وَإِذِ ابْتَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ (بقره 124)

(یادی ئەوە بکەنەوە) پەروەردگاری ئیبراهیم، ئیبراهیمی تاقیکردەوە بە چەند ووشەو فەرمان و بڕیارێك، ئەویش زۆر بە جوانی ئەنجامیدان، دوایی (کە لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوت) پەروەردگار فەرمووی: من بڕیارمداوە بتکەمە پێشەوای خەڵکی، ئیبراهیم وتی: حەز دەکەم نەوەکانیشم لەوکارە پیرۆزە بێ بەهرە نەبن، پەروەردگار فەرمووی: پەیام و پەیمانی من بۆ ستەمکاران نابێت (با نەوەی تۆش بن)

وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَاتَّخِذُوا مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ (بقره 125)

(یادی ئەوەش بکەنەوە) چۆن ئەم-بەیت ، پیت - ماڵەمان (کەعبە) کردە جێگای بیرهاتنەوەو گەڕانەوەو کۆبوونەوەی خەڵکی، کە بەوپەڕی هێمنی و ئاسایش و ئاسوودەییەوە لەوێ بەیەك بگەن (دە ئێوەش، خەڵکینە)

مەقامی ئیبراهیم کە شوێنی تایبەتی پەرستش و پەیوەندی ئەو بوو، بیکەنە جێگای پەرستش و پەیوەندی و نوێژ، ئینجا فەرمانماندا بە ئیبراهیم و ئیسماعیل کە ئەو ماڵەم-پیتە- خاوێن بکەنەوە (لە چەپەڵی ماددی و مەعنەوی) بۆ ئەوانەی بەدەوریدا دەسوڕێنەوەو (طواف) دەکەن و تیایدا دەمێننەوەو (اعتکاف) دەکەن هەروەها بۆ کڕنووشبەران و سووژدەبەران.

هەردووای کەلیمەو وشەکان باسی پیتی کرد کە مایەی گەڕانەوەوبیرکەوتنەوەی مرۆڤەکانە، پیت وخوێندن ونوسین مایەی ئەمن وئاسایشی دەروونی و ڕزگاربوون لەنەفامی وئەفسانە وهۆکاری خەریک بوون و خول بەدەورخواردنی بیرمەندان وهەستیاران و هۆشمەندان ولێزانەکانە ، مایەی موناجات ولاڵانەوەو ستایشی کاهینان و نوسەران وعارفانە .

هەربۆیە هەرلەوچیرۆکەی ئیبراهیم داوادەکا کە پەیام ونوسین و خوێندن لەنەوەکانی داهاتوشی بمێنێتەوە و ببێتە مایەی پاک بوونەوەی هزر وبیریان ، کەدەفەرموێ

رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (بقرە129)

پەروەردگارا، بۆ ئەو خەڵکەی کە لە ئایندەدا دێن پێغەمبەرێك لە خۆیان ڕەوانە بکە، تا ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوەو فێری کتێبە پیرۆزەکەی تۆ (واتە قورئان) و داناییان بکات، تا دڵ و دەروونیان لە ژەنگ و کردەوەیان لە ڕەوشتی ناپەسەند پاك بکاتەوە، بەڕاستی هەر تۆ باڵادەست و دانایت.

پاشان دەفەرموێ :

وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ (بقرە 130)

ئایا کێ لە ئاینی ئیبراهیم پشت هەڵ دەکات، جگە لەو کەسەی کەخۆی گێل و نەفام بکات، سوێندبێت بێگومان ئێمە ئیبراهیممان لەم دنیایەدا

هەڵبژاردوەو (کردوومانە بەپێشەوا) بەڕاستی لەو دنیاش لە ڕیزی پیاو چاکاندایە.

کەسانی دوور لە پیت وخوێندن ونووسین ، کەسانی نەخوێندەوار گەمژەو ساویلکەونەفامن .

هەر بۆیە کە اللە شەرەفی دابە ئیبراهیم کە

هەواڵدان ونوسین ونوسەرایەتی (النبوة والکتاب)لەوەچەکانی ئەودا بپارێزرێ .

ئەو یەکەم پیتی لە سەر قورگ دروست کرد.

بۆیە مەکە جێگای قوربانی دانە ، لەوێ گەردن وقوڕگەکانی ئاژەڵان لە جیاتی قورگی ئیسماعیل ، ئیسماع واتە بەرگوێخەر ئیل واتە اللە ، بەرگوێ خەر و هۆی بیستنی اللە و دەستەواژەکانی اللە کە گەردنی مرۆڤە ،

,ئەوەی لە قورئاندایە پیتە و شوینی دەنگەژێکانە ولە سەرشوێنی دەربڕینی دەنگەکان ئیبراهیم وەک هێمایەک بۆ گەورەیی دەنگەکان پیتی دروست کرد، بۆیە ئیمە نابێ صنم بکەینە بت ,چونکە ئیبراهیم کە صنمی شکاند پیتی بنیات نا وەبیت بەمانای پەیکەر نیە,بەڵکو بە مانای هیمای بچوك کراوەی دەنگە بۆ نوسین,هەربۆیە زمانە گریدراوەکانی جیهانی لاهوتی تەمەنیان زۆر دریژترەو لە ئەو جیهانەوە چاودیری دەکرێن,بەڵگە نەویستە کە هەموو کتیبەکان کەلیماتن و کەلیمەش پیتن ,تەمەنی پیتەکان لەهی کەلیمەکان زۆر دریژترە,چونکە وشەکان لەگەڵ مردنی زمانەکان دەبنە زمان وشەی مردو ,تەنیا چەند وشەیەك نەبێ کە دزە دەکەنە ناو زمانە نوێکەوەو دەمێننەوە ,بەڵام پیتەکان جاری وایە بۆ چوار چینی زمان بەکاردین ,بەڵام دەنگەکان کە دایکی پیتەکانن تەمەنیان لەهیما نوسراوەکانیش دریژترە .

فێرکردنی زنجیرەی پیتەکان هەنگاوی یەکەمە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ لە نەخوێندەواریەوە بۆ خوێندەواری.

بێگومان گەورەترین هەنگاو کە مامۆستا ی سەرکەوتوو دەینێ لە ژیانیدا ئەوەیە کەبەشێوەیەکی ڕاست ودروست بتوانێ هیواکانی ئایندە فێری چۆنێتی دەربڕین و جوان نوسینی پیتەکان بکا ، چونکە پیتەکان بنچینەی نوسین و خوێندنن .

هەرزمان وگەل ونەتەوەیەك کە سەیری زنجیرەی ئەلفبیتیکاڵەکەی بکەی،کەسایەتی ئەوگەل ونەتەوەی تێدادەبینی.سەیری (ابجد هوز)بکە کە تەمەنی بۆ هەزاران سال دەگەڕیتەوە و یەکەم جار فینیقیەکان لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە فەلەستین لەنەوەکانی ئیبراهیم علیه السلام و وعیبرانەکانیان وەرگرت ، بنەماڵەی ئیسرائیلیش علیه السلام هەردوو نوسینی مێخی سۆمەری نوح علیه السلام وهیرۆگلیفی ئیدریس علیه السلامیان میسریان تێکەڵاو کرد و ئەم ئەبجەدیەیان داهێناوە.

دواتر بنەماڵەی ئیسماعیلیش علیه السلام ئەم نوسینەیان لە سەبەئی وحیمیەرەکانی یەمەن وحەبەشە وەرگرت ئەم سێ شێوەنوسینە هەموویان کەلەپور و شوێنەواری پێغەمبەران و وەحی ئاسمانن کە بۆ پێغەمبەرانی ئەو میللەتانە نێردراوە.

پاشان قرتاجیەکانی تونس لە فینیقیەکانیان وەرگرتوە.

کیشوەری ئەوروپا بەناوی ئەو خاتونەوەناونراوە کە خوشکی قەدموسی قڕتاجی بوو ، زیۆسی گەورە خواوەندی ئەوروپیەکان ئەم خاتونەی فڕاندوە لە تونسی ئەفریقیاوە بۆ دورگەکانی کریت وماڵتا لە ئەوروپا ، قەدموس مامۆستای قڕتاجیەکان بوو، چوو بۆ ئەوبەر ڕوبارتا خوشکەکەی ئەوروپا ڕزگار کا بەڵام نەی توانی ، گریکەکان قدموسیان بەدیل گرت ، ئەویش ئەم پیتانەی زنجیرە ی ئەلفا بیت گاما ی فێری یۆنان یە گریکەکان کرد ، فێری نوسینی کردن ، کیشوەرو وڵاتەکەی

بەناوی خوشکە بزربووە ڕفێنراوەکەیەوە کرد وناوی نا کیشوەری ئەوروپا ، ، لەو ڕۆژەوە قدموس وەک نیمچە خواوەندێک لە لای گریک وڕۆمانیەکان ناسرا.

ئەی بی سی دی لاتینیش هەرلەو ئەبجەدیەی فینیقیەکان وەرگیراوە کە قدموس لەقڕتاجەوە گواستیەوە بۆ گریکەکان ، ڕۆمانی ولاتینیەکانیش لە گریکەکانیان وەرگرتەوە ، میسرو شامیش دوای هاتنی ئەسکەندەرو هیلینیەکان ئەم ئەبجەدیەیان لەهەموو جیهانی کۆن بڵاو کردەوە ، ئینگلیزو فەرەنسی وجەرمانیەکانیش لە ڕۆماولاتینیەکانیان وەرگرتەوە.

کەواتە ئەم نوسینەی ئێستا بەهەردوو شێوە پیتی ڕۆژهەڵاتی ئەبجەد هەوەز و شێوەی ڕۆژئاوایی ئەوروپی ABCD هەریەک بنچینەیان هەیە.

هەموو ئەم ئەلف وبێیانە تەمەنیان بەهەزاران ساڵە,ئەمانە لە ریزبەندی نەتەوەیی دەرچوون وبونە ریزبەندی دینی وجیهانی ,بەڵام بێ گومان هەموو گەل ونەتەوەی دنیاش ریزبەندی خۆیان هەیە, زمانەکان وەك کەسەکان ئەوانیش روحیان هەیە,روحەکەیان لە ریزبەندیەکەیان دایە, ریزبەندەکان لە دەقی پیرۆزو دینی ولاهوتیەکان وەر دەگیرێ تا سروشتێکی پیرۆز و بەردەوامی پێ بدرێ.

کە ڕوح ژیان وزیندەگی لاشەی مردوی بێ گیانی پێوە بێ، ڕوح کەلیمەیە ،عیساوسەعی کۆشش وهەوڵ و جوڵە وگەشت و مەلە پێکردنی ئەولاشەیە کە ئەو ڕوحە ئاوێتەی بووە.

کە حەیات وژیان ئاوێتە بوونی ڕوح اللە

بێ بە خانەوشانە کانی جەستە،کە کەلیمە حیات وڕوحی اللە ی ئەبدی وئەزەلی وبێ سەرەتا وبێ کۆتایی بێ،،ئەی چۆن ڕۆژێک هەیە لە ڕۆژانی زەمەندا بۆیادی لە دایک بون وپەیدابوونی کەلیمە وڕوح؟؟

کەلیمە گوتی:وەک چۆن کەلیمەوپەیڤ ودەستەواژەکان،کەزمانەکان وکەلام پێک دێنن،یەک لە دوای یەک لەدایک دەبن،ئاخر خۆ ئەوزمانانە دەفری واتاومەعناکانن،مەعناکانیش دایکی بەهاکانن،ئایاکاتێک هەبوو کە وجود مەعنایەکی نەبوبێ وبێ مەعناوبێ هودەبووبێ؟؟کە موسی وسام و ئیسم وسیماو وئەمس ودوهی وڕابردوبن،ئایا کاتێک هەبوەوجودو بوون خاڵی بوبێ لە ئیسم وئەمس ودوێنێ وڕابردوو؟؟کە موسا ئیسم بێ وئەمسی دوێنێ بێ ،ئەوەتا موسای سام کوڕو فرزەندەی نوحی نوزەو لاڵانەوەوهەناسە وسەفینەی نەفیس وپڕبەهایە، جاکەنوحی نوزە،هەناسەونفس ونفیس ونڤیسینی پەی دەرپەی ونەزیفی ڕووباری دەنگەکان بێ،مێژوناسان دەڵێن کە ئاوێستای مستوی وگەیشتو.کە کەشتی بوو،چونکە کامڵ وپێ گەیشتوبوو،بە شەست دەنگ گوترابوو،شەست هێماو پیتی بۆدانرابوو، سایشتە بوو ،جاکەنوح دەنگ بێ،کوڕەکەی ئیبراهیم پیت وئەلف وبابێ،وموسا ئیسم بێ،ئەمانە گشتیان کوڕانی ئادەمی ئەدیمی دەستی پێستەخۆشکەری ربانی وکەلیمەوئەسمای رحمانی بن،کەواتەئادەم هەم ئیسم بوو،هە م کە لیمات بوو،هەم تاب علیها وتایپ وپیتەکان بوو،لێرە دیارە کە ئیبراهیمی پیت کوڕی عیسای کەلیمەی بەدەنگ ونوح ونوزە دەربڕاوە،ئایا نوزە کوڕی ئیبراهیمی پیتە؟یان بە پێچەوانەوە؟ ئایا هەناسەو نفس وڕوحی نفس واحدە دایکی ئادەم نەبوو،ئەی ئادەم وحەوالە نفس واحدە دەر نەهاتن؟،کەواتە نەفس وهەناسە و ڕوح و دەنگ پێش ئادەمی تێنوس وئیسم وپێش موسا و پیتی ئیبراهیم هەبوون ، ئەوەی لە جیهانی دروستکراودا پێش دەکەوێ وئەوەشی دەرەنجامە،ئەوەوا لە جیهانی مەلە کوت دامەرج نیە بەوشێوەبێ،لە جیهانی ئێمەی مخلوق،تاهەناسەودەنگی نوحی نەبن ،ئادەمی ئیسم لەدایک نابێ،سامی وموسا نابن،تاسامی وئادەمو نوح نەبن ئیبراهیمی پیت وحەرف لە دایک نابێ،اللە هەواڵی پێداوین کە چوار بنچینە ی نوحی ئاوو وئادەمی گڵ وئیبراهیمی ئاگرین وعمرانی باوکی با و ڕوح لەیەکترن،لە زانستی فیزیاشدا هەر وایە، ناتوانی ئەوەش ساغ بکەیەوە کە چوارپێکهێنەری گەردون ئاو و با وئاگروگڵ کامیان پێش کامیانن،ئەوەندە نەبێ کەلە فەرمودەی زڕی کوڕی حبیش داهاتوە کە ربنا پێش عەرش

وما ولە عەمادابوو،سەروژێری هەرهەوا بوو،هەواش بایە،کە واتە هەواوباو ریحی عمرانی عیسەوی لە ئاگری ئیبراهیمی زەردەشت وئاوی نوحی سابئی وگڵی ئادەمی کێومەردکۆنترە،وەبە قەبارەش لەوان گەورەترەوبازنەیەکە هەمویان لە خۆدەگرێ لە سروشتدا،ئومەت وپەیڕەوانیشی لە ناو جیهان بازنەیەکن هەژمونیان لە هەموو گەل ودینەکانی ترزیاترە.

ئەگەر کەون وگەردون وبونەوەر کفن ونەفەق وتۆنێل وڕێڕەوو وگوزەری ئەو چوار بنە ماڵەی

ریحی عمرانی عیسەوی وئاگری ئیبراهیمی مەجوسی وئاوی نوحی سابئی وگڵی سامی جولەکە بێ ، ئەوە ئیسلام ی موحەممەدی کۆتا بازنەوئاڵقەی هەواڵ دەران جێ گوزەرو بوارو ومعبرو جێشەوڕەوی ڕێبازیانە .

کە عیسا ی ڕوح ڕایح وچواریێک هاتنەکەی ناو گوزەرەکە ، میروەح وگوزەرەکەن،کە عیسی ی ڕوح وکلمە وئەمر ئەوە بێ،وەکە محمدیش ئەو ڕەسول وسەروال وپانتۆڵەی ئەو مادەووزانە بێ کە گوزەری پێدا دەکەن هەردەبێ،بەڵام گوزەرەکە جیایە لە وچوار پێک هاتە، چونکە ئەو بازنەی هەرەگەورەیە کە ئەوچوارانە ئیستیعاب دەکاو لە خۆ دەگرێ وئەوان ناتوانن ئەو ئیستیعاب کەن ولە خۆی بگرن..

محمد گوزەروتونێل ونفق وکفنی کەون وبۆشایی ئیستعابکەری گەردونەو عیسی ی روح وکەلیمە پێشەنگی چوارمادەکەیە کە گوزەردەکەن .

باشەچۆن دەکرێ محدود وسنوردار دایک وژێدەروچاوگی بێ سنوری ورهایی بێ؟؟چۆن دەگونجێ ئەزل وئەبەدی بێ سەرەتاو کۆتایی خۆی لە دووخاڵ ونوختە ئەوڵ وئاخیردابەندبکا؟؟نمونەی ئەمە لەناو مخلوقاتدا دەبینین،ئەوەتا دەنگەکان دیاری کراون،بەودەنگەدیاری کراوانە جیهانێک لە واتاومەعنای هەڵگری بەهای بێ سەرەتاوکۆتایی بەو دەنگە دیاری کراووسنوردارانە دەردەبڕدرێ،هەروەها پیتەکان ،کە تەواوترین زمانی

نوسراو ئاوێستای مستوی وتەواوو پێ گەیشتو بێ کە بەشەست پیت دەنوسرا،وەک مێژووناسان دەڵێن،زمانی ئیستوای ئاوێستا مرحلەوقۆناغی رحمانی دەنوێنێ کە لە سەرهەردەلقی چوار پێک هاتەکە دازاڵ دەبێ،ئەویازدەی ئیستواو یەکسانیە،ئەوکوڕی ئیبراهیمی زەردەشت،سیاوەشی شایستەی محمدی سوپاس گوزارە کەنەوەی ئیبراهیمی زەردەشتە،لەمەوە ساغ بۆوە کە محمد محمی دە مادەکەو پەرژینی دەمادەکەیە وسیاوەشی شایستەی کوڕی ئبراهیم زەردەشتە کەلە ڤەندیادی ئاوێستادا ناوی هاتوەو،مسجدی مجسدوبەرجەستەکەری دین وپەیڕەویەتی ومەلەکوتی لاهوت لە گشت وجود بەو دەلقی چوارپێک هاتەکەوگوزەرەکەیان مجسد وبەرجەستە دەبێ،بەمەش گشت بونەوەر مسجدێکەولەکڕنوشدایە،مسجێکی ستایشی اللهیە،جسمێکی مجوسی یە وشایستەی کوڕی زەردەشتی ئیبراهیمی ئاگروعیسای بای پێشەنگ ولە خۆگرو ئیستعاب کەری چوار مادەی ئاوی نوحی وبای عمرانی وگڵی ئادەمی ئەم مەسج ومجسد وهەیکەلو پەیکەرە تەواودەکەن وپێک دەهێنن..

ئێوە ئەوهەموو گوڵ وڕوەکە دەبینن،چەندهەمەڕەنگ وجوان وفرەتام وبۆنن،ئەم هەمووڕەنگ وبۆن وتامانە قەدێکی بە ئەندازەی تاڵەدەزوو بەخاکی دایکیانەوە دەبەستێتەوە،ئەگەر ڕەگ وژێدەرەکانیش وەک ئەوقەدە باریکانە،پیتە کان وڕەنوسەکانیش هەروا ژمێراو دیاری کراون،بەڵام ئەودەڕەنوسە وەک ئەوقەدەباریکانە ژمارەی ملیاری وترلیۆنی هەڵدەگرێ،پیتە کانیش کە ژمارەیان کەمەو هەروادەنگەکان،ئەوەتا وەک قەدە باریکەکان دەیان هەزار زمانیان هەڵ گرتوەو هەڵدەگرن،کە نزیکن لە بێ سنوری وبێ پایانی،ئەگەرزمانەکان تام وبۆن وڕەنگەکان بن وپیت ودەنگەکان قەدەکان بن ،ئەوە مەعناو واتاکان کێڵگەوبێستان وزەمینەکانن.

کەلیمە کان ،ڕوحەکان،عیساییەکان ،بایەکان،گوڵ وگەڵاو تام وبۆن وڕەنگەکان وزمانەکانن،ئیبراهیمی زەردەشتی ئاگر قەدە باریک ونحیف وحەنیفو مایلەکانن کە زۆرناسک ولاوازن وهەرساتەی بەلایەکدا بایە روحیەکان ی کەلیمات دەیاننوشتێننەوەومەیلیان پێ دەکەن،ئەوانە

زەردەشتی ئیبراهیمی حەنیفن وئاویستای بە شەست دەنگ وپیت نوسراون،ئادەمی گڵ وزەمینی وئەدیم وپێستی ئەرز واتا ومعناو دەلالەت وبەڵگە کانە وڕۆڵی کێڵگەکان وبێستانە کان دەگێڕن.

نوێژ کەرەکان کاتێ سوجدە دەبەن،ئیمان بەتجسید بوونی الله لە سەرشێوەی خاک دەهێنن،کە باوەڕیان بەوە نەبێ کە خاکی ئادەمی وەجهو دۆخێکی الله یە سوجدەیان لێ قبوڵ ناکرێ،هەرواکە باوەڕیان بە ئەوە نەبێ کە ئاگری ئیبراهیمی دۆخ ووەجهێکە لە بارودۆخەکانی الله ئەوە رکوع وچەمانەوەیان لێ وەرناگیرێ،وەکە باوەڕیان بەوە نەبێ کە ئاوی نوحی ونوزەیی حاڵ ودۆخێکی الله یە جلوس وتحیاتیان لێ وەرناگیرێ،وە کە باوەڕیان بە ئەوەنەبێ کە بای عیسەوی دۆخێکە لە دۆخەکانی الله ڕاوەستانی فاتیحایان لێ وەرناگیرێ.،

کۆی نوێژ دەبێ باوەڕت بەوەبێ ئەم سێ حاڵ وبارە هەمو وەجهو بارودۆخی الله ،تانوێژەکەت قبوڵ ببێ،بەڵام کە باوەڕیشت وابێ دۆخێک لەو دۆخانە بەتەنیابەسە بۆ الله ئەوە نوێژەکەت بەتاڵ دەبێتەوە،چونکە بەهەموو بارودۆخەکان،پەیامی ڕەسولە شەریعەت دارەکان ودینە تەواوەکان وڕوکنەکانی نوێژ هەڵدەگرن،هیۆلای بوون پێک دێنن،،بەهەمویان تابلۆی میعڕاجی ڕوح ولاشەی مرۆڤ بڵند دەکەن بەرەو جیهانی هیۆلای لاهوتی الله ..

هەڵسەنگاندنی ڕووداوی الإسراء والمعراج لە تەرازووی زانستی سەردەم دا.

ئەنیشتاین کات وشوێنی لە تیۆری ڕێژەیی دا تێکەڵ کردن لەساڵی 1905ز .

ناوبراو پێی وایە کە :ئێمە ناتوانین قسە لەسەر کاتێک بکەین کە بەدەربێ لەشوێن ، هەروەها لەبارەی شوێنێکی بەدەرلەکات ،مادام هەموو شتێ بجوڵێ ، کاتەکەشی لەگەڵ خۆی هەڵ دەگرێ، هەتا شتەکە خێراتر بجوڵێ

، کاتەکەی زیاتر وێک دێتەوە ولەوکاتە هێواشە ئاساییەی شتەکانی دەوروبەری جیاوازدەبێ .

لەناو تاقیگەکانی فیزیا توانیان دیاردەی کات بەتەواوی وێک بێننەوە ،کاتێ تێبینیان کرد کە تەنۆلکەکانی atomic particles

هەتاخێراتربکرێن تەمەنیان درێژترە.

بە پێی تیۆری ئەنیشتاین کە تەنێک یان کەسێک بەخێرایی تیشک بڕوا ئەوە لە ماوەی ڕۆژێکدا ماوەی پەنجاهەزارساڵ دەبڕێ ، ئەمەسەبارەت بەوکەسە وئەوتەنە .

جاکە کەسێک بەم خێراییە بڕوا بۆ قوڵایی گەردون وبگەڕێتەوە سەرزەوی دەبینێ لەو سەفەرە ٢٤کاتژمێریەی ئەودا زەوی هەزاران ساڵی تێپەڕاندوەوچەندین ژیار وگەل ونەتەوەی تێپەڕاندوون . کەواتە مادام هەتا خێرایی زیاتر بێ کات زیاتر وێک دێتەوە ، وەخێرایی هەتا مرۆڤ باشتر وزیاتر وفراوانتر بەسەر ووزەدا زاڵ بێ توانای زیاترکردنی خێرایی باشتردەبێ .

کەواتە لای کەسانی مادی باوەڕیان بەوەهەیە کە خێرایی وکات وتوانا چەند دیاردێکی وابەستە بەیەکترن .

ئەی باشەکە بونەوەرێکی بەتواناترلەمرۆڤ هەبێ وەک فریشتەکان ئەوە لەوکاتەدا ئەم پێوەرە مرۆڤیانە دەگۆڕێن ویاساوڕێسای ئەوبونەوەرە کارلەکات وشوێن وخێرایی دەکا و بەسەرلەمپەرەکانی کات وشوێن وتەمەن دا بازدەدرێ .

لەم دواییانە خێرایی لەتیشک خێراتیریان دۆزیوەتەوە ناویان ناوە خولەکەکانی بی(B – particles بەڵام ئەم خێراییە تەنیا لە ناوەندی ئاویدا بەرجەستە دەبێ ولەهەواوبۆشاییدا نابێ.

ئەم بیردۆزو پێزانینانە وادەکەن کە ئێمە باشتر لەڕوداوی ئیسراو میعراج بگەین ، مادام کەسانێک بتوانن وباوەڕیان بەم گریمانانە هەبێ، بێگومان

توانا و کۆنترۆڵی خالقی بونەوەران بۆ کات وشوێن و خێرایی زۆرلەهی مرۆڤ زیاترە.

کەواتە ئەوەی ئەو ڕێکارانەی بۆ موحەمەدێکی هەزارو چوارسەدساڵ لەمەوپێش ئاسان کردو هەموو ئەوزانستانەی ئەمڕۆ زۆربەزیادەوە دەزانێ.

جاکە ئێمە ئەمڕۆ بۆ هەواڵێکی فۆیجەر کەلە ١٩٧٣نێردراوە بۆ بۆشایی وئەمڕۆ پێویستمان بە ١٩کاتژمێرە ، ئەوە توانای ئێمەی مرۆڤە، بەڵام بۆ هاتنی قورئان و وەرگیرانی دوعاو نزا و ڕۆیشتنی ڕوح دوای مردن یان کاتی خەو بینین ئەمانە کەلەدەرەوەی تواناکانی مرۆڤ وبەتواناکانی بەدیهێنەری بونەوەر ڕوودەدەن بۆیە ئەم سنور وپێوانانە تێدەپەڕێنن .

کاتێک مرۆڤ لەداهاتووی پەردان بەتواناکانی بەسەرزاڵ بوون بەسەر هێزە کۆنترۆڵ کەرەکانی بوونەوەر لە هێزی کێشندە وهێزی کارۆموگناتیسی و هێزی ئەتۆمی وتیشکی بگاتە ئەو توانایانە وباوەڕی پێ هەبێ وبەزانستی بزانێ ، دەبا هەر زۆربە ئاسایش بابەتی ئیسراومیعراج و گەشتی سولەیمان لەساتێکدا پێچرانەوەی ڕێی دوو مانگی ئەسپی تیژڕەو بەئاسایی بزانێ .

بە پێی پێوەری فیفای ئەمڕۆ خێراترین ئەسپ ٨٨کم لەسەعاتێک دەڕوا ، وە ڕەوتی ئاسایی ئەسپی ئاسایی ٣٣کم لە کاتژمێرێکە ، ئەگەر ٣٣لێکدانی بیست وچوار کاتژمێر بکەین و ژمارەی دەسکوتوو لێکدانی شەست ڕۆژ بکەین دەبینین بەزیادەوە دەکاتە خولێک بەدەوری هەموو هەسارەی زەویدا بە ئەمریکاو ئوستراڵیاشەوە ، کەواتە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەدەبێ لەوسەردەمەی سولەیمان هەموو هەسارەی زەوی بە کیشوەری ئەمریکاو ئوستراڵیاو جەمسەرەکان و زەریاکانەوە هەمووی لەژێردەست بووبێ .

لە ئیسراو میعراج باسی بوراق دەکرێ کە بەرقی بریسکەوە وەرگیراوە ، واتە وەک بریسو خێرا، وەتائێستا لە ئێران بەکارەبادەگوترێ بەرق ، جابۆ

نەگوترێ کە پێغەمبەر ﷺ توانای ئەوەی پێدرا کەبەخێرایی تیشکی بریسو گەشت بکا ؟

بۆ باوەڕ بە بەرقەکەی ئەنیشتاین بکەین کەلەماوەی شەووڕۆژێک ماوەی پەنجاهەزارساڵی زەوی ببڕێ ، بەڵام باوەڕ بە بەرقەکەی خالقی بونەوەرنەکەین ؟

لەکاتێکدا هەر ئەم تیۆری ئەنیشتاینە لەسەر بابەتی نەمانی کات وتیشک لای کونەڕەشەکان و بابەتی کونی دوودی و کونە سپیەکان ڕووبەڕووی چەندین پرس بۆتەوە کە پێویستیان باوڵامە، کە ئەوان بتوانن زەمەن وتیشک بمژن دەبێ کاتێک بێ لەبونەوەر کات وتیشک نەمێنێ.

وە کەباوەڕمان بە بازنەو کونی کرمی الثقب الدودي هەبێ کە فیزیایەکان دەڵێن لەوکون وتونێلە وە دەروازەیەکە گەشت بەکاتەکان وچاخەکان دا دەکرێ و مرۆڤ لەوتونێلەوە دەتوانێ بەچەند ساتێک بچێ بۆ پێش ١٣ملیارساڵ و تەقینەوەی گەورە بیگ بن و دروست بوونی بونەوەر ببینێ و هەربەو تونێلەدا دەتوانێ گەشتێکی خێرابکا و چارەنوسی بوونەوەر لە دوای بیست ملیارساڵی تر بینێ کە فیزیاییەکان دەڵێن هێندەی ناڵی ئەسپێکی لێ دێتەوەو چڕ دەبێتەوە .

متمانەی مرۆڤ بەخەون وخۆزگەو ئاواتەکانی ئایندەی پاڵنەرێکی باشە ، بەڵام هەر ئەو پاڵنەرە با ببێتە هۆکار بۆ باوەڕهێنان بە بوونی هێزوبەدیهێنەرو پێک هێنەرێک کە بەوردی ئەو دیاردەوتواناو پێک هاتە فیزیایی وکیمیایی وفەلەکیانە ئاڕاستە دەکاو تایبەتمەندیان بۆ دادەنێ لەهەندێ کات ولەهەندێ کاتی تر ئەونایبەتمەندیانەیان لێ وەردەگرێتەوە، بۆ تواناوتایبەتمەندی ئۆکسجینی ئاسن توێنەرو هایدرۆجینی ووزە لەئاودا سرد بوونەوە، کەچی لە خۆردا بوونە کورە ؟

ئەم جیهانە وبونەوەرە چەند هێڵێکی گەشت کردنە ، ئەوانەی لەقۆناغی مادی وڕەقی دان بە هێڵی ماراسۆن دا دەڕۆن و پێیان وایە تەنیا ئەو هێڵە هەیە بۆ گەشت ، وەک هەسارەکانی خولگەکان.

ئەوانەی دەنگن بە هێڵ وسکەیەکی خێراتردادەڕۆن وئەوانیش پێیان وایە ئەمەتاکەهێڵی گەیشتنە، ئەوانەش کەتیشکن هەروا ، ئەی ئەوانەی ڕوحن ، بونەوەری ترن ؟ کە لەدەرەوەی جیهانی بینراون ؟ دەی ئەوانیش هێڵ وسکەو سەردەم وکات وتەمەن وتایبەتمەندی خۆیان هەیەو ئەوانیش بەڕێکاری خۆیان خەریکی گەشتی تەمەنیانن.

کەواتە ئێمە پێویستمان بە فراوانکردنی ئاسۆی بیروهۆشمانە تا بگەینە بونەوەرانی بەتواناتر لەخۆمان تاکو لە بنی ئەو بیرە بێینە دەرەوە کەوادەزانین هەموو بوونەوەر هەرئەو بنی بیرەیەو بێینە سەری بیرەکە وفراوانی ئەم جیهان وبونەوەرە ببینین..

یەکەی شازدەهەم:

حلول وئیتحادی خالق و مەخلوق لەنێوان ئەندێشەو وڕاستیدا .

مرۆڤ بە درێژایی مێژوو ، لەناو هەموو ژیار وشارستانی وڕۆشنبیری و ئاین وفەلسەفەکان گرنگی بە دوو بابەتی ئاڵۆز زۆر داوەو ئەودوو بابەتە مرۆڤیان زۆر خەریک کردووە ، ئەوانیش بریتین لە :

١-چۆنێتی پەیوەندی خالق وبەدیهێنەر بە بونەوەرو گەردوون و جیهانەوە.

هەموو شتە بەدیهێنراوەکان بوونەکەیان لە زۆر ڕووی تواناکان و سەرەتاو کۆتایی وپێویستیەکانیان وداخوازیەکانیان ڕێژەیی وسنورداراە .

تەنیا اللە لە بوونیدا لەهەموو بووارەکانی ئەزەلیەت وئەبەدی و تواناکانی بێ سنورە وتەنیا ئەو وجود وبونێکی ڕاستەقینەو حەقیقی هەیە ولە بوون و تواناکان وئەزەلیەت وئەبەدیەتی پێویستی بە کەسی ترنیە وهەموو شتێک و کەسێک لە دروستکراوەکان هەموویان لە هاتنە بوون وبەردەوامی و گۆڕان و جوڵەوگەشەسەندنیان پێویستیان بە اللە یەو بێ یارمەتی ئەو هەموویان نەبوو ودەستەوستانن.

کەواتە تەنیا اللە وجود وبونیادێکی ڕاستەقینەی ڕەهای هەیە ودەبێ و وجود وبونیادی هەموو شتە بەدیهێنراوو دروستکراوەکان ڕێژەیی و سنوردارو سێبەریە و وجودێکی ڕاستەقینە نیە.

کەواتە بونیاد و وجودی خالق لەگەڵ وجودی مەخلوقەکان هاوبەش و پێکداچوو-متداخل- نیە وەک هەندێک دەڵێن ، چونکە لە هیچ ڕەهەند و بوارێک وئاڕاستەیەک خالق نە لە وجودیدا وەک مەوجوداتە مەخلوق وبەدیهێنراوەکانی نیە .

ئەوەش ئەوەناگەیەنێ کە هەندێ هەموو بونەوەران بەخەیاڵ وئەندێشە بزانن و گومانیان لەبوونیان هەبێ ، بەڵێ هیچ بونەوەرێکی مەخلوق وەهمی وخەیاڵی نیە، بەڵکو هەموویان هەن بەڵام هەموویان لەهاتنە بوونیان دا ولە مانەوەوپاراستنیان و مانەوەی کاریگەری وتایبەتمەندی وناسنامەیان لەبوون دا پێویستیان بە خالق و بەدیهێنەری تاقانە هەیە.

ئەفسانەوئەندێشە وفەلسەفەکان لە کۆندا وهزر وزانستە سروشتیەکانی فیزیاوکیمیاو وفەلەکناسی لە ئێستادا هەوڵیان داوە نهێنی ئەم بوونەوەروگەردونە بەرجەستە وبەرهەستە وبەرهۆشە بدۆزنەوە .

ئەم ڕێباز انە لە دەروازەی هۆکار و دەرەنجامی هۆکار و هەربوو و داهێنراو ویستویانە ئاماژە بە پەیوەندی خالق بە مەخلوقەوە بکەن ،بەو ڕوپێوە هزری وعەقڵیانەی هەیانبووە ویستویانە هەبووەکان دابەش کەن بۆ مەوجودی ناوزەین و مەوجودیبەرچاو ....هتد

بەڵام هاوکێشە هزری وبیرۆکەکانیان زیاتر بە ڕوپێوی بەرجەستەی شتە مەخلوقەکانن ، بەنمونە لە وێکداچون و تداخولی خالق و مخلوق لەبیریان چوە کەئەوتەداخولە تەنیا بۆ بونەوەرە مەخلوقەکانە ، وەزۆرجار لەبیریان دەچێ کە کات وبۆشایی و شوێنیش لە دروستکراوو مەخلوقەکانن ، جا بۆیە کاتێ لەدەقێک هاتن و چون ودابەزین وبڵند بوونی خالق دەخوێننەوە کە ئەوکردەوانە پاڵدراونە لای کاتێک ، یەکسەر بڕیاری ئەوەدەدەن کەخالق و مەخلوق لە ناو پانتایی سات وکاتەکان وشوێنەکان هاوبەش و وێکداچوو -متداخل-ن .

چونکه هاوکێشه سەرەکیەکەیان لە جیاکرانەوەی خالق لە مەخلوق لەبیر چۆتەوە، یان هەر لە بنچینەدا تێی نەگەیشتوون کە خالق لەهیچ تایبەتمەندیەکی مخلوقەکان هاوبەش و وێکداچوو نیە بالە ڕووکەشیشدا دەربڕینەکان واگوترابن ، ئەوەدەستەوستانی دەستەواژەو زمان ودەربڕینەکانە بەڵام بەهیچ شێوەیەک خالق بەتایبەتمەندی ودەفرە مەخلوقەکانی وەک کات وشوێن دەرک نادرێ و دەورەی نادرێ چونکە ئەودەفرە زەمان وشوێنانە مەخلوقن لە هاتنە بوون و مانەوەیان پێویستیان بەخالق هەبووەوهەیە ، بۆیە مەحاڵە کەئەو دەستەوستانانە ببنە دەفرو بازنەیەک وبتوانن دەوری خالق بدەن.

پێناسەی وێکداچون - التداخل- واکراوە کەجۆرە کارابوون و تەفاعولێکی دوولایەنەیە کەهەردوو لایەن لەگەڵ یەک هەیانە ،چونکە هەردووکیان لەوکارە بەشدارن .

جا ئەم کارابوونە دوولایەنەش یان بە لاشەیان دەبێ کەبە لاشەی هەردووکیان ڕوبەرێکی هاوبەشی دیاری کراوتەواودەکەن

بەڵام کە لاشەی یەکەم هەموو ڕوبەرەکەی بووێ ، ئەوە جێی لاشەی دووەم نابێتەوە ، مەگەم ئەودوولاشە لەدوو دۆخی جیادابن ، یەکیان دۆخی شل وئەوی تر هەوای تواوەبێ .

لێرەدا کە بیرمەند وفەیلەسوفەکان بینیویانە خالق و مەخلوق لە بونیاد و وجود دا هەردووکیان هەن و مەوجودن و مەعدوم نین و شوێن وکاتی هەردوکیان هەرئەم بونەوەروگەردوونەیە بۆیە پێیان وابووە کە خالق و مەخلوق لەو دووەفرەدا -متداخل- وبەیەکداچوون.

بێ ئەوەی سەرنج لەوەبدەن کە ناکرێ خالق بە دوو زەرفی شوێن وکاتی مەخلوق لەگەڵ مەخلوقەکانی دەورەبدرێ .

چونکە بوون و وجودی خالق لە سەروو زەرفی زەمان و مەکانە وئەودەورەی زەمان ومەکانی داوەولەنەبوونەوە بەدی هێناون.

بۆیە هیچ «التداخل الوجودي» لەنێوان خالق و مەخلوقەکاندا نەبووەونیە.

ئەگەر بگوترێ بەڵام وجودی مەخلوقەکان لەم بونەوەرە هیچ بەریەککەوتەی نیە لەگەڵ وجودی خالق لە بونەوەردا ، مادام هەردووک هەن و مەعدوم نین ، لەوڵام دەڵێم کە نەخێر بونەوەر چوارچێوەیەکی مەخلوقە ، وجودی مەخلوقەکان وچوارچێوەو تایبەتمەندی و زەرفە مەخلوقە کانیان تایبەت بە خۆیانن و خالق لەو چوار چێوانە دا نیە و پێویستی پێی نیە ، بۆ هاوبەشی خالق و مەخلوق لە عەدەم نەبوون ، هەرکاتێ خالق ڕوی لە مەخلوق وەرگێڕا ئەوان عەدەم دەبن هەروەک چۆن لەوەوپێش عەدەم بوون کەواتە ئەوەخالقە بە میهرەبانی خۆی بڕیاری داوە کە ئەو مەخلوقانە لەعەدەم ونەبوو دەربێنێ وئەوەندەی ویستی بێ لە چوونەوەبۆ عەدەم بیان پارێزێ.

عەدەم لەناو مەخلوقەکان یەک ئاست نیە و فرە ڕێژەیە ، هەیە بەڵاشە دەمێنێ بەڵام وجودی زیندەگی لێ دەسێنرێ وعەدەم دەبێ .

لای ئەشعەریەکان تەنانەت تایبەتمەندی دیاردەو بونەوەرانیش بوونیان مەرج دارە بە مۆڵەتدانی خالق ، ئاگر لە خودی خۆیدا تایبەتمەندی سوتاندنی نیە ،ئەگەر خالق هەرکاتێ ئەوتایبەت مەندیەی لێ وەرگرێتەوە ئاگر تەنەکان ناسوتێنێ .

لێرەدا کە گوتراوە هیچ شوێنێکی بونەوەر خاڵی نیە لە وجودی خالق ، مەبەست ئەوەنیە کەهەموو بستێک زەرف وهێلانەی خالق بێ ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هەموو بونەوەر و دیاردەکان ودۆخ وتایبەتمەندیەکانیان هەرئەوخالقە لە نەبوون وعەدەمەوە ئیجادی کردوون و پاراستونی وپەرەی پێداون .

کەواتە ئەوە بڵێین کە لەو شوێنانەی کە خالق وجودی هەیە ، بونەوەری تریش بوونیان هەیە ، چونکە ئەوشوێنە کەخۆی عەدەم بووەوبەدیهێنراوە پاشان کراوەتە کۆمەڵێک مەوجودی تر کەلەعەدەمەوە بەدی هێناون هەموو ئەو شوێنەو ئەوەی لەچوارچێوەی ئەوشوێنەش هەڵگیراون هەموویان حەوجێ وپێداویستیان لە وجود و مانەوەیان لەسەر وجودی

خالقه واته شوێن وکات هەرچەندگەورەبن لەدامێنی وجودی خالق دان نەک بە پێچەوانەوەبێ .

کە بگوترێ ئەی بەچی هاتن ودابەزین و بڵندبوونی خالق لێک دەدەنەوە ؟

لەوڵام دا دەڵێم کە ئێمە دەزانین کەئەوەی پێی دەڵێن شەش ئاڕاستەکە مەخلوقن ودروستکراون بۆیەتەحاوی لەعەقیدەکەی دەفەرموێ کەشەش ئاڕاستەکە ناتوانن خالق لەخۆ بگرن وە عەرش اللە ی هەڵنەگرتووە بەڵکو عەرش وئەوانەی لەژێرعەرشن هەموو ئەو هەڵی گرتوون ، هەربۆیە هەندێ لە زانایانی عەقیدە گوتویانە ئێمە اللە دەبینین بەڵام لە ئاڕاستەیەک لە ئاڕاستەکان نا چونکە ئاڕاستەکانیش وەک کاتەکان وشوێنەکان مەخلوقن وناکرێ مەخلوق دەورەی خالق بدا.

بەڵام ئەوبەڕێزانە بیریان چوو کە ئێمە دوو کەون وبونەوەری لێک جیامان هەن، اللە کە هەموو ئیسمەکانی خۆی بە (کان) هەر بوو تایبەت دەکا ، کەواتە بوونی ئەو ئیسمانەو ئەو واتایانەی لێیان وەردەگیرن ئەوانیش مەخلوق نین.

اللە کە ئیسمێکی علي،علیا، ظاهر ە ئەمانە هەموویان ئاماژە بۆ ئاڕاستەیەک دەکەن کە بڵندیە ، بەڵام اللە بڵند بوو پێش ئەوەی شەش ئاڕاستەکە دروست بکا ، کەواتە بڵندی اللە پێویستی بە ئاڕاستە مەخلوقەکە نیە، هەروەک چۆن اللە ئیسمی باطن کە هیچ شتێ لەو نزمترنیە ، دون وفوق هەردوو ئاڕاستەن پێش ئەوەی ئاڕاستە مەخلوقەکان دروست بکرێن .

وە ئەزەل وئەبەد یان اول واخر دوو ئیسمی اللە ن لەهەمان کات دا دوو واتای زمانیش دەدەن بەدەستەوە ، بەڵام لێرە باسی زەمان وکاتی دروستکراونیە چونکە زەمان وکاتی دروستکراو ئەزەلی وئەبەدی نین ولەعەدەمەوە بەدی هێنراون.

کەواتە کەزانایانی فیزیا ئەمڕۆ بونەوەرەهاوتەریبەکان بدۆزنەوەو پێیان وابێ کە ئەم جیهانە هەرئەویەک بونەوەرەنیە کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی

بەڵکو چەندین بونەوەری هاوتەریب و اکوان متوازیە هەن ، جابۆیە اللە پەروەردگاری عالەمەکانە .

جامادام لەناوجیهانی مەخلوق ئەوهەموو کەونە متوازیەو بونەوەرەتەریبە هەبن وهەرڕۆژەو هێزێک ودیاردێک وناوەندێک لەم جیهانە پەردەی لەڕووی هەڵماڵرێ ، ئەی بۆ نابێ جیهان وئاڕاستەو شوێن وکاتی خالقی هەبن کەجیا بن لە کات وشوێنی مەخلوق ، بۆیە دابەزین وبڵند بوون وهاتن و هەربوویی و هەردەم مانی اللە تایبەت بەون و وەک چۆن لە بینین وبیستن و ....هتد خالق بە بینین وبیستنی مەخلوقەکان ناچێ ، کەواتە لە هاتن وچون وبڵند بوون ودابەزین و لەو ئاڕاستەو ئەو کاتەش کە خالق تێیدا ئەم کارانەدەکا ئەوانیش لە هاتن وچون وبڵند بوون ودابەزین و لەو ئاڕاستەو کاتی مەخلوقەکان ناچن ..

لە هاوماناکانی نزیک بە واتای وێکداچونی بونەوەران - التداخل الوجودي -

کۆبونەوەو مەکۆبوونی زۆرێک لەواتاکانە لە یەک بونەوەردا ، واتە جیایە لە تێگەیشتن وچەمک ، چونکە چەمک وتێگەیشتن لەهۆش وزەیندایە و بۆ واتایەک دانراوە کەلە واقعدا بوونی هەیە.

هەر شتێک چوار جۆرە بوونی هەیە:

1ـناوەدەربڕداوەکەی بەزمان «اللفظ»:

2ـهێما وتێگەیشتن وپێناسەی هۆش وزەین وبۆو چەمکە بەزمان دەربڕراوە «المفهوم»:

3ـشێوازە نوسراوەکەی ئەوچەمکە بەزمان گوتراوە و وێنەکێشانی و وێنەگرتنی .

واتاو ڕاستەقینەی ئەوچەمکە زەینیە گوتراوە بەزمان «المعنى أو المحكي»:

لێرەدا خالق وەک چۆن لەگەڵ هیچ کام لە مەخلوقەکان وتایبەتمەندەکانیان وێکداچوونی نیە ، کەواتە کۆبونەوەو مەکۆبوون و -اجتماع-یشی نیە.

هەروەها پێکەوەلکان وهاوسێ بوون لەنێوان خالق و مەخلوق نیە و -مجاورە والانضمام- پێکەوەلکان وهاوسێ بوون تەنیا لەنێوان دروستکراوەکان هەیە.

هەروەها هیچ لێکدران- ترکیب -وئاوێتەبوون-الحلول- ودڕاشتنێک و یەک بوونێک -الاتحاد-و تێکەڵاوبوونێک- الامتزاج- لەنێوان خالق و مخلوق دا نیە .

٢-چۆنێتی پەیوەندی نێوان ڕوح ولاشە لە مرۆڤەکاندا.

نهێنیە شاراوەکانی ڕوح و مردن .

مردن ونهێنی مەرگ و نهێنی ئاوێتەی ڕوح ولاشەو چۆنێتی لێک جیابونەوەیان ئەو حصن و قەلایە پتەوە دەرک نەکراوو کچە بوخچەی نەکراوەیە کە کەس پەی پێ نەبردوە.بۆیە فریشتەی گیان کێشان ناونراوە عەزرای اللە ،واتە ئەوکچە نەسمراوەی کەنەبۆتە ژن وکەس نەیتوانیوە پەردەی کچێنی بدڕێ.

مەلەکی مردن کە ڕوح دە کێشێ وقەبزی دەکا کە کیشای مەسح وفۆرمات ودێلیتی دەکاو روحەکە لە لایەنی زاکرەوە سفردەکاتەوەو دەسریتەوە,جا ئەم روحە وەك سیم کارت، لەجیهانی پێش ئاوێتە بوون بەلاشە وبەرزەخ چی کردوەوچۆن بووە، ,بۆئەوەی لەم لاشە نوێ یەدا نەمشغولی تصفیە حساباتی کۆن بێ، نەکارەکۆنە نیوەچلەکانی تەواو بکا ,کەلەوانەیە بۆئەمە پێویستی بە ماندو بوون و زەحمەت بێ ، ئەم مەسح

كردنەش رەحمەتە بۆمرۆڤ تا یەكەم هەندێ پیزانین هەیە لە نەخۆشی خراپترە ,لەناو بچێ ,وەروحە كە لەودۆخە نوێیە بەهەموو واتایەك ژیانیكی نوێ بژی و بەختەوەر بێ .

هەروەها بۆ لایەنی لاشەكانیش كە دی ئین ئەی و جین وكرۆمۆسۆماتیان لیك هەلنەوەشینرێ , لەوانەیە كە دەزگای خویندنەوەی ئەم شریت و سیمە دی ئین ئەیە ,بدۆزریتەوەو ئەوەی ئەمڕۆ پێ ی دەڵێن جینۆمی بەشەری كەشف ببێ,بە دۆزینەوەی ئەوەش هەریەك لە ئیمە دەتوانێ بۆماوەی ئەو تەنەو خواردنە كە لاشەمانی لێ دروست بوە,دەتوانێ بڵێ كە ئەم قاچە لە چاخی كمبری داینا صۆر بو ,پاشان كیسەل بوو,دوای بوە قرش وپاشان بەرازو گورگ و ,,هتد,لەوانە یە هەر یەك مرۆڤ لە ڕووی لاشەیی پیك هاتەی سەدان هەزار لە گیانەوەرو بونەوەرانی تیدابێ و تا دەمرێ ئیدی لاشەی ببێتە گوزەری ملیۆنەها بەش و ئەندامە داوەشاوەكانی رابردوان لە مرۆڤ و جگە لەمرۆڤ ،هەمیشە گۆرستانی مرۆڤ ریزی تایبەتی هەیە,تەنیا ئەو خانەوەریوانەی كە رۆژانە لە مرۆڤەكان دەوەرێ، ئەو لەوانەیە تێكەلی پیك هاتەكان بێ و بێتە لاشەی مرۆڤەوە.

كەواتە لە سڕینەوەی شەی كەری تەنە كان شەی تان رەحمەتیكی گەورەی اللە یە و ئەم هەموو جەنجالیەمان بیر دەباتەوە, وەك لە سورەتی كەهف هاتوە كە یوشعی هاورێكەی موسی نسیان وبیرچونەكەی پال دەداتە لای شەیتان ,چونكە شەیتانە بەتەن شەكردن هەر 15 سال جاریك تەنەكانمان دەگۆڕێ و جاری وایە زهایمەرو نەخۆشی تری لە بیر بەرەوە دەهینێ.

لێرە بە پیویستی دەزانم بابەتیكی عەقەدی وبنچینەیی باس بكەم كە هەموو دینەكانی بە خۆیەوە خەریك كردوە ,ئەویش بریتیە لە وەی پایەی روح وكەلیمە لای اللە چیە؟چونكە ئەوەی جولەكە ومەسیحی و بوزی

وبەرهەمی و صابئی و زۆربەی گەلانی سەرگەردان کردوە,تەنانەت لای ئیسلامیش حەنبەلیەکان وموعتەزیلەکان دەرحەق بەکلام و کەلیمە هەمان کیشەیان هەیە,

باسی دە توخمە پەی پێ براوەکەمان کرد کە اللە بە ئیسمەکانی و ئەرواحی لەناو ئەم دە بونەوەرو عالە مەدایە و هەرئەو خەلقی کردون و پاراستونی و بۆ ئالّو گۆریشیان بە وئیسم و روحانە ئاوێتەیی و کۆنتاکتی کردوە,دەشتوانرێ پێ ی بگوترێ ئیقتران, چونکە حلول وئاوێتەبوون بریتیە لە دوو جۆر :

١- حلول وئاوێتە بوونی دراوسێ وەك بوونی ئاو لەناو پەرداخیك کە پەرداخەکە زەرف و ئاوەکە حلولی تێ کردوە. ڕوح ولاشە ڕوح قەت تێکەڵی لاشە نابێ وەک چۆن مادەی پەرداخەکە تێکەڵی پێک هاتەی ئاوەکە نابێ.

٢- ئاوێتەبوونی تێکەڵ ،حلولی ساری، ئەمە یەك گرتنی تەواوە وەك گوڵاو کە گوڵ و ئاوەکە تێکەڵ بوون وناتوانرێ لێك جیا بکرێنەوەو بگێڕدرێنەوە باری پیشوو.

بەلام ئیتحاد و یەك گرتن کاتی دوو زات وخود دەبنە یەك ،ئەمەش لە دوو شت دا دەبێ کە ئەو دوو شتە :یەکەم کە هاورەگەزی یەکتر بوون پێ ی دەگوترێ یەکبونی هاورەگەزی ,مجانسە,ئەگەر ئەم دوو شتە هاو چەشن وجۆرو نەوعی یەکتر بوون پێ ی دەلین مماثلەو وەکو یەك دەقاو دەق,وەك ئەو دوو بونەوەرە لە تایبەتمەندی دا یەکیان گرت پێ ی دەلین مشاکلە ,یەکگرتنی هەمە جۆری و تنوع و فرە چەشنی,ئەگەر ئەم دوو بونەوەرە چۆنیتی یان وەك یەك بوو دەگوترێ ئەوە شەبیهە و ووێك چوە بە ئەوەی تر,ئەگەر لە چەندیتی دابوو,پێ ی دەگوترێ مساوات و یەکسانی,دەگوترێ ئەوە یەکسانە بە ئەوە,ئەگەر لە دریژی لاکان دابوو دەگوتری ئەو لایە متابق ی ئەوەی تر، واتەلەگەڵی دلتەوەو لە راستی

ئەوەو لێ ی تینەپەریوە,ئەگەر یەکبونەکە لە پالدان وزیادکردن دابو دەگوترێ گونجاوو مناسبە ,واتە ئەو زیادە لەگەڵ ئەصلەکە گونجاوو مناسبە,یەك گرتن لە بەشەکان دا دەگوترێ هاوسەنگە,بەشی حەوتەم وهەشتەمی کتیبەکە هاوسەنگن ،واتە وەصفی هاوبەشی کۆکەرەوەیان ئەو هاوسەنگیەیە.

بەلام ئەو ئیتحادەی لەگەڵ اللە دەبێ لە زاراوەی صۆفیاندا بریتیە لە :بینینی زاتی حەقی بێ سنورو بێ کۆتایی کە بە حەق هەرئەو بوونەو هەیە,وەهەموو شتیکیش هەرئەوە، چونکە بوونی هەموو شتەکان هەربە ئەون لە هاتنە دیان و مانەوەیان و کە بەخۆیان بسپیردرێن معدوم دەبن و لەناو دەچن ,نەك ئەوە کە ئەم شتانە بونێکی تایبەت بەخۆیان هەیەو لەگەڵ اللە یەکی گرتوەکە ئەمە محاڵە.

واتە ئەو ئیتحادو حلولەی صۆفیان لەگەڵ اللە هیچ کام لەو ئیتحادو حلولانە نیەکە باسمان کردن ,وە دیارە کە ئەمە ئیتحادی حاجەت وپێویستی و فەقیري بونەوەرانە لەگەڵ دەولەمەندی بێ نیازوبێ پێویستی، واتە ئەوەی پێ ی دەڵێن ئیتحاد لەنێوان بەندەکان وبونەوەران واللە لە ڕاستی دا ئیتحادنیە بەڵکوخۆپێ هەڵاوەسین و تملق و مەرایی کردنی بونەوەرانی موحتاجەبە اللە ی بێ نیازو تاقانە,کە دەبوو وشەیەکی تر بەکار هاتبایە نەک ئیتحاد,بەلام لە بەر هەژاری زمانەکانی مرۆڤایەتی لە ئاست ئەم هۆگری و کەمەندکیشیە ئەوزاراوەی حلول و ئیتحادەیان بەکار هیناوە.

بەکورتی اللە کە ئەم بونەوەرانەی بە دی هێناوەو بەردەوامی و ئالو گۆڕی پێداون, اللە شمولی هەموو ئەو بونەوەر پەی پێ براوانەی دەکاو شمولی هەربونەوەریکی تریش دەکا کە پەی پێ نەبراوە لە جیهانی بێجگە لە اللە,واتە اللە ئیستغراقی وجود ودەرەوەی وجود دەکا,وەلەرووی زەمەنیش ملیارەها ساڵە کەاللە شمول و ئیستغراق و ئیدراکی هەموو ئەو لەوحانەی

موجودات كه پێش تەقینی بیك بن و دوای تەواو بونی بیك بنیش دێن ،شمول و ئیستغراقو ئیدراکی هەموو یان دەکا,بەبێ ئەوەی كه هیچ بونەوەریك بتوانێ كه ئیستیعاب وشمول و ئیستغراق و ئیدراکی الله بكا .

گرنگی دان و محبەتی الله بۆو عالەمانه به شێوەیەكه كه ئێمەی ئەم توخم وبونەوەرانەی كه له جیهانی پەی پێ برانی ئەم مرۆڤایەتیه بەجن وئینس و مەلائكەو روح كه ئێستا هەین ,ئیمه هەموومان وامان لیهاتوه كه گەیشتوینه یەقین كه الله جگه له ئیمه هیچ بونەوەرو وجود و خەلقیكی تری نیه و شەو رۆژ كه هەرخولەكیك له شوێنێكی ئەم زەمینه،له سێ یەكی شەوەو پەروەرگار بانگی مستغفرین دەكا, بەلام دلنیاشتان دەكەم بەقەدەر ئەو یەقینەی هەتانه كه الله خلقی ترو بونەوەری تری زۆرن و هەموشیان وەك ئیمه وادەزانن كه تەنیا ئەوان شایستەی گرنگی پێ دانی الله ن,جا ئێمه كه هیشتا بونەوەرەكان هەمو نەزانین ، چۆن بیر له دەرك كردن به الله دەكەینەوە؟!

جیهانی روحی مجرد و جهانی ئەوەی صابئەكان پێ ی دەلین عالمی ئەنوار وروحانیەكان ,ئەویش چینێكەو ناوەندیكه كه روحی پەیام بەران و روحانیەكانی لێ یه.

جا ئەم بونەوەری روحانیات كه روح الله لێ ی بەرپرسه، كه عیسی یه علیه السلام و كورەپوری حیات الله یه كه یحیی یه.

- كاتی الله ئەمری كرد كه نفخ له ناوەندی بۆشایی و باوەشی وجود وئینای بونەوەر و لەوح بكا ،بەم نەفخه دیرەكانی لەو ح پێك دێن,دێرەكانیش مەدارەكانن,واته فەلەك وخولگەی ئەستیرەكان , ئەستیرەكان له سەر یان بەڕێوه دەچن و ئەوان سكەی شەمەندەفەری وانن, وەدلیل ورینمایی وانن به ئەمری الله ,وەدەمارو هەستەوەرو عصب و باعس و حابس وراكیشەرخوێندەرو ڕێبازی ئەو ئەستیرانەن.

-وەکاتێ اللە بە روحی گوت کە نفخ لە وەسەت و ناوەندی باو هەوا بکا ,ژیانی فیتری و فایرۆس و بەکتریاو مێرو و مێشو لە و میکرۆبەکان و بالندەو بۆنەکان پێك هاتن ,کەئەم بونەوەرانە ئالقەو ناوەندی بەیەك گەیەنەری جیهانی روەك و جیهانی ئۆرگانی و ژیندەگین.

-وەکاتێ اللە فرمانی کرد روح فو بە ناوەندی ئاوی دا بکا ئەوە ژیانی ئۆرگانی پێك دێ ,واتە گیانەوەرانی دەریا,لە ماسی ونەهەنگ و گیانەوەرەئاویەکان.

-کە روح بە فەرمانی اللە فوی بە ناوەندی ئاگری دا کرد تیشکەکان و رەنگەکان دێن و لە ناو دەریا دەبنە روەك و درەخت و قەوزەو ناوەندە مەرجانیەکان, وەکاتێ فوی بەناوەندی گڵی داکرد مرۆڤ پەیدا دەبێ , کە سەروەری جیهانی ئاوێتەبوونی ڕوح و ناوەندی مادی پێ دراوە.

جیهانە ئاوێتە بووەکانیش بریتین لە چوارناوەندەکەی هەواو ئاوو ئاگروگل و ئەو چواربونەوەرەی کە بەهۆی فوی روحەوە بەرهەم هاتون وگەشەیان کردوە ،چوار جیهانە حەرامەکەش بریتین لە عالەمی بۆشایی و مەدارەکانی و جیهانی روحانیات و بەرزەخ و جیهانی کەلیمات و بەهاو علمە مجردەکان وداڕنراوەکان,و جیهانی بورجەکان.

ئادەمی لەگڵ بەشەروپێست وجلدی اللە یە ،بونەوەرێکی جەدەلی وبەگفتوگۆوزۆربڵێ وهەمیشەهەڵوەریوە،شەیتان و شەی ئەوتەن وپێستە هەڵوەریوەش کە هەڵی دەوەرێنێ ،بڵێسە ولباس وحجاب وپەردەی ڕوی اللە یە ،لە ئەنجامی لێخشانی بەرگە تیشکەکەی اللە بە چەرم وپێستە خاکیەکەی شەی تە ن دەبێ وخانەکان هەڵدەوەرن،بۆیە ئەم دوو غەیورە مل ملانێ یانە ،لباس وبەرگ دەڵێ من نزیکترم وپێستی هەستەوەری

دەڵێ من نزیکترم،ئاوی یەحیاوحیاتیش کە هەموو حیوان لە و پێک هێنراون خۆیٖنی هەیکەلی اللە یە ،هەواش ڕوح وهەناسەو نەفەسی اللەیە ،بۆشایی وپانتایی بونەوەریش ئەو پەیکەرەی اللە یە کە ئەم چواربونەوەرە بونە چەرم وبەرگ وژیان وهەناسەی ،هەناسەوخوێن وپێست بەشێکن لە پەیکەرەکە ،بەڵام جل وبەرگەکە لە جیهانی مرۆڤ پێک هاتەیەکی دەرەکیە ،بەڵام لە گیانەوەرانی تر بەرگیش بەشێکە لە پەیکەرەکە.

پاڵدانی هەموو ئەمانە واتای وانیە کە اللە پێویستی پێیانە ،یان بەشێکن لە خالق ، بەڵکو ئەوانەش وەک بەیتی اللە و حوشتری اللە پاڵدانێکی شەریف بوون و پیرۆزەیە نەک ئەوەیە بەشێک بن لەخالق .،

گوتمان کە مەسیح رو ح اللە یە، کلمات اللە یە امر اللە یە ,هەروا قورئان و تەورات و ئینجیل ئەمر و روح و کلمات اللە ن ،بەتایبەت ئینجیل نجوی اللە یە،سروەی اللە یە،پێدەچێ گیان وجانی ئێمەش کەبۆ ڕوح دامان ناوە هەرلە نجوی وەرمان گرتبێ ،بۆیە ئینجیل دەبێتە نجوی وگیان وجان ی اللە وروح اللە کە عیسایە،کەواتە مەسیح کەوەک مرۆڤ نەماوە بۆتە گیان وجان اللە وڕوح اللە کە ئینجیلە. لیرە مەبەست لە روح نە کتابی کاغەزو مەرەکەب ونە مەسیحی لاشەو جەستەیە,چونکە روح نابیتە بەدەن ,نە قورئان وەك روح دەبیتە کتاب ونە عیسا وەك روح دەبیتە بەدەن و دەچیتە ناو منداڵدان, نەك هەر روحی عیسی ,روحی هیچ یەکیکمان ناچیتەناو منداڵدان ئەگەر مەلۆتکەیەکی تەمەن 120 ڕۆژی لەناو منداڵ دانەکە نەبێ ,وەنە روحی ناو لاشەمان دەبیتە ئەندامێك و وەك ئەندامەکانی تر دەتوانین ببینین, چونکە نەروحە بچوکەکانی ئیمەو نەروحە گەورەکەی عیسی بۆ بوون و بەردەوام وجودیان پیویستیان بە رەحەمی مریمەکان نیە و نە پیویستیان بەو مەلۆتکە شل و شەپرەوەشە, ئەو مەلۆتکەو منداڵدانە پیویستیان بە باران و غەیسی روح اللە یە تا ئەو تۆوەی لەو زەویە چینراوە بڕوێ و قرپۆك نەبێ, کە روح دێتە ئەو بەدەنەوە ئەوە قبولی جۆریك لە ئیلغا کردنەوەو کوشتنی جیهانەکەی خۆی دەکا و خۆی بۆ

ماوەیەك بەنددەكا,وەزۆر لەتایبەتیە بالاكانی خۆی لەم بەندیەدا بزر دەكا,عیسا و گیان الله ی ئینجیل لاشە نین تالەخاچ بدرێن.

بۆیە كەلیماتەكانی الله لە ژمارە نایەن، چونكە تەمەنیان دیاری كراوو سنورداراە, هەردیاردەیەك لەو بونەوەرە بە ملیاران ئیسمی لە سەردانراوەوكە زمانەكە مردوە، زمانیكی تر هاتوەو ناوی تری لەسەر داناوە,كەواتە كلمات الله قابیلی مردن و نوی بونەوەو نەسخن ,ئەوانیش وەك روح، لەو شتەی كە ئەوان دەبنە ناوو موسەمای بۆ كاتێك , بەشیك نین لەو جەستە,هەربۆیە كە شاخ گەردیلە گەردیلە لیك بكەیەوە,ئەو ملیۆنان ناوانەی لە ملیۆنان سالەوە لەوشاخە نراوە،لەناوگەردیلەكانی نابینی ,چونكە ئەو ناوو ئیسمانە بەشیكی ئەصلی نەبوون و هیچ جۆریك لەو حلول وئیتحادانەی باس كران لە نیوان ئیسم و موسەماكەی وەك لاشە بوونی نیە, لاشەش بەچەرم وگۆشت وخوێنەوە،ئادەمی گڵ ویحیای ئاوهەر وەك جل وبەرگن بۆڕوح و وموسەماو ناونراویش بەرگەێكە بۆ ئیسم وناو.

بۆنمونە لای سابیئەكان ئەم 360 كەلیمەی كە خۆیان و هاوسەرو ئەوەی كە لەوانیش دەبێ هەر كەلیمەیە, ئەوە هەمان یەزەتە شایانەكانی مەجوسدن لای مسوڵمان بە ئەسماو صفاتەكان وكەلیما ت الله ی تاممات وتەواوەكانن لە دینی ئیسلام داناسراون ، لەوەیە لای جولەكەو مەسیحیش هەروابێ ، بەم ئیسم وكەلیمە تاممە ونورانە الله كاروباری ئەم بونەوەرە بەڕێوە دەبا،بەلام ئەوان لە جیاتی بڵێن الله رزق ورۆزی دەدا بە ئیسمی رەزاق و تعلیم و فیركردن دەدا بە ئیسمی علیم و دانایی فیر دەكا بە ئیسمی حكیم و هەموو روداوەكان كەلەم گەردونە روو دەدەن هەموو بە ئەسماالله دەبێ , جا ئەوان لە باتی ئەسماالله كردویاننە نێرومێ كە هاوسەرن ,ئەم ئەسما الله وصفاتانەش كە عەرەبی یان عبری یان سریانی وئارامی بن بە پێ ی زمانی رەسەنی پیغەمبەرەكان ,توالد ولە دایك بوون دەكەن بەوەی كە ئەو ئیسمە كە پیاوەكەیە حكیم و ژنەكەی حكمەتە صیفەتە كەیە،كە ویسترا وەرگیرریتە سەر زمانیكی تر ئەوە منالیكی نێرو مێ و ژن و مێرد لە دایك دەبێ كە نێرەكە لیزان و صیفەت ومێكەش

دانیاره و دانایی یه ,ئیدی تا ئەو زمانه ئەصلیانەی پەیامەکەیان پێ هاتوون له سەر زەوی بمێنن و له پەرستگا ومساجد دوعاو نزاو مناجاتی الله یان پێ بکرێ، ئەوه له عالمی ئەنوار دەمێنن ,بەلام که زمانەکان لەزەوی بەکارهینانی ئەو کەلیمانه گۆڕدرا ,ئەو ووشه وەرگێڕدراوانەش دەگۆڕێن ,بۆ ئەو زمانەی له سەرزەوی دوعای پێ دەکرێ ,چونکه کەلیمەی حکمەت ببێ یان نا، الله هەر حکیمه , بەهاوماناکانی ئەو کەلیمه که الله مناجاتی بۆ دەکرێ ,کەواته ئەم 360 ئیسمن و دیاره هەموو ئیسمیك صفاتیکی هەیه که هاوسەریەتی و هەرئیسمیك وەردەگێڕرێ بۆ چەند زمان که منالەکانننی ,ئەمەچ له ئەصلی دینەکه وا دابەزیبێ یان خەیالی ئەوان له ئیسم وصفاتەوه کردبیاننه نێرو مێ ,چونکه له زمانه سامیەکان ناوەکان زۆریان نێرن و ئاوەلناوەکان مێ ,وه دیاره که ئەم کەسانه له ملائکه گەورەترن لایان ,چونکه ملائکه لاشەن و جسمن و ئەستیرەن ,بەلام ئەمانه جسم نین ,نەشیان گوتوه ئەزەلی و ئەبەدین ,چونکه زمانەکان دەمرن و مرادف وهاوماناکان و وەر گیراوەکەیان بۆ زمانی تر که دەکاته کورو کچیان شوینیان دەگریتەوه,زمانەکان،باوکه بنچینەییەکان ئەسل وڕەسەنن ووەرگێڕدراوەکان کۆپی کراون ولەبەرگیراون.

تاکه کەلیمه که کەس شوینی ناگریتەوه، کەلیمەی الله یه، کەنابێ نه کەلیمەی لێ ببێ و نەله کەلیمەی تر وەر گیرابێ،نابێ له ئیلاه وپەرستراو داتاشرابێ ،وەنابێ ئیلاهیش لەو وەرگیرابێ ،وەنابێ مشتق و سەرف کراو بێ ،دەبێ جامد وممنوع من السرف و قابیلی داخوران وداتاشران نەبێ.

که مرۆڤ ژن نەهینێ و بمرێ پیویسته بگەریتەوه بۆ ژیان و منالی لێ مشتق ببێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێ ,چونکه کەلیمەی جامد له ناوزمان بیجگه له الله نابێ هیچ کەلیمەیەك جامد بێ بەو مانایەی کەنه وەرگیردرێ بۆ زمانی تر ،نه صفەی لی وەر گیرێ نه اشتقاق و داتاشراوی هەبێ , مرۆڤیش قیاس کراوەته سەر کەلیمه لەوەدا که ئەویش مسۆگەر الله نیه ,و مەخلوقه ,مخلوقیش وەك کەلیمەکه که صفەت ومشتق و وەرگیراو قبول

نەکا شایانی چونە جەننەت نیە ,کەواتە اللە نابێ صفەی هەبی ,وەنابێ لە زمانەکانی کەوحی پێ هاتوە مشتقی هەبێ ,وەنابێ وەر بگیرریتە سەر هیچ زمانیك ووەرگێڕدراوونوسخەی کۆپی وکوڕی هەبێ، , بیجگە لە اللە هیچ کەلیمەیەکی تر کە قابیلی ئیشتقاق و وەرگیران نەبێ، نابێ لە هیچ زمانیك دا بوونی هەبێ .

ئەمە دەیسەلمێنێ کە زمان وکەلیماتە کان ،هەمویان مەخلوقن،زمانە ئەسلیەکان باپیروداپیرو سەرکێش وڕوحن ،زمانە دەومین و وەرگێڕدراوو کۆپیەکان ،پلە دوون ،ئەسما اللە سفات اللە لێ داتاشرا،وەک چۆن حەوالەپەراسوی ئادەم داتاشرا،سفاتەکان ،هەریەکەی مەلائیکەیەکیان لێ داتاشراو ئەوانیش هەریەکەی پەیام بەروشەرعێ ،

نەک هەرئەوە ،بۆشایی لەپەراسوی خۆی بای لێ دەرچوو ،عەدەم وئادەم وهیچ وهەوا وحەوا ی ڕوحانی لە قۆناغی ڕوحی هاتن ،ئادەم ی ئەدیم وپێستی گڵین لەپەراسوی خۆی ولە دامێنی ئاو وکانیاوو دەریاچەی لەخۆگرت، ئەمەش ئادەم وحەوای لاشەیی وبەرجەستە بوون ،ئەسڵ وبنچینە کان ،هەموو لەیەک وەرگیراون وئادەم ونوح وئالی عمران وئالی ئیبراهیمی ،هەواوئاووئاگروگڵ هەندێکیان وەچەی هەندێکیانن ،ئاڵوگۆڕی باوکێتی کوڕێتیش دەکەن ،هەندێ جارکوڕەکان دەبنە باوک وباوکەکان دەبنە کوڕ،هۆکارەکان و وەسیلە وئالەتەکان وئامێرە ئەمرەکان دەبنە غایە ومەبەست وئامانج وهەدەف وخەلق و بەپێچەوانەش ڕووەدا،تەنانەت نێرومێ ی دیاردەو پێک هاتەوتوخم وسروشت وتایبەتمەندیەکان لە ئاڵوگۆڕی بەردەوام دایە، هەروەک ئاڵو گۆڕی دەکەن لە پیرۆز بوون ونەفرەت لێ کراوی ،لە حەق بوون وباتل وناحەق بوون ،لە بەختەوەری وبەدبەختی ،،،هتد ئەم ئاڵوگۆڕە لە هەموو ڕوویەکەوە هەیەوبەردەوامە .

هەڵبەت ئەو ڕیزبەندیەی کەهەم سابیئەو مەجوسەکان کردویانە ،وەئەوەش کە جولەکەو مەسیحیەکان کردویانە ، تەنانەت ئەو دابەشکردنەش کە مسوڵمانەکان بۆ ئیسمەکانی خالق کردویانە مەرج نیە هەموویان ڕاستیان پێکابێ ، وەزۆر جار لەجیاتی ڕۆشنتر کردنی بابەتەکە بابەتەکەیان ئاڵۆزترکردووە ، بەناوی خۆ ڕزگارکردن لە تەشبیە کەوتونە

ناوتەشبیهەوە ، ڕقی دنیایا لە حلول وئیتحادی خالق ومخلوقە کەچی لەزۆر ڕووەوە کەوتونە ناو حلول وئیتحادەوە ، شەڕی خەڵکانێکیان کردوە کە گوایە موعەتیلە ولەکارخەر و تەئویل کارن ، کەچی خۆشیان تەئویل ولەکارخەربوون ..

ئەو ئەمرەی عیسای پێ وەسف کراوەلەسورەتی مریم،فرمانە، دەبیتە هۆی کردارو هەلس و کەوت ,ئەو کردارو هەلس و کەوتەش کاتیکی دیاری کراوی هەیە جا چ رابردو بێ یان ئیستا بێ یان داهاتوو,بەلام کاتی ئەمر زیاتر ئیستایە،داخوازیە, کەواتە عیسا وەك ئەمرو فەرمانیکی الله کە ئەمری بە نەفخی روح ونوسینی چوار بڕیاری چارەنوس و ڕەگەز و تەمەن و رزقی بۆو مەلۆتکەی کە روحەکەی بەبەردادەکرێ، , وەك گرێبەستێکە کە روحی ئەوکەسە پێوەی پابەندە،نانەکانی ئەو لاشە دەژمیری تازو رزقەکە تەواو ببێ و روح بگەریتەوە جیهانەکەی خۆی ,روح نەپیویستی بە رزقەو نەبرسی دەبێ, بۆیە روحە تامەزرۆکان لاشەکە خۆشی نازانێ چۆن چەند هەلسوکەوتی جەربەزەبۆلاشەکە دروست دەکەن تا بە کوشتی دەدەن ولێ ی دەردەچن.

جا چونکە عیسا ئەو بەشەی کە لە عەزرا وە دەرچوە کە مریم و ئوم ئامر ، دایکی ئالەو ئامێرەکەیە کە وەك جلێکە و دادەکەنرێ ئەو ئامرازەیە کە مەزار داگیر دەکاو قەبری دەوێ ,ئەم بەشە بوو کە لە عیسا کە الله پێ ی فەرمو من توفات دەکەم و بەرزت دەکەمەوە بۆلای خۆم,هەروەهالە مائدەش هاتوە کە عیسا بە الله دەفەرموێ کاتێ تۆ وەفاتت پێ کردم,کەواتە عیسی، لاشەکەی وەفاتی کردوەو روح الله و کلمة الله وگرییبەندەکەیان لەگەڵ لاشەو ئەمرەکە دیاری کراو بوو,لەدوای تەواو بوونی ئەو ماوە کە عیسی روح الله و کلمة الله بی نابێ چیتر لە لاشەیەکی سڕکەری روح وکلمەدا بمێنێتەوە,چونکە دەستي ببەستریّ و بێ دەسەلات

بێ،کەواتە سەلب وخاچی ڕاستەقینە بۆ ڕوح ئەو بەستنەیەتی لەولاشە دەستەوستان کەرە,وەکاتێ روح دەردەچێ ئەوە لە دایك بوونی راستە قینەیەتی.

هەربۆیە کە هەواوبا نزیکترین یەکەیە لە روح ،بۆیە مرۆڤ بێ هەناسەوڕوح ناتوانێ چەند چرکەیەک بژی،ڕوح جیهانی مەلائیکەیە،بەڵام ئاو کە ژیان وزیندەگی وئۆرگانە ،دەتوانێ شەووڕۆژێک زیاتربێ ئاوبژی،ئاوناوەندی ژیان وحەیات وزیندەوەرانە،ناوەندی سێیەم گڵ وخواردنە ،مرۆڤ دەتوانێ چەندڕۆژێک بێ خۆراک بژی، هی چوارەم کە ئاگرە ،مرۆڤ دەتوانێ چەندمانگێک بێ خۆگەرم کەرەوەبژی

لیرەدا ئەم پرسیارە دیتە پیش :کە مەسیح روح اللە بێ و روح اللە و نفس وزات اللە چۆن لیك جیادەبنەوە؟ ولامی ئەم: اللە زات و نەفسی وەك خودو نەفسی بەندەکان نیە ,اللە چەندین ئەرواحی هەیە,ئەوەتا روح بە 50 هزار سال نوێ دەبێتەوە ,ئەمر بە هەزار سال نوێ دەبێتەوە,کەلیمات وزمان بە 6تا 7 هەزار سال نوێ دەبێتەوە,کلمە،ڕوح،ئەمر،هەموی لە ئیسمەکانی عیسان, ئەمەش نوێ بونەوەو نەخشەسازیە بۆ بونەوەران,بەهەزار سال شەرع و ئومەت و دەولەت وئەمر وپەیرەوەکان دەگۆڕێ,بە 50 هەزار سال روحەکەش دەگۆڕێ, بەلام اللە لە چەندین ئایەت هەرەشە لە وانەدەکا کە مشاقات و جیاوازی و پەرتەوازەیی دەخەنە نیوان اللە ورەسولەکانی ,بۆیە کە تا سەردەمێ کەبریارە عیسی روح اللە بێ، لە سەر زەوی اللە و عیسی یەك ئیرادەو ویستن ,چونکە اللە ئەصیلة و ڕوح بۆماوەی 50 هەزار سال وەکیلە ,لەدوای ئەو 50 هەزارە اللە یاوەکالەتەکە بۆ ڕوح نوێ دەکاتەوە ،یان ,یەکیکی تر ڕادەسپێرێ، یان زەوی وێران دەکاو پیویستی بە هیچ کەسی تر نابێ ,ئەوە هەموو ویست و بریاری اللە یە, نەك هەربۆ ڕوح ، بەڵکوبۆهەموو کاروبارودیاردەکانی بونەوەروگەردون هەروایە. ,یەك ئوقنوم و ئیرادەو ویست و خواست و ئاراستە کردن لەم گەردونە بەریوە دەچێ ,هەرچەند ئیمە چەند بەریەك کەوتنی روکەشی دەبینین ,بەلام لە راستی دا هیچ بەریەك کەوتن نیە وتەواو کاری و

هەماهەنگی بونەوەران وا دەخوازێ و ئیرادەو حکمەت و علمی الله ی حکیم وعلیمە , وشەوزمان ونەتەوەکان دەگۆڕێن وواتاومەعناکان وەکوخۆیانن.

لە بۆچونی کلاسیکی دا ناوەندو چەقەکان لە هەموو بونەوەرەکاندا سەروەری هەرچواردەوری خۆیانن،بۆیەش کنیسە جەنگی ئەوانەی کرد کە گوتیان زەوی چەقی گەردوون ،نیە ،چونکە کە زەوی لاچەپ بێ وسەنتەری بونەوەر نەبێ ،مرۆڤ نابێتە سەنتەری زیندەوەران وسورەتی رحمان ،بۆیە ئەوان جەنگی ئەوکەسانەیان دەکرد کە چەقەکەیان لەزەویەوەگواستەوە بۆ خۆر،بەڵام بە پێچەوانەی ویستی هەردوو دەستە خۆریش نەبوە چەقی گەردوون ،ئێستا کۆمەڵەی خۆر لەسەرپەڕی لای چەپی دەرب التبانە، ڕێ ی کاکێشانیش هەرلە لاپەڕێکی کۆ مەجەڕەو کەشکەشانەکانی تڕە،

لەناخی مرۆڤیشدا ،دین وبۆچونی کلاسیکی ،هەموو عەقڵ وڕوح ومەعریفەت وبەهاگرنگەکانی لە ناو سنگی مرۆڤ دا دەبینی،بەڵام هەمان کەسانی کە بنکەی مەڵبەندی زەویان گواستەوە بۆ خۆر،عەقل وزانینیان لە سەنتەروناوەڕاستی مرۆڤەوە گواستەوە بۆ مێشکی سەرپەڕ ،کەواتە لێرە سەلماندیان کە نهێنی سەرکردەیی شت وبونەوەرەکان لە سەنتەردا نیە ولە لاپەڕدایە.

لە ڕوی تیۆریە هاوچەرخەکانەوە ڕۆڵی مرۆڤ بە هاوکێشەی ئیستقرائی پێوانە کراوە،نەک ئیستنباتی ،لای ئەو بۆچونانە

تەمەنی بوونی مرۆڤ وهاوشێوەکانی مرۆڤیش لە چەند ملیۆن ساڵێک تێناپەڕێ، ئەم مرۆڤی هاوچەرخەش تەمەنی دووسەد هەزارساڵە ،سەدهەزارساڵ بێ زمان بوەو سەد هەزارساڵیش قسەکەر،سی هەزارساڵە مرۆڤ هونەرەجوانەکانی بەسەرەتایی داهێناون،ئەم هونەرو وێنەکێشانە ،پێنج هەزارساڵە بۆتە شێوە نوسین.

هەروەها یاساوئەدەب وپیشەکانیش هەریەکەیان مێژوویان دەگەڕێتەوە چەند هەزار ساڵێک .

لەم تیۆریانەدا مرۆڤ سەنترنیە لە بونەوەردا، بەڵام دینەمۆو سەنتروشوفێرە لەزەوی دا،بەم تیۆریانە ،مرۆڤ داهێنەری پیرۆزی ودین وشەرع وبیروباوەڕەکانە،ڕاستیەکانیش ڕێژەیین وزووزوو دەگۆڕێن وزۆر یەقینی هەن کە دەبنە وەهم وخەڵەت لە سەردەمێکی تردا و زۆر بیری هەرتەقەو بێ باوەڕیش هەیە دەبێتە ڕاستی ویەقینی سەردەمێکی تر، .

مرۆڤ لەم تیۆریانە دا مرواریەکی بزربوە لەناو ئۆقیانوسی بونەوەرداو ئەوبەدوای ناسینی خۆی وژێدەری خۆی وبونەوەردا وێڵە،ئەم گەڕانەشی بۆتە هۆی داهێنانی دینەکان وفەلسەفەکان وداب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان وریاساکان و ئەفسانەو هونەرەکان.

بەڵام بەدەر لە بۆچونەکانی کنیسە وهەندێ دینداری بیر داخراوی دینەکانی تر، گرنگی وستراتیژی ونهێنی پێک هاتەوبونەوەرو وپەیکەرەکان لە ناوەندەکاندا دانەنراوە، ئەوەتا پەیکەری گەردوون زەویەکان وئاسمانەکان لەناو کورسی دان ،کورسیش لە عەرشدایە، ئەم دەبازنە کەبونەوەری پەی پێ براو پێک دێنن ،هیچیان ئەو نآوەندە نین کە ئیرادەو خواست و ویستی کەونی وشەرعی اللە نانوێنن، بەڵکو ئەوانە دونن، نرخی باڵە مێشولەیەکیان نیە، نهێنی گەورە لە ڕۆخەکان ،سەرپەڕەکان شاراوەتەوە.

بەڵێ مرۆڤ لەناوەندی ئەو بازنانەدا دەژی،بەڵام ئایا مرۆڤ مەبەست وئامانجە؟ یان هۆکارو ئامێرە بۆ مەبەستێکی دیکە؟

بەڵێ مرۆڤ لە هەموو گیانەوەرانی تر جیادەکرێتەوە کە:

-تاکە بونەوەرە کە زانست وپێزانینەکان هەڵ دەگرێ وکۆدەکاتەوەوبەراوردیان دەکاو هاوکێشە وهێڵە گشتیەکانی :

یەقینیەکان ،بەڵگەنەویستەکان،سەلمێنراوەکان،هاوکێشەو ڕێساکان،تیۆری وگریمانەکان، ئەندێشەو خەیاڵ و شوبهاتەکان ،ڕیزبەند دەکا وبەراورد دەکا.

- تاکە بونەوەرە، کە هەربەوەو ەنەوەستاوە کە سندوقی داخراوی بیروبۆچونەکانی بێ ،لەوەتی هەیە، دەیان هەزار زمان ونەتەوەو شێوازە ئاخاوتنی کردۆتە پرد لەنێوان تاکەکانیدا،هەموو زمان ونەتەوەکان دەرهاویشتەی ئەوپێویستیەن کە مرۆڤایەتی پێویستی بوە بۆ ئەوەی لە گەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەن ،بۆیە قوربانیدان بە مرۆڤ لە پێناو زمان ونەتەوەدا ئەوپەڕی گەوجیە ،چونکە زمانەکان خزمەت کارن ومرۆڤ خزمەت کراو.

- تاکە زیندەوەربوو کە بەدوای دروستکەرو ژێدەری خۆی وگەردون دا گەڕاو کردیە جێ ی ڕازونیازو نهێنی و جێ متمانە ودڵنیایی وئارامی وتاکە خۆشەویست وسەنتەرو سەروەری خۆیی ومرۆڤ پاشکۆیەتی وبەندایەتی بۆ هەستی دینداری قبوڵ بوو وبەشانازیشی دەزانی و هەزاران مرۆڤیشی لە پێناو ئەو بەپاشکۆ کردنی مرۆڤە بۆ هەست وهێزی دینی کوشتوە ودەکوژێ.

-بەڵێ ئەوتاکە زیندەوەرە کە قسەی کرد،قسەکانی تۆمارکرد،پاراستی، وێنەی شتەکانی کێشا،داهێنانی کرد،بەدوای داهێنان وزانین دا هەموو شتێکی بەخت کرد،مرۆڤایەتی خۆی بەکردەوە بەدرێژایی شارستانیەکانی گوتی کە ،زانست،علم،داهێنان ،سەنتەرە،مرۆڤ خۆی کردە پەروانەی چرای داهێنان وزانست ودۆزینەوەوخۆی بەخت کرد،بەڵێ ئەم زانستە وداهێنانە زۆرجار لە خزمەتی هەندێک چین دایە،کە قورغیان دەکەن وخەڵکانی تریان پێ دەچەوسێننەوە، بەڵام زۆرجاران چەندان گەل ونەتەوە لەلایەن ئەم زانستەوە بنەبڕ دەکرێن ،

ئایا ئەم جیاکەرەوانە مرۆڤ بەکەسب و گەڕان وهەوڵ پێ یان گەیشتوە؟ئایا ،عەقڵ وبیرکردنەوەوزمان وئاخاوتن وداهێنان ونوسین

وبنیات نان وخۆداپۆشین ،مرۆڤ خۆی دایهێناون ؟ یان هێزێکی تر پێ ی داون،

دەستەیەک لە موعتەزیلەو فەیلەسوفەکان دەڵێن ئەمانە هەموو دەستکردی مرۆڤن ،تەنانەت هەندێک لەوان دینیش هەر بە مرۆڤ کرد دەزانن.

بەڵام ئاپورایەکی زۆریش دەڵێن کە مرۆڤ نەبوو ،دروست کرا،مردوو نەزان بوو فێرکرا، ڕوحی تایبەتی ربانی پێداکرا، فێری ئاخاوتن وگفتو گۆ ،پەرستن ،دینداری ،ژیانی کۆمەڵایەتی ،یاساغ وشەرع و داب ونەریت کرا،بنەماوهاوکێشەو ڕێسا زانستیەکان کرا. ئەمانە هەموو ئەو هێزە پێ یدا کە دروستی کرد ،چاودێری کرد، پاراستی ،بەڵێنی ژیانی پاش مردن ونەمریشی پێدا، کەواتە مرۆڤ بونەوەرێکی بەرنامەڕێژکراوە لەلایەن ئەو هێزەوە کە هەموو بونەوەرو ئاژەڵان وڕوەک ودرەختەکان ودیاردەکان وتایبەتمەندی وجیاکەرەوەکانی بۆیە پێداوە تا هەمووی بۆ پەرستشی ئەو هێزە ،بۆ خۆشەویستی ئەو ئیرادە بەکاربێنێ،مرۆڤ خەلیفەیە ،خەلیفەش خەڵفەیە،بۆیە دەبێ نەوەدوای نەوە خەلفەو پاشکۆی ئەو ئامانجە بێ کە پەروەردگار بۆی داناوەوهێڵەگشتی وڕێسابنچینەییەکانی بۆ دیاری کردوە.

ئایا مرۆڤ لە هیچ ڕوویەکەوە سەنتەرنیە؟ بەڵێ سەنتەرە لەڕووی ئەوەی سەردەستەی زۆربەی دروستکراوەکانە،،،نەک هەموو دروست کراوەکان،،

بەڵێ زۆربەی دیاردەکان وسروشتەکان وئاژەڵ ودرەخت وبونەوەرەکان لەخزمەتی ئەودانراون،

زمانەکان ،نەتەوەکان، ژیارەکان، یاساکان ، مەبەستەکانی شەریعەت و دینەکان ،گۆی زەوی بەهەموو کیشورەکان یەک نیشتمانی ڕام کراوە بۆ مرۆڤ، دینەکان ، لە ڕێسا گشتیەکان وبنچینەو مەقسەدەکانی شەریعەتەکان هەموو یەکن ، ئەی ئەم جیاوازی وپەرتەوازەیی ومل ملانێ و یەکتر جینۆساید کردنی دینە کان لە کوێ وە هات؟؟

-لە جیاوازی بیروهەست وهۆشەکانی مرۆڤەکانەوە.

-لە جیاوازی سروشت ودەوروبەرو ژینگەکانەوە.

-لە جیاوازی وبەریەک کەوتنی بەرژەوەندی وپێویستیە زۆرەکانی مرۆڤەکانەوە.

-لەجیاوازی زمانەکان وژیارەکان وفەلسەفەکان وبۆچوونە جیاجیاکانەوە.

-لە جیاوازی دەیان هەزارسالّی مێژووی مرۆڤەکانەوە.

-لە پێشبڕکێ ی شەریف وناشەریف ی دینداڕەکان بە نیازی زیاتر خزمەت بەدین ونزیکتربونەوە لە پەروەردگارەوە.

ئەمانە هۆکارەکانی جیاوازی ودژایەتی ومل ملانێ ی ناودینەکان ودیاردەی دینداڕین بە گشتی.

مرۆڤ لەم بابەتانە سەنتەرە بۆ ماوەیەکی دیاری کراوو لەسنوڕێکی دیاری کراودا کە نابێ بیبەزێنێ ،بەڵام کەبەزاندی هیچ بەهایەکی نامێنێ..

کەواتە،حەق وعەدل وبەها هەمیشە زیندوەکان ،پەرەنسیپە ڕبانیەکان ،بەسەنتەر بکەن، عەقڵ وحیکمەت و هاوکێشەزانستە نەمرەکان بەسەنتەربکەن ،چونکە زۆرینەی هەرەزۆری مرۆڤەکان،لاڕێن،سەرەڕۆن،ستەمکارن،یاخین لە حەق، ویست و ڕێوشوێنیان بەکەڵکی ئەوە نایەت بەسەنتەربکرێ ، مرۆڤە کاملّەکانیش پەیامبەرو حەکیم وداناکانن ،لەگەڵ بەسەنتەرکردنی بەها ڕەبانیەکان ئەوانیش بەسەنتەردەبن..

ڕاستە نەخشەی ئێمە لەناوکەوە ،ناوەندەوە دەستمان پێکردوپەرت بووین بە هەموولاکان دا،ڕاستە زەوی دایکیشمان لە ئەنتارتیکای جەمسەری باشور،قازە ئەتەمەکە ،دەستی پێ کردوەو دابەش بوە بۆم کیشوەرودەریایانە،ڕاستە کە کۆمەڵەی خۆر لە ڕۆژوچەق وناوەندی گرگنێکەوە تیشکەکانی پەخش بۆتەوەو چواردەوری پڕکردوە لە خانەوشانە.

ڕاستە کەناوکی گەردیلە سەنگ وبنچینە مادەیەو چواردەورەکەی پاشکۆن.

ڕاستە کە فرعەون بە مرۆڤە زەمینیەکانی گوت انااربکم الاعلی ،سە رو،ئەعلی ،اللە ،بەرزیەکان،لاکان ،بەئێوەو خانەی ئێوە منەوەرو ڕوناک ومەستورو بەخانەوشانە پەرش وبڵاوبوەکانی ئێوە بەدی هاتوون ،ئەی زەمین وسەنتر نشینەکان،ئێوە دروستکەروبەدیهێنەری ئەوانن.

بەڵام چەکێ ئەتۆمی وتۆمی پایزو دوانەی چمک هەمویان کە وشەی خۆمانەن وئینگلیزی نین،هەموو لای سەرپەڕوچەپ دەگەیەنن،

اللە لاو ڕەخ وتەنیشت وجنبو جنوب ،باشور،خوارو،ڕۆخ وکەنارو اللە لا ولایەکان دەگەیەنێ،وە ئێمەش وەک زەوی وخۆر لەلایەڕین، ئادەمیش بەدەست ویەدەکانی پەروەردگار دروست کراوە، بۆیە ئەوانەی هەرسورن لەسەرسەنتەرپەرستی ،ئەسحاب المشئەمەو خاوەنانی حەبل وپەتکی مەشێمەوناوک پەرستین،ئەوانەی ئیمان ویەمین پەرستن ئەوانە ڕاستن ویاوەرانی یەمینن.

لەجیهانی مادەوبەرجەستەدا ناوک وکاکڵ زۆرگرنگ وسەنتەرەو تۆپکڵ هیچ بەهایەکی وای نیە.

بەڵام لەجیهانی ڕوح د ا کاکڵ لەخۆگرودەورەدەر وهەڵگرەو ناوەند وکاکڵ وسەنتەر هەڵگیراوو دەورەدراوو دەستەوستان وپاشکۆیە ، بۆیە عەرش کە لەدەورەی هەموو کورسی وئاسمانەکانە وتۆپکڵ وباوەشی لەخۆگری هەموو بونەوەرە لەکورسی وئاسمانەکان پیرۆزاروبەڕێزترە، کورسی کەئاسمانەکانی لەخۆ گرتوون وەک چۆن بیابانێک دەورەی چەند درهەمێک دەدا کەلەناوەڕاستی ئەو بیابانە فڕێبدرێن لە ئاسمانەکان پیرۆزترە، ئاسمانی حەوتەم کە بەیتی مەعموری لێیە و جێی ڕوحی ئیبراهیمی خەلیلە وئاسمانەکانی تری هەڵگرتووە وتۆپکڵی وانە لەئاسمانەکانی تر پیرۆزترە ،هەربەوشێوە ئاسمانی شەشەم لەوانی خوارخۆی وئاسمانی پێنجەم وچوارەم و.....هەتائاسمانی یەکەم.

وە ئەوجا ئاسمان کە تۆپکڵ و دەورەدەری زەویە لە زەوی پیرۆزەترە..

زمانه سامیەکانیش کە زمانی ڕوحانیەتن بەڕوخساری سەرەوەو توێکڵی سەرەوەودیاردەڵێن سیما ، بەڵام زمانە یافسیە ئاریەکان دەڵێن ناو، لای زمانی ڕوحانیە سیماوئیسم وتوێکڵ پیرۆزترە لەناوک وهەناو ، کەچی لە زمانی ئاری و یافسیەکان ناوک وناوو کرۆک و مادەو بەرجەستە لە توێکڵ گەورەوپیرۆزتر وپڕبەهاترە.

هەموو زمان و ئول ورۆشنبیری و فەلسەفەو تەریقەت وشەرع و پەیرەوو دین ومەزهەبانە کە ئیستا ماون وئەوانەش کە مردون وچونە مۆزەخانە,هەموویان پاشماوەی چەند پەیام وشەرع ودینیکی الله ی پەروەردگارن,کە رۆژگارانیك ئەم دینانە سەلیم و دروست وراستە شەقام بوون,پاشان بەهۆی چەند ڕێشکاندنێك وەك ئەو ڕێشکاندنانەی مسولمانان کردویانەلە چەقی راستە قینەی ملکوت دوور کەوتونەتەوە,دوا جار وەك خانە هەلوەریوەکانی لاشەی مرۆڤ ئەوانیش هەلوەریون,وەک خانەکانی زەوی ،لە زەوی دوورکەوتونەوە،جا کاتێ دینیکی نوێ دێ، ئەو دینیکی تەندروست وسەلیم وصحیحە، بۆیە ئەصلی هەموو دینەکان ئیسلام و سالمی و دروستی مل کەچی ڕینمایی سەلامەتی یە,وەک ئەوئەندامە نوێ یەی لە جێ ی ئەندامە هەڵوەریوەکەوە دروست دەبێتەوە،

بەلام ئەو دینە سەلیمە بۆی نیە لە خۆی بایی ببێ و بڵێ مادام هەرمن سەلیمم دەبێ ئیبادەو بنەبڕی نەساغ وناتەواوەکان بکەم و هەرخۆم بمینمەوە,ئایا دەکرێ لە جیهاندا ژن وپیاوە لەش ساغەکان کۆ ببنەوەو بریار بدەن هەرچی نەساغە ڕیشەکێشی بکەن چونکە نەساغە ودەبێ هەرخۆیان بمیننەوە؟؟نەخێر ,بەلکو زۆر جار نەساغ دەمینیتەوەو ساغەکە دەمرێ, بۆیە ئەی برای ئیماندار کە الله ئیمانی سەلیمی بەتۆ بەخشی و ئەو دین وپەیرەوانەش کە دەبینی ناتەواوو نەساغن ,لەجیاتی بیر لە بنەبرکردنیان بکەیەوە بیر لە شیفا و چارەیان بکەوە ,یان هەرنەبێ خۆزگەی شیفایان بۆ بخوازەو دوعای خیریان بۆ بکەو بەزەییت پێ یاندا

بیتەوە,چونکە ئەوانە باوك دایك وبراو خوشك ومام وخال و باپیرو داپیرو کەس وکاری تۆن ,یەك ئاڵودەی شەکرەو یەك شیرپەنجەو یەك بەدەردی سیل و ئەوی تر ئایدز و ,,هتد ئەگەر مرۆڤایەتی، بە سەلیم ونەخۆشەوە هەموو یەك مرۆڤ بێ ,کۆئەندامە سەلیمەکە کە کۆ ئەندامی هەستەوەریە ,دەبێ ئەوپەری هەستیاری و خەمخۆری هەبێ بۆ ئەو ئەندامانەی وان لە ژیر چاودیری وئاراستە کردنی ئەو دا و دەبینێ دادەخورێن و لە ناودەچن و هیچی لە دەست نایە بۆیان ,بەلام کە بیر لە بنەبر کردنیان بکاتەوە,ئەی دوای ئەوە ئەو کۆئەندامی هەستەوەری دەبێ بۆ کێ و بۆ چ کۆ ئەندام وشانەو خانەیەك ؟ئایا دیوتانە کۆئەندامیکی هەستەوەری دوای مردنی کۆئەندامەکانی تر لە ژیاندا بمینێ لە هیچ مرۆڤ وئاژەل و گیانەوەریکدا؟

ئیمەی ئینسان چەندە بزانین هیشتا نەزانین,چەند خۆمان بەئاسۆ فراوان بزانین هیشتا ئاسۆ تەنگین ,چەندخۆمان بە لیبوردەو خۆنەویست بزانین هیشتا خۆپەرست وئەنانین .

لە هەموو دینەکاندا زمانی مەعبەد وپەرستگاکان و زاراوەکانی پەرستش وعبادەت تایبەتن,لە جولەکە عیبرانیە و لە مەسیحی دا دابەش بوون لە نیوان سریانی ئارامی و لاتینی وهەندێ زمانی تر ,بەلام هەندێ وشەی هاوبەش هەیە کەلەنیوان زمانەکان هاوبەشەو لەناوهەموویان
بەکاردەهینرێ ,لە صابئە مەندائی و لە هندۆسی سەنسکریتی و لە ئیسلام عەرەبی , چونکە دینەکان وەك دیاردەیەکی کۆمەلایەتی لە چوارچیوەی دەفرو ناوەندێک دادەبەزن، کە زمانێکە و واتاکانی بەتایبەتی لە عبادەت ودوعا دیاری کراون,ئەمەش بۆ خێری مرۆڤایەتیە،اللە لە قور ئاندا دەفەرموێ: بە کافرەکان لە قیامەتدا، کە ئیوە بە ئیسم وکەلیماتیك داواتان لەمن کردوە، کەمن سولتان ودەسەڵاتی دوعاگیرابوونم پێ
دانەبەزاندوە,نەی فەرموە ئەوە ئیسمی من نیە، یان ئیسمی منە ,بەلکو فەرمویەتی ئینزالی سولتانی وڵام دانەوەی دوعام بەم زاراوانە نەداوە ،

بۆیە دامەزرێنەرانی دینەکان لەپەیامبەرویاوەران ئەوەندە سورن لە سەر پاراستنی ئیسمەکان و بدعە نەکردن لەو بوارانە، چونکە روحی پەرستشەکە تیك دەدا,, بۆیە هەرسێ ئیمامی شافعی واحمد و مالك بە دروستی نازانن بە الله بگوترێ خوا یان یەزدان, وەک هاومانا وموورادیف،,بەلام کە بلێ ی یەزدان واتە مانع وخودا واتە مالك و ئەوە واتای دوو ئیسمی الله ن بەو شیوە دروستە.

الله ئیسمیکی لە عەرەبی و عبری و زمانە سامیەکان کۆنترە و لە زمانی سۆمەری دا هەبوە.

رەمزەکانی دینەکان پەیوەندیان بە جیهانی روحانیەت هەیە، دەبێ بەهەستیاری هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ ، ئەمە تەنیا لەئیسلامدا نیە، بەڵکو لە یەهودیشدا دەبێ بەناوی یەهوە بانگی الله بکەی واتە: حی و هەمیشە هەبووی زیندوو.

یهوه بەرامبەر ووشەی –الرب- لە عربی دانراوە,لە کتابی مقدس یهوه 6833 جار دووبارە بۆتەوە,وەلە سفرە عبرانیەکاندا 6961 جار هاتوە,لە سفری خروجی تەوراتدا هاتوە کە یهوه بە موسای فەرمو:ئائاوا بەرۆڵەکانی ئیسرائیل بڵێ,یهوەی پەروەردگاری باب وباپیرانتان ,پەروەردگارو خوداوەندی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب,بۆلای ئیوەی ناردوم,)سفری خروج 8513/3

یەهوە بە گەلیك شیوە نوسراوە: ئەهوە: واتە بوون و وجودو پیك هاتە,جیوفا,یهوفا : موسوعەی مویسرة دەڵێ ئەم ووشە داتاشراوە لە ووشەی عبرانی –هەیە ,هەوە: وجود ،بوون ,کەواتە یەهوە واتە کائن بە عەرەبی بەکوردیش هەیە و هەربووە , کوردیش دەڵێن هەیەو هەبوە ،کێ

دەڵێ ئێمە عبرانی وسریانی عیساوموسی نین وتاسەرمان لێ بشێوێ ئەوتورک ویۆنانی وفارس وعەرەبانە ناوی کوردیان بەسەردا بڕیوین،؟؟

یەهوە بەواتای واجب الوجود و هەرهەبووی پیویست ,و نەگۆڕاوی ئەزەلی وهەمیشەیی و هەتا هەتایی کە –خود وئاوەلناوەکانی ئاشکرا کردوە ,وەبۆ عەرەبی هەندێ جار بە رب و هەندێ جار بە اللە دەکرێ.

لەکۆتایی سەدەی ٤ی پ ز ,حبرەکانی یهود ترسان کە ئیسمی یهوە پیس ببێ ,بۆیە یاساغیان کرد کە خەلکی ئاسایی دەری ببرن,وە رایان گەیاند تەنیا سەرۆکی کاهینەکان بۆی هەیە کە ئیسمی یەهوە دەر ببڕێ,ئەویش تەنیالە کاتی خوێندنەوەی قداس و صلاتدا ,بۆ ئەوەی فەرو بەرەکەت بڕژێ بەسەر هەیکەلدا ,وە لە جێ ی یهوە بە ئاپورای خەلك ووشەی رب وسەید یان بەکار هێنا.

ئەمە بوە هۆی پوکانەوەی دینی یهود وحوکمی تەورات ودیل بوونی لەچەندپەرستگایەیەک بۆچەند بۆنەیەکی دیاری کراو،.

هەروا لە قورئانیشدا ئیسمی اللە٢٦٩٩جار لە قورئان هاتوە،رب 950جار هاتوە ،لەوەتی بەرامبەر بەم ئیسم وپاسۆردو کەلیمە ڕوحیانە وشەی وەرگێڕدراوی زمانەکان بەکاردەهێنرێ ،بۆیە کلیلەکە دەرگایەکە ناکاتەوە کەس ناتوانێ بچێتە ناوپەیجی ئیسلام ،چونکە پاسۆردەکەیان لەبیرکردوەوپشت گوێ خستوە نایانەوێ بەکاری بێنن ،ئایادەکرێ مرۆڤ بەدوودڵ بژی؟ دەوڵەت بە سەدان پایتەخت وسەدان سەرۆک وگوتەبێژی هەبێ؟

ئایا کەستان کە بەبێجگە لەناوی خۆتان بانگ بکرێن ،وڵام دەدەنەوە؟ ئایاتوڕەنابن کەناوی هەڵبژاردەی خۆتان بگۆڕدرێ؟

وەک چۆن یهود دوای بەندکردنی یهوە نابووت بوون،ئێمەش دوای وەک مسوڵمان وئیسلام دوای جێ هێشتنی ئیسمی اللە وهێنانی دەیان هەزاروشەی جێگرەوەلەسەدان زمان لەپانتایی وڵاتی ئیسلام دا یەک گرتویی و مەڵبەندی بوونی ڕوحیمان نەماو پەرت پەرت بووین وژێر دەستە ولاوازبووین.

بەڵێ دینەکان لەدوای رۆژی خۆشیان بەردەوام دەبن و هەك یهود ، تەمەنی زیاد لە چوار هەزار ساڵە , لە ئیسلام دا پاراستنی یەکگرتوویی ڕوحی ئاسانترە چونکە وەك دینەکانی پیشوو ئیسمی یەکەم وکۆکەرەوە لە دینەکانی ترلە هەمان زمان بوو,بەلام لە ئیسلام دا ئەوەی جیای کردۆتەوە لە دینەکانی پێش خۆی و گرێ ی نەداوە بە هیچ نەتەوەیەکی تایبەتی ,چونکە اللە سەر بەهیچ زمانیکی تایبەتی لە وانەش عەرەبی نیە و ئیسلامەتی بە پاراستنی هەندێ زاراوەو چەمك هەر دەمینێ .

کیشەی نەبوونی کلمەو یەکەیە کی مەلبەندی ومەرکە زی و جامع و کۆکەرەوە لە دین و شەریعەتەکاندا وای کردوە کە بەشیوەیەك دەرکەون کە مشرك وهاوبەش دانەرن و تەنیا خالقیك و پەروەردگاریك ناپەرستن, ئەوەی باسم کرد لەسەر یهوە کە مەرکەزی روحانی تەورات بوو وەك اللە لە قورئاندا ,بەلام بەهۆی وەرگیرانی بۆ زمانی تر و گریدانی بە تیگەیشتن و پیناسە فەلسەفیە ریژەی یەکان ئەو پیرۆزیە بزر کرا,,جاچونکە نەیان توانی یەکگرتوویی روحانی ئەم کەلیمە وئیسمە ونهینیانە بپاریزن و فرە ئیسمی یان بۆ اللە،یهوە یان بەکار هینا ,بۆیە بە شیوازیکی هاوبەش دانەرو مشرك دەرکەوتن ,

پە یوەندی ئە م بابە تە بە تیرورە وە چونکە تاوشە ی اللە بە دە رنە بێ لە گشت زمانونە تە وە کان نازیە ت وشوفێنی و ورە گەزپە رستی کوتایی نایە .توخمپە رستیش دایکی تیروریزمە.

جاکاتێ لەلایەن زمانەوانان و پسپۆڕانی نحوو صرف و ریزمان ورستەسازی ووشەسازەکان ویستیان کە وشەی اللە وەك وشەکانی تر ی قورئان دەبێ ئەویش سامانیکی زمانەوانی عەرەبی بێ چونکە قورئان عەرەبیە، ,وەدەبێ ئەویش هەمان رێ و شوێن ورێزمان و صرف و وشەسازی زمانی عەرەبی بەسەر دا بچەسپێنرێ, دەبێ کە اللە وەك باقی کەلیمەکانی عربی ژێدەر، مصدرو رەگ ی هەبێ و لەو ڕەگە وەرگیرابێ

وداتاشرابێ ودروست کرابێ , ،ئەوەبێ ئاگا لەوەی کە اللە نەی فەرمووە من عەرەبیم ،فەرمویەتی قورئان عەرەبیە.

ئەمانە وای کرد کە قودسیەتی کەلیمەی اللە و مەرکەزیەتی لە ئیسلامدا لاواز ببێ,چونکە کە اللە مشتق وداتاشراوو وەرگیراو بی لە مصدرو رەگ وژیدەر ,کەواتە ئەو ئەصل و اول نابێ, وەکە وشەیەکی عەرەبی یان هەر زمانیکی تریش بێ ,واتە کاتیك هەبوە کە ئەو نەبوەو لەگەڵ دروست بوونی زمانەکە ئەویش دروست بووە..

_____

ئەگەرلەڕووی زمانەوانی کوردی وفارسی سەیری وشەی خودابکەین :

خودا:خود ،خاوەن , ,دۆخ وحال وبار ,خاو وسست ,کەرەستەی خاو , خودا ،خوداوەند یان خودێ بەکرمانجی,بەوەش لیك دەدریتەوە کە خۆی بوونی خۆی داوە.ئەمە ئەگەر کوردی بێ ولەزمانی ترەوە نەهاتبێتە ناوکوردی.کەلێرەدا دینەکان ئەوەڕەت دەکەنەوە کە پەرستراوەکەیان خۆی خۆی دروست کردبێ.

بەڵام پێناچێ کە دەستەواژەی خودا لەبنچینەدا کوردی بێ، بەڵکو لەزمانی لاتینی وشەی گۆد بەمانای بەدیهێنەروپەرستراوهاتووە، کە لە مەسیحەتدا بە ئوقنۆمی ڕۆڵە یان ڕوحی پیرۆز بگوترێ هەردووک گیان وجان وجوانن .

وەدەڵێن کە بنچینەی زمانەوانی ئەو ووشە ووشەی good واتە جەیدی عەرەبی وسامیە ،کەواتە جود وجەید وحسن وجوان وباش وکەشخە هەمووی دەگرێتەوە،جاکەئەم جوانە جانە ئوقنومی ڕۆڵەبێ کە مەسیحە وڕوح وگیان وجانی اللە یە یان ڕوحی قدس بێ ،ئەوەجوان وجان وگیان لێک نزیکن.

وەکە جەید هاوماناو موراديفی حسەن وجوان وجميل وباش وخوب ی فارسی بێ ئەوە الله لەهەموو ئيسم وناوو واتاوبەهاكان حوسناوجوانترينی هەڵبژاردوەودوای جوانترين وحوسنی هەرئەو بەديهێناوە بەڵام پاڵنادرێتەلای ئەوو لەهەڵبژاردەو ويستی شەرعی ئەودانيە،بەڵام لەعەرەبی دا حسن وجميل واتای الله نيە ،بەڵكوسيفەتی ناوو ئيسمەكانيەتی.

بەڵام كەبە ئوقنۆمی ئاب بگوترێ ،ئەوە جەد=باپيروباوەگەورە بەزمانەسامیەكان لە گۆد نزيكە .

چونكە ناوی كێومەرد ی باپيرە گەورەی مرۆڤايەتی هاتۆتە ناوفەرهەنگی ئەشكانی وئەخمينيەكان وعيلاميەكان وكاشيەكان وگۆتيەكان ولەوەيە لای سۆمەريەكانيش هەروابووبێ كە كێومەرد لای وان وەک ئادەمی قورئان وتەورات باوک وباپيرەگەورەی مرۆڤايەتيە واتە مەردی كەژو كێو وپياوی شاخ ..

پاشان ئەم دەستەواژە لای سامیەكان بۆتە ناوی پەرستراوكە پێی دەڵێن مەردۆخی ئاموری وئاكادی كە پەرستراوی شاری ئەريدۆو وبابل بوو،

كورِی ئاياوئانكی بوو وەهێماكەی دەريالوشەكان بوون لەسەرەتابەڵام لەسەردەمی حامورابی هێمای خۆربوو، دەگوترێ ئازەری باوكی ئيبراهيم پەيكەری مەردۆخی لەبەردەم پەرستگای مەردۆخ لە ئور دەفرۆشت، بەڵام ئيبراهيم ئينليلی بە دروستكاری جيهان دەزانی، مێژوو پێمان دەڵێ كە ئينليل وئايل پەرستراوی هەرەگەورەی سۆمەريەكان بوو، بنكەكەی لەشاری نيبووربوو،نيبۆر بەوئەستێرە تارقەش دەگوترێ كە ئيناكی وفريشتەدابەزيوەكانی ئاسمان لەوئەستێرەوەهاتوون بۆسەرزەوی وشاری نيبۆريان بەناوی ئەستێرەكەيانەوەكردووەو ئينليل پەرستراووخالقی ئەوئيناكيانەونيبۆری ئەستێرەكەيان بووە،ئەفسانە سۆمەريەكەدەڵێ كەئەوئيناكيانەی لەنيبۆرەوەهاتوون ئادەم وياجوجيان دروست كردوون.

سۆمەریەکان ناویان سۆمەرنەبووە،ئەوان بەزمان ونەتەوەوڕەچەڵەکی خۆیان دەگوت ئیمگر واتە ڕەسەن وبنچینە، پێیان وابووکە ئان دروستکەری ئاسمان وئانکی دروستکەری زەوی وئانلیل دروستکەری بەرگەهەوایە،پاشان بە دروستکەری خۆریش ناویان دەبرد.

بەڵام کە ئان واتە ئاسمان بێ، دەبێ ئانکی خواری ئاسمان بێ وئان لیل درەوشاوەی ئاسمان بێ.

هەرچۆنێک بێ ئەم گەلەنوسین وژمارە تاشەست ودابەش کاری مانگ وساڵ وهەفتەبوون ویەکەم یاسایان لە شاری نیبور داهێناو یەکەم کتێبخانەوگالیسکاوڕوڕەوەوگاسن ئەوان دروستیان کرد، ئەگەر ئەوان ئینۆناکیەکان کەئانکی یەکێکەلەوان لە ئەستێرەی نیبوردابەزیین، پاشان لەوڵاتێکی شاخاوی نیشتەجێ بووبن ولەوێ ئەم سۆمەریانەیان دروستکردبێ ،دوایی بەڕێی دەریاوەهاتوونە وڵاتی کنگر =دووڕوبارو بەیادی ئەستێرەکەیان شاری نیبوریان لە قادسیە لەناوچەی عەفەک دروست کردوە.

لای وان ئان وەک بۆشاییە، ئینلیل دروستکاروبەدیهێنەری ڕاستەقینەی ئەستێرەکەیان وئەوانە،ئەوانیش بە فرمانی ئینلیل٦هەزارساڵ پ ز مرۆڤیان دروستکردوەو کردوەوفێری شارستانیان کردوە، ژمارەیان تاشەست بووە ،وەک پیتەکانی ئاوێستای مەگوسی کەبە٦٠پیت دەنوسرا، ژمارە ٦٠ئان بوو،ژمارە٤٠ئینلیل بوو،ژمارە٣٠ئانکی بوو.

وەیەکەم داستانی گلگامێش و ئەنکیدۆ وئارینەبیشتم ی نوح یان نوسیوە،پاش لافاوەکە ئیناکیەکان گەڕاونەوە نیبۆر.

بەم گێڕانەوەبێ هەندێک زمان و ووشە هی مرۆڤ ونەتەوەکانی سەرزەوی نین ولە ئاسمانەوە هاتوون لەوانەش ئینلیل..

ئینلیل هێماکەی هەواوباوزریان بوو، کاتی ئیبراهیم علیه السلام سۆمەریەکان توابوونەوەولەلێواری لەناوچوون وبە مۆزەخانەبوون بوون، بەڵام ئیبراهیم پەرستراوەمەزنەکەی ئەوانی بەسەر پەرستراوی مەردۆخی ئاکادی وبابلی وئاشوری وئامۆریدا هەڵبژارد.

سۆمەری وعیلامی وگۆتیەکان کێومەردیان وەک باپیرقبوڵە بەڵام نای پەرستن، بەڵام بابلیە کان کە باب بە ئیل دەزانن واتە باوکەگەورە لای وان اللە یە ئیدی لەوکاتەوە ئاب پەرستی دەستی پێکردوەو گوازراوەتەوە بۆشام وئەوروپاو لەلاتینیەوە هاتۆتە ناومەسیحی ، بۆیە سەیرنیە کە کاری هەرگەورەی مەسیح علیە السلام لەدوای گەڕانەوەی وەک لەسفری یۆحەنا دەردەکەوێ کەدوایین سفری ئینجیلە لەناوبردنی شاروژیارو وڵاتی بابلە واتە لەناوبردنی ئەوبۆچوونە کە باوکە گەورە بە ئایل واللە بزانی.

ئەگەر وشەی خودا لەهەریەکێ لەمانە وەرگیرابێ بنچینەکەی سامیە ،چونکە ئاکادی وبابلی وئاشوریەکان سامی بوون ومەردۆخ لای وان خۆربوو.

لە ئاقێستاو مەجوسی و زەردەشتیش خوا وەک پەرستراوێک بوونی نیە ، لەوێ بەدیهێنەری خێر لە گەردوون ئاهورا مەزدایە وبەدیهێنەری شەڕیش ئەهریمەنە،وەناوی ئاهورا لەناوی خودا زۆر جیاوازو دوورەوپێناچێ پەیوەندیان بەیەکەوەهەبێ.

لە دینی ئیبراهیم وموساو عیساش دا ئایل و یەهوە زۆر ناویان هاتووە ،ئایل هەر اللە یە.

ووشەی اللە ،ئیلیا ،ئیل ،لە پێش بوونی عەرەب دا لە زمانی سۆمەری و ئەکەدی وعبرانی دا هەبوەو هەرچەندە قورئان عەرەبیە ولەیازدە شوێن لە قورئان باس کراوە کە حوکم وکتابێکی عەرەبیە، بەڵام بنچینەی وشەی اللە عەرەبی نیە ولە عەرەبی کۆنترە..لەتەورات وئینجیل و زەبورو کنز الرب وئەفسانەو تێکستەکانی وڵاتی دووڕووبارو میسر ویەمەن وگریک وشام هاتووە.

بۆ بەکارهێنانی وشەی گۆد وخودا وەک هاومانای اللە وئایل ویەهوە ،پێشەنگەکانی دینەکان بەدروستی نازانن،هەرچەندە ئێستازۆربە

بەربڵاوی وبەئاسایی بەکاردەهێنرێ،بەڵام بەکارهێنانەکەی واتەی ئەوەناگەیەنێ کە ڕای پێشینەکان گۆڕابێ.

چونکە:

-وەک چۆن کەکەسێکی کافر کەمسوڵمان دەبێ بە جگە لە گوتنی شەهادە بەعەرەبی بە وەرگێڕدراوی ئەو ڕستە بڵێ لێ ی وەرناگیرێ، وە نوێژخوێن وبانگبێژ بە بەدەستەواژەی دینی نەیڵێن پەرستشەکەیان وەرناگیرێ ، کەواتە گۆڕینی وشەی اللە لەکاتی ئاسایی ودەرەوەی عبادەت وپەرستنیش دروست نیە.

ئێمە دەزانین کە ئەسمای حوسنای اللە کە پاڵ دراونە لای اللە و هەندێک جاران پاڵ دراونە لای رب والرحمن، بەڵام هەریەک لە رب ورحمن دروستە پاڵ بدرێنە لای اللە بگوترێ اللە رحمانە وربە وپەروەردگارە وتەنیا اللە ڕەحمەتی بێ سنورو وربوبیەتی هەیە. ،بەڵام نابێ اللە پاڵ بدرێتە لای رب ،ناتوانرێ بگوترێ بسم الرحمن اللە الرحیم ،یان الحمد للرب اللە العالمین، چونکە نابێ اللە بکرێتە سیفەت وئاوەڵناو بۆ رب وبۆ رحمن، ئەی چۆن دەبێ ناوێک وەک خوا کە نە لە قورئان ونەلەفەرمودە ونەلەتەورات وئینجیل وزەبور نەهاتوە هەموو ئەسماوسیفاتی اللە ی پاڵ بدرێتە لا؟. بگوترێ خوا رحیمە،رحمانە سمیعە خالقە ،،،هتد

-ئەوە کۆڕای یاوەران -ئەسحابی رسول - وسێ ئیمامی مالک وئەحمدوشافعی وئەهلی فەرمودە وزۆر لەزانایانی تریشی لەسەرە لە ئیسلامدا.تەنیا ئەبو حنیفە لەچوار ئیمامەکە لەو مەسەلە ڕای جیاوازە.

-زانایانی ئەسەری وەک گێڕەرەوانی فەرمودە بوخاری بابێکی لە سەحیحەکەی بۆ بێزێنرانی ڕەتانەی ئەعاجم هێناوە لە دیندا کەمەبەستی بەکارهێنانی دەستەواژەی جگە لەقورئان وسونەتە، ،ئیبن تەیمیە لە ئیقتزادا باسی کردوەو لەزۆرشوێنی تریش، ئیبن عوسەیمین لە قواعد المسلی باسی کردوە، کەچی وەرگێڕە کوردیەکەی لای بردوەو ناپاکی لە ئەمانەتی زانست کردوە، شافعی لەسەرەتای بەیانەکانی کتێبی ڕسالە باسی کردوە کە ئێستا کراوەتە پێشەکی کتێبی ئوم .

لەڕووی زمانەوانیش:

- کەبەبۆچوونی ئەو زانایانە بێ کە دەڵێن الله له اله =معبود=پەرستراو وەرگیراوە ،ئەوە لە ووشەی خوا یان خودا هیچ واتایەکی نزیک لە مەعبودی وپەرستنی تێدانیە وهیچ پەیوەندیەکی بە پەرستن وعبادەت وئیلاهیەتەوە نیە، وە وەرگێڕدراوی ئیلاهـ بەکوردی ووشەی پەرستراوە نەک خودا.

-خۆ کەشوێن بۆچوونی ئەو کەسانە بکەوین کە دەڵێن دەستەواژەی الله مشتق وداتاشراو نیە ئەوان گۆڕین و وەرگێڕانی ووشەی الله وەک ناوێکی عەلەم وەک ئیبراهیم وئیسماعیل وئەوناوە ناعەرەبیانە کە ناوی عەرەبیش نین وناشبێ وەرگێڕدرێن ،ووشەی الله ش هەروەک خۆی دەنوسرێتەوەو وەر ناگێڕدرێ بۆ هیچ زمانێک.

خویندنەوەی ڕۆڵی ئەسماء وصفات ونفحاتی روحانی الله لە دامەزراندن و جوڵان و بە تڕۆپکە بوونی ژیار و شارستانیەکاندا:

باسی سێ هاوکیشەکانی:

- مودا فعه وپالنان .

ولولا دفع الله الناس بعضهم ببعض لفسدت الأرض ولكن الله ذو فضل على العالمين} (البقرة:251)

- هاوكيشەی كەم ركردنەوە لە سەرپەرەكان

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ (الرعد 41)

- هاوكيشەی سەبات وخاوبوونەوە مت بوون.

.وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ۝ [الأعراف:34].

ئاوێتەو ئاوێزە بوونی روحی بو ژانەوەو هەستانەوەی میللەتان دوای سەبات ومت بوون و ئاراستە كردن وبەڕێوە بردنی تەنەكان، جا ئەو تەنانە چ گیاندار بن یان بێ گیان و ئامیر بن، كە خاڵین لە ژیانی سەوزی و ئۆرگانی، بەڵام بێ روح وبێ گیان نین,چونكە هەر تەن و مادەیەك لە هەر حاڵێكی شلی ورەقی وغازی و بڵێسەدا بێ، مادەم ناوك هەیە كە یان هەر پرۆتۆنە یا ن نیوترۆنیشی میوانەو بەیەكەوە كوری گڵ وكچی خۆر خەریكی هاوسەری و زیندەگی وجوڵەن و كوارگەكانیش منداڵیانن,هەروا لەدەرەوەی ناوك، ئەلكترۆن و دژە ئەلكترۆن كە ئاراستەو بارگەیان لە ئەلكترۆن جیاو ئەمانەش لە باخچەی گەردیلە كە سەما دەكەن و لیكدانی ئەمانە، وزە بەرهەم دینێ ,جا هەرتەنێ ئەم دیاردانەی هەبن ،روحی تیدایە ئەگەر ژیانی روەكی وقارچكی و ئۆرگانیشی تیدا نەبێ ,بەڵام دەتوانی بڵێ ی كە ئۆرگانیەكان روحی بەجوڵەی هەستەوەر و روەك و قارچكەكان، روحی گەشە پێدەرو روحی تەنەكانی تر ،روحیكی دەرەوەی هەستەوەری یە ,ئەم بۆچونە وادەزانم كە لای لیبنتزی ئەلمانی -1646-1716ز-هەیە كە دەڵێ، هەموو بونەوەرێك زیندوە، بەڵام زیندویتی بونەوەرێك لە بونەوەریكی تر بە پلە و رێژە جیاوازن,كە پلەی جیاكردنەوەی پەی پێ بردنە,وەپلە كان لای ئەو چوارن :

١-پلەی زیندوی رەها وپەتی كە زیندوێتی جەمادو بێ گیانەكانە.

٢-پلەی دووەم ڕوەکە .

٣-پلەی سێیەم ئاژەل وجانەوەرەکانن .

٤-دواپلەش ژیانی مرۆڤە.

چونکە ئەوانەی جەمادن کرداری زۆربوونیان نیە وگەردیلەکان زۆرنابن، لەوەیە لە مادەوەبگۆڕێن بۆ وزە ، وەکارلێکی ناوەکی و توخمی وئەتۆمی هەبێ ، جاچونکە ڕێژەی مادەو ووزە کە هەندێ لەزانایانی گەردوونناسی ڕێژەکەی بە٤٪ی گەردوون دەزانن ودەڵێن کە٩٦٪ی گەردوون بوونەوەر مادەو وزەی تاریکە ، ٢٧٪ی مادەی تاریک و٦٨٪ وزەی تاریکە و٥٪ چوارتوخمەکەوئەستێرەکان وهەسارەومانگ وخۆرەکان کە بەترلیۆن ئەستێرە قەبڵێنراوەن وزۆربەیان لەهایدرۆجین وهیلیۆم پێک هاتوون ، هەربەم هاوکێشە تەمەنێک و چاخێکیان دیاری کردوە کە بەپێی هاوکێشەکەی وان لەوچاخەدا هەموو مادەکان دەبنە وزە ، وزەکانیش هەمەجۆرن ، وزەی موگناتیسی و وزەی کێشکردن و وزەی جوڵەووزەی کاربایی ووزەی تیشکی وئەتۆمی و....هتد.

هەتا دیاردەکانی باو هەوروباران ...هەموو بەهۆی کارلێکی ووزەلەگەڵ مادە ڕوودەدەن .

زانایان کاتێ یاسای دینامیکی دووەمیان دۆزیەوە کە ئەم یاسایە دەڵێ ووزە هەمیشە لەوتەنانەوە کە پلەی گەرمیان بەرزترە دەگوازرێتەوە بۆو تەنانەی لەوان ساردترن و مەحاڵە بە پێچەوانەوە ووزە بگوازرێتەوە ، ئەم یاسایە بووە بەڵگە کە ووزە بەیەک ئاڕاستەدا دەڕوا کە لە تەنەزۆرگەرمەکانەوە دێ بۆ تەنە ساردەکان.

وە کەسانی وەک فرانك ألین (Frank Allen)

برتراند راسل (Bertrand Russell وبول دیفیز (Paul Davies)
ئەم یاسایەیان کردۆتە بەڵگەی ئەزەلی نەبوونی بونەوەر، وەهەروەها ئەم

یاسایه بەڵگەشە کە بونەوەر بەرەوسارد بوونەوە دەڕوا ولەڕابردوو لە ئێستا گەرمتربووەو بەرەو ئەوەدەڕوا کە هەموو تەنەکان ئەوبڕە ووزە بمژن و وردە وردە پلەی گەرمی تەنەکان بگاتە سفری سەدی ، ئەمەش نیشانەی وەستان وکۆتاییە ،وەک چۆن کەلاشەی زیندوو ساردبۆوە نیشانەی مردنی ئەوبونەوەرەیە.

_____

هاوکێشەی دامەزرانی ژیارەکان:

,لە دەرەنجامی ئیستقرای مێژووی ژیارەکان وچۆنێتی دروست بوونی بوژانەوەی ژیاری هەر ناوچەو گەل و میللەتیك وزمانیك و پێك هاتنی ژیارو شارستانیەك و قوتابخانەو فەلسەفەیەك ودینیك و شەریعەتیك و پەیرەویك بەم شیوە بوەو لەمەولاش بەوشێوە دەبێ:

١-قۆناغی دامەزران :

چەند کەسێکی لێبڕاوو لە خۆ بردوو جەربەزە و بویر و بەدیقەت وزیرەك وچالاك وزرنگ لەناو کۆمەلگایەکی خامۆش وخەواڵ و خاوو خلیسك ومت بوو و بێ سەرو بەرو شەپرێو و قەپ کردوو بە داب ونەریتی رابردوان و چەق بەستوو شەختە بوو دا لە پڕ دەردەکەون , بەهیچ یاساو ڕێسایەکی عەقلی و سروشتی ومەنتقی ئەم دەوروبەرو کومەلگایە ناتوانی ئەم کەسانە دروست بکا و ئاراستەیان بکا ,ئەمانە ریزپەرو بازدەرن ,وە هەموو جار ئەم کەسانە کە یەکەم دەرکەوت ئەوی تر یان هاو چەرخیەتی یان چەند ساڵ و بگرە چەند دەساڵێک دوای ئەوە ,بەپێ ی چارەی دەردی کۆمەڵەکە ئەم موجەدیدو نوێکەرەوەو روحە بوژینەوانە جاری وایە یەك یان دوو یان زیاترلە دامەزرێنەرو مامۆستان ,ئەم

روحانه بوارەکانیان یەکتربڕ نین کە یەکەم بوژانەوەی زمانەوانی بێنێ، دووەم بێداری دینی بێنێ ,و سێ یەم نوێکردنەوەی یاسایی دامەزرێنێ و چوارەم نوێکردنەوە زانستی لاشەیی و تەندروستی دامەزرێنێ و کەسی پێنجەم زانستە سروشتیەکان نوێ بکاتەوە وشەشەم زانستە مرۆڤایەتیەکان نۆژەن بکاتەوەو حەوتەم زانستە سەربازیەکان دابهێنێ....هتد . ئەم بوژێنەرەوانە کە هەر خۆیان ناوازەن لەو کۆمەڵگا سڕ و نوستوانە ,بەڵام هەریەکەو کۆمەڵێك موریدو دەرویش و پەروانە و جەزبە گرتویان هەیە ,کە ئەمانەش دیسان معجزەن و بە ڕۆڵەی کۆمەڵە مردولەکەیان ناچن ,ئەم مامۆستا وموریدانە جاری وایە پاش وپێش لە پسپۆریەکەیان دەبێ، جاریش واهەیە کە ژمارەکە کەمترەو زیاتر لە پسۆریەك دەدریتە هەریە کێك ,ئەمە دیاری اللە یەو ئەو دەزانێ چۆن دابەشی دەکا , جاری وایە ئەمان هاوچەرخن وەك:

محمد علیه السلام لەگەڵ یاوەرانی لە بنیات نانی بناغەی شارستانی ئیسلامیدا لە نێوان ساڵانی ٦١٢ز -٦٦٢ز دا

عیساو دوازدە حەواریەکانی علیهم السلام لە بنیات نانی شارستانی نەصرانیدا لەنێوان ساڵانی 5 پ ز -107 ز دا .

وەلەشارستانی یۆنانیش دا کاتێ گریکەکان بە خەیاڵ وئەندێشە وهەست وسۆزی خۆیان بوونەوەریان پڕکرد لە ئەفسانە لە ئەلیازەو ئۆدیسەدا ، لە قۆناغی دووەم کۆمەڵێک فەیلەسف هاتن کە بە ئایۆنیەکان ناسراون ، فەلسەفەیان لەباوەشی ئەفسانەی هەست وسۆز دەرهێناو خستیانە باوەشی بیروهۆشەوەو ئەوانیش هەریەکەیان سەرەتایەکی بۆ گەردون وبوون بڕیاردا یەک ئاو، یەک خاک ،یەک ئاگری گۆڕەر ،یەک مادەی پێناسەنەکراوی بێسنور، یەکێ هەوا، یەکێ ژمارە ...

دواتر لەم فرەڕاییەدا قوتابخانەی حلول ویەک بونگەرایی لە دایک بوو کەبە قوتابخانەی ئیلیا ناسراوە، لەوانیش سۆفستائی وعەبەس وبێ هودەیی یەکەم هاتن ،بەڵام سێ کوچکەی فەلسەفەی ئایدیالزم سوکرات وئەفلاتون وئەرستۆو قوتابیەکانیان ئەم سوفستایەیان کشاندەوە بەڵام لەدواجار

ئەبیکوریەکان هەرتوانیان بەرگی وەهم وبێهودەیی لەبەرهەموو بەهایەک بکەن وبەوهۆیەوە هەرەس بەشارستانی گریکەکان بێنن .

ئەم مامۆستا ومریدانە زۆر سور و رژدن لە سەر کارەکەیان و ژیانیان یەك پارچە بڵێسەو سوتان توانەوەیە بۆ ئەو پەیرەوە و لە پێناوی بنەجێ کردنی ودارشتنی و بناغەدانانی و بنیاتنانی دا سڵ لە هیچ ئێش و ئازارو شەو نخونی و دەربەدەری و قوربانی دان بە کات وژیان وسەرو مال و کەس وکار و نیشتمان وگەل ونەتەوەو باوو باپیریان ناکەنەوە.

قەدەری ئیلاهی ڕۆڵی زۆر بەرچاوی هەیە لە جوڵاندن و کۆ کردنەوەو بەرەو پیش بردنی ئەم قوتابخانانە ,ئابەم شیوە ئەم پەیرەوانە بە هۆی موریدە دەمارگیرەکانیان دەبنە شارستانی و دین و شیوە ژیانیکی نوێ و بە فرمیسك وعارەق و خوێن بنیات دەنرین و دین وقوتابخانە کۆنەکە دەپێچنەوە یا پەراویزی دەکەن و دەیکەنە یادگاری ناو کتیب و مۆزەخانەکان .

شارستانی هیلینی زۆر پیش سوقرات دەستی پیکرد و سۆفستایەکانیش یەکیکن لە خشتەکانی و بێ ئەوان و فەیلەسوفەکانی پیش سو فستا یەکان وەحدەویەکان بوون , وسۆفستایە ڕێژەییەکان نەقیزودژو دەرهاویشتەی وحدەت الوجودیەکان بوون , سو قرات وقوتابیەکانی پۆلی سێ یەم بوون ,هەروەها فیساگورس و دیمکریتیس و ئەرخەمیدس لایەنی زانستە سروشتی و بیرکاریەکان بوون کە گرنترین بلۆکی شارستانیەکەن ,ئەفلاتون و ئەرستۆ لایەنە ئەدەبی و وێژەیی و فکری وڕۆشنبیری وسیاسی و یاسایي یەکەی بوون و ئەکسینەفون و ئەسکەندەریش لایەنە سەربازیەکەی بوون ,

شارستانی هێلینی دوای تۆکمه بوونی ئەو جیهانبینیه له یۆنان ،ئەم جیهانبینیه له هەموو جیهانی کۆن بلاو کرایەوەو شارستانیه کۆنەکانی جیهانی پەراویز کردن ,و بۆ لەمەو دواش هەردین و ژیارێك له ناوچەکه دامەزرابێ ,ئەو شارستانی هیلینی یۆنانی کاریگەر بوه له سەری .

هەروەها شارستانی چینی هندی یابانی به لێك نەدراوی پارچەکانیشی که تاوی و بوزی و جانی و کۆنفشیوسی و کشنری و چەندینی تریش کاریگەریان له سەر رەوتەکانی تەسەوف و هەموو قوتابخانه روحی و وەرزشی وپاراسایکۆلۆجیەکانی هەموو دین و ژیارەکانی جیهانەوه دیاره.

هەروەها شارستانیەکۆنەکانی سۆمەر وئەکەد و بابل که بوو نه بناغه و رەگ وریشال بۆ هەردوو لقی شارستانی و ژیارەکانی ئیران و و پارس ومیدیا و هەم بۆ لقی شام و سوریا وفەله ستین .

هەروەها شارستانی مصرو قرتاج ویەمەن وحەبەشه بوونه بناغەی شارستانی بۆ یۆنان وڕۆمان .

شارستانی یەمەن بناغەی شارستانیەکانی ئەفریقیا بوو.

هەلبەت ئەم بوژانەوانه به نیسبەت شارستانیەکان چینی ناوەراستن و لەکاتی خاو بونەوەی شارستانی لەمانه کۆنتر ئەم روحەی بوژانەوه ئاویتەی ئەم شارستانیانه بوه,

له فەرموده باسی 124 هەزار پەیامبه رکراوه , له سەرزمیریش دا یارانی محمد 124 هەزار صەحابی بوون ,جا ئایا ئەم 124 هەزار روحی چالاکانەن کەله ئادەمەوه تا خاتەم به شیوەیەکی دەوری و به توجیه وئاراستەی الله ،هەرکاتێ شارستانی مرۆڤایەتی ڕوی له ئاوابوون کرد ئەوان ئاویتەی دەبن و دەی بوژینەوه؟تا کو تیای دا ببنه سەر مەشق

ونمونەی باڵا وتەکانێکی تری پێ بدەن بۆ پیشەوە و لە دەقبەستوویی رزگاری بکەن؟

جا لە دوای هەر شارستانیەك کاتێ دەگاتە تڕۆپکەی پێ گەیشتن دوا ئالقەی بوژانەوەکە ,بوژانەوەیەکی سەربازیە , وەك لەوەندە میژوەی بەردەستمانە لە هی یۆنان و یەمەن کە هەر لە سەمەر قەند تا مغربی ئەفریقیایان گرت و هي ئێران و بابل کەلە چین تا مصر کەوتەدەستیان ,وە شارستانی ئیسلامی کە لە چین تا ئەتلەسی بوو ,وە
شارستانی تەتەری تورکی پاکتاوکەرو سفری کە لە دوا قۆناغ ئەویش وەك ئیسلام روەکەی گۆڕاو ئیسلام قوتی دا چونکە هەر دەسەڵات ودەوڵەتێکی سەربازی بناغەکانی ژیاروشارستانی بەهێزنەبێ ، بەهاوبنەماکاکانی ئەو وڵات ومیللەتانەی داگیریان دەکا ئەوان داگیری دەکەن وقوتی دەدەن ، وەک قوت درانی مەغۆلەکان لەلایەن شارستانی ئیسلامیە،وەقوت درانی داگیرکەرانی ئاریە قەفقاسیەکان لەلایەن ژیاری کۆنی هندستان ، ئێستاشداگیرکاری ئەوروپا بەهاژیاریەکانی لاوازن وخەریکە لەلایەن بنەماکانی ژیاری ئیسلام ئەویش قوت دەدرێ ، بۆیە ئەوروپیەکان وەک پەلەقاژەی مردن کەوتونە دژایەتی بنەماجوانەکانی ئیسلام بە بڵاوکردنەوەی ئیلحادی فکری وبەدڕەوشتی وجێندەرونێربازی .

وە ئیستعماری نوێ کەتا ئیستا هەر بەردەوامە و و بەدریژایی سەدەکانی هەژدەونۆزدەو بیست گەورەترین پانتایی لە جیهانی کۆن ونوێ کەوتە ژیر دەست , ئەو بوژانەوە سەربازیەی ئەو لە هەموو ژیارەکان بە هیزتر بوو, جا کە روحەکۆنەکە روحی سنورداری و هیمنی و سەبات و سر ومت بوون و پشودان بێ ,ئەم روحەکە رو حی غەیوری اللە یە کە لەهەموو کەس غەیور ترەو بە روحی غیوری اللە ،هەر ئەو روحی سەبات و سرە دەقبەستویی و جامدی اللە دەشکینێ و بە قەدەری نوێ قەدەری کۆن دەپیچیتەوە , وەك سجل وکتیب لولی دەدا و نوێکە ڕادەخا وهەر اللە قابزی مەجدی جامد وباستی غیرەو گۆڕانکاریە و تەسکی لادەبا و بەرفراوانی دێنێ.

ڕاخستنی چین وفەرشە هەمەڕەنگەکانی بونەوەر :

جولّەکانی شارستانی مرۆڤیش وەک جولّەکانی دیاردەو بونەوەرانی ئەم گەردونە وان ، کەسەیری ئەم بونەوەرە بکەین ،بریتیە لە چەند چینێکی ڕاخراو .

١-سەرەتا بەدیهێنەر پانتای بۆشایی ڕاخستوە . ٢-پاشان تیشک و وزەی لەوپانتایە ڕاخستوە .

٣-ئەم تیشکانە بوونە هۆی ڕاخستنی شازدە ئاڕاستەکانی قیبلەنما.

٤-چوارەم فەرشی ئەم بوونەوەرە فەرشێکی ڕوحانی ئەسیریە، چونکە ڕوح لەهەوانزیکە .

٥-بۆیە اللە فەرشی پێنەم دەکاتە فەرشێکی هەوایی .

٦-فەرشی شەشەم فەرشێکی ئاویە لەم بونەوەرە بەگەلّەهەورەکان .

٧- دواتر فەرشی حەوتەم فەرشی ووشکانیە لەم گەردوونە کە ملیارەهائەستێرەوهەسارەو مانگ وکلکدار لەم پانتاییە ڕاخراون وفەرشی بوونیان هەمەڕەنگترکردوە.

٨-فەرشی هەشتەم ،یان نەخشاندنی هەشتەم لەفەرشەکبەهۆی کارلێکی ئاووهەواوخاک وتیشک فەرشی هەشتەم فەرشی گەشەی ڕوەک و گژو گیاو درەختە.

٩-فەرشی نۆیەم فەرشی خانەی ڤایرۆس وبەکتریاو خانەی زیندوە.

١٠-١١-١٢-فەرشەکانی لەوەودوا هەمەڕەنگی و پێکداچونی ئەو خانە ئۆرگانی وبەکتیری و ڕوەکیانەیە کە چینە جیۆلۆیەکانی لەسەرزەوی پێک هێناوە .

١٣-١٤-١٥-لە مێژوو باسی خشۆکە زەبەلاحەکان وماسیەکان و شیردەرەکان وگۆشت خۆرەکان وپەلەوەرەکان وجانەوەرەکان و....

چەندین فەرش ونەخشی تردەکرێ کە چین چین لەم پانتایی بۆشاییەڕاخراون.

١٦-ئێستا مرۆڤ هەوڵ دەدا فەرشێک لە داهێنانە تەکنەلۆژیەکانی داهێنانی خۆی بە موشەک وڕۆکێت ومانگەدەسکرد و کۆشک وتەلار ودەریاچەوڕوباروبەنداوەدەسکردەکان لەم بونەوەرەڕاکا و هەرلەناخی گەردیلەتاناخی گەردون هەوڵ دەدا جێ دەستی خۆی بسەلمێنێ.

ئەم داهینەرو موریدانە کە دەمرن روحیان ئاویتە ی داهینان و پرۆژەو دەولەت و دامەزراوو هونەرو پیشەو ئامیرو کتیب و بیرۆکەو بیردۆزو گریمانەو تیۆریەکانیان دەبێ ,هەروەك چۆن روحی فەیلەسوفەکانی یۆنان ئاوێتەی هەژمونی هەزارسالّەی ئەم ژیارەبووە ، وە روحی ابوبکر لەگەڵ دەولەتی ئەمەوی و روحی عومەر لەگەڵ دەولەتی عەباسی و روحی عوسمان لەگەڵ دەولەتی عوسمانی و روحی عەلی لەگەڵ دەولەتە نیشتمانیەکان بوو ,

جا ئەم روح وکەرەستەو ئامیرو گریمانەو دەولەت و دامەزراوانە ,تا تەمەنیان بەو سەر دەروا بەرەو سارد بونەوە دەڕۆن و دەریای خوین و گوڕەکەیان قەتماغە دەبەستێ و بە تیپەر بونی کات دەبنە هەمان شارستانی خامۆشی خاوو خلیسکی وەك پیش خۆیان تا روحە غیورەکە دوبارە دوای چەند سەدە ئەم چینە دەق بەستوەش کاتێ دژەکەی دەیگوشێ و بەرەو رووی نوامسە دەقبەستوەکان دەچریکێنێ و بە نەقد و رەخنە و گاڵتەجاری بنچینەکاني هەلدەتەکێنێ ,ستەم و زولم و ناتەواویان رووڕ دەکاتەوە ,وە پێگۆڕ وخراوەڕووی نوێ گەلالە دەکا ,ئاڵەمەشدا اللە یە کە لەسەر ئایەتە کۆنەکانی هاتۆتە وڵام کە ئەو ناردبوی سعەت وفراوانی ورەحمەت وعەدل بێ ,کەچی ئەوەتا بۆ تە دەقبەستوو شەختەو بەستەلەك ,بۆتە لەمپەر وریگرو بەربەست ,ئەوە روحی غەیوری اللە یە بەرامبەر بەروحە مەجیدە سابتە مت بوەکەی ,قەتماغەکە رادەمالی و برینەکە نوێ دەکاتەوەو خوینی ئال لە جۆگەی خوینبەرو

خوین هینەری رەوتی مرۆڤایەتی دەڕێژێ ,لای دروستکراوەکان هۆگروشەیدای ڕوحی سابت ومەجیدو وجێگری ونەگۆڕەکان ومەعروفە ناسراوو عیرفانە فیرعەونیە دەقبەستوو سنورداروە یە دیاری کراوەکان وزیادەڕەوکەروتوغیان کردوەکان دەبن،دروستکراوە کان هەرلەیەکانەوە تا ترلیۆنان هەرئەو دەژمارە لە پێک هاتەوڕەنگ ودەنگ وئەندام وجیهانەکەیان دوبارە دەبێتەوە،هەلە ئادەمی دەیەمی باوکیانەوە تا محمدی پارێزەری دە ژمارەکان ومەهدی دەهەم و دەجالی دەجار لە چینەکانیش هەرلەزەوی تاقانە تاعەرشی عەشری دە دانەیی،،کە دەرک کراون وپەییان پێ براوە،بەڵام لای اللە ی شاراوەی دەر ک پێ نەکراوو پەی پێ نەبراو کە لە قیامەتیش هەربەدەرک نەکراوی دەمێنێتەوە،گۆڕانکاری وداهێنان ونوێ بونەوە یە،.اللە کە باسی رۆژی قیامەت دەکا،یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەوڕۆژە ،ئەوەیە کە عشار لەوڕۆژە لە کار دەکەوێ ،چونکە ئەو تایبەتمەندیەی دەیی وعەشریەکان ،کە بۆ ملیاران ساڵ بوبوە موهەدیئو مەهدی هیۆرکەرەوەودەجالی دیالیکتیکی حەتمی ناومادەو وزەوی وبۆشایی وکات وشوێن ،بەڵام لە ڕۆژی قیامەت دا ئەم تایبەتمەندیە لەکاردەکەوێ.

دە پەی پێ براوەکانی بوەنەوەر:

عەرشی یەکەم دروست کراوو مائی میئەو سەدانی دێرین دەتەقنەوەو ئەو هاوبەندی وهۆگریانە لێکتر هەڵدەوەشێن.

لافاو دەست بەڕەو دەکات بۆ ماوەیەکی تر گولالەکان سورو ڕوەچرچەکان گەش دەبنەوە , ئەی مرۆڤ کەتۆ نازانی کێ پێت دەکا ودەت جولێنێ ئەو ە من گوێم لە چریکەکانی اللە یە,کەهاوار لە گەردیلەکانی هایدرۆجین وئۆکسجین دەکاولەهەموو چرکەیەک و دەفەرمو ێ: یانار کونی بردا وسلاما علی ابراهیم ,ئەی هایدرۆجین و ئۆکسجینی قابیلی بەبڵێسە بوو ،کە لەخۆردا گڕت گرتوە ،لە دەریاوزەریاوڕوبارو کانیەکان بەساردی سەلامەتی بمێنەوە و ئاگری ناوهەناوی ئادەمیزادەکان بکوژێنەوە،بۆ ڕۆڵانی ئیبراهمی ئاوی منداڵدان وڕەحم ببە باوەشی ئەمن

وئاسایش ، خۆ نەی فەرموو هەربەردوسارد ودەقبەستو وشەختە بە، فەرموی سلام و پەیژەی سەرکەوتنی ئادەمیزادیش بە .

بەم شیوە ئاڕاستەکردنەکانی الله، ئیسمەکانی الله وجهەکانی الله کەهەمویان لەدەرەوەی سنوری ژماردنن ئاوێتە دەبنە چینەکۆنەکە کەم دەبێتەوە لە ئەتراف ,چینە نوێکە ئەوەندەی الله دیاری کردوە سونەتی مدافعە و پالنان لە زەمین بەڕێوە دەبا ,الله کە وکات تەمەنی بۆ پەلکە گەلایەك و میرولیە ك کۆرپەلەیەك دیاری کردوە,ئایا لەو باوەردان کە تەمەن و ئەجەل کاتی بۆ دین و ژیارو شارستانیەکان لە بیرچوبی ودیاری نەکردبێ؟؟ حاشا , جاکە هەموو شتی روحی هەبێ,کە وەحی وکتیب و شەرعەکان روح بن؟ روحی کین ؟روحی ژیارو شارستانی و دەسەلات و فەرمانرەواي یە کانن .عومری ئوممەتەکانن , ئەم بازنە بازنە موبەسیرەکەی قەدەری الله یە و کە س ناتوانێ لێ ی دەرچێ,خیار وموخەیەریش لە چوارچیوەی ئەو بازنە موسەیەرەیە.

ماوەی مانەوەو پانتایی ئەو شەپۆلە گۆڕانانەش بەستراوە بە ڕادەی ئەو پەستان و دەقبەستویەکەی کە شارستانی پیشوو لە سەری کردبون ,بەرادەی گوشارو پەستان وماوەکەی، ئەم بورکانە نوێ یە کاریگەری و پانتایی و تەمەنی دەبێ .

بۆ ئەوانەی کە گومان دەبەن کە بوونی فرە رووحی و فرەقۆناغی وفرە ژیاری و و فرە شارستانی و و فرە قوتابخانەیی و فرە پەیرەوی و فرە سەرمەشقی دەبیتە هۆی فرە الله یی ؟,من دەڵێم بەپێچەوانەو، پاوان کردنی بێ سنوری لە سنو رداریکدا,پاوانکردنی ئەزەل و ئەبەد لە بازنەیەکی دیاری کراودا، ئەوە مردنە و شرکەو بەش بەش وتجزئە بوونە , چونکە ئەو فرانە ی کەباس کران ,هیچیان ئەزەلی وئەبەدی نین ,هەمویان کاتی سەرهەلدانیان هەیەو کاتی مردن , بۆیە کە بمانەوێ کراسێك بۆ نەمری لەمانە پیك بینین مەحاڵە ,بۆیە ئەم فرانە کاتێ لە تەمەن دیاری کراون ,بەلام لە ژمارە، یان، بێ سنورو دیاری نەکراون,کەلیمەکان وئیسمەکانی الله لە ژمارەدا نا ژمێررێن ,بێ کۆتایین ,چونکە ئەم کەلیمانە لە تەمەندا دیاری کراون و دەمرن , ئەگەر الله

کەلیماتی نەمرو هەتا هەتایی لە سەرزمانی ومرۆڤەکان دابنێ , ئەوە دەبێ زمان ونەتەوەیەکی نەمرو ژیانیکی بێ کۆتاییان بداتێ ,تامرۆڤەکان بتوانن ئەوزمانانە پایەدار بکەن وئەو کەلیمانە بڵێن , ئەمەش لە دنیادا نیە لەوانەیە هەندێ بەهاو بونەوەری تر لە ژمارەدا دیاری کراوو ,سنوردارین، بەڵام ئەم بەهایانە نەمرو بێ کۆتایی بن ،ئەمەش وەکو واتای بەهاکان وواتای ئیسمەکانی الله,

بمانەوێ ونەمانەوێ فرەیی زمانەکان و نەخشەکان وشیوەکان و زات وخودەکان و دینەکان وژیارەکان هەر هەبوەو ئیستاش هەیەو لەمەولاش هەر دەبێ بە شیوەیەك لە شیوەکان, جا ئایا ئەوە کە ئەم جیهانەی باسم کردن ,مادام هیچ مەوسوعەو زاکرەو ئەرشیفیك نەی توانی لە خۆیان بگرێ و بیان پاریزێ و هەڵیان گرێ ،بەڵگەیە لەسەر نەبونیان!!؟ نەخیر , بەڵکو بەڵگەیە لە سەر بوون و هیزو شیانی الله یەکی ئەبەدی وئەزەڵی ,کە هەموو ئەمانە لای ئەو زانراوو پاریزراوە,ئەو ژیارو دین وشوینەوارانەی لای ئیمە هەندێ لە مۆزەخانەن و هەندێ لە قەلاو دیوارو پردو ناو پارەو قاپ و کتیب و تابلۆو هەلکۆلراوو بەبەردبووواندان,یان بونە کانزاو بەکاریان دێنین ,یا بونە کیشوەر و 25 صفحاتی تەکتۆنی , یان بوونە هەسارەو مانگ و خۆر و کەشکەشان و کەلوەکان ,وەزۆریش هەرلەمانەش تیپەریون ,تۆماری هەموو ئەوانە لەلای الله یەکە خالقیانەو پاداشت دەرەوەیانە ,من و تۆ بیزانین یان نا، چ گرنگیەکی نیە ,چونکە نە ئیمە پاداشتیان دەدەینەوەو نەحسابیان لەگەڵ ئیمەیە،نەزمان وتەمەن وتێنوس وئەرشیفەکانی ئێمە بەشی هەڵگرتنی ئەو ئەرشیفە دەکەن، ,هەمووەمان فەقیری الله ین وئەویش هەموو شتیکی لایە.

ئەو دەقانەی کە لە کتیبەکاندا بە وەحی هاتوون بۆ پەیامبەران، زۆر وکەم، هۆکار بوون لەو تێگەیشتنە دەقبەستوەی کە بەسەر دینەکاندا هات,, وەك لە تێگەیشتنی بە هەڵە کۆکردنەوەی دەقەکان , ئیمامێك ، هەڵێنجەرێک ، پێشەوایەک، هەموو بۆچوون و عەقیدەکەی لە سەر ئایەتیك یان چەند ئایەتیك دادەنێ وئایەتەکانی تر بەجێ دێڵێ ,و ئەوەی دژایەتی بکا کافری دەکا, بۆنمونە:

قورئان چەند ئایەتی تیدایە کەباسی بوونی اللە لە سەر عرش دەکا بە ئامرازی جیاواز ,ئایەتی تربەبوونی اللە دەکا لە ئاسمانەکان،یان ئاسمان ، ئاشکرایە ئاسمانەکان لە خوار عەرشن, بەهەزاران ساڵی تیشکی،لە هەندێ ئایەتی تر ئاماژە بە بوونی اللە دەکا لە چەند شوێنێک وەک سیناو قودس ومەککەو شوێنی تر.

ئەوەندەی ئیسمەکان اللە لە چوارچیوەی زەمین کاریان پێ دەکرێ کە پانتایەکەی دەقیقەیەکی تیشکی نابێ و هەموو کۆمەڵەی خۆر شەش سەعاتی تیشکیە ونێوان زەوی خۆر هەشت خولەکی تیشکیە ، ,کەچی بە ئەو ڕوداوو داهێنانی کەلەوزەویە داهەیە ،لە پانتایی سەدان سالی روناکی لە دەرەوەی کۆمەلەی خۆر پیویستی بەو کارکردن وشوینەواری ئەسماء اللە نیە ,چونکە ئەوەی لە سەر زەویە هەژار ترین وبی دەسەلات ترین وناسکترین و پیداویستی زۆرترینی مەخلوقی ئەم بونەوەرەیە .

کاتێك ئەوروپیەکان لە کنیسەو دەقەکانی تەورات وئینجیل یاخی بوون ,لەوە یاخی بوون کە ربی نازل کەری تەورات نەزانە چونکە پێزانینی بەهەڵەی داوەو نەیزانیوە چەقی گەردون لە کوێ یەو زەوی کردۆتە چەقی گەردون لەکاتیکدا کەچەقی گەردون خۆرە, ئەمە مشتومرو خەلك سوتاندن و زیندەبەچال کردن و دادگای تەفتیشی لەسەر بەرپا کرا, چونکە پاپاکان بە روکەشی ودەقبەستویی لە ئایەتەکان گەیشتبون و ئەوانەش کە رەخنەیان دەگرت ئەوانیش بەهەمان شیوە تەنیا چەقی کۆمەلەی خۆریان لی ببو بە چەقی بونەوەر.

دوای سەدان سال سەلما کە کەس نازانێ وناشتوانێ لە ناو ئەم بۆشایی یە زەبەلاحەدا چەقی مەکانی گەردون دیاری بکا,چونکە کەس پانتایەکەی نازانێ, مەبەستی تەورات وقورئانیش کە زەوی چەقی گەردونە ,چونکە زەوی چەقی دروست کردن و بەرهەم هینانی خانەوگەردیلەکانە ,ئەستیرەو مانگەکان و خۆرو کەشکەشانەکان هەمویان لە زەوی و چەند شوینیکی وەك زەوی –ئەگەر هەبێ- پەیدا بوون ,هەموو ئەو ئەسماو واتایانەی اللە کە دەلالەت لە دروست کردن وبەدی هێنان وڕسکاندن وگێڕان ،،هتد خلق وئبداع و ئبراء وفاترو وجعل ,هەمویان لە زەوی دان

,کەواتە اللە بە ئیسمەکانی خالق خلاق مبدع فاطر -جاعل باریء مصور مکون مجید رزاق ورازق حي وە زۆر ئیسمی تریش ,ئەوە لەناو خودی زەوی دایە ,چونکە ئەوانە هەمووله زەویەوە دەکرێن و – ئاسمان وبەرزایی بە خەڵکی سەرزەوی و بە پاشەرۆکی خەڵکی زەمین رازاندۆتەوە ئەی خەلکی زەوی ,- بەم تیگەیشتنە ئایەتەکانی تەورات وقورئان راستن زەوی چەقی خەلق و ئیجاد وتکوین وئینشائە لە گەردوندا.

کە اللە ئەم نعمەتەو چاکەی لەگەڵ زەوی کردوە ,و بۆملیۆنەها ساڵە ,بێ گومان پیش زەوی ئەم فابریقەو کارگەیە لە شوینی ترو کۆمەڵە خۆری ترو کەشکەشانی تر بوەو پاشان هینراوەتە سەر زەوی ,وەچەندیش لە سەر زەوی دەبێ , زانین و ماوەی ئەوەش لای اللە یە.

جاوەك چۆن کە دەبینی لەلاشەی خۆت، پەیکەری ئسقانت لە لاکان تە ، ناو هەناوت گەرم وشل و دام و دەزگای زۆر ئالۆزن , ئیستا زەوی ئیمەش کە , قەبزەو مشتەکۆڵی اللە -والارض جمیعا قبضتە- کەواتە ئێمە تەنیشت وئەترافین وپێش ملیۆنان ساڵ لەهەناودابوین، کارگەی سەرەکی خانەکان ناو مۆخی ئیسقانە کە خانەی قەدی وریشالی و ڕەگی دروست دەکەن , کۆمەڵەی خۆرلە رەخ ولاوتەنیشتە , لەم لاچەپەوە ئەوەی لە هەناو خوراوە و لە ریخولە مژراوە هەمووی لە دەمارەوە دەگاتە مۆخ وپاشان دەبێتە ئێسک وودواتردەبێتە ماسولکەو دواتردەبێتە گۆشت وکۆتا جاردەبێتە پێست و لەپێستەوە هەڵدەوەرێ .

دەستە چەپ و شمالی قەبزەی اللە کە بە پیچەوانەی یمینی لول دەرو پێچەر ئەو مشتە کۆڵەیە و کارگەو فابریقەی بەرهەم هینەرەوەو دەستە چەپی دانراوە کە 22 پاشەرۆکەکە لە هەموو لاشە وپەیکەری گەردونی پیك هاتوو لە هەموو بورج وکەشکەشانەکان کۆدەکاتەوەکارگەی دوبارە بەکارهێنەوەی ڕیسایکیلین وپاشەڕۆکە,,بۆیە زەمین وکۆمەڵەی خۆرزبڵدان وخانەوەریوەکانی گەردوون ئێمەی بنیات ناوە،زەوی لە دیدوبۆچونی کلاسیکی فیرعەونی فابریقەی دروست کەری گەردوون بوو،هێلکەدان و منداڵدانی گەردون بوو،پاکترین شوێن وپیرۆزترین جێ

ی بونەوەربوو،ڕاخراوو گەورەبوو،بەڵام بەهۆی دۆزینەوە زانستیەکان ،ئەم مرۆڤەی سەرداری بونەوەروجوانترین تەقویمە و زەویەکەی ،لە پرێکا خلۆربۆوە بۆ ئەسفلە سافلین وبوە زبڵدانی گشت گەردوون. سەرانگوێلکی گەردوونە.

لەجیاتی ئەوەی پاشەرۆکەکانی زەوی گەردونی ئاوەدان کردبێتەوە, لەپریکداو لە ئەنجامی پیشکەوتنی زانست، زانیمان کە هەڵەین و زەویەکەمان قەبزەو کۆلە مشتە و زەوی لە جیاتی گەردون بنیات نەر بێ، کەچی بە پێچەوانەوە کە زەوی بە چڵک وچەپەڵی گەردوون بنیات نراوە , ئەی مؤمن وئیماندار ، گۆڕانکاریەکان بە و زەجرة واحدةو ڕاوەشاندنە لە پرانە ,کەتەنیا بە گۆڕانی بۆچوون وبنەماو جیهانبینی وتێڕوانینەکان ،قودس الاقداس وپیرۆزترینەکان دەبنە زبڵخانەو جیهان ژێروژەبەر دەبێ،چاک وخراپ وحەق وناحەق وپاکیزەو پیسی شوێنیان ئاڵوگۆڕ دەکەن،هەربە گۆڕانی ئەو پێزانینانە حقیقەت بپیچریتەوەو ونەخشەکە سەر نخون بێ و راست وچەپ ئالو گۆڕ بکەن و چاك وخراپ ئالو گۆڕ بکەن و حەق وباتل ببنە خال ومام و بڵێسەی ئیبلیس و وماددەی ئادەم و رەحمانی ئیناو وشەیتانی شیکەرەوەی تەن و فرعەونی عیرفان ومەعروف وناسراوو وموسای ساوای دەریا سەما بۆیەک بکەن و سویند بەسەری یەك بخۆن ,کوفرو ئیمان بنە برای گیانی بە گیانی , زەوی لە بیساتیکی راخراوو مزگەوت وپەرستگایەکی کەریمەوە ببیتە قەبزو ئۆقە تف وچڵمێك و ئاودەستێک و پیسایی یەکی بونەوەران .

مرۆڤایەتی سەدان ساڵ شەیتان بەنەفرەت بکەن ، چونکە هەرسێ دۆخی مادە ڕەقی وشلی وغازی ، بە ئاوو ڕەشەباو خاک وشەختە هەرسێکیان خەریکی کوژاندنەوەو کوشتن وبەنەفرەتکردن وسنوردارکردن وژێرباركردنی ئاگر بوون ، کەچی وابۆسەدساڵە هەرسێ توخمەکە خۆیان بوونە خۆراک و فابریقەی ئاگر ،شلە بووەنەوت وبەنزین ، هەوابووبەغازی گڵپەستێن، ڕەقی خاک بووەخەڵوز ، ئاو هایدرۆجینی گڕگرتوەلەخۆردالەگەڵ ئۆکسجینی ئاسن توێنەرەوە، هەواوبەرگەهەوا چەند غازێکی گڕگرتوە ، کەواتە لێرەش هاوکێشەکە بەراوەژوو بۆتەوە ،

ئێستا وەک لەسوڕەی قمر داهاتووە بانگەوازکارەکە خەڵکی بانگ دەکا بۆلای چەند بنەمایەک کەلەهەزاران ساڵ لەمەوبەر دیاردەوبەهاوپێزانینێکی نەکیرەو حاشالێکراو بوو .

بەڵام ئەی ئیماندار لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش تۆ لەگەڵ حەقیقەتە بێ سنورەکەی الله هیچت لە دەست نەچوە ,چونکە ئیمانت بەوەهەیە کەهەر الله توانای کۆکردنەوەی دژبەیەک و بەریەك کەوتەکانی هەیە و ئەوەی لای هەموو بوون مەحالە لای الله زۆرئاسانەو کن فیکونیکە.

ئەوەی ئێمە بە دژ وبەریەك کەوتەی دەزانین ، لە راستی دا بەریەك کەوتن نیە ,بە لکو چەندڕوویەکی چەند حقیقەتیکی ڕێژەیین و لە چەند چاخێکی دوور لە یەك بە ملیاران سال گەڵاڵە کراون , ئەوانیش وەك تایبەت مەندیەکانی تو خمەکان وتەنەکان و وزەکان و تیشکەکان بە هەموو چەشنەکانیان و بارستەو ئاراستەو بۆشایی و کاتەکان ودیاردەکان وان,ئایا کەس دەتوانێ کە بڵێ: هەمیشە ئەم بونەوەرانە ئەم تایبەتمەندیانەی هەبوە ؟ بیگومان ,نەخیر. ئەی کەس دەتوانێ پیمان بڵێ کە تایبەتمەندی ئەم شتانە و بونەوەر ودیاردانە چەند جار گۆڕاوە؟؟ بیگومان کەس ناتوانێ ئەوەمان پێ بڵێ , علمی ئەمانە هەمو لای الله یە ،هەر الله یەکە نە گومڕا دەبێ و نەلە بیر دەکا.

تۆ هەتا نەچیە ئاودەستی ماڵی شەیتان ودەست بەئاونەگەیەنی مۆڵەتت پێ نادرێ بچیە ناو مزگەوت وکڕنوشگاو بیت وماڵی الله و وەک فریشتەکان ڕیزببەستی.

وەلە مەقاماتی سۆفیەکانیش هەتا بە مەقامی تەبلیس وبە ئیبلیس بوون دا تێنەپەڕی ناگەیە مەقامی وەحدانیەت و ئیمان ویەقین.

ئەم چەند پیزانین وهێڵەە گشتیانە بۆ جیهانبینی و بونەوەربینیەکی فراوان بەکار بێنە ,کەڵەکە بوونی زانست ئەگەر ئاسۆت فراوان نەکا ،گە ورەترین دوژمنتە ,هەرنەزان بی باشترە, وەك ئەوەی کەلە بۆچونی جولەکەو مەسیحیەت وشیعەدا وگەلیك میللەتی تریش هەیە ,کە دەیانەوێ حەقیقەتی ئەم بونەوەرەو نمونەی باڵاو میسالیەت و عدالەت ودادوەری

وهاوسنگی ئەم گەردونە لە کەسیکدا یان لە زەمانیکدا یان لەپەیرەویکدا یان لە ولّاتیکدا چڕ بکەنەوەو ئیتر دەرگای داهینان و بێ سنوری و گۆڕانکاری و راست کردنەوەو پیداچونەوەو هەلسەنگاندن وئیجتهاد وهەلینجان لە خۆیان دابخەن ,نەك هەر ئەوەندە ،بەلکو هەولیش بدەن کە لە خەلکی تریشی دابخەن وئەم جیهانبینیە تەسکەی خۆیان لە هەموو جیهان بکەنە تاکە دینی راست و تاکە حەقیقەتی هەمیشە زیندوو,وە ئەوەی کە بە گوێشی نەکردن ئیتر بکەویتە بەرنەفرینی جینۆسایدو و تیرۆرو لیستی رەش و جۆرەها ناوی تر .

ئەوەتا شیعەکان کە هەرخۆیان حسینیان کوشت ,کەچی بۆ هەزاران ساڵە هەموو سالیان کردۆتە پرسە و شین و گریان.

جا وەك چۆن کەهاتنەوەی تالوت و سلیمان وداود لە سەر شیوەی دەولەت هەبوو، چونکە جولەکەو نەصارا باوەریان بەوەبوو کەئەمانە کاملترین نمونەی عەدالەتی ئیلاهین ,وەکاتیکیش هاتنەوە ,با حەق بلّێم بۆگەلانی خۆیان باش بوون ,بەلام چەندین جینۆسایدیشیان لەگەلان و کیشوەرانی تر کرد,هەروەها کە مسولمانانی سوننە کە هەموو حەق وعدل ونمونەی بالّایان لە چوار خەلیفە ڕاشد چڕکردەوە،کەچی وەك بینیمان ,پڕ بوون لە زولم وستەم،وەک دەولّەتی ئەبوبکری ئەمەوی وعومەری عباسی وعوسمانی عوسمان , خالیش نەبوون لە ئەرێنی و رۆژانی رابواردن و خۆشی و خزمەت کردن .

شیعەش کە نمونەکەیان لە ئیمامەکانیاندا چڕکردەوە , وە ئیمامەکانیان لە مەلەکوتی روحیەوە هینایانەوە سەر زەوی نەك جارێك,بەلکو سەدام حسین کە حسین بوو بۆ جاری سەدەم ,کەچی هەر بۆوە قاتل و دوژمنی سەر سەختی شیعەو ئیران کە خەلەتاندبویان هەرلەو رۆژەی بەنامەی درۆ لە مەککە دەریان هێنا تائەم رۆژانەی کە بە شین و لە خۆدانی درۆ لە عالەمی روحانی هینایانەوەو کە شەری ئەمریکاوهاوپەیمانانی کرد کە شیعەکان ناویان ناون شەیتانی گەورە،کەچی ,شیعە پشتیان تیکرد وهەربەوەندەش نەوەستان ,بەلکو هەرخۆیان سەریان بڕی , کوشتنی حسین بەدەستی پیاوانی یەزید درۆیە ,چونکە ئەمریکا ی نوینەری معاویە

ویەزید، حسینی سەدەمی نەکوشت، بەڵکو شیعة کوشتیان ,کەواتە حسینی یەکەمیش هەر بەو شیوە ئەوان کوشتویانە تاکو دنیای پیوە بخۆن.

بۆیە چڕکردنەوەی نمونەی باڵا لە هەر هەموو پیغەمبەرانیش هەر شیرکە دەبیتە هۆی زوڵم وستەم ,تەنانەت چڕکردنەوەی حەقیقەت و عەدلی اللە لە سەر هەموو قورئان و سونەتیشی لەگەڵ بێ، هەر شیرکەو زوڵمە ,چڕ کردنەوەی اللە لەسەر هەمووکتیب ودەقە پیرۆزەکانی هەموو دینەکانیش هەر هاوەڵ بۆ اللە دانان وگەورەترین ستەمە ,تەنانەت هەر ئەصل وئەساسی بیری چڕ کردنەوەی حەقیقەت وعەدلی اللە سنوردار کردنە ,سنوردار کردنیش واتە نەمانی بێ سنوری و نەمانی ئەزەلیەت وئەبەدیەت ، نەمانی ئەمانەش واتە خالقی کەون کا تیك هەبوە کەنەبوەو کاتیکیش دێ کە نامینێ ,جا کەنەبوو بوو کێ دروستی کرد؟ ئەی کەنەما کێ جێ ی دەگریتەوە؟ئەم بنەمای چڕکردنەوەی اللە لە چەندکەسایەتی وچەرخ وکتێبێک ونەتەوەیەکدا، دەبیتە هۆی زنجیرەیەك خالق و لە زنجیرەی باب الحارة دریژتردەبێ ,بۆیە هەر کە لە بنچینەدا چڕکردنەوەو ئیختزال تاغوت پەرستیە وگەورەترین ستەمە ,هەتا ئەوانەی دەیانەوی عیسایەکی هاوبەش بۆاللە ونمونەی عدل بێ ئەوا نایبینن , بەڵکو عیسادێ هەموویان لەناودەبا وخاچ ودەسەڵاتی خاچ پەرستان دەشکێنێ وبەرازی جێندەرو لەشفرۆشی وهاوڕەگەزبازی وفیمینیزم سەردەبڕێ .

باشترین ئیمان ئیمانە بە اللە بە ئەبەدیەت و و بێ سنوری،وە کورت هەلنەهێنانی اللە یە بە هیچ کۆت وقەید وبەندێك ,

هەتا ئەم چەند نەخشەو سە لماندنەش ,کۆمەلە سەلماندنیکی ریژەیی و نسبین لەوانەیە ئەمرۆ راست بن و دوای ماوەیەکی تر هەڵەبن , وە حقایقی ڕێژەییش زۆرن لە ناو کتیبە مقدسەکان , وەك ئەو راڤەی کە یوسف خەونەکەی لە سەر لێك دەدریتەوە کە دەبێ خۆر ومانگ پێش زەوی هەبووبن ,بۆ خۆر تیۆری بیك بن ،پشتگیری سورەی یوسف دەکا ,بەلام لەگەڵ چیرۆکی دروستکردن لە سورەتی فصلت و بقرەو زۆربەی چیرۆکەکانی ناو تەورات و ئاڤیستا و فەرمودەکان تیك دەگیرێ, ئەم

تیۆرە لە شارستانی یوسفی دا ونەخشەی شەریعەتی ئەودا وەك حقیقەتێکی ڕێژەیی سەلماو بوە و دوای بۆتە حەقیقەتیکی بخس و بی نرخ و بەکەم سەیر کراو، کاتێ براکانی – واتە سورەت و شەریعەت و جیهانبینیەکانی تر –لەناو خۆیان هاوپەیمانی بەلگەکانیان کردو سەلمینراوەکەیان بە زۆری بەلگەو دیکۆمینت و دەقەکان ,بەهیز تر بوو لە بۆچونەکەی سورەتی یوسف ,کە خۆر و وزە پیش تەن و زەوی -وشکانی و ئاو – بوونی هەبووبێ, بەلکو ئەوە هەتا ئیستا سەلماوە کە زەوی پیش خۆر بوە و تەن پیش وزە هەبووە,

بەلام هەر لە سورەتی یوسف کە گریمانەی یوسف بە سەر گریمانەی یەك گرتووی سورەت و بەلگەکانی تر سەر دەکەوێ و لە کۆتایی دا زەمینی یوسفی بێ نرخ کراوو وەك پاشەڕۆکی گەردون سەیر کراو ,دەبیتەوە کەریمی کوڕی کەریم ,وەدواتریش یوسف هاللك دەبێ واتە نابیتە مشتەکۆلەی چەپ ,بەلکو دەبیتە هیلکەی ناو حەوزی چەپ، وەك لە سورەی مؤمن هاتوە ,

ئایا ئەوهەیکەل وپەیکەرە هەمان پەیکەرەگەورەکەیە کە ئیبراهیم نەی شکاند وهێشتیەوە،چونکە لە سەرەتای گەڕانی بەدوای خالقی حەق بە خۆری گووت ئەمە ئەکبەرەوگەورەترینە؟بۆیە ئیبراهیم توشی خزمەت کردن بە کبر بوو ،وەلە ڕێبازی خزمەتی ئەو پەیکەروکبیرە ئیسماعیل وئیسحاقی پێ بەخشرا-الحمدلله الذي وهب لي على الكبر اسماعيل واسحاق-

لەمەوپیشیش ئاماژەم بە چۆنیتی لیك هەلبرینی ئایەت و حوجەو گریمانەی سورەتەکان ,وە ك راڤەی جیا کرد،کەبوونی هە بوە لە پیش ملیۆنان سالەوە ,

نمونەی ئەمە، وەك جیاوازی نیوان سلیمان و بەلقیس ,کە هدهدەکە بۆسلیمانی گوت کە بەلقیس شمس کە لە دون و ناو الله دایە ,چونکە بۆچونی هدهد ئیناو فەزاو بۆشایی الله ی گەردون الله بوو ,دیارە لای سلیمانیش هەروابوو.

بەلام کاتێ کە سلیمانی کوێر وەك یەعقوبی کوێر بەکراسەکەی یوسف و عەرشەکەی بەلقیس بینایی و بصیرەتیان بۆگەرایەوە،وەک چۆن لەوەوپێشیش ئادەم وحەوا بەخواردنیان لە داری زاووزێ گلێنەی چاویان بە جگەرگۆشەکانیان کرایەوە، , هەردوو ك یەعقوب و سلیمان-قبل ان یرتد الیك طرفك- وەك لە قورئان هاتوە مرتد- فارتد بصیرا- بوون لەدین وبۆچوونە کۆنەکەیان,وەك چۆن ئادەم و حەوا کەلەدارەکەیان خوارد زانیان رووتن ,هەروا موساو یوشعی کوری نون ئەوانیش لە گەڕان بەدوای زاناکە لە بۆچونی پیشو مرتد بوون و هەڵ گەڕانەوە ,- فارتدا علی اثارهما- ئەمە ئەم حالەتەیە کە هەموو پەیام بەران یائس وبێ ئومیدیان گرتو وایان زانی درۆیان لەگەڵ کراوە-حتی اذا استیئاس الرسل وظنوا انهم قد کذبوا- ,ئالەم حالەتی بێ هیوایی و یائسە نصرالله یان بۆ هات , ئایا نەسر ئاماژەیە بەعیسی ودینی نەسرانی ؟وەک لە ڕاڤەی سورەتی نەسر ئاماژەمان پێ کرد؟ یان هەرسەرکەوتنە؟ یان ئەنسەری ئینگلیزی ئینجیلی و وڵام دانەوەی گشت پرسیارە نەمرو سەرگەردان کەرەکانە؟؟ئەم ئایەتە لە کۆتایی سورەتی یوسفە ,ئێستا زۆربەی دراماکان کە ژیانی یوسف دەگێڕنەوە کە دژی -ڕەع ،ئامون-بووە ،کەچی نازانن کە رەع ئاموون لە دینی یەهودی دا رخمن ولە قورئاندا رحمن ە، وە سورەتی یوسف بە وشەی موئمنین، کۆتایی هاتوە ،ئەمانە دەیسەلمێنن کە یوسف دژی ڕەعئامون وڕحمن نیە ،بەڵکو ئەو میسریەکانی فێری پەرستنی ڕحمان کردوە.

هەرنیشتە جێ کردنی براکانی لە مەنفیس ، واتە ئامونی یوسف ئەوەدەسەلمێنێ کە یوسف داهێنەری رەع ئامون پەرستی بوو.

بەڵام ئێرانیە مەجوسیەکان کەخۆیان ئاتون وهەتاو پەرستن دەیانەوێ بیروباوەڕەکەی خۆیان سەرخەن.

لیتیگەیشتنی ئایەت ونص توفیقی ربانی و وفەتحی رحمانی دەوێ ,زۆر جاریش ئیستدراجی مکر الله بەهۆی پەله کردنیك و گومانێک و خۆ زگەیەک لەلای پەیام بەرەکە یەکسەر خۆی دەخزینیته ناو جیهانبینیەکەی کە شەیتان خۆی هاویشتۆتة ناو خۆزگەکەی ,الله بە رحمەت و لوتفی ئەم بەشی شەیتانە فڕێ دەداو پەیام بەرەکە دەخاتەوە سەر شەقامی راست و صەواب ,ئەم بابەتەش لە سورەتی حەج باس کراوە, لە رۆژی قیامەت هەم زەوی وهەم ئاسمان تبدیل وگۆڕانیان بەسەردا دێ،کەئەمە ئاماژەیە بۆ گۆڕانی قەبزەومشتەکۆلّەکە، ئایا گۆڕانەکە سەرەتاکەی لەگۆڕانی بۆچوون و و وێنای مرۆڤەکانەو هەست پێ دەکا؟؟پاشان بە پێ ی گۆڕانی بۆچونی مرۆڤایەتی ,گەردونیش دەگۆڕێ؟ چونکە الله یسمع بهم ویبصر، بە مرۆڤەکان دەبیستێ ودەبینێ، هەروەها ،لایغیر ما بقوم ،حتی یغیر مابانفسهم،، الله حالّ وباروژیان وگوزەران وجیهانبینی وزمان وشەرعی هیچ گەل ونەتەوەوکۆمەلّگایەک ناگۆڕێ ،تائەوان خۆیان جیهانبینیان لە خودی خۆیان نەگۆڕێ ،ئەم گۆڕانەش هەردوو لایەنی چاک وخراپی تێداهەیە.

ئایاسەرەتای نفخی یەکەمی صور ,فو کردن و داهینانی وینەی فۆتۆگرافیە کە بە صاعقەی تیشك دەگیرێ کەلە نەفخی یەکەم صعق و بریسوە؟؟

ئایا نەفخی دووەم لە صور،گرتەی ڤیدیۆیە کە دەنگ و رەنگ و جولّانەوەیە ؟بەتایبەت کە وجودەکان کەلە لای زاناوحەکیمانی کۆن بریتی بوو لە وجودی زەینی لەناوهۆش ووجودی دەربڕاوکەناوی شتەکەیە ووجودی نوسراو کە نوسراوەکەیە ،وە وجودی وێنەکێشراو،وە وجودی ڕاستەقینە، بەلّام لە دوای داهێنرانی فۆتۆگراف وڤیدیۆو تۆمارە دەنگی وڕەنگیەکان لانی کەم دوای هەزاران ساڵ دوو وجودی تریش زیادیان کرد.

ئایا شەق بوونی مانگ وەک نیشانەی قیامەت وبانگەشە کردن بۆ ڕێبازێکی نکولی لێ کراوو نەناسراو لە کۆتایی زەماندا پەیوەندی بەچونە سەر مانگ هەیە؟ ,لە سەدەی نۆزدەو بیست ،دوو سەدەی گۆڕانکاریە گەورەکان و هەڵگەڕانەوە گەورەکە بوون لە دنیای پیزانین و

رۆشنبیریەکاندا وجیهانبینی کۆن بەتەواوی کەوتەبەرلیشاوی پرسیارو گومان و ناراستی و پەراویز بوون ,ئەم هەموو گۆڕانەش خاڵی نەبوو لەگیرۆدەبوون بە هەندێ گریمانەی هەڵەو هەلەشەیی و سەرەڕۆیی و زوو بڕیاردان ,,

پێنج کتیبە کراوەکەی بینین وبیستن و بۆن کردن و چێژ کردن و دەست لیدان , هەمویان بە هەڵەدا دەچن و هەلدەخەڵەتێن , دوریش نیە کە پاش هەزاران ساڵ مرۆڤ بگاتە ئەوەی کەچاوەکانی و کامیراکان و وینەگرو نەخشەو تیشکەکان و مانگە دەستکرد و تەلسکۆب و ئامیرەکان بە هەلەیان بردون ,کەواتە چارەو حیلەی دەرباز بونمان تەنیا حیلەی الله یە ,چونکە ئیمە ی مرۆڤایەتی نەحەولمان هەیەو نە هێز ,بۆیە هەردەبێ بڵێین:لاحول ولا قوة ولا قدرة لنا الا بالله العلي العظيم,

هەروەها دەبێ لە هەر ئایەتیك کە ڕاستیەکی گەردونی بەیان دەکا، ,وەك ئەو ئایەتەی سورەتی نو ح کە دەفەرموێ کەمانگ لەناو هەموو حەوت ئاسمانەکە نورە ,هەروەك خۆر لەناو هەر حەوت ئاسمانەکة چرایە ,ئەمە بۆ تفسیری ئاسمانەکان بە کۆمەلەی خۆر و هەسارەکانی دروستە ,بەلام بە تێگەیشتنی فەرمودە و زۆر ئایەتی تر ئەوەندەی پانتایی بۆشایی ئەستیرەو مانگی تیدابن ,ئەوە تەنهایەك ئاسمانە کە ئاسمانی دنیایە ,چونکت تەنیا ئاسمانی دنیا بە ئەستیرەو مانگ وهەسارەکان و نیزەکەکان رازینراوەتەوەو کراونە جێ ی زاڵگەو بازگە و بۆسەو رێگر تا شەیتانەکان نەچنە ئاسمانەکانی تر , جا بەم پێوانە بێ کە ئیستا گوتمان تەنانەت بورج وهەموو کەشکەشانەکانیش هیچیان لە ئاسمانی دوەم نین و هەموو ئاسمانی یەکەمن ,

باوەڕ بە حقیقەتە ڕێژەییەکان تەنیا بکە بە وێستگەوو پشوی وچانێك و بزانە کە حەقیقەت و راستی هەمیشەیی لەم مانەوەی بەردە بازەت دا بوونی نیە وچاوەڕێ ی مەکە ,چێژلە هەموو ڕاستیە ڕێژەییەکان بکەو تاکە ئومید و ئارامیت الله بی کە ئەو عالم و حکیمە بە هەمووحاڵەکان و ئەم نەخشانەش کە دەیانبینی , لەهەرلایەکەوەسەیری دیمەنەکانی بکەی شێوەیەکی نوێت پیشان دەدەن، مرۆڤایەتی کە ژمارەما

ن چەندین ملیارە، هەریەکەمان خەیال و و بیروهزرمان ویك چونیکی تایبەتیمان هەیە کەهي کەس لە کەس ناچێ ,بەم شیوە ملیارەها نەخشەمان بۆ گەڵاڵە دەبێ ,ئەوملیاران وێنە تەنیا بیرو ئەندیشەی وەچەیەك و نەوەیەك ,ئەی کە ئەنەخشەو وێنەو
پێچواندنانەی کەلەڕابردوو هەبوەو لەمەولاش دەبێ ؟ بەم شیوە ئیمە هەر لە نەخشەکانی خۆماندا بزر دەبین و بۆمان ئیستیعاب ناکرێ وناژمێررێ ,جا ئەوەی لای اللە یە هیشتا زۆرلەوەش زیاترە , جا کە پەیامبەران و کتیبە پیرۆزەکان پابەندی راستی ریژەیی بوو بن , دیارە ئەمە ڕێساو ویاسای ئەم روپەرەو صفحەی بونەوەرەیە
,بۆیە تاکەحەقیقەت ئەوەیە کەتاکە ڕەها وبێ سنوری لە م گەردونە تەنیا اللە یە، جگە لەو هەموو شت و و بونەوەریك نسبیە ودەگۆڕێ,

کەواتە ئەم جیهانبینیە کە لە بەردەستتە کەبتەوێ بە کاری بێنە بۆ داد پەروەری حەقیقی و بەرفراوانی بێ سنورو نەمری هەمیشەیی ,

اللە لە بارەی بەنو ئیسرائیل بۆمان دەگێڕێتەوە کە تەوراتی پێدان,تەورات نورو تیشك و رۆشنایی وداد بوو ,کەچی ئەوان , - اللە دەفەرموێ- فظلمو بها . زولمیان پێ کرد,دیتوتانە زیاء ورۆشنی ببیتە هۆی تاریکی ؟!!
ئەوە ئەوەیە کە بەنو ئیسرائیل کردیان, کاتێ کە مرۆڤ رینمایی و دەلیل ورۆشناییەکانی اللە بکاتە هۆی چەواشە کاری و فتنەو ئاشوب و پشێوی وبەڵا، بۆیە اللە فیری کردین کە دوعا بکەین کە:

یاربی نەمان کەیە مایەی ئاشوب وفتنە بۆکەسانی کافرو زالم ,بەمانای کە رینمایی و رۆشنایی یەکانت کەتۆ کردوتەتە پەنجەرەیەك بۆ روانین و تێ گەیشتن لە جیهانی سەرمەدی ,کەچی ئەوان ئەو پەنجەرەیان لە خۆیان داخست و بە ئەندازەی کونی سوژنێك مایەوە ,بێ گومان لەو کونە بچوکەش چ روناکی نایە ت ,ئەم پەنجەرە بەوە دادەخرێ کەتۆ ئیمانت وابێ ئەمە تاکە پەنجەرەیە ,کە اللە کردویەتەوە کەنە لەمەوپیش ونە لەمەوپاش ئیدی پەنجەرەی واناکاتەوەو ئەمەی دا بە ئیمە چونکە ئیمە کۆڕی ئەوین وئەو زمانی ئیمە نەبێ زمانی تر نازانێ و ئەو

هەژارەوپیویستی بە ئیمەیە, بەم قسانە ئیدی پەنجەرەکە دادەخەی و لە جیاتی عدل وخۆناسین، دەبیتە هۆی شۆڤینی خۆ بەگەورە زانین ..